KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان

KTRC 2005

دەستەی کوردستانی

بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان


گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمییە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان

کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان و دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی دەریدەکەن

خولی سێیەم، بەشی (B)، ژمارە (7) حوزەیرانی 2016

# گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان


گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمیە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) دەری دەکەن.

خولی سێیەم، بەشی (B)، ژمارە (٧)، حوزەیرانی ٢٠١٦



**سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر**

**پ. د. پۆلا ئازاد خانەقا**

**سکرتێری نوسین**

**پ. ی. د. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر**

**دەستەی نوسەران:**

پ. ی. د. نەوزاد محەمەد ئەحمەد

پ. ی. د. جەمشید حەیدەر حەیدەری

پ. ی. د. عەلی قادر عوسمان

پ. ی. د. عەباس مستەفا عەباس

پ. ی. د. هێرش رەسوڵ موراد

د. ئازاد حەمە عەبدوڵلا

د. دانا ئەحمەد مستەفا

**بەڕێوەبەری هونەری:**

م. محەمەد کەریم ئەحمەد

**دەستەی راوێژکاران:**

پ. د. موحسین موحەمەد حوسێن

پ. د. محمد دلێر امین میسری

پ. د. جەواد فەقێ عەلی

پ. د. کاوە محمد فرج قەرەداخی

پ. د. فاتیمە رشید حسن باجەلان

پ. د. مارف عومەر گوڵ

پ. د. شەوبۆ عەبدوللا مەلا تایەر

پ. د. دلێر ئەحمەد حەمەد

پ. ی. بێستون عەلی کەریم



هەرێمی کوردستان - سلێمانی - دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

ژمارەی مۆبایلی سکرتێری گۆڤار: 07701564576

Email: sarwary74@yahoo.com  E-mail: info@kajournal.org

Website: http://www. kajournal.org



چاپ: چاپخانەی سەردەم

# مجلة اكاديمي كوردستان

مجلة علمية اكاديمية، خاصة بالعلوم الانسانية، تصدر (جمعية اكاديميي كوردستان)
و (الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية والبحث العلمي)
الدورة الثالثة، قسم (B) ، العدد (٧) ، حزيران ٢٠١٦

**رئيس البورد و رئيس التحرير**

**أ. د. پۆلا ازاد خانقا**

**سكرتير التحرير**

**أ. م. د. سرور عبدالرحمن عمر**

**هيئة التحرير:**

أ. م. د. نوزاد محمد احمد

أ. م. د. جمشيد حيدر الحيدري

أ. م. د. على قادر عثمان

أ. م. د. عباس مصطفى عباس

أ. م. د. هيرش رسول مراد

د. ئازاد حمه عبدالله

د. دانا أحمد مصطفى

**مدير الفني:**

م. محمد كريم احمد

**الهيئة الاستشارية:**

أ. د. محسن محمد حسين

أ. د. محمد دلير ميسري

أ. د. جواد فقي علي

أ. د. كاوه محمد فرج قرداغي

أ. د. فاطمة رشيد حسن باجلان

أ. د. مارف عمر كول

أ. د. شوبو عبدالله ملا طاهر

أ. م. د. دلير احمد حمد

أ. م. بيستون علي كريم

أقليم كوردستان- سليمانية – هيئة الكردستانية للدراسات والستراتيجية والبحث العلمية
سكرتير التحرير: 07701564576
Email: sarwary74@yahoo.com E-mail: info@kajournal.org
Website: http://www. kajournal.org

طبع: مطبعة سردم

# سەروتار

## خولی سێیەمی گۆڤاری ئەکادیمیانیشماڵئاواییتان لێدەکات

توێژینـەوەی زانسـتی بـە یـەکێ لەپایـە سـەرەکیەکانی پێشـکەوتنی هـەر کۆمەڵگەیـەکی پێشـکەوتوو و مـۆدرێن دادەنرێت، بەتایبەتی لەلایەن مامۆستایان و توێژەرانی زانکۆکانەوە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت و زانکۆکان تەنها وەك کارگەیـەکی بەخشینەوەی بڕوانامـە لێیـان نـەڕوانرێت و لـەپاڵ پێگەیانـدنی کـادری زانسـتی و بەخشـینی بڕوانامـەی بەرزیش، هاوتەریب هەم لەلایەن مامۆستایانەوە گرنگی بەتوێژینەوە بدرێت و هـەم لەلایـەن دامودەزگا زانسـتیەکان و وەزارەتـی خوێنـدنی باڵاشـەوە هانـدان و رێخۆشـکردن و دەستخۆشـی هـەبێت و لەلایـەن دامودەزگـا پـەیوەندیـدارە گشتیەکانیشەوە کار لەسەر توێژینەوەکان بکرێت.

جێگەی دەستخۆشیە کە وەزارەتی خوێندنی باڵا گرنگـی بـە توێژینـەوە دەدات و (ئەگـەر تـەنها مەعنـەویش بێـت بـەهۆی قـەیرانی داراییـەوە)، لـە ریزبەنـدیی نیشـتمانیی زانکۆکـانی کوردسـتاندا ئەنجامـدانی توێژینـەوەی زانکۆکـان لەبەرچاو گیراوەو تا ئاستێك کێبڕکێشی دروستکردووە. بەو هیوایەی زیاتر و پلان بۆ داڕێژراوتر بەرەو پێشەوە بچێت.

گۆڤـاری (کۆمەڵـەی ئـەکادیمیانی کوردسـتان) لـەم خولەیـدا، (کۆمەڵـەی ئـەکادیمیانی کوردسـتان) و (دەسـتەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی) وەك کارێکی هاوبەشی نێوانیان دەریـان دەکـرد، لەلایـەن ستافێکی خۆبەخشەوە، وێڕای توانایەکی ماددی کەمی سنوردار کەلەلایەن دەستەی کوردستانیەوە دابینکرابوو تـەنها بۆ چاپ، توانرا لەماوەی ساڵێك و نۆ مانگدا بە شێوەیەکی دەوریـی رێکوپێـك، هـەر وەرزەی ژمارەیـەکی لـێ چـاپ و بڵاوبکرێتەوە، لەو ماوەیەدا بە هەر سێ زمانی کـوردی و عـەرەبی و ئینگلیـزی (٧) ژمـارەی لـێ دەرچـووە، کـە (٤٩) توێژینەوەی بە زمانی کوردی و (٤٦) ی بـە زمـانی عـەرەبی و (٨) بـە زمـانی ئینگلیـزی لـە کـۆی (٢٧٨٨) لاپـەڕەدا لـەخۆگرتووە. و (١٥٩) توێـژەر و مامۆسـتای زانکۆکـانی هـەرێم عێـراق و دەرەوەی وڵات توێژینـەوەیان تیـادا بڵاوکردۆتـەوە، جگـە لەمانـە (١٦) توێژینـەوەش لـەکاتی هەڵسـەنگاندنی زانسـتیدا لەلایـەن هەڵسـەنگێنەرانەوە ڕەت کراونەتەوەو بە شایەنی بڵاوکردنەوە نەزانراون.

وەك ستافی خولی سێیەمی (گۆڤـاری ئـەکادیمیانی کوردسـتان) بەشـی زانسـتە مرۆڤایەتیـەکان (B)، خۆشـحاڵین ئەگەر توانیبێتمان خزمەتێکی بچوکی بواری رۆژنامەنوسی کوردی بکەین بە دەرکردنی ئەم گۆڤارە و مەڵۆیەك بخەینـە سەر خەرمانی توێژینەوەی زانستیی کوردی و لـەکات و سـاتی خۆیـدا گۆڤارەکـە دەربکـەین و هۆکـارێکیش بـوبین تـا ئاستێك بۆ بەرەو پێشەوەبردن و بڵاو بوونەوەی ئەو دەیـان توێژینـەوە زانسـتییە بـۆ بەرچـاوی خوێنـەران، لەهـەمان کاتیشدا خەمبارین بەوەی کە دوا ژمارەی گۆڤارەکەیەو بەداخەوە وەك ئەم ستافی هاوبەشی دەسـتەی کوردسـتانی و کۆمەڵەی ئەکادیمیان، کـە نـاتوانین لـەم کـاروانی خزمەتـە بـەردەوام بـین. هیـوادارین دوای ئێمـە سـتافێکی کـاراتر و لەخۆبوردوانەتر کارەکە تەواو بکەن و لەخولێکی ترو بە بەرنامەیەکی تازەتر و بە گوڕو تەوژمێکی ترەوە، کارایانە تـر درێژە بە دەرکردنی گۆڤارەکە بدەن.

**سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر و سکرتێری نوسین**

**حوزەیرانی ٢٠١٦**

# ناوەڕۆک


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١) | **شەنگال لە بەردەم فەتوا ئایینییەکان و شالاوەکانی داگیرکاریدا (١٢٥٤-٢٠١٤) ز**<br>پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر | ١١-٥٦ |
| ٢) | **خالید دلێر و سروودی کوردی**<br>پ. ی. د. عثمان حمد خضر دەشتی، م. ی. عبدالواحد ادریس شەریف | ٥٧-٨٢ |
| ٣) | **ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە (شیعر بە نموونە)**<br>د. هاوژین صلیوە عیسا، م. ی. شادان شکر صابر | ٨٣-١٠٠ |
| ٤) | **ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لە سەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ئاوی لە قەزای ڕانیە**<br>پ. ی. د. شێروان عمر ڕەشید، م. ی. پشتیوان علی محمد، م. ی. شاسوار محمد محمود | ١٠١-١٣٦ |
| ٥) | **ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستاندا**<br>د. ساکار محمد حسن گەردی، د. فاطمة قادر مصطفى | ١٣٧-١٦٦ |
| ٦) | **شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندێتی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجەی شەهید و گوندی عەنەب و ئاستی شیاویان بۆ خواردنەوە**<br>د. عطا محمد علاءالدین | ١٦٧-٢٠٦ |
| ٧) | **هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان - توێژینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە خولی پایزەی پەرلەمان (١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوباتی ٢٠١٦)**<br>پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر — م. ساکار عزیز رشید | ٢٠٧-٢٣٨ |
| ٨) | **کەسێتی بیرکەرەوە لەدەقدا 'دیکارت' بە نموونە**<br>م. نەوزاد جەمال فەرەج | ٢٣٩-٢٦٢ |
| ٩) | **هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەریيان لەسەر لادانی نەوجەوانان - توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مەیدانییە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان**<br>م. توانا فەرەیدون حسێن، م. ی. علی جعفر خالد | ٢٦٣-٣٠٨ |
| ١٠) | **پێگەی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندیی کوردیدا توێژینەوەیەکی شیکارییە**<br>م. محەمەد کەریم ئەحمەد | ٣٠٩-٣٤٨ |
| ١١) | **الحزب الجمهوري الإسلامي و مراحل الصراع من أجل التفرد بالسلطة في إيران ١٩٧٩-١٩٨١**<br>د. لقمان عبدالله محمد (خيالى) | ٣٤٩-٣٧٨ |
| ١٢) | **مدى إمكانية استخدام مضاعف الربحية في التنبؤ بالعوائد الرأسمالية للأسهم - دراسة تطبيقية في سوق دبي المالي**<br>م. م. صلاح حسن احمد، م. م. فلاح حسن احمد | ٣٧٩-٣٩٦ |

١٣) دور الثقافة التنظيمية في تطبيق إدارة الجودة الشاملة - دراسة ميدانية في شركة كورك تيلكوم للاتصالات في السليمانية ٣٩٧-٤٢٦

م. م. كاوه محمد روستم، م. م. هادي عبدالحسين مطر، م.م. عطا آدم حمه صالح

١٤) القيادة الادارية الناجحة واثرها في تخفيض كلفة المشروعات الصناعية مع االتركيز على القيادة في الادارة اليابانية ٤٢٧-٤٦٠

ب. الهام محمد بيرام

١٥) دور التغيير التنظيمي في تطوير الاداء الوظيفي بالاندية الرياضية بمحافظة اربيل (دراسة تحليلية لاراء اعضاء الهيئه الادارية) ٤٦١-٤٧٦

م. م. توانا محمد علي

١٦) تاثير تدريبات لتنمية القدرة العضلية المصاحبة للمنهج التعليمي في بعض القدرات البدنية و تعلم المهارات الاساسية بالسباحة حرة ٤٧٧-٤٩٨

م. م. ژيلوان محمد معروف

1) **Assessing EFL Learners' Critical Reading at Salahaddin University-Erbil** 3-16

**Prof. Fatimah R. Hasan Al Bajalani, Asma Abas Brime**

2) **Anthropomorphism in O'Neill's *The Hairy Ape*** 17-22

**Shokhan Rasool Ahmed**

# ڕێنمایی بڵاوکردنەوە لە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان دا

## گۆڤارێکی ئەکادیمییە، (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) و
## (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی) دەریدەکەن.

**شوێنی دەرچواندن: سلێمانی - کوردستان**

Email: sarwary74@yahoo.com
E-mail: info@kajournal.org

**ئەم گۆڤارە بە دوو جۆر دەردەچێت: (B ،A) هەریەکەیان لیژنەیەکی تایبەت دەریدەکەن**

PART A: - For Pure and Applied Sciences
PART B: - For Humanities

گۆڤاری (**ئەکادیمیانی کوردستان**)، تایبەتە بەو توێژینەوانەی کە پابەندی مەرجەکانی بڵاوکراوە زانستی و ئەکادیمیدەکان دەبن، وەك لە خوارەوە روونیدەکەینەوە، هەروەها هەموو توێژینەوەیەکی بڵاوکراوەی ئەم گۆڤارە بۆ بەرزکردنەوەی پلەی زانستیی توێژەرەکە (لأغراض الترقية) دەشێت.

**بواری بڵاوکردنەوە:** گۆڤارەکە ئەوجۆرە توێژینەوانەی لای خوارەوەی تێدا بڵاودەکرێتەوە: توێژینەوەی رەسەن (Original Work)، گۆڕانکاریی گرنگ، بەسەرداچوونەوە، ماستەرنامە و تێزی دکتۆرای کورتکراوە، پاش هەڵسەنگاندنیان لە بوارەکانی زانستدا، بە زمانی کوردی و بیانی، بەڵام باشترە بە زمانی ئینگلیزی بێت بۆ پسپۆڕانی کورد و بێگانە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستاندا.

**پەیڕەو بۆ توێژەر:**

١- دەبێ توێژینەوەکە نوێ بێ و گۆڕانکاریی نوێی تێدا دەستنیشانکرابێ.

٢- دەبێ بەشێوەی توێژینەوەی ئاسایی نوسرابێ، واتە (Abstract) پوختە بە (کوردی و ئینگلیزی و عەرەبی)، (Introduction) پێشەکییەك و ئاماژەکردن بە تازەترین ئیش لەو بوارەدا، (Experimental) بەشی پراکتیك، کۆتایی و دەرەنجامەکان و تاووتوێکردن (Results and Discussions) (Conclusions)، سەرچاوەکان (References).

٣- دەبێ پابەندی مەرجە هونەرییەکانی گۆڤارەکە بێ بۆ شێوەی نوسین، وێنە، خشتە و ...تاد.

٤- دەبێ توێژینەوەکە لە هیچ شوێنێکی تر بڵاونەکرابێتەوە و نەشنێردرابێ بۆ بڵاوکردنەوە، هەروەها نەشنێردرێت تاکو وەڵامی رەتکردنەوەی بۆ نەچێ.

٥- دەبێ نوسراوێکی واژۆکراو لەلایەن توێژەرەوە پێشکەش بکرێت، و تێیدا ئەمانە رون بکاتەوە:

ئایا توێژینەوەکە مافی هیچ کەسێکی تری پێوە نییە؟ توێژینەوەکە لە توێژینەوە و نامە و تێزی (دبلۆمی باڵا، ماستەر، دکتۆرا)ی توێژەرەکان (کامیان) وەرگیراوە، یان نا؟ توێژینەوەکە لە توێژینەوە و نامە و تێزی (دبلۆم، ماستەر، دکتورا)ی خوێندکاری یەکێك لە توێژەرەکان وەرگیراوە، یان نا؟

٦- دەستەی نوسەران مافی ئەوەیان هەیە کە توێژینەوەیەك رەتبکەنەوە، ئەگەر پابەندی رێنماییەکان نەبێ، یان لەگەڵ بۆچون و ئاراستەی گۆڤارەکەدا نەگونجێ، یان ئەگەر پاش راوێژکردن لەگەڵ پسپۆڕانی تایبەت دەرکەوت کە توێژینەوەکە لە ئاستێکی نزمدایە، پێش ناردنی بۆ پسپۆڕانی هەڵسەنگێنەر.

٧- توێژینەوەکە دوای چەسپاندنی خاڵەکانی سەرەوە (١-٦)، بۆ دوو (٢) پسپۆڕی تایبەت دەنێردرێت لە بواری توێژینەوەکەدا، لە ناوەوە یان دەرەوەی هەرێم، بەپێی پێویست بۆ هەڵسەنگاندن، و دوای وەرگرتنەوەی وەڵامی هەردوکیان، بە پێی بەندی (٨) بۆ هەنگاوەکانی تر بڕیاری لەسەر دەدرێ.

٨- هەروا دەستەی نوسەران مافی ئەوەشیان هەیە، دوای گەڕانەوەی توێژینەوەکە لای پسپۆڕانی هەڵسەنگاندن جارێکی تریش چاوی پێبخشێنێتەوە، و ئەگەر پسپۆڕانی تایبەت ئەو هەڵسەنگاندنە نەسەلمێنن یان لێی بەگومان بن، ئەوا بۆ خاوەنەکەی دەنێردرێتەوە، یان بۆ پسپۆڕێکی دیکە دەنێردرێت، یاخود هەر بڕیارێکی تر لەلایەن دەستەی نوسەرانەوە.

**مەرجە هونەرییەکان:**

أ. دەبێ توێژینەوەکە بە کۆمپیوتەر و لەسەر کاغەزی (A4) چاپبکرێت.

ب. دەبێ ژمارەی لاپەڕەکانی لە (٢٥) لاپەڕە زیاتر نەبێت.

ج. تا بتوانری وێنە، گراف، خشتە...تاد، لە تێکستەکەدا و لە شوێنی خۆی دابنرێ.

د. دەبێ لە لاپەڕەی جیاوازدا پوختەی دوو زمانەکەی تری تێدابێت، هەریەکە لە سەد (١٠٠) وشە زیاتر نەبێ.

هـ. دەبێ ناونیشانی توێژینەوەکە کورت بێت و بە فۆنتی (١٦)ی (Ali-Samik) بنوسرێت، لە ژێریشیدا ناو و ناونیشانی توێژەرەکان بە فۆنتی (١٤)ی (Ali-Samik)، هەروا ناوەرۆك و تێکستەکە بە فۆنتی (١٤)ی (Ali-Sahifa) و پەراوێزەکانیش بە فۆنتی (١٢)ی (Ali-Sahifa) بنوسرێت، بەمجۆرەی خوارەوە:

**یەکەم: بۆ توێژینەوە:**

ناوی توێژەرەکان (Initial ،Surname)، ناوی گۆڤار یان سەرچاوەکە بە (*Italic*) بنوسرێت، بەرگ (ژمارە) لاپەڕە.

**دوەم: بۆ کتێب:**

ناوی نوسەرەکان (Initial ،Surname)، ناوی کتێبەکە، ساڵ، لاپەڕە، لایەنی بڵاوکەرەوە ISBN.

٩ – ئەنجامی توێژینەوە دەبێ تەنها بەیەك شێوە بخرێتەڕو، بە خشتە یان گراف.

١٠– دەبێ قەبارەی گراف وا دروستبکرێت کە لە ستونەکەدا و لە شوینی تایبەتی خۆیدا جێگەی بێتەوە.

١١– پێوانەی جیهانی (SI-UNITS) بەکاردەهێنرێت.

١٢– چوار وێنەی توێژینەوە پێشکەشدەکرێت بە چاپکراوی و لەگەڵ وێنەیەکی توێژینەوەکە لەسەر CD.

١٣– خاوەنی توێژینەوەکە خۆی بەرپرسیارە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکە و دەرەنجامەکانی.

١٤– لەگەڵ پێشکەشکردنی توێژینەوەکە بۆ گۆڤار، دەبێ بڕی (١٠٠,٠٠٠) دیناری لەگەڵدا بنێردرێت، کە بۆ توێژەر ناگەڕێنرێتەوە.

١٥– ئەگەر ئەو مەرجانەی سەرەوە رەچاونەکرابوو، توێژینەوەکە دەستبەجێ بۆ توێژەرەکەی دەگەڕێنرێتەوە، و تەنها یەك وێنە لەگەڵ هەموو سەرەتاییەکاندا لە ئەرشیڤی گۆڤار هەڵدەگیرێت.

١٦– دوای پەسەندکردنی توێژینەوەکە، مافی بڵاوکردنەوە بۆ گۆڤارەکەیە و خاوەنی توێژینەوەکە بۆی هەیە تەنیا لەو کتێبانەدا کە خۆی چاپیان دەکات بڵاویبکاتەوە، بەڵام بۆی نییە پێشکەشی کەسی تری بکات، چونکە گۆڤارەکە ئەو مافەی هەیە.

١٧– هەر توێژەرێك توێژینەوەکەی پەسەندبکرێت بۆ بڵاوکردنەوە، دانەیەك لە گۆڤارەکە و پێنج وێنە لە توێژینەوەکەی بە بێ پارە بۆ رەوانەدەکرێت. لەمە زیاتر، یان کۆپیی گۆڤارەکە بە تەواوی، بە پارە دەبێت، کە پێویستە پێشوەخت گۆڤار ئاگاداربکرێتەوە، و پارەی تەواوی بۆ بنێردرێت.

١٨– نرخی یەك دانە لە گۆڤارەکە (٥٠٠٠) دیناری عیراقی، یان (١٠) دۆلاری ئەمەریکییە بۆ دەرەوەی کوردستان، و نرخی تەنها توێژینەوەیەکیش (١٥٠٠) دیناری عیراقییە. تکایە لە رێی یەکێك لەو ناونیشانانەی کە لەم گۆڤارەدا دیاریکراون، پەیوەندیمان پێوەبکەن.

**سکرتێری نوسین**

# تعليمات النشر في مجلة أكاديميي كوردستان

**مجلة علمية اكاديمية تصدرها (جمعية أكاديميي كوردستان) و**

**(الهيئة الكوردستانية للدراسات الاستراتيجية والبحث العلمي).**

**مكان النشر: السليمانية-كوردستان**

Email: sarwary74@yahoo.com
E-mail: info@kajournal.org

**تصدر هذه المجلة بقسمين، كل منهما تصدره لجنة مختصة.**

PART A: - For Pure and Applied Sciences
PART B: - For Humanities

إن مجلة أكاديميي كوردستان خاصة بتلك البحوث والدراسات التي تلتزم بشروط النشر العلمية والاكاديمية، كما سنبينها أدناه، كما أن كل دراسة منشورة فيها تستخدم لغرض الترقية العلمية بالنسبة للباحث.

مجال النشر: تنشر في المجلة البحوث الاتية: البحث الاصيل (Original Work) التغييرات الهامة، المراجعات، خلاصة اطاريح الماجستير والدكتوراه بعد تقييمها في المجالات العلمية، باللغة الكردية واللغات الاجنبية، والمستحسن أن تكون باللغة الانكليزية للمختصين الكرد والاجانب داخل كوردستان وخارجها.

**توجيهات للباحث:**

١- يجب ان تكون الدراسة جديدة وتحدد فيها التغييرات الجديدة.

٢- يجب ان تكتب على شكل دراسة عادية، اي الملخص (Abstract) باللغات الكردية والعربية والانكليزية، والمقدمة Introduction والاشارة الى احدث الاعمال في هذا المجال. وكذلك القسم العملي (Experimental)، ومن ثم الخاتمة والاستنتاجات والمناقشة (Results and Discussions) (Conclusions) والمصادر (References).

٣- يجب ان تلتزم الدراسة بالشروط الفنية للمجلة بالنسبة لاسلوب الكتابة والرسوم والجداول...الخ.

٤- يجب ان تكون الدراسة غير منشورة في مكان اخر ولم يسبق ارسالها للنشر كذلك، كما يجب عدم ارسالها الى مكان اخر لغرض النشر قبل تسلم الباحث ردا من المجلة بعدم نشر بحثه.

٥- يجب ان يقدم الباحث خطابا مُوَقَّعا، يوضح فيه ما يأتي:

هل لأي باحث آخر حق في البحث أم لا؟ هل البحث مستل من اطروحة (الدبلوم العالي، ام الماجستير، ام الدكتوراه) ام لا؟ هل استل البحث من دراسة او رسالة او اطروحة (الدبلوم، الماجستير، الدكتوراه) لأحد طلبة الباحث ام لا؟

٦- يحق لهيئة التحرير ان ترفض بحثا لعدم التزامه بالتعليمات، او لعدم تماشيه مع توجهات المجلة، او لظهور تدن في مستواه بعد استشارة المختصين، وذلك حتى قبل ارساله الى المقيمين المختصين.

٧- بعد تثبيت النقاط اعلاه من (١-٦) يتم ارسال البحث الى متخصصين اثنين في مجال البحث داخل الاقليم او خارجه لغرض تقييمه، وبعد تسلم الرد المطلوب من كليهما يتم اتخاذ القرار بشأنه وفق البند الثامن.

٨- ويحق ايضا لهيئة التحرير بعد تقييم البحث من قبل المتخصصين واعادته، تمعن النظر فيه مجددا، وإذا ما لم يؤكده المتخصصون في ذلك المجال او شككوا في امره يُعاد الى صاحبه، او يُحال الى متخصص آخر، أو يُتخذ اي قرار آخر بشأنه من جانب هيئة التحرير.

**الشروط الفنية:**

أ- يجب أن يطبع البحث على الحاسوب، مسحوبا على ورق (A4).

ب- أن لا يزيد عدد صفحاته عن ٢٥ صفحة.

ج- أن توضع الرسوم، الجرافيك، الجداول... الخ، داخل النص وفي اماكنها.

د-يجب أن يتضمن الخلاصة باللغتين الاخريين في صفحتين مستقلتين ولا يزيد أي منهما عن ١٠٠ كلمة.

هـ-يجب ان يكون عنوان البحث قصيرا ويكتب بحجم ١٦ وبنوع خط (Ali-samik)، ويكتب تحته اسم ولقب الباحثين بحجم ١٤ بنوع خط (Ali-samik) ايضا، ويكتب المتن والنص بحجم ١٤ بنوع خط (Ali-sahifa) والهوامش بحجم ١٢ وبنوع خط (Ali-sahifa) كالآتي:

اولا/ بالنسبة للبحوث:

يكتب اسم الباحث (Initial, Surname)، ثم اسم المجلة او المصدر (*Italic*)، المجلد (العدد)، والصفحة.

ثانيا/ بالنسبة للكتب:

اسم المؤلف (Initial, Surname)، ثم اسم الكتاب، السنة، الصفحة، جهة النشر ISBN.

٩- يجب عرض النتائج في شكل واحد اما بجدول او جرافيك.

١٠- يجب تصميم الجرافيك بحيث يمكن استيعابه في العمود وفي المكان المخصص له.

١١- يستخدم القياس العالمي (SI-UNITD).

١٢- تقدم اربع نسخ من البحث مع نسخة مسجلة على قرص مدمج.

١٣- الباحث مسؤول عن مضمون ونتائج البحث.

١٤- يرسل مبلغ ١٠٠٠٠٠ د.ع مع البحث لا يرد الى الباحث.

١٥- في حال عدم مراعاة الشروط اعلاه، يعاد البحث الى الباحث، مع احتفاظ المجلة بنسخة واحدة مع الاوليات في ارشيف المجلة.

١٦- بعد قبول البحث، تصبح المجلة صاحبة جميع حقوق الطبع، ويحق للباحث فقط ان ينشره في كتاب مطبوع له، فيما لا يحق له تقديمه لشخص اخر، لان هذا من حق المجلة.

١٧- اي باحث يُقبل بحثه للنشر، يتلقى نسخة من المجلة وخمس نسخ من البحث دون مقابل كهدية. اما ما يزيد عن ذلك، او اذا اراد استنساخ المجلة بكاملها، فيكون بمقابل، اذ يجب إعلام المجلة مسبقا بذلك، مع ارسال بدل القيمة.

١٨-سعر النسخة الواحدة من المجلة ٥٠٠٠ د. ع، او ١٠ $ خارج كردستان، وسعر بحث واحد ١٥٠٠ د. ع. يرجى الاتصال بنا عبر احد العناوين المدرجة في المجلة.

**سكرتير التحرير**

# شەنگال

# لە بەردەم فەتوا ئایینییەکان و شاڵاوەکانی داگیرکاریدا

# (١٢٥٤-٢٠١٤) ز

**پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر**
Sarwary74@yahoo.com

## پێشەکی

بە درێژایی مێژوو، کورد بەردەوام لەلایەن دەرو دراوسێ‌و زلهێزەکانەوە چەوسانەوەی لەسەر بووەو سەرکوت‌و قەتلوعام کراوە، هەر لە هێرش و پەلامارەکانی سەردەمی کۆن و سەرەتاکانی هاتنی لەشکری عەرەبیی ئیسلامی و سەردەمانی عوسمانی و سەفەوییەکانەوە بیگرە تا دەگاتە سەردەمی نوێ. لەم دواییانەشدا کۆمەڵکوژییەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو بارزانییەکان و گەلێکی تر. بەڵام هیچ کام لەوانە چ لە ئاستی ناوخۆ و چ لە ئاستی دەرەوە، بۆ ناساندنی دۆزە ڕەواکەی بە جیهان وەك پێویست کاریان لەسەر نەکراوە.

ئێزیدییەکان کە بەشێکی دانەبڕاو و دانەپچڕاون لە نەتەوەی کورد، مێژووی ئەوان بەشێکە لە مێژووی کورد و ئایینی ئەوان ئایینی کۆنی کورد و سەرباری ئەو فشارە زۆرەی بە درێژایی مێژووش لەسەریان بووە کەچی دەستبەرداری ئایینی خۆیان نەبوون. ئەوان بەدرێژایی مێژوو لەلایەن داگیرکەرانەوە ڕووبەڕووی زولم و زۆر و چەوسانەوە بوونەتەوە، خاکیان داگیر کراوە و ڕاوەدوونراون و کۆمەڵکوژ کراون، هەر لەسەردەمی پێش هاتنی ئایینی ئیسلامەوە تا دەگات بە لەشکری عەرەبی ئیسلامی و سوڵتان و خەلیفەکانی عوسمانی و ئێرانی و تا لەسەردەمی هاوچەرخیشدا لەلایەن دەوڵەت و ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و سوریا و تورکیا درێغی نەکراوە لە تەپەسەرکردنیان. چ جای هەندێك جار لەلایەن هەندێك میری کوردیشەوە بەناوی ئایینەوە هێرشکراوەتە سەریان و پەلامار دراون. هەر چەند ساڵ جارێك ئەم مێژووەیان دووبارە بۆتەوە، تا ئێستا حەفتاو چوار فەرمانی لەنێوبردنیان دەرچووە، بەڵام ئێزیدییەکان خۆیان ڕاگرتووە، سەرباری کۆمەڵکوژییان و خەمساردی سەرۆك و ڕێبەرانی کورد لە ئاستی پرسەکەیان ئەوان هەروەك چۆن کورد بوون هەروا بەکوردی ماونەتەوە.

دووا فەرمانی کۆمەڵکوژکردنیان لەسەر دەستی گروپی تیرۆریستیی داعش بوو ساڵی ٢٠١٤، ئەم پرۆسەیەش تا بڵێی کارێکی نامرۆڤانە بوو، وێنەی لە مێژوودا کەمە، بەدەر لە هەموو پێوەرێك، پرۆسەیەك بوو بۆ سەر خەڵکی مەدەنی و بە سەدان هەزار ژن و منداڵ ئاوارە بون. پیاوەکان کوژران، ژنان بەتاڵان بران و کران بە کۆیلە و لە بازاڕەکاندا فرۆشران، منداڵ و پیر لە برسان و لە ڕێگەکانا مردن.

راستە زۆربەی شارو شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بەر شاڵاوی دڕندانەی ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکان کەوتوون، بەڵام هیچ شار و دەڤەرێك، هێندەی شەنگال نەڕەتێنراوە و بەقەد شەنگالییەکان هیلاك نەکراون و هێندەی ئێزیدییەکان مەترسیان لەسەر نەبووە. هیچ شوێنێکی ئەم کوردستانە بەقەد شەنگال خەڵکەکەی هەژار و نەدار و قوربەسەر نەبوون. بەڵام سەرباری ئەو بارودۆخەسەختەی ژیانیشیان، کەناوچەکانیان زۆر کەم مەرجی ژیانی تێدابووە، بەڵام ئەوان هێشتا بە بەشی خۆیان رازی بوون، بەو مەرجەی تەنها بە کوردی بمێننەوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا، نە داگیر کەران و تیرۆریستان وازیان لێهێناون و نەدەسەڵاتی کوردیش وەك پێویست بەدەنگیانەوە چوون. خۆ ئەوان داوای هیچیان نەکردبوو، تەنیا خوازیاری پارێزگاری بوون لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە، بەڵام ئەوەشیان بۆ نەکردن! فەرماندە و بەرپرسە سەربازییە کوردییەکان لەشیرینی خەودا بەتەنها بەجێیانهێشتن و شەنگالیان دایەدەست لەشکری دڕندەی تیرۆریستانی داعش. لە ئەنجامدا ژنەکانیان بەتاڵان برد و پیاوەکانیان گوللە باران کرد و مەزار و شوێنە پیرۆزەکانیان تەقاندەوەو خاپورکرد، ژیانی سەدان هەزار کوردی ئێزیدییان دایە دەست قەدەرێکی نادیارەوە.

ئەم توێژینەوەیە سەبارەت بەڕەوشی شەنگال دەدوێت کە بەدرێژایی مێژوو لەلایەن رژێم و دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکە ئیسلامیەکانی ناوچەکەوە هێرشی کراوەتە سەر و دەیان فەرمانی قڕکردنیان بۆ خەڵکی شارەکە و وێرانیی‌و تاڵانکردنیان دەرکردووە. بەسەر چوار تەوەرەدا دابەش بووە، تەوەرەی یەکەم کورتەیەکە سەبارەت بە جوگرافیای شەنگال‌و بنچینەی ناوەکەی و پێکهاتەی دانیشتوانی، تەوەرەی دووەم لە مێژوو و رەچەڵەکی ئێزیدییەکان دەدوێت کە زۆرینەی هەرەزۆری دانیشتوانی شارەکە پێکدەهێنن، تەوەرەی سێیەم لەو کۆمەڵکوژیانە دەدوێت کە بەدرێژایی مێژوو بەسەر ئەم شارەدا هاتووە، لە تەوەرەی چوارەم و کۆتاییشدا سەبارەت بە هێرشی داعش لەساڵی ٢٠١٤ بۆسەر شەنگال و ئەو کۆمەڵکوژییە دواوین کەبەسەر ئێزیدیەکانیاندا هێنا و لە کۆتاییشدا ئەو ئەنجامانەمان خستۆتە روو کە پێی گەیشتووین.

بۆ نوسینەوەی توێژینەوەکە سوود لە دەیان سەرچاوەی کۆن و نوێ، خۆماڵی و بیانی وەرگیراوە. لەوانە ئەو کتێبانەی کە دەکۆمێنتەکانی عوسمانییەکانیان بلاو کردۆتەوە، وەك: کتێبەکانی (داود مراد ختاري) وەك (الايزيدية في المخطوطات الكلدانية) و (خمس و ثمانون وثيقة عثمانية عن مأساة الايزديين) و کتێبەکەی سینان هاکان (کورد و بەرخۆدانەکانی ١٨١٧-١٨٦٧، لەبەڵگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا)، و سیاحەتنامەکەی ئەولیا چەلەبی کە گرنگیی خۆیان هەیە. هەروەها کتێبەکانی ئەمین زەکی و سەدیق دەمەلوجی و شاکر خەسباك و عبدالرزاق الحسني و ئەحمەد فەوزی و مەحمود دوڕە و شاکر فەتاح و چەندانی تر کە لەنزیکەوە ئاگاداری روشی ژیانی ئێزیدییەکان بوونە. جگە لەمە نوسراوەکانی چەند کوردناسێکی ئەورووپی وەك: جۆن.گیتس و رۆژە لیسکۆ و ئەنستانس ماری کەرمەلی. وێرای

چەندان نامەی زانکۆیی وەك كتێبەكانی عەدنان زەیان فەرحان و عەبدوللا عەلیاوەیی و مەحمود شێخ سین رێكانی و موسا مستەفا هەسنیانی و چەندان سەرچاوەی تری وەك كتێب و رۆژنامەو گۆڤار و ماڵپەرە ئەلیكترۆنیەكان.

دیارە نوسینەوەی ئەم توێژینەوەیە بێ كۆسپ و لەمپەر نەبوو، گەورەترین گرفتمان كەمی سەرچاوە بوو لەسەر هێرشەكانی داعش بۆسەر شەنگال، بە حوكمی ئەوەی روداوەكە نوێیەو بەلگەو دەكۆمێنتەكانی وەك پێویست بەدەست ناكەون و سەرچاوەی نوسراو لەسەری كەمەو تا ئاستێكی زۆریش بەهۆی نەبوونی دەكۆمێنتەوە لێڵی لە رووداوەكاندا هەیە، بۆ پڕ كردنەوەی ئەم كەلێنەش ناچار هانامان بۆ رۆژنامە و ماڵپەرە ئەلیكترۆنیەكان بردووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵمانداوە لە توێژینەوەكەدا بە میتۆدێكی زانستیی مێژوویی بەراوردكاریی لەقۆناغە جیاجیاكانی شارەكە بدوێین كە جگە لە جیاوازی تەكنیكی شەڕ و بەدرێژایی ئەو مێژووە بەیەك ریتم دەسەڵاتداران دژ بە خەڵكی ئەم شارە پەیڕەویان كردووە.

## كورتەیەكی جوگرافیای شەنگال

### بنچینەی ناوەكەی:

شەنگال یەكێكە لە شارە گەورەو مێژووییەكانی كوردستان، سەبارەت بە بنچینەی ناوەكەی رای جیاجیا هەیە، بۆچونێك هەیە كۆنترین ناوهێنانی بۆ سەردەمی لافاوەكەی پێغەمبەر نوح دەگەڕێتەوە، گوایە كاتێك كەشتیەكەی لەسەر شاخی شەنگال گیرساوەتەوەو زیانیان بەركەوتووە، هەر بۆیە نوح وتوویەتی: (هذا سن جبل جار علینا)، گوایە ناوی (سنجار) لەمەوە هاتووە.[١] لای ئاشوری و بابلیەكانیش بە (سەنكارا) یا (سەنغارا) ناسرابوو و لە تێكستە بزمارییەكانیشدا بە (سەنكور) هاتووە، كە لەو رۆژگارەدا یەكێك لە شارە گرنگەكانی ئاشورییەكان بوو.[٢] بەڵام خەڵكی ناوچەكە بە (شەنگال) ناوی دەبەن، كە گوایە لە (شەنگ) یا (قەشەنگ)ەوە هاتووە.[٣] هەروەها وشەی شەنگال بەمانای زەوی جوانیش دێت، (شەنگ) بەمانای جوان و (ئال)یش بەمانای (شوێن یا زەوی) دێت، واتە دەڤەری جوان یا زەویی جوان.[٤]

رایەكی تریش هەیە پێی وایە بنچینەی وشەكە لە (ژەنگار)ەوە هاتووە كە مانای (رەنگین)یش دەگەیەنێ، بۆ ئەو شاخە دەگەڕێتەوە كەلێی نزیكەو كاتێك تیشكی خۆر لێی دەدات بەهۆی بوونی كانزای جۆراوجۆر تیایدا و بەتایبەتی ئاسن، دەبریسكێتەوە. دواتر ئەم وشەیە بەعەرەبی كراوەو بەهۆی نەبوونی پیتی (ژ) و (گ) لە زمانی عەرەبیدا (ژەنگار) گۆڕاوە بۆ سنجار.[٥]

---

[١] عبدالرزاق الحسني: الیزیدیون في حاضرهم و ماضیهم، ط٦، بغداد، ١٩٧٤، ص٤٠؛ موسی مصطفی الهسنیاني: سنجار، دراسة في تاریخها السیاسي والحضاري من (٥٢١-٦٠٠ه/١١٢٧-١٢٦١م)، سپیریز، اربیل، ٢٠٠٥، ص٢٨.

[٢] صدیق الدملوجي: الیزیدیه، الموصل، ١٩٤٩، ص٤٧٢.

[٣] جمال بابان: اصول اسماء المدن والمواقع العراقیة، ج١، بغداد، ١٩٨٩، ص١٦٣؛ محمود شیخ سین حسو الریكاني: شنطال في العهد الملكي (١٩٢١-١٩٥٨) اربیل، ٢٠١٢، ص١٠.

[٤] موسی مصطفی الهسنیاني: المصدر السابق، ص٣٠؛ خسرو گوران: الكورد في محافظة الموصل، دهوك، ٢٠٠٦، ص١٥١.

[٥] محمود شیخ سین حسو الریكاني: المصدر السابق، ص٩؛ موسی مصطفی الهسنیاني: المصدر السابق، ص٣٠.

شەنگال بەناوی (سنجار)ەوە لە دوو توێی پرۆسەکانی دەستبەسەرداگرتنی ئیسلامی و لە کتێبەکانی ولاتناسانی سەدەی سێیەمی کۆچیدا هاتووە، کە ئەو شارە کوردی تێدا نیشتەجێ بووە، و دوای دەستبەسەرداگرتنی شارەکە لەلایەن لەشکری ئیسلامیەوە ژمارەیەك عەرەب هاتوونەتە ناوچەکەو تیایدا نیشتەجێ بوون.[1]

## هەڵکەوتەی جوگرافی:

شەنگال چ لەڕووی مێژووەوە، چ لەڕووی سەختیی جێگاوە، چ لەڕووی ئاو و هەوای سازگار و چاوئەندازی جوان و مێرگ و مێرغوزارەوە، چ لەڕووی پیت و بەرهەمی زەوییەکەیەوە، شاری شەنگال و شاخی شەنگالیش بایەخ و نرخ و گرنگیی خۆیان هەبووەو هەیە. شەنگال دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای عیراق و قەزایەکە سەر بە پارێزگای مووسڵە و ١٢٠کم لێی دوورە، لە ڕووی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەوێتە نێوان هێڵی یەکتربڕینی بازنەی پانی(٢٦-٢٢) باکور لەگەڵ هێڵی درێژی (٤٢)ی ڕۆژهەلات. بەپێی دووا ئامار، رووبەری شەنگال (٣١٨٨)کم٢ دەبێت کە نیوەی پارێزگای دهۆك دەبێت، چیای شەنگال (١٤٦٣)م لەسەر رووی دەریاوە بەرزە و درێژییەکەی (٧٧)کم و پانیی (١٣)کم دەبێت، ئەم شاخە تاکە شاخە لە ناوچەکەداو لە زۆرینەی بەیت و گۆرانیە فۆلکلۆرییەکانی ناوچەکەدا ناوی هاتووە.[2] نزیکەی (٥٥) پەنجاو پێنج گوندی ئێزیدی نشین لەم قەزایەدا هەیە.[3] چیای شەنگال تاکە بەرزاییە لەو ناوچە دەشتاییو بیابانەدا کە ئەو ناوچەکەی کردۆتە مەڵبەندێکی سەربازی ستراتیژی ئەوتۆ بەڕادەیەك کە لەدێر زەمانەوە، لەسەرجەم شەڕو شۆڕەکانی پێشانەوە هەرچی چیاکەی بەدەستەوە بووبێ، خاوەنی پێدەشتەکانی خوارەوەشی بووە.

شەنگال لەڕوی ستراتیجیەوە وەك هێڵی بەیەکگەیشتنی شەنگال و سوریا یاخود حەلەبە، ڕێگەیەکی بازرگانیی وشکانیی گرنگیشە کە هەرێمی کوردستان بە ولاتی سوریاو تورکیاوە دەبەستێتەوە. هەروەها شەنگال بارانێکی زۆری لێ دەبارێ، سالآنە (٤٠٠-٥٠٠)ملم و ئاوی ژێرزەوی هەیە کە سالآنە بە (٣٤٠٠٠)م٣ مەزەندە دەکرێت، کشتوکال و دانەوێڵەی زۆری وەك گەنم و جۆی هەیە کە بەشی هەموو هەرێمی کوردستان دەکات.[4]

---

[1] د.حەکیم ئەحمەد خۆشناو: کورد و کوردستان لەدیدی گەڕیدەو رۆژهەلآتناسانی موسولمان، وەرگێڕانی شوکر سلێمان، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢١٠-٢١١.

[2] موسى مصطفى الهسنياني: المصدر السابق، ص٣٠؛ خسرو گوران: المصدر السابق، ص١٤٠.

[3] انس محمد شريف الدوسكي: اتباع الشيخ عدي بن مسافر الهكاري، مكتبة الاصالة والتراث، الشارقة، ٢٠١٠، ص٥١٦.

[4] روجيه ليسكو: اليزيديه فى سوريه و جبل سنجار، ترجمه احمد حسن، دار المدى، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٤٦-١٤٧؛ مونيرە ئەبوبەکر محمد: پێگەی ئێزیدیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ١٩٩٢-٢٠٠٨، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٥٧-١٥٨.

**دانیشتوان:**

زۆرینەی دانیشتوانی شەنگال لە ئێزیدییەکان پێکدێن.[١] لە سەرژمێری ساڵی ١٩٥٧دا ڕێژەی کورد (٧٨,٣٪) بوو، کە کۆی گشتی قەزاکەی پێکدەهێنا،[٢] و لە سەرژمێری ساڵی ١٩٦٥ دا ڕێژەی کورد کەم بوویەوە بۆ (٦٧,٢٪) و عەرەب (٢٦,٤٪) بوو، بەڵام لە سەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ دا رژێمی بەعس هەروەك بەردەوام هەولی دەدا ڕێژەی کورد کەم بکاتەوە و یەکێك لەو ریگانەش کە دەیگرتەبەر پرۆسەی بەعەرەبکردن بوو، ئەوەبوو ئێزیدییەکانی بە عەرەب نوسی و ڕێژەی کورد لەم قەزایەدا تەنها (٦,١٪) بوو و (٦١٪)ی کەمکردەوەلەبەرامبەردا ڕێژەی عەرەب لە (٢٦٪)ی ساڵی ١٩٦٥ ەوە بوو بە (٩٣,٥٪) لەساڵی ١٩٧٧.[٣]

بەپێی ئامارەکانی دوای رووخانی رژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ و دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق، هەل و مەرجی ناوچەی شەنگال و پێکهاتەی دانیشتوانی، پێش پەلامارو شالاوە دڕندانەکانی دەوڵەتی تیرۆریستی ئیسلامی داعش، بەم شێوەیە بوە: ناوەندی قەزای شەنگال و دەورو بەری (٨٠١,٠٠٠) هەشت سەدو یەك هەزار کەس بووە، ڕێژەی کوردی ئێزدی ٨٤٪ هەشتاو چوار لە سەد بوە، ١٢٪ کوردی مووسڵمان، ٤٪ مووسڵمانی عەرەب، هەروەها ناوچەی شەنگال و دەورو بەری لە (گرعوزێر، شەنگال، سنون، زوومار) پێکدێ.[٤]

هەر بەهۆی ئەو زولم و زۆرەی بە درێژایی مێژوو لەسەریان بووە، ژمارەیەکی زۆریان بەناچاری ولاتیان جێهێشتووەو رووەو هەندەران چوون، زۆرترین ژمارەی ئێزیدییەکان لە دەرەوە لە ولاتی ئەلمانیان، کە ژمارەیان بە (٧٠,٠٠٠-٨٠,٠٠٠) حەفتا تا هەشتا هەزار کەس مەزەندە دەکرێن، هەروەها لە ولاتەکانی ئەمەریکا و فەرەنسا و ئوستراليا و نەمسا و گورجستان و ئەرمینیا و ئازەربایجان و روسیاو باکور و خۆرئاواو خۆرهەلاتی کوردستانیشدا ژمارەیەکی بەرچاو ئێزیدی دەژین.[٥]

بەپێی سەرچاوەکان کۆمەڵکوژیی ئێزیدییەکان لەلایەن لەشکری داگیرکەرانەوە ئەوەندە سەخت بووە، بەجۆرێك کە ئەوەی بەرامبەر ئەوان پەیرەو کراوە بەدرێژایی مێژوو بەرامبەر هیچ گروپێکی ئایینی و ئەتنیی تر ئەنجام نەدراوە، بۆ نمونە: لە سەدەی هەژدەهەمدا ئێزیدییەکان (٢٥٠,٠٠٠) کەس بوون، (٤٠٠٠) سوارچاك و (٨٠٠٠) پیادە هەبووە، لەسەدەی نۆزدەهەمدا بوونەتە (٢٠٠,٠٠٠) و (٣٠٠٠) سوارچاك و (٦٠٠٠) پیادە، ئۆپێراسیۆنی ڕەشەکوژیی ئێزیدییەکان هێندە ترسناك بووە بەجۆرێك کە لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تەنها (٥٠,٠٠٠) کەسیان لێ ماوەتەوە.[٦]

---

(١) محمود الدرة: القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦، ص١٨٤.

(٢) خسرو گوران: المصدر السابق، ص١٤٢.

(٣) د.عەبدوللا غەفور: پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان (بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عیراق-١٩٧٧)،سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٤٠؛ د.خليل اسماعيل محمد: دهوك-نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافي للسكان، السليمانية، ٢٠٠٥، ص١٤١؛ د.عەبدوللا غەفور: ئەتنۆ-دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٨٢.

(4) http://www.anfalistan.com/?p=1475

(٥) هەمان سەرچاوە.

(٦) ئەنستاس ماری کەرمەلی: کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، (جیلوە و مەسحەفارەش) و بیبلۆگرافیای ئێزیدیاتی، وەرگێڕانی/نەجاتی عەبدوللا، دەزگای ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٦-١٧؛ الاب سهيل قاشا: اليزيدية، طرابلس-لبنان، ٢٠٠٤، ص٢٦٢.

**تەوەرەی دووەم**

**مێژوو و ڕەچەڵەکی ئێزدییەکان**

ئێزدییەکان کوردی ڕەسەنن، لەدێر زەمانەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاون، ئایینەکەیان ئایینێکی کۆنی یەکتاپەرستییە،[1] بە پاشماوەی کوردە زەردەشتیەکان دادەنرێن، باوەڕیان بەخودا هەیەو فریشتەی (مەلەك تاوس) لەلایان پیرۆزترین فریشتەیە، هاوکات خاوەنی کتێبی پیرۆزی (مەسحەفا رەش) و (جیلوە)ن، بەرۆژو دەبنو نوێژو خواپەرستیی خۆیان هەیەو پەرستگای (لالش) شوێنی پیرۆزیانە کە لەقەزای شێخانە.

مێژوونوسان لەسەر ئەو رایەن کە ئایینی ئێزیدی پاشماوەی بەردەوامی ئایینێکی دێرینە، کە (٥٠٠) ساڵ بەر لە زایین لە کوردستان پەیدا بووە کە ئایینی زەردەشتیە، پێیان وایە کە (ئێزدی یەزدانین) و بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان لەم ناوچەیەدا ژیاون و بونیان هەبووە. بەپێی هەندێك سەرچاوە ئایینی ئێزیدی زۆر لە ئایینی جولەکەو مەسیحی و ئیسلام کۆنترە و ئایینێکی ئاسمانیە و بنچینەی ئایینەکە ئایینی (نوح) پێغەمبەر بووە.[2]

ئێزدێتی لەبەر ئەوەی ئاینێکی تەبشیری نییە، بۆیەش هیچ کەسێکی نوێ وەرناگرێت کە بچێتە سەر ئایینەکەیان، ژن دان و ژنهێنان لە ئایین و مەزهەبەکانی تر لەلایان گوناهێکی گەورەیە، واتە هەموو ئێزیدییەکان پێویستە ئێزیدییانە لەدایك بن.[3] لە ئایینی ئێزدیدا بەجۆرێك جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە هەم ئایینەکە کوردییەو هەم کتێبی پیرۆزیان بە زمانی کوردییەو هەم خوای گەورەش لە قیامەتدا بە کوردی قسە دەکات، هیچ بوارێکی نەهێشتۆتەوە کە کەسانێك گومان لە کوردبوونی ئێزیدییەکان بکەن، یاخود لەپێناو بەرژەوەندی سیاسی بەیت و باڵۆرەو حیکایەتی دوور لە راستییان بۆ هەڵببەستن، هەروەك هەندێك نووسەری عەرەب نوسیویانە، یا هەندێك بەرژەوەند پەرست بەناوی ئێزیدییەکانەوە چەند دەستەواژەیەکی لەم جۆرەیان دەربڕیبێت، یا رژێمی بەعس بە پراکتیك ویستی پەیڕەوی بکات. باشترین و گەورەترین بەڵگەش بۆ وەڵامی ئەو کەسانە و کوردبوونی ئێزیدییەکان ئەوەیە کە کتێبی پیرۆز و نوێژ و نزا و عیبادەتیان بە زمانی کوردییە.

سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان بۆچوونی تورکەکان ئەوە بووە کە: (حکومەتی تورکیا جەختی کردەوە کە ئێزیدییەکان بەدڵنیایی کوردن و، هەمان دابونەریت و خووڕەوشتی کوردیان هەیە. بەڵام لە رووی ئایینزاوە لەیەك جیاوازن). تورکەکان ئەگەر پێیان بکرابایە ئێزیدییەکانیان بە تورك یان تورکمان ناودەبرد لەپێناوی ئەوەی ویلایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان) ببێتە هی ئەوان، کەچی دیارە کوردێتیی ئێزیدییەکان ئەوەندە روون بووە، تورکەکان

(1) ئەنستاس ماری کەرمەلی: کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، ل١٠؛ توفیق وهبي: الیزیدیة بقایا المیثرائیة، ت/شوکت ملا اسماعیل حسن، السلیمانیة، ٢٠٠٩، ص٤٨–٤٩؛ د.خلیل جندي: الایزیدیة والامتحان الصعب، اربیل، ٢٠٠٨، ص٣٨.

(2) محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢١١؛ د.سامی سعید الاحمد: الیزیدیە، احوالهم و معتقداتهم، ج١، بغداد، ١٩٧١، ص٢٩–٣٠.

(3) محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، ل٢١٢؛ د.خانا ئۆمەر خالی: ئێزدیاتی، جڤاك، سەمبول، رەیتووەل و میت، و/ئەرگین ئۆپەنگین، گۆرینی لە پیتی لاتینیەوە کۆڤان خانکی، هەولێر، ٢٠١١، ل٢٣.

بۆیان نەکراوە جگە لە راستی شتێکی تر بڵێن.(١) هەر سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەکان زۆربەی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەڕیدە ئەوروپییەکان پێیان وایە کە ئێزیدییەکان کوردن.(٢)

لە راپۆرتێکی تایبەتی کۆمیتەی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵ (باشووری کوردستان)، کە سەربە کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) بووەو لە سەرەتای ساڵی (١٩٢٥)دا چوونەتە ویلایەتی مووسڵ و دواتر لە مانگی یولیۆی هەمان ساڵدا ئەم راپۆرتەیان بەرزکردۆتەوە بۆ کۆمەڵەی ناوبراو، تیایدا باسی ئەوەیان کردووە کە ئێزیدییەکان کوردن، کە ئەمە بۆچوونی کۆمیسیۆنەکەش بووەو، ئەوانیش ئێزیدییەکان بە کورد دەزانن و، لەپێناوی پتەوکردنی بۆچوونی خۆیان پەنایان بردووە بۆ بۆچوونەکانی نووسەرە هاوچەرخەکان و گەڕیدە ئەوروپییەکان کە ئێزیدییەکان بە کورد دەزانن.

لەهەمان راپۆرتدا هاتووە: "ئێزیدییەکان تەنیا بە زمانی کوردی قسە دەکەن. نوێژو کاری خواپەرستییە سەرەکییەکانیان بە زمانی کوردی جێبەجێدەکەن. رێورەسمە ئایینییەکانیان و تەسبێحات کردنیان لەلایەن شێخێکەوە بە زمانی کوردی دەخوێندرێتەوە".(٣) ئەوەی کە لە راپۆرتێکی کۆمیسیۆنی توێژینەوەی پرسی ویلایەتی مووسڵدا هاتووە، هیچ گومانێك لە مێشك و دڵی کەسانی ئاسایی ناهێڵێتەوە، ئەگەر بێتوو گومانی لە کوردبوون و کوردێتیی ئێزیدییەکان هەبێت. ئەندامانی کۆمیتەی ناوبراو، کە سەردانی شەنگالیان کردبوو جەخت لەسەر کوردبوونی ئێزیدییەکان دەکەنەوەو دەڵێن: "ئێزیدییەکانی شەنگال بێ هیچ گومانێك کوردن، نەك تەنیا لەبەر زمانیان، بەڵکو لە پێکهاتەی لەشیشیاندا هەر یەکن".(٤)

نووسەرێکی تری رەگەز پەرستی عەرەب کاتێك باسی ئێزیدییەکانی کردووە ئەو راستییەی درکاندووە کە ئێزیدییەکان کوردن، بە بەشێك لە کۆمەڵگای کوردی ناویان دەبات و نوسیویەتی:"ژیانی گیانیی کورد دابەش دەبێتە سەر سێ بەشی سەرەکی کە: مووسڵمان، ئێزیدی و ئەهلی هەقە".(٥) هەروەها (سعید دێوەچی)ش دەڵێت: ئێزیدییەکان بە زمانی کوردی قسە دەکەن، کە لەهەمان کاتدا زمانی ئایینەکەشیانە.(٦)

سەدیق دەمەلوجی، پێی وایە کە:"زمان و رەگەزو نیشتمان، هەرسێکیان ئێزیدی و بادینییەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. ئەوان بەرەگەز بادینین و زمانەکەشیان بادینییە کە لەگەڵ زاراوەکانی تری کوردیدا جیاوازە".(٧)

مەحمود ئەلدوڕە، کە ئەفسەرێکی عەرەبی رەگەزپەرست و دوژمنێکی سەرسەختی کورد بووە و لە سەردەمی عبدالسلام عارفدا بەڕێوەبەری هەواڵگریی گشتی سەربازی بووەو شەڕی پێشمەرگەشی کردووە، کەچی وەکو

(١) عبدلرزاق محمود القيسي، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي – البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤–١٩٢٥، ص١٣٤.

(٢) نفس المصدر، ص١٣٤.

(٣) نفس المصدر، ص١٣٤.

(٤) نفس المصدر، ص١٣٤.

(٥) احمد فوزي: قاسم واكراد خناجر و جبال، قاهرة، ١٩٦١، ص٣١،٤١.

(٦) سعيد الديوجي: اليزيدية، الموصل، ١٩٧٣، ص٢١٥.

(٧) إمارة بهدينان الكوردية أو إمارة العمادية، ص٣٦.

راستییەك ئێزیدییەكانی بە كورد داناوە و نووسیوێتی:"سەرەڕای جیاوازی مێژوونووسان سەبارەت بە نەژادی ئێزیدییەكان و مێژووی نادیاریان، دەبینین كە بۆچوونی زۆربە ئەوەیە كە ئێزیدییەكان سەربە هەمان رەگەزی كوردن".[1]

مێژوونووسی بەناوبانگی عیراقی (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) زۆر راشكاوانە ئێزیدییەكان بە بەشێك لە جەستەی سەربە نەتەوەی كورد دادەنێت و زمانەكەشیان بە زمانی كوردی ناودەبات نووسیوێتی: "ئێزیدییەكان بەوە ناسراون كە سەربە گەلی كوردن و بە كوردی قسەدەكەن".[2]

شاكر خەسباك، ئێزیدییەكان بە بەشێكی گرنگ لە پێكهاتەی نەتەوەیی كوردی دادەنێت، نووسیوێتی: "زۆربەی كوردەكان سەربە مەزهەبی شافعین، كە یەكێكە لە چوار مەزهەبەكانی سوننە. چەند هۆزێكی كەمی كوردی هەیە كە گرنگترینیان لوڕ (فەیلی)ین كە سەربە مەزهەبی شیعەن. مەزهەبی شافیعی چەندین لق و تەریقەی لێ جیابۆتەوە كە جیاوازی سادە لەنێوانیاندا هەیە. دیارترین تەریقە لەنێو كوردەكان تەریقەی قادرییەو لەدوای ئەویش نەقشبەندییە. سەرەڕای ئەمانەش كۆمەڵەی كوردی تریش هەن كە خاوەنی بیروباوەڕی تایبەت بە خۆیانن كە گرنگترینیان ئێزیدی و كاكەیین". هەروەها پێی وایە كە: "سەرەڕای هەبوونی جیاوازی زۆر سەبارەت بە بنەچەی ئێزیدییەكان، بەڵام نووسەران لەسەر ئەوە هاودەنگن كە ئێزیدییەكان سەربە نەتەوەی كوردن".[3]

هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە، لەسەردەمی ئاشوری و میتانی و كلدانیەكانەوە، تا سەردەمی رۆم و فارسەكان، ناوچەی ئێزیدییەكان مەیدانی شەڕو ململانێی زلهێزەكانی ناوچەكە بووە، پاش لەناوچوونی دەوڵەتی ئاشووری ساڵی (٦١٢) لەسەردەستی (مادەكان). ئەوناوچەیە بووە موڵكی خۆیان، پاشان دوای چەند شەڕو شۆڕشێك، رۆمانیەكان چیای شەنگالیان داگیر كرد، كاتێك لەشكری عەرەبی ئیسلامیش ناوچەكانی كوردستانیان دەست بەسەرداگرت و زۆرینەی كورد بوون بە موسولمان، ئێزیدییەكان لە ناوچەی شەنگالدا بەرگرییان كرد و لەسەر ئایینی خۆیان مانەوە، بەڵام وەك ناوچەكانی تری كوردستان كەوتنە ناو دەوڵەتی ئیسلامییەوە، لەمە بە دوواوە و لەلایەن خیلافەی راشیدییەوە هەروەك جولەكەو مەسیحییەكان، ئێزیدییەكانیش مامەلەی ئەهلی كتابیان لەگەلدا كراوە.[4]

ئیبن بەتوتەی گەڕیدە (١٣٠٣–١٣٧٧) لە گەشتێكیدا بۆ ناوچەی شەنگال دەڵێ: "گەیشتمە شاری شەنگال كە شارێكی فرە میوەو دارو درەختە و سەرچاوەی ئاوی زۆرە، بە شێوەیەك لە دیمەشق دەچێت". ئینجا دەڵێ: "خەڵكی شەنگال كوردن و دەست بڵاو و ئازان".[5] ئەمە بەڵگەیەكی گرنگە نیشانی ئەدات كە لەسەدەی چواردەهەمدا كێ بوون ئەوانەی لەو ناوچەیە ژیاون و خاوەنی بوون.

---

(١) القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦، ص١٨١.

(٢) العراق قديما و حديثا، ص٤٧.

(٣) العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، ص١٨١.

(٤) سەربەست حسین: ئێزدییەكان لە مێژووی نەتەوەكەیاندا، چ٣، ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادران، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٢٢.

(٥) رحلة ابن بطوطة، تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب للاسفار، ج١، قدم له و حققه الشيخ محمد عبدالمنعم العريان، ط١، دار احياء العلوم، بيروت، ١٩٨٧، ص٢٤٦.

بەڵام لەسەردەمی عەباسییەکاندا تەنگیان پێ هەڵچنراوەو راوەدوو نراون، لە سەرەتاکانی سەدەی یانزەهەم گەلێك هێرشیان کراوەتەسەر. ناوچەکە لەم بارودۆخەدا مایەوە تا هێرشی مەغۆلەکان، کە دواهەمینیان ئەوەی تەیموری لەنگ بوو ساڵی (١٤٠١-١٤٠٢)ز دا بۆ سەر کوردستان، کە تیایدا توشی بەرگری و شکستییەکی ئەوتۆ بوو لە تەواوی هێرش و پەلامارەکانی ناوچەو نەتەوەکانی تر توشی نەهاتوون. لەکاتێکدا بەپێی سەرچاوەکان تەیموری لەنگ لە شاری بەغدا (١٢٠) منارەی لە کەللە سەری خەڵکەکە دروستکرد. لە کوردستانداو لە چیا سەرکەشەکانەوە لە ئەنجامی بەرگری خەڵکەکە پاشەو پاش کشابوونەوە، ئەمە وای کردبوو ترسێکی زۆر لە دڵی مەغۆلەکان بەرامبەر بە کورد پەیدا ببێ، لە هێرشەکەی تەیموری لەنگ بۆ سەر ناوچەکانی شێخان دەگێڕنەوە کە (٤٠٠) خێزانی کوردی ئێزدی ناوچەکانی شێخان روویان لە چیاکانی شەنگال کرد. پاشان خەڵکێکی زۆر لە ئێزیدییەکانی جزیرەو دیاربەکر و حەوزی دیجلەو بتلیس و ناوچەکانی تر روویان لە شەنگال کرد.[١] ساڵی ١٤١٥ لە هێرشێکدا گلکۆی مەزاری شێخ ئادی هەڵدەتەکێنن.[٢]

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا دیسانەوە بارودۆخی ئێزیدییەکان بەرەو خراپی چوو، گەلێك هێرشی دڕندانەیان کردە سەر کوردە ئێزیدییەکان و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن. بەڵام بەم شێوازەشیان عوسمانییەکان نەیانتوانی جێگا بە خەڵکی ناوچەکە چۆڵ بکەن، یاخود چۆکیان پێ دابدەن، بەردەوام ئێزیدییەکان لە چیاکانەوە شەڕی بەرگرییان درێژە پێداوەو سەریان بۆ نەوی نەکردو بەرامبەر سەربازەکانی دەوڵەتی عوسمانی راوەستانەوەو ئەو راستییەیان سەلماندەوە کەوا کوردەکانی ناوچەی شەنگال نە کۆن و نە تازە سەریان بۆ هیچ دەسەڵاتێك شۆڕ نەکردووە.[٣] لەسەر دەستی (سوڵتان سلێمانی قانونی) چەکی ئایینی بەرامبەریان بەکار هێنراو لەلایەن موفتیی دەوڵەتی عوسمانیەوە فتوا دراو کوشتن و کڕین و فرۆشتنیان لە بازاڕەکاندا حەلال کرا.[٤]

دوای تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی، کە دەوڵەتی عوسمانی دۆڕاو بەریتانیەکان دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت، ئێزیدییەکان بەرەو پیری بەریتانیەکان چوون، ئامادەیی و هاوکاریان پیشانداوە، ئەمەش تەنها لەپێناو ئەوەی بە یەکسانی وەك مرۆڤ لە زێدی خۆیاندا بژین.[٥]

هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە ئێزیدییەکان بەر شاڵاوی بەعەرەبکردن کەوتوون و خێڵە عەرەبە بەدووەکانیان هێناوەتە ناوچەکانیان و زەویی کوردە ئێزیدییەکانیان پێداون. لە حکومەتەکانی عیراقدا ئێزیدییەکان هیچ مافێکی ئایینی یا دەستکەوتێکی ئەوتۆیان نەبووەو هیچ پۆستێکی ئیداری گرنگیان پێنەدراوە، دوای ئەوەی لە عیراقدا بڕیاری بەزۆر سەربازی کردن دەرچوو، بەردەوام ئێزیدییەکان ئەو بڕیارەیان رەت کردۆتەوە.

لەسەردەمی کۆماریشدا (١٩٥٨-١٩٦٣) ئێزیدییەکان بەشدار بوون لە بزاڤی رزگاریخوازیی کوردیدا و لە سیاسەت دانەبڕاون، گەنجەکانیان پەیوەندییان بە ریزەکانی حزبی شیوعی عیراق و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە کردووە.

---

[١] سەربەست حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[٢] د.عبدالفتاح بوتاني: ملاحظات اولية حول الايزدية والايزديين، مجلة لالش، العدد ١٢، ٢٠٠٠، ص٤١.

[٣] سەربەست حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

[٤] د.عبدالفتاح بوتاني: المصدر السابق، ص٤٤.

[٥] عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون ق اقليم كردستان، السليمانيه، ٢٠٠٤، ص١٨٢-١٨٣.

کاتێك شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ دەستی پێکرد، ئیزیدییەکانیش بەشداریان تێدا کردووەو ڕۆڵی کاریگەریان هەبووە.[1] لە ڕوداو و کودەتاکانی ١٩٦٣–١٩٦٨ لە عیراقدا، ئیزیدییەکانیش زەرەر مەند بوون، دێهاتەکانیان سوتاوەو ئاوارە بوون و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە.[2]

لە دەستپێکردنەوەی شەڕی چەکداری ١٩٧٤–١٩٧٥ جێدەستیان دیار بووە و لە ئەنجامی هەرەسی شۆڕشی ئەیلولیشەوە وەك هەموو کورد ئەوانیش زەرەر مەند بوون و زیانیان بەرکەوتووەو ئازار دراون. لەگەل دەست پێکردنەوەی شۆڕشی نوێشدا (١٩٧٦) ئێزیدییەکان بەشداریان کردووە، سەرکردەو کەسانی شۆڕشگێڕیان تیا هەڵکەوتووە وەك شەهید (شێخ حوسێن بابە شێخ) و چەندانی تر.

لەو سەردەمەدا کە پرۆسەی تەعریب لەلایەن بەعسەوە زۆر خەست بووبوویەوە، ئێزیدییەکانیشی گرتەوە، ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٨ دا بڕیاری ژمارە (٣٥٨)ی ئەنجومەنی بەناو سەرکردایەتی شۆڕش دەرچوو، کە بەپێی ئەمە دەست بەسەر زەوی و ئاوی ئێزیدییەکانا گیراو خەڵکەکەی ڕاگوێزران و عەرەب لە شوێنیان نیشتەجێکران.

لە سەرژمێری ١٩٧٧–١٩٨٧ ڕژێمی بەعس ئێزیدییەکانی بە عەرەب نوسی و هەر لەو سەرو بەندەدا بوو کە خوێندنی بابەتی ئایینی ئێزیدی لە قوتابخانەکاندا قەدەغە کرد. لە ئەنجامی ئەو توند و تیژییەی بەعسیەکان بەسەر کوردیان هێنا، ئێزیدییەکانیش لێی بێبەش نەبوون، ڕۆژ دوای ڕۆژ ژیانیان خراپتر دەبوو، لە پرۆسەی ئەنفالیشدا ژمارەیەکیان بێ سەرو شوێن کران.[3]

**تەوەرەی سێیەم**

**کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکانی شەنگال لە مێژوودا**

ئەگەر مێژووی کورد بەگشتی پڕبێت لە چەوسانەوە و دەربەدەری و کۆمەڵکوژی، ئەوا ئەوەی بەسەر ئێزیدییەکان هاتووە دژوارتر و وێرانترە، ئەم پێکهاتەیە بەردەوام لەسەر دەستی دەوڵەت و دەسەلاتدارە جیاجیاکانەوە ڕووبەڕووی گەلێك ناخۆشی و دەردەسەری و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە، چەندان فەرمان و کۆمەڵکوژییان بەسەردا جێبەجێکراوە. بەهۆی جیاوازی ئایین و بیروباوەڕیانەوە ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجەو کوشتن و تالان و داگیرکاری و هەوڵی لەناوبردن بوونەتەوە. مێژووی ئەوان تراژیدیایەکی بێ بڕانەوەیە، بەلام سەرەڕای دەیان فتوای کوشتوبڕ دەرهەقیان، ئەو خەڵکە بەدرێژایی مێژوو سەریان دانەنەواندووەو بەرەنگاریی دوژمنان و مەینەتییەکانی ڕۆژگار بوونەتەوە.

ناوچەکانی شەنگال شان بەشانی ناوچەکانی تری کوردستانو بگرە زیاتریش بە خوێنی ڕۆلەکانیان بەرگرییان لە خۆیانو ناوچەکانیان کردووە و دژی دەسەلاتە یەك لەدوای یەکەکانی ناوچەی مووسڵ وەك:(قەرەقۆینلو و ئاق قۆینلو) و باقی هێز و دەسەلاتەکانی تر وەستاونەتەوە کە دژ بە ئایینەکەیان و نەتەوەکەیان بوون و هەولی لەناوبردنیان داون. مێژووی شەنگال گەلێ پەلامار و ڕەشەکوژیو ماڵ سوتانی خەڵکی بێتاوانو بێدەسەلاتی بەخۆوە بینیوە. دەمێ بە بیانووی غەیرەدینیو دەمێکیش بۆ پەلکێشکردنیان بۆسەربازیو بەرەی شەڕی ناڕەوای دەوڵەتان.

[1] د.عبدالفتاح علي البوتاني: شنگال، شنگار (سنجار) و ثورة ١١ ايلول ١٩٦١ في عدد من الوثائق الحكومية، مجلة لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١، ص٦٥.

[2] محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٠٨–١٣٩؛ د.عبدالفتاح علي البوتاني: شنگال، ص٦٦–٧٠.

[3] تەها سلێمان:جینۆسایدسایدی ئێزدییەکان، سلێمانی، ٢٠١٤، ل٤٤.

تەنانەت ژمارەی ئەو قوربانیانەی لە (٧٠٠) ساڵی رابردوودا داویانە، بە نزیکەی دوو ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، ئەمە بێجگە لەو تالان و برۆ و سەرگەردانی و ماڵوێرانییەی بەسەریاندا هاتووە، کە لە ژمارە نایەن و لەهەموو روێکەوە پاشی خستوون.[1]

بەدرێژایی مێژوو ئێزدییەکان رابردویەکی خوێناوی لەدوای خۆیانەوە بەجێدەهێڵن، سەدان ساڵە بەهۆی جیاوازیو شاراوەیی بیروباوەڕە ئاینییەکەیانەوە کەوتونەتە بەر شالاوی کوشتنو خوێنڕشتنو قڕکردن. ئەم رابردووە پڕ خەباتو تێکۆشانەیان وای کردووە خەڵکی ئەم ناوچانە بە گەورەو بچوکەوە لەشکرێکی هەردەم ئامادەو تەیار بن بۆ وەڵامدانەوەی هەر شەڕێك کە لەوەخت و ناوەختدا بەر دەرگایان پێ بگرێ.

هەر وەکو ئێزدییەکان خۆیان دەڵێن بەگشتی، زیاتر لە (٧٤) فەرمان وهێرشی جینۆساید و پەلامار لە دژیان ئەنجامدراوە، لە شەنگال بۆ چەندین جار هێرش وپەلامار، لە شێخان وباعەدری، لە خەتاری، باشیك وبەحزانی وهەموو شوێنەکانی تر، ئێزدی ئەڵێن چیایی مەقلوب دەکەوتە ناوەڕاست و مەلبەندی ئێزیدخان کە ئێستا جگە لە باشیك و بەحزان نەبێت هیچ گوندێکی ئێزدی لێ نەماوە، لەئەنجامی ئەو هێرش وفەرمانانەدا، بە سەدان هەزاران نەوەی ئێزدی، کوڕ وکیژ و منداڵ و کاڵی ئێزدی کوژراون، هەلبەت بە بیانووی توندوتیژی و بیری تەسك و نەزانین، ئەوانە ئێزیدییان بە کافر و لەڕێ دەرچوو لە قەڵەم دەدان، ئەوەی جێگای داخە ئەوەیە کە برێك لەو هێرش وفەرمانانە لەسەر دەستی هاونەتەوەیان (کوردی مووسڵمان) بووە، هەڵبەت ئەمەش بەشێك بووە لە دوژمنکاری و پیلان دژی میللەتی کورد و دۆزە رەواکەی، بۆ ئەوەی بەردەوام ناوچەکەیان گرژ وئالۆز بێت وچارەنووسیان نادیار بێت، و ناکۆکی و شەڕ وشۆڕبێت و بەئامانجەکانیان نەگەن کە ئازادی و سەربەخۆیی بووە.

لێرەدا چەند نمونەیەك لە پەلامار و لەشکر کێشییەکانی داگیر کەران دەهێنینەوە کە بۆسەر ئێزیدییەکانی شەنگال کردوویانە و وێرانیی ناوچەکەو کوشتنی بەکۆمەڵی لێکەوتۆتەوە:

١- ساڵی ١٢٤٢ (بەدرەدین لۆلۆ) ی فەرمانڕەوای شاری مووسڵ هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکان و ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و ناوچەکەی تالان کردن.[2]

٢- ساڵی ١٢٥٤ز (بدرالدین لؤلؤ) هێرشی دووەمی بۆسەر شەنگال ئەنجامدا، ناوبراو سەرەڕای ئەوەی باج و سەرانەی دەسەند، بەناوی یارمەتییەوە داوای پارە و پولیشی لە ئێزیدییەکان دەکرد، لەکاتێکدا ئێزیدییەکان نەك هەر باجیان نەدەدا، بەڵکو دانیشیان بە حاکمیەتیەکەی دا نەدەنا، ئەمە وای کرد بەدرەدین لۆلۆ لەشکرێك بکاتە سەریان و پاش وێرانکردنی ناوچەکە و سوتاندنی دەغل و دانی خەڵکە بێتاوانەکە، ژمارەیەکی زۆری بە رەشبگیری لێ بەدیل گرتن. (١٠٠) کەسی لەو دیلانە لە سێدارەدا و (١٠٠)ی تریشی سەربڕی و دەست و قاچی میرەکەیانی بڕییەوە و بەسەر دەروازەی مووسڵدا بۆ چاو ترساندنی کوردەکان هەڵیواسی. سەربازانی لەشکری داگیرکەر هەر بەوە نەوەستان، چونە

---

[1] شاکر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل٨٨.

[2] صدیق الدملوجی: الیزیدیە، ص٤٨٢؛ موسی مصطفی الهسنیانی: المصدر السابق، ص ٩٣-٩٤؛ شاکر فەتاح: سەرچاوەی پێشوو، ل٩٤؛ د.سامی سعید الاحمد: الیزیدیە، ص٧٩.

سەر لالش و گۆڕەکەی شێخ ئادیشیان هەلدایەوە و ئێسك و پروسکیان بەبەر چاوی دەروێش و موریدەکانیەوە ئاگر تێبەردا.[1]

٣- ساڵی ١٣٩٤ز (تەیمور لەنگ) لەدرێژەی ئەو لەشکر کێشییەی کردیە سەر جیهانی ئیسلامی کە خاکی کوردستانیشی گرتەوە، پەلاماری شەنگالیشی دا، بەپێی سەرچاوەکان ئەوکاتە شەنگال (٣٥,٠٠٠) ماڵی تیابوو، لەسایەی زۆرداری‌و دڵڕەقیی لەشکرەکەی تەیموری لەنگەوە سەرەوژێر بوو و خاپور کرا.[2]

٤- ساڵانی ١٥٠٤-١٥٠٩ز سەفەویەکان بەسەرپەرشتی راستەوخۆی (شا ئیسماعیلی سەفەوی) چەند هێرشێکیان کردە سەر ئێزیدییەکانی ناوچەی شەنگال بەمەبەستی سەر پێدانەواندن و دەستگرتن بەسەر ناوچەکەیان و کۆمەڵکوژییەکی زۆریان لێکردن.[3]

٥- لەسەردەمی (سوڵتان سلێمان قانونی)، ساڵی١٥٣٤ز بەفەرمانێکی سوڵتان و بە فەتوای موفتی دەوڵەتی عوسمانی (ئەبو سعود العمادی) وەك فەتوایەکی ئایینی، فەتوای کوشتنیان بە فەرمی درا،[4] کوشتن و گرتن و فرۆشتنیشیان لەبازاڕەکاندا وەك کۆیلە بەکارێکی ڕەواو شەرعی دانرا. هەروەك لە فەرمانەکەدا هاتوە: "کوشتنیان بە ئاشکرا، فرۆشتنی خۆیان و ژن و منداڵیان لە بازاڕی بەناو شەرعیدا"، واتە فرۆشتنیان بە شەرع و ئەو بنەما ئاینیانەی ڕێگەی پێداون.[5]

٦- هێرشی (عەلی سەیدی بەگ)ی میری بۆتان ساڵی ١٥٨٥ز: لەو سەردەمەدا ململانێیەکی دژوار بەدەستی عوسمانییەکان لەنێوان میرو بنەماڵەکانی بۆتاندا هەبوو، لەم چوارچێوەیەدا عەلی سەیدی بەگی میری بۆتان سوپایەکی گەورەی پێکهێناو ساڵی ١٥٨٥ز هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال و نزیکەی (٦٠٠) کەسی لێ کوشتن و ژمارەیەکی زۆریشی لە ژنان‌و کچانی ئێزیدی بەدیل گرت و بردنی بۆ فرۆشتن، کە ئەمەش بەهۆی فتوای مەلاکانی ئەوکاتەوە بوو.[6]

---

[1] عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ط٦، بغداد، ١٩٧٤، ص١٤٦-١٤٧؛ محمود الدرة: القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦، ص١٨٥؛ موسى مصطفى الهسنياني: المصدر السابق، ص٩٨-١٠١؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: شنگال في العهد الملكي (١٩٢١-١٩٥٨) اربيل، ٢٠١٢، ص١١.

[2] شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ٢٠٠٤، ل١٥٤؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٨٢.

[3] د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، الفرمانات وحملات الابادة ضد الكورد الايزديين عبر التاريخ، دهوك، ٢٠٠٩، ص٣٢؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١١؛ د.عبدالفتاح علي يحيى: ملاحظات اولية عن الايزدية و الايزديين، مجلة لالش، العدد١٢، ٢٠٠٠، ص٤٤.

[4] دەربارەی دەقی فتواکە بڕوانە: صديق الدملوجي: اليزيدية، ص٤٢٩-٤٣٢.

[5] عباس العزاوي: تاريخ العراق بين احتلالين، ج٤، ١٩٥٤، ص٤٣؛ صديق الدملوجي: اليزيدية، ص٤٢٩-٤٣٢؛ د.سامي سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٨٣؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص٣٦؛ ارشد حمد محو: الايزديون في كتب الرحالة البريطانيين، من مطلع القرن التاسع عشر الى نهاية الحرب العالمية الاولى، دهوك، ٢٠١٢، ص٤٦.

[6] صديق الدملوجي: اليزيدية، ص٤٨٥؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٨٨؛ الدملوجي: اليزيديه، ص٤٨٥؛ شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٥؛ د.خليل جندي: المصدر السابق، ص١٦١؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٦٢.

٧-ساڵی ١٦٠٧ لەلایەن (عەلی پاشا جان پۆلاد)ەوە هێرشێك كرایە سەر ئێزیدییەكانی چیای شەنگال، سەرباری ئەوەی زیانی گەورەیان بەركەوت، ئێزیدییەكان بەرگرییەكی سەختیان كرد و (٧٠٠٠) سەربازیان لێ كوشتن.[1]

٨- ساڵی ١٦٢٩ز هێزی سەفەویەكان بە سەركردایەتی (خان ئەحمەد خان)ی میری ئەردەلانەوە هێرشێكیان كردە سەر ئێزیدییەكان، دوای كوشتارێكی زۆر لە خەڵكەكەو بەكوشتنی میری ئێزیدییەكان تەواو بوو. هەر لە هەمان ساڵدا سەفەوییەكان هەر بە سەركردایەتی خان ئەحمەد خانی ئەردەلان هێرشێكی تریان كردەوە سەر ئێزیدییەكان، لەم هێرشەشیاندا زیانێكی زۆری ماڵی و گیانیان بە ئێزیدییەكان گەیاند.[2]

٩- ساڵی ١٦٣٠ز سەركردەی سوپای سەفەوی (قارچقای خان) هێرشی كردە سەر ئێزیدییەكان، گوندەكانیانی سوتاندنو باخ و بێستانەكانیانی وێران كرد، ژمارەیەكی زۆری لێ كوشتن و ژن و منداڵەكانیشی بردن بۆ شوێنێكی نادیار و بێ سەرو شوێن كران.[3]

١٠-ساڵی ١٦٣٨ز (ئەحمەد پاشا)ی والیی عوسمانی لە دیاربەكر بەهێزێكی زۆرەوە هێرشێكی كردە سەر دەڤەری ئێزیدییەكان و گەمارۆی شەنگالی دا، بەپێی سەرچاوەكان نزیكەی (١٠,٠٠٠) دە هەزار كەسی لێكوشتن نزیكەی هەزار ژنو منداڵیشی لێ بەدیل گرتن و بردنی بۆ فرۆشتن، و تاڵانییەكی زۆریشیان لێكردن و خانووەكانیشیانی سوتاند.[4]

١١- ساڵی ١٦٥٠ز (شەمسی پاشا)ی والیی عوسمانییەكان لە وان فەرمانی دا بە كوشتنی ئێزیدییەكان و هێرشی كردە سەریان، كوشتاری زۆری لێكردن و (میر حسن) ی میری ئێزیدییەكانیشی لەسێدارە دا.[5]

١٢-ساڵی ١٦٥٥ز (مستەفا پاشا)ی والی دیاربەكر فەرمانێكی سەربازی لە خەلیفەی عوسمانی لە ئەستەمبۆڵەوە وەرگرت بۆ كوشتاری ئێزیدییەكان، كەمەبەست لێی سەر پێدانەواندنی ئێزیدییەكان و كۆكردنەوەی باج بوو لێیان، لەئەنجامدا هێرشی كردە سەر ناوچەكانی شەنگال و ژمارەیەكی زۆری لێكوشتن، ئەوانەی تریشی دەسگیركردن و بەشێكیانی خستە سەربازگەكانەوەو بەشەكەی تریشی لێ دوور خستنەوە، ژمارەیەكی زۆر لەوانە لەبرسان مردن.[6]

---

[1] ئەولیا چەلەبی: كورد لە مێژووی دراوسێكانیدا، سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناكام، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٨١؛ د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٣٦.

[2] د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٣٦؛ عەلی تەتەر نیروەیی: شنگال دسیاحەتناما ئەولیا چەلەبی دا، گۆڤاری لالش، ژمارە (١٥)، نیسانی ٢٠٠١، ل١٦٦.

[3] جون س.گیست: الحیاة بین الكرد.. تاریخ الایزدیین، ت/عماد جمیل مزوري، اربیل، ٢٠٠٥، ص١١٥-١١٦؛ د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٣٦-٣٧؛ عەلی تەتەر نیروەیی: شنگال دسیاحەتناما ئەولیا چەلەبی دا، ل١٦٦-١٦٧؛ عدنان زیان فرحان: الكرد الایزدیون فی اقلیم كردستان، ص٣٥.

[4] ئەولیا چەلەبی: سیاحەتنامە، ل٧٩-٨١-١٤٩؛ شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٥؛ د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٣٧-٣٨؛ روجیە لیسكو: الیزیدیە فی سوریە و جبل سنجار، ترجمە احمد حسن، دار المدی، بیروت، ٢٠٠٧، ص١٢٩؛ د.سامی سعید الاحمد: الیزیدیە، ص٨٥.

[5] ئەولیا چەلەبی: سیاحەتنامە، ل٨١؛ روجیە لیسكو: الیزیدیە فی سوریە و جبل سنجار، ترجمە احمد حسن، دار المدی، بیروت، ٢٠٠٧، ص١٢٩؛ د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٣٩-٤٠؛ د.عبداللە عەلیاوەیی: كوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١١٥؛ محمود الدرة: المصدر السابق، ص١٨٦.

[6] ئەولیا چەلەبی: سیاحەتنامە، ل٧٩، ٨١، ٨٤، ٨٥؛ د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٤٢.

١٣-ساڵی ١٦٧٤ز (كەپلان پاشا)ی فەرماندەی سوپای عوسمانی هێرشێكی كردە سەر چیای شەنگال، ئێزیدییەكان لەگەڵ هەندێ هۆزی تری كوردا هاوپەیمانەتیان بەست و بەرگرییەكی سەختیان كرد، ژمارەیەكی زۆریان لە سەربازانی سوپای عوسمانی كوشت و پاشەكشەیان پێكردن و تێكیان شكاندن.[1]

١٤- لە ساڵی (١٧١٤) (حسن پاشا)ی والی عوسمانی لە بەغدا، هێرشی یەكەمی كردە سەر ئێزیدییەكان لە شەنگال، زیانی گیانی و مادیی بە ئێزیدییەكان گەیاند، كوشتاری زۆریان كرد و ژمارەیەكی زۆر ژن و منداڵیشیان بەدیل گرت و ناوچەكەیان تاڵان كرد.[2]

١٥- لە ساڵانی (١٧١٥) (حسن پاشا)ی والی عوسمانی لە بەغدا، بەناوی جیهادەوە لەشكرێكی كردە سەر ئێزیدییەكان، كە ژمارەیەك لە سەرەك هۆز و دەرەبەگە كوردەكانیش بەشدار بوون، بە گەیشتنی سوپاكە خەڵكی ناوچەكە رووبەڕوویان بوونەوە، پاش بەرگری و شەڕێكی توند و گەیاندنی زیانێكی زۆر بە دوژمن، شەڕەكەیان گواستەوە بۆ چیاكان و لەشكری عوسمانی نەیتوانی چیتر شەڕیان بكات و دوایان بكەوێ. بۆیە گەڕانەوە و كەوتنە گیانی ژن و منداڵانی بێ پیاوی بەجێماو، ژمارەیەكی زۆریان لە ژنانی ئێزدی بەدیل گرت و بردنیان بۆ فرۆشتن. سەربازانی خەلیفەی عوسمانی بەناوی جیهادەوە جگە لەوەی رەشەكوژییان ئەنجامدا، دەستدرێژیشیان كردە سەر ژنە دیلەكان.[3] سەیر ئەوەیە نووسەران و بوێژانی مووسڵ و بەغدا بەم سەركەوتنە نەنگ و ناپەسەندەیاندا هەڵ ئەداو لەگەڵ هەندێ لە پیاوانی ئایینی ئافەرینیان لە حەسەن پاشا دەكرد، لەم بارەیەوە نووسەرێكی دەرباری ئەو سەردەمە لەبارەی چۆنیەتی شاڵاو و پەلامارەكەی ژن و منداڵانی ئێزیدییەوە نوسیویە:"لەم شەڕەدا حیزبی خوا سەركەوت و دوژمنانیشی رایان كرد و ماڵ و پارەو خانو بەرەو هەرچی هەیانەو نیانە جێیانهێشت".[4]

١٦-لە ساڵی ١٧٣٣ز (ئەحمەد پاشا)ی والی بەغدا هێرشی كردە سەر شەنگال و ژمارەیەكی زۆری لێ كوشتن و ناوچەكەشی تاڵان كرد.[5]

١٧-لەساڵی ١٧٤٣ لەلایەن (نادر شای ئەفشار)ەوە فەرمانی كوشتاری ئێزیدییەكان درا، هێرشی كردە سەر ناوچەكانی شەنگال و شێخان و باشیك و دوای كوشتاری زۆر میری ئێزیدییەكانی گرت و بەرەو ناوچەیەكی نادیاری برد.[6]

---

(1) د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ٢٠٠٩، ص٤٢؛ جون س.گيست: الحياة بين الكرد، ص١٣٢.

(2) عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ط٦، بغداد، ١٩٧٤، ص١٦٣؛ محمود الدرة: المصدر السابق، ص١٨٦؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٨٦-٤٨٧.

(3) عبدالرزاق الحسني: اليزيديون، ص١٤٨-١٤٩؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٦٢، ٧٥؛ روجيه ليسكو: اليزيديه فى سوريه و جبل سنجار، ترجمه احمد حسن، دار المدى، بيروت، ٢٠٠٧، ص١٢٩.

(4) شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٥؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص٤٣، ٥٥؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٤.

(5) عباس العزاوي: المصدر السابق، ج٥، ص٢٤٥؛ د.عەلی تەتەر نێروەیی: كورد و مێژوو، ب٢، دهۆك، ٢٠٠١، ل٨٥؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٣؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٦٣.

(6) زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٧٦؛ د.عەلی تەتەر نێروەیی: كورد و مێژوو، ٨٦-٨٨؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٣.

١٨- ساڵی ١٧٥٢ز (سلێمان پاشا)ی والیی عوسمانییەکان لە بەغدا، بە پشتیوانی میرانی کوردو هۆزە عەرەبەکان هێرشی کردە سەر چیای شەنگالو لەم شەڕەدا زیاتر لە (١٠,٠٠٠) ئێزیدی کوژران کە زۆربەیان ژنو منداڵ بوون، هەرچەندە ئێزیدییەکانیش بەرگرییان کرد و زیانی زۆریان بە سوپای عوسمانی گەیاند، بەڵام لەشکری سلێمان پاشا ژنەکانیان بەدیل گرتو بردنیان بۆ فرۆشتن، ئەم مەرگەساتە تا ئێستاش لە گۆرانیو بەیتە فۆلکلۆرییەکانی ئێزیدییەکاندا ماوەو دەوترێتەوە.[١]

١٩-ساڵی ١٧٦٦ز (محمد ئەمین پاشای جەلیلی) والی عوسمانییەکان لە مووسڵ، فەرمانی دا بە سوپای عوسمانی و هێرشێکیان کردە سەر ئێزیدییەکان لە شەنگال و خەڵکێکی زۆری ناوچەکەیان کوشت و ماڵ و خانوەکانیان سوتاندن و سامانەکانیشیان بە تاڵان برد.[٢]

٢٠-ساڵی ١٧٦٧ز (محمد ئەمین پاشای جەلیلی) والی عوسمانییەکان لە مووسڵ هێرشێکی تری بەرفراوانی کردە سەر ئێزیدییەکان و کوشتارێکی زۆریان لێکردن.[٣]

٢١-ساڵی ١٧٧٣ز (سلیمان پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، هێرشێکی کردە سەر شەنگال و چەند کەسێکی لە ئێزیدییەکان کوشت و تاڵانیی ناوچەکەشی کرد.[٤]

٢٢- ساڵی ١٧٧٨ز (سلیمان پاشای جەلیلی) والی عوسمانییەکان لە مووسڵ، لەمانگی رەمەزاندا هێرشێکی تری کردە سەر شەنگال و چەند کەسێکی لە ئێزیدییەکان کوشت و تاڵانیی ناوچەکەشی کرد.[٥]

٢٣- ساڵی ١٧٧٩ز (سلیمان پاشای جەلیلی) والی عوسمانییەکان لە مووسڵ، بەفەرماندەیی محمد پاشای برای هێرشێکی تری کردە سەر شەنگال و وێڕای کوشتنی چەندین کەس لە ئێزیدییەکان، ژمارەیەکی زۆر لە ژن و کچانیشیان بە دیل برد و ماڵەکانیشیان سوتاندن و باخ و بێستانەکانیان وێرانکردن.[٦]

٢٤- ساڵی ١٧٩٠ز عوسمانییەکان بە فەرماندەیی (ئەیوب بەگ) هێرشێکیان کردە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال بەمەبەستی جێبەجێکردنی شەریعەتی ئیسلامی بەسەر خەڵکی ناوچەکە.[٧]

---

[١] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٨٩-٤٩٠؛ عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١١٨؛ د.سامي سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٨٦؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص ٤٧، ٦٦؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٤ ؛ شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٦؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٦٣، ٧٦؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٢٩.

[٢] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩١؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص ٦٩؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٤.

[٣] د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص ٦٩؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٤-١٥؛ عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١١٨.

[٤] روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٢٩؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٦؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٧٤.

[٥] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٢.

[٦] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٢؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٦؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣٠.

[٧] عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٦؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٦٣، ٧٦.

٢٥-ساڵی ١٧٩٢ز (محمد پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، ڕۆژی یەکەمی مانگی ڕەمەزان بوو کە هێرشێکی کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، هەشت گوندی لێ سوتاندن و تاڵانی کردن و باخ و بێستانەکانی وێرانکردن و (١٤) ژنی بەدیل برد.[1]

٢٦- ساڵی ١٧٩٣ز (محمد پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، لەکۆتایی مانگی ڕەمەزان بوو کە هێرشێکی کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، بەڵام بەهۆی بەرگریی ئێزیدیەکان هێرشەکەی سەرکەوتوو نەبوو.[2]

٢٧- ساڵی ١٧٩٤ز (محمد پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، بەهۆی فەشەلی هێرشەکی ساڵی پێشووی، هێرشێکی تری کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، ژمارەیەکی زۆری لە ئێزیدییەکان کوشت و سەری بڕاوی کوژراوەکانی بردەوە مووسڵ.[3] هەر لە هەمان ساڵدا (سلێمان پاشا)ی والی بەغدا بە فەرماندەیی (عبدالله بەگی خەرەبەندە) هێرشێکی کردە شەنگال و ژمارەیەکی زۆری لێکوشتن و ناوچەکەشی وێرانکردن.[4]

٢٨- ساڵی ١٧٩٥ز (سلێمان پاشا)ی گەورە والیی عوسمانییەکان لە بەغدا هێرشی دووەمی کردە سەر ئێزیدییەکان و لەئەنجامدا کوشتارێکی زۆریان کرد و (٧٤) سەری بڕاوی ئێزیدییەکانیان بەدیاری نارد بۆ خەلیفە لە ئەستەمبۆل.[5]

٢٩- ساڵی ١٨٠٠ز (محمد پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، هێرشێکی تری کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، (٢٥) گوندی لێ سوتاندن و تاڵانی کردن و باخ و بێستانەکانی وێرانکردن و چەندین کەسی لێ کوشتن و ژمارەیەك ژنیشی بەدیل برد.[6]

٣٠- ساڵی ١٨٠١ز (محمد پاشای جەلیلی) والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ، هێرشێکی تری کردە سەر شاخی شەنگال، ژمارەیەك لە گوندەکانی لێ سوتاندن و تاڵانی کردن و باخ و بێستانەکانی وێرانکردن.[7]

٣١- ساڵی ١٨٠٢ز (عەلی پاشا)ی والی عوسمانییەکان لە بەغدا هێرشی دووەمی کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، کەمەبەست لەو هێرشەی پشتگیری کردن بوو لە محمد پاشای جەلیلی، عەلی پاشا دەیویست دەست بەسەر شەنگالدا بگرێت، لەم هێرشەدا چەند هۆز و عەشیرەتێکی کوردی و عەرەبی بەشدارییان کرد، بەڵام بەهۆی بەرگری ئێزیدییەکان

---

[1] عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١٢٤؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٦-٤٧؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٧١؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣٠؛ د.سامى سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٨٨.

[2] عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١٢٦؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٢-٤٩٣؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٧؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٧١؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣٠.

[3] عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١٢٦؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٤٧؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣١.

[4] صديق الدملوجى: اليزيديه، ص٤٩٢؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٦٣-٦٤، ٧١.

[5] داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص٨٢؛ عباس العزاوي: تاريخ اليزيدية و اصل معتقداتهم، ص١٢٥؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣١؛ اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، بيروت، ١٩٣٤، ص١٠٩.

[6] عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٦٢؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣١.

[7] عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٦٣.

لە هەوڵەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو و تەنها چوار گوندی دەست بەسەرداگرت، بەڵام لەم گوندانەدا کوشتارێکی زۆری لە خێزانە ئێزیدییەکان کرد و ژمارەیەکیشی ناچار کردن بەزۆر بچنە سەر ئایینی ئیسلام.(١)

٣٢- ساڵی ١٨٠٣ز (عەلی پاشا)ی والی عوسمانییەکان لە بەغدا هێرشی سێیەمی کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، لەم هێرشەدا ماڵەکانیان سوتاندن و باخ و بێستانەکانیان وێرانکردن و ئەوەی بەدەستیان کەوت تاڵانیان کرد.(٢)

٣٣- ساڵی ١٨٠٧ز (نوعمان پاشا)ی کوڕی سلێمان پاشای جەلیلی هێرشی سێیەمی کردە سەر دانیشتوانی شەنگال، لەم هێرشەدا ماڵەکانیان سوتاندن و باخ و بێستانەکانیان وێرانکردن و ئەوەی بەدەستیان کەوت تاڵانیان کرد.(٣)

٣٤-ساڵی ١٨٠٩ز هێزێکی سوپای عوسمانی بەهاوکاری میرنشینی سۆران (میر محمدی ڕەواندزی- پاشای کۆرە) و بە پشتیوانی هۆزە عەرەبەکان، کە هێزێکی (٤٠) هەزار سەرباز بوو، هیرشیان کردە سەر شەنگال، دووای ئەوەی شەنگالیان سوتاند و خەڵکەکەیان کوشت، سروشتی شەنگالیان بەتەواوی تێکدا بۆئەوەی جارێکی تر ئێزیدییەکان نەچنەوە تیایدا نیشتەجێبن، بەڵام دووای یەك ساڵ شەنگال لەلایەن ئێزیدییەکانەوە ئاوەدانکرایەوە.(٤)

٣٥- ساڵی ١٨١٩ز (ئەحمەد پاشای جەلیلی) والی عوسمانییەکان لە مووسڵ، هێرشێکی کردە سەر دانیشتوانی شەنگالو دێهاتەکانی وێرانکردن و هەرچی دەستی کەوت تاڵانی کرد.(٥)

٣٦- ساڵی ١٨٢٦ز (داود پاشا)ی والی عوسمانییەکان لە بەغدا هێرشێکی کردە سەر شەنگال و ژمارەیەکی لێ کوشتن و ژمارەیەکی تریشی لێ بەدیل گرتن.(٦)

٣٧- لە ساڵی ١٨٣١ز (میر محمدی ڕەواندزی - پاشای کۆرە)، لەشکری کردە سەر ئێزیدییەکان، گوایە هۆکاری ئەو لەشکرکێشیەش ئەوە بووە کە کەسێك بەناوی (عەلی ئاغای بالتی)ەوە بەغەدر لەلایەن میری ئێزیدییەکانەوە کوژراوە، برازاکەی کە (مەلا یەحیای مزوری) بوو لەدوای کوژرانی مامی سکاڵای لای میر محمد کردووەو داوای هەق سەندنی کردووە، بەمەش میر محمد بە لەشکرێکی گەورەوە هێرشی کردۆتە سەر ئێزیدییەکان و کوشتارێکی زۆری لێکردوون، ئەوانەی ڕزگاریشیان بووە خۆیان خزاندۆتە شاخی جودی و تور عابدین و شەنگال، بەشێکیشیان بەرەو

---

(١) داود مراد ختاري: الايزيدية في المخطوطات الكلدانية، بغداد، ٢٠١١، ص١٠٦؛ الاب سهيل قاشا: اليزيدية، مكتبة السائح، طرابلس-لبنان، ٢٠٠٤، ص٢٦٢؛ عدنان زيان فرحان و فرهاد حاجي عبوش: شنگار د پەرتوکێن چەند گەڕۆکێن بیانی دا ل سەردەمێ ئوسمانی (١٥١٦-١٩١٨)ز، مجله لالش، العدد٢٤، سنه ٢٠٠٦، ل٩٤؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٤٩-٥٠؛ جيمس بكنغهام: رحلتي ال العراق سنه ١٨١٦، ترجمه سليم طه التكريتي، ج١، بغداد، ١٩٦٨، ص٤٠.

(٢) صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٥؛ د.سامي سعيد الاحمد: اليزيدية، ص٨٩.؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥، ص٧٢؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣١؛ اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، ص١١٢.

(٣) داود مراد ختاري: الايزيدية في المخطوطات الكلدانية، ص١٠٦؛ صديق الدملوجي: اليزيدية، ص٤٩٤؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون في اقليم كردستان، ص٦٤.

(٤) د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص٦٣-٦٤؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٦٤؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣١.

(٥) عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص٦٦.

(٦) اسماعيل بگ چول: المصدر السابق، ص١١٣.

مووسڵ رایانکردبوو بەڵام حاکمی مووسڵ لە ترسی لەشکری میر محمد پردەکەی بڕیبوو، بۆیە لەشکری میر محمد گەیشتە سەریان و هەموو ئەوانەشی کوشت. ساڵی دواتریش واتە ١٨٣٢ میر محمد لەشکری کردەوە سەر مووسڵ و چویەوە سەر ئێزیدییەکان و لەو ناوەدا کوشتارێکی زۆری لێکردن.[١] میر محمد باوەڕێکی قولی بە ئایینی ئیسلام هەبوو، ڕێزی بێئەندازەی لە مەلاکان دەگرت، بۆیەش لەسەر داوای مەلا یەحیای مزوری چووە سەر ئێزیدییەکان و قەتلوعامی لێ کردن.[٢] حوزنی موکریانی نوسیویە: لەم هێرشەیدا میر محمد بە ماڵ و تاڵانی و دیل و گیراوێکی قورسەوە رووەو رەواندز گەڕایەوە، نزیکەی (٢٠٠٠) کەسی بەدیل گرتبوو، بردنیەوە رەواندز، لە کیژ و ژنانی ئێزیدی کە (٥٠٠)ی پتری پێ بوو، گەلێکی بە گەورەو سەرهاتی مووسڵ بەخشی و بە ئاغاکانی هەولێر و کۆیە و رەواندزی دان، لەو شارانە تا ئەمڕۆش زۆر ماون کە نەنکیان داسنی بووە و میر لە گەڕانەوەیدا پێی دابوون و مارەیان کردبوو.[٣] لەم بارەیەوە د.کاوس قەفتان نوسیویەتی: پاشای کۆرە بە خۆڕایی پەلاماری شەنگالیدا و خەڵکێکی زۆری لێ کوشتن.[٤] پەلاماردانەکەی بۆ سەر شەنگال و کوشتنی هەزارەها کەس و بەدیل گرتنی سەدەها منداڵ و ئافرەت، ئەمە لە ناوزراندن بەولاوە هیچی تری بۆ میر محمد نەهێنا.[٥]

٣٨-هێرشی (رەشید پاشا) ١٨٣٣ز: ئەفسەرێکی ئەلمانی بەناوی (مۆلتکە)ەوە کە لەگەڵ هێزی عوسمانییەکان بووە لە نامەیەکیدا باس لەوە دەکات کە شاری شەنگال و زیاتر لە (٣٤)گوندی ناوچەکە بەتەواوی لەسەر دەستی رەشید پاشا وێرانکران.[٦]

٣٩- ساڵی ١٨٣٥ (حافز پاشا)ی والی عوسمانییەکان هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکان لەناوچەکانی شەنگال و شێخان و کوشتارێکی زۆری لێکردن، بەپێی سەرچاوەکان نزیکەی سێ بەشی ئێزیدییەکان لەم هێرشەدا کوژراون.[٧]

٤٠- ساڵی ١٨٣٦ (محمد رشید پاشا)ی والی عوسمانییەکان هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکان لەناوچەکانی شەنگال و کوشتارێکی زۆری لێکردن.[٨]

---

[١] محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل١٦٤؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٢؛.شاکر فەتاح: سەرجەمی بەرهەمی، ل١٥١؛ د.خليل جندي: المصدر السابق، ص١٦٤-١٦٥؛ داود مراد ختاری: الايزيديه فى المخطوطات الكلدانية، ص٢٧، ١٠٦، ١٣١-١٣٣.

[٢] نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٢؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٨٢.

[٣] حوسێن حوزنی موکریانی: سەرجەمی بەرهەمی، ب٢، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٥١.

[٤] د.کاوس قەفتان: چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بەغدا، ١٩٨٥، ل٥١.

[٥] عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ص١٥٠؛ د.کاوس قەفتان: سەرچاوەی پێشو، ل٥٥؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٥٨-١٦٠.

[٦] وەرگیراوە لە: سالمێ جاسم: رەوشا سیاسی و جڤاکی ل کوردستانا ئوسمانی د نامەیێن هیلموت ڤون مولتکی دا ١٨٣٥-١٨٣٩، گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە (٥)، بەرلین ١٩٩٩، ل٦٥؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايـزديين، ص٩٣-٩٧؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٢-٥٣.

[٧] شاکر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥١؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص١٨٩؛ د.سامی سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٨٩.

[٨] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٨؛ شاکر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥١؛ الاب سهيل قاشا: اليزيدية، مكتبة السائح، طرابلس-لبنان، ٢٠٠٤، ص٢٦٢؛ د.سامی سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٨٩.

٤١- لە هاوینی ساڵی ١٨٣٧ز عوسمانییەکان بەسەرکردایەتی (حافز پاشا) لەشکرکێشیەکیان کردە سەر ناوچەکانی شەنگال، کە بەپێی سەرچاوەکان هێزی عوسمانییەکان پێکهاتبوو لە حەوت فرقەو هەشت هەزار جەندرمە، هێرشەکەیان بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە بوو، خەڵکی ناوچەکە لەترسان پەنایان بۆ ئەشکەوت و شاخەکان برد، بەڵام نزیکەی سێ مانگ لەلایەن ئەو هێزەی عوسمانییەکانەوە گەمارۆدران، لە ئەنجامدا (٢٠٠٠) کەس کوژران یا لەبرسان و تینوان مردن، هەروەها (٦٠٠٠) کەس بەدیل کران و بران، تەنانەت لەناو ئەشکەوتەکاندا زۆری لێ سوتاندن و دوای ئەوەی پیاوەکانی کوشتن، ژن و منداڵەکانی بردن بۆ فرۆشتن لەشاری مووسڵ. لەم شاڵاوەی حافز پاشادا گوندەکانی (بکرا) و (مهرکان) زۆرترین زیانیان بەرکەوت.[1] بەپێی گوتەی (لایارد)ی رۆژهەلاتناسی ئینگلیز لەم شاڵاوەدا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ئێزیدییەکان کوژراون.[2] یەکێکی تر کە بەچاوی خۆی ئەو کوشت و کوشتارەی دیوە، نوسیویە: گوندەکان خاپور کران و سەربازەکان دەستدرێژییان کردە سەر ناموسی ژنەکان.[3]

٤٢- ساڵی ١٨٣٨ز (محمد پاشا بەیرقدار)ی والیی عوسمانییەکان لە مووسڵ هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال و زیانێکی زۆری پێگەیاندن.[4]

٤٣- ساڵی ١٨٤٢ (محمد پاشا بەیرەقدار)ی والی مووسڵ بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج هێرشێکی تری کردە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال، هەرچەندە شاندێکی ئێزیدییەکان بەرەو پیری چوون و بۆ ئەوەی شەڕ بەرپا نەبێت دەستی ئاشتی و لێبوردەییان بۆ درێژکرد، بەڵام بەیرقدار بە توندی وەڵامی دانەوەو قەتل و عامی کردن و سەری سەرۆکەیان و (٦٠) کەس لە لایەنگرانی پەڕاند و بە دەروازەی شاری مووسڵدا هەلیواسین.[5]

٤٤- ساڵی ١٨٤٤ز (محمد شریف پاشا) هێرشێکی کردە سەر شەنگال، لەم هێرشەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئێزیدیانی شەنگال کوژران.[6]

٤٥-ساڵی ١٨٤٥ز (محمد پاشای کریدلی ئۆغلو)ی والی عوسمانییەکان لە مووسڵ، بەمەبەستی سەرپێدانەواندنی ئێزیدییەکانو بەشداری کردنیان لە خزمەتی سەربازی، هێرشێکی کردە سەر شەنگالو لەبەر چاوی ژن و منداڵەکانیان سەری ژمارەیەك پیاوی ئێزیدیی بڕی و ناوچەکەی وێران و تاڵان کرد.[1]

---

[1] سینان هاکان: کورد و بەرخۆدانەکانی ١٨١٧-١٨٦٧، لەبەلگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، وەرگێڕانی بەکر شوانی، هەولێر، ٢٠١٢، ل٩٨-٩٩؛ داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص٣٦، ٤٠؛ داود مراد ختاری: الايزيديه في المخطوطات الكلدانيه، ص١٠٦؛ روجيه ليسكو: اليزيديه، ص١٣٢؛ اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، ص١١٣-١١٤؛ شاكر خضر مراد: موقف (ئوسێ دوغۆ) و عائلته من الحملات العثمانية، مجلة لالش، العدد ٣١، ص١٤٣؛ د.عبدالله عەلیاوەیی: سەرچاوەی پێشو، ل١١٥.

[2] وەرگیراوە لە: صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٨.

[3] وەرگیراوە لە: د.عبدالله عەلیاوەیی: سەرچاوەی پێشو، ل١١٦.

[4] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٩؛ عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون في اقليم كردستان، ص٧٠.

[5] شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٢؛ عدنان زيان فرحان و فرهاد حاجي عبوش: شنگار د پەرتوکێن ....، ل٩٥؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١٦؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٤؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٩.

[6] صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٤٩٩؛ د.سامي سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٩٢؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأساة الايزديين، ص١٠٣؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٥-٥٦؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص٢٢٣؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٧٦.

٤٦-ساڵی ١٨٤٦ز (تەیار پاشا) هێرشێکی کردە سەر شەنگال، ژمارەیەکی زۆری لە ئێزیدییەکان کوشت و ژن و منداڵەکانیشیانی بەدیل برد. لەم بارەیەوە (لایارد)ی ڕۆژهەڵاتناس کە خۆی ئامادەی ڕووداوەکە بووە دەگێڕێتەوە کە: ساڵی ١٨٤٦ز تەیار پاشای والی مووسڵ بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج هێرشی کردە سەر گوندی (مهرکان)ی ناوچەی شەنگال، لە بەر ئەوەی ئەوەی خەڵکەکە ڕازی نابن بەوەی باج بدەن شەڕ دروست دەبێت و لە ئەنجامدا کوشت و بڕێکی زۆر کراو سەرجەم گوندەکە سوتێنرا.(٢)

٤٧-ساڵی ١٨٤٤ (بەدرخان بەگ)ی میری بۆتان بەمەبەستی ناچارکردنیان بە باوەڕهێنان بە ئیسلام، هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکانی شەنگال، حەوت گوندی داگیرکردن.(٣)

٤٨-هێرشی (خان ئەحمەد خان)ی ئەردەلان (١٦١٦-١٦٣٦)ز: مێژوو نوسان لە باسی لەشکر کێشیەکانی خان ئەحمەد خاندا باسی ئەوەشیان کردووە کاتێك چۆتە سەر مووسڵ و دەستی بەسەردا گرتووە، چۆتە سەر ئێزیدییەکانیش کوشتاری زۆری لێکردوون و تاڵانی کردوون.(٤)

٤٩- لەساڵی ١٨٧٠ز (مەدحەد پاشا)ی والی عوسمانییەکان لە بەغدا هێزێکی گەورەی کردە سەر شەنگال، ژمارەیەکی زۆری لێ کوشتن و ژن و منداڵەکانیشی بەدیل بردن و وێرای تاڵانیی ناوچەکەیان دێهاتەکانیشی وێرانکردن.(٥)

٥٠- ساڵی ١٨٩٢ز جارێکی تر (سوڵتان عبدالحمید) ویستی ئەم ئایینە لەناوبەرێ و بەزۆر بیانکات بە ئیسلام، تا یاسای سەربازی بەسەریاندا بسەپێنرێ. بۆ ئەمەش بەسەرکردایەتی (فەریق عومەر وەهبی پاشا) بەبیانوی ڕیفۆرمێك لەشکرێکی کردە سەریان تا بەخۆشی بێت یا ناخۆشی ڕازیان بکات سەربازی بکەن. بەڵام ئێزیدییەکان ڕایانگەیاند کە نە سەربازی بۆ داگیرکەران دەکەن و نە ئامادەشن دەستبەرداری ئایینەکەیان بن. لە ئەنجامدا شەڕ دەستی پێکرد و کوردانی ئێزیدی بەرگریان کرد. بەڵام لەشکری بێشوماری عوسمانی دیسانەوە قەتل و عامێکی زۆری لە ئێزیدییەکانی شێخان و شەنگال کرد. (١٥,٠٠٠) کەسی لێ بەدیل گرتن، گۆڕ و مەزارگەی ئێزیدییەکانیان ڕوخاند، دیسانەوە مەزارگەی شێخ ئادییان وێرانکردەوەو پەرستگاکەی شێخ ئادییان کردە قوتابخانەیەکی ئیسلامی، زۆینەی خەڵکی ناوچەکە ئاوارەی چیاکان بوونەوە.(٦)

---

(١) داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص٤٦؛ د.سامي سعيد الاحمد: اليزيديه، ص٩٢؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٠٤-١٠٥؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٥؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص٢٢٣.

(٢) داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص١٨-٢٠؛ زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، ص٦٩؛ اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، ص١١٥؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٥٠٠؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٠٦-١١٠؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص٢٣٢؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٥٧-٥٨.

(٣) د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٣٣-١٥٨؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق،ص٨٩-٩٠.

(٤) نەوشیروان مستەفا ئەمین: سەرچاوەی پێشو، ل٥٣٨.

(٥) د.عبدالله عەلیاوەیی: سەرچاوەی پێشو، ل١١٦؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص١١٦؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٦٠-٦١.

(٦) صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٥٠٩؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص٣٠٢؛ محمود الدرة: المصدر السابق، ص١٨٦؛ داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص١٠٧، ١٣٦، ٢٢٧؛ داود مراد ختاري: الايزيديه في المخطوطات الكلدانيه، ص١٠٦، ١٠٩؛

٥١- لە ساڵی ١٨٩٣ز عوسمانییەکان جارێکی تر بە سەرکردایەتی (بەکر پاشا) هێرشێکیان کردە سەر شەنگال، بەڵام بەرگری ئێزیدییەکان ناچار بە کشانەوەی کردن.[١]

٥٢- لە ساڵی ١٩١٠ز عوسمانییەکان بە سەرکردایەتی (ئەسعەد پاشای دەرزی) والیی مووسڵ بەمەبەستی بەزۆر سەربازی پێکردن و بردنیان بۆ ژێر رکێفی حوکمی عوسمانی، هێرشێکیان کردە سەر شەنگال.[٢]

٥٣- لە ساڵی ١٩١٣ عوسمانییەکان هەر بەمەبەستی بەزۆر سەربازی پێکردن و بردنیان بۆ ژێر رکێفی خۆیان و ملکەچ پێکردنیان، هێرشێکی تریان کردە سەر شەنگال و زەرەر و زیانێکی زۆریان بە ئێزیدییەکان گەیاند.[٣]

٥٤-لەساڵی ١٩١٥ لەجینۆسایدی تورکەکاندا بەرامبەر بەئەرمەنیەکان ژمارەیەکی زۆری ئێزیدی لەناوبران.[٤]

٥٥- ساڵی ١٩١٧ز قائمقامی شەنگال (ئیبراهیم بەگ) ناسراو بە (حاجی ئیبراهیم پاشا) کە سەر بە عوسمانییەکان بوو، بەمەبەستی کۆکردنەوەی باج و سەرانە هێرشێکی کردە سەر ئێزیدییەکان، لەم هێرشەدا کە تا ساڵی ١٩١٨ز ی خایاند هێزێکی زۆری عوسمانییەکان لە پێکهاتەی جیاجیا بەشدارییان تێداکرد، مەبەستێکی تری عوسمانییەکان ئەوەبوو کە ئێزیدییەکان بچنە ژێر باڵیان و شەڕ دژی بەریتانییەکان بکەن، هەروەها ئەو ئەرمەنییانەی کە لەدەست عوسمانییەکان دەربازیان بوو بوو و هانایان بۆ شەنگال بردبوو تەسلیم بە عوسمانییەکان بکرێنەوە، بەڵام ئێزیدییەکان رازی نەبوون، لەئەنجامدا شەرێکی قورس دەستی پێکرد و زیانی زۆر بە ئێزیدییەکان کەوت، بەپێی سەرچاوەکان (١٣٠) ئێزیدی کوژران و (٢٥) گوند سوتێنران و (١٥,٠٠٠) سەر ئاژەل بە تالان بران.[٥]

٥٦-ساڵی ١٩٣٤ دەوڵەتی عیراق یاسایەکی دەرکرد بۆ ناونوسکردنی بەزۆری خەڵکی بۆ سەربازی کردن. بەڵام وەك پیشەی هەمیشەییان ئێزیدییەکان بەرەو پیرییەوە نەچوون و رووبەڕووی بوونەوە. ئەمە وای کرد دەوڵەت فشارێکی زۆر بخاتە سەر خەڵکەکەو گوزەرانیان لێ تاڵ بکات. لەبەرامبەر ئەوەدا ئێزیدییەکان دەستیان بە شۆڕش کرد، دەوڵەت بە ژمارەیەکی زۆر لە پۆلیس و سەرباز و بە پشتیوانی تانك و تۆپ و فرۆکەی جەنگی لە تشرینی یەکەمی ١٩٣٥ دا هێرشێکی کتوپڕی کردە سەر ناوچەی شەنگال، شۆڕشگێڕانی ئێزیدی رووبەڕوویان بوونەوەو (١٧) رۆژ شەڕ درێژەی کێشا، دووای فشاری زۆری هێزی زۆرو زەوەندی دەوڵەتی عیراق و بۆردومانی فرۆکەو تانك، شەڕەکەیان گواستەوە بۆ چیای شەنگال،[٦] کە بە درێژایی مێژوو ئەم شاخە لانەی بەرگری و بەرخۆدانی ئێزیدییەکان

---

عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ص١٥٢-١٥٣؛ اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، ص١١٦؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٦٢-٦٧؛ شاكر فەتاح: سەرچاوەی پێشو، ل١٥٣؛ ئەنستاس ماری کەرمەلی: سەرچاوەی پێشو، ل١٩؛ د.عبدالله عەلیاوەیی: سەرچاوەی پێشو، ل١١٦.

[١] داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية، ص١٤٠، ٢٨٤؛ صديق الدملوجي: اليزيديه، ص٥٠٨-٥٠٩؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص٢١؛ جون س.گيست: المصدر السابق، ص٣١١.

[٢] عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، ص١٦٦.

[٣] نفس المصدر، ص١٦٧.

[٤] د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٠٤-١٠٥؛ ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٧١

[٥] ارشد حمد محو: المصدر السابق، ص٤٣-٧٤؛ عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزدييينص١٨٠-١٨٤؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص٢٦.

[٦] سعيد خوديده: من مشاهير الكورد داود الداود الشنگالى، مجله لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١، ص١٢٩.

بووە، ئیتر بەهۆی سەختی ناوچەکەوە لەشکری عیراق نەیانتوانی زیاتر پێشڕەوی بکەن، بۆیە وەك پیشەی هەمیشەیی داگیرکەرەکانی پێش خۆیان، بایاندایەوە ویزەی خەڵکە سڤیلەکەو (٣٨٩)کەسیان لێ زیندانی کردن و ژمارەیەکی زۆریشیان لێ گولله باران کردن.[١]

٥٧- ساڵی ١٩٤١ دەوڵەتی عیراق بەسەرکردایەتی سەرۆکی ئەرکانی سوپای (محمد امین العمری) هێرشێکیان کردە سەر شەنگال.[٢]

٥٨-ساڵی ١٩٧٣ لە گەرمەی گفتوگۆی نێوان شۆڕشی کورد و حکومەتی عیراقدا، لە رۆژی ٧ ی تەموزدا حکومەتی عیراق هێرشێکی کردە سەر شەنگال و کە لەم لەشکر کێشیەدا هۆزە عەرەب و کوردە جاشەکان بەشدار بوون بە پالپشتی تانك و زرێپۆش و فرۆکە، سێ رۆژ شەڕەکە بەردەوام بوو و (٢٢) گوندی ناوچەکە سوتێنران و تالان کران، (١٧) کەسیش بوو ن بە قوربانی و (٢٥) کەسیش بریندار بوون و (٢٥٠) کەسیش دەسگیر کران.[٣]

٥٩- ساڵی ١٩٧٥ حکومەتی عیراق هێرشێکی کردە سەر ناوچەی شەنگال و (١٩٨) گوندی لێ وێرانکردن و خەڵکەکەی راگواست و لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا کۆیکردنەوەو نیشتەجێی کردن، زەوییەکانیشیانی بەسەر هۆزە عەرەبەکاندا دابەشکرد.[٤]

٦٠- ساڵی ١٩٨٧ز حکومەتی عیراق هێرشێکی کردە سەر ناوچەی شەنگال و دەیان گوندی وێرانکرد و خەڵکەکەی راگواست و لەچەند ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا کۆیکردنەوەو نیشتەجێی کردن.[٥]

٦١- لەپرۆسەکانی ئەنفالی ساڵی ١٩٨٨یشدا ئێزیدییەکان بێبەش نەبوون، لەم تاوانەدا (١٨٨) کەسیان لێ ئەنفالکرا.[٦] هەروەها گەلێك مەزارگەو شوێنی پیرۆزیشیان تەقێنرانەوەو خاپور کران.[٧]

---

[١] عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ص١٥٤-١٥٥؛ سەربەست حسین: سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤؛ على سنجارى: الكورد الايزديون و استمرار سياسه التعريب، مجله لالش، العدد٢٤، سنه ٢٠٠٦، ص٢٠-٢١؛ شكرى رشيد الخيرڤايى: شنگال فى الفتره مابين (١٩١٨-١٩٣٩)، مجله لالش، العدد ١٧، ص٤٦-٤٧؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٨٥؛ محمود شيخ سين حسو الريكانى: المصدر السابق،ص٧٢؛ محمود الدرة: المصدر السابق، ص١٨٨-١٨٩.

[٢] عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ص١٥٧؛ علي سنجاري: المصدر السابق، ص٢٠-٢١؛ محمود شيخ سين حسو الريكاني: المصدر السابق، ص٩٨؛ محمود الدرة: المصدر السابق، ص١٩٠-١٩١.

[٣] بيان رقم (٤) لحزب الديمقراطي الكوردستاني /الفرع الاول/ عن الحملة العسكرية للارهابية في سنجار في اواخر تموز ١٩٧٢. (وەرگیراوە لە گۆڤاری مێژوو، ژ٢٩، زستانی ٢٠١٤، ل٤٠٧-٤٠٩)؛ موسەددەق توڤی: دوو هەلوێستێن دیرۆکیێن پشتەڤانیا کوردینیێ یا شنگالێ، مجله لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١، ص١٨٩-١٩٢.

[٤] د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١٩٧.

[٥] نفس المصدر، ص١٩٩.

[٦] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە لیستی ناوی ئەنفالکراوەکان لە: طارق جامباز: ضحايا عمليات الانفال ١٩٨٨ من المسيحيين والايزديين، ط٣، كوردستان، ٢٠٠٨، ص١٨-٣١.

[٧] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: طارق جامباز: أماكن العبادة المدمرة للمسلمين و المسيحيين والايزديين، كوردستان، ٢٠٠٦. ص٢٠٦؛ د.عدنان زيان فرحان و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، ص١١٩٧-١٩٩

٦٢-لەساڵی ٢٠٠٧ یشدا گرووپە ئیسلامیەکان فەرمانیان داو خوێنی ئێزیدییەکانیان حەلال کرد و فەتوای کوشتنیان دان، لە ١٤ی ئابی ٢٠٠٧ بە چوار ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو هێرشیان کردە سەر ناحیەی گرعزێر و کۆمەڵگەی سیبا شێخ خدری سەر بە قەزای شەنگال و تەقاندیانەوە. بەهۆی ئەم کردەوە تیرۆریستیەوە نزیکەی (٣٣٤) کەس کوژران و (٤٠٠) کەس بریندار بوون و (٧٣) کەس ون بوون و (٤٠٠) خانوو وێران بوون.[١]

٦٣- هێرشی داعش بۆ سەر شەنگال ساڵی ٢٠١٤ز.

**تەوەرەی چوارەم**

**کۆمەڵکوژیەکەی شەنگال لەلایە داعشەوە**

**بارودۆخی ناوچەی شەنگال (٢٠٠٣-٢٠١٤):**

ئێزیدییەکانی شەنگال بەر لە پرۆسەی ئازادی (٢٠٠٣) لە بارودۆخێکی خراپدا بوون. رژێمی بەعس وەك پێشەی هەمیشەیی بەردەوام فشاری دەخستە سەریان، لەرووی خزمەتگوزارییەوە خەڵکەکەی لە ژیانێکی کولەمەرگیدا دەژیان، لە رووی سیاسیەوە بارودۆخی ژیانیان خراپ بوو. بۆ نمونە رژێمی بەعس لە ساڵی ١٩٩٦ بریارێکی نهێنی لە بەناو (ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش)ەوە دەرکرد و تیایدا هاتبوو کە خەڵکی شەنگال بەتەواوی رابگوێزرێن بۆ قەزای (حضر) کە (١٠٠)کم لە خواروی رۆژهەلاتی شەنگالەوە بوو، لەوێ بەسەر دێهاتە عەرەبیەکاندا دابەش بکرێن. بەڵام ئێزیدییەکان بەم بریارە رازی نەبوونو بەرپەرچی حکومەتی عیراقیان دایەوە، رایانگەیاند ئەگەر ئەو بریارە جێبەجێ بکرێت ئەوا بەرەو ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان یا سوریا کۆچ دەکەن. بەم شێوەیە بەعس ناچار بوو بە شێوەیەکی کاتی بریارەکە رابگرێت.[٢]

دوای پرۆسەی ئازادی و روخانی رژێمی بەعس، دەرگایەك بۆ ئێزیدییەکان کرایەوە کە هەناسەیەکی ئازادی هەلمژن، ئەوەبوو کە پێشتر ٩٠٪ی ناوچەی نیشتەجێبوونی ئێزیدییەکان کەلەژێر دەسەلاتی بەعسدا بوو ئازاد کران. لەگەل ناوچە ئازادکراوەکانی پێشتردا لێك گرێدرانەوە، بەشدار بوون لە پرۆسەی سیاسی عیراقدا، لە هەلبژاردنەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق و ئەنجومەنی پارێزگای مووسڵ و ریفراندۆمی دەستوردا رۆڵی بەرچاویان هەبوو. بۆ هەریەك لەو ئەنجومەنانە نوێنەری خۆیان هەلدەبژارد. بۆ نمونەلە ئەنجومەنی حوکمدا هەریەك لە (کامەران خەیری بەگ، عادل ناسر، حەیدەر قاسۆ شەمۆ) دەستنیشانکران، لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقیشدا ساڵی ٢٠٠٥ (محمە سمۆقی) وەك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران هەڵبژێردرا و (پیر خدر مەمۆ)ش وەك وەزیری کاروباری دەوڵەت لە بەغدا دەستنیشانکرا.[٣] لەهەڵبژاردنی ٢٠١٠ (ڤیان دەخیل) وەك نوێنەر هەڵبژێردراو دواتر لە هەڵبژاردنی ٢٠١٤

(١) د.عدنان زیان فرحان و قادر سلیم شمو: مأسات الایزدیین، ص٢٠١-٢٠٣؛ د.خلیل جندی: المصدر السابق، ٢٥٧-٢٦٠.

(٢) مونیرە ئەبوبەکر: سەرچاوەی پێشو، ل١٢٨-١٢٩.

(٣) سەبارەت بەو بەشەی ئێزیدییەکان کە لەژێر دەسەلاتی حکومەتی هەرێمدا بوو، وەك ناوچەکانی شێخان، هەر لە پەرلەمانی کوردستاندا نوێنەریان هەبووە، وەك: لە خولی یەکەمدا (عیدۆ بابە شێخ) و (خەیری بەگ) لە خولی دووەم (٢٠٠٥-٢٠٠٩) و لە خولی دووەمدا (خدر سلێمان خلیل سلێمان) و (عزەدین سەلیم خودێدا) و (مریەم حەسەن ئیبرهیم بابا شێخ)، لە خولی سێیەمدا (حازم تەحسین بەگ)، لە خولی چوارەمیشدا (شامۆ شێخۆ نەعمۆ) ئەندامی پەرلەمان بوون.

سەرلەنوێ هەڵبژێردرایەوە، بەڵام لەگەل ئەوەشدا کێشەکانیان چارەسەری ریشەییان بۆ نەکرا، ناوچەکانیان وەك ناچە دابڕێنراوەکانی تری کوردستان لە چوارچێوەی مادەی (١٤٠)دا بوو و نەگەڕایەوە سەر هەرێمی کوردستان، گرفت و کێشمەکێشە سیاسییەکان لەسەر ئەو ناوچەیە بەردەوام بوو، خزمەتگوزاری لە ناوچەکەدا وەك پێویست نەبوو، بارو گوزەرانی خەڵکەکە خراپ بوو و ئاستی بژێوی ژیانیان نزم بوو، هەر بۆیەش بەردەوام گەنجەکانیان روویان لە مووسڵ و بەغداو شارەکانی هەرێمی کوردستان دەکرد بۆ کار کردن و دەستکەوتنی بژێوییان، چونکە هیچ کارێك لە ناوچەکەی خۆیان دەست نەدەکەوت.

### هێرشی داعش و بۆسەر شەنگال و داگیرکردنی (٢٠١٤/٨/٣)

دوای ئەوەی گروپی تیرۆریستی داعش لە ٢٠١٤/٦/١٠ هێرش و پەلاماری بۆ سەر ناوچەکانی پارێزگای مووسڵ دەستپێکردو دەستیان بەسەر سەنتەری پارێزگاکەدا گرت و روبەرێکی بەرفراوانیان لە ناوچە عەرەبیە سوننە نشینەکانی داگیر کرد، مەترسی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە بۆ سەر کوردستانیش دەرکەوت، لە بەرامبەردا وەك کاردانەوەیەك و بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، هێزی پێشمەرگە لە هەرێمەوە جولاو سەنگەرەکانیان لەهەموو ئەو ناوچانەدا قایمکرد کە خاکی کوردستانن، هەر لە جەلەولاو کەرکوك و دوزخورماتو و مەخمورەوە تاکو ناوچەکانی شەنگال. بەڵام لە ٢٠١٤/٨/٣ دا لە هێرشێکی داعشیەکاندا سەرجەم ناوچەکانی شەنگال و زومار و تەلکێف و دەوروبەریان داگیر کران. ئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ئەوەبوو سەرباری هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەم ناوچانەدا هەروا بەئاسانی و بەبێ بەرگرییەکی ئەوتۆ بدرێن بەدەستەوە، کە ئەمە مەتەڵێکەو تا ئێستا هەڵنەهێنراوە! لە سەرەتادا بەشێك لە فەرماندەو سەرکردەکان بەوە پاساوی چۆلکردنی سەنگەرەکانیان دەهێنایەوە کە ئەمە تاکتیکێکەو ئەنجامیانداوە، بەڵام تاکتیك بۆچی و لەپای چی! ؟[1] کە ئەنجامەکەی بەوە کەوتەوە هەم ئەو ناوچە بەرفراوانە داگیربکرێت و هەم خەڵکە سڤیلەکەی بەتەنهاو بێکەس لەبەردەم دڕندەیەکی وەك داعشدا جێبهێڵرێن.

بەپێی راپۆرتێك دوای ئەوەی بێ بەرگریکردن شەنگال چۆڵ کرا، ٢٥٪ ی دانیشتوانەکەی توانیان لەشارەکە دەربچن، لەکاتێکدا ٧٥٪ی کە دەکاتە (٢٠٠,٠٠٠)کەس لەناو شارەکەدا مابوونەوە و روویان لە چیای شەنگال کردبۆ ئەوەی لەدەست شاڵاوی داعش رزگاریان بێت.[٢] بە ماوەی (٥ بۆ ٦) سەعات سەرکەوتن بۆ چیای شەنگال ئینجا داعش چوونە شەنگالەوەو لە گوندەکانی دەوروبەری شەنگال نزیکەی (٢٠٠٠) ئێزیدیان کوشت و سەدانی تر لە برسانو تینوان گیانیان لە دەستدا، تیرۆریستان نزیکەی (٥٠٠) کچی ئێزیدیان بە دیل گرت. لە ئەنجامدا تەواوی ناوچە کوردییەکانی مووسڵ (قەزای شەنگال و قەزای تلكێف و قەزای حەمدانیەو ناحیەکانی زوومارو ڕەبیعەو سنون و خانە سۆر و وانکێ و باشیك و بەرتلەو خازرو گۆگجەلی و نەمردوود و ئاڤەنگی و ٣٠٠ گوند و قەزای تەلەعفەر) کەوتنە چنگی داعش.

خەڵك توشی شۆك بوو کە بۆچی بەرگری نەکرا؟ لە کاتێکدا هێزەکانی ناوچەکە خاوەنی چەکێکی زۆر بوون. لەم بارەیەوە (قاسم شەشۆ) کە فەرماندەیەکی پێشمەرگەیە و لەناوچەی شەرەفەدینی ناحیەی سنونێی بناری چیای

---

[1] http://kirkuknow.com/kurdish/?p=38809, http://malmokurd.com/News-3808-2

[٢] راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش رۆژی ٢٠١٥/٤/٣، ل١٤.

شەنگال مابوویەوەو بەرگری دەکرد، دەڵێت: "هەرگیز چاوەڕوانی شکستێکی ئاوا گەورە نەبووین، کە بەرپرسەکان هەڵبێنو پێشمەرگە لەدوای خۆیان جێبهێڵن، ئاخر ئەو ژمارە زۆرەی پێشمەرگەی کوردستان لەوێ بوون بەشی بەرگری هەموو کوردستانیان دەکرد، نەك تەنها شەنگال، بەڵام بەداخەوە نیو ملیۆن کوردی ئێزیدییان تەسلیم بەداعش کرد".[١]

لەئەنجامی داگیرکردنی شەنگال لەلایەن داعش و کشانەوەی پێشمەرگەوە لە ناوچەکەدا و بەتەنها هێشتنەوەی خەڵکەکە بەبێ ئەوەی ئاگادار بکرێنەوە، کارەساتێکی مرۆیی بەسەر ئێزیدییەکاندا هات. ئەم تراژیدیایە ئەگەر وەکو ژمارەش بارتەقای ئەنفال گەورەنەبێت، بەڵام لەزۆر رووی ترەوە لەو دڕندانەترو بەربەری ترە، بێ شەرمانەترو ئاشکراترە. ئەگەر ئەنفال دەستکەوتی ناسیۆنالیزمی توندڕەو و فیکری فاشیانەی بەعس بێت، ئەوا جینۆسایدی ئێزدییەکانی شەنگال، راستەوخۆ بەرهەمی فیکری ئایینی دەشتەکیو پەرگیری عەرەبییە، لێکەوتەی ئەو گوتارە دۆزەخیەیە کە سالآنێکی زۆرە لەرێگای سەدانو هەزاران کەناڵی جیاوازەوە ئاودەدرێ.[٢]

کارەساتەکە لەوەدا بوو کە ئێزیدییەکان نەیانتوانی وەك پێکهاتەیەکی ئایینی تایبەتی جیا لە ئیسلام لەژێر دەسەڵاتی هێزێکی توندڕەوی ئیسلامیدا بمێننەوە و هەر بۆیەش رێگەی چۆلکردنی زێدی باوباپیرانیان هەلبژارد، بەمەش سەدان هەزار لە دانیشتوانی شەنگال و ناحیەو گوندەکانی دەوروبەریان لە شوێنی خۆیان هەلکەنران، بەرەو هەرێمی کوردستان، رۆژئاواو باکوری کوردستان هەنگاویان نا. دەیان هەزاریشیان روویان لە چیای شەنگال کرد و لەو شاخەدا قەتیس مان و گەمارۆ دران و رێگەی دەربازبوونیان سەخت بوو و ماوەی چەند رۆژێك بەبێ نان و ئاو و پێخەف تیایدا مانەوە، چەندان کەسیان لە پیر و منداڵ گیانیان لەدەستدا، دووای چەندان رۆژ لەو ژیانە کولە مەرگیە هاوکاری کران و دەربازکران.

دیارە ئەم چیایە بە درێژایی مێژوو بۆ ئێزیدییانی بێ پشت و پەنا قەلای پاراستنیان بووە لەدەست ئەو لەشکرە دڕندانەی بەمەبەستی قڕکردنیان چوونەتە سەریان. هەر لە کۆنەوە هەرکاتێ کوردانی ئێزیدی لە شەنگال رووبەڕووی داگیرکەری و دوژمنکاری بووبێتنەوە، بۆ رزگارکردنی خۆیان روویان لەم شاخە کردووە، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ لەسەر چیاکەوە بتوانن بەرگری لە خۆیان و ماڵ و منداڵیان بکەن. هەروەکو شارەزایانیش دەڵێن دوو هۆکار هەیە بۆ ئەم روو تێکردنە، یەکەمیان جوگرافییە کە ناوچەیەکی سەختەو بە ئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت و شوێنی خۆپارێزی و خۆحەشاردانە و بەهۆی بەرزییەکەیەوە زۆر بە ئەستەم دەتوانرێ پێیدا سەرکەوی. دووەمیشیان ئایینیە کە لە چیای شەنگال ژمارەیەك مەزارگەو شوێنی تایبەتی ئایینیی کوردانی ئێزیدی لێیە.

بەپێی راپۆرتێك نزیکەی لە ٢٥٪ ی دانیشتوانی شەنگال توانیان لە شەنگال دەربچن، لە کاتێکدا کە نزیکەی ٧٥٪ ی کە دەکاتە نزیکەی ٢٠٠ هەزار کەس لە ناوقەزای شەنگال مابوون، روویان لە چیای شەنگال کرد، بۆ ئەوەی لە چەتەکانی داعش رزگاربن، کە زۆرینەیان لە دانیشتوانی قەزای شەنگال و سەنون و چەند گوندێکی سەربە قەزای

[1] http://wllat-net.blogspot.com/2014/08/blog-post_503.html.

[٢] جەمال حوسێن: داعشناسی، گۆڤاری نما، ژمارە (٤٢)، ٢٠١٥، ل١٥–١٦.

شەنگال بوون، ئەوانەی لە سەر چیای شەنگال بوون لە ٩٥٪ی لە ئاینی ئێزدی بوون و ٥٪ی شیعەو کریستیان بوون، لەوانە ٤٠٪ ی منداڵ و لە ٢٪ ی لە تەمەنی سەرووی (٦٠) ساڵەوە بوون.(١)

هەمان راپۆرت ئاماژە بەوە دەکات کە): بەسەدان شەنگالی تا ئەمڕۆش چارەنوسیان نادیارە، ژمارەیەك کە تا ئێستا ئاماری تەواو لە بەردەست نیە بە کۆمەڵ کوژراون و رووفاتەکانیان لە گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە، کە لەدوای دەستگیرکردنیان لە لایەن داعشەوە کوژراون، بە سەدان ئافرەتی کوردی ئێزدی رفێنراون کە تا ئێستا ژمارەی تەواوو راست لە بەردەست نییە.(٢)

پاش دەست بەسەردا گرتنی شەنگال, ئەو گروپە تاوانکارە دەستیان بە کوشتن و زیندەبەچاڵکردنی بەشێکی زۆری خەڵکی سڤیلی ئەودەڤەرە دەستپێکردو تەنها بەهۆی جیایی نەتەوەو ئاینییانەوە، ئەمەش بەهەموو پێوەرێکی نێودەوڵەتی دەچێتە چوارچێوەی تاوانی جینۆسایدەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێکیان هەر لەژێر رەحمەتی داگیرکاری و ئەشکەنجەی تیرۆریستانی داعشدا مانەوەو چی کاری نامرۆڤانەیە بەرامبەریان ئەنجام دراوە. بەمەش قۆناغێکی تر لە مێژووی ئێزیدییەکان دەست پێدەکات کە لاپەرەیەکی تر لەو زولم و زۆر و جینۆسایدانەی بەسەریاندا هاتووە لە رابردوودا نوسرایەوەو زیادی کرد.

لەم بارەیەوە (ئەمینە سەعید حەسەن) ئەندامی کوردی ئێزیدی لە خولی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "رێکخراوی داعش لە بەرەی باشوورەوە و بە تایبەتیش لە کۆمەڵگەی سیبا شێخدری کە بە ١٢کم دەکەوێتە باشووری شەنگالەوە، دوای ئەوەی چوونە ناو قەزاکە، دەستبەجێ دەستیان بە کۆمەڵکوژی پیاوانی کوردانی ئێزیدی و رفاندنی ئافرەتەکان کرد، بڵاویوونەوەی ئەم هەواڵانە وای لە دانیشتووانی قەزای شەنگال کرد بەرەو چیاکە هەڵبێن، وەك تاکە بژاردە کە لە بەردەمیاندابوو. کۆمەڵکوژییەکی یەکجار زۆری ئەنجامدراوە کە بە سەدان پیاو و هاوڵاتی کوردی ئێزدی لەسەر دەستی چەکدارانی داعش کوژراون و ئافرەتەکانیانیش رفێنراون." (٣)

بەپێی ئامارێك کە ئەمینە خستییەڕوو، دەڵێت: "تا ئێستا ٥٠٠ پیاوی کوردی ئێزیدی بە شێوەی بە کۆمەڵ لە لایەن چەکدارانی داعشەوە کوژراون، بەپێی ئەو زانیاری و پەیوەندییانەمان لەگەڵ شایەتحاڵەکان، چەکدارانی داعش دەستڕێژی سێکسییان کردووەتە سەر کچان و ئافرەتانی کوردانی ئێزیدی کە رفاندبوونیان و دواتر بەرەو چیای شەنگال ئازادیان دەکردن. هەر بەپێی زانیارییەکان، دوای ئەوەی ئەو کچ و ئافرەتانەی کوردانی ئێزیدی لە لایەن چەکدارانی داعشەوە دەستڕێژی سێکسییان دەکرایە سەر و دواتر بەرەو چیای شەنگال ئازادیان دەکردن، لەسەر چیاکە ئەو کچ و ئافرەتانە خۆیان دەخستە خوارەوە".(٤)

لەم بارەیەوە ڤیان دەخیل، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت: "تاوەکو ئێستا پێنج هەزار ژنە کوردی ئێزدی رفێندراون و تەمەنی ژنە رفێندراوەکان لەنێوان ١٣– ٥٦ ساڵیدایە، زانیاریی ئەوەشمان هەیە کە کچەکان لە

---

(١) راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش رۆژی ٢٠١٥/٤/٣.

(٢) هەمان سەرچاوە.

(3) http://www.chawdernews.com/Direje.aspx?Jimare=3820

(٤) هەمان سەرچاوە.

پیرەژنەکان جودا دەکرێنەوە و بە بەهای ١٥٠ دۆلار دەفرۆشرێن، ٣٠٠ کچ لەوان بە ٣٠٠ دۆلار فرۆشراون و بەشێك لە ژنە رفێندراوەکان منداڵەکانیان لە باوەشدا بووە کە رفێندراون و دواتر منداڵەکانیان لێسەندوون".[١]

سەبارەت بە بازرگانی کردنی ئافرەتەکان لەلایەن داعشەوە، پیاوێکی خەڵکی مووسڵ، تەنها بە ٤٠٠ هەزار دینار دو کچی ئێزیدی لە چەکدارانی داعش کڕیوەتەوەو لەکەرکوك ئازادی کردون. سەبارەت بە چارەنوسی ئەو کچ و ژنانەی تری ئێزیدی کە داعش دەستبەسەریکردون، نازانرێت دوای ئەوەی خەڵك دەیانکڕن لە داعش، بەرەو کوێیان دەبەن، بەڵام زۆرێك لە مووسڵیەکان کاتێك دەیانکڕن هاوسۆزن لەگەڵیاندا.[٢]

لە بەیاننامەیەکدا کە لە پێگەی رەسمی خۆی بڵاویکردووەتەوە، روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ رایگەیاند کە: "لەماوەکانی رابردوودا رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش نزیکەی ٣٠٠ کچ و ژنی ئێزدی کە چەند هەفتەیەك لەمەوبەر لە عیراق رفاندبوونی وەك دەستکەوتی جەنگ و سەبایا دابەشکردووە بەسەر ژمارەیەك لە چەکدارەکانی لە سوریا". روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ دەڵێت: "ئەو چەکدارانەی داعش کە کچ و ژنەکانیان پێدراوە رایانگەیاندووە کە ئەو کچ و ژنانە موسوڵمان بوون و فرۆشتوویاننەتەوە بە چەکدارانی تری رێکخراوەکە و هەر یەکێکیان بە ١٠٠٠ دۆلار فرۆشتووە". روانگەی سوری بۆ مافەکانی مرۆڤ روونیشیکردووەتەوە کە لانی کەم بەڵگەی ٢٧ حاڵەتی فرۆشتن و بەشوودانی ئەو کچ و ژنە ئێزدییانەیان لە چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە ریفی حەڵەبی باکووری خۆرهەڵات و ریفی رقە و حەسەکە لە بەردەستدایە.[٣]

ئەوەی بەدەستی چەکدارانی داعش بەسەر یەزیدییەکاندا هات، ئەوەندە دڕندانە و دژە مرۆڤانەبوو، کە دەنگدانەوەیەکی بەرینی نێونەتەوەیی لێکەوتەوە. دیمەنی ئاوارەیی، لێقەومان و کوشت و بڕی پیاوانی بەتەمەن، ژنان وپیاوان، کچان و منداڵێنی دەڤەری شنگال لە زۆربەی هەرە زۆری میدیاکانی جیهاندا ڕەنگدانەوەی هەبووەو ڕای گشتی وڵاتانی دەرەوەی هەژاندووە. کەم وابووە کە بۆ ڕووداوێکی وەها دڵتەزێن لە کوردستان، لە دەرەوەی وڵات لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەو ڕادەیە لە خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایەتی و هەڵمەتی کۆکردنەوەی یارمەتی و کەمپەینی ڕاگەیاندن و نووسین و قسەکردن لە میدیاکانی دەرەوەدا ئەنجام درابێت.[٤]

تاوانەکە ئەوەندە گەورەو جەرگبڕ بوو، پەلامار و رەفتارەکانی دەوڵەتی بەناو ئیسلامی ئەوەندە دڕندانەبوو، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەسەری هاتە دەنگ، بەجۆرێك بۆ یەکەمجار لەمێژودا ڤاتیکان داوای ئازادکردنی ناوچەیەکی بەهێزی سەربازی وپاراستنی نێودەوڵەتی کرد. باراك ئۆبامای سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش رایگەیاند: "چاوەڕوانی ئەوەمان نەدەکرد، داعش بەوشێوەیە پێشڕەوی بکات و چەند ناوچەیەك کۆنترۆڵ بکات، لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام دەبین لە هاوکاریکردنی هێزە کوردیەکان و بەریتانیا و فەرەنساش پشتیوانیمان دەکەن،

---

(1) http://genocidekurd.com/ku/babati/732

(٢) داعش کچانی ئێزدی وەك کۆیلەی سێکسی بەکارهێناوە، ماڵپەری نوچەنێت: http://www.nuche.net/?p=24632

(3) http://www.xendan.org/dreja.aspx?Jmara=6754&Jor=1

(٤) ئەحمەد ئەسکەندەری: جینۆسایدی ئێزیدییەکان، دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتان و قوربانییەکانی شەر
http://genocidekurd.com/ku/babati/617

ڕێگەش بە جینۆسایدی گەلی شەنگال نادەین و نـاهێڵین چـەکدارانی داعـش بگەنـە سـەر چـیاکە و تائێسـتاش دوچـار کۆمەکی مرۆییمان گەیاندوەتە ئەو ئاوارانە".[١]

لە راگەیەنراوێکی حکومەتی هەرێمدا هاتووە: "ئەوەی بەسـەر خوشـکو برایـانی ئێزدیـدا هـاتووەو ئـەو تاوانانـەی ڕۆژانە تیرۆرستانی داعش دەرهەق بە وان ئەنجامی دەدات، بە هەموو پێوەرێك جینۆسایدەو دوای هەڵەبجـەو ئـەنفال" گەورەترین کارەساتە بەسەر گەلی کوردستاندا هاتبێت، بۆیە حکوومەتی هەرێمی کوردستان داوا لە پەرلەمانی عـێراق دەکات کە ئەو کردەوانەی داعش دژ بە کوردانی ئێزدی وەك جینۆساید بناسرێ و لەسەر ئەو بنەمایە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت".[٢] جگە لەمە لە کۆبوونەوەی ١٧ ئاب لە کۆبوونـەوەی ژمـارە چـواری سـەرۆکایەتیی ئەنجوومـەنی وەزیرانـی هەرێمی کوردستاندا، بڕیاردرا لیژنەیەك بۆ بەجینۆساید ناساندنی کوشـتن و بردنـی کچـان و ژنـانی کـوردانی ئێـزدی و ئایینەکانی دیکە پێکبێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی ناوخۆ دەرەوە تاوانەکە بە جینۆساید بناسرێت.[٣]

ڕێکخراوی یونیسێفی سـەر بـە نەتـەوە یـەکگرتوەکان، لـە بەیاننامەیەکدا، نیگـەرانیی خـۆی پیشـاندا لەبەرامبـەر ڕەوشی خراپی منداڵە کوردە ئێزدییەکان و گیان لەدەستدانی ٤٠ منداڵ بەهۆی کاری توندوتیژیی چەکدارانی داعـش و ڕاگواستن و برسێتی و تینوێتییانەوە. بەپێی بەیاننامەیەکی یونیسێف، ئەو خێزانانـەی لـەتاو توندوتیـژی هـەڵهاتوون، پێویسـتیان بـە یارمـەتی مرۆیـی و فریـاگوزاریی بەپەلـە هەیـە کـە لەنێویانـدا ٢٥ هـەزار منـداڵ هـەن و لـە چـیاکانی دەوروبەری شەنگال گیریان خواردوە.[٤]

سەبارەت بەمانەوەی ئەو ئێزیدیانەی لە چیای شەنگال بوون، د.سەعید خودێداد عەلۆ، مامۆستای زانکۆو ئەندامی "لیژنەی بەهاناوەچونی ئێزیدییەکان لەکۆمەڵگەی شـاریا" دەڵێـت: "بەشـێکیان ئەوانـەن کـە کچیـان یـان خوشـکیان کەوتوەتە دەست داعش، ئێستا کەسوکاری ئـەو کچـانە بەچـیای شـەنگالەوەن و بـەرگری دەکـەن و چـاویان لەسـەر ئەوەیە کەسوکاریان رزگار بکەن، بەشێکی تریشیان بـۆ پاراسـتنی شـوێنە ئایینیـە پیرۆزەکـانی ئێزیـدیی ماونەتـەوە، ژمارەیەك لەپیرەمێردو پیرەژنیش هەن کە توانای جوڵەیان نییـەو هێشـتا بـەو چیایەوەن".[٥] ئێزیدییـەکان نیگـەران بـوون لـەوەی کـە پێشـمەرگە نەیپاراسـتن و لـەکاتی هێرشـی چـەکدارەکانی دەوڵـەتی ئیسـلامی ناسـراو بـەداعش بەجێیهێشتن.

کەریم سلێمان ئەندامی چڤاتی روحانی ئێزیدییان پێی وایە کە بەشێکی گەورەی داکۆکیکردن و شەڕکردن بەرامبەر بەداعش هەر لەسەرەتاوە کەوتوەتە سەر ئەستۆی ئێزیدییەکان خۆیان، ئـەو وتـی "تـا ئێسـتا بەشـێك لەوانـەی مـاڵو حاڵی خۆیان جێهێشتوە بەچیای شەنگالەوەن و ئاوارەن، ئەوانـە بڕیاریانـداوە لـەوێ دورنەکەونـەوەو چـیای شـەنگال بەجێنەهێڵن، هەرچەندە مەترسیش لەسەر ژیانیان هەیە". وتیشـی "هەیانـە بـەخێزانیی لـەوێ ماونەتـەوەو ئـافرەتو منداڵیشیان لەگەڵە، ئەوانە لەبەرگریدانو لەدژی داعش شەڕ دەکەنو دەڵێن لێرە دەرناچین".[٦]

---

[1] http://www.chawdernews.com/Direje_chawpikewtn.aspx?Jimare=3606

[٢] ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤٥٩)، ٢٠١٤/٨/١٨.

[٣] هەمان سەرچاوە.

[4] http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=11608&Jor=1

[٥] ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٤٤٢)، سێشەممە ٢٠١٤/٨/٢٦.

[٦] هەمان سەرچاوە.

هەر لەم بارەیەوە شایەتحاڵێکی دەربازبووی ئێزیدییەکان ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت: "ئێمە ٢٠٠ کەس بوین زیاتر لە٢٠ کەسمان لێ مردن و سەگ تەرمەکانی دەخوارد". دەربازبویەکی تری شەنگال دەڵێت: "سێ کچی ئێزدی دەستدرێژییان کرابووە سەر، خەریك بوو شێت بن، داوایان دەکرد بیانکوژین، بەڵام نەمانکوشتن بۆیە خۆیان لەسەر چیاکەوە فرێدایە خوارەوە".[١]

بەوتەی(خەیری بۆزانی) بەڕێوەبەری گشتی کاروباری ئێزیدییان لە وەزارەتی ئەوقاف، زیاتر لە (٢٠٠٠) کچ و ژنی ئێزدی لەلایەن داعشەوە براون و زیندانی کراون و فرۆشراون. ژمارەیەکی زۆری ژن و منداڵ لە ئێزیدییەکانی شەنگالدا دیار نین و بێسەرو شوێنن. لە شەنگالدا ماڵ و حاڵیان وێرانکرا و سامانیان بە تاڵان برا، خشل و ئالتونی دەست و پەنجەی ژنەکان بەزۆر لێکرانەوەو تاڵانکران.[٢]

بەپێی ئامارەکان کە تاکو ٢٠١٦/٥/٢٧ تۆمارکراوە، لە روداوی شەنگالدا (٦٥٢٨) کەس بوون بە قوربانی، (١٥٠٣) یان شەهید کراون و (٢٢٠٥) کەسیان بێسەروشوێنن، و تا ئێستا (٢٨٢٠)یشیان رزگار کراون.[٣] هەروەها ژمارەی قوربانیان بە نزیکەی (١٠,٠٠٠) مەزەندە دەکرێت، کە لەوانە تا ئێستا تەنها چارەنوسی (٤٤٧) کەسیان ئاشکرا کراوە، (٣٨٠) کەسیان لە گوندی کۆچۆ کۆمەڵکوژ کران و (٦٧) کەسیشیان تەرمەکانیان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا دۆزرانەوە.[٤]

بەتەنها لە گوندی (کۆچۆ) کە دەکەوێتە رۆژئاوای شاری شەنگال بە دووری (٢٣) کیلۆمەتر. بە پێی ئامارو ژێدەرەکان، بە تایبەت کۆبوونی خۆراك (٢٧٥) دووسەد و حەفتا و پێنج خێزانی لێ نیشتەجێ بووەو کۆی ژمارەی دانیشتوانەکەی (١٦٠٠) هاوڵاتی مەدەنی بوون، کە (١٢٠٠) کەسیان لەلایەن چەتەکانی داعش جینۆساید و بێسەروشوێن و دەستبەسەرکران و ئەوانەی کەلەم شاڵاوەی جینۆسایدو کوشتارگەیە بە شێوازی جۆراوجۆر رزگاریان بوو نزیك لە (٤٠٠) کەسن.[٥] لەم گوندەدا تا ئێستا (١٦) گۆڕی بە کۆمەڵ دۆزراونەتەوە.[٦]

گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تر کە پشت راستکراونەتەوە، بەدووری (١٦) کیلۆمەتر، دەکەونە باشووری قەزای شەنگال و ژمارەیان (٧) گۆڕە، قوربانییەکانی نێو ئەم گۆڕانەش (٤٦٥) قوربانیەو (١٩) کەس لەم گۆڕانەوە رزگاریان بووە.[٧]

رۆژی ٢٠١٤/٨/٢٠ ژنێکی ئێزیدی بە هەواڵنێری تەلەڤیزیۆنی رووداو ئەڵێ: سێ لە کچەکانم لەلایەن داعشەوە دەستدرێژی کرایە سەریان و دوایی گەڕاندنیانەوە ناو ئێمە" ئەوان زۆریان گوت بمانکوژن، کەس جوابی نەدایەوە و

---

[1] http://www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=29135&Cor=2&Besh=Witar.

[2] http://gulan-media.com/sorani/details.php?section=4&id=27379.

[٣] عەدالەت عومەر: چارەنوسی بێسەروشوێنکراوەکان، مافی قەرەبووکردنەوەلە چوار چێوەی عەدالەتی راگوزەری، (توێژینەوەی بلاونەکراوە کە لە ٢٠١٦/٥/٢٥ لە دیداری هەلەبجە بۆ منداڵە ونبووەکان پێشکەشکرا).

[٤] داود موراد خەتاری: جینۆسایدی ئێزدییەکان "گوندی کۆچۆ" وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی: تەها سلێمان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٦، ل٧٦-٧٧.

[٥] تەها سلێمان: سەرچاوەی پێشو، ل٢١. بۆ زانیاری دەربارەی ئاماری وردی قوربانیانی گوندی کۆچۆ بڕوانە: داود موراد خەتاری: جینۆسایدی ئێزدییەکان "گوندی کۆچۆ" وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی: تەها سلێمان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٦.

[٦] تەها سلێمان: سەرچاوەی پێشو، ل٢١.

[٧] داود موراد خەتاری: جینۆسایدی ئێزدییەکان، ل١٣٦.

ئەوانیش خۆیان لە شاخی شنگال فڕێدایە خوارەوە" ژمارەیەکی تریش هەر هەمان شت دەگێڕنەوە سەبارەت بە چەندین ژن و کچی تر کە خۆیان کوشتووە.[1]

سەرۆکی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان، (زیا پەترس) بۆ ماڵپەڕی خەندان دەڵێت: ئەم ئافرەتانە کۆمەڵێکیان بردراون بۆ بەرپرسەکانی داعش و هەندێکی دیکەشیان بەنرخی (١٥٠-٢٥٠) دۆلار بازرگانییان پێوە کراوە کە ئەوەش تاوانە، هەروەها وتی: "هەندێك لایەن پەیوەندییان پێوە کردوین کە دەیانەوێت بەمەبەستی گەڕانەوەی ئەو ئافرەتانە بۆ لای کەسوکاریان".[2]

یەکێك لە قوربانیە دەربازبووەکان باسی رەوشی ژنە رفێنراوەکان دەکات لە زیندانەکانی داعشدا و دەڵێت: هەموو رۆژێك داعشەکان دەهاتن و بە زۆر کچەکانیان دەبرد، ژمارەی کچەکان (٧٠٠) کەس بوون، هەموو جارێك یەکێك لە ئەمیرەکانی داعش دەهات پێمانی دەوت ژمارەتان (٧٠٠) بوو ئەوەندەتان ماوە، پرۆسەی بردن و رادەستکردن بە لێدان بە سۆندەو قامچی بوو، یان راکێشانی دەمانچە و لێدان لە سەروجەستە بەتایبەت، چونکە کچەکان رەتیان دەکردەوە لە گەڵیان برۆن. کەس نەمایەوە تەنها (١٥) ئافرەت نەبێت کە بەلایانەوە جوان و مەرغوب نەبوون، یان کەس پێیان رازی نەدەبوو، دوای (١١) رۆژ رەوانەی تەلەعفەریان کردین، من لە گەڵ (٢٠) ئافرەتی تر بۆ (بعاج) رەوانە کراینەوە، کە زۆربەیان کەم ئەندام بوون، لەوێ (٨) رۆژ ماینەوەو هەرلەوێش (جەیلان) خۆی کوشت.[3]

داود موراد خەتاری چیرۆکی (جەیلان)مان بەم شێوەیە بۆ تۆماردەکات و دەگێڕێتەوەو دەڵێ": جەیلان برجس نایف، تەمەنی ١٩٩٥ قوتابی پۆلی پێنجی زانستی بوە، لێهاتوو وریا بوە، رەوشت بەرزو خاوەنی جوانیەکی کەم وێنە بووە، لە رۆژی ٢٠-٨-٢٠١٤ لە بەرئەوەی ئامادە نابێت بچێتە ژێر فەرمانی داعش لە یەکێك لە قوتابخانەکان کەکردبویانە گرتووخانە لە بەعاج خۆی دەکوژێ. ئەمە ئەو شەهیدەیە کە قبوڵی مساوەمەو خۆبەدەستەوەدانی لە سەرحسابی مەبدەئو پێوەری ئاینی نەکردوە، بۆیە بڕیاریدا خۆی بکوژێ و ماڵئاوایی لە ژیان بکات لە جیاتی ئەوەی ژیانێکی سەرشۆڕی لە سەردەستی داعش هەڵبژێرێ.[4]

---

[1] http://rudaw.net/english/kurdistan/140820142

[2] ئەحمەد ئەسکەندەری: جینۆسایدی ئێزیدییەکان، دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانو قوربانییەکانی شەڕ
http://genocidekurd.com/ku/babati/617

[3] تەها سلێمان: سەرچاوەی پێشو، ل٢٨-٣١.

[4] هەمان سەرچاوە، ل٣٥-٣٦.

لە راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش دا پۆلێنی تاوانەکانی داعش دوای پەلامارو شالاوەکانی بۆ سەرشەنگال و داگیرکردنی دەکات و بەم شێوەیە دیاریان دەکات:

**یەکەم: ئاوارەبوون**

– ئاوارەبوونی زیاتر لە (٤٣٠,٠٠٠) چوار سەدو سی هەزار کوردی ئێزدی.

– نزیکەی (١٤٠,٠٠٠) سەدو چل هەزاریان بۆ ماوەی زیاتر لە ١٠ رۆژ بێنان و بێئاو، لە چیای شەنگال گیریان خوارد.

– نزیکەی (٢٩٠,٠٠٠) دووسەدو نەوەد هەزاریان ئاوارەی شارەکانی تری هەرێمی کوردستان و تورکیاو سوریا بوون.

**دووەم: کوشتن**

– لە سەرەتای پرۆسەی پەلامارو شالاوی داگیرکارییەکەدا، زیاتر لە (١٨٠٠) هەزارو هەشت سەد کەس، دووچاری کوشتنی بە کۆمەڵ بونەوە، کە تەنها لە گوندی کۆجۆ (٤٠٠) پیاوی ئەم گوندە لە گۆڕێکی بە کۆمەڵ نێژراون.

**سێیەم: رفاندن**

– رفاندنی زیاتر لە (٣٠٠٠) کچ و ژن و منداڵ، کە ناوی ١٦٦١ کەسیان پشڕاست کراوەتەوە.

– جیاکردنەوەی رەگەزی مێیینە لە پیاوان و بە زۆر دەستدرێژی سیکسی کردنە سەریان و بە زۆر ناردنیان بۆ شوێنانی تری ژێر دەسەڵاتیان.

– بە زۆر پێ گۆڕینی ئاین و سەپاندنی ئاینی ئیسلام بە سەریاندا.

**چوارەم: ونبون**

– ونبوونی زیاتر لە (٥٠٠) پێنج سەد کەس، کە ناوو ناونیشانی (٢٥٤) کەسیان لە لایەن کەس و کارەکانیان پشتڕاست کراوەتەوە کە هەتا ئێستا بێسەرو شوێنن.

**پێنجەم: مردوان**

– لە ئەنجامی برسێتی و تینێوتی و ماندووبوون لە رێگا زیاتر لە (٦٠٠) کەس لە پیرو منداڵ و ژن گیانیان لە دەستداوە.

**شەشەم: رووخاندنی پەرستگاکان**

– رووخاندنی زیاتر لە (١٤) چواردە پەرستگاو شوێنی ئاینی کوردانی ئێزدی کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی کۆن دەگەڕێتەوە.[1]

لە چوارچێوەی ئەو تاوانانەی داعش دژ بە ئێزیدییەکانی شەنگال ئەنجامی دان، دزێوترینیان تاوانی فرۆشتن و کڕینی ئافرەتەکان بوو، کە لەلایەن دەستەی (بیت المال)ی (داعش) سەرپەرشتی دەکرا، دوای ئەوەی ئافرەتەکانیان دەست بەسەر کرد یان دەیان رفاندن، بەپێی بەلگەنامەیەکی داعش بەم شێوەیە نرخیان لە سەردادەنان بۆ کڕین و فرۆشتن:

[1] راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش رۆژی ٢٠١٥/٤/٣، ل١٥-١٦.

یەکەم: ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان (٣٠ بۆ ٤٠) ساڵ بێت (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی (٧٥) هەزار دینارە.

دووەم: ژنێکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان (٢٠ بۆ ٣٠) ساڵ (ئێزدی و مەسیحی ) نرخەکەی (٢٠٠) هەزار دینارە.

سێیەم: بۆ مێیینەیەکی پێگەیشتوو تەمەنی لە نێوان (١٠ بۆ ٢٠) ساڵ بێت (ئێزدی و مەسیحی) (١٥٠) هەزار دینارە.

چوارەم: ژنێکی پێگەیشتووی تەمەن (٤٠ بۆ ٥٠) ساڵ (ئێزدی و مەسیحی) نرخەکەی (٥٠) هەزار دینارە.

پێنجەم: منداڵێکی تەمەن یەك ساڵ بۆ نۆساڵ، (ئێزی و مەسیحی) نرخەکەی (٢٠٠) هەزار دینارە.

لە کۆتایی بەڵگەنامەکەدا نوسراوە، (ڕێگە نادرێت هیچ کەسێك لە سێ دەستکەوت زیاتر بکڕێت، جگە لە بیانیەکان ئەوانەش (تورك و سووری و کەنداوییەکان).[(١)]

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم ڕاستیە، بە دەیان چیرۆکی ئافرەت و کچە دەربازبوەکانمان لایە، کە باسی ئەوە دەکەن چۆن داعش و چەتەکانیان، لە سنووری مووسڵ و شارەکانی سوریا بە تایبەت ڕەقە مامەڵەیان پێوەکردوون و بە نرخی جیاجیا فرۆشتویانن.[(٢)]

بەکورتی ئەوەی لەشەنگال لەسەر دەستی گروپی داعش هاتە کایەوە، ڕووداوێکی ڕاگوزەر نەبوو کە لە بۆشاییەوە هاتبێ، کارەساتێك نەبوو پەیوەندی بەچەند کەسێکەوە هەبێت، پەیوەندی تەنها بە گومڕایی بزوتنەوەیەك و پەرگیری هێزێکەوە نەبوو، بەلکو درێژکراوەیەکی ڕاستەوخۆی کەلتورێکی مەرگدۆست و تەکفیری بوو، دەرەنجامی ئەقلیەتێکی ئایینی بوو کە ڕەگوڕیشەکەی بۆ هەزار سال زیاتر دەگەڕێتەوە. کە لە ڕابردوودا چەندان جاری تر، لەژێر پەردەو ناوی جیاجیادا ئەم تاوانانەیان دووبارەو چەند بارە کردۆتەوە دەرهەق بە ئێزیدییەکان.

(١) بۆ دەقی بەڵگەنامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

(2) http://www.anfalistan.com/?p=1475.

## ئەنجام

لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەوەی کە:

١-ئێزیدییەکان (کە زۆرینەی دانیشتوانی شەنگال پێکدەهێنن) کوردی رەسەنن و ئایینەکەیان ئایینی کوردە، بەدرێژایی ئەو مێژووە توانیویانە رەسەنایەتی خۆیان بپارێزن.

٢-ئێزیدییەکان لە ژیاندا زۆر چەوساونەتەوە، کوشتاری زۆریان لێکراوەو فتوای کوشتنیان لەلایەن دەوڵەتەکانی دەوروبەریانەوە دراوەو بە بێباوەڕ ناوزەد کراون.

٣-لەسەردەمی رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عیراقدا جۆرەها شێوازی چەوساندنەوەیان لەگەلدا کراوەو دووچاری راگواستن و بەعەرەبکردن بوونەتەوەو هۆز و تیرە عەرەبەکان لەشوێنیان نیشتەجێ کراون.

٤-لەهەموو سەردەمە جیاجیاکاندا، لەسایەی هەموو دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکاندا، وەك (عەباسیەکان، عوسمانییەکان، سەفەویەکان، ئەفشارەکان، دەوڵەتی عیراق بە رژێمە یەك لە دوای یەکەکانیەوە، رێکخراوی قاعیدە، دەوڵەتی داعش) هێرش کراوەتە سەر ئێزیدییەکان و پەلامار دراون و فەرمانی لەنێوبردنیان دەرکراوە.

٥-لەهەموو هێرش و فەرمان و پەلامارەکاندا کوشتار لە ئێزیدییەکان کراوە.

٦-لە زۆربەی پەلامارەکاندا ژنان بەدیل گیراون و وەك سەبایا سەیریان کراوەو لەزۆر کاتدا براون لە بازاڕەکاندا فرۆشراون و دەستدرێژیان کراوەتە سەر.

٧-لە زۆربەی پەلامارەکاندا تاڵانیی شار و گوند و ناوچەکە کراوە.

٨-لە زۆربەی پەلامارەکاندا شار و گوندەکان یا سوتێنراون یا کاول و خاپور کراون.

٩-ئایین وەك ئامرازێك بەکارهێنراوە بۆ شەرعیەت دان بە پەلامارەکان و هەر بۆیە گەلێ جار موفتی و پیاوانی ئایینی فەتوایان پێ دەرکراوە.

١٠-هۆکارەکانی پەلاماردانی شەنگال لەلایەن دەسەڵاتە یەك لەدوای یەکەکان بۆ (جیاوازیی ئایینی، جیاوازی نەتەوەیی، نەدانی باج، سەربازیی نەکردن، تاڵانیی ناوچەکە، گرنگیی پێگەی جیۆپۆلەتیکی ناوچەکە) دەگەڕێتەوە.

١١-شاری شەنگال بەدرێژایی مێژووی سەردەمە جیاجیاکان هەڕەشەی پەلامار و کۆمەڵکوژی لەسەر بووە، بەجۆرێك کە دەتوانین بڵێین ئەوەی رووبەڕووی شەنگال بۆتەوە لەم مێژووەدا نمونەی لەهیچ شارێکی تری کوردستان و بەڵکو جیهانیشدا نەبووە.

١٢-کاتێ بەراوردی هەڵسوکەوت و رەفتاری دەسەڵات و هێزە جیاجیاکان دەکەین دەرهەق بە خەڵکی شەنگال، جگە لە جیاوازی زەمەن و تەکنیکی چەك و تەقەمەنیەکانیان، هیچ جیاوازییەکی تر نابینرێت و هەموویان بەیەك ریتم رەشەکوژی خەڵکی ئەو شارەیان کردووەو ئافرەتەکانیان بردووەو دەستدرێژیان کردۆتە سەریان و فرۆشتویانن و ناوچەکەیان تاڵان و خاپور کردووە.

١٣-جگە لە داگیرکەران هەندێك جار دەسەڵاتە کوردیەکانیش وەك هەندێك لە میرانی سۆران و ئەردەلان و بۆتان و هەندێك جاریش سەرەك هۆز و عەشیرەتە کوردییەکان لەژێر کاریگەریی دەماری ئایینیدا خیانەتی نەتەوەیی و تاوانی گەورەی مرۆییان ئەنجامداوەو هیچ جیاوازیان لەگەڵ والی و سوڵتانەکانی دەوڵەتە ئیسلامیە داگیرکەرەکاندا نەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:**


١. ئەنستاس ماری کەرمەلی: کتێبی پیرۆزی ئێزیدییەکان، (جیلوە و مەسحەفارەش) و بیبلۆگرافیای ئێزیدیاتی، نەجاتی عەبدوللا لە فەرەنسیەوە کردویەتی بە کوردی، دەزگای ژین، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢. ئەولیا چەلەبی: کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا،سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦.

٣. تەها سلێمان:جینۆسایدسایدی ئێزدییەکان، سلێمانی، ٢٠١٤.

٤. حەکیم ئەحمەد خۆشناو (دکتۆر): کورد و کوردستان لەدیدی گەڕیدەو رۆژهەلاتناسانی موسولمان، وەرگێڕانی شوکر سلێمان، هەولێر، ٢٠١٤.

٥. حوسێن حوزنی موکریانی: سەرجەمی بەرهەمی، ب٢، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦. خانا ئۆمەر خالی (دکتۆر): ئێزدیاتی، جڤاك، سەمبول، رەیتووەل و میت، و/ئەرگین ئۆپەنگین، گۆرینی لە پیتی لاتینیەوە کۆڤان خانکی، هەولێر، ٢٠١١.

٧. داود موراد خەتاری: جینۆسایدی ئێزدییەکان "گوندی کۆجۆ" وەرگێڕان و ئامادەکردن بۆ کوردی: تەها سلێمان، چ٢، سلێمانی، ٢٠١٦.

٨. سەربەست حسین: ئێزدییەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا، چ٣، ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادران، سلێمانی، ٢٠١٢.

٩. سینان هاکان: کورد و بەرخۆدانەکانی ١٨١٧–١٨٦٧، لەبەلگەنامەکانی ئەرشیفی عوسمانیدا، وەرگێڕانی بەکر شوانی، هەولێر، ٢٠١٢.

١٠. شاکر فەتاح: سەرجەمی بەرهەمی، ب٣، هەولێر، ٢٠٠٤.

١١. عبدالله عەلیاوەیی (دکتۆر): کوردستان لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا، سلێمانی، ٢٠٠٤.

١٢. عەبدوللا غەفور(دکتۆر): پێکهاتەی نەتەوەیی دانیشتوان لە باشوری کوردستان (بەپێی سەرژمێری دانیشتوانی عیراق–١٩٧٧)،سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٣. عەبدوللا غەفور(دکتۆر): ئەتنۆ–دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٤. عەلی تەتەر نێروەیی(دکتۆر): کورد و مێژوو، ب٢، دهۆك، ٢٠٠١.

١٥. کاوس قەفتان(دکتۆر): چەند لێکۆلینەوەیەك لە مێژووی بابان سۆران بۆتان، بەغدا، ١٩٨٥.

١٦. محەمەد ئەمین زەکی: خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

١٧. مونیرە ئەبوبەکر محمد: پێگەی ئێزیدییەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ١٩٩٢–٢٠٠٨، سلێمانی، ٢٠٠٩.

١٨. نەوشیروان مستەفا ئەمین: کوردو عەجەم، چ٢، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٩. د. هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن: ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان)، لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرا و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی الادیب، ٢٠٠٩.

**دووەم: کتێب بە زمانی عەرەبی:**


٢٠. الاب سهيل قاشا: اليزيدية، مكتبة السائح، طرابلس-لبنان، ٢٠٠٤.

٢١. رحلة ابن بطوطة، تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب للاسفار، ج١، قدم له و حققه الشيخ محمد عبدالمنعم العريان، ط١، دار احياء العلوم، بيروت، ١٩٨٧.

٢٢. احمد فوزي: قاسم و الاكراد / خناجر و جبال، القاهرة، ١٩٦١.

٢٣. ارشد حمد محو: الايزديون في كتب الرحالة البريطانيين، من مطلع القرن التاسع عشر الى نهاية الحرب العالمية الاولى، دهوك، ٢٠١٢.

٢٤. اسماعيل بگ چول: اليزيدية قديما و حديثا، اعداد وحواشيهاالووضع مقدمها وفهارسها د.قسطنطين زريق، بيروت، ١٩٣٤.

٢٥. نس محمد شريف الدوسكي: اتباع الشيخ عدي بن مسافر الهكاري، مكتبة الاصالة والتراث، الشارقة، ٢٠١٠.

٢٦. توفيق وهبى: اليزيديه بقايا الميپرائيه، ت/شوكت ملا اسماعيل حسن، السليمانيه، ٢٠٠٩.

٢٧. جمال بابان: اصول اسماو المدن والمواقع العراقيه، ج١، بغداد، ١٩٨٩.

٢٨. جون س.گيست: الحياة بين الكرد.. تاريخ الايزديين، ت/عماد جميل مزوري، اربيل، ٢٠٠٥.

٢٩. جيمس بكنغهام: رحلتى ال العراق سنه ١٨١٦، ترجمه سليم طه التكريتى، ج١، بغداد، ١٩٦٨.

٣٠. خسرو گوران: الكورد في محافظة الموصل، دهوك، ٢٠٠٦.

٣١. خليل اسماعيل محمد (الدكتور): دهوك-نينوى دراسات في الخصائص الديموغرافي للسكان، السليمانية، ٢٠٠٥.

٣٢. خليل جندى(الدكتور): الايزيديه والامتحان الصعب، اربيل، ٢٠٠٨.

٣٣. داود مراد ختاري: الايزيدية في المخطوطات الكلدانية، بغداد، ٢٠١١.

٣٤. داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية عن مأساة الايزديين، دهوك، ٢٠١٣.

٣٥. روجية ليسكو: اليزيدية في سورية و جبل سنجار، ترجمة احمد حسن، دار المدى، بيروت، ٢٠٠٧.

٣٦. زهير كاظم عبود: لمحات عن الايزدية، مكتبة النهضة، بغداد، ١٩٩٥.

٣٧. سامي سعيد الاحمد (الدكتور): اليزيدية، احوالهم و معتقداتهم، ج١، بغداد، ١٩٧١.

٣٨. سعيد الديوەچى: اليزيدية، الموصل، ١٩٧٣.

٣٩. شاكر خصباك(الدكتور): الاكراد- دراسة جغرافية أثنوغرافية، بغداد، ١٩٧٢.

٤٠. شاكر خصباك(الدكتور): العراق الشمالي دراسة لنواحية الطبيعية والبشرية، بغداد، ١٩٧٣.

٤١. شاكر خضر مراد: موقف (ئوسێ دوغۆ) و عائلته من الحملات العثمانية، مجلة لالش، العدد ٣١.

٤٢. شكرى رشيد الخيرڤايى: شنگال فى الفتره مابين (١٩١٨-١٩٣٩)، مجله لالش، العدد ١٧.

٤٣. صديق الدملوجي: اليزيدية، مطبعة الاتحاد، الموصل، ١٩٤٩.

٤٤. صديق الدملوجي: إمارة بهدينان الكوردية أو إمارة العمادية، الموصل، ١٩٩٢.

٤٥. طارق جامباز: أماكن العبادة المدمرة للمسلمين و المسيحيين والايزديين، كوردستان، ٢٠٠٦.

٤٦. طارق جامباز: ضحايا عمليات الانفال ١٩٨٨ من المسيحيين والايزديين، ط٣، كوردستان، ٢٠٠٨.

٤٧. عباس العزاوى: تاريخ العراق بين احتلالين، ج٤، بغداد، ١٩٥٤.
٤٨. عبدالرزاق الحسني: العراق قديما و حديثا، ط٣، صيدا، ١٩٥٨.
٤٩. عبدالرزاق الحسني: اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم، ط٦، بغداد، ١٩٧٤.
٥٠. عبدلرزاق محمود القيسي، ولاية الموصل تقرير عصبة الأمم الخاصة بحل النزاع التركي — البريطاني حول ولاية الموصل ١٩٢٤–١٩٢٥.
٥١. عدنان زيان فرحان (الدكتور) و قادر سليم شمو: مأسات الايزديين، الفرمانات وحملات الابادة ضد الكورد الايزديين عبر التاريخ، دهوك، ٢٠٠٩.
٥٢. عدنان زيان فرحان: الكرد الايزديون فى اقليم كردستان، السليمانيه، ٢٠٠٤.
٥٣. محمود الدرة: القضية الكردية، ط٢، بيروت، ١٩٦٦.
٥٤. محمود شيخ سين حسو الريكانى: شنگال فى العهد الملكى (١٩٢١–١٩٥٨) اربيل، ٢٠١٢.
٥٥. موسى مصطفى الهسنيانى: سنجار، دراسة في تاريخها السياسي والحضاري من (٥٢١–٦٠٠ه/١١٢٧–١٢٦١م)، سپيريز، اربيل، ٢٠٠٥.

**سێیەم: ڕۆژنامە**

٥٦. ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٦٤٥٩)، ٢٠١٤/٨/١٨.
٥٧. ڕۆژنامەی ئاوێنە، ژمارە (٤٤٢)، سێشەممە ٢٠١٤/٨/٢٦.

**چوارەم: گۆڤار بە زمانی کوردی**

٥٨. جەمال حوسێن: داعشناسی، گۆڤاری نما، ژمارە (٤٢)، ٢٠١٥.
٥٩. گۆڤاری مێژوو، ژ٢٩، زستانی ٢٠١٤.
٦٠. عەلی تەتەر نیروەیی: شنگال دسیاحەتناما ئەولیا چەلەبی دا، گۆڤاری لالش، ژمارە (١٥)، نیسانی ٢٠٠١.
٦١. عدنان زیان فرحان و فرهاد حاجی عبوش: شنگار د پەرتوکێن چەند گەڕۆکێن بیانی دا ل سەردەمێ ئوسمانی (١٥١٦–١٩١٨)ز، مجله لالش، العدد٢٤، سنه ٢٠٠٦.
٦٢. سالمێ جاسم: ڕەوشا سیاسی و جڤاکی ل کوردستانا ئوسمانی د نامەیێن هیلموت ڤون مولتکی دا ١٨٣٥–١٨٣٩، گۆڤاری هاڤیبوون، ژمارە (٥)، بەرلین ١٩٩٩.
٦٣. موسەددەق توڤی: دوو هەلوێستێن دیرۆکیێن پشتەڤانیا کوردینیێ یا شنگالێ، مجله لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١.

**پێنجەم: گۆڤار بە زمانی عەرەبی**

٦٤. سعيد خوديده: من مشاهير الكورد داود الداود الشنگالى، مجله لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١.
٦٥. خدر شنگالى: شنگال في كتب بعض الرحالة والباحثين والشعراء، مجلة لالش، العدد ١٦، ٢٠٠١.
٦٦. على سنجارى: الكورد الايزديون و استمرار سياسه التعريب، مجله لالش، العدد٢٤، سنه ٢٠٠٦.
٦٧. عبدالفتاح بوتاني(الدكتور): ملاحظات اولية حول الايزدية والايزديين، مجلة لالش، العدد ١٢، ٢٠٠٠.

٦٨. د.عبدالفتاح علي البوتاني: شنگال، شنگار (سنجار) و ثورة ١١ ايلول ١٩٦١ في عدد من الوثائق الحكومية، مجلة لالش، العدد ١٥، ٢٠٠١.

**شەشەم: توێژینەوەو راپۆرت و بەیانامە**

٦٩. عەدالەت عومەر: چارەنوسی بێسەروشوێنکراوەکان، ماف قەرەبووکردنەوەلە چوار چێوەی عەدالەتی راگوزەری، (توێژینەوەی بلاونەکراوە کە لە ٢٠١٦/٥/٢٥ لە دیداری هەلەبجە بۆ مندالە ونبووەکان پێشکەشکرا).

٧٠. بيان رقم (٤) لحزب الديمقراطي الكوردستاني /الفرع الاول/ عن الحملة العسكرية للارهابية في سنجار في اواخر تموز ١٩٧٢.

٧١. راپۆرتی یەکەمین کۆنفرانسی لالش بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان، لە پەرستگای لالش رۆژی ٢٠١٥/٤/٣.

**حەوتەم: ماڵپەری ئەلیکترۆنی**

٧٢. ئەحمەد ئەسکەندەری: جینۆسایدی ئێزیدییەکان، دەستدرێژی بۆ سەر ئافرەتانو قوربانییەکانی شەڕ
http://genocidekurd.com/ku/babati/617

٧٣. داعش کچانی ئێزدی وەك کۆیلەی سێکسی بەکارهێناوە، ماڵپەری نوچەنێت:
http://www.nuche.net/?p=24632

74. http://genocidekurd.com/ku/babati/732
75. http://gulan-media.com/sorani/details.php?section=4&id=27379.
76. http://rudaw.net/english/kurdistan/140820142
77. http://wllat-net.blogspot.com/2014/08/blog-post_503.html.
78. http://www.anfalistan.com/?p=1475.
79. http://www.chawdernews.com/Direje.aspx?Jimare=3820
80. http://www.chawdernews.com/Direje_chawpikewtn.aspx?Jimare=3606
81. http://www.knwe.org/Direje.aspx?Jimare=29135&Cor=2&Besh=Witar.
82. http://www.speemedia.com/dreja.aspx?=hewal&jmare=11608&Jor=1
83. http://www.xendan.org/dreja.aspx?Jmara=6754&Jor=1
84. http://kirkuknow.com/kurdish/?p=38809
85. http://malmokurd.com/News-3808-2

## پاشکۆی (١)
## نەخشەی شەنگال




**سەرچاوە:** کاری توێژەر، پشت بەستن بە: (د. هاشم یاسین حداد، سردار محمد عبدالرحمن: ئەتڵەسی (هەرێمی کوردستانی عێراق – عێراق و جیهان)، لە بڵاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پڕۆگرا و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردە، چاپخانەی الادیب، ٢٠٠٩، ل٣٣.

## پاشکۆی (٢)

## بەلگەنامەی عوسمانی سەبارەت بە هێرشی حافز پاشا بۆسەر شەنگال سالی ١٨٣٧

کە تیایدا هاتووە ژمارەیەکی زۆریان لە ئێزیدییەکان کوشتووەو ژن و مندالەکانیشیان بەدیل بردووەو مالەکانیشیان تالان کردوون



**سەرچاوە:** داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية عن مأساة الايزديين، دهوك، ٢٠١٣.

## پاشکۆی (٣)

## بەلگەنامەی عوسمانی سەبارەت بە هێرشی بەکر پاشا بۆسەر شەنگال سالی ١٨٩٣


Osmanlı Arşivi Daire Başkanlığı

Y.A.HUS 1310-12.27

• BOA.,Y..A...HUS.277/123.(Yurdaer ABCA,p212).

**سەرچاوە:** داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية عن مأساة الايزديين، دهوك، ٢٠١٣.

## پاشکۆی (٤)

## بەلگەنامەی عوسمانی سەبارەت بە سلێمان پاشا بۆسەر شەنگال سالی ١٧٩٥



**سەرچاوە:** داود مراد ختاري: خمس و ثمانون وثيقة عثمانية عن مأساة الايزديين، دهوك، ٢٠١٣.

## پاشکۆی (٥)

## فەرمانی دەوڵەتی ئیسلامیی داعش سەبارەت بە نرخی فرۆشتنی ژنانی ئێزیدی



دولة العراق الإسلامية

لا إله إلا الله

الدولة الإسلامية

العـدد/ ١٧٨

التاريخ/ ٢١ ذو الحجة ١٤٣٥هـ

بسم الله الرحمن الرحيم

م/ اسعار بيع الغنائم

وردنا ان سوق بيع النساء والغنائم قد شهد انخفاضا كبيرا وهو ما يؤثر على ايرادات الدولة الاسلامية وتمويل صولات المجاهدين فيها.

ولذلك فقد ارتأت هيئة بيت المال وضع الضوابط والأسعار بخصوص بيع النساء والغنائم وتلزم جميع المزاولين لهذا العمل بالالتزام بها ومخالفه سيتم اعدام كل مخالف:

| الاسعار | البضاعة |
|---|---|
| ٧٥,٠٠٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٣٠-٤٠ سنة / يزيدية / مسيحية |
| ١٠٠,٠٠٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٢٠-٣٠ سنة / يزيدية / مسيحية |
| ١٥٠,٠٠٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ١٠-٢٠ سنة / يزيدية / مسيحية |
| ٥٠,٠٠٠ الف دينار | للمرأة البالغة من العمر ٤٠-٥٠ سنة / يزيدية / مسيحية |
| ٢٠٠,٠٠٠ الف دينار | لجميع الاطفال من ١سنة الى ٩ سنة / يزيدية / مسيحية |

لا يسمح لأي شخص بشراء اكثر من ثلاث غنائم ويستثنى من ذلك الاجانب من الاتراك والسوريين والخليجيين.

٢١ ذوالحجة ١٤٣٥هـ

## پاشکۆی (٦)

## چەند وێنەیەك لە کۆچی شەنگالیەکان لەکاتی شالاوەکانی داعش ٢٠١٤













# الملخص

## شنگال امام الفتاوى الدينية والحملات التوسعية

## ١٢٥٤ – ٢٠١٤ م

الايزديون جزء لا يتجزأ من الامة الكوردية، تاريخهم تأريخ الكورد ودينهم دين اجداد الكورد، ورغم الضغوط الممارسة عليهم طيلة التاريخ، لم يساوموا على انتمائهم ذلك. لقد تعرضوا طوال التاريخ الى الظلم والحيف والاضطهاد على ايدي المحتلين، نهبت اراضيهم ولوحقوا وابيدوا، منذ العهود التي سبقت الاسلام ومرورا بقدوم الجيوش العربية والاسلامية والسلاطين والخلفاء العثمانيين والايرانيين، وصولا الى العهد الحديث حيث لم تتورع الدول والانظمة المتعاقبة في كل من العراق وسوريا وتركيا وايران عن ........ حتى ان بعض الامراء الكورد اعتدوا عليهم تحت غطاء الدين وهاجموا ديارهم. تاريخهم هذا يعيد نفسه كل بضع سنوات، الا ان الايزديين الاحرار صمدوا امام كل ذلك، وبالرغم من ابادتهم وتجاهل قضيتهم من جانب الرؤساء والزعماء الكورد، الا انهم لم يستسلموا وابقوا على كورديتهم وازيديتهم.

آخر أمر صادر بابادتهم كان من قبل تنظيم داعش الارهابي عام ٢٠١٤، هذه الحملة كانت حملة لاانسانية الى ابعد الحدود، يندر حدوثها في التاريخ، كانت حملة ضد السكان المدنيين بعيدا عن كل المقاييس، فتشرد مئات الآلاف من النساء والاطفال. قُتل الرجال وسبيت النساء ليتم بيعهن وشرائهن كالعبيد، فيما مات الاطفال والشيوخ جوعا على قوارع الطرق.

صحيح ان معظم المدن والبلدات والقرى الكوردستانية تعرضت الى الحملات البربرية التي قادتها الانظمة المتعاقبة، بيد انه لا وجود لمدينة او منطقة تعرضت للنهب بقدر شنكال وتعب سكانه بقدر سكان شنكال وعاش اهله في ظل التهديد كما عاش الشنكاليون. لا وجود لمنطقة في كوردستان اهلها فقراء ومنكوبون ومغلوبون على امرهم كما شنكال. ولكن رغم ظروف حياتهم الشاقة، حيث ان مناطقهم تخلو من كل مقومات الحياة، بقوا راضين بما هم عليه لقاء محافظتهم على انتمائهم الكوردي، ومع ذلك لا تركهم المحتلون والارهابيون، ولا تجاوب معهم الحكام الكورد كالمطلوب. لم يطالبوا الا حمايتهم من قبل السلطات الكوردية، والسلطات الكوردية اهملت مطلبهم الوحيد ذاك، تركهم القادة والمسؤولون الكورد وهم نيام وسلموا شنكال الى جيش ارهابيي داعش الهمجي. والحصيلة كانت سبي نسائهم واعدام رجالهم وتفجير معابدهم وترك مئات الآلاف من الكورد الايزديين الى مصير مجهول.

هذا البحث الذي يتطرق الى وضع شنكال التي تعرضت على مر التاريخ الى حملات شنتها الانظمة والسلطات الاسلامية المتعاقبة على حكم المنطقة، والتي أصدرت بحقها عشرات الأوامر بابادة سكانها وتدميرها ونهبها، ينقسم الى اربعة مباحث، المبحث الأول عبارة عن موجز حول جغرافية شنكال وأصل تسميتها وتكوين سكانها، والمبحث الثاني يتطرق الى تاريخ شنكال وأصول الايزديين الذين يشكلون الغالبية العظمى من سكان المدينة، والمبحث الثالث يتطرق الى حملات الابادة التي تعرضت لها المدينة على مر التاريخ، اما المبحث الرابع والأخير فهو عن هجوم داعش على شنكال في عام ٢٠١٤ والقتل الجماعي الذي تعرض له الايزديون والاستنتاجات التي توصلنا اليها.

ولاعداد هذا البحث استفدنا من عشرات المصادر القديمة والحديثة المحلية والاجنبية، من ضمنها الكتب التي عرضت الوثائق العثمانية، ممن لهم اطلاع عن كتب على اوضاع الايزديين المعيشية. بالاضافة الى كتابات بعض المستشرقين الاوروبيين والعديد من الرسائل ومصادر اخرى كثيرة كالكتب والجرائد والمجلات والمواقع الالكترونية.

# Abstract

## Shangal in the face of Occupation Campaigns 1254-2014

The Yazidis are an integral part of the Kurdish people. Their history is that of the Kurds and their religion is the ancient religion of the Kurds which they have preserved despite the long standing oppression they have encountered. Throughout history, they have suffered repression, occupation and genocide ever since the arrival of Islam through to the Arab armies, the Ottoman Sultans, the Iranians, and the modern states of Iraq, Syria, Turkey and Iran. Nevertheless, on many occasions, they have been attacked by Kurdish Emirs on religious grounds. These events have occurred so repeatedly that 74 orders of Yazidi annihilation have been issued so far. Yet, despite such genocidal acts and the Kurdish leaders' indifference towards them, they have resisted such acts and have remained as Kurds, as they were.

The latest genocidal act perpetrated against them was by the terrorist group of ISIS in 2014. Horrible and surpassingly inhumane as it was, the annihilation campaign by ISIS targeted the civilians killing thousands of them and displacing hundreds of thousands more with the women being taken as sex slaves and the children and the elderly being left in the wilderness to starve and finally perish.

It is true that most of the Kurdish towns and villages in Kurdistan have been attacked by the successive regimes, none of them has suffered like Shangal and none of their populations have been in danger particularly economically. The town is utterly destitute and its people are deprived of the most basic conditions of life. They have accepted to live in all these harsh conditions only to maintain their Kurdish identity. Yet, their enemies have not let them live in peace and quietude and the Kurdish authorities have let them down by not protecting them! The Kurdish military leaders left their town when they were sound asleep in the middle of the night. The result was: ISIS took their women as sex slaves, shot their men dead, demolished their sacred places and sent into unknown destines hundreds of thousands of others.

Hence, the present study tackles the conditions Shangal has passed through along the periods ruled by the successive regimes and how they have been attacked exposed to annihilation. It is divided into four sections. The first section is an introduction to the geography, name and demographic composition of Shangal whereas the second section covers the history and the roots of the Yazidis who are predominant in the town. The third section of the study deals with the genocides and annihilation campaigns befalling the town while the last section covers ISIS genocide against Shangal people in 2014.

The study has drawn on many sources both old and recent, local and foreign, including those releasing Ottoman documents such as David Murad khan's 'The Yazidis in the Chaldean manuscripts' and '85 Ottoman documents on the Yazidis' tragedy' and Sinan Hakan's book ' The Kurds and their resistance 1817-1867 in Ottoman archives' as well as Awlya Chalabi's Travel Book. Other resources have also been consulted such as those of Amin Zeki Beg, Damalouji, Khasbak, Al-Husny, Fawzi, Durrah, Fattah and others.Besides, some theses and dissertations as well as electronic web pages have also been consulted.

Furthermore, completing this research has not been without obstacles. The biggest challenge was lack of resources on ISIS attacks on Shangal. This was due to its recency and vagueness of the events. To get out of this problem, we have resorted to electronic sites which we have used, to our best knowledge, in accordance with scientific methodology.

Finally, We would like to state that the tragedy of Shangal is so painful that it is worth being introduced into the school curricula in Kurdistan so that Kurdish children remain acquainted with the history of such brave and honorable people who have never bent to any of their enemies.

# خالید دلێر و سروودی کوردی[١]

**م. ی. عبدالواحد ادریس شەریف**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتی پەروەردە**
**بەشی کوردی**

**پ. ی. د. عثمان حمد خضر دەشتی**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتی پەروەردە**
**بەشی کوردی**

## پێشەکی

سروود لەچەمك و پێناسەدا بریتیە لە ژانەرێکی ئاوێتە لە هونەری شیعر و هونەری ئاواز و گۆرانی، سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆرانی ئایینی و وەسف و پیا هەڵدانی پیاو چاکان و میر و پاشاکان کە لەپاشان ناوەڕۆکێکی سیاسی– نیشتیمانی و نەتەوەیی بەخۆیەوە گرتووە. لە ئێستادا سروود دەقێکی شیعریە هەڵچوون و خرۆشانی تێدایە و بەڕیتم و ئاوازێکی تایبەت دەگوترێت. هەموو وڵات و نەتەوەیەك سروودی نیشتیمانی و نەتەوەیی تایبەت بە خۆیان هەیە. سروودی کوردیش بۆتە بەشێك لە ئەدەب و هونەر و کلتووری ئەو میللەتە و لە ڕەوتی پێشکەوتنیدا قۆناغی جیا جیای بڕیوە، خالید دلێر کەسێکی هونەرمەند و بەهرەدار بووە و لەمەیدانی سروودی کوردیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی بینیوە، خەرمانێك سروودی هونەری نیشتیمانی و نەتەوەیی دانسقەی داهێناوە. لەم رووەوە ئەم باسە هەوڵێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژانەری سروود بەشێوەیەکی گشتی و سروودی کوردی بەشێوەیەکی تایبەتی. ئەنجا دەپەڕژێتە سەر ڕۆڵی خالید دلێر لەو مەیدانەدا بە هێنانەوە و تاوتوێکردنی سەرجەم بەرهەمەکانی لەبواری سروودی کوردیدا.

باسەکە بەشێوەیەکی گشتی لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و چەند تەوەرەی جیا جیاو ئەنجامەکان پێك دێت، لەگەڵ لیستی ژێدەر و سەرچاوەکان و پوختەیەك بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

[١] ئەم توێژینەوەیە بەشێکە لەنامەیێکیی دکتۆرا بەناونیشانی (بنیاتی هونەری و بیری ڕەخنەیی لە کارە ئەدەبی و هونەرییەکانی خالید دلێردا)، کەوا لە بەشی کوردی – فاکەڵتی پەروەردەی زانکۆی کۆیە، ئامادە دەکرێت.

## بەشی یەکەم

## سروود، چەمك و پێناسەو مێژوو

### ١) زاراوە و چەمك و پێناسەی سروود

لە فەرهەنگە کوردیەکانی وەکو (خاڵ، هەمبانە بۆرینە، کوردستان)دا سروود، بەئاواز و گۆرانی نیشتیمانی لە قەڵەم دراوە، دیارە ئەم بۆچوونە زیاتر پێناسەیەکی ئەمڕۆییە، زیاتر لەوەی لە ڕووی ئیتمۆلۆجی و تیرمینۆلۆجیەوە وشە و زاراوەکە شیبکاتەوە.

لە فەرهەنگە فارسییەکانی وەکو (لغت نامە و فرهنگ فارسی، معین)دا هاتووە کەوا سروود وشەیەکی پەهلەوییە و لە بنەڕەتدا (سروت – tüsr) یاخود (سرووت– tüsr)ەوە بە واتای نەغمەو ئاوازی جۆش و خرۆش ئامێز دێت. یا ئەوەتا هۆنراوەیەکی ئاواز دارە کە مۆرکێکی حەماسی هەبێت. (معین، ١٣٦٠، ج٢، ١٨٧٧).

لە زمانی عەرەبیدا بە (النشید) هاتووە، کە ئەو شیعرو هۆنراوانەی خەڵك بەدەنگ و ئاوازی بەرز لەنێو خۆیاندا دەیڵێنەوە. (ابن منظور، ٢٠٠٨، ج١٣، ٢٠٠).

لە زمانە ئەوروپاییەکاندا زاراوەی (سروود: Hymn) مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە ریشەی (Hymnos)ی لاتینیەوە هاتووە، کە بەو گۆرانی و ئاوازانە گوتراوە کە لەمەدح و ستایشی خوداوەند و پاڵەوانان‌دا هەڵگوتراون. کۆنترین سروودێك کە لەئەدەبیاتی ئەورووپاییدا مابێتەوە سروودێکی (هۆمیرۆس)ە، کە مێژووەکەی بۆ سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە و لە ستایشی خوداوەندی بەروبەرهەم و خەرمانهەڵگرتن (دیمیترا)دا هۆنراوەتەوە. (سیماداد، ١٣٨٣، ٢٩١). هەر لەبارەی مێژووی سروودەوە (مجدی وهبە) دەڵێ: ((سروود لە بنەڕەتدا یۆنانیە، هۆنراوەیێکە بۆ پیاهەڵدانی خواوەندەکان و پاڵەوانان دەگوترا، وەك سروودەکانی هۆمێری، لە ئەدەبی ئەوروپاییەکان سروود هۆنراوەیێکە بۆ پیاهەڵدانی کەسایەتی گەورە و بەدیارخستنی خەسڵەتە باشەکانی دەگوترێت)). (وهبە، ؟، ٢٥٥).

لە ئێستادا پێناسەی سروود ئاڵو گۆڕی بەسەردا هاتووە بۆ نمونە لەلای عەرەب ((سروود هۆنراوەیێکە لە خۆشەویستی نیشتیمان و پابەندبوون پێی و خەباتکردن لەپێناوی گەورەیی و سەربەرزی وڵات و پارێزگاریکردن لێی و پاراستنی دەسکەوتەکانی دەگوترێت)) (الفرحان، ١٩٨٤، ٦٣).

لەبارەی چەمك و مێژووی سروودەوە شارەزایانی کوردیش بۆچوونی خۆیان هەیە. بۆ نمونە (ناسری ڕەزازی) بیرو ڕای وایە کەوا، (سروود یاخود سرووت) هەمان وشەی (ستران)ی کوردییە، لەبنەڕەتدا وشەیەکی (ئاوێستایی)یە وبریتیە لەو گۆرانییە ئاینیانەی کە لەسەردەمی زەردەشتدا هۆنرانەوەتەوە، لەکۆندا لە پەرستگاکان و ئاورگاکانی مووغەکانی زەردەشتی لەکاتی نزاو پاڕانەوە و پیاهەڵدان و بۆنەو ئاهەنگەکانی ئایینیدا گوتراون. (ڕەزازی، ٢٨٢، ١٨٩).

سروود لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا چەمکێکی تازەی پەیداکردووە و بۆتە ((ئامرازێکی کاریگەر و هۆکارێك بۆ گوزاشتکردن لە خەبات و تێکۆشان لە دژی دوژمنان و داگیرکەران،... ڕۆڵێکی باشیشی بینیوە لە ئامادە کردنی جەماوەر و هۆشیارکردنەوەی تا رووبەڕووی داگیر کەران وەك چەکێك بەکاری بهێنن و لە بۆنە نیشتیمانی و ئاهەنگەکاندا دووبارەی دەکەنەووە)) (معروف، ٢٠٠٥، ٢١).

هەر لەبارەی سروودەوە (ئەنوەر قەرەداغی) دەڵێت: (مرۆڤی کورد سروودی بۆ حەز و سەربەرزی و سەربەستی و بەرگری لەماف و خاکەکەی و لە دژی زوڵم و چەوسانەوە وتووە، بەهەر شێوەیەك بێت، لە مقامێکەوە یان لە ڕێگەی

گۆرانییەكی سیاسی یان بە جۆرێكی پڕ لەجۆش و لەڕیتمێكی جۆشدار دا وەك مارش، ئەو ناخەی خۆی دەربڕیوە) (قەرەداغی، ۲۰۰۱، ۲٦۰۷).

كولتوور و مێژووی ئەدەبی كوردی فۆلكلۆری و میللی كوردی ئەوە نیشاندەدات كەوا (بەیت) و (لاوك) كۆنترین فۆرمی گۆرانی داستانی بەناوەڕۆك (سیاسی، نیشتیمانی و نەتەوەیی) كوردییە، كەوا شانبەشانی مێژووی شەڕ و نەبەرد و داستانە دلێری و قارەمانێتییەكانی كوردان هاتووە. لەنموونەی (بەیتی قەڵای دمدم) و (بەیتی ئاورەحمان پاشای بابان). هەروەها ئەو (لاوك)انەی كە دلێری و ئازایەتی سەركردەو جەنگاوەرانی شۆڕش و بەرخۆدانەكانی رابردوومان بۆ دەگێڕنەوە، لە وێنەی (شۆڕشی ئاگری داغ و شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمودی حەفید... تاد).

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەم هەستی نیشتیمانی و گیانی نەتەوەپەروەری لە گۆرانی سیاسیدا بەرجەستە دەبێت، كە ئەویش وەك بەشێك لە ئەدەبی زارەكی و میللی كوردیدا بۆمان ماوەتەوە، بە نموونە گۆرانییەكی فۆلكلۆری بەناوەڕۆك سیاسیمان هەیە، كە تیایدا دەنگی دایكێكی كورد دەبیسترێت، كە ناڕەزایی و بیزاری دەردەبڕێت لەئاست هەڵمەتی سەربازگیری بەزۆری (رەزا شای پەهلەوی) دەرهەق بەگەنج و لاوەكانی كورد لەو رۆژگارەدا:

یاخوا رەزا شا بەردت لێباری
كوڕم گەورە كرد بەقەندی شاری
ئەتۆش لۆخۆت برد لەبۆ ئیجباری
***
یاخوا رەزا شا تەختت وەرگەڕێ
من لاوی كوردم مەمبەرە شەڕێ
***
یاخوا رەزا شا هەرسێ كوڕت بمری
ئیجباری تازە لەكوردی دەگری
***
رۆژێ دوو قڕان مانگی حەوت شایی
چی بدەم بەشەكر چی بدەم بەچایی (جندی، ۱۹۸۳، ٥).

تۆماری گۆرانییەكی سیاسی كوردی هەیە كە وا بەدەنگی (دایكی جەمال) تۆمار كراوەو، باس لەكارەساتی شەهید كردنی شێخ سەعید باوكی شێخ مەحمود دەكات لە (موسل) لە ساڵی (۱۹۰۷) داو بەندی یەكەمی گۆرانییەكە بەم جۆرەیە:

هەی گوڵ هەی گوڵ تۆم بەگوڵ زانی ئاغام شێخ سەعید قوتبی سلێمانی
جوابەكی بەرن بۆ فاتمە خانی شێخ سەعیدیان كوشت لەناو مەیدانی

تێکستی گۆرانی سیاسی فۆلکلۆری دیکەش لەبنەڕەتدا هەیە، کەوا خەڵك بەهەست و گیان و هەناسەیەکی پڕ لە کوردایەتی و نیشتیماندۆستی، لە مەجلیس و کۆڕ و دیوەخان،یا لەکاتی کارو فرمانی ناو کێڵگەو باغ و بێستان بەدەم کارکردنەوە گوتویانەتەوە.

**٢) جۆرەکانی سروود:**

سروود بەشێوەیەکی گشتی گیانی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە نێوان رۆڵەکانی گەلدا بەهێز دەکات، هەندێ جار بە شێوەیەکی هەستبزوێن و شادیهێنەر بەکاردێن و دەبنە هۆی جۆشدانی ئەو خەڵکانەی کەوا گوێ بیستیان دەبن، ئاوات و ئامانجەکانی گەل لە بۆتەی سروود دا دادەڕژێن بە جۆرێك کە ئاواز و وشە هەستبزوێنەکانی گیان دەبەخشێتە جەستەی مرۆڤ و دەیکەن بە مەتەرێز بۆ پارێزگاریکردن لە ئامانجە پیرۆزەکانی خاك و گەل. لێرەوە دەشێ ئەم جۆرانەی سروود دەستنیشان بکەین.

**١. سروودی نیشتیمانی:**

ئەو شێوە سروودەیە کە تایبەتمەندی ئەو گەل و خاك و وڵاتە لە ناوەڕۆکی سروودەکەدا رەنگدەداتەوە، رابردووی بە ئێستاوە دەبەستێتەوە و شانازی بەسەروەریەکانی رابردووەوە دەکات و بە گەشبینیەوە لە ئایندەی دەڕوانێت.

لە سەردەمی ئێستادا هەر وڵاتێك (سروودی نیشتیمانی) تایبت بەخۆی هەیە، کەوا هەم وەکو هۆنراوە و هەم وەکو ئاواز لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە پەسەند دەکرێت و بڕیاری لەسەر دەدرێت، بۆنە و جەژنە نیشتیمانی و نەتەوەیی و کۆڕ و کۆبوونەوەکان بەم سرووده دەست پێدەکەن.

لەپاڵ ئەوەشدا لەهەندێ وڵات سروودی شاهانە یان سەرۆك کۆمار یان سروودی دەوڵەت هەیە، هەندێ لەرێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش لەنموونەی، رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتی وڵاتانی ئەوروپا و ئەفریقاش خاوەنی سروودی تایبەتی خۆیانن (وهبە، ؟، ٢٢٥).

**٢. سروودی بەرەنگاری:**

ئەمەیان لە هەناوی چەوسانەوە و زوڵم و ستەم لەدایك دەبێت، باس لە خۆشەویستی خاك و پیرۆزی نیشتیمان دەکات بەجۆرێك گیانی بەرەنگاری و رووبەروو بوونەوە لەدڵ و دەروونی رۆڵەکانی گەل دەڕوێنی لە ئاست دوژمنانی، لە رووی نەغمە و ئاوازیشەوە ریتمێکی خێرا و بەجۆشی هەیە لە وێنەی (مارش).

**٣. سروودی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە مەبەستێکی فێرکردن و پەروەردەیی لە پشتەوەیە، بەتایبەتیش بۆ نەوەی تازەپێگەیشتووی میللەت و ڕاهێنانیان لەسەر خۆشەویستی زانست و زانیاری و، لەسەر خوو و رەوشتی پاك و خاوێن و نیشتیمان پەروەرانە رایان دەهێنێت، هەروەها زانیارییەکانی قوتابخانە لەقاڵبی شیعر و ئاوازدا بەرجەستە دەکات و بەشداری لەپەرەپێدانی هۆش و ژیری منداڵاندا دەکات.

سروود ئەگەر ریتم و ئاهەنگێکی خێراو بەجۆش و چەسپاوی هەبێت بە (مارش) ناو دەبرێت. ئەم زاراوەیە لەراستیدا هەڵگری دوو چەمکە یەکیان وشەکەیە (مارش)؛ کە لەوشەی ناوی شاری (مارسیلی)ی فەرەنساییەوە بناوانی هەڵگرتووە، سروودێك کە لەو شارەدا و لەناو سەربازانی فرەنسادا لەبەرەکانی جەنگ لەدژی نەمساو پروسیادا لەساڵی (١٨٩٢) پەرەی سەند و بڵاو بوویەوە، کە پاشان لەرۆژگاری جەنگی جیهانی یەکەمدا سەرلەنوێ سروودی

(مارسلێز) ناوی پەیداکردەوە و هەموو گەلی فرانسە ئەو سروودەی ئەگوتەوە. (هاوار، ١٩٧١، ٣١). دووەمیان چەمکی نوێی زاراوەی (مارش)ە کە زیاتر ئاماژەیە بۆ ئەو ئاواز و ریتمە خێراو چەسپاوەی هاوکات لەگەڵ نمایش و مەشق و راهێنان و رێڕۆیشتنی سەربازیدا بەڕێوە دەچێت، بۆیە وا هەیە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکاندا ئەم دوو چەمکە تێکەڵاو دەکرێن یاخود بەهەڵە لێك دەدرێتەوە، بۆ نموونە بگەڕێتەوە بۆ (ئاگرین، ٢٠١٢، ٢٠٧).

**تەوەری دووەم: مێژوو و سەرهەڵدانی سروودی کوردی**

سروود لە کۆندا ئەگەر بەواتاو چەمکی گۆرانییەکی حەماسی و هەست وروژێن و هاندەری مرۆڤ وەریبگرین، ئەوا لەناو کوردا مێژوویەکی دێرینی هەیە. کۆنترین بەڵگەمان لەو بارەوە لە کتێبەکەی (گەزنەفۆن)ی یۆنانی (ئاناباسیس) بەرچاو دەکەوێت، لەکاتی گەڕانەوەی لەشکرەکەی بە کوردستاندا لە ساڵی (٤٠١ی پ. ن) دا دەڵێت: کاتێك کوردەکان سەیریان کرد ئەوا بەشێکمان لە ئاوەکە پەڕیوینەتەوە و بەشێکیشمان لەبەرامبەر ئاوەکەوەین، بەسروود خوێندن لەشاخەکەی پشتمانەوە هاتنە خوارەوە و پەلاماریان داین. (رەزازی، ٢٠٧، ٧/١٠). گەڕیدە و رۆژهەڵاتناسەکانیش لەو بارەوە قسەیان کردووە، بۆ نموونە زانای کوردناس (باسیل نیکیتین، ١٨٨٥–١٩٦٠) دەڵێت: ((بۆم دەرکەوتووە کە سامانی سروود و گۆرانی کوردی لە زەمینەیەکی ناوازەوە هەڵقوڵاوە، چونکە شۆڕە سواری شەڕانگێزی و ئازایەتی لەنێو کورداندا پترە وەك ئەوەی لای دراوسێکانی وەکو تورك و ئەرمەن)) (نیکتین، ١٣٦٦، ١٧٠).

زۆربەی لاوك و گۆرانی سیاسی کوردیش وەسف و پیاهەڵدانە بە شانوشکۆی سەردارە خوێنبەخشەکانی کورد و، ئەوانەی لە پێناوی خەڵك و خاکی کوردستاندا خۆیان کردۆتە قوربانی و وەکو پاڵەوان لە ڕووی دوژمن و داگیرکەران وەستاون.

لەسەردەمی نوێدا ئەگەر بەشێوەیەکی ورد لە مێژوو و ناوەڕۆك و بابەتی سروود لە کوردستاندا بڕوانین ئەوا بۆمان یەکلا دەبێتەوە کەوا بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

**١. قۆناغی سروودی تورکی– عوسمانی:**

ئەمە قۆناغی یەکەم و سەرەتایە کە بریتی بووە لە سروودە تورکیانەی لە دام و دەزگاکانی دەوڵەت و لەسەردەمی عوسمانیدا بڵاو دەکرایەوە. واتە گوتنەوەی سروود گەلێك بووە بەزمان و ئاواز و ناوەڕۆکێکی تورکی کە لەخزمەت حوکم و فەرمانڕەوایی عوسمانیەکاندا بووە. رۆڵەکانی کورد لە (مەکتەبەکانی روشدییەی عوسمانی) شتێکیان فێر دەکرا و دەگوتەوە کە دوور بوو لەزمان و هەست و سەلیقە و سروشتی نەتەوەکەی خۆیان. ئەم قۆناغە تاوەکو سەرەتای ساڵانی بیستی سەدەی پێشوو درێژەی کێشاوە.

**٢. قۆناغی زیوەر و چەکەرە کردنی سروودی کوردی:**

لەم قۆناغەدا زیوەری شاعیر دەورێکی سەرەکی هەبووە لە هاتنە ناوەوەی سروودی کوردی، بەشیعر و هۆنراوەی کوردی بەڵام لەسەر ریتم و ئاوازی سروودە تورکییەکان. ئەم هەنگاوە بەگۆڕانێکی گەورە دادەنرێت و دەرگایەکی تازەی لەبەردەم سروودی کوردی کردۆتەوە و بۆتە زەمینەسازی و رێگەخۆشکەرێك بۆ بنیاتنانی سروودی خۆماڵی نوێ ی کوردی. ئەمە ئەو راستییە دەسەلمێنێ کە دەڵێ: ((زیوەر بناغە داڕێژەری سروودی کوردیە)). (رسول، ١٩٦٧، ٢٠٢).

### ٠٣. سروودی کوردی خۆماڵی:

لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە سروودی خۆماڵی کوردی بەشێوەیەکی هەمە لایەنە هاتۆتە مەیدان، لەم رووەوە مێژووی ئەدەب و هونەری کوردی تاوەکو ئێستا ئەمەی روون نەکردۆتەوە کەوا کێ بووە یەکەم سروودی کوردی خۆماڵی هێناوەتە بەرهەم!. هەرچەندە لەگەڵ ئەم ناڕونیەشدا شك و گومان هەر لەدەوری زیوەری شاعیردا دەخولێتەوە، چونکێ لەو سەردەمەدا تاقە غەمخۆری ئەم بوارە هەر ئەو بووە. (رەفیق حیلمی) لە یاداشتەکانیدا و لەسەر و بەندی گەڕانەوەی شێخ مەحمود لە مەنفادا لە (کوێت) و دامەزراندنی دەورەی دووەمی حوکمڕانیەکەی لە ساڵی ١٩٢٢ دا، چەند جارێك دەپەرژێتە سەر مەسەلەی سروود و گۆرانی قوتابیان، بەتایبەت لە رێورەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و تا دێتە سەر باسی پێشوازی و گەڕانەوەی شێخ بۆ سلێمانی و دەڵێ: ((ئێمەش دەستەی مامۆستاکان لەناو خۆمانا و قوتابیەکانا چیمان پێکرا کردمان... (گۆرانی بەپیرەوە چوون = نەشیدی ئیستیقبال) لەلایەن مامۆستای بەڕێز و نیشتیمان پەروەر (مامۆستا زیوەر)ەوە رێکخراو فێری (دەستەی گۆرانی) قوتابیە دەنگ خۆشەکان کرا. هێشتا (شێخ مەحمود) لە بەغدا بوو کە ئەم گۆرانیە جار جارە لە ناوچەکەی بەردەمی (دەبۆ) و (قوتابخانەکەی نموونەی سەعادەت) ئەیان خوێندەوە. هیچ جارێ نەبوو فرمێسکی شادی بەچاوی زابتەکان و لاوەکانا نەهێنێتە خوارەوە، هەزاران پیا و وژن بە چەپڵە رێزان و دەنگی (هەربژی)، هەزاران قوتابی (کوڕ و کچ) بەدەنگی (نەورۆزی کوردەوە) گۆرانی نیشتیمانی و نەشیدی بەخێر هاتنەوەیان ئەخوێندەوە)) (حلمی، ١٩٨٨، ٥١٢-٥١٨).

ئەم قۆناغە بووە بناغەیەکی پتەو بۆ سروودی کوردی و بەرەبەرە خشتی ڕەنگینی خرایە سەر و بەرز کرایەوە، تا ئەوەی دەیان سروودی نیشتیمانپەروەری بۆ منداڵانی قوتابخانە رێکخران و هەریەکەی ئاوازەکەیشی بۆ دەست نیشان دەکرا، کە هەندێکیان هەر ئەو ئاوازانە بوون کە بۆ گوتنی سروودە تورکی و عەرەبییەکانی ئەو سەردەمە دانرابوون. (مستەفا، ٢٠١٠، ٩٩).

هەر لە مەسەلەی سەرەتاکانی سروودی کوردی بۆچوونێك هەیە پێی وایە کەوا سروودی (وەلاتێ مە کوردستانە) یەکەم سروودی نوێی کوردی و کوردستانی بێ کەوا هونەرمەندی کوردی ئەرمەنستان (ئەسلیکا قادر) چرپیویەتی و لە بەندی یەکەمیدا دەڵێ:

وەلاتێ مە کوردستانە    جێ و مەسکەنێ مە کوردانە

وەلات ژمەڕا دل و جانە    میللەت هەمی برانە    (جندی، ١٩٨٣، ١٨).

### سروودی نوێی کوردی

لە ساڵانی نێوان هەردوو جەنگی جیهانیدا کاریگەریەکانی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بزوتنەوەی سۆسیالیزم و بیری پێشکەوتنخوازی لەسەر ناوەڕۆکی جوڵانەوە رزگاریخوازەکانی رۆژهەڵات دەست پێدەکات کەوا جوڵانەوەی شۆڕشەکانی کوردیش دەگرێتەوە. لەمەوە سروود و گۆرانی نیشتیمانی لە کوردستان شەقڵێکی پێشکەوتوو و دیموکرات و ئازادیخواز بەخۆیەوە دەگرێت، لە ساڵی (١٩٤١) زیوەری شاعیر، کە بەحەق بەمامۆستای یەکەمی

سروودی کوردی دەژمێردرێت، سروودێکی بۆ (حیزبی هیوا) داناوە کە لە ئاوازی (ڕەفیق چالاك)ە و سەرەتاکەی بەم جۆرەیە:

تا دەست لەمل هیوا نەکەم          شەرتە نەنیشم قەت بەتاڵ

بۆ لاوی تازەی قەومی کورد          ببمە نموونە یا میسال          (مستەفا، ٢١٠، ١٨٠).

دواتر سروودی (ئەی ڕەقیب) وەکو سروودی نەتەوەیی لەدایك دەبێت، کە لە (حکومەتی میللی کوردستان — ١٩٤٦) دەبێت بەسروودی سلاوی کۆماری حکومەتی کوردستان. هەر لە چلەکانی سەدەی بیست کاتێك (گۆران) و (ڕەفیق چالاك) لە ئیستگەی کوردی (یافا) دەست بەکار دەبن، چەند سروودی کوردی بڵاو دەکرێتەوە کە لە شیعر و هۆنراوەی (گۆران) خۆی وئاوازو دەنگی ڕەفیق چالاك دەبن، لە وێنەی سروودەکانی؛ (کوردستان) و (دەمی ڕاپەڕین).

کارەساتی لە سێدارەدانی (پێشەوا قازی) و هاوڕێکانی لە (مهاباد) و چوار ئەفسەرە قارەمانەکەی کورد لە ساڵی (١٩٤٧) بونەتە هەوێنی ئیلهامی سروودێك کە تاوەکو ئیستاش یادی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان بەم سرووده دەکرێتەوە، (ئەی شەهیدان) لە هۆنراوەی (محمد تۆفیق وردی)یە و لەمەڕ ئاوازەکەشی بۆچونی جیاواز هەیە:

ئەی شەهیدان ئەی شەهیدان          نامرێ ناو و نیشانتان (سەرکار، ٢٠٠٧، ٤٩).

ڕاپەڕینی جوتیارانی کوردستان لە ناوچەکانی هەولێر و شێخان و شارەزوور و سیخناخکردنی زیندانە تاریکەکانی دوژمن لە تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی لەسەرەتای ساڵانی پەنجادا، بۆتە مایەی لەدایك بوونی گەلێك هۆنراوە و سروودی بەرینگاری و شۆڕشگێڕانە لەناو دڵی زیندانەکاندا، لە وێنەی: (خەباتە و خەباتە، ئۆکتۆبەر، گەنجی وریا، هێزی یەکێتی، شاگردانی فەهد، کوردستانی جوان،...تاد). مێژوو ئەوەی سەلماندووە ئەگەر هاتوو سروودێك بۆ سەرکردەیەکی زیندوو یا جوڵانەوە و شۆڕشێکی دیاریکراو لەسەردەمێکی تایبەتدا هۆنرابێتەوە، ئەوا کاتێك ئەو سەرکردەو شۆڕشە لە ڕێگەی ڕاستی لادەدەن و دژ بە دروشمەکانی خۆیان دەوەستنەوە، ئەوا ئەو شیعر و سروودانە تەمەن کورت دەبن و لەدوای ئەو ڕۆژگارە کپ دەبن و دادەمرکێنەوە. بەڵام ئەو شیعرو سروودانەی کە بۆ خۆشەویستی نیشتیمان و لە پێناوی ئازادیدا وتراون، لەگەڵ ئەوەی دەیان ساڵیشیان بەسەردا تێپەڕیوە، ئەوا هەرگیز گڕ و کڵپە و بڵێسەیان خامۆش نابێت، لەنموونەی سروودەکانی وەکو: (دەمی ڕاپەڕینەی — گۆران و خوایە وەتەن ئاواکەی و ئەی دلێرانی — بێکەس و ئازادیخوازی — هەردی و چەند شیرینە لام داروبەردی وەتەن و براینە لەخەو هەستن— ی زیوەر و بەختیار زیوەرو، ئەی ڕەقیب — ی دڵدار...تاد.

شۆڕشی ئەیلولی کوردستان وەچەرخانێکی تر بوو لە مێژووی گۆرانی سروودی نیشتیمانی و بەرینگاری، ئەو سروودانەی لە ئیستگەی شۆڕشدا بڵاو دەکرانەوە پێشمەرگەی کوردستانیان وەکو ڕەمزی ئازاد و ڕزگاری وێنا دەکرد، بە وشە و ئاوازەکانیان هەستو سۆزی جەماوەریان دەورووژاند و بەلای گیانی بەرینگاری و خەبات و تێکۆشاندا کێشیان دەکرد.

لە ساڵانی (١٩٧٦) بەدواوە مەشخەڵانی شۆڕشێکی نوێ تروسکەی دا و هیوا و ئاواتی دڵ و دەروونی کوردی ڕۆشن کردەوە، کاروانێکی دیکە لە سروود و گۆرانی شۆڕشگێڕی لەسەر دەستی چەند گروپی هونەری و هونەرمەندی

کورد راچەنینێکی دیکەی بەخۆیەوە بینی، لەسەر دەستی هونەرمەندانێك لە وێنەی(شوان پەروەر، تایەر تۆفیق، حەمە جەزا، تیپی مۆسیقای شەهید کارزان...). وەکو چۆن لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش دوا بەدوای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) دا، کەسانێکی وەکو: (ناسری رەزازی، نەجمەدینی غولانی، کاڵێ، جەمالی موفتیزادە،...) پێشەنگی قۆناغێکی دیکەی سروود و گۆرانی بەرینگاری کوردی بوون.

لە خستنە رووی مێژوو و رەوتی گەشەکردن و بەرەو پێش وەچوونی سروودی کوردی هەم وەکو (دەق) هەم وەکو (ئاواز)، پەی بەو راستیە دەبەین کەوا سروود رەگەزێکی ئەدەبی تایبەت و سەربەخۆیە و خاوەنی خەسلەت و تایبەتمەندی خۆیەتی هەم لەباری ئەدەب و هەم لەلایەنی هونەریەوە.

## بەشی دووەم

## خالید دلێر و هونەری سروود

### تەوەری یەکەم: کورتەیەکی ژینامەی ئەدەبی و هونەری خالید دلێر

ناوی (خالید عەبدوالواحید ئەحمەد سلێمان)ە، لە رێکەوتی (١٩٣٨/٨/٢٠) لەشاری (کۆیە) لەدایکبووە. سەرەتای خوێندنی لە حوجرە دەستپێکردووە. قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و قۆناغی ئامادەیی لە شاری بەغدا و کەرکوك دا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٥٣ کۆیەی بەجێ هێشتووە و لە ساڵی ١٩٥٤ لە (کۆمپانیای نەوتی کەرکوك) دامەزراوە و ئیتر لەو شارە نیشتەجێ دەبێت، بەمەبەستی خوێندنی زانکۆیی دا بڕیاربووە رووبکاتە یەکێتی سۆڤیەت و لە زانکۆی (پاتریس لۆمۆبیا) لە (مۆسکۆ) دەست بەخوێندن بکات، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی لە راپەڕاندنی کارەکانی و دواتر دەستگیرکردنی لەساڵی (١٩٦١)دا کارەکەی لێ هەڵدەوەشێتەوە. سروشتی هونەر و گۆرانی گوتنی لە خانەوادەکەیەوە بۆ بەجێماوە. سەرەتای ژیانی هونەری بە لاسایی کردنەوەی هونەرمەندان و بەتایبەت (تایەر تۆفیق) دەستپێکردووە. هونەری شیعر و هۆنراوە و ئاواز و گۆرانی لای خالید دلێر پێکەوە چەکەرەیان کردووە و یەکەمین هۆنراوەشی لە ساڵی (١٩٥١) لە رۆژنامەی (هەولێر)دا بڵاوکراوەتەوە. یەکەمین ئاوازی لەساڵ (١٩٥٤) دا چڕیوە، هەر لەوان ساڵاندا وەکو تێکۆشەرێکی رێبازی کوردایەتی بەدیارکەوتووە.

دلێر وەکو لە بیرەوەریەکانی دا دەیگێڕێتەوە، وەکو هونەرمەندو، خەباتگێڕو، ئەدیب، هەموو ژیان و تەمەنی لەسەر سێ کۆڵەگەی (هونەر و ئەدەب و سیاسەت)دا دامەزراندووە. (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦).

ئەو چۆن بەدڵنیایی بەبیر و باوەڕ و بە هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەوە لەمەیدانی سیاسەتدا تێکۆشاوە، بەهەمان حەماسەت و شێلگیری لەمەیدانی هونەری سروود و گۆرانی و ئاوازی ڕەسەنی کوردی ئامادە بووە، دواتریش هەم وەکو شاعیرێکی شۆڕشگێڕ، هەم وەکو توێژەر و رەخنەکارێك داهێنانی کردووە. سیاسەت و هونەر و ئەدەب بۆ خالید دلێر لەشوێنی نان و ئاو بوونە و بەدرێژایی تەمەنی دەستبەرداری هیچ یەکێکیان نەبووە.

بەداخێکی زۆرەوە لە ساڵانی دوایی تەمەنی بەدەست ناساغییەوە گیرۆدەدەبێت، بەناچاری و بەمەبەستی چارەسەر روو دەکاتە هەندەران، بەڵام دواجار بەکۆمەڵێك دەرد و بەڵاوە دەگەڕێتەوە وڵات. تا لە (٢٠١١/١٢/١٦) ماڵئاوایی یەکجارەکی دەکات و تەرمەکەی لەگۆڕستانی (کەکۆن) لەشاری کۆیە بەخاك دەسپێردرێت.

**خالید دڵێر لەمەیدانی هونەردا لەسێ لاوە بەدیارکەوتووە:**

یەکەمیان سروودی کوردی و دووەمیان گۆرانی سیاسی و سێ یەمیان گۆرانی هونەرییە، لەگەڵ ئەوەی کۆی بەرهەمە هونەرییەکانی زۆر نین و لە دەوری (٤٠) بەرهەم دەبن، بەڵام لەهەرلایەنەوە داهێنانی کردووە و شاکاری نایاب و دانسقەی خوڵقاندووە. هەموو بەرهەمەکانی لەناوەندە هونەری و جەماوەرییەکاندا مایەی پەسەندی بوون و پێشوازی گەرمیان لێکراوە. لێرەوە و لە چوارچێوەی ناونیشانی باسەکەمان دەپەرژێینە سەر گوتە و لێکۆڵینەوە لە سروودەکانی.

**تەوەری دووەم: سروودەکانی خالید دڵێر:**

بەپشت بەستن بە بیرەوەریەکانی خۆی کە لەچەند ئەلقەیەکدا بڵاو کراونەتەوە (بەرزنجی، ٢٠٠٢، ژ/٦٥-٦٦)، هەروەها بە گوێرەی ئەو باس و وتار و لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بەکار و چالاکییە هونەریەکانی چاپ و بڵاوکراوەتەوە (ئەحمەد،٢٠١٥، ١١)، هەوڵدەدەین بەپێی کات و شوێن و زنجیرەی مێژوویی، گەشتێك بەجیهانی سروودەکانی ناوبراودا بکەین و هەلومەرج و بۆنەو موناسەبەت و سەربردە و چۆنییەتی هۆنینەوە و گوتن و تۆمارکردنی سروودەکان روونبکەینەوە، جێگای سەرنج و ستایشە کە لەم دواییانەدا هونەرمەندی کورد (وریا ئەحمەد) لە بەرهەمێکی بەنرخ و تەسەلدا سەبارەت بەژیانی هونەری خالید دڵێر تێکستی هەموو سروود و گۆرانی و بەرهەمە هونەرییەکانی ناوبراوی تۆمارکردووە، لەگەڵ نۆتە و پەیژەی مۆسیقای بەرهەمەکان بەهاوکاری (دڵدار)ی کوڕی، تێکستی هۆنراوەی سروودەکانمان لەو سەرچاوەیەوە راگواستووە. بگەڕێوە بۆ؛ (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٦..٦٨).

**١. سروودی (کوڕانی کوردستان)**

لەبیرەوەرییەکانی دڵێردا هاتووە: ((یەکەمین سروودی خۆم کە دامنابێ، لەزستانی ساڵی (١٩٥٦) بوو...، ئەم سروودە لەدوای شۆڕشی (١٤)ی تەمموزی (١٩٥٨) لە ئێزگەی کوردی بەغدا بەدەنگی خۆم تۆمار کرا)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٩-٢٠). دیارە بەر لەشۆڕشی تەمموز خالید دڵێر هامشۆی رادیۆی کوردی بەغدای کردووە، بەڵام بەهۆی هەلو مەرجی سیاسییەوە، گۆرانی تۆمار کردووە نەوەك سروود. دوابەدوای شۆڕشی (٩٥٨) زیاتر سەردانی ئیستگەی کردووە و زۆرتریش سروودەکانی تۆمار کردوون. تێکستی هۆنراوەی سروودەکە بەم جۆرەیە:

ئێمە کوڕی شاخ و کێو و کەژین
وڵات فێری کردووین بەمەردی بژین
بە دەرسێ کە هەوڵ و خەباتە لەژین
قەڵای سەختی دوژمن ئەخەینە هەژین

****

بەڵێن بێ وڵات هەڵگرین دەرسی تۆ
نەوەستین هەتاوەکو ئەبین سەربەخۆ
بەئەخت کەین لەرێت ماڵ و سەر بێ درۆ
هەتا هێزی دوژمن ئەکەین رەنجەڕۆ
کەئێمە کوڕی ...

وەتەن موژدەبێ گەڵ بەهۆی کردەوە
بەخوێنی کوڕی گیانفیدا و گوردەوە
هەموو نەخشەیەکی بەدی سڕیەوە
لەکۆڕ گۆی ژیانی بەزۆر بردەوە
کە ئێمە کوڕی ...
****

**٢. سروودی (سەربازی ئازادی)**

ئەم سرووده لەسەروبەندی شۆڕشی (١٤ی تەممووزی ١٩٥٨) هۆنراوەتەوە و هەرلەوکاتەش دلێر لەگەڵ سروودی یەکەمی لە ئێزگەی کوردی تۆماری کردوون، ئەمە تێکستی هۆنراوەکەیەتی:

ئێمە سەربازی ئازادین
پارێزگاری خۆشی و شادین
ئێمە سەربازی ئازادین
دەستهێنەری خۆشی و شادین
دوژمنی جەور و بێدادین
دوژمنی جەور و بێدادین
****
قایمتر لەقەڵای پۆڵا
تا بڵێی ئازاو نەقۆڵا
دوژمن مەرگی خۆی ئەبینێ
کاتێ چەك ئەدەین بەکۆڵا
ئێمە سەربازی ئازادین
****
تەنیا نین لەم ڕێگەو بانە
ڕێی ئازادی
هەموو جیهان لەگەڵمانە
بۆ ئازادی
هۆی ئاشتی و شادی گەلانە
ئازادی ئەم کوردستانە
تەنیا نین لەم ڕێگە و بانە
ئێمە سەربازی ئازادین

**٣. سروودی (ئەژین ئەژین)**

ئەم سروودەش لەگەڵ دوو سروودەکەی پێشوو لەدوای شۆڕشی تەمموز دانراوە و لە ئێستگەی کوردی بەغدا بەدەنگ و ئاوازی خۆی تۆماری کردووە، تێکستەکەی بەم جۆرەیە:

ئەژین بەپێچەوانەی دوژمنانمان ئەژین
ئەچین بەرەو ئاشتی بەرەو ئازادی
ئەچین
ئەژین ئەژین
****
گەلێکی کۆڵنەدەرین
وازناهێنین وازناهێنین
هاتا تۆڵەی رابردومان نەسێنین
هەر ئەیسێنین
دوا بە ئیمپریالیزم ئەهێنین
پێی ئەهێنین
ئەژین ئەژین
****
نەوەی کاوە لەکام رۆژا بەزیوە
کەی بەزیوە
چ کاتێ کۆسپی هەبووە
نەیبڕیوە
وەیا کەی لەخەبات کۆڵدانی دیوە
قەت نەیدیوە
ئەژین ئەژین
****
لەمێژوومان بپرسە
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەبۆ فەوتانی دوژمن
چۆن گەلێکین چۆن گەلێکین
لەگەڵ هەوڵ و خەباتا
ئێمە یەکین ئێمە یەکین
ئەژین ئەژین

ناوەڕۆکی ئەم سروودانەی پێشەوە تەعبیر لە هەست و هۆش و یەکێتی خەبات و تێکۆشانی رۆڵەکانی گەل دەکات لە پێناو ئازادی و رزگاری و سەربەخۆییدا، شانازی بە وڵات و بە مێژووی گەل و نیشتیمانەوە دەکات، گیانی خۆبەختکردن و گیانفیدایی لە دەروونی رۆڵەکانیدا دەورووژێنێت. دیارە کەش و هەوای سیاسی دوای شۆڕش و ئەو فەزا ئازاد و سەربەستییەی لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی بوونەتە ماك و هەوێنی لەدایك بوونی ئەم سروودانە.

**٤. سروودی (بەخێر بێنەوە)**

دوا بەدوای شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨، کوردانی شۆڕشگێڕ و پەڕیوەی دوور وڵات (مەلامستەفای بارزانی و هاوڕێکانی) بروسکەی پیرۆزبایی و سەرکەوتنی شۆڕش، بۆ (زەعیم عبدالکریم قاسم – فەرماندەی شۆڕش) دەنێرن و هەر لەو بروسکەیەشدا ئاوات و خواستی گەڕانەوەیان بۆ وڵات نیشان دەدەن. وەڵامی سەرانی شۆڕشیش بۆ ئەو داخوازیانە ئەرێنی بووە. هەر ئەو ئێوارەیەی بروسکەکەو وڵامەکەی لە ئێستگەی بەغدا خوێندراوەتەوە، بۆ شەوەکەی خالید دلێر، وەکو نوقڵانەیەك بۆ موژدەی گەڕانەوەی ئەو شۆڕشگێڕانە، ئەم سروودەی هۆنیوەتەوە و ئاوازەکەشی بۆ ئامادەکردووە، دواتریش لە ئێستگە تۆماری کردووە. لەم سروودەدا دلێر هەست و سۆزی کوردانە و بەرزنرخاندنی خەبات و خۆڕاگری ئەو نیشتیمانپەروەرانەی خستۆتە روو. وەکو چۆن پڕە لە هیوا و ورەبەرزی و گەشبینی بۆ ئەو گەلانەی کە دەست بەرداری خەبات و تێکۆشان نابن.

ئەمەش تێکستی ئەو سرووودەیە:

بەخێربێنەوە بەخێربێنەوە
وەتەن باوەشی بۆ کردوونەوە
بەخێربێنەوە
بەخێربێنەوە وەتەن پەروەران
بەخێربێنەوە ئەی دەربەدەران
هاوڕێی هەژار و چینی رەنجدەران
بەخێربێنەوە
مێژووی خەباتی کوردی قارەمان
دیاری ئەخا بۆ خەڵکی جیهان
کەوا نابەزین لەبۆ دوژمنان
کە کورد نابەزێ لەبۆ دوژمنا
بەخێربێنەوە
بۆ ئەو کەسانەی بۆ ئاشتی و ژیان
پیشەی ئەوان بوو خەبات تێکۆشان
هەتا بەدوژمن سەریان دانەوان
باتێکرا بڵێین
بەخێربێنەوە

**٥. سروودی (عبدالكريم تۆ پێشەوای)**

دوا بەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی تەمموز لەساڵی ١٩٥٨ دا، سەرکردەی شۆڕشەکە (زەعیم روکن عبدالكريم قاسم) بەر لەوەی لە ساڵی (١٩٦٠) بەدواوە مەیلە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەکانی سەرهەڵبدات، وەکو سیمبولێکی ئازادی و رزگاری و دیموکراتی لەلایەن هەموو خەڵکی عێراق، بەنەتەوە و پارت و رێکخراوە جیاوازەکانەوە وێناکراوە. بۆیە گەلێك گۆرانی و سرووود و شیعر و هۆنراوەی بەباڵادا هەڵگوتراوە، کوردیش لەم رەوتە بەدوانەکەوتووە، نموونەی وەك (گۆران) و (بلە) مان هەیە کەوا شیعریان بەباڵایدا هەڵگوتووە، ئێستاش سروودێکمان لەیادەوەریدا دەزرنگێتەوە کە لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٠) داو لە ئێستگەی رادیۆی کوردی بەغدا هەمیشە دووبارە دەکرایەوە:

عەبدولکەریمی قارەمان عەبدولکەریمی پاڵەوان
رزگارت کرد نیشتیمان لەزولم و زۆری خائینان
عەبدولکەریم عەبدولکەریم

دیارە هەر لەم سۆنگەیەوە خالید دلێریش لەسەرەتای شۆڕشی تەمموز ئەم سروودەی بۆ (زەعیم) گوتووە و بە (پێشەوا)ی لەقەڵەم داوە.

عەبدولکەریم تۆ پێشەوای
دوژمنی کاری ناڕەوای
عەبدولکەریم تۆ پێشەوای
تۆ پێشەوای
****
کورد و عەرەب هەردوو برا
شوورەن بەدەوری پێشەوا
بەشیرو خەنجەری دەبان
ئەپارێزین کۆمارییان
عەبدولکەریم عەبدولکەریم
****
ئامانجمان لەم یەکگرتنە
پیلان و شەڕ گۆڕ کردنە
بۆ هەردوو لا ئازادییە
ئاشتی و ژیان و شادییە
عەبدولکەریم عەبدولکەریم
****

**٦. سروودی (ئاشتی)**

خالید دلێر سەبارەت بەساڵ و بۆنەی دانانی ئەم سروودەیەوە دەڵێ: ((کردبووم بەخوو بۆ بەشداریکردنم لەهەموو ئاهەنگێکدا ئەبوو یان سروودێکی تازە یان گۆرانییەکی تازە پێشکەشی جەماوەر بکەم، ئەم سروودەم بۆ ئاهەنگی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٩) ئامادە کردبوو،کە ئاهەنگەکە نەکراو ئەو خوێن رشتن و تاڵان و برۆیەی لێکەوتەوە...)) (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢).

دیارە مەبەستی ئاهەنگی ساڵیادی یەکەمی شۆڕشی تەممووزە لەکەرکوك، کە بووە مایەی ئاڵۆزی و خوێن لەبەرچوونێکی زۆر لە نێوان کورد و تورکمان لەو شارەدا. دلێر هەولێکی تری هەبووە بۆ تۆمار کردنی ئەو سروودە لە ئێستگەی کوردی بەغدا لە رێکەوتی (١٠٥٩/١٠/٧)دا. کەچی لەم رۆژەشدا ڕووداوی هەوڵی تیرۆرکردنی فەرماندەی شۆڕش عەبدولکەریم قاسم لەشەقامی (رەشید)ی شاری بەغدا لەلایەن بەعسییەکانەوە رووی داوە، بۆیە ئەم نیازەشی بۆ نەچۆتە سەر، تا لەدوا جاردا لە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لەشاری کەرکوك لەساڵی ١٩٦٠ دا بۆی هاتۆتە دی. لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بزوتنەوەیەکی ئازادیخواز و دیموکراتیك لەعێراق و لەناوچەکە سەری هەڵداوە، بەناوی (بزوتنەوەی پشتیوانانی ئاشتی – حرکة انصار السلام)، کە دوای شۆڕشی تەمووز خەڵکێکی زۆر لە دەوری ئاڵاکەی کۆبونەتەوە و باوەڕیان بەپەیام و دروشمەکانی هێناوە، بەتایبەت کەسایەتی و خەڵکانی رووناکبیر و پێشکەوتنخواز، خالید دلێریش لەژێر کاریگەری پەیام و دروشمەکانی ئەم بزوتنەوەیە ئەم سروودەی لەکاتی خۆیدا داناوە:

بژی بابژی بژی ئاشتی لەجیهانا
بمرێ بابمرێ ئەوەی دوژمنی گەلانە
دەمانەوێ لەسەر لوتکەی کێوی وڵات
دروست بکەین باخ و شەقام
کۆشکی دەقات
شەڕ بەدە نامانەوێ
جەنگ بەدە نامانەوێ
نامەوێ بۆمبای ئەتۆم
وڵاتەکەم وێران بکات
بژی بژی
ژیان هیوا دایکایەتی جوانی مناڵ
هونەروەری زانیاری بەرهەمی خەیاڵ
لەگەلان داوا ئەکەن
لەگەلان داوا ئەکەن
لابدەن سەرمایەدارانی چەپەڵ
بۆ شەڕو دەلاڵ
بژی بژی

**٧. سروودی (ئیجازەی پارتی)**

لەسەرەتای (١٩٦٠) یاسای مۆڵەت پێدانی پارتەکان لە عێراق دەرچوو، پارتی دیموکراتی کوردستان وێڕای پارتەکانی دیکە یاداشتێك پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ دەکەن بەمەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی کارکردنی رەسمی لە عێراق. خالید دلێر وەکو تێکۆشەرێکی ئەو حیزبە لە کەرکوك، هەر زوو بەزوو بەر لەدەرچوونی مۆڵەتەکە، سروودێك بۆ ئەو بۆنە و موناسەبەتە ساز و ئامادە دەکات و لەو بارەیەوە دەڵێ: (سروودی (پارتی) بەر لەرۆژی (٨ی شوباتی ١٩٦٠) کە رۆژی ئیجازەی ئیشکردن بوو بە پارتی، ئەو رۆژەی خەبەری ئیجازەپێدانمان زانی هیچ بەیان و جاڕدانمان نەکرد، تەنیا لەبارەگاکەمانەوە شریتی ئەو سروودەمان خستە سەر ریکۆردەرێك و بڵاومان کردەوە. چارەگێکی پێنەچوو هەموو جەماوەری کەرکوك هاتنە بەردەرگەی بارەگاکەمان و کرا بەشایی. هەفتەیەکی پێنەچوو ئەو سروودە هەموو کوردستان، تاسەر سنوورەکانیشی گرتەوە و بوو بە سروودی جەماوەر، هەموو جەماوەر)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٣).

هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن

ئەمرۆ رۆژی شادیە

رۆژی ئیجازەدانی

پارتی دیموکراتیە

هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن

****

پارتی ئەبوو تا دوێنێ

بەچرپە خەڵك بدوێنێ

کەچی ئەمڕۆ ئاشکرا

چالاکی خۆی ئەنوێنێ

هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن

****

ئیتر خەڵکی کوردستان

بێ جیاوازی لە زوبان

لە ژێر رابەری ئەوا

خەبات ئەکەن بێ وچان

هەڵسن هەڵپەرکێ دابەستن

ئەمڕۆ رۆژی شادییە

هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن

****

تا عێراقی هاوبەشی
لە ناحەزی روو رەشی
دوور ئەخەن ئەیبەن بەرەو
ئەوپەڕی شادی و گەشی
هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن
****
تا کوردستانی رزگار
هی زەحمەتکێشی هەژار
دروست ئەکەن بۆ خۆیان
پاش دەرچوونی ئیستیعمار
هەڵسن خوشك و برایان هەڵسن
****

**٨- سروودی (پێشمەرگە)**

ئەم سرووده لە گرتووخانەی (تسن – تسعین) لەکەرکوك لەمانگی (کانوونی یەکەمی ساڵ ١٩٦١) هۆنراوە و ئاوازەکەی دانراوە، وە دلێر لەبیرەوەریەکانیدا دەڵێ: ((رادیۆی گرتووخانەکەیان بەدەنگی بەرز کردبۆوە، عەبدولکەریم لە (دەربەندینخان)وتاری دەدا، پیاوی ئیستعمار و (حیلفی سەنتۆن) و هەموویانم لەناو برد، ئەوەی ماویشە بۆ باوەشی حیلفی سەنتۆ ئاودیوی ئێران بوون...، کە گوێم لەوتارەکەی عەبدولکەریم بوو بڕیارم دا وەڵامی بدەمەوە، لەو کاتە و ساتەدا یەکەم سروودی (پێشمەرگە)م دانا)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٢٦-٢٧).

لەم رووەوە هونەرمەند (وریا ئەحمەد) رای وایە کە ئەم سروودەی لەکاتی خۆیدا رۆڵێکی گەورەی لەبەرزکردنەوەی گیانی کوردایەتیدا بینیوە، هەروەها بەیەکەم سروودی هەستبزوێن و جۆشدەری گیانی کوردایەتی دەناسێنێت لەشۆڕشی ئەیلولدا.(سەرچاوەی پێشوو، ٨٨).

ناوەڕۆکی ئەم سرووده پڕە لە وره بەرزی و گیانی بەرخۆدان، دوپاتی ئەو راستییەش دەکاتەوە کە لە هۆنراوەیەکی (قانع)دا هاتووە و (بڕوانە: قانع، ١٩٧٩، ٢٢٩) زیندان لەچەشنی قوتابخانەیەك وێنا دەکات بۆ خەڵکی خاوەن باوەڕ و شۆڕشگێڕەکان، دلێر دوای ئازاد بوونی لە زیندان لە (١٩٦٣/٢/٢٠) داو بەر لەوەی خۆی بگەیەنێتە ڕیزی شۆڕشگێڕان لە (سلێمانی) لە ماڵیکدا لەگەڵ هەندێك لە ئەندامانی (تیپی مەولەوی) ئەم سرووده تۆمار دەکات. سروودەکە چەند جارێك لەلایەن چەند هونەرمەندێکەوە تۆمارکراوەتەوە.

پێشمەرگەین بەهەڵمەتین
پاڵەوانی میللەتین
شێری رۆژی زیللەتین
لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
بەخت دەکەین، ژیانمان، ماڵ و گیان

لەپێناوی سەربەخۆیی کوردستان
****
دەرنەچێ لەخاکمان دوژمنی کافر
دار و بەرد و خۆڵی لێ ئەکەین بەئاگر
هەر بەزوویی دەیبەزێنین
تا سنوورمان ئەیڕەتێنین
کوردستانی گەورەی لێ وەیەك دەهێنین
****
زۆری سەرکەش هەوڵی داوەکورد نەهێڵێ
خاکی کوردستان بەبۆمباو چەك بکێڵێ
هەڵدێراون لەم کێوانە
بونەتە پەندی زەمانە
ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە
****

**٩. سروودی (ئێمە رۆڵەی کوردین)**

لە بیرەوەریەکانیدا دلێر باس لە چۆنییەتی دانانی ئەم سروودە دەکات و دەڵێ: ((لەبەندینخانەی (تسن) من لەژووره گەورەکە دانرابووم، ژوورێکی بچوك (٢x٢) پەنجەرەیەکی گەورەی لەسەر حەوشەکە بوو بەرامبەر بەژوورەکەی من بوو...، من لەژوورەکەمدا پیاسەم دەکرد و لەهەوڵی دانانی سروودێك بووم، لەگەرمەی ئەم سەرقاڵیەمدا، کچێکی باڵابەرزی جوانیان هێنایە پۆلیسخانەکە و بردیان لەو ژوورە بچوکەی بەرامبەرم دەرگایان لەسەر کلیلدا. ئەویش لەناو پەنجەرەکەی بەرامبەرم دانیشت، ئەترسام گیراوی سیاسی و پێشمەرگایەتی بێت، پاشا پۆلیسەکان گوتیان (شێتە). بەرۆژ خۆی رووت و قوت دەکردەوە و لەناو پەنجەرەکە دادەنیشت. کچەکە ئەوەندەی بگوترێ جوان بوو، بەڵام منی قاڵبووی خەبات و خزمەتکردنی نەتەوە چەوساوەکەم، ئەو دیمەنە لەو هەوڵەی دوور نەخستمەوە کە بەتەمای جێ بەجێ کردنی بووم، منی لاوی تەمەن (٢٩) ساڵەی بێ ژن، ئافرەت نەدیوو، هەروەکوو کەسم بەدیارەوە دانەنیشتبێ وابووم. سروودەکە بەشەو و رۆژێك تەواو بوو،بەدانانی سروودەکە خۆشی و دڵشادیەکەم ئەوەندەیتر بەجۆش هات، من بزانم ئەو کاتە یەکێك لەکاتە هەرە خۆشەکانی سەردەمی ژیانم بێ، ئەگەر چی هەشت نۆ مانگ بوو لەگرتووخانەی تەنیایی دابووم!)). (ئەحمەد،٢٠١٥، ٢٨-٢٩).

دیارە ئەم دوو سرووەدەی دوایی زادەی هەلومەرجێکی تایبەتن لەژیانی دلێردا کە لەپاشان وەکو دوو شاکاری هونەری شۆڕشگێڕی سروود دەرکەوتوون، هەموو پێشمەرگە و تێکۆشەر و دلێرانی کورد، لەقولایی واتای وشەکانی، (کاوەی نەبەرد، کوڕی میللەت، خاوەن توانا، پیاوەتی، ئازایەتی و شۆڕشگێڕی) کۆدەکاتەوە. لەبەرامبەردا دوژمنانی کوردیش لەناتۆرەکانی وەکو (خائین، داگیرکەر، خوێنمژ، دزی رەنج و خەباتی میللەت) بەدیار دەخات. ئەم سروودە چەند جارێك بەشێوەی کۆرس تۆمار کراوە. کە دواجاریان لەلایەن (تیپی مۆسیقای شۆڕش) لەساڵی (١٩٧٤) دابووە.

ئێمە ڕۆڵەی کوردین، ئێمە رۆڵەی کوردین
ئێمە رۆڵەی کاوەی نەبەردین
ئێمە رۆڵەی کاوەی نەبەردین
****
دەبا بزانن خائینان
ئێمە کوڕانی میللەتین
دەبا بزانن دوژمنان
خاوەن توانا و هیمەتین
لەمافی کورد، وازناهێنین بۆ سەندنی،
بەهەڵمەتین
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****
بۆ کەسی دانەنواندووە سەر
لەو رۆژەوەی کە کورد هەیە
ئێمەی کوڕانی ئەم سەدەش
سەر دائەنێین لەم رێگەیە
پیاوەتی و ئازایەتی
کە خورەوشتی ئێمەیە
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****
بۆ سەندنەوەی مافی گەل و
پاککردنەوەی وڵاتمان
لەداگیرکەر و خوێنمژان
دزی رەنج و بەراتمان
شۆڕش ئەکەین، هەوڵ ئەدەین
بەجۆش ئەکەین خەباتمان
دەبا بزانن، دەبا بزانن، دەبا بزانن
****

**١٠. سروودی (نەورۆزی دوو وڵات)**

خالید دلێر لە ساڵی (١٩٦٤) لەگەڵ بەشێك لە سەرکردایەتی و پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان، (کە دواتر بەباڵی مەکتەبی سیاسی ناسران)، دەپەڕێتەوە بۆ دیوی ئێران و لە (هەمەدان) جێگیر دەبن. ئەم سروودەی بۆ یادی جەژنی نەورۆزی ساڵی (١٩٦٥) لە هەمەدان گوتووە، وەکو خۆی دەیگێڕێتەوە: ((رۆژی (١٥ی مارتی ١٩٦٥) بوو، رۆژێکی هەور بوو، پێشمەرگەیەکم لەگەڵ خۆم هەڵگرت و رووم لەدەرەوەی شاری هەمەدان کرد، گەیشتینە دۆڵێکی خۆش کە تاشەبەردێکی لێبوو،بە برادەرەکەم وت بچیٚ لەبەرزایەکەوە لەسەرەوەی دۆڵەکە چاوەڕوانم بکات، خۆشم لەسەر تاشە بەردەکە دانیشتم و هۆنراوەکەم نووسی و دەستبەجیٚ ئاوازەکەم بۆ هاتو نووسینی هۆنراوە و ئاوازەکە گەر نیو کاتژمێری پێچوبێت، هەر ئەو کاتە سروودەکەم بۆ پێشمەرگەکە وت)) (یەکێتی نووسەران، ٢٠١٢، ٢٨١). لەرۆژی ئاهەنگەکەی نەورۆزدا (١٩٦٥/٣/٢١١) بەدەنگی شەهید (جەعفەر عەبدولواحید)ی برای دەگوترێت و تۆمار دەکرێت، ئەم سروودە دواتر لەلایەن هونەرمەندان (ئیبراهیم سەعید، عوسمان عەلی، ناسری رەزازی) گوتراوەتەوە. یەکێك لەو شاکارە سروودانەیە، کە بۆ جەژنی نەورۆزی کوردان گوتراوە.

ساڵێکی تریش وا داهاتەوە
رۆژی نەورۆزی کورد، هەڵهاتەوە
بەم هاتنەوەیە، نەورۆز ئەم جارەش
دەرسی تێکۆشان، دا ئەداتەوە
****
سلاو لەکاکی دوور وڵاتەوە
بەگوڵی سووری رێی خەباتەوە
دەنێرین، بۆ هەر نەبەردیٚ کەوا
مەشخەڵی شۆڕش، هەڵبکاتەوە
****
لەگەڵ نەورۆزا، دەرکەوت نیشانە
هی ریسوا بوونی، ئەو روو رەشانە
بەپێچەوانەی ئارەزووی مردن
میللەت بەجاریٚ، لەتێکۆشانە
****
هەندیٚ ویستیان، کورد سەردانەوێنیٚ
لە رێگەی خەباتا، لادا و وازبێنیٚ
چۆن واز دەهێنیٚ لەڕێییٚ، کەوا
بەختیاری تەنیا، لەودا ببین

**١١. سروودی (جەژنی کوردان)**

دلێر سەبارەت بەکات و شوێنی دانانی ئەم سرووده گوتوویەتی: ((لە ساڵی (١٩٦٨) وەکو ساڵی پێشوو (مەبەست ئاهەنگی نەورۆزی قوتابیانی کوردستانە لە ساڵی ١٩٦٧ لە بەغدا لەناوچەی (سدة الهندية) ساز کرابوو). قوتابیانی کوردستان نەورۆزێکی گەورەو رێك و پێکیان ساز دابوو، بەدرەنگیەوە بەشداریم تێدا کرد، (عەلی مەردان، حەمە عارف جزیری)یش تێدا بەشدار بوون، جامنیش وەکو خوم پێوە گرتووە، سروودێکی تازەم بەناوی (جەژنی کورد) ئامادە کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی تیپێکی چاکم بەدەست نەکەوت و پرۆڤەم لەسەر نەکرد، (سروودی نەورۆزی دوور وڵات و پێشمەرگەین بەهەڵمەتین)م پێشکەش کرد. سروودی (جەژنی کورد) لە شیعرەکەی و ئاوازەکەیدا، پڕە لە نەخش و نیگار و وردەکارییە، لەوانەیە بڵێم لە خۆشترین سروودەکانی منە، هەروەك بڵێی لەبەر ئەوەی سێ ساڵ بوو سروودم دانەنابوو، قەرزاری هونەری سروود بووبم، بەراستی بەو سرووده قەرزەکانم داوەتەوە ! . ئەم سرووده لەساڵی دوایی (نیسانی ١٩٦٩) لەو ئاهەنگە گەورەیەی بەبۆنەی نەورۆز سازمان کرد پێشکەش کرا، (تیپی مۆسیقای سلێمانی)م لەگەڵ دابوو، بەڵام بەداخەوە سروودەکە لەبەر وردەکاریەکانی ناوی بڵاو نەبۆوە، جەماوەر نرخی تایبەتی خۆی نەداوەتێ. بەلای منەوە ئەم سرووده لەوانەیە هونەریترین سروودی کوردی بێ، نازانم کەی هەقی خۆی ئەدرێتێ؟)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٠).

هەر ساڵێ نەورۆز بێتەوە
موژدێکی خۆش، دێنێتەوە
کوردان، ئەبووژێنێتەوە
هەر ساڵێ نەورۆز بێتەوە

****

رزگار بوونی کوردایەتی
لەم مەینەتەی تیایەتی
مژدەی خۆشی ئێستایەتی
نەورۆز بەهاری کوردە
جەژنی دێرینی کوردە
نەورۆز بەهارە
نەورۆز بەهارە

****

نەورۆز رەمزی نەبەزینە
هی هەمیشەمان و ژینە
هی هەڵمەت و راپەڕینە
نەورۆز بەهاری کوردە
رۆژی دیاری کوردە

نەورۆز بەهارە

نەورۆز بەهارە

****

نەورۆز جەژنی ئیشکەرە

هی پاڵە و هەژار و رەنجدەرە

یادی کاوەی ئاسنگەرە

رۆژی شیرینی کوردە

جەژنی دێرینی کوردە

نەورۆز بەهارە

نەورۆز بەهارە

****

**١٢. سروودی (ئۆتۆنۆمی)**

خالید دلێر لەبارەی ئەم سروودەوە نووسیویەتی: ((دوای بڵاوبونەوەی بەیانی (١١ی ئادار) نەورۆزێکمان لە (سەلمان پاك) ساز کرد، (سەدام حوسێن) زانیبووی وەکو (سیخور) هاتبوو بزانێ چی ئەکەین.، بۆ ئەو نەورۆزەش سروودی (ئەی ئۆتۆنۆمی)م ئامادە کردبوو)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ٣٢).

دیارە لەو رۆژگارەدا دروشمی سەرەکی جوڵانەوەی کورد و پارتی دیموکراتی کوردستان بریتی بوو لە (دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان)، پێ لەسەر ئەوەش دادەگیرا کەوا کورد بەهیوای (ئۆتۆنۆمی راستەقینە)یە نەوەك شتێکی قەلپ و ساختە بەو ناوەوە. ئەمەش تێکستی سروودەکەیە:

ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی

ئاواتی خۆشی کۆنینەی خۆمی

ئاواتی خۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی

ئەی ئۆتۆنۆمی ئاواتی خۆمی

****

لەتۆیان دەوێ خەڵکی هەموویان

برینی ئێستا و ئی رابردوویان

سارێژکەی ماف و خۆشی و سەربەستی

هەر کەس هەقی خۆی بخەیتە دەستی

ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی

****

ژیان بەرەو پێش ئەڕوا هەمیشە
قەت نەوەستانی کردووە بەپیشە
ئێمەش لەم ڕێیە لە تێکۆشانین
دینەمۆی ئیش و مۆمی سووتانین
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
****
کوردستان ئەبێ بۆ ڕەنجدەران بێ
بۆ پیاو چاك و کوردپەروەران بێ
ئەوسا کوردستان لەبۆ ژێر دەستان
ئەبێتە قیبلەی خواست مەبەستان
ئەی ئۆتۆنۆمی ئەی ئۆتۆنۆمی
****

**١٣. سروودی (زەحمەتکێشان)**

خالید دلێر کرێکاری کۆمپانیای نەوت بووە لەکەرکوك، بەهۆی نزیکی و تێکەڵاوی لەگەڵ ژیان و گوزەران و خواست و ئامانجەکانی چینی کرێکار و ڕەنجدەرو زەحمەتکێشانی کوردستانەوە، بۆتە یەکێك لە ئاڵا هەڵگرانی بیری چەپ و باوەڕێکی تەواو نەگۆڕی بە بیری پێشکەوتنخواز و ئایدۆلۆژیای سۆسیالیزمەوە هەبووە، هەتا سەریش لەسەر ئەم باوەڕ و بیرە ماوەتەوە، لەدوای ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان لە (ئازاری ساڵی ١٩٩١)، بۆ ماوەیەك لە ئۆرگانی ڕاگەیاندنەکانی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان کاری کردووە، هەر لەم سەر و بەندە و لە ساڵی (١٩٩٢) دا سروودێکی بەناوی (سروودی زەحمەتکێشان) داناوە، کە ئاوازەکەی لەسەر ریتم و ئاهەنگی مارشە. ئەم سروودە هەڵقوڵاوی هەمان هزر و بیر و باوەڕە، تیایدا داوای یەکریزی و یەکێتی خەبات و تێکۆشانی چینی ڕەنجدەر و زەحمەتکێشانی کوردستان دەکات، لەپێناو گەیشتن بە سەربەخۆیی و سۆسیالیزم. ئەمەی خوارەوە دەقەکەیەتی:

زەحمتکێشانی کوردستان
یەکریز شۆڕشکەن ڕاپەڕن
بهێننەدی، پەرچو، داستان
هەر ئێوەن بۆ ژیان گوڕن
****
تاکەی دیلی و ڕەنجەڕۆیی
بە باوەڕی مۆدیرنیزم
بهێننەدی سەربەخۆیی
یەکگرتنەوە سوسیالیزم

مامۆستا (خالید سەرکار) پەیژەی مۆسیقاو نۆتەی ئاوازەکەی نووسیوەتەوە (سەرکار، ٢٠٠٧، ٦٩).

**١٤. سروودی (نەمران)**

دلێر لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا دەڵێ: ((دوا سروودم سروودی (نەمرانە). لە ١٩٩٢ تەواومکرد، لەو ساوە قورگم نەخۆشە و سروود و گۆرانیم دانەناوە)). (ئەحمەد، ٢٠١٥، ١٨٥).

هونەرمەندی سروودبێژ (لالۆ ڕەنجدەر)یش ئەو مەسەلەیەی پشت ڕاست کردۆتەوە و دەڵێ: خالید دلێر سرودێکی بۆ (tv) لۆکاڵی کۆیە تۆمار کردووە بەناوی:

ئەی نەمرانی پێشمەرگەی وڵات

ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات (سەرچاوەی پێشوو، ١٩٠)

دەقی ئەم سرووده وەکو لە کتێبەکەی (وریا ئەحمەد، ٣١) داهاتووە بەم شێوەیە تۆمار کراوە:

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات

ئەی هەڵگرانی دروشمی خەبات

تاکو کورد بمێنێ ناوی ئێوە نامرێ

هەردەم دیارە وەك مەشخەڵ ئاگرێ

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات

****

بەبێ گومان خوێنی گەشی

ئێوەی نەمر ئێوەی نەمر

لەگیانی دوژمنانی کورد

ئەبێ بەگڕ ئەبێ بەگڕ

شەپۆلی تێکۆشانی کورد

زیاد ئەکاو ئەخاتە گوڕ

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات

****

گەلی کوڕانی گورج و ژیر

پشتی دەنێ پشتی دەنێ

ئازار و سەختی ڕێی خەبات

گوێ نەدەنێ گوێ نەدەنێ

مافی چارەنووسی خۆی

ڕۆژێ ئەبێ هەر بیسەنێ

ئەی شەهیدانی پێشمەرگەی وڵات

****

مایەوە بڵێین کەوا هەموو سروودەکانی خالید دلێر، لەرووی هۆنراوە و ئاوازەوە لەدانان و داهێنانی خۆیەتی، لەپاڵ گۆرانییە سیاسی و رۆمانسییەکانیشەوە. بەو هۆیەوەش، کە ئەو خۆی شارەزایی لە نۆتە و ئامێرەکانی مۆسیقا نەبووە بۆیە کاری دابەشکردنی ئاوازو مۆسیقای سروودەکانی لەکاتی خۆیدا هەندێك لەهونەرمەندانیکورد و تیپە هونەرییەکانی کوردستان ئەنجامیان داوە. هونەرمەند (وریا ئەحمەد) لەو کتێبە گشتگیرەی لەبارەی ژیانی هونەری خالید دلێرەوە چاپ و بڵاوی کردۆتەوە، تێکستی هەموو سروود و گۆرانییەکانی خالید دلێری تۆمار کردووە (تەنها ئەو سروودە نەبێت کە بەناونیشانی زەحمەتکێشانە) لەپاڵ ئەوەشدا نۆتە و پەیژەی مۆسیقای هەموو سروود و گۆرانییەکانی هێناوەتەوە.

راستیەك هەیە سەبارەت بەناوەڕۆکی سروود و گۆرانییە سیاسییەکانی خالید دلێر، تەنانەت هەتا گۆرانییە رۆمانسییەکانیشی، ئەویش ئەوەیە؛ کەوا ئەم هونەرمەندە بەهرەوەر و بلیمەتە، هەرگیز لەبیر و باوەڕی سیاسی و کوردایەتی و گیانی شۆڕشگێڕی دوور نەکەوتۆتەوە،تەنانەت ئەگەر بە کۆپلە و بەدێرێکیش بێت پەیامی هزرو بیر و باوەڕەکەی ئاوێتەی هونەرەکەی کردووە، وەکو لەسەرجەم کارە هونەرییەکانی دەبینرێت.

## ئەنجام

١. سروود جۆرێکی ئەدەبی و هونەری ئاوێتەیە، مێژوویەکی دێرینی هەیە، خاوەنی کۆمەڵێك خەسلەت و تایبەتمەندی ئەدەبی و هونەری تایبەت بەخۆیە.

٢. سروودی کوردی لەسەر بنەمای (بەیت) و (لاوك) و (گۆرانی سیاسی) کوردی هاتۆتە ئاراوە. بەچەند قۆناغدا تێپەڕیوە تاوەکو لەبۆتەی چەشنێکی ئەدەبی و هونەری تازەو نوێدا مەییوە.

٣. خالید دلێر وەکو رابەر و داهێنەرێکی دیار و درەوشاوە لە دونیای هونەری سروودی کوردیدا پێگەیەکی دیاری هەیە، رۆڵێکی گرنگیشی هەبووە لە داهێنان و دەوڵەمەند کردنی ئەم سامانە هونەرییە.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:**

١) ئەحمەد، وریا، ٢٠١٥، خالید دلێر، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

٢) ئاگرین، د. عەبدوڵڵا، ٢٠١٢، حەماسەت – داهێنان لەسروودی کوردی دەخولقێنێت – سێهەمین ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، یەکێتی نووسەرانی کورد، سلێمانی.

٣) حلمی، رەفیق، ١٩٨٨، یاداشت، بەشی دووەم، چاپخانەی رۆشنبیری و لاوان، هەولێر.

٤) رەزازی، ناسری، ٢٠١٢، پیناسەی سروود، سێهەمین ڤیستیڤاڵی کامەران موکری، یەکێتی نووسەرانی کورد، سلێمانی.

٥) سەرکار، خالید، ٢٠٠٧، سروودی کوردی، ئینستیتۆتی کەلەپوری کورد، سلێمانی.

٦) قانع، برهان، دیوانی قانع، ١٩٧٩، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

٧) مستەفا، د. محمد د. فازیل، ٢٠١٠، زیوەر، ژیان و بەرهەمی، بەڕێوەبرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر، هەولێر.

**دووەم: گۆڤار:**

٨) بەرزنجی، یاسین قادر، بیرەوەریە هونەریەکانی خالید دلێر، گۆڤاری خاك، ژمارە (٦٥–٦٦).

٩) جندی، خەلیل، ١٩٨٣، سترانا سیاسیا کوردی، گۆڤاری گزنگ، یەکێتی نووسەرانی کورد، لقی کەرکوك، ژمارە (٣).

١٠) هاوار، محمەد رەسول، ١٩٧١، سروودی مارسیلێز کێ وتوویەتی؟، گۆڤاری برایەتی، ژمارە (١٠).

**سێیەم: چاوپێکەوتن:**

١١) رەزازی، ناسری، ٢٠٠٧، دیداری تایبەت، شارەدێی دوکان.

**چوارەم: ڕۆژنامە**

١٢) قەرەدداغی، ئەنوەر، ٢٠٠١، چاوپێکەوتن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٠٧).

**پێنجەم: کتێب بە زمانی عەرەبی**

١٣) ابن منظور، جمال الدين محمد بن مكرم، ٢٠٠٨، لسان العرب، م١٣–١٤، دار صادر – بيروت.

١٤) رسول، الدكتور عزالدين مصطفى، ١٩٦٧، الواقعيه في الادب الكوردي، دار المكتبه العصرية، بيروت.

١٥) الفرحان، ابراهيم راشد، ١٩٨٤، أغاني الاطفال في الكويت، الكويت.

١٦) معروف، د. كمال، ٢٠٠٥، دراسته عن اعمال طؤران الأدبية، مطبعة رينما، السليمانيه.

١٧) وهبه، مجدي، ب.س، معجم المصطلحات العربيه في اللغة والادب، مكتبه لبنان، بيروت.

**شەشەم: کتێب بە زمانی فارسی:**

١٨) ذوالقدر، ١٣٧٣، ميمنت مير صادقي، واژه نامه هنر شاعرى، كتاب مهناز، تهران.

١٩) معين، دكتر محمد، ١٣٦٠، فرهنگ فارسي، ج٣، چاپ چهارم، چاپخانه سپهر، تهران.

٢٠) نيكتين، واسيلي، ١٣٦٦، كرد و كردستان، ترجمه: محمد قاضي، چاپ اول، انتشارات نيلوفر، تهران.

## الملخص

### خالد دلير وفن النشيد الكوردي

تشكل الاناشيد (Hymn) جزأً من التراث الادبي والفني للشعوب، وهي تطورت أساساً من التراتيل والترانيم الدينيه القديمه مروراً بالملاحم البطولية والاغاني الحماسية.

وتعرف اليوم باعتبارة نص شعري مفعم بحب الوطن تدور في مجمله حول الامجاد وبطولات الشعب وتحث على الصمود والنضال من اجل رفعه البلاد والمحافظه على سيادته ومكتسباته.

وكذلك هي الاناشيد الكورديه حيث جاءت أساساً من الملاحم البطولية والاغاني السياسية، ومرت بمراحل مختلفه لتاخذ طابعها الجديد والمميز كقطعة ادبية – فنية – موسيقية ذات مضامين وطنية وقومية. وبرز في هذا المجال (خالد دلير) كاحد رواد هذا النمط الادبي والفني، حيث ساهم مساهمة فعالة في اغناء هذا الجانب من التراث الادبي والفني للكرد.

الدراسه هذه تتناول الموضوع اعلاه، وتتكون اجمالاً من فصلين رئيسيين تنقسم الى محاور وفقرات متعدده، تليها النتائج وقائمة بالمصادر مع مختصر مفيد باللغتين العربيه والانكليزية.



## Abstract

### Khalid dlier and the Kurdish Anthems

Hymns are considered part of the literary and artistic of the nations. It developed originally from the religious rituals and songs through the Epics and the patriotic songs They are known as a poetic text which is saturated with patriotism which is usually about the exploits and the heroic Glory of a nation. It encourages people for determination and patriotism in order to protect the nation and safeguard its sovereignty.

Thus the Kurdish hymns are not different from the hymns of other nations Kurdish hymns stemmed originally from epics exploits and the political songs They passed through different stages till they got there final status as a literally artistic and musical piece which has a patriotic dimension.

Khalid Dler was one of the pioneers in hymns his contributions are enormous in enriching this artistic and literary heritage of the kurds. The study ends with the conclusion which is followed by the bibliography along with abstract both in Arabic and English.

# ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە
# (شیعر بە نموونە)

**د. هاوژین صلیوە عیسا**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتی پەروەردە**
**بەشی کوردی**

**م. ی. شادان شکر صابر**
**زانکۆی کۆیە**
**فاکەڵتی پەروەردە**
**بەشی کوردی**

## پێشەکی

**ناونیشان و بواری نووسینەکە:**

ناونیشانی توێژینەوەکە (ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە ــ شیعر بە نموونە)یە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، توێژینەوەکە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم بابەتە ئەوەبوو، کە کەس تاکو ئێستا دەستی بۆ ئەم جۆرە توێژینەوەیە نەبردووە، ئەو شاعیرانەی کە لەڕێی ئاوێتەبوونی وشەی کوردی و سریانی شیعریان نووسیبێ زۆر کەم و دەگمەنن، لەشیعری فۆلکۆریشدا هەر کە من و زۆر نین. واتە گەر ئێمە باس لە ئاوێتەبوون بکەین لای شاعیرانی کلاسیک ئەوا دەتوانین، زمانی (کوردی و فارسی)، یان (کوردی و عەرەبی)، یا (کوردی و تورکی) وەربگرین و بەدەیان نموونەی شیعری بهێنینەوە، بەڵام دەستکەوتنی شیعر ئاوێتەی زمانی (کوردی و سریانی) دەگمەنە، چونکە پێمان وایە ڕەنگە لەشیعری کلاسیکیی کوردیدا، تەنها وشەی (یەلدا) لای شاعیرانی کورد بەکارهاتبێ، کە ئەم وشەیەش سریانییەو بە واتای لەدایکبوون دێت.

**کەرستە و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ڕێبازی توێژینەوەکە، ڕێبازێکی وەسفی شیکارییە. کەرەستەی توێژینەوەکە بریتییە لە شیعری فۆلکلۆر و شیعری شاعیرانی کۆیە، کە ئاوێتەیەکن لە زمانی کوردی و زمانی سریانی.

**گیروگرفتی توێژینەوەکە:**

ئەو گرفت و کێشانەی ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە دەیخاتەڕوو، بریتین لە نەبوون، یان کەمی سەرچاوەی زانستی دەربارەی بابەتەکە بە زمانی کوردی، هەروەها لە کاتی وەرگێڕاندا ڕووبەڕووی کێشەی زاراوە بووینەوە، چونکە زۆربەی ئەو زاراوانەی، کە تایبەتن بەم بوارە، لەکوردیدا نین یان زۆر کەمن.

**ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام، لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم بریتییە لە: (چەمك و پێناسەی ئاوێتەبوونی زمان، سەرەتایەکی مێژوویی بۆ ئەو کارانەی کە لە بارەی ئاوێتەبوونی زمانەوە کراون، جۆرەکانی ئاوێتەبوونی زمان، هۆیەکانی ئاوێتەبوونی زمانی)

بەشی دووەم: لە دوو تەوەرەی سەرەکی پێکدێت، لە تەوەرەی یەکەمدا، باسی ئەم بابەتانەی خوارەوە کراوە: (ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە، نموونەی شیعری فۆلکلۆر، لە تەوەرەی دووەمیشدا، نموونەی شیعری شاعیرانی کۆیە خراوەتە ڕوو. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، ئەنجامی توێژینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو.

## بەشی یەکەم
## ئاوێتەبوونی زمان

**١-چەمك و پێناسەی ئاوێتەبوونی زمان:**

دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان، دیاردەیەکی زمانییە، کە لەوانەیە زیاتر لەو شوێنانە بەدیار بکەوێ، کە چەند میللەتێك بەیەکەوە دەژین. چاکترین نموونە، وەکو شاری کەرکوك، ڕاستە زۆرینەی دانیشتوانی کوردن، بەڵام ئەم شارە عەرەب و تورکمان و ئاشوریشی تیدا نیشتەجێیە. زۆرجار لەکاتی قسەکردندا، ڕەنگە ئەوانەی کەمینە نەتەوەن لە شارەکە بەبێ ئەوەی هەستی پێبکەن، ئەو دیاردەیە بەسەریاندا ڕوودەدات. لەبەرئەوەی خەڵکی شاری کۆیەش مێژویەکی کۆنی لەگەڵ مەسیحیەکانی کۆیە هەیە، بۆیە دیاردەی ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لەناوچەکە بەرچاو دەکەوێت و لە شیعری شاعیرانیش ڕەنگی داوەتەوە.

ئاوێتەبوونی دوو زمان بەهەر هۆکارێك و لەهەر ئاستێکدا بێ و ئەنجامەکەی هەرچۆنێك بێ، ئەم دوو زمانە دەکەونە ژێر کاریگەریی یەکتر. هیچ زمانێك نییە، کاریگەریی زمانی تری لەسەر نەبێت، لە توانای هیچ کەسێکدا نییە، ڕێگری لە ئاوێتەبوونی زمانەکان بکات و بیوەستێنێ. ڕێژەی ئاوێتەبوونی دوو زمانیش، پەیوەستە بە ڕادەی تێکەڵبوونی ئاخێوەرانی ئەم دوو زمانە. بۆ نموونە، هەموومان هەست بەو تێکەڵاوبوونە دەکەین، کە لە نێوان زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و کوردیدا هەیە. پلەی ئەم ئاوێتەبوونەش بەرزتر دەبێت، ئەگەر هاتوو دوو میللەت لە یەك ناوچەدا بژین، یان لە دوو ناوچەی دراوسێدا بژین. بۆ دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان چەند زاراوەیەکی

تریش بەکاردێ، وەکو (بازدان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، گۆڕینی زمان، کۆد گۆڕین، بەریەککەوتنی زمانەکان و وەرگرتن). لێرەدا چەند پێناسەیەکی دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان دەخەینە ڕوو، کە لەلایەن توێژەرانەوە کراوە: (وۆلفۆرد) دەربارەی ئاوێتەبوونی زمان، دەڵێت: ((ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن لەکات و شوێن و جیاوازدا کۆد گۆڕین بەکاردەهێنن))، (Woolford, 1983: 74).

(ڤۆگت)، دەڵێت: ((لەوانەیە دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان تەنیا دیاردەیەکی زمانەوانی نەبێت، بەڵکو دیاردەیەکی دەروونیش بێت و هۆکارەکەشی هۆکاری نازمانی بێت. ئاوێتەبوونی زمان دیاردەیەکی سروشتییە و هەموو زمانەکان تووشی دەبن))، (Vogt, 1954: 316). (بلۆم و گەمپێرز) لە بارەی ئاوێتەبوونی زار و زمانەوە دەڵێن: ((بەکارهێنانی دوو زاری زمانێکە، یان دوو زمانی جیاوازە لەیەك دەوروبەری کۆمەڵایەتیدا))، (Blom & Gumperz, 1972: 408).

(هێلەر) دەڵێت: ((ئاوێتەبوونی زمان بریتییە، لە ئاوێتەبوونی زیاتر لە زمانێك لەیەك بابەتدا))، (Heller, 1988a:1). (کلاین) دەڵێت: ((ئاوێتەبوونی زمان، ئەو وشانەن، کە لە سیستەمی دوو زماندا یەکتر دەبڕن، ئەمە کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر پابەندبوون بە زمانێك لەدەستدەدات و بەردەوام دەبێت لەگوتنەکەی بە زمانێکی تر))، (Clyne, 1991: 193). (بهاتا و ریتچیِ) دەڵێن: ((ئاوێتەبوونی زمان دەگەڕێتەوە بۆ ئاوێتەبوونی (مۆرفیم، وشەکان، گۆڕاوەکان، فرێزەکان، کلۆزەکان، ڕستەکان)، لەوانەیە ئاوێتەبوونی زمان پەیوەندیی بە پاڵنەر و هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونییەوە هەبێ))، (Bhatia & Ritchie, 2004: 336).

(سەلام ناوخۆش)، لە بارەی ئاوێتەبوونی زمانەوە، دەڵێت: ((تێکەڵکردنی دوو کۆد، یان دوو زمان، دیاردەیەکی زمانەوانییە لە کۆمەڵگایەکی دوو زمانی و چەند زمانیدا بەرقەرارە. وا ڕێکدەکەوێ قسەکەر لە تەنیا ئاخاوتنێك هەردوو زمان، هەریەکە بە ڕێژەیەك بەکاربێنێ. هەردوو زمانەکە دەشکێنێ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە وەرگر، یان بەرانبەرەکەی بگەیەنێت))، (سەلام ناوخۆش، ٢٠١٠: ٧). ئەگەر بەوردی سەیری ئەم پێناسانە بکەین، دەبینین بەگشتی جەخت لەسەر بوونی زیاتر لە زمانێك، یان چەند زاری زمانێك لە ناوچەیەکدا دەکەنەوە، کە دەبێتە هۆی ئاوێتەبوونی زمان بۆ گەیاندنی مەبەستێك. لەکۆی ئەو پێناسانەی کە خستماننە ڕوو، ئێمەش بەم شێوەیە پێناسەی ئاوێتەبوونی زمان دەکەین: ئاوێتەبوونی زمان: بریتییە لە ئاوێتەبوونی دوو زمان، یان زیاتر لەکاتی قسەکردندا، ئاوێتەبوونی زمان دیاردەیەکی بڵاوە لەناو ئەو کۆمەڵگایانەدا، کە دوو زمان، یان زیاتریان تێدا بەکاردێت.

**٢–سەرەتایەکی مێژوویی بۆ ئەو کارانەی کە لە بارەی ئاوێتەبوونی زمان کراون:**

مێژووی توێژینەوەی دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان بەشێوەیەکی زانستی و بەپێی زمانەوانیی کلتووری کۆمەڵایەتی بۆ (بلۆم و گەمپێرز) دەگەڕێتەوە، هەرچەندە لەساڵی (١٩٧٢)دا زاراوەی کۆد گۆڕینیان لە کارەکانی تایبەت بەم بابەتەدا بەڕاست زانیوە، هەروەها چەند توێژەرێکی تر لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەیان لەسەر کۆد گۆڕین کردووە و کۆد گۆڕین دێننە ناو بواری زمانی کلتووری کۆمەڵایەتییەوە. توێژەرێکی ئەمریکی بەناوی (جۆرج بەیکەر)، کە لەبواری زمانەوانیی کۆمەڵایەتیدا توێژینەوەی کردووە، باسی ئاوێتەبوونی زمانیی لەناو مەکسیکییە ئەمریکییەکان لە (تۆکسۆن و ئەریزۆنا)دا کردووە، (بەیکەر) هەوڵیداوە وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، بۆچی لەنێو ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن، زمانی باپیرانیان (ئیسپانی) لە بۆنەیەکدا بەکاردەهێنن و زمانی ئینگلیزیش لە بۆنەیەکی تردا، هەروەها لەبۆنەکانی تریشدا ئاڵوگۆڕیان پێدەکەن، لەبواری نوسینی شیعریش

هـەردوو زمانەکـە ئاوێتـەی یـەکتر دەکـەن، واتـە لـە زمانێکـەوە بـۆ زمـانێکی تـر بـاز دەدەن؟ (بەیکـەر) لەئـەنجامی توێژینەوەکەیدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کـە ئەنـدامانی خێـزان بـە تایبـەتی ئەوانـەی هـۆگری زمـانی دایکـن، زمـانی ئیسپانی بەکاردەهێنن، بەڵام لەگفتوگۆیاندا لەگەڵ ئەمریکییە ئەنگلۆییەکان (Anglo)، زمانی ئینگلیزی بـەکاردەهێنن، تەنانەت ئەگەر هەموو هاوبەشەکانی ئاخاوتنەکەش لە ئیسپانی تێبگەن. توێژەر ئەوەشی دەرخسـتووە، کـە ئەوانـەی تازە پێدەگەن لەچاو بەتەمەنەکان زیاتر حەزیان لە بەکارهێنانی چەند زمانێکە لەیەك ئاخاوتندا (Barker, 1947: 180 – 186). توێژەرێکی تر، کە باسی بەریەککەوتنی زمانەکانی کردووە (وێنـریچ)ە، ئـەم توێـژەرە ڕەخنـە لـە بۆچـونەکەی (بەیکەر) دەگرێت کە لەسەر (تۆکسۆن) توێژینەوەی کردبوو، بـەوەی کـە تـەنیا باسـی چـوار بـاری کـردووە: هـۆگری زمانی دایك، فەرمی، نافەرمی و گروپە هاوبەشەکان. (وێنریچ) لە چوارچێوەی زمانەوانی کلتـووری کۆمەڵایـەتی باسـی زمان گۆڕینی کردووە و دەڵێت، ئەوانەی دوو زمان دەزانن لە کات و شوێنی جیاوازدا زمـان دەگـۆڕن ( :Benson, 2001 25). (ڤۆگت) کاریگەر بووە بە بۆچوونەکانی (وێنریچ) لە بواری بەریککەوتنی زمانەکان، بە یەکەم توێژەر دادەنرێـت، کە لە وتاری ڕۆژنامەدا زاراوەی کۆد گۆڕینی لە بواری زمانەوانیدا بەکارهێناوە. (ڤۆگت) کـەمتر تـرس نیشـاندەدات لـە کۆد گۆڕینی ئەو کەسانەی کە دوو زمان دەزانن، هەروەها (ڤۆگت) پێیوایە کۆد گۆڕین زیاتر دیاردەیـەکی دەروونییـە و هۆکارەکانیشی نازمانین (Vogt, 1954: 315).

(فێرگوسۆن) یەکەم توێـژەرە، کـە باسـی دیـاردەی دایگلۆسـیای (diglossia)ی کـردووە و بـەم جـۆرە پێناسـەی کردووە ((دیگلۆسیا بریتییە لەو کۆمەڵگایانـەی، کـە لەیـەك کاتـدا زیـاتر لـە زمانێـك، یـان زارێکـی تێـدا بـەکاردێت))، (Ferguson, 1959: 325). (فێرگوسۆن) دایگلۆسیا بەرتەسکدەکاتەوە بۆ زارەکانی یەك زمان و نموونەی بۆ کۆد گـۆڕین نەهێناوەتەوە. (فیشمان) لە دوای (فێرگسۆن) باسی دایگلۆسیای کردووە، بـەڵام باسـی دابەشـبوونە ئەرکییـەکان لـە نێوان چەند زمانێکدا دەکـات (Fishman, 1967: 36). لێکدانـەوەکانی (فیشـمان) بـۆ دایگلۆسـیا سـودیان لـە بـیردۆزی گۆڕینی میتافۆرەکی دۆخی دەوروبەردا لێوەرگیراوە. کەواتە زمانـەوانی لـەو شـوێنانە دەکۆڵێتـەوە، کـە ئاوێتـەبوونی زمان تێیاندا ئاساییە (Wald, 1974: 302). هەرچەندە ئاوێتەبوونی زمان لەچەند ڕوویێکەوە لێـی کۆڵدراوەتـەوە، بـەڵام زمانەوانی چەند هۆکارێکی گرنگی ئـەو بابەتانـەی پەیوەنـدییان پێـوە هەیـە و لەبەردەسـتدان لادەدات و پشـتگوێیان دەخـات. زۆربـەی کارەکـان، کـە بـە ئاوێتـەبوونی زمـان گرنگـی دەدەن پەیوەسـتن بەئاسـتەکانی سینتاکسـی و مۆرفۆسینتاکسـی لەسـەر گـۆڕینی زمـان، وەك (پـۆپلاك ١٩٨٠, سـانکۆف ١٩٨١, جۆشـی ١٩٨٥, دیسـلۆ و ولیـەمس ١٩٨٧, بێلەز و ئەوانی تر ١٩٩٤, هالمەر ١٩٩٧... هتد) کاریـان لەسـەر کـردووە. دوابـەدوای ئەمانـە، توێژینـەوەکان لەسەر فێربونی زمان و فێربونی زمانی دووەم، وشەی کۆد گۆڕین بەکاردەهێنن.

**جۆرەکانی کۆد گۆڕین لە ڕستەدا:**

- کۆد گۆڕینی نێوان ـ ڕستەیی Inter – Sentential، واتە (زمان لە نێوان ڕستەکاندا دەگۆڕدرێت).
- کۆد گۆڕینی نێو ـ ڕستەیی Intra – Sentential، واتە (زمان لەناو ڕستەیەکدا دەگۆڕدرێت).

لە ئاوێتەبوونی زماندا ئەو دەربڕینانە بەکارنایەن، کەڕستەی یان تێدابن لە پێکهاتە ناڕێزمانییەکانی ڕسـتەی یـەك زمان پێکهاتبن. ئامانجی سەرەکیی ئاوێتەبوونی زمان لەڕوانگەی زمانەوانییـەوە دۆزینـەوەی ئـەو میکانیزمانەیـە، کـە ڕێگا بە ئاوێتەبوونی زمانیی ڕێزمانی دەدەن. لێکۆڵەران لە سەرەتادا ئاوێتەبوونی زمانیان لە ئاستی ڕستەدا پشتگوێ

خستبوو، بەشتێکی هەڕەمەکی و لە ڕێدەرچوونیان دادەنا (Lance, 1975: 53)، بەڵام لە ئێستادا هەموویان هاوڕان و لەو باوەڕەدان ئاوێتەبوونی زمان لە ئاستی ڕێزمانیدا، دروستە. بنەمای ئەو هاوڕا بوونەشیان بریتییە لە سەرەنجدانی ڕەفتاری ئەو کەسانەی، کە بە دوو زمان قسەدەکەن و هەوڵدەدەن ئاوێتەبوونی زمان لەئاستی ناو ڕستەیی ئەنجام بدەن، تەنیا لە هەندێك سنووری ڕستەسازی، یان مۆرفۆسینتاکسیدا، نەك سنووری ئاستەکانی تر. هەوڵە سەرەتاییەکان بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو دیاردەیە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێ، ئەویش بە ڕاگەیاندنی ئەوەی، کەوا شوێنی ڕوودانی چەند کۆد گۆڕینێك لە هەندێ زماندا قەدەغەیە، بۆ نموونە کۆد گۆڕین لە نێوان کردارەکان و ئەو بکەرانەی کە جێناون، ناکرێ ئەنجام بدرێ، چونکە پەسەند نییە، هەروەها کۆد گۆڕین لە نێوان ئامرازەکانی پەیوەندی و ئەو بەشانەی کە ئامرازەکان بە یەکەوەیان دەبەستنەوە ڕوونادات.

لە ساڵانی (١٩٨٠) بەدواوە، بۆچوونی تر بۆ توێژینەوە لە ئاوێتەبوونی زماندا هاتە ئاراوە، کە زیاتر گوێ بە ئاوێتەبوونی زمان لەئاستی ئەدەب و ئاخاوتندا دەدات، بەمەش چەندین ڕاستییەکی تر لە بارەی دیاردەکەوە دەرکەوتن. زۆربەی ئەو توێژینەوانەش جەخت لەسەر لایەنی پەسنیی، یان لایەنی تیۆری ئەم دیاردەیە دەکەنەوە.

**٣–جۆرەکانی ئاوێتەبوونی زمان:**

بە بۆچوونی ئێریکا و گەمپێرز دوو جۆر ئاوێتەبوونی زمان هەن:

ئاوێتەبوونی زمان، وەکو پەڕینەوەیەکە لە نێوان دوو زمان یان زیاتردا. قسەکەران لە باری دوو فەرهەنگیدا دەبێ زیاتر لە سیستەمێکی ڕێزمانی بۆ جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەیان بزانن. ئاوێتەبوونی زمانی لە بێئاگایی قسەکەرە (Gumperz, 2002: 60)، کە بە زمانی ئینگلیزی پێی دەگوترێ ( Code –Switching , Code Shifting , Code Changing)، بەڵام ئاوێتەبوونی کۆد، کە لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەگوترێ (Code - mixing) لە بەئاگایی قسەکەرەوەیە. (محەمەد مەعروف) جۆری یەکەمی ناوناوە (بازدانی خۆنەکرد) و جۆری دووەمیشی ناوناوە (بازدانی خۆکرد). کەواتە دوو جۆرە تێکەڵکردن هەن:

**أ. ئاوێتەبوونی خۆنەکرد:**

ئەم جۆرە ئاوێتەبوونە بەبێ ویستی قسەکەرە، چونکە قسەکەر لەپڕ لە زمانێکەوە دەردەپەڕێتە سەر زمانێکی تر. لەم بارەیەوە (محەمەد مەعروف) دەڵێت: ((مەبەست لەم جۆرە بازدانە ئەوەیە، کە قسەکەر بە ویستی خۆی کارەکە ئەنجام نادات، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی بازدانەکە، پەیوەندی بە هەڵوێستەوە هەیە. ڕێڕەوی قسەکردنەکە گەیشتۆتە خاڵێك، کە پێویستی بە زمان گۆڕین هەیە. ئەمە پەیوەندی بەجۆری قسەکردن و دەوروبەر و چۆنێتی بابەتەوە هەیە))، (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٢).

لەم جۆرە بازدانەدا گۆڕان لە هەڵوێستدا دەبێتە هۆی گۆڕان لە شێوازی قسەکردن، یان گۆڕان لە شێوازدا زۆرجار نیشانەی ئەوەیە، گۆڕانێك لەپەیوەندیی نێوان قسەکەر و گوێگراندا هاتۆتە کایەوە، یان بابەتی قسەکە گۆڕاوە، یان شوێنی بەیەك گەیشتنەکە تایبەتییەکی وەرگرتووە (بەکر عومەر و شێرکۆ حەمەئەمین، ٢٠٠٦: ٣٧). پەیوەندیی قسەکەران لەگەڵ یەکتریدا جۆری بابەت و دەوروبەر لەو هۆکارانەن، کە هەڵوێست دیاریدەکەن، هەرچەندە جۆرەکانی هەڵوێست هەمیشە لەگۆڕاندان و تەنانەت لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێن. بۆ دیاریکردنی هەڵوێستە گرنگەکان، دەبێ پەنا ببرێتە بەر دیدارو تێبینی گشتی و ئەزموونی کۆمەڵایەتی (Fishman,1972:49)

بەهەموو ئەو هەڵوێستانەی پێویستییان بەیەك شێوازی قسەكردنە دەگوترێ بوار. بۆ نموونە، ئەگەر خەڵكی لە بازاڕ و سینەما و چایخانە و قوتابخانەدا هەمان شێوازی ئاخاوتنیان بەكارهێنا لە كۆمەڵگایەكدا، ئەوا هەموو ئەو شێوازانە بەیەكەوە بەیەك بوار دادەنرێن. خۆ ئەگەر شێوازی ئاخاوتنی خەڵكی لە سینەما و لە قوتابخانە جیاوازبوون، ئەوا دەبێت هەریەكەیان بە بوارێكی تایبەتی دابنێین، هەر لەبەرئەوەیە، ژمارەی بوار لە توێژینەوەیەكەوە بۆ توێژینەوەیەكی تر دەگۆڕێت. (لۆرنس گرینفیلد) لە توێژینەوەیەكدا، كە دەربارەی پۆرتۆریكۆییە دوو زمانزانەكان كردوویەتی دانی بەبوونی تەنیا پێنج بوار داناوە، كە هەموو ئەو هەڵوێستانە دادەپۆشێ، كە لە ماوەی ساڵێكی توێژینەوەكەیدا بەرچاوی كەوتوون. بوارەكان بریتین لە: بواریماڵەوە، بواری هاوڕێیەتی، بواری ئایین، بواری كار، بواری پەروەردە (قوتابخانە). وەك لە توێژینەوەكەیدا دەری خستووە، زۆربەی دانیشتوانی (پۆرتۆریكۆ) زیاتر زمانی ئیسپانی لەبواری هاوڕێیەتی و ماڵەوە بەكاردێنن. هەرچی زمانی ئینگلیزییە بە تایبەتی لە بواری خوێندن و ئایین و ئیشكردندا بەكاریدەهێنن. بە واتایەكی تر هاوڵاتییەكی پۆرتۆریكۆیی وای لێچاوەڕوان دەكرێ، كە لە كەنیسە و فەرمانگە و قوتابخانەو زانكۆدا بە زمانی ئینگلیزی بدوێ. هەركاتێ هەڵوێستەكەش گۆڕا لە دەوروبەرێكی نافەرمیدا، ئەوا وا چاوەڕوان دەكرێ، كە قسەكەر زمان بگۆڕێ و باز بداتە سەر زمانی ئیسپانی (محەمەد مەعروف، ٢٠١٠: ١٤٣). كەواتە ئەم جۆرە ئاوێتەبوونە بە ویستی قسەكەر نییە، بەڵكو بەهۆی زاڵبوونی هەردوو زمانەكەوە لەلای قسەكەر، ئەو دیاردەیە ڕوودەدات.

**ب. ئاوێتەبوونی خۆكرد:**

ئەم جۆرەیان بە پێچەوانەی ئاوێتەبوونی خۆنەكردە، چونكە بازدان لە زمانێكەوە بۆ زمانێكی تر بە ویستی قسەكەرە. (گۆران سەلاحەددین)، دەڵێت: ((هەندێجار قسەكەر، كە دوو زمان دەزانن كەمە نەتەوەیی نین، بۆ نموونە كاتێك كەسێكی كورد كە لە دەرەوەی وڵات لە بەریتانیا یان سوید... دەژی، كە دێتەوە كوردستان وشە و دەستەواژەی ئینگلیزی دەخاتە ناو زمانەكەی خۆی ئەمەش یان نیشانەی ئەوەیە، كە ماوەیەكی زۆر لە هەندەران ژیاوە و ناوەڕۆكی زمانەكەی خۆی بزركردووە، یان بە ئەنقەست ئەو وشانە بەكاردەهێنێ بۆ خۆدەرخستن))، (گۆران صلاح الدین، ٢٠١٢/٦/٢٠: دیدەنی)، یان گوێگر شێواز، یاخود زمانەكەی دەگۆڕێ و بازدەداتە سەر شێواز، یان زمانێكی تر بێ ئەوەی هەڵوێست گۆڕابێت، یان پێویستی بەم شێواز گۆڕینە هەبێت. بە واتایەكی تر، گۆڕانی شێواز هەندێجار پەیوەندیی بە هەڵوێستەوە نامێنێ. ئەم جۆرە كەناڵ گۆڕینە بۆ ماوەیەكی زۆر كورت دەمێنێتەوە و قسەكەران، یان گوێگرانی تر لەسەر شێوازەكەی خۆیان بەردەوام دەبن و گوێ نادەنە ئەم شێواز گۆڕینە و دووی ناكەون، چونكە شێواز گۆڕینەكە هەڵوێستی نەیهێناوەتەدی و تەنانەت لەگەڵیشیدا ناگونجێت. ئەم جۆرە شێواز گۆڕینە زیاتر بۆ پێداگرتن و پێكەنین بەكاردێ، هەرچەندە مەترسی ئەوەی لێدەكرێت، كە هەڵگەڕێتەوە و كارەكە پێچەوانە بكاتەوە. پێویستە ئەوە بزانین، بازدانی خۆكرد شتێكی زۆر پێویست نییە، بەڵكو بەندە بە ئارەزووی قسەكەر یان گوێگرەوە و دەتوانرێ بەكارنەهێنرێت. جگە لەوە دەتوانرێ، تەنیا ئەو كاتانە سوود لەو بازدانە وەربگیرێ، كە هاوبەشانی ئاخاوتنەكە تەواو لەیەكتری بگەن و هەمان باوەڕیان دەربارەی دەرچوون و بازدان لە شێوە ئاسایی و گونجاوەكە و شێوازی تێكەڵكردن هەبێت.

**٤-هۆیەکانی ئاوێتەبوونی زمان بەگشتی و زمانی کوردی و زمانی سریانی بەتایبەتی:**

هەر دیاردەیەکی زمانی هۆکاری جیاوازی، لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەیە، کە ئەمەش لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت، لە هەمان کاتدا هێواشی و خێرایی هۆکارەکە بەگوێرەی بارودۆخی ئەو زمانە دەگۆڕێت، هۆیەکانی تێکەڵاوبوونی دیاردەی ئاوێتەبوونی زمان، بریتین لە:

١ ـ فێرکردن و فێربوونی زمانی بێگانە، واتە زانینی زیاتر لە زمانێك دەبێتە هۆی زمانگۆڕین لەکاتی قسەکردندا (إبراهيم بن علی، ١٤٢٧هـ: ٢).

٢- خوێندن بە زمانی بێگانە، بۆ نموونە ئەگەر مەسیحییەك خوێندنی بە زمانی کوردی بێت، لەکاتی ئاخاوتندا، بێئەوەی هەستی پێبکات، زمانی دایك و زمانی کوردی ئاوێتە دەکات.

٣- دایك و باوکی زمان جیاواز، بۆ نموونە مێرد کورد/ ژن عەرەب، منداڵەکانیان ئەو دوو زمانە ئاوێتە دەکەن.

٤- ژینگە و دەوروبەر، واتە ئەو ناوچانەی زیاتر لە نەتەوەیەك تێیاندا دەژین، بۆ نموونە، وەك شاری کەرکوك، یان شاری هەولێر جگە لە کورد، عەرەب و تورکمان و... هتد تێدا دەژی، یان شاری کۆیە کە کورد و مەسیحیی تێدا دەژی، ئەمە وا دەکات قسەکەر ان ئەو زمانانە ئاوێتە بکەن.

٥- ئەگەر هاتوو ئەو دوو زمانەی بەرانبەر یەکترن، ژمارەی قسەپێکەرانی یەکێکیان زیاتر بوو لەوی تریان، ئەوا زمانە زۆرینەکە بەسەر زمانەکەی تر زاڵ دەبێت و بە تایبەتی ئەگەر لە ڕووی شارستانی و ڕۆشنبیری و ئەدەبیەوە پلەیەکی بەرزی هەبێ، ئەوا سیستەمی ئەو زمانە لەکاتی ئاوێتەبوونی زماندا بەکاردێ.

٦ ـ ئەگەر دوو میللەت دراوسێ بوون و ئەندامانی میللەتێکیان چوونە ناو میللەتەکەی تر، جا بە هەر هۆکارێك بێت، وەکو: کۆچکردن، خوێندن، ئابووری...هتد، ئەوا زمانی خۆیان و زمانی میللەتەکەی تر ئاوێتە دەکەن. واتە دراوسێیەتی میللەتان، وا دەکات زمانەکانیان تێکەڵ بەیەك ببێت.

٧ ـ جەنگی دوور و درێژی نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز، یان چەند میللەتێکی زمان لێك جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی زمانەکانیان ئاوێتە بەیەك بن.

٨ ـ پەیوەندیی بازرگانی نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز، دەبێتە هۆی ئەوەی کە زمانەکانیان تێکەڵ بەیەك ببێت، بە تایبەتی ناوی ئەو شتومەك و کاڵایانەی کە هاوردە دەکرێن، هەرچەندە ئاستی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان دوو میللەت زیاتر بێت دیاردەی ئاوێتەبوونی زمانیش پتر دەبێت (علی عەبدولواحد ئەلوافی، ٢٠٠٧: ٢٥٦).

٩ ـ پەیوەندیی ڕۆشنبیری و کلتووری نێوان دوو میللەتی زمان لێك جیاواز، دەبێتە هۆی ئاوێتەبوونی زمانەکانیان، قسەکەرانی هەردوو میللەتەکە سوود لە وشە و زاراوەی یەکتر وەردەگرن. تەنانەت هەندێ جار لە ڕووی ڕێزمانیشەوە سوود لە یەکتری وەردەگرن. وەك: نامەحرەم، حەرامزادە، حاشاوەلیلا، شەوی یەڵدا...هتد.

١٠ ـ هۆکاری کلتووری و کۆمەڵایەتی: ئامەزرۆبوون و لێك نزیکیی کلتوری ئەو دوو نەتەوەیە هۆکارێکی ترە، بۆ ئاوێتەبوونی ئەو دوو زمانە، (ڕۆمەین) پێی وایە کۆمەڵێك هۆکار و پاڵنەر هەن، کەوا دەکەن قسەکەران زمان بگۆڕن و تێکەڵی بکەن، بەڵام هۆکاری کۆمەڵایەتی گرنگترینیانە (Romaine, 1989: 15).

## بەشی دووەم
## ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە

زمانی زگماکی ئاخاوتنی مەسیحییەکانی کۆیە زمانی سریانییە، بەڵام لەبەرئەوەی بەدرێژایی مێژوو لەکۆیەو گوندی هەرمۆتە ژیاون، بەهۆی ئەوەی مەسیحییەکان تەنها لەسنوورێکی دیاریکراودا لەناو خۆیاندا ئەو زمانەیان بەکارهێناوە، بۆیە وشەکانیان هێندە نەهاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە، بەڵام زۆر وشەی کوردی هاتونەتە نێوزمانی سریانی، هەندێ وشە بەسیما تایبەتییەکەی خۆیان هاتوون، وەکو خۆیان ماونەتەوە، هەندێ وشەش گۆڕانکارییان بەسەرهاتووە، هەندێ وشەش پاشگر، یاخود پێشگری زمانی سریانییان وەرگرتووە، سیماکەیان زۆر گۆردراوە، ئەگەر کوردێك تەواو لێیان ورد نەبێتەوە نایانناسێتەوە، هەندێ وشەی کوردیش کەهاتوونەتە نێوزمانی سریانی، کەوتونەتە ژێر ڕکێفی فۆنەتیکی سریانی و ئاوێتەی وشە سریانییەکان بووین، بۆ نموونە وشەی (سەوسر) لەزمانی سریانی بەواتای (سووڕانەوە) دێت، زۆر ئاشکرایە لەزمانی کوردی وەرگیراوە، وشەی (باشیلێ) بەواتای (باشە) دێت و لەزمانی کوردییەوە وەرگیراوە، بەڵام پاشگری (یلێ)ی وەرگرتووە، (یلێ) فرمانی بێهێزە بۆ دەمی ئێستا، بەرانبەر بە (ە)ی زمانی کوردییە، واتە (باشە=باشیلێ)ی زمانی سریانی، جگە لەوەش دەنگی (ش)نەبرە—هێز(شەدە)ی دەخرێتە سەرو زۆر قورستر گۆ دەکرێ، بەدەیان وشەی ترمان هەیە، بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە، تەنها لەبارە شیعری ناوچەی کۆییە، کە ئاوێتەن لە زمانی کوردی و زمانی سریانی، بۆیە درێژە بە بواری وشە نادەین.

ئەم بەشە لە دوو تەوەرە پێکدێت:

**تەوەرەی یەکەم: نموونەی شیعری فۆلکلۆر:**

فۆلکلۆر سامانێکی دەوڵەمەندی نەتەوەکانە، شیعریش لەبەرئەوەی هەڵگری هەست و سۆزێکی بەهێزەو دەکرێتە گۆرانی، بۆیە لەڕوحییەتی کەسەکان نزیك ترە، ئێمە ئەم نموونە شیعرییانە دەهێنینەوە، کە لە وشەی کوردی و سریانی پێکهاتوون, واتە ئاوێتەیەکن لە زمانی کوردی و سریانی. بۆ نموونە:

**بەزمانی کوردی:**

لەسەریە کۆڵانەکە— لەسەریە کۆڵانەکە،
گەیمە کچە جوانەکە— گەیمە کچە جوانەکە.
لەعاردیمدا گۆتی وەی— لەعاردیمدا گۆتی وەی،
ماچم کرد گۆتی ئۆخەی— ماچم کرد گۆتی ئۆخەی.

**بەزمانی سریانی:**

بینی و بێنەخ توڕانێ— بینی و بێنەخ توڕانێ
بەسە شەدڕەت خەبڕانێ— بەسە شەدڕەت خەبڕانێ
ئیتن ناشێ سەتانێ— ئیتن ناشێ سەتانێ
کۆدی گاوەن بوختانێ— کۆدی گاوەن بوختانێ. (سیروان ئۆغز، هەرمۆتە— کۆیە: ١٨—٢—٢٠١٥: دیدەنی).

ئەمە، گۆرانییەکی شایی و هەڵپەرکێیە، کە زیاتر لەکاتی شایی سێ پێیی دەوترێ، هەر دێڕەی چوار جار دەوترێ، دووجار کەسی گۆیندە (گۆرانی بێژ)، دووجاریش سەرجەم ئامادەبوون، یان سەرجەم شایکەران دەیڵێنەوە. ئەم گۆرانییە لەحەوت بڕگە پێکهاتووە (٤+٣) بەهەمان ڕیتم و کێشی کوردی بەزمانی سریانیش دەوترێ، واتە کاتێ گۆرانی بێژ کۆپلەیەك بەزمانی کوردی دەڵێ، کۆپلەی دووەم بەزمانی سریانی دەڵێ، ئینجا بەزمانی کوردی، دواتر بەزمانی سریانی...، لێرە دا نموونەیەك دەهێنینەوە، کۆپلەی یەکەم بەزمانی کوردی و کۆپلەی دووەم بەزمانی سریانی دەخەینە ڕوو، شیعرە سریانییەکەمان وەرگێڕاوتە سەر زمانی کوردی، بەڵام تەنها ماناو مەفهومەکەمان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی نەمان کردۆتەوە شیعر، چونکە تایبەتمەندی وشە قافییەدارەکانی زمانی سریانی، کە وەربیگێڕدرێتە سەر زمانی کوردی، لایەنی مۆسیقاو جوانییەکەی دەشێوێ، بۆ نموونە وشەی (توڕانێ) واتە چیاکان، (خەبڕانێ) واتە قسەکان، (بوختانی)، وشەیەکی کوردییە، واتە بوختان. (سەتانێ)، واتە شەیتان. واتە لەزمانی سریانی قافیەی شیعرەکەیان دابین کردووە: (توڕانێ، خەبڕانێ، بوختانێ، سەتانێ)، جگە لەو قافییە یەکگرتووە جوانە، هەریەك لەم وشانەش لەسێ بڕگە پێکهاتوون.بەرانبەر ئەم وشانە لە زمانی کوردی دەبنە: (چیاکان، قسە، بوختان)، کە دیارە سەرواکانیان جودایە و کێشەکانیشیان جودایە.

وەرگێڕانی مەفهومی شیعرە سریانییەکە: نێوانمان چیاو چۆڵەوانییە، بەسە هەواڵان مەنێرە، چونکە کەسانی شەیتان زۆرن، بوختانمان بۆهەڵبەستن و لێکمان دەکەنەوە.

لە شیعرێکی تردا کە هەر کۆپلەیە و بە زمانێك دەگوترێ، کە هەر دێڕەی دووجار دەوترێ، جارێك کەسی گۆرانی بێژ جاری دووەم کۆرس، لەکاتی بردنی بوك و زاوادا بۆکلێسە لەڕێگا بەچەپڵەڕێزانەوە ئەم گۆرانییە دەوترێ، لەکاتی شایی و هەڵپەرکێش دەگوترێ، ئەم شیعرە بەکێشی پەنجەی خۆماڵی دەکێشرێ، کێشی (٥+٥).

**بەزمانی کوردی:**

ئەی لەیلی لەیلی باوانم لەیلی–ڕاستیم پێ بڵێ بۆوا بێ مەیلی

شەربێ لەداخت بچمە کەنیسە–شەهادە بێنم بەدینی عیسا

**بەزمانی سریانی:**

پۆش تاڵی دکتۆر هەلی دەرمانە–من کومەخ زۆرەو سەدرەخ مەیانە

کبن من <u>باخچەخ</u> بەس ترێ ئەرمۆنێ–لەتۆرەت لبی ئەمرەت قەدۆمێ (عیسا ئێلیا–کۆیە– ١٧–٢–٢٠١٦: دیدەنی).

وەرگێڕانی مەفهومی شیعرەکە: بۆم ببە دکتۆر پێم بدە دەرمان، لەم دەمە بچکۆڵەو لەوسینگە نەرمە، دوو هەنارم دەوێ لەباخچەت، دڵم مەشکێنەو پێم مەڵێ بڕۆو سبەی دەتدەمێ. دەبینین لەنێو شیعرە سریانییەکەش وشەیەکی کوردی بەکارهاتووە، هەرچەندە بەرانبەر وشەی (باخچە) لەزمانی سریانیدا وشەی (گەنسا)مان هەیە، بەڵام کوردییەکە بەکارهاتووە.(باخچە+خ)، ئەم (خ)ە لە زمانی سریانیدا بۆکەسی دووەمی مێ بەکاردێت، بۆ نموونە بۆکەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی مێ بەم شێوەیە بەکاردێ:

باخچ+ی=باخچی، بەزمانی کوردی: باخچەم

باخچە+خ=باخچەخ، بەزمانی کوردی: باخچەت

باخچە+و= باخچەو، بەزمانی کوردی= باخچەی

بۆ نێر بەم شێوەیە لەزمانی سریانیدا بەکاردێ:

باخچ+ی=باخچی، کەسی یەکەمی تاك لەزمانی کوردی: باخچەم

باخچ+ۆخ=باخچۆخ، کەسی دووەمی تاك لەزمانی کوردی: بەخچەت

باخچ+ێو=باخچێو کەسی سێیەمی تاك لەزمانی کوردی دا، باخچەی

واتە وشە کوردی یان عەرەبی بێتە نێو زمانی سریانی لەکاتی بەکارهێنانیدا جگە لە فۆنەتیك، لەڕووی پێکهاتەشەوە یاسا زمانەوانییەکانی زمانی سریانی بەسەری پڕاکتیزە دەبن، وەك وشەیەکی ئەم زمانە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ.

ڕاناوی جودا لەزمانی سریانی دا، کەسی یەکەم و دووەم و سێیەم بۆ نێر:

ئانە=من/ ئەهات=تۆ/ ئاوە=ئەو

ڕاناوی جودا کەسی یەکەم و دووەم و سێیەمی تاکی مێ

ئانە=من/ ئایەت=تۆ/ ئایە=ئەو

ڕاناوی جودا بۆ کۆی نێرو مێ:

ئەخنی= ئێمە/ ئەختۆخم=ئێوە/ ئانی= ئەوان

ڕاناوی لکاو لەزمانی سریانی دا:

بۆ مێ: بۆ نموونە لەڕستەی، سەرم دێشێ (ڕێشی گمارێ)، ڕێشە=سەر

ڕێشی گمارێ=سەرم دێشێ/ ڕێشەخ گمارێ= سەرت دێشێ/ ڕێشەو گمارێ= سەری دێشێ/ (ی،خ،و)

بۆنێر: ڕێشی گمارێ=سەرم دێشێ/ ڕێشێو گمارێ= سەرت دێشی/ ڕێشێو گمارێ= سەری دێشی/ (ی، ێو،ێو)

لەنمونەیەکی دیکەدا:

**بەزمانی کوردی:**

هە مشکە مشکە مشکە–حیلانێ

ئەو ساڵ ساڵەکەی وشکە–حێلانێ

مشك نیەو دووپشکە–حێلانێ

مشك چووە کولینێ–حیلانێ

خواردی ماستی ئامینێ–حیلانێ

**بەزمانی سریانی:**

ئائێلە خێت خەبووشە–حێلانێ

کوت ئێنەو قەتڵی ئشتە–حێلانێ

ئائێلە ڕێشت گارێ–حیلانێ

پەرساوا جولێ خوارێ–حێلانێ

نەشقنەو کمرە گمارێ–حیلانێ

وەرگێڕانی مەفهومی ئەم کۆپلە شیعرە: ئەوەتا لەبن دار سێوە،حێلانێ، هەرچاوەی شەش کەس دەکوژێ، حێلانێ، ئەوەتا لەسەر بانەو جلی سپی ڕادەخا، حێلانێ، ماچی کەم دەڵێ دێشی. حێلانێ. تەواوی ئەم گوتراوە بەوشەی سریانی داڕێژراوە، بەڵام (حێلانێ)، کە لەکوردییەوە وەرگیراوەو هەردوو گوتنەکە ئاوێتەی یەکتر بووین، ئەمەش دەلیلی ئەوەیە کەمەسیحییەکانی کۆیە لەدێرین زەمانەوە لەگەڵ برامسوڵمانەکانیان بەتەبایی پێکەوە ژیاون.

**بەزمانی کوردی:**

مشك نیەو مەزنە–حیلانێ

سمێڵ پێچکە بزنە–حیلانێ.... (سەخەریا عیسا کەریم–فۆلکلۆر زان، هەرمۆتە– کۆیە: ٢١–٢–٢٠١٦: دیدەنی).

ئەم گۆرانییە لەگەڵ جۆرە یاریەکی کوردەواری دەگوترێ، کە کۆمەڵێ کەس بەپێوە دەوەستن و باسکی دەخەنە سەر ملی یەکترو شێوە کەوانەیەك دروست دەکەن، لە مەودای یەك دوومەتردا بەدەستە ڕاستدا دەخولێنەوە، دواتر بەدەستی چەپ وەردەچەرخێن، کەسێك نیو دێڕ دەڵێ، ئەوانی تر تەنها بەدەنگێکی بەرز دەڵێن، (حێلانێ). لە گوندی هەرمۆتەی کۆیە برگەی سریانیشیان بۆزیاد کردووەو ئاوێتەی کوردییەکەیان کردووە. زۆرجاریش لەدانشتێکدا کاتێ کوڕو کچ کۆدەبنەوە بەدەم چەپڵە لێدانەوە دەوترێ. ئەم گوتنە لەحەوت برگە پێکهاتووە (٤+٣)، ئەوەی کە کۆڕس دەیڵێنەوە (٣) برگەیە.

**بەزمانی کوردی:**

ئەم گۆرانییە لەکاتی بردنی بووك و زاوادا بۆکڵێسە، کەجاران بەپێیان زاوایان دەبردە ماڵی بوکێ و لەوێشەوە دەچوونە کڵێسە، ئەم گۆرانییەیان بەزمانی کوردی و سریانی بەتێکەڵی دەگوت.

کوردی: ئەی هاوار لەنێو ڕەزان–ماچی کچان لێویان تەزاند

سریانی: ئاێلە گارت ئێتە–کوردی: ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

سریانی: سەڵمەو خوارە موخوات بێتە–ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

ماچی کچان لێویان تەزاند–ئایلە تووتە حەدیقە

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان–بیدەو لوخمە رەقیقە

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان–تلبلی منەو نەشقنە

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان –مرە تاڵی دەقیقە

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان...

وەرگێڕانی نیوەدێڕە سریانییەکان: ئەوەتا لەبانی کڵێسایە، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، ڕوومەتی سپی وەك هێلکەیە، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، ماچی کچان لێویان تەزاند، ئەوەتا لەباخچە دانیشتووە، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، لەدەستی دایە نانێکی تەنك، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، داوام لێکرد ماچم داتێ، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان، پێی وتم خولەکێك بوەستە، ئەی هاوار لەنێو ڕەزان...

**بەزمانی کوردی:**

ئەوا زەردەی خۆرەتاوە–ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان–ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

مێگەل بۆلادێ گەڕاوە–ئەی هاوار لەنێو ڕەزان

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان–سەرم لەم کارە شێواوە

ئەی هاوار لەنێو ڕەزان... (بەفرین عەزیز پەترۆس، خوێندەوار، لەدایك بووی ١٩٥٤، هەرمۆتە–کۆیە: ٢٢–٢–٢٠١٦: دیدەنی).

تەوەرەی دووەم: نموونەی شیعری شاعیرانی کۆیە:

ڕەهبەری سەید برایم، شیعرێکی هەیە، بەزمانی کوردی و سریانی نووسراوە، دوو وتاریشی هەیە، کە ناونیشانەکەیان بە وشەی سریانی دەستپێدەکەن، ئەویش بۆ دووکەسی مەسیحی نووسراون، ئەوانیش بەناوی (وەلۆخ شلامەلۆخ)، کە وتارێکە لەبارەی (سەعید ئیبراهیم)ەوە نوسراوە، لەژمارە (١١)ی گۆڤاری کەکۆن، لەساڵی (٢٠١٠) بڵاوکراوەتەوە، ماناکەشی یانی (کوڕە) وەك چۆن بانکی کەسێك دەکەی دەڵێ کوڕە سەلامت لیبێ. هی دووەمیان، بەناوی (ئەلپەگاهێ بریخە)، کە وتارێکە لەبارەی مامۆستا باکووری (ئەندراوس خەمۆ) نووسراوە، ماناکەشی یانی (هەزارجار پیرۆزبێت) لە ژمارە (٢٥)ی گۆڤاری کەکۆن، لەکانوونی دووەمی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە. جگە لەمانە شیعرێکی هەیە، بەناونیشانەوە، لەسێ شوێن وشە و ڕستەی سریانی بەکار هاتووە.

((ئەی هەرمۆتە شلاماللۆخ))

ئەی هەرمۆتە شەللاماللۆخ –پڕ لەجوانی نازداری شۆخ

لەهەرمۆتەی گوندی دیانان–وارە گوڵێك شای جوانان

خاچ لەگەردن دیانێکی تۆخ–ئایە مرە پشێنە تێلۆخ

***

کچە دیان جوانی شێوە–تو کەنیسەو گیانی سێوە

تو قەدیشەو خاچ و قەشە–بێ منەت بە لەهەڕەشە

دەژین دەمرین منت لەڕۆخ–هۆ هەرمۆتە شلامەلۆخ

***

ڕووگەی عەشقم موسڵمانان–شەنگ مێرەمەو شلەوخانان

پاك و ڕاستگۆین لەئەوین دا–بۆیەك دەبین لەئایندە

زەمان زلۆخ، گۆڕاوە دۆخ–هۆهەرمۆتە شلامە لۆخ.(ڕاهبەری سەید برایم: گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ١٥، حوزەیرانی ٢٠١١ :٤٤).

ئەی هەرمۆتە شەلامەلۆخ، واتە: ئەی هەرمۆتە سەلامت لیبێ. ئایە مرە پشێنە تێلۆخ، واتە: ئەو وتی بەخێرهاتی. (ئایە) بۆ کچان بەکاردێت، (ئاوە) بۆ کوڕان بەکاردێت، شاعیر بەشێوەیەکی دروست بەکاری هێناوە، واتە، وەك زمانی عەرەبی زمانی سریانی نێرو مێی هەیە.دەبوایە شاعیر بیوتبوایە (ئەی هەرمۆتە شلامە لەخ)، چونکە هەرمۆتە مێیە، واتە لەزمانی سریانی شار و گوند مێن، بەڵام خانو ماڵ نێرن، وەك زمانی عەرەبی شتە بێگیانەکانیش نێر و مێیان هەیە، (شلامە+لۆخ)بۆ کوڕانە، واتە: (سەلامت لیبێت)، (شلامە+لەخ) بۆ کچانە، واتە (سەلامت لیبێت).

مۆسیقای شیعرەکە لەنێوان وشەی (کوردی) و (سریانی)دا، (مەلۆخ–شۆخ)، (تۆخ–تێلۆخ)، (ڕۆخ–شەلامەلۆخ)، (دۆخ–شەلاماللۆخ). ئەمانە لەسەر ئاستی مۆسیقای دەرەوەو قافییەی شیعرەکە، کە پێکەوە مۆسیقاو مانای شیعرەکەیان دابین کردووە. سەبارەت بە مۆسیقای ناوەوەش، جگە لەمۆسیقا یەکگرتووەکەی خۆی، لە دوادێڕی

شیعرەکە، مۆسیقایەکی جوانی دروست کردووە، (زەمان زلۆخ، گۆڕاوە دۆخ) لەسەر بنەمای کێشی پەنجەی (٤+٤) بنیات نراوە. واتا دوو وشەی سریانی چوار بڕگەیە، دوو وشە کوردییەکەش چوار بڕگەیە. ئینجا لەنێوان وشەی (زلۆخ،دۆخ) وشەئاراییەکی جوان هەیە و کە هەردووکیان لەدەنگەکانی(ۆ،خ) هاوبەشن. زەمان زلۆخ، وەرگێڕانەکەی ئەوەیە: زەمان تێپەڕی. ئەمە وەك ئیدیۆمێك لەکۆیە بەکاردێت، کاتێ باسی شتێکی کۆن دەکەن، یان باسی شتێك دەکەن، کە تازە کار لە کار ترازاوەو کارەکە ئەنجام نادرێ، کابرا هەناسەیەك هەڵدەکێشێ و دەڵێ: (زەمان زلۆخ)، واتە کاتەکەت تێپەڕی و فریا نەکەوتی. واتە ئەو وشە سریانییە هاتۆتە نێو زمانی کوردی لەم ئیدیۆمە بەکاردێت.

(ریاز بێدار) کۆمەڵێ شیعری هەیە، ئاوێتەن بە زمانی کوردی و زمانی سریانی: لەتەك نیوە دێڕە سریانییەکان وەرگێڕانەکەی بەزمانی کوردی دەنووسین.

((سلاو))

سڵاوێکم بەدڵە–کبن شەدرنێ تالەخ/ واتە: (دەمەوێ بۆتی بنێرم)

بڕوام بەوکەسە نییە–ئەیە کتەوتە ماتێلەخ/ واتە: (ئەو نوسینەت بۆ بێنێ)

ڕازی دڵ هەتا ملە–لبی گاوەخ بتنایخ/ واتە: (دڵم بەتۆ ئارام دەبێتەوە)

چی بکەم بگەم بەتۆ–ڕاکن لبی و بتپایخ/ واتە: (دڵم هێورو فێنك بێتەوە)

دەوەرە دڵ و گیانم–تاکەی لبی مەڕیلە/ واتە: (تاکەی دڵم تاڵاو بێت)

هەتاکەی چاوەڕێت بم–کۆسی کولێ دخویرە./ واتە: (پرچم هەمووی سپی بووە)

شاعیر لەپاڵ ئەوەی کە نیودێڕی بەزمانی کوردی نووسیوە نیودێڕیش بەزمانی سریانی، لە نیوەدێڕێکی سریانی (تاکەی) واتە هەتا کەی نووسیوە، بەزمانی سریانی دەیتوانی بنووسی (هول ئیمەن)، بەڵام ئەو کوردییەکەی بەکارهێناوە.هەرچەندە لەنیوە دێڕەکاندا بە ئەنقەز نیوە دێڕێکی کوردی و نیوە دێڕێکی سریانی نووسیوە، بەڵام لەبەکارهێنانی ئەم وشەیەدا بەئەنقەز نەبووە، وشەکە زۆر عەفەویی و هاکەزایی بەکار هاتووە، چونکە لەقسەکردنی ڕۆژانەشدا لە زمانی سریانیدا بەکار دێت.

بێدار لە شیعری ((هەرمۆتە))دا چەند وتەیەکی لەپاڵ زمانی کوردیدا بەزمانی سریانی دەربڕیوون:

بەهەشتە گوندی ئێمە–چەند دوورم دێمەوە جێمە

چەند خۆشە لەبیرم ناچێ–مردنیش گۆڕخانەی ڕێمە.

منالیم پەروەردەی ئەوە–بیرەوەریم زۆرە لەوە

دارو بەردو عەردم هەموو–بیرەوەری ڕۆژ و شەوە

سەیرە پڕ مەزهەب و دینە–مەرشموونی و قەدیشە ببینە

گەریچییە درماناوێ–ئیشی نەخۆش بڕوێنە

مارمیخائیل ماریۆسب–ئێتە قەدیم تەعەجب/ واتە: (کەنیسەی کۆن و سەرسوڕهێنەر)

کاك فەسی مەنعی دەکا–نییە زیارەتی شعوب

قەدیشەی دارەبەنێ–بۆزیارەت زوو دەگەنێ

بەڵام داخی گرانم– ژوورەکی بۆناکەنێ

قەدیشەی چۆل و بەریە/ واتە: (قەدیشەی چۆڵ و هۆل)–سەیرانگەی دینی مەیە
دەچنە سەری کوڕو کچ–زۆری ڕۆژ و جەژنەیە
ئێتەواتیێ قەدیشیێ/ واتە: (کڵێساکانی پیرۆزن)–پەرزیلەن من کول گدیشیێ/ واتە: (لەهەموو بەڵایەك دەمان پارێزن)
قەمە لازەخ زێڕەخو/ واتە: (بۆچی زیارەتیان نەکەین)–تا ئیمەن پێشەخ بیشیێ/ واتە: (تاکەی بەشەیتانی بمێنینەوە)
کچینەو کچی هەرمۆتە–نەسیحەت بیخە کویێ خۆتە
تاهاویێ کەلبت ماتە/ واتە: (تاهەبێ سەگی ئاوایی)–لا میرت ئەترەواتە/ واتە: (نەك میری دوور ئاوایی).

(دەستنوسەکانی ڕیاز بێدار: ٢٠-٢-٢٠١٦ : وەرگیراو).

دوا دێڕی ئەم شیعرە پەندێکی (سریانی)یەو ئاوێتەی شیعرەکەی کردووە، پێیان باش بووە کوڕ کچی ئاوایی و خزمی خۆی بهێنێ، چونکە شارەزایی تەبیعەتی یەکترن و لەهەمان کەش و هەوا پەروەردە بوون و باشتر لەگەڵ یەکتری دەگونجێن.

ڕیاز بێدار لەشیعرێکی تردا کەبەناوی ((ئەمن معەلیمەم))ە، دەڵێ:
هەی ئەمن معەلیمەم–دوومەعاشان کۆدەکەم
زابت و دکتۆر نەبێ–حەیایێ خۆم چۆن دەبەم.
بەسەر پەنجەی پێ دەڕۆم–کعب العالی[1] لەپێ دەکەم
لەسەر مێزان نان دەخۆم–شاڵستۆن لەبەر دەکەم
بەسەر شەقام دادەڕۆم– لەعلەت لەسێبەری خۆم.
بانەبێ لاوی گوندی–من گاڵتە ناکەم بەخۆم
من کچی هەرمۆتەمە–من خەممم هەر ئەو خەمە
دێخ ئل ماتە بت یەتوەن/ واتە: (چۆن لە گوندی دابنیشم)– کەمن معەلیمەمە.
مدیرەی مەدرەسەمە– بەقسەو فەلسەفەمە،
ریاز کێیە کوڕی کێ–کە من معەلیمەمە.
کوڕی گوندی زراعی–یان خەریجی زراعی
یا شوانە یەعنی راعی– نامەوێ ماکو داعی
پەندی پێشینان وایە–لەکۆنەوە وترایە
تا هاویێ کەلبت ماتە/ واتە: (تا هەبێ سەگی لادێ)
لامیرت ئەترەواتە/ واتە: (نەك میری دەرەوەی دێ)
بەئاسمانا مەنوڕە–ڕێڕەوی خۆت بگۆڕە
گەلێ لاوی تازە هەن–هەر دەڵێی لاسە شۆڕە. (دەستنوسەکانی ڕیاز بێدار: ٢٠-٢-٢٠١٦ : وەرگیراو).

---

[1] هەڵبەتە وشەی عەرەبیشی بەکار هێناوە ئینجا هەندێ جار بە ئەنقەست و هەندێ جاریش ناڕاستەو خۆی لە بێئاگاییەوە دزەیان کردووە، بەڵام ئێمە بەحوکمی چوارچێوەی باسەکەمان، تەنها گرنگی بە وشە (کوردی) و (سریانی)یەکان دەدەین.

## ئەنجام

ئەم توێژینەوەیە ئەم ئەنجامانەی لێدەکەوێتەوە:

١ـ بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئاوێتەبوونی زمان هەن:

أ ـ ئاوێتەبوونی خۆنەکرد: ئەم جۆرە بە ویستی قسەکەر نییە.

ب ـ ئاوێتەبوونی خۆکرد: ئەم جۆرەیان پێچەوانەی جۆری یەکەمە، چونکە بە ویستی قسەکەرە.لەم توێژینەیەدا هەردوو نموونەکە بەدی دەکرێ.

٢ ـ ئاوێتەبوونی زمان، دیاردەیەکی بڵاوە لەو کۆمەڵگایانەی، کە دوو زمان، یان زیاتری تێدا بەکاردێت. لەم جیهانەدا هیچ زمانێك نییە، کەبە تەواوی پاراو بێت. واتە هیچ نەتەوەیەك لەسەر ڕووی ئەم زەمینەدا نییە، تەنیا یەك زمان بەکاربێنن، بەڵکو بەشێوەیەکی نائاگا زمانەکان ئاوێتە دەبن، زمانی کوردیش هاوشێوەی زمانەکانی تر، ئەم دیاردەی تێدا بەرچاو دەکەوێت.

٣ ـ لە شاری کۆیە، دیاردەی ئاوێەبوونی زمان هەیە، لە نێوان مەسیحییەکان و خەڵکی شاری کۆیە، چونکە مێژوویەکی دوورودرێژە بەیەکەوە دەژین، بوونی شیعری فۆلکلۆریش بەڵگەی ئەو ڕاستییەن.

٤ ـ توێژینەوەکە دەریدەخات، کە جیاکردنەوەی زمانتێکەڵکردنی مێتافۆری و تێکەڵکردنی بار لە یەکتری، بێ سوودە، چونکە لەناو جۆرەکانی زمان تێکەڵکردنیشدا تەنیا جۆری ناوەکی و دەرەکی (لە سنووری دوو ڕستەدا) گرنگن.

٥ ـ ئاوێتەبوونی زمان لە لاوازی و بێهێزیی توانستی قسەکەرەوە لە یەکێك، یان لە هەردوو زمانەکەدا سەرچاوە ناگرێ، بەڵکو ئەم دیاردەیە نیشانەی زیندوەتی زمانە، نەك دواکەوتوویی زمان، زمانی (سریانی)یش زۆر وشەی کوردی تێکەوتووە.

٦ ـ ئەو وشانەی کە لەکاتی ئاوێتەبوونی زماندا بەکاردێن، بە بەراورد لەگەڵ وشەی زمانە سروشتییەکان بەرتەسکتر و کەمترن، چونکە وشە ئاوێتەکانی دوو زمان ئەو وشانەن، کە پێویستن بۆ پەیوەندیکردن لە بوارێکی دیاریکراودا.

## سەرچاوەکان

**أ ـ بە زمانی کوردی:**

**یەکەم: کتێب:**


١) بەکر عومەر عەلی و شێرکۆ حەمەئەمین قادر (٢٠٠٦) زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.

٢) سەلام ناوخۆش (٢٠١٠) شێوەزاری هەولێر هەولێك بۆ ستاندەرێکی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان، گۆڤاری زمانناسی، ژمارە (٧)، چاپخانەی منارە، هەولێر.

٣) عەبدولواحد ئەلوافی (٢٠٠٧) زانستی زمان، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

٤) محەمەد مەعروف فەتاح (٢٠١٠) توێژینەوە زمانەوانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر.

**دووەم: ڕۆژنامە:**

٥) ڕاهبەری سەید برایم (٢٠١١)، شیعری (ئەی هەرمۆتە شلامە لۆخ)، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە ١٥.

**سێیەم: دەست نووس:**

٦) دەستنوسەکانی ڕیاز عەزیز بێدار–شاعیر–: ٢٠١٦/٢/٢٠ : وەرگیراو).

**چوارەم: دیدەنی:**

٧) بەفرین عەزیز پەترۆس، خوێندەوار، لەدایك بووی ١٩٥٤، هەرمۆتە–کۆیە: ٢٠١٦/٢/٢٢: دیدەنی.

٨) سیروان ئۆغز، هەرمۆتە– کۆیە: ٢٠١٥/٢/١٨: دیدەنی.

٩) سەخەریا عیسا کەریم–فۆلکلۆر زان، هەرمۆتە– کۆیە: ٢٠١٦/٢/٢١: دیدەنی

١٠) گۆران صلاح الدین شکر، کۆلیژی زمان، بەشی زمانی تورکی، زانکۆی سەلاحەددین، ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ٢٠١٢/٦/٢٠، کاتژمێر..:١٠ی سەرلەبەیانی، هەولێر.

١١) شاکر عیسا ئێلیا:کۆیە– ٢٠١٦/٢/١٧: دیدەنی.

**پێنجەم: توێژینەوە بە زمانی عەرەبی:**

١٢) إبراهيم بن علي الدبيان، الصراع اللغوي، بحث مقدم لمؤتمر علم اللغة الثالث: (التعليم باللغات الأجنبية في العالم العربي)، ١٦ ـ ١٤٢٧/١/١٧هـ، قسم علم اللغة والدراسات السامية والشرقية ـ كلية دار العلوم ـ جامعة القاهرة.

**شەشەم: کتێب بە زمانی ئینگلیزی:**


13) Blom, J. & Gumperz , J. (1972) Social meaning in linguistic structure: code -switching in Norway. New York: Holt, Rinehart and Winston.

14) Barker, G. (1947) Social Functions of Language in a Mexican-American Community. London: Routledge.

15) Benson, E. (2001) The Neglected Early History of Code switching Research in the United States. London: Longman.

16) Bhatia, T. & Ritchie , W. (2004) Social and Psychological Factors in Language Mixing. London: Kegan Paul.

17) Clyne, M. (1991) Community Languages. The Hague: Nijhoff. Routledge.

18) Ferguson, C. (1959) Diglossia, Colorado: University of Colorado.

19) Fishman, J. (1967) Bilingualism with and without Diglossia. New York: Harper and Row.

20) Gumperz, J. (2002) Studies in Interactional Sociolingu

21) istics 1, Discourse strategies, Companion to Language and social identity. California: University of California, Berkeley.

22) Lance, D. (1975) Spanish – English Code switching. Washington: Georgetown.

23) Romaine, S. (1989) Bilingualism. Oxford: Basil Blackwell.

24) Vogt, H. (1954) Language Contacts. Unpublished PhD dissertation. Irvine: University of California.

25) Wald, B. (1974) Bilingualism. Glasgow: Robert Maclehose.

26) Woolford, E. (1983) Bilingual code switching and syntactic theory. Mexico: University of New Mexico Press.

# الملخص

## الأختلاط اللغة الكوردية اللغتين الكوردية و السريانية في قضاء كؤيسنجق

اللغة عامل مهم للانسان لتكوين العلاقات و توصيل الاراء وافكار الانسان المختلفة مع الذين من حولنا. اللغة هي من اهم المميزات التي تميز الانسان عن غيره من الاحياء. الانسان بواسطة اللغة يستطيع أن يكون علاقات مع اشخاص اخرين. اللغة عنصر أساس لا استطيع الاستغناء عنها في حياتنا اليومية. لاشك بأن اللغة سبب اساسي لتكوين العلاقات وأختلاط المجتمعات ومن هنا يتكون اختلاط اللغة مع لغات أخرى. اختلاط اللغات: حالة واسعة خاصةَ في المجتمعات التي يوجد فيها كثير من لغة ويستعمل لغة الام واللغة الثانية ايضاَ.

أختلاط اللغات: تتكون من دمج لغتين أو أكثر معاً بدون تغير أي معنى للموضوع وفي هذا البحث نتحدث عناوجه أختلاط اللغة الكوردية مع اللغة السريانية، في مجال الشعر وكمثال: شعر فولكلور، شعر اشعار كوية التي أبرزت الموضوع وهذا يبين التاريخ الطويل للتعايش الديانات في كوية و قرية أرموتة وأهالي قضاء كوية الذين يعيشون معاً في السراء والضراء كالاخوة.

# Abstract

## Melting of Kurdish and sryani language in Koya poem as an instance

Language is an important contruction factor of communicatin and receiving human ideas and opinions for surroundings. Language is the most specil that diffenitate human beings from other creatures. Man communicates with each other via languages daily. Language is a means that we can not get rid of it in our daily life.

There is no doubt that language is a main factor for communication and mixturing nation and community. Hence the addiction of language happens and leaping from one language to another occurs.Melting of language is a wide phenomenon especially in those communities that have multi- language and their speakers use their mother tongue and second language. Melting of language is a melting of two languages or more without any change happens from subjects.

There have been focused on addiction of sryani and Kurdish language in poem field. The sudject has been enriched by bringing folklore poems and poems of koya poets. This explains the history of long co-existance of Christians and Muslims in koya and Harmota. That we have been living for many years together and we participalt from each other's happiness and melancholy.

# ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان
# لە سەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ئاوی لە قەزای ڕانیە


م. ی. شاسوار محمد محمود
زانکۆی ڕاپەرین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

م. ی. پشتیوان علی محمد
زانکۆی ڕاپەرین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا

پ. ی. د. شێروان عمر ڕەشید
زانکۆی سلێمانی
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی جوگرافیا


## پێشەکی

گەشتوگوزار لە ئێستادا بوارێکی گرنگی ژیانی مرۆڤ پێکدەهێنێت، بەڵام جیاوازی ئارەزووی خەڵك لەلایەك و جیاوازی بنەماکانی دروستبوونی گەشتوگوزار لەلایەکی تر، بۆتەهۆی دەرکەوتنی چالاکی جۆراوجۆری گەشتوگوزاری، دەرامەتی ئاو یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی گەشتوگوزار، چونکە سەرچاوەی دروستبوون و ئەنجامدانی زۆرێك لە چالاکیە گەشتوگوزاریەکانە، زۆرێك لە چالاکیە گەشتوگوزاریەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە دەرامەتی ئاوەوە هەیە. هەروەك دەرامەتی ئاو یەکێکە لەو دەرامەتە سروشتیانەی گرنگی زۆری لە ژیانی مرۆڤ و گیانەوەراندا هەیە، ئاشکرایە زۆربەی ناوچەی کۆبونەوەی دانیشتوان لە نزیك سەرچاوەکانی ئاون.

ناوچەی توێژینەوە یەکێکە لەو ناوچانەی خاوەنی دەرامەتی ئاوە بەهەموو جۆرەکانیەوە، سەرەڕای ئەوەی وەك پێویست سودی لێوەرنەگیراوە لە بواری گەشتوگوزاریدا، وێڕای ئەوەی ڕووبەرووی خراپ بەکارهێنان و تەنانەت پیسکردن بۆتەوە بە هەموو جۆرەکانیەوە (دابارین، ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێرزەوی)، پەرەپێدانی ئەم توانستە لە بواری گەشتوگوزاریدا سودی ئابوری و کومەڵایەتی دەبێت، بۆ دانیشتوانی ناوچەکە و حکومەتی خۆجیی.

**ئامانجی توێژینەوە:** بریتییە لە دیاریکردنی کاریگەری بوونی دەرامەتی ئاو لەسەر دروستبوونی چالاکی گەشتوگوزار لەقەزای ڕانیە، دەرخستنی کێشە و گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی گەشتوگوزاری ئاوی، وێڕای دەرخستنی توانستەکان و پێشنیارکردن بۆ پەرەپێدانی ئەم جۆرە گەشتوگوزارە.

**گرنگی توێژینەوە:** هەڵبژاردنی ئەو بابەتە و گرنگیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە قەزای ڕانیە توانستێکی گرنگ و جۆراوجۆری دەرامەتی ئاوی تێدایە، لەگەڵ ئەوەی ناوچەکە لەڕووی بنەما سروشتیەکانی گەشتوگوزاری دەوڵەمەندە، بەڵام نەتوانراوە پەرەی پێ بدرێت لەلایەن لایەنی پەیوەندیدارەوە، هەرچەندە ناوچەکە لەڕووی جۆراوجۆری دەرکەوتەی گەشتوگوزارییەوە دەوڵەمەندە. جگە هەڵکەوتەی شوێنی جوگرافی قەزاکە لەڕووی جیۆمۆرفۆلۆجیەوە کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی بنەما گەشتوگوزارییەکان هەبووە، بەهۆی جیاوازی بەرزی و نزمی ڕواڵەتەکانی ڕووی زەوی، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر جیاوازی کەشوهەواو ڕووپۆشی ڕووەکی هەیە، هەروەها دەرکەوتنی کانیاو و سەرچاوەو ڕووبار و دەریاچەکان دەگرێتەوە، ئەمانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر کێشکردنی گەشتیار بەرەو ناوچەکە هەیە، ئەگەر وەك پێویست پەرەی پێبدرێت دەبێتە ناوچەیەکی گەشتیاری گرنگ و پڕبایەخ.

**گریمانەکانی توێژینەوە:** کێشەی توێژینەوە خۆی دەنوێنێت لە تاووتوێکردنی ئەم پرسیارانەی خوارەوە:

١- لە ناوچەکەدا دەرامەتی ئاو تا چ ڕادەیەك پەیوەندی بە گەشتوگوزارەوە هەیە؟

٢- دەرامەتی ئاو وەك دەرامەتێکی سروشتی بایەخی گەشتوگوزاری لە ناوچەکەدا هەیە

٣- جۆراوجۆری لەدەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیەدا بەدیدەکرێت، تا چەند دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت بۆ بواری گەشتوگوزار؟

٤- دەرامەتی ئاو وەك دەرامەتێکی سروشتی لەڕووی گەشتوگوزارەوە پەرەی پێدراوە لەلایەن دەسەڵاتی خۆجێییەوە؟

**کێشەکانی توێژینەوە:** گریمانەی هەر توێژینەوەیەك خۆی لە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکدا دەبینێتەوە، کە بریتیە لە مانەی خوارەوە.

١- ئەتوانرێ دەرامەتی ئاو وەك بنەمایەك بۆ پێشخستنی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان لە ناوچەکە بەکاربهێنرێت.

٢- ناوچەی توێژینەوە، دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ئاو، بەڵام بە شێوەیەکی یەکسان دابەشنەبووە بەسەر سەرجەم ڕووبەرەکەی دا.

٣- جۆراوجۆری لەدەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیە بەدی دەکرێت وەك (ڕووبار، دەریاچە، تاڤگە، کانی)، کە ئەم جۆراوجۆرییە گرنگەو بایەخی زۆری لەڕوانگەی گەشتوگوزارەوەهەیە، پێویستە پەرەیانپێبدرێت.

**پلانی توێژینەوە:** بەهۆی سروشتی باسەکەو پێکانی ئامانجەکەی توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشدا، لەبەشی یەکەمدا گرنگی گەشتوگوزاری دەرامەتی ئاوی بەگشتی باسکراوە، بەشی دووەم تایبەت کراوە بەجۆرەکانی دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیە، لەبەشی سێیەمدا گەشەپێدانی گەشتوگوزاری دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیە باسکراوە.

**میتۆدی توێژینەوە:** ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت، کە توێژەر میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت، هەربۆیە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی (شیکاری و وەسفی بەکارهاتووە).

لەگەڵ بەکارهێنانی (سەرچاوەی مەکتەبی، توێژینەوەی مەیدانی، پێشاندانی داتاکان لەڕێگەی چەندین خشتەو نەخشەو وێنە، سەرەڕای بەکارهێنانی ئامێری وێنەگرتن و جی پی ئیس، هەروەها بەرنامەی جی ئای ئیس).

**گرفتی توێژەر:** بێگومان لە کاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستیدا توێژەر دووچاری چەند گرفتێك بوون، بۆیە توێژەر لەکاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە دووچاری چەند گرفتێك بووە، گرنگترینییان: کەمی زانیاری

دەربارەی خەسڵەتەکانی (کانیاوە کانزایی و گەرمەکان)ی قەزای ڕانیە، بەهۆی ئەوەی تا ئێستا پشکنینی زانستی بۆهەموو کانیاوەکان نەکراوە، ئەوەش گرفتی دروستکردبوو، چونکە ناتوانرێت بایەخی کانیاوەکان بۆ جۆرەکانی بەکارهێنانیان بە وردی دیاری بکرێت.

**دیاریکردنی ناوچەی توێژینەوە:**

قەزای ڕانیە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەر بە پارێزگای سلێمانیە، شوێنی ئەسترۆنۆمی قەزاکە دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی (٣٧"٠٤'٣٦°–٥٩"٢٧'٣٦°) باکور، هێڵی درێژی (٠٩"٣٣'٤٤°– ٢٠"٥٩'٤٤°)* خۆرهەڵات، (نەخشەی ١)، شوێنی جوگرافی قەزای ڕانیە دەکەوێتە باکوری خۆرئاوای پارێزگای سلێمانی و باکوری خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان، سنوری قەزاکە لە بەشی باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای سۆران و لە خۆرهەڵاتەوە قەزای پشدەر دەوری داوە و چیای کێوەڕەش لە یەکتریان جیادەکاتەوە، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ قەزای دوکان و دەریاچەی دوکان لە یەکتریان جیادەکاتەوە، لە باکوری خۆرئاوا بۆ خۆرئاوا هەردوو قەزای شەقڵاوەو کۆیە دەوری داوە (نەخشەی٢)، هەروەها قەزاکە لە سێ لاوە چیا دەوری داوە تەنیا لە بەشی باشورییەوە دەشتایی قەزاکە بەرەو دەریاچەی دوکانە، ڕووبەری قەزای ڕانیە (٨٥٢,٨) کم$^2$، ناوچەی لێکۆڵینەوە خاوەن تۆپۆگرافیایەکی جیاوازە، بۆیە بەرزترین شوێن لە ڕووی تۆپۆگرافیاوە (٢٥١٢)م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە، کە چیای سەختی بەرزە لەناوچەکەدا، بەڵام نزمترین شوێن لە بەشی باشوری دەشتایی کە (٤٨١,٦)م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە.

* پێگەی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە بە گوێرەی بەرنامەی (arc Gis 10.3) دیاریکراوە بەپشتبەستن بە نەخشەی (١).

## نەخشەی (١)

## نەخشەی ئەسترۆنۆمی قەزای ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەران بەپشت بەستن بە: هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩.

**نەخشەی (٢)**

**شوێنی قەزای ڕانیە بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان**




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩.

## بەشی یەکەم

## گرنگی دەرامەتی ئاو لەسەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ئاوی بەگشتی

ئاو ئەو دەرامەتەیە، مرۆڤ لە چاخە کۆنەکانەوە هەوڵی بەدەستهێنانی داوە، زۆربەی زۆری شارستانیەتە کۆنەکانی مرۆڤایەتی لەدەوری سەرچاوەکانی ئاوی دروستبون، وەك: (فیرعەونەکان لە میسر)، هەروەك لە ناوچەی توێژینەوەدا شوێنەواری شمشارە هەیە، کە یەکێکە لە پاشماوەی شارستانیەتە کۆنەکان کەوتوەتە سەر زێی بچوك لە کۆندا، (لە ڕوانگەی گرنگی و بایەخەوە دەرامەتی ئاو بەیەکێك لە گرنگترین دەرامەتە سروشتی یەکان دادەنرێت، ڕۆڵی کارای لە ژیانی مرۆڤدا هەیە، چونکە پەیوەندی بە تەواوی لایەنەکانی ژیانی مرۆڤەوەیە)[(١)].

مەبەست لەدەرامەتی ئاو بریتیە لە دابارین (باران و بەفر و تەرزە) و ئاوی سەر زەوی و ئاوی ژێر زەویە. گرنگی دابارین لە ڕوانگەی گەشتوگوزاریەوەکەمترە وەك بەفر، بۆیە واباشترە ژمارەی ڕۆژەکانی باران بارین کەم بێت، بەڵام بەفر بەڕەگەزێکی خوازراو دادەنرێت، چونکە چالاکی گەشتوگوزاری زستانەو سەیرکردنی وێنەی بەفر پەیوەستە بە بارینی بەفرەوە[(٢)]. ئاوی سەرڕووی زەوی بریتیە لە ڕووبارە هەمیشەیی و وەرزیەکان و دەریاچەو جۆگەو لقەکان. بەڵام ئاوی ژێرزەوی ئەو ئاوەیە کە لەخاك و چینەکانی ژێر زەویدا هەیە، بەتایبەت لە کونیلە پڕ لە ئاوەکاندا، هەندێك جار بەشێوەی سروشتی دەردەکەوێت وەك (کانیاو) یان لەڕێگەی هەڵکەندنی بیر یان کارێز دێتە سەرزەوی، بەمانایەکی تر سەرچاوەو کانیاوە سروشتییەکان دەگرێتەوە بە جیاوازی جۆریانەوە وەك (تەندروستی، کانزایی، گەرم)، جگە لە باران و بەفر، کە بەگرنگترین سەرچاوە سەرەکیەکانی ئاوی سەر زەوی و ژێر زەوی دادەنرێت[(٣)].

دەرامەتی ئاو بەسەرچاوەیەکی گرنگی گەشتوگوزار دادەنرێت، بەتایبەت(ڕووبار و دەریاچەکان) و (کانیاوە کانزاییەکان) و (ئاوی کەنارەکان) گرنگیەکی زۆریان لەلایەنی گەشتوگوزاریدا هەیە، چونکە پەیوەندیەکی پتەویان بە زۆربەی چالاکیە گەشتوگوزاریەکانەوە هەیە. پلەی گرنگی دەرامەتی ئاو لە ڕووی گەشتوگوزارەوە پشت دەبەستێت بە خەسڵەتەکانی ئاو لەڕووی (بڕ، جۆر، تایبەتمەندیەکەی، توانای بەکارهێنان)ی[(٤)] هەرێمە ئاووهەواییەکان و شوێنی جوگرافیان

ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە بوونی ژینگەی پاك و سەوزایی لە هەر ناوچەیەکدا دەبێتە هۆی ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچەیە، ئەمەش وایکردووە مرۆڤ شارستانیەت لەکەنار ئاوەکاندا دروست بکات، بەڵام بە

---

[(١)] کامەران تاهر سەعید، قەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧، ل٩٠.

[(٢)] أزاد محمدامین النقشبندی، التنمیة السیاحیة وأثرها علی صیانة البیئة الطبیعیة، بحث منشور فی المؤتمر العربی الثالث للإدارة البیئة، الاتجاهات الحدیثة فی ادارة المخلفات الملوثة للبیئة، شرم شیَخ، مصر، ٢٠٠٤، ص٨٨-٨٩.

[(٣)] بڕوانە: شێروان عومەر ڕەشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٧٢؛ ناهیدە جەمال تالەبانی، دەرامەتی سەرچاوە ئاویەکان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٧١؛ عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٦٥؛ عطا محمد علاء الدین، قضاء هەڵەبجة (دراسة فی الجغرافیة الاقلیمیة)، مرکز دراسات الکردیة (کوردولوجی)، مطبعة تیشك، السلمانیة، ٢٠٠٨، ص١٠١.

[(٤)] أزاد محمدامین النقشبندی، التنمیة السیاحیة وأثرها علی صیانة البیئة الطبیعیة، المصدر السابق، ص٨٩.

تێپەڕیوونی کات و گەشەکردنی کۆمەڵگای مرۆیی و دەرکەوتنی تەکنەلۆجیا و ئاشنابونی مرۆڤ بە دەرامەتە سروشتیەکان لە ناو ئەمانیشدا بایەخی ئاوی بۆ دەرکەوت، حەزی گەشتکردنی بۆ ناوچە دەوڵەمەندەکانی ئاوی تێدا دروست بوو.

ئاشکرایە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی پێویست گرنگی بە دەرامەتە ئاوییەکان لە ناوچە گەشتیارەکان نەداوە، لە هەندێ ناوچەی گەشتیاری کەڵکی لە دەرامەتە ئاوییەکان وەرنەگرتووە، وەك دروستکردنی بەنداو و لایەنە خزمەتگوزارییەکانی کێشکردنی گەشتیاران [1]، سەرەڕای کەمتەرخەمی حکومەت لە و بوارەدا، سروشتی ناوچەکەبە گوێرەی ئەو توێژینەوانەی دەربارەی بەکارهێنانی ئاو لەلایەن گەشتیارەوە کراوە دەرکەوتوە چالاکیە گەشتوگوزاریەکان پێویستیان بە بڕی جیاواز لە دەرامەتی ئاو هەیە، بۆ نمونە بڕی ئاوی پێویست بۆ هەر تاکێك لە ئوتێل و خانوو میوانخانەکاندا دەگاتە (٢٥٠ — ٣٥٠ لتر/ ڕۆژ) ئەم بڕەش بە پێی شوێن گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لەخەمان کاتدا بڕی ئاوی پێویست بۆ هەرتاکێك لە چالاکیە گەشتوگوزارییەکاندا بە نمونە لە مەڵبەندە تەندروستیەکاندا دەگاتە بەرزترین ئاست ئەویش بڕی (٦٠٠ — ٩٠٠ لتر/ ڕۆژ)، کەترین ئاستی پێویستی بەکارهێنانی ئاو بۆ تاکێك دەکەوێتە ناوچە سەوزەکانەوە دەگاتە (١٠ —٢٠لتر/ ڕۆژ)، هۆکارەکەشی ماوەی مانەوەی گەشتیارانە لەو ناوچانەدا بۆ ماوەیەکی کورت و بەمەبەستی کات بەسەربردن و پشوودان ڕوو لەو ناوچە گەشتوگوزاریانە دەکەن، بۆیە بڕی بەکارهێنانی ئاو کەمترینە. هەروەك لە خشتەی (١) خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (١)**

**بڕی بەکارهێنانی ئاو لە لایەن گەشتیارەوە بۆ چالاکیە گەشتوگوزاریەکان**

| ژمارە | چالاکیە گەشتوگوزارییەکان | بڕی ئاوی پێویست بۆ هەر تاکێك (لتر/ ڕۆژ) |
|---|---|---|
| ١ | ئوتێل و خانوو | ٢٥٠ — ٣٥٠ |
| ٢ | چادرگەکان | ١٠٠ — ١٥٠ |
| ٣ | ناوچە سەوزەکان | ١٠ — ٢٠ |
| ٤ | مەڵبەندە تەندروستیەکان | ٦٠٠ — ٩٠٠ |
| ٥ | چالاکیەکانی خۆشگوزەرانی | ٣٠٠ — ٤٠٠ |

سەرچاوە: لوقمان وسو عومەر، توانستە جوگرافیە گەشتوگوزاریەکانی قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦، ل١٠٠.

[1] زانا عبدالرحمان قادر و ئەوانی تر، کاریگەری دەرامەتە ئاوییەکان لەسەر گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری خامە، وەرزە گۆڤارێکی ئەکادیمی زانستی قوتابیانەیە، هەولێر، ٢٠١٠، ل٢٥٢.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی کاریگەری دەرامەتی ئاو لەسەر دروستبونی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان، بە (٢) خاڵ باسی دەکەین:

١-پەیوەندی دەرامەتی ئاو بە چالاکی گەشتوگوزارەوە.

پەیوەندی نێوان دەرامەتی ئاو و گەشتوگوزار دەکرێت بکرێت بە دوو جۆر، یەکێکیان پەیوەندی ڕاستەوخۆی دەرامەتی ئاوە بە گەشتوگوزارەوە، هەروەك ئەوەی بەشێکی زۆر لە جۆرەکانی دەرامەتی ئاو سەرچاوەی سەرەکی گەشتوگوزارن و بەبێ بوونیان ناتوانرێت چالاکی گەشتوگوزاری ئەنجام بدرێت وەك:

١- سەیرکردنی دیمەنی سەرنجڕاکێش و جوانی بەفرو گەڕان بەناوی دا و گەشتکردن بەمەبەستی شەڕەبەفر و وێنەگرتن بەندە بە بارینی بەفرەوە.

٢- ئەنجامدانی وەرزشی خلیسکان لەسەر بەفر و گەڕان بەناو بەفردا بە ماتۆڕسکیلی تایبەت.

٣- ئاوی ڕووبار و دەریاچەکان سەرچاوەی سەرەکی چالاکیە گەشتوگوزاریەکانن وەك (مەلەکردن، خلیسکان لەسەر ئاو، گەڕان بەناو ئاودا بە بەلەم، سەوڵ لێدان، ڕاوەماسی)، هەروەها سەیرکردنی دیمەنی تاڤگەکان لە نزیکەوە و گرتنی وێنە و گەشتکردن لە پاڵیان.

٤- ئاوە کانزایەکان و گەرمەکان گرنگی و بایەخیان هەیە، بۆمەبەستی گەشتوگوزاری و چارەسەرکردن بەکاردێن.

سەبارەت بە پەیوەندی ناڕاستەوخۆی دەرامەتی ئاو بەگەشتوگوزارەوە بریتیە لە کاریگەری دەرامەتی ئاو لەسەر جوانی سروشت و بەرهەمهێنانی بەرهەمی کشتوکاڵی و پیشەسازی و دابینکردنی پێداویستیەکانی ڕۆژانەی دانیشتوانی ناوچە گەشتوگوزاریەکان[1].

٢- ڕۆڵی دەرامەتی ئاو لە دابەشبونی شوێنە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ڕانیە.

ئاشکرایە ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لەوانیش دابارین ڕۆڵی ڕاستەوخۆی لەسەر دەرکەوتنی هەرێمێکی گەشتوگوزاری گونجاو لە هەرناوچەیەکدا هەیە، ئەمەش هۆکارێکە بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیاریەکان، چونکە دابارین بەشدار و خۆراکدەری سەرەکی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوییە.

دەرامەتە ئاوییەکان پەیوەندییەکی توند و تۆڵیان بە زۆربەی چالاکیە گەشتوگوزارییەکانەوە هەیە، شوێنی سەرچاوە ئاوییەکان ڕۆڵی بەرچاویان لە ڕوانگەی گەشتیارییەوە هەیە، کە پشت بە چەندین هۆکار دەبەستێت، لەوانە هەڵکەوتەی شوێنیان [2]، لەگەڵ ئەمەشدا گەر هاتوو لە ناوچە گەشتوگوزارییە ئاوییەکاندا، کە ئاو ڕۆڵی سەرەکی لە گەشتکردنی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچەیە هەیە، لایەنی خزمەتگوزاری گەشتوگوزاری بە تەواوی فەراهەم بکرێت بۆ گەشتیاران بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش لە پیادەکردنی چالاکیە گەشتوگوزاریە ئاوییەکان، وەك (مەلەکردن و ڕاوی ماسی و گەشتکردن بە بەلەمی بچوك لە ناو دەریاچەی دوکان)، لە ناوچەی لێکۆڵینەوەدا ئاو ڕۆڵێکی بەرچاوی لە گەشتکردنی گەشتیاران لە ناوچەکانی تری هەرێمەوە بۆ ناوچە گەشتیاریەکانی وەك (دەریاچەی

---

[1] ئازاد نەقشبەندی، بایەخی گەشتوگوزاری دەرامەتی ئاوی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣، هەولێر، ١٩٩٩، ل٧-٩.

[2] زانا عبدالرحمن قادر و ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦- ٢٥٩.

دوکان، دەریاچەی سەروچاوە، سەرئەشکەوتان، دۆڵی ئاکۆیان یان شاوریێ بەهۆی ڕووباری دێمانەوە......هتد) هەیە، کە لە هەمو ئەو ناوچانەدا بونی دەرامەتی ئاو هۆکارێکی سەرەکیە بۆ کێشکردنی گەشتیاران.

لە پوختەی ئەو بەشەدا دەتوانین بڵێین دەرامەتی ئاوی لە ڕوانگەی گەشتوگوزارەوە گرنگی و بایەخی زۆری هەیە، چونکە لەلایەك زۆربەی جۆرەکانی دەرامەتی ئاوی سەرچاوەی سەرەکین بۆ چالاکیە گەشتوگوزارییە جۆراوجۆرەکان، وەك (مەلەکردن، خلیسکان لەسەر ئاو، هتد). لەلایەکی تر گەشتیار لەکاتی گەشت پێویستی بە بەکارهێنانی ئاو بۆ دابینکردنی پێویستیەکانی ڕۆژانەی هەیە (نەخشەی ٣).

## بەشی دووەم
## جۆرەکانی دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیە

قەزای ڕانیە لە ڕووی دەرامەتی ئاوییەوە دەوڵەمەندە و تەنانەت بڕێکی تەواوی پێویستی ناوچەی ئاوی لە سنورەکەیدا بۆ مەبەستی گەشتوگوزاری دەردەکەون، سەبارەت بە دەرامەتی ئاوی لەسنوری قەزاکەدا بەبوونی هەموو جۆرەکانی دەرامەتی ئاوی (دابارین، ئاوی سەرزەوی، ئاوی ژێرزەوی) جیادەکرێتەوە، کە یارمەتی دەرن بۆ دەرکەوتنی کەرتی گەشتوگوزاری لە ناوچە جیاوازەکانی قەزاکەدا، دەتوانرێت گەشەی تەواو لە بواری گەشتوگوزاری ئاویدا بە ناوچەکە بدرێت، بۆ مەبەستی بەرەو پێشبردنی کەرتی ئابوری لەناوچەکەو هەرێمدا. دەرکەوتنی دەرامەتی ئاوی لەقەزاکەدا سێ جۆرە:

**یەکەم: دابارین:**

دابارین بە ڕەگەزێکی گرنگی ئاووهەوا دادەنرێت، هەموو ئەو ناوچانەی ڕووپۆشی ڕووەکی و گیانلەبەریان تێدا دەردەکەوێت، ئەو ناوچانەن دابارینیان تێدا ڕوودەدات، ناوچەی توێژینەوە دەکەوێتە ناوچەکانی هەرێمی ئاووهەوای باکور و باکوری خۆرهەڵاتی عێراقەوە، کە ئاووهەواکەی بە پێی پۆلێنکاری کۆپن لە جۆری هەرێمی ئاووهەوای دەریایی ناوەڕاستە زستانی مامناوەند و باراناوییە هاوینی گەرم و وشکە (Csa)، کە تێکڕایی دابارینی بارانی ساڵانەی دەگاتە (٧٥٨,٥٨ملم).

بڕی دابارینی بارانی ساڵانە لە ناوچەی توێژینەوەدا بە پێی ساڵەکان گۆڕانکاری بەسەردا دێت، لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر، جیاوازی بڕی دابارینی باران پەیوەستە بە ژمارەی ئەو سایکلۆناتانەی هەڵدەکەنە سەر ناوچەکە یان بە ناوچەکەدا تێپەڕدەبن، هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە بڕی دابارینی باران لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی تر جیاوازە، بە پێی وێستگەی کەشناسی گردجان بەرزترین بڕی دابارین دەکەوێتە ساڵەکانی (٢٠٠٣ و ٢٠٠٩)، کە بڕەکەیان دەگاتە (١٠٤٢,٥، ١٠٠٤,٦) ملم، لە هەمان کاتدا نزمترین تێکڕایی بڕی باران لە ساڵەکانی (٢٠٧٧ و ٢٠٠٨)، کە بڕەکەیان دەگاتە (٣١١، ٤٤٤,٧) ملم، وەك لە خشتەی (٢) دا خراوەتە ڕوو.

نەخشەی (٣)

دابەشبونی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی قەزای ڕانیە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستت بە:

هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٢.

بەو پێیەی ئەم دوو ساڵە کەمترین بڕی دابارینیان تێدا باریوە، کاریگەری لەسەر هەموو بوارەکانی ژیان هەبووە، وەك بەرووبومی کشتوکاڵی دێمی و ژیانەوەی کانیاوەکان و ئاوی ڕووبارەکان و سەوزبونی گژوگیا، لەمەشەوە دەتوانین ئاماژە بە کاریگەری دابارین باران لە ناوچەکەدا بکەین، لەسەر ئەنجامدانی چالاکیە گەشتوگوزارییەکان، چونکە بەرزی و نزمی بڕی باران بە پێی ساڵەکان کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر بڕی ئاو هەیە، ئاویش ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر جموجۆڵە گەشتیارییەکان لە ناوچەکەدا؛ بەمەش قەزای ڕانیە دەکەوێتە چوارچێوەی هەرێمی بارانی مسۆگەر، چونکە تێکرای بارانی ساڵانەی زیاترە لە (٥٠٠ ملم) وەك لە خشتەکەدا خراوەتە ڕوو، دەربارەی تێکڕای ژمارەی ڕۆژەکانی بەفر بارین بەشەکانی باشوری ڕۆژئاواو باکوری ڕۆژئاوای قەزاکە ساڵانە کەمتر لە (٦) ڕۆژ بەفری لێدەبارێت، بەڵام بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە ساڵانە زیاتر لە (١٢) ڕۆژ بەفری لێ دەبارێت، سەبارەت بە داتاو زانیاری دروست دەربارەی بڕی دابارینی بەفر و ڕۆژەکان هیچ زانیارییەکی فەرمی لەبەر دەست نیە، بە هۆی نەبوونی ویستگەی کەشناسی لەو ناوچانەدا[1].

**خشتەی (٢)**

**ڕێژەیی دابارینی باران لە وێستگەی کەشناسی گردجان لە قەزای ڕانیە**

| ساڵ | ڕێژەی باران / ملم |
|---|---|
| ٢٠٠١ – ٢٠٠٢ | ٧٩١,٥ |
| ٢٠٠٢ – ٢٠٠٣ | ٩٦٩,٧ |
| ٢٠٠٣ – ٢٠٠٤ | ١٠٤٢,٥ |
| ٢٠٠٤ – ٢٠٠٥ | ٨٣٦,٥ |
| ٢٠٠٥ – ٢٠٠٦ | ٨٢٣,١ |
| ٢٠٠٦ – ٢٠٠٧ | ٩٠٥,١ |
| ٢٠٠٧ – ٢٠٠٨ | ٣١١ وشکە ساڵی |
| ٢٠٠٨ – ٢٠٠٩ | ٤٤٤,٧ وشکە ساڵی |
| ٢٠٠٩ – ٢٠١٠ | ١٠٠٤,٦ |
| ٢٠١٠ – ٢٠١١ | ٧٤٦,٦ |
| ٢٠١١ – ٢٠١٢ | ٥٨٠,٤ |
| ٢٠١٢ – ٢٠١٣ | ٨٨٠,٤ |
| ٢٠١٣ – ٢٠١٤ | ٦٣٧,٤ |
| ٢٠١٤ – ٢٠١٥ | ٦٤٦,٦ |
| تێکڕایی ساڵانە | ٧٥٨,٥٨ |

سەرچاوە: داتای وێستگەی کەشناسی توێژینەوەی گردجان / ٣٠ / ١٢ / ٢٠١٥.

[1] هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٥٢.

### دووەم: ئاوی سەر زەوی

لە ڕووی ئاوی سەر زەویەوە قەزای ڕانیە بە ناوچەیەکی دەوڵەمەندی دەرامەتی ئاوی دادەنرێت، لەگەڵ ئەوەی دوو جۆری سەرەکی ڕووبار لە ناوچەیی توێژینەوەدا هەیە، ئەوانیش ڕووبارە وەرزیەکان تەنیا لە وەرزی داباریندا ئاویان پێدا دەڕوات، ڕووبارە هەمیشەییەکان ئەو ڕووبارانەن بە درێژایی ساڵ ئاویان پێدا دەڕوات و کەمبونەوەی بڕی ئاوەکەیان لە وشکە ساڵەکاندا نایانگەیەنێتە ڕادەی وشك بوون[1]، ڕووباری هەمیشەیی ناوچەکە وەك (ڕووباری هیزۆپ، ڕووباری قەشان، ڕووباری زێی بچووك، ڕووباری دیمان) دەگرێتەوە(نەخشەی ٤)، لەگەڵ چەند ڕووبارێکی وەرزی و (دەریاچەی دوکان و دەریاچەی سەروچاوە) کەوتونەتە سنوری قەزای ڕانیە.لێرەدا بەجیا هەریەکێکیان باس دەکەین:

### أ- ڕووبارەکان

یەکەم: ڕووبارەهەمیشەییەکان: ئەو ڕووبارانەن بەدرێژایی وەرزەکانی ساڵ ئاوەڕۆکانیان بەردەوامە، واتە دۆڵی ڕووبارەکانیان هەمیشە ئاوییان پێدا دەڕوات و لەوەرزی بێ بارانیدا پشت بەسەرچاوەی کانیاوەکان دەبەستن، لە ڕووبارەکانی ناوچەی توێژینەوە ئەمانەی خوارەوەن:

#### ١- ڕووباری هیزۆپ:

بەسەرنجدان لە (نەخشەی ٤)، ئەم ڕووبارە کەوتوەتە بەشی باشور و باشوری خۆرئاوای قەزای ڕانیەوە، لە نێوان بازنەکانی پانی (٣٦'٠٢° – ٣٦'٠٨°) باکور، هێڵی درێژی (٤٤'٤٦°– ٤٤'٢٥°) ڕۆژهەڵاتەوە، درێژییەکەی دەگاتە (٣٢,٥)کم، ئەم ڕووبارە دەکەوێتە ناو سنوری کارگێری قەزای کۆیە و قەزای ڕانیەوە و سەرچاوەکەی لە کۆیەوەیە، ئەم ڕووبارە بەهەر ناوچەیەکدا گوزەر دەکات ناوێکی خۆجێی هەیە، تێکڕایی ڕووبەری ئاوزێڵی ئەم ڕووبارە دەگاتە (٢٢٣,٩)کم٢، لەم ڕووبەرەش (٣٧,٩)کم٢دەکەوێتە سنوری ناوچەیی لێکۆڵینەوە[2].

#### ٢- زێی بچووك و دەربەندی ڕانیە:

زێی بچووك لقی سێیەمی ڕووباری دیجلەیەلە ناو هەرێمی کوردستاندا و چیاکانی قەندیل و کونە مشك و لاجان و گمۆشارداخ و برنجان داخ بەسەر چاوە سەرەکیەکانی ئەم زێیەو لقەکانی دادەنرێت، لە گوندی (ماشان) دێتە ناو خاکی عێراق و لە دوو ڕووباری سەرەکی پێکدێت کە بریتین لە (چەمی تیت، چەمی ماوەت)، زێی بچووك دەشتەکانی پشدەرو قەڵادزێ دەبڕێت (نەخشەی ٤) و دواتر دەربەندی ڕانیە دەبڕێت و لە بەشی باشوری خۆرئاوای دەربەندی ڕانیە لەوێ بەنداوی دوکانی لەسەر دروستکراوە[3].

---

[1] فەرید ئەسەسەرد و ئومێد نوری و ئەوانی تر، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کتێبی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل٩٨-٩٩.

[2] محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی (GIS) و (RS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١١٢- ١١٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل١١٨.

شوێنی فەلەکی ئەم ڕووبارە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی (٤٢"٠٤'٣٦°–٥٣"١٢'٣٦°) باکور، هێڵی درێژی (١٥ ٥٩ ٤٤ – ٣٢ ٤٦ ٤٤) ڕۆژهەڵاتە، کۆی ڕووبەری زێی بچوك لە سنوری قەزای ڕانیـەدا دەگاتـە (٧٨,٢٩) کـم٢ لـە کـۆی گشتی ڕووبەری زێی بچوك چێوەکەشی لە ناو سنوری کارگێڕی ڕانیە (٤٦,٨٨) کم.

لەگەڵ ئەوەی کۆی درێژی زێی بچووك (٤٠٠)کم، ڕووبەری حەوزەکەی (٢٢٢٥٠) کم٢، داهاتی ئاوی سـاڵانەی (٦,٩) ملیـارم٣، ڕێـژەی (١٦,٧٪)ی ئـاوی ڕووبـاری دیجلـە پێکـدەهێنێت[(١)]. ئـەوەی شـایەنی ئامـاژە پێکردنـە زێـی بچـووك بەبەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی قـەزای ڕانیـەدا تێدەپـەڕێت و سـنورێکی سروشـتییە، کـە هـەردوو قـەزای ڕانیـەو دوکـان جیادەکاتەوەو دواتر دەڕژێتە بەنداوی دوکان.

### ٣– ڕووباری دێمان:

ڕووباری دێمان ڕوبارێکی هەمیشەییە و لەوپـەڕی بـاکوری ناحیـەی سـەرکەپکان هەڵـدەقوڵێت، دواتـر لـە باشـوری ناحیەی حاجیاوا تێکەڵ بە دەریاچەی دوکان دەبێت، (وەك لە نەخشەی ٤) نیشاندراوە، سـەرجەم ڕووبـەری ئـاوزێڵی ئەم ڕووبارە دەکەوێتە سنوری کارگێڕی قەزای ڕانیەوە.

لە ڕووی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە دەکەویتە نێوان بازنەکانی پانی (٢٩"٠٩'٣٦°–١٠"٣٣'٣٦°) باکور، هێڵی درێژی (٠٩"٤٩'٣٦°– ٢٥"٤٥'٤٤°) ڕۆژهەڵات، درێژی ڕووبارەکە دەگاتە (٣٧) کم، ڕووبارەکە لـە دوای ئـەوەی لـە ناوچـەی (دۆڵی شاوریَ دێتەدەر دەگاتە سنوری ناحیەی حاجیاوا و پێیدەوترێت ڕووباری قایمقام، پاشان بە ئاڕاستەی باشور و باشوری خۆرئاوا لەسەر ڕێڕەوەکەی بەردەوام دەبێت، دواتر لە باشوری گونـدی گردجـان بـە دووری (٥) کـم دەڕژێتـە دەریاچەی دوکان، ڕووبەری ئاوزێڵی ڕووبارەکە (٢٢٠ )کم٢.[(٢)]

### ٤– ڕووباری قەشان:

ئـەم ڕووبـارە یەکێکـە لـە ڕووبـارە هەمیشـەییەکانی ناوچـەی لێکۆڵینـەوە، کـە لـە بـاکوری ناحیـەی بێتواتـەوە هەڵدەقوڵێت و لە باشوری ناحیەی حاجیاوا تێکەڵ بە دەریاچەی دووکان دەبێت.

ڕووباری قەشان دەکەوێتـە نێـوان بازنـەکانی پـانی (٤٢"٠٩'٣٦°–٣١"٢١'٣٦°) بـاکور، هێڵـی درێـژی (٤٦'٤٤°– ٣٦'٤٤°) ڕۆژهەڵات، درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی (٣٧) کم، تێکڕایـی ڕووبـەری ئاوزێڵەکـەی (٤٤٢,٦) کـم٢، بەشـێکی ئەم ئاوزێڵە دەکەوێتە دەرەوەی سنوری کارگێڕی ناوچەی لێکۆڵینەوەو ئـەو بـڕەی دەکەوێتـە نـاو سـنوری قەزاکـەوە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٣١٨,٤) کم٢[(٣)]، (سەیری نەخشەی ٤) بکە، ڕووباری قەشان گەورەترین ڕووبـەری ئـاوی لـە نـاو سنوری قەزای ڕانیەدا هەیە، بەبەراورد بە ڕووبارەکانی تری ناوچەکە، کە دەکەوێتە ناوچەیەکی بەرزونزمی ئاڵۆزەوە و لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە ناوچەیەکی سەرنج ڕاکێشە.

---

[(١)] ئازاد جلال شەریف، ئەوانی تر، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو، بەشێك لە کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبـی سـەنتەری برایەتی–٣–، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩، ل١٣٤–١٣٥.

[(٢)] محمد علی قادر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٦.

[(٣)] هەمان سەرچاوە، ل١١٣.

ب- دەریاچەکان: لە ناوچەی توێژینەوە دوو دەریاچە بونیان هەیە، کە بریتین لە:

**١- دەریاچەی دووکان**

هەرێمی کوردستان لە ڕووی تۆبۆگرافیا و ئاووهەواو بەهەڵمبوونەوە لەسەرجەم بەشەکانی تری عێراق گونجاوەترە بۆ دروستکردنی بەنداو و گەنجینەکردنی ئاو[١]، هەربۆیە لە هەرێمی کوردستاندا چەند بەنداوێك دروستکراون وەك بەنداوی دوکان و دەربەندیخان.

بەنداوی دوکان لە نزیك تەنگەبەری دوکان و لەسەر زێی بچووك لە نێوان هەردوو شاخی (کۆسرەت و سارا) دا لە ساڵی (١٩٥٩)دا دروستکرا، لە ئەنجامی دروستبوونی بەنداوی دوکان، دەریاچەی دوکاندروستبوو، کە ڕووبەرەکەی دەگاتە (٢٧٠کم$^{2}$)[٢]. دروستبوونی دەریاچەی دوکان بوو بە هۆی ئەوەی ئاوی دەریاچەکە بەشێکی بەرفراوانی دەشتی ڕانیە دابپۆشێت کە نزیکەی (١٠٥)کم$^{2}$ دەبێت و نزیکەی (١١,٨٪)ی ڕووبەری قەزای ڕانیەی بەئاو داپۆشیوە، کە بەشەکانی باشوری قەزاکە دەگرێتەوە[٣]. لەدەریاچەی دوکاندا (گردی شمشارە)، کە شوێنەوارێکی مێژووییە دەکەوێتە سنوری قەزای ڕانیەوە بە گوێرەی توێژینەوەکان پاشماوەی شارستانیەتی (ئیسلام و ئاشوری و حوری پ.ز)تێدا دۆزراوەتەوە[٤]، ئەم گردە چەند گۆزەو پارچە شوێنەواری قورپینی زۆری لێیە، کە ئەمەش توانستێکی گرنگی گەشتوگوزاری هەیە، دەتوانرێت پەرەی پێبدرێت و ببێتە ناوچەیەك بۆ گەشتکردنی گەشتیاران بۆی بە مەبەستی دیتنی پاشماوەکان و شوێنەوارەکە.

**٢- دەریاچەی سەروچاوە:**

ئەم دەریاچەیە بەنداوێکی بچوکە، کەوتوتە بەشی باشوری خۆرئاوای شارۆچکەی سەروچاوە، کە سەنتەری ناحیەی بێتواتەیە، سەرچاوەی سەرەکی ئاوپێدانییەتی دەریاچەکە بریتیە لە هەردوو کانی (سەروچاوە ١، سەروچاوە ٢)، کە تێکڕایی ئاو لەبەر ڕۆیشتنی هەردوکیان دەگاتە (٧٠٠٢ لیتر/ چرکە)، پلەی گەرمیەکانیان لە نێوان (١٩,٥ - ٢٢)، ڕێژەی خوێیان لە نێوان (٢٠٠ - ٥٠٠ ppm*)، (خشتەی ٣) پیشاندراوە.

درێژی بەنداوەکە نزیکەی (٣٠٠م) پانیەکەشی نزیکەی (٢٥٠م) دەبێت، ئەم بەنداوە بە کۆنکرێت هەڵچنراوەو دەرگایەك بە قەبارەی (٤م درێژو ٢م پانی)، مەبەست لە دروستکردنی ئەم بەنداوە پرۆژەی گەشتیاریە بۆ ناوچەکە و چەند کەپرێکی گەشتیاری لە دەور دروستکراوە، گەشتیاران بۆ مەبەستی کات بەسەر بردن ڕوودەکەنە ناوچەکە، لە وەرزی هاوینیش گەشتیاران بۆ مەلەکردن ڕوودەکەنە دەریاچەکە.

---

[١] دڵنیا محمد علی، بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، هەولێر، ژمارە١٨، ٢٠٠١، لا ٩- ١٠.

[٢] شێروان عومەر رشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

[٣] بروانە: أ- فؤاد حمة خورشيد، قضاء بشدر(دراسة فى الجغرافية البشرية)، رسالة ماجستير، غير منشورة، كلية اداب، جامعة بغداد، ١٩٧٣، ص٢٤-٢٥.

ب- پشتیوان شفیق احمد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای ڕانیە (١٩٥٧ - ٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل١٢.

[٤] طه باقر، مقدمة فى التاريخ الحضارات القديمة، ج١، من منشورات دار البيان، بدون مكان وسنة طبع، ص٢١١-٢١٣.

* واتا یەك بەش لە ملیۆنێکدا.

**نەخشەی (٤)**

**ئاوی سەر زەوی لە قەزای ڕانیە**




سەرچاوە/ کاری توێژەر پشت بەستت بە/

هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکـانی کۆمپانیـای تێنـوس بـۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٤٢.

### سێیەم: ئاوی ژێرزەوی

مەبەست لە ئاوی ژێرزەوی، ئەو ئاوەیە لە ناخی زەویدا کۆبۆتەوەو پەنگی خواردۆتەوە، بە دوو شێوە لەسەر زەوی دەردەکەوێت، شێوەی سروشتی وەك (کانی، کانیاو) و شێوەی دەستکرد وەك (بیرو کارێز)[1] ، لە ڕووی دەرامەتی ئاوی ژێرزەوییەوە قەزای ڕانیە بەناوچەیەکی دەوڵەمەند دادەنرێت، هەر بۆیە ئاوی ژێرزەوی ناوچەکە دەکرێت بەم جۆرانە:

### أ- کانیاوی سازگار (ئاسایی):

ئەم جۆرە کانیاوانە ئاوەکەیان دەکەوێتە بەر کاریگەری ئاووهەوای باو لەسەر ڕووی زەوی و ئاوێکی پاك و سازگاریان هەیە، ناوەڕۆکی کانزاییان کەمە[2]. ئەم جۆرە کانیانە بەشی هەرەزۆری کانیاوەکانی قەزای ڕانیە پێکدەهێن، لە زۆربەی بەشەکانی قەزاکە بەدی دەکرێت وەك (ئاوی شەڕە کەڵەباب، پڵنگان، بۆتێ) لە ناحیەی سەرکەپکان و (کانی قولە) لەناو شاری ڕانیە و (سەروچاوە، بێتواتە) لە ناحیەی بێتوانە، (قولەی کانی ماران) لە ناحیەی چوارقورنە، هەریەك لەم کانیاوانە بەسەر زۆربەی بەشە جیاوازەکانی ناحیەکانی قەزاکەدا دابەشبون (واتا زۆربەی ناحیەکانی قەزاکە ئەم توانستە گەشتوگوزارییەیان تێدایە) و بەمانایەکی دیکە دەکەونە ناوچەیەکی جیۆمۆرفۆلۆجی جیاواز، کە لەڕووی بایەخی گەشتوگوزارییەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە، خشتەی (٣):

کانیاوەکان لەڕووی تایبەتمەندییەوە لەیەکتر جیاوازن، بۆ نمونە کانیاوی قولە دەکەوێتە بازنەی پانی (٢٣"١٥'٣٦°) باکور، هێڵی درێژی (٠٦"٥٣'٤٤°) ڕۆژهەڵات، (نەخشەی ٥) پلەی گەرمیەکەی (١٨س°) هەریەکە لە تایبەتمەندییە فیزیاوییەکانی لە سنورێکی ڕێپێدراوەو، لە ڕووی ستانداردەوە پێیان دەوترێت کانیاوی سازگار.

**خشتەی (٣)**

**کانیاوە سازگارەکانی قەزای ڕانیە**

| کانی | شوێن | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | پلەی گەرمی (س) | ئایۆنی هایدرۆجینی | گەیاندنی کارەبایی EC ملموز/ سم | ئایۆنە تواوەکانی ناو ئاو (بەش/ ملیۆن) | بەرهەم لیتر/خ | ڕێژەیی خوێ (ppm) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| قولە | ڕانیە | ٢٣"١٥'٣٦° | ٠٦"٥٣'٤٤° | ١٨ | ٦,٩ | ٤٢٨ | ٢٧٣ | ٧٨١ | ٥٠٠ — ٢٠٠ |
| سەروچاو | بێتواتە | ٣١"١٦'٣٦° | ٢٢"٤٥'٤٤° | ١٧ | ٦,٧ | ٥٣٠ | ٣٤٣ | ٥٢٥٠ | ٥٠٠ — ٢٠٠ |
| بێتواتە | بێتواتە | ٢٨"٢٠'٣٦° | ٢٠"٤٢'٤٤° | ١٥ | ٧,٣ | ٢٦٦ | ١٧٠,٥ | – | ٥٠٠ — ٢٠٠ |
| قولەی کانی ماران | چوارقورنە | ٢٧"١٢'٣٦° | ٣٦"٤٣'٤٤° | ١٩ | ٧,٩ | ٣٩٥ | ٢٥٢,٨ | ٧٩٩ | ٥٠٠ — ٢٠٠ |

سەرچاوە: محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی (GIS) و (RS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١٢١؛ ناهیدە جەمال تاڵەبانی و تحسین عبدالرحیم، کارست و کانیاوی کارستی لە کوردستانی عێراق، چاپخانەی کاروخ، ٢٠١٥، ل ١٢٦.

[1] هاشم یاسین محمدأمین، أطلس الموارد الطبیعیة لمحافظة اربیل وإدارة الارض فیها للأغراض الزراعیة، رسالة ماجستیر، کلیة اداب، جامعة صلاح الدین، ٢٠٠٠، ص١٢٥.

[2] ئازاد نەقشبەندی، بایەخی گەشتو گوزاری دەرامەتی ئاوی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

**ب- کانیاوە کانزایی و گەرمەکان:**

ئـەو کانیـاو و سەرچـاوانەی ئاوەکـەیان خـاوەنی کۆمـەڵێك سـیفەتی کیمیـایی و فیزیـایی تایبـەتن، لـە کۆنـەوە بەمەبەستی چارەسەرکردن بەکارهاتوون وەك کانیاوی (ئەبیدافروس)لە یۆنان و کانیاوەکانی (حەلوان) لە میسر[1].ئەم کانیاوانە دەگرێتەوە ناوەڕۆکە کانزاییەکەیان بڕی خوێ تواوە تێدا زیاتربێت لە (١٠٠٠ملگم/ لیتر)، یـان (١٠ ملگم) لـە ئاسن لەیەك لیتردا، یان بڕی (١٠٠٠ملگم) لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی ئازاد لەیەك لیتردا یان بڕی (١ ملگم) لە ئـایۆنی کبریتی (ئەرسەنگ) لە یەك لیتردا.[2]

هەروەها کانیاوە گەرمەکان ئەو کانیاوانەن، کە پلەی گەرمیان لە (٢٥)پلەی سەدی بەرزترە و بـە کانیـاوی گـەرم نـاودەبرێن[3]، شـایەنی ئامـاژە پێکردنـە کانیـاوە کانزاییـەکان بـەزۆر ڕێگـا وەك (خۆشـتن، مەلـەکردن، خواردنـەوە، هەڵمژینی هـەڵم) بـەکاردێن، بـۆ چارەسـەرکردنی نەخۆشـیەکانی وەك (پێسـت، ڕۆمـاتیزم، ئـازاری گـەدە، گورچـیلە، حەوانـەوەی جەسـتەیی و مێشـك....هتد)[1]. کانیـاوی گـەناوە لـە نزیـك بۆسـکێنە، کـە دەکەوێتـە بازنـەی پـانی (٣٦'١٥"٢٣°) بـاکور، هێڵـی درێـژی (٤٤'٥٣"٠٦°) ڕۆژهـەلات، (نەخشـەی ٥) توانـایی گەیانـدنی کارەبـایی دەگاتـە (١٦٣)، وەك لە خشتەی (٤) خراوەتە ڕوو، ئەم کانیاوە لە جۆری گۆگردیە بە هۆی زیادی لە بڕەکانی خوێی تواوە و ئاسن و دووەم ئۆکسیدی کاربۆنی ئازاد و ئـایۆنی کبریتـی (ئەرسـەنگ)، پلـەی گەرماشـی لەسـەروو (٢٥ س°).قـەزای رانیە دەوڵەمەندە بە کانیـاوە کـانزایی و گەرمـەکان، گرنگترینیـان ئـەو کانیاوانـە و خەسـڵەتەکانیان لـە خشـتەی (٤) نەخشەی (٥):

**خشتەی (٤)**

**کانیاوە کانزایی و گەرمەکانی قەزای رانیە و چەند زانیاریەك**

| ژ | کانیاو | شوێن | بازنەی پانی | هێڵی درێژی | گەیاندنی کارەبایی | جۆر |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | گەناو | بۆسکێن- رانیە | ٣٦'١٥"٢٣° | ٤٤'٥٣"٠٦° | ١٦٣ | گۆگردیە |
| ٢ | گەڕاوی ئەسحابان | رانیە | ٣٦'١٦"٣١° | ٤٤'٤٥"٢٢° | ٥٢٠ | گەرم |

سەرچاوە: محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قـەزای رانیـە بەبـەکارهێنانی(GIS) و (RS)، نامـەی ماستەر (بلاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، لا ١٢٢.

لە پووختەی ئەو زانیاریانەی کەلەو بەشەدا خرایە ڕوو، دەکرێ بڵێین قەزای رانیـە دەوڵەمەنـدە بەهەرسـێ جـۆری سەرچاوەی ئاو دابارین (باران و بەفر و تەرزە) و ئاوی سەر زەوی کە دەربەندی رانیـەو زێـی بچـووك ورووبـاری دێمـان ورووباری قەشان ورِوباری هیزۆپ و دەریاچەی دوکان و دەریاچەی سەروچاوە دەگرێتەوە، هەروەها ئاوی ژێر زەوی کە کۆمەڵێك کانیاوی سازگارو کانزایی و گەرم دەگرێتـەوە، کـە ئەمـەش لـە ڕووی گەشـتوگوزارەوە بایـەخی زۆری هەیـە،

[1] شێروان عومەر رشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٨.

[2] هودا سەباح نەجمەدین، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانیگەشـەپێدانی گەشـتوگوزار لـە قـەزای شـەقلاوە، بڵاوکـراوەی ئـەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣، ل١١١.

[3] ئازاد محمدامین نەقشبەندی، بایەخی گەشت و گوزاری دەرامەتی ئاوی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[4] شێروان عومەر رشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٩.

چونکە دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیە جۆراو جۆرە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی چالاکی گەشتوگوزاری جۆراو جۆر،چونکە گەشتیار لە گەشتەکەیدا حەز دەکات دیاردەی جۆراوجۆری جوگرافی ببینێت، دوای ئەوەی لەو بەشەدا جۆرەکانی دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیەمان خستەڕوو، لە بەشی سێیەمدا باس لە گرنگی گەشتوگوزاری دەرامەتی ئاوی قەزاکە و گەشەپێدانی دەکەین لە بواری گەشتوگوزاردا.

**نەخشەی (٥)**

**شوێنی کانیاوەکانی قەزای ڕانیە**




سەرچاوە: محمد علی قادر، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی(GIS) و (RS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤، ل١٢٤

## بەشی سێیەم
## گەشە پێدانی گەشتوگوزاری ئاوی لە قەزای ڕانیە

پێش ئەوەی باس لەگرنگی گەشتوگوزاری ئاوی قەزای ڕانیە و چۆنیەتی گەشەپێدانی بکەین، پیویستە لەسەرەتادا پێناسەی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری بکەین، لە یەکێك لە پێناسەکاندا بەمشێوەیە باسی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری کراوە: فەراهەمکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییەکانە، بۆ تێرکردن و دابینکردنی خواست و پێویستییەکانی گەشتیار، لەکاتی مانەوەیدا، بەجۆرێك گونجاو بێت، لەگەڵ توانای ئابوری گەشتیاردا، لەم سۆنگەیەوە ئامانجی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری دروستکردن و دابینکردنی (ئوتێل، چێشتخانە، ڕێگا، فرۆکەخانە، شاری گەشتیاری..) چەند شێوازێکن بۆ لە شێوازەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری، هەمو ئەوانەش دەرفەتی کاری نوێ و وەبەرهێنانی نوێ دەڕەخسێنن[1]. لە پێناسەیەکی دیکەدا: گەشەپێدانی گەشتوگوزاری: ئامرازێکی گرنگی گەشەپێدانی (هەرێمەکان و ئەو شوێنانەیە، کە گەشتیار ڕادەکێشن بۆخۆیان) لە ڕوانگەی ئابوری و کۆمەلآیەتی و ئاوەدانکاری، بە تایبەت ئەو ناوچانەی، کە توانستی گەشتیارییان تێدایە، بەپلانێکی عەقلآنی بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنانی ئەو توانستەدادەنرێت، بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوری تاکەکانی کۆمەڵگا، وێرای ئەوەی پاراستنی ژینگە یەکێکە لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری[2]. لەکۆی زانیارییەکانی ئەو دوو پێناسەیە، دەکرێت بڵێین: گەشەپێدای ئابوری سودی دوو لایەنەی هەیە، لەلایەك (گەشتیار)، لەکاتی مانەوەیدا ئاسانکاری و خزمەتگوزاری بۆ دابیندەکرێت، لەلایەکیتر (ناوچە گەشتیارییەکە) ئاوەدانکاری و بوژانەوەی ئابوری و ژینگەی تەندروست و کرانەوەی کۆمەلآیەتی دەستدەکەوێت. لەم سۆنگەیەوە لە سەردەمی ئێستادا گەشەپێدانی گەشتوگوزاری وەك پێویستییەکی مرۆیی گرنگ و هەمەلایەنە خۆی دەسەپێنێت.

بەهۆی گرنگی بابەتی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری، کە لە چەند دێڕی سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد و دوای ئەوەی لە بەشی دووەمدا جۆرەکانی دەرامەتی ئاوی قەزای ڕانیەمان خستە ڕوو، لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین بایەخی گەشتوگوزاری ئەو سامانە ئاویانە و چۆنیەتی گەشەپێدانیان بخەینەڕوو:

**یەکەم: دابارین**

دەربارەی کاریگەری ڕەگەزەکانی دابارین لە قەزای ڕانیە، باران و تەرزە بە ڕەگەزێکی نەخوازراو دادەنرێت، لە ڕووی گەشتوگوزارەوە بە تایبەت لە وەرزی زستان و بەهار، بەلآم دەکرێ لە وەرزی هاوین و پایز، کە باران کەمە گەشتوگوزار ئەنجام بدرێت، تاکە لایەنی پۆزەتیڤی باران بارین ئەوەیە، کە دەبێتەهۆی جوانکردنی سروشت، بەهۆی ژیانەوەی ڕووەکی خۆڕسك. بەلآم بەفر بەڕەگەزێکی خوازراو دادەنرێت، بە تایبەت لەبەشی باکوری خۆرهەلآتی قەزاکە لەناحیەی سەرکەپکان سالآنە زیاتر لە (١٢) ڕۆژ بەفر دەبارێت، ئەمەش وایکردوە ڕێژەیەکی بەرچاوی سەیرانکەر ڕوویکەنە ئەو ناوچەیە بۆ چالاکی شەڕە بەفرو گەڕان بەناویداو سەیرکردنی دیمەنە جوانەکەی و وێنەگرتن لەناو بەفردا، هەمان شتیش ڕاستە بۆ چیای ماکۆك لە باکوری ناحیەی حاجیاوا، دەکرێ چەند شوێنێکی چیایی ناحیەی

[1] مصطفى يونس كافى، صناعة السياحة والامن السياحى، دار مؤسسة ارسلان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٩، ص١٣٢-١٣٣.

[2] خيرى على اوسو، التخطيط السياحى اداة لتحقيق التنمية السياحية فى اقليم كوردستان العراق، ص٢٣٧-٢٣٨.

سەرکەپکان و چیای ماکۆك بەگەڕ بخرێن، بۆ چالاکی خلیسکان لەسەر بەفر، چونکە تا ئێستا سوودی لێ وەرنەگیراوە لەو بوارەدا، بۆیە لەم بەشەدا میکانیزمەکانی چۆنیەتی سود وەرگرتن لە دەرامەتی ئاو لە قەزاکەدا دەخەینە ڕوو.

**دووەم: ئاوی سەرزەوی:**

أ- ڕووبارە هەمیشەییەکان:

١- دەربەندی ڕانیەو زێی بچووك:

وەك لە بەشی دووەمدا ئاماژەمان پێکرد دەربەندی ڕانیە دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی قەزای ڕانیەو زێی بچووك لە دەربەندی ڕانیەوە دێتە ناو سنوری قەزاکەو سنوری باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە پێکدەهێنێت تا دەڕژێتە دەریاچەی دوکان.

بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکان دەرکەوتووە ئاوی ڕووباری زێی بچووك ڕێژەی خوێی کەمەو بۆ هەموو جۆرە چالاکیەك دەگونجێت[1]. دەکرێت بڵێین دەربەندی ڕانیەو زێ ی بچووك بۆ کۆمەڵێك چالاکی گەشتوگوزاری گونجاوە وەك:

١- گەڕان بەناو ئاودا بەهۆی بەلەمی بچووك یان ماتۆڕسکیل.

٢- زۆربەی بەشەکانی ڕووبارەکە گونجاوە بۆ مەلەکردن، چونکە خێرایی ئاوەکە کەمە بەهۆی ئەوەی بەناوچەیەکی دەشتی تەختدا تێدەپەڕێت.

٣- دەکرێ هەندێك شوێنی ڕووبارەکە بەکاربێن بۆ چالاکی ڕاوە ماسی، چونکە دەربەندی ڕانیە دەوڵەمەندە بە دەرامەتی ماسی.

٤- زێی بچووك لە دەربەندی ڕانیەدا، دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و جوانی هەیە، لەڕووی ڕوخسارەکانی سەر زەوی، چونکە زێی بچووك لە تەنگەبەری ڕانیەدا هەردوو شاخی کێوەڕەش و ئاسۆس لە یەکتر جیادەکاتەوە، وێڕای ئەوەی دەڕوانێت بەسەر دەریاچەی دووکاندا، واتا لە یەك کاتدا و لە یەك شوێندا(دەربەندی ڕانیە) گەشتیار سێ دیمەنی جوانی گەشتوگوزاری دەبینێت، کە بریتین لە:

١- زێی بچوك: بە تایبەت لەسەر ڕێگای سەرەکی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ و لەسەر پردی دەربەندەوە، دیمەنی ڕوبارەکە زۆر بە جوانی دەبیندرێت، بە تایبەت لەکاتی ئێواران و خۆرئاوابون.وەك لە وێنەی (١) خراوەتەڕوو.

٢-دەریاچەی دوکان: سەیرکردنی دەریاچەکە و کەنارەکانی دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشە بەلای گەشتیارانی قەزای ڕانیە و ناوەوەی هەرێمی کوردستان، چونکە ئێمە وولاتێکی دەریایی نین و بێبەشین لە بینینی دەریا و کەنارەکانی بەشێوەیەکی سروشتی.

٣- تۆبۆگرافیای سەرنج ڕاکێش، کە خۆی دەبینێتەوە لە هەردوو شاخی کێوەڕەش و ئاسۆس و تەنگەبەری نێوانیان.

هەموو ئەوانە وایانکردووە، کە ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی شاری ڕانیە و بەشەکانی تری قەزای ڕانیەو قەزای پشدەر لە وەرزی بەهارو هاوین دا ڕووبکەنە دەربەندی ڕانیە بە مەبەستی سەیران و گەشتوگوزار و مەلەکردن، بەڵام پێویستە ئەوە بڵێین تا ئێستا دەربەندی ڕانیە لە ڕووی گەشتوگوزارەوە، بە شێوەیەکی زانستی نەخراوەتە گەڕ

[1] لوقمان وسو عومەر، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٢.

(سەیرکردنی وێنەکانی ١ و ٢ ئەم ڕاستییە پیشان دەدەن ، کە ناوچەکە تەنها ڕوبارێك و کەنارەکانیەتی بێ بینینی هیچ خزمەتگوزارییەکی سەرەتایی و گەشتیاریی)، بەڵام بۆ گەشەپێدانی پێویستە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدرێن:

١- دروستکردنی کەپری گەشتیاری لە هەردوو لای ڕووبارەکە.(کە ئەمەش سودی ئابوری بۆ کەرتی گشتی و تایبەتدەبێت، وێڕای جوانکردنی دیمەنی ناوچەکە).

٢- دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و دروستکردنی (W.C) بۆ گەشتیاران.

٣- دروستکردنی چێشتخانەو خواردنگەی ماسی برژاو و شاری یاری. بەتایبەت کەنارەکانی دامێنی شاخی ئاسۆس زۆر گونجاون بۆ ئەم مەبەستە.(ئەمە لەلایەك دەبێتە هۆی دابینکردنی جوانکردنی ژینگەی ناوچەکە، لەلایەکیتر دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری ناوچەکە، چونکە چەندین کەسی ناوچەکە کاریان دەستدەکەوێت، وێڕای سودی ئابوری بۆ کەرتی گشتی و ئەو خاوەن سەرمایانەی، کە لەو ناوچەیە وەبەرهێنان دەکەن).

٤- دابینکردنی بەلەم و ماتۆڕ سکیل.

٥- دروستکردنی تەلفریك لە نێوان هەردوو شاخی کێوەڕەش و ئاسۆس، بۆ ئەوەی گەشتیاران بتوانن لە بەرزاییەوە دیمەنەکانی وەك (ڕوباری زێی بچوك، دەریاچەی دوکان، تۆبۆگرافیا و ڕووەکی خۆرسك) ببنن و چێژی لێوەربگرن. (کە ئەمەش ژمارەیەکی بەرچای گەشتیار بۆخۆی ڕادەکێشیت و سودی ئابوری بەرچاوی دەبێت).

٦- تا ئیستا ئەو ڕێگایانەی گەشتیار دەگەیەنن بە ڕوبارەکە، ڕێگای خۆڵن و لەکاتی چونی گەشتاران لەوەرزی گەرم تەپوتۆز دروست دەبێت، بۆیە پێویستە ئەم ڕێگایانە یان قیر بکرێن یان چیمەنتۆ بکرێت، ئەمەش لەلایەك کارئاسانی دەکات بۆ هاتنی گەشتیاران، لەلایەکیتر ژینگەی ناوچەکە پاك دەبێتەوە لە تۆز و خۆڵ.

٧- دروستکردنی گەراج، بۆ ئۆتۆمبێلی گەشتییاران.بڕوانە وێنەی (١) و (٢)

٨- دروستکردنی کافتریای گەڕۆك (گەشتی گەڕۆك)، لە ناو دەریاچەکەدا واتە کەشتی گەشتوگوزاری بۆ گەشتکردن بەناو ئاوداو چێژوەرگرتن لە سروشتی دەریاچەکە.

٩- دروستکردنی شوێنی حەوانەوە بۆ گەشتیاران وەك کەپر و کابینە و ئوتێل.

وێنەی (١)

دەربەندی ڕانیە و زێی بچوک




سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە، لە ٢٠١٥/٩/١١.

وێنەی (٢)

زێی بچوک لە کاتی سەردانی گەشتیاران




سەرچاوە: ئەم وێنەیە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە، لە ٢٠١٥/٩/١١.

**٢- ڕووباری دێمان:**

ڕووباری دێمان کەوتۆتە بەشی باکوری ناحیەی سەرکەپکان، بەهۆی ئەوەی لە ناوچەیەکی شاخاوییە و تا لە شاری ڕانیەوە بەرەوە باکوری ناحیەی سەرکەپکان بڕۆین، بەرز دەبینەوە لە ئاستی ڕوی دەریا، لەبەر ئەوە ڕوبارەکە، هاوشانە لەگەڵ بوونی تۆبۆگرافیای جوان و و ڕوەکی سروشتی، ئەمەش وایکردوە چەند سەیرانگایەك لەسەر ڕووبارەکە دروستبکرێت، وەك: (بۆتێ، پلێنگان، دارەبەن، دێمان)، ئەمەش وایکردوە دیمەنێکی جوان و سەرنج ڕاکێش لەناوچەکە دروست ببێت بە تایبەت لەوەرزی بەهارو هاوین، (چونکە لەوەرزی هاویندا کەشوهەوایەکی خۆشیان هەیە و فێنکترە بە بەراورد بە زۆربەی بەشەکانی دیکەی قەزای ڕانیە) گەشتیار و سەیرانکەرێکی زۆری قەزای ڕانیەو پشدەر وقەزای کۆیە و قەزاکانی دیکەی پارێزگای سلێمانی ڕوودەکەنە ئەم ناوچەیە و دەمێننەوە، بەتایبەت (سەیرانگای دێمان)، چونکە لەناو دۆڵێکدا هەڵکەوتوە و بوونی ڕووبارو تۆبۆگرافیای جوان و ڕوەکی سروشتی، وایکردوە وەك مێرگێکی پڕ لەداری سەوزو بەرز دەربکەوێت وکەش و هەوایەکی خۆش و دیمەنێکی جوانی بەم ناوچەیە بەخشیوە.

شایەنی باسکردنە ڕووباری دێمان دەکرێ لە بواری (مەلەکردن، گەڕان بەناو ئاودا بەپێ، سەیرکردنی دیمەنی تۆبۆگرافیا و ڕوەکی خۆرسکی ناوچەکە، شۆردنی ئوتۆمۆبیل) سودی لێوەربگیرێتوەك لەوێنەی (٣) و (٤).

بەڵام بۆ گەشەپێدانی ڕوبارەکە لەلایەنی گەشتوگوزارییەوە پێویستە:

١- دروستکردنی کەپری گەشتیاری و دابینکردنی وزەی کارەبا بۆ سەیرانگاکانی سەر ڕوبارەکە (چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیاران و سەیرانکەران تا درەنگانی شەو لەوێ دەمێننەوە، وێڕای دروستکردنی و W.C).

٢- دروستکردنی چێشتخانە و خواردنگەی گەشتیاری، کە ئەمەش سودی ئابوری دەبێت بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

٣- دروستکردنی ئوتێل یان شوقەی گەشتیاری زۆر پێویستە، چونکە تا ئیستا ئەو گەشتیارانەی ڕودەکە ناوچەکە ناتوانن بمێننەوە، گەر بشمێننەوە دەبێ خۆیان خێوەت و پیداویستییەکانی دیکەی مانەوە لەگەڵ خۆیان بهێنن، وایدەبینین گەر شوێنی مانەوەی شەوانە بۆ گەشتیار فەراهەم بکرێت، پێشبینی دەکرێت ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیار لە ناوەوە و درەوەی هەریم ڕو بکەنە ناوچەکە و بۆ چەند شەوێك یان چەند هەفتەیەك لە ناوچەکە بمێننەوە.

٤- زۆربەی ئەو ڕێگایانەی، کە گەشتیار دەگەینن بە سەیرانگانی سەر ڕوبارەکە، ڕێگای خۆڵن و بەرزی و نزمی زۆریان تێدایە، پیویستە ڕێگاکان یان چیمەنتۆ بکرێن ، یان قیڕبکرێن. ئەمە سەرەڕای ئەوەی چەندین ناوچەی دیکەی جوان و سەرنجڕاکیش لە ئەملاو ئەولای ڕوبارەکە بونیان هەیە بەڵام بەهۆی نەبونی ڕێگای ئۆتۆمبێل گەشتیار ناتوانێت پێیان بگات، بۆیە پێویستە ڕێگا بۆ ئەم ناوچانە دروستبکرێت.

٥- دروستکردنی تلفریك لە ناوچەکەدا، چونکە دەوڵەمەندە بە ڕواڵەتی ڕووی زەوی جیاواز و ڕوەکی خۆرسکی سەرنج ڕاکێش. جگە لەو دوو ناوچەی باسکرا لە ناوچەکانی تریش دەکرێت چەندین پرۆژەی گەشتیاری دروست بکرێت وەك ناوچەکانی ڕووباری قەشان و هیزۆپ و......هتد.وەك نمونەی پەرەپێدانی لایەنی گەشتوگوزاری ئەم دوو ناوچەیەمان وەرگرتووە

وێنەی (٣)

دیمەنی دەوروبەری ڕووباری دێمان



سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئەم وێنەیە گیراوە لەبەرواری ٢٠١٥/١١/٢٦

وێنەی (٤)

ڕووباری دێمان



سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئەم وێنەیە گیراوە لەبەرواری ٢٠١٥/١١/٢٦

**ب- دەریاچەکان**

**١- دەریاچەی دووکان**

وەك لەبەشی دووەمدا ئاماژەمان پێکرد دەریاچەی دوکان نزیکەی (١١,٨٪)ی ڕووبەری قەزای ڕانیە پێکدەهێنێت، کەنارەکانی باکوری دەریاچەکە بە درێژایی (٢٨,٣کم*) هاوسنورە لەگەڵ بەشەکانی باشوری قەزای ڕانیە، بەڵام بە داخەوە تا ئێستا تەنها لە ڕووی کشتوکاڵەوە سوود لە ئاوی دەریاچەی دوکان وەرگیراوە لە قەزای ڕانیەدا بەشێوەیەکی سنوردار، بەڵام لەڕووی گەشتوگوزارەوە سوودی لێوەرنەگیراوە، دەریاچەی دوکان لە سنوری قەزای ڕانیەدا گونجاوە بۆ کۆمەڵێك چالاکی گەشت و گوزاری وەك:

١- مەلەکردن و گەڕان بەناو ئاودا بەهۆی بەلەم.

٢- دەوڵەمەندی دەریاچەی دوکان بە دەرامەتی ماسی، گونجاوە بۆ چالاکی ڕاوەماسی.(گەشتیارێکی بەرچاو تا بەرەبەیان بەمەبەستە ڕاوە ماسی لە کەنارەکانی دەریاچەکە دەمێننەوە).

٣- دەریاچەکە دیمەنێکی جوان و ئاووهەوایەکی خۆشی هەیە، کە گەشتیارێکی زۆر بۆخۆی کێش دەکات بە تایبەت لە وەرزی بەهارو پایزدا.

٤- وەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد، بوونی گردی شوێنەواری شمشارە کە ژمارەیەکی زۆر پارچەو گۆزەی شوێنەواری تێدایە، بەتایبەت لە وەرزی کەم ئاویدا گردەکە بە تەواوی دەردەکەوێت کە ئەمەش توانستێکی گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارە و دیاردەیەکی تا ڕادەیەك دەگمەنە.(سەیری وێنەی ٥) بکە.

بەڵام بەداخەوە لە سنوری قەزای ڕانیە تا ئێستا سوود لە ئاوی دەریاچەکە وەرنەگیراوە، بەڵام دەکرێ لە ڕێگەی ئەم خاڵانەوە گەشەی پێ بدرێت.

١- دروستکردنی گوندی گەشتیاری یان شوقە و ڤێلای گەشتیاری لە کەنارەکانی دەریاچەکەدا، کە دیمەنێکی جوان و دڵڕفێن بە ناوچەکە و کەنارەکانی دەریاچەکە دەبەخشێت، و گەشتیارێکی زۆر بۆخۆی ڕادەکێشت لە ناوە و دەروەی هەرێم، چونکە ئەو گەشتیارانەی، کە ڕودەکەنە کەنارەکانی دەریاچەکە، شوێنی مانەوەیان نییە(وێنەی ٥ ئەم ڕاستییە پیشاندەدات)، گەر بیانهەوێت بمیننەوە دەبێت خۆیان چادری گەشتیارییان پێبێت، لە لایەکی تر تا ئێستا بەهۆی نەبونی ئوتێل و گوندی گەشتیار زۆربەی بوك و زاواکانی قەزای ڕانیە و پشدەر، بۆ بەسەربردنی مانگی هەنگوینی ڕودەکەنە قەزای دوکان و شاری سلێمانی و ناوچەکانی دیکەی هەرێمی کوردستان، بەڵام لە ئەگەری دروستکردنی ئەم خزمەتگوزارییانە ئەوکات ئەو بوك و زاوایانە ڕودەکەنە ئەوێ و لەوێ پارە سەرفدەکەن، واتا دەبێتەهۆی بوژانەوەی ئابوری دەڤەرەکە.(چونکە ژمارەیەکی بەرچاوی دانیشتوانی ناوچەکە دەرفەتی کارکردنیان بۆ دەڕەخسێت، وێڕای سودی ئابوری بۆ کەرتی گشتی و تایبەت). لە هەمان کاتدا لە ئیستادا (خاڵی سنوری کێلێ) لە سنوری قەزای پشدەر بە نیمچە فەرمی کراوەتەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و وولاتی ئێران، ئەمەش وادەکات ئەو گەشتیارانەی، کە لە بەشە جیاجیاکانی هەرێمی کوردستانەوە ڕودەکەنە ولاتی ئێران یان بە پێچەوانەوە، لەو ئوتێل و گوندە گەشیارییە پێشنیارکراوانە بمێننەوە. کە بیگومان ئەمەش سودێکی گرنگی ئابوری دەبێت.

* ئەم ژمارەیە دیاریکراوە بە هۆی بەکارهێنانی بەرنامەی (arc Gis 10.3)، بە پشت بەستن بە نەخشەی ژمارە ٤.

٢- دابینکردنی خزمەتگوزاری و ئاسانکاری گەشتیاری لە کەناری دەریاچەکە، وەك دروستکردنی پارك و چێشتخانە و شاری یاری. (کە ئەمەش دیمەنیکی جوان بە ناوچەکە دەبەخشێت، وێڕای سودە ئابورییەکە بۆ کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و دانیشتوانی ناوچەکە).

**وێنەی (٥)**

**دەریاچەی دوکان لەگەڵ گردی شمشارە لە بەشی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: ئەم وینەیە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە، لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١

٣- دابینکردنی بەلەم و ماتۆڕ سکیلی گەشتیاری، کە دەکرێ بۆ بواری گەڕان بەناو دەریاچەکەدا یان سەردان کردنی گردی شمشارە بەکاربێت،یان گەشتی مامناوەند وەك خواردنگە و کافتریای گەڕۆك بۆ گەشتیاران.

٤-لە ئەگەری دروستکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەی سەرەوە، دەکرێ ئوتێل و شوقە و گوندە گەشتیارییەکانی کەناری دەریاچەی دوکان لە سنوری قەزای ڕانیە ، هەمانگی و پەیوەندی دروستبکەن لەگەڵ ئوتێل و گوندە گەشتیارییەکانی شاری دوکان و لە ڕێگەی بەلەم و کەشتی بچووك هاتوچۆ یان ئاڵوگۆڕی گەشتیار بکەن لە نێوان هەردوو ناوچەکە لە ڕێگەی گواستنەوەی ئاوی، ئەمەش سودی ئابوری دەبێت بۆ هەردوو ناوچەکە(بەتایبەت بۆ قەزای ڕانیە، چونکە شاری دوکان ناوچەیەکی گرنگی گەشتوگوزارییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دراوسێ)، وێڕای ئەوەی بەکارهێنانی ڕێگای ئاوی لە نێوان هەردوو ناوچەکە، مەترسییەکانی ڕوداوەکانی هاتوچۆی ڕێگای نێوان ڕانیە و سلێمانی کەمدەکاتەوە و فشاری هاتوچۆ و قەرەباڵغیش کەمدەکاتەوە. وەك وێنەی لە(٥) خراوەتە ڕوو

### سێیەم/ ئاوی ژێر زەوی:

### أ- کانیاوە سازگارەکان

زۆربەی کانیاوەکانی قەزای ڕانیە لەم جۆرەن و گونجاون بۆ زۆربەی چالاکیە گەشتوگوزاریەکان بە تایبەت کانیاوەکانی (سەرئەشکەوتان لە بێتواتە) و (کانی شەڕە کەڵەباب، پڵنگان، بۆتێ لەسەر کەبکان). خەڵکێکی زۆر لەوەرزی بەهارو هاوین ڕوویان تێدەکەن، چونکە ئاوەکەیان سازگارەو کەش و هەوایەکی فێنك و خۆشیان هەیە، لەلایەکی تر ئەو کانیاوانە دەوڵەمەندن بە ڕووەکی سروشتی و تۆبۆگرافیای جوان و سەرنج ڕاکێش بە تایبەت (سەرئەشکەوتان)، کە ئاوی کانیەکە لە بەرزایەوە دێتەخوارەوەو شێوەی تاڤگەیەکی جوانی وەرگرتووە.وەك لە وێنەی (٦) دەردەکەوێت.

بەڵام بۆ گەشەپێدانی کانیاوە سازگارەکان پێویستە:

١- لەدەوروبەری کانیاوەکان کەپری گەشتیای و ووزەی کارەبا و (W.C) دروستبکرێت.

٢- دروستکردنی حەوزی کۆنکرێتی تا ببێتە شوێنی مەلەکردن بۆ گەشتیاران.

٣- دروستکردنی حەوزی ماسی بە ئاوی کانییەکان و خواردنگەی ماسی برژاو، کە ئەمەش لەلایەك گەشتیاری زیاتر بۆخۆی ڕادەکێشێت و لەلایەکیتر سودی ئابوری دەبێت بۆ دانیشتوانی ناوچەکە.

٤- دروستکردنی ڕێگای قیرتا و گەراج بۆ ئۆتۆمبێلی گەشتیاران (بە تایبەت بۆ کانی و تاڤگەی سەرئەشکەوتان) ، چونکە وەك لەوێنە ژمارە (٦) و (٧) دەردەکەوێت، ئەو سەیرانگایە ڕێگاکەی خۆڵە و گەراجی نیە.

**وێنەی ( ٦ )**

**ناوچەی گەشتیاری سەرئەشکەوتان ناحیەی ( بێتواتە )**




سەرچاوە: لەلایەن توێژەران ئەم وێنەیە گیراوە، لەبەرواری ٢٠١٥/٩/١١.

**وێنەی (٧)**

**ڕێگای چونە ژوورەوەی ناوچەی گەشتیاری سەرئەشکەوتان**







سەرچاوە: وێنەکە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١.

**ب- کانیاوە کانزایی و گەرمەکان:**

قەزای ڕانیە دەوڵەمەندە بە کانیاوە کانزایی و گەرمەکان، بە جۆرێك لە کۆی (٩) کانیاوی گەرمی کانزایی پارێزگای سلێمانی (٢) کانیاویان کەوتونەتە سنوری قەزای ڕانیە، بەڵام تا ئێستا لە ڕووی گەشتوگوزاریەوە سوودیان لێوەرنەگیراوە، چونکە شیکاری زانستی بۆ ئاوەکەیان نەکراوە، بەڵام دوای شیکردنەوەی پێکهاتەی ئاوەکان دەکرێت سوودیان لێوەربگیرێت، چونکە هەر سێ کانی (گەناو، گەڕاوی ئەسحابان، گەناو) لە جۆری (کبریتی، گەرم، کبریتی گەرم)دەکرێ لە ڕێگەی خۆشتن، مەلەکردن، خواردنەوە، هەڵمژینی هەڵمەکانیان) وەك چارەسەر سوودیان لێوەربگیرێت بۆ نەخۆشیەکانی پێست و ڕۆمانتیزم و ئازاری گەدەو گورچیلە و پشوویی جەستەیی و مێشك، هەروەها کانیاوی گەناو لە جۆری گەرمە چونکە پلەی گەرمای (٢٨) یەو دەکرێ وەك چارەسەرێکی سروشتی بەکاربێت بۆ گێڕانەوەی هاوسەنگی جەستەیی و دەروونی[1].

لەمەوە دەردەکەوێت لە سنوری قەزای ڕانیە دا توانستێکی باشی ئاوی ژێر زەوی هەیە لەڕووی گەشت و گوزاریەوە وەك (کانیاوی سازگار، کانیاوی گەرم و کانزایی)، بەڵام تا ئێستا خەڵکی زیاتر بۆ گەشتوگوزار ڕوودەکەنە ئەو ناوچە گەشت و گوزاریانەی کە کانیاوی سازگاری تێدایە، بەڵام گرنگیەکی ئەوتۆ بە کانیاوە گەرمەکان و کانزایەکان نادرێت بەهۆی کەمی زانیاری دەربارەی خەسڵەت و سیفەتی کانیاوەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ سوود لە کانیاوە گەرم و کانزایەکان وەربگیرێت بۆ بواری گەشتوگوزار لە ڕێگەی:

١- ئەنجامدانی پشکنینی زانستی بۆ خەسڵەتی کانیاوە کانزایی و گەرمەکانی قەزای ڕانیەو دواتر دەستنیشان کردنیان بۆ جۆرەکانی گەشتوگوزاری چارەسەری و نەخۆشی.

٢- وێنەکانی (١١،١٠،٩،٨) دەریدەخەن، کە کانیاوەکانی سنورەکە هیچ خزمەتگوزارییەکی گشتییان نیە، تەنانەت حەوزیشیان بۆ دروستنەکراوە)، بۆیە دروستکردنی حەوزی کۆنکرێتی بۆ کانیاوە گەرم و کانزاییەکان زۆر پێویستە، بۆ ئەوەی نەخۆشەکان بتوانن لەناوی مەلەبکەن و گەرماو بکەن، چونکە ئەم جۆرە کانیاوانە پێویستیان بە حەوزی خۆشوشتنە، وێڕای ئەوەی پێویستە شوێنی خۆ وشکردنەوەشیان بۆ دروستبکرێت.

٣- وەك لە وێنەی ژمارە (٨) دەردەکەوێت ڕێگای چون بۆ ئەو کانیانە ڕێگایەکی خۆڵ و پڕ چاڵ و چۆڵە، بۆیە پێویستە ڕێگای قیڕ یان کۆنکرێتییان بۆ دروستبکرێت، چونکە ئەو کانیانە تەنها نزیکەی (٢کم) لە ڕێگای سەرەکی نێوان ڕانیە و قەڵادزێ دورن و تێچونێکی زۆری ناوێت.

٤- دانان و دامەزراندنی بنکەی تەندروستی و چارەسەری سروشتی لەو ناوچانە کە تەواوکەری چارەسەری ئاوی بێت.

بەنجامدانی ئەو پیشنیارانە چاوەڕوان دەکرێت و ژمارەیەکی باشی گەشتیار، لە ناوچە جیاوازەکانی پارێزگای سلێمانی و پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستانەوە ڕوی تێبکرێت. ئەمەش سودی ئابوری باشی دەبێت بۆ دەڤەرەکە.

---

[1] شێروان عومەر رشید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٩٢.

**وێنەی (٨)**

**ڕێگای سەرەکی گەڕاوی گەناو لە نزیك قوڕەگۆ**



سەرچاوە: وێنەکە لەلایەن توێژەران گیراوە لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١

**وێنەی (٩)**

**کانی گەڕاوی گەناو دووەم سەرچاوە**



سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە ئەم وێنەیە گیراوە، لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١.

**وێنەی (١٠) کانی گەراوی گەناو یەکەم سەرچاوە**




سەرچاوە: لەلایەن توێژەرانەوە وێنەکە گیراوە، لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١.

**وێنەی (١١) کانیاوی گەناو بەشی سازگارەکەی گەشتیاران بۆ مەلەکردن ڕووی تێدەکەن**




سەرچاوە: ئەو وێنەیە لەلایەن توێژەرانەوە گیراوە لە بەرواری ٢٠١٥/٩/١١

لە کۆی ئەو زانیاریانەی کە لەو بەشەدا خرایەڕوو، قەزای ڕانیە خاوەن توانستێکی گەشتوگوزاری گرنگ و جۆراوجۆری دەرامەتی ئاوییە، کە بریتین لە (چەند ڕوبارێك و چەند تاڤگەیەك، (٢) دەریاچە، چەندین کانیاوی سازگار و گەرم و کانزایی)، کە ژمارەیەکی بەرچاوی گەشتیار بۆخۆیان کێشدەکەن، چونکە بەشێکی بەرچاوی ئەم توانستانە هاوشانن لەگەڵ بونی تۆبۆگرافیا و ڕوەکی سروشتی جیاواز و سەرنجڕاکێش، بەڵام ئەو توانستانە بەشێوەیەکی زانستی و پلان بۆدانراو وەگەڕنەخراون لەبواری گەشتوگوزاردا، بەگوێرەی ئەنجام و پێشنیارەکانی ئەم توێژینەوەیە یان هەر توێژینەوە و پلانێکی دیکەی زانستی و فەرمی دەرامەتی ئاوی قەزاکە لە توانایدایە ، قەزای ڕانیە بکات بە ناوچەیەکی گەشتیاری بەناوبانگ.

## دەرئە نجام

دوای ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە دەکرێ دەرئەنجامەکان لەچەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

١- دەرامەتی ئاوی گرنگی و بایەخی زۆری لە ڕووی گەشتوگوزاریەوە هەیە، چونکە سەرچاوە ئاویەکان سەرچاوەی چالاکی جۆراوجۆری گەشتوگوزارین وەك (مەلەکردن، ڕاوەماسی، گەڕان بەناو ئاودا...هتد) وێڕای ئەوەی گەشتیار لە کاتی گەشتدا بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی بڕێکی زیاتر ئاو بەکاردەهێنێت.

٢- سەبارەت بەدابارین لە قەزای ڕانیە باران و تەرزە بەڕەگەزێکی نەخوازراو دادەنرێت، لە ڕووی گەشتوگوزارەوە، بەڵام تەنها بەفر بەڕەگەزێکی خوازراو بۆ چالاکی گەشتوگوزاری زستانەدادەنرێت، وەك (شەڕە بەفر، گەڕان بەناویدا، سەیرکردنی دیمەنی بەفر)،کە ناوچە شاخاویەکانی ناحیەی سەرکەپکان و چیای ماکۆك لە ناحیەی حاجیاوا گونجاون بۆ ئەم جۆرە چالاکیانە، چونکە ساڵانە زیاتر لە (١٢) ڕۆژ بەفریان لێ دەبارێت.

٣- قەزای ڕانیە دەوڵەمەندە بەئاوی سەر زەوی، کە (زێی بچووك و دەربەندی ڕانیەو ڕوباری دێمان و ڕوباری قەشان و هیزۆپ)و دەریاچەی دوکان و سەروچاوە دەگرێتەوە، توانستێکی زۆریان بۆ چالاکیەکانیهەیە وەك (مەلەکردن، خلیسکان لەناو ئاو، گەڕان بەناو ئاودا، سەوڵ لێدان، ڕاوەماسی)، بەڵام خەڵکی ناوچەکە زیاتر ڕوودەکەنە دەربەندی ڕانیەو سەیرانگاکانی ڕوباری دێمان بۆ گەشتوگوزار کەمتر سوود لە دەریاچەی دوکان وەردەگرن بۆ بواری گەشتوگوزار.

٤- قەزای ڕانیە دەوڵەمەندە بە ئاوی ژێرزەوی وەك کانیاوی (سازگار، کانزایی، گەرم)، بەڵام خەڵکی ناوچەکە زیاتر سوودیان لە کانیاوە سازگارەکان بۆ بواری گەشتوگوزاروەرگرتووە، کەمتر سوودیان لەکانیاوە گەرم و کانزایەکان وەرگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ کانیاوە کانزایی و گەرمەکان دوای شیکاری زانستی سوودێکی زۆریان بۆ بواری گەشتوگوزاریلێوەربگیرێت، چارەسەری بە تایبەت کانیاوی (گەناو)، کە کانیاوێکی گەرمەو بۆ بواری گەشتوگوزاری و چارەسەر بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە پلەی گەرمی ئاوەکەی لە (٢٨) پلە زیاترە، هۆکاری سەرەکی سوود وەرنەگرتن لە کانیاوە گەرم و کانزایەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی،کە بەگەڕ نەخراون لە بواری گەشتوگوزاردا.

٥- لە قەزای ڕانیەدا دەرامەتی ئاو سەرنجی گەشتیاری بۆلای خۆی ڕاکێشاوە، بەڵام ئەگەر بەگەڕ بخرێت و خزمەتگوزاریەکانی بۆ دابین بکرێت، ناوچەیەکی گرنگی گەشتیاری لە پارێزگای سلێمانیدادەبێت، چونکە ئاوی قەزای ڕانیە جۆراو جۆرەو چالاکی گەشتوگوزاری جیاوازی لێ دروست دەبێت.

٦- قەزای ڕانیە جگە لە دەرامەتی ئاوی زۆر، چەندین ناوچەی سەرنج ڕاکێشی تێدایە وەك ئەشکەوت و دۆڵ و دیاردەی جیۆمۆرفۆلۆجی ناوازەو بوونی دارستان و ئاژەڵی کێوی، هەموو ئەمانە دەبنە پاڵنەری زیاتری گەشەپێدان و سەرکەوتنی هەر پڕۆژەیەکی گەشتیاری ئاوی و ژینگەیی لە ناوچەکەدا.

## پێشنیار

دوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکان چەند پێشنیارێك دەخەینە ڕوو:

١- لەقەزای رانیە بەتایبەت لە ناوچەشاخاویەکانی ناحیەی سەرکەپکان و چیای ماکۆك سالآنە زیاتر لە(١٢) ڕۆژ بەفر دەبارێت و چەندین شوینی لێیە، کە گونجاون و پێویستە بەگەربخرێن بۆ چالاکی خلیسکان لەسەربەفر.

٢- گرنگی زیاتر بە ئاوی سەرزەوی لە قەزای ڕانیەبدرێت پەرەی پێ بدرێت لە بواری گەشتوگوزاردا، بە تایبەت (دەربەندی ڕانیەو روباری دێمان و دەریاچەی دوکان) لەڕێگەی دروستکردنی کەپرو دابینکردنی خزمەتگوزاری گەشتیاری وەك (ئاوی خواردنەوە،دروستکردنی W.C)، دابینکردنی بەلەم و ماتۆڕ سکیل، و دروستکردنی چەند گوندێکی گەشتیاری لە کەناری دەریاچەی دوکان و دروستکردنی چێشتخانەو گازینۆ، بەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی ناوچەیەکی سەرنجڕاکێشی گەشتیاری.

٣- قەزای ڕانیە توانستێکی گرنگی کانیاوی گەرم و کانزایی هەیە، بەڵام پێویستە شیکاری بۆ جۆری ئاوەکە و جۆری مادە کیمیاویەکانیان بکرێت، دواتر بە گوێرەی ئەوە بۆ کام جۆری نەخۆشی گونجاوندیاری بکرێت، وێڕای ئەوە پێویستە کانیاوە کانزایی و گەرمەکان حەوزیان بۆ دروست بکرێ بۆ خۆشوشتنی نەخۆشەکان وێڕای گرنگی دان بە ڕاگرتنی پاك و خاوێنی دەوروبەری کانیاوە کانزایی و گەرمەکان.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی کوردی**

**أ- پەرتوك**

١- ئەسەسەرد، فەرید و ئومێد نوری و ئەوانی تر، گیروگرفتی ئاو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کتێبی یەکەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٢- تاڵەبانی، ناهیدە جەمال، دەرامەتی سەرچاوە ئاویەکان، چاپخانەی شەهاب، ٢٠٠٧.

٣- شەریف، ئازاد جلال، سەرچاوەو دەرامەتی ئاو،بەشێك لە کتێبی جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراق، کتێبی سەنتەری برایەتی-٣-، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٩.

٤- غەفور، عەبدوڵڵا، جوگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥- نەجمەدین، هودا سەباح، هەڵسەنگاندنی بنەما جوگرافیەکانی‌گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای شەقڵاوە، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٣.

**ب- تێزە زانستیەکان**

١- احمد، پشتیوان شفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لەقەزای ڕانیە(١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەکۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩.

٢- رەشید، شێروان عومەر، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشەپێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

٣- سەعید، کامەران تاهر، قەزای کۆیە(لێکۆڵینەوەیەك لە جوگرافیای هەرێمی)، نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧.

٤- عومەر، لوقمان وسو، توانستە جوگرافیە گەشت و گوزاریەکانی قەزای کۆیە، نامەی ماستەر، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٦.

٥- قادر، محمد علی، نواندنی کارتۆگرافیی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی (GIS) و (RS)، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٤.

**ج- گۆڤارەکان**

١- علی، دڵنیا محمد، بەنداوەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە١٨، ٢٠٠١.

٢- قادر، زانا عبدالرحمن و ئەوانی تر، کاریگەری دەرامەتە ئاوییەکان لەسەر گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری خامە، وەرزە گۆڤارێکی ئەکادیمی زانستی قوتابیانەیە، هەولێر، ٢٠١٠.

٣- نەقشبەندی، ئازاد، بایەخی گەشت و گوزاری دەرامەتی ئاوی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە ١٣، هەولێر، ١٩٩٩.

**د- ئەتلەس**

١- حمدأمین، هاشم یاسین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق، عێراق و جیهان، لە بڵاوکراوەکانی کۆمپانیای تێنوس بۆ چاپەمەنی و کاری هونەری، هەولێر، ٢٠٠٩

هـ- دامودەزگای حکومی، وێستگەی کەشناسی توێژینەوەی گردجان، ٢٠١٥/١٢/٣٠.

**دووەم: سەرچاوە عەرەبیەکان**

**أ- پەرتوك**

١- اوسوخيرى على،التخطيط السياحى اداة لتحقيق التنمية السياحية فى اقليم كوردستان العراق، بدون سنة و مكان طبع.

٢- باقر، طه، مقدمة فى التاريخ الحضارات القديمة، ج١، من منشورات دار البيان، بدون مكان وسنة طبع.

٣- محمد علاء الدين، عطا،قضاء هەلەبجه (دراسة فى الجغرافية الاقليمية)، مركز دراسات الكردية (كوردولوجى)، مطبعة تيشك، السلمانية، ٢٠٠٨.

٤- كافى، مصطفى يونس،صناعة السياحة والامن السياحى، دار مؤسسة ارسلان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٩.

**ب- تێزەکان**

١- محمدأمين، هاشم ياسين، أطلس الموارد الطبعية لمحافظة اربيل وادارة الارض فيها للأغراض الزراعية، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٠.

٢- خورشيد، فواد حمة، قضاء بشدر(دراسة فى الجغرافية البشرية)، رسالة ماجستير، كلية اداب، جامعة بغداد، ١٩٧٣.

**ج- توێژینەوەکان**

١- النقشبندى، أزاد محمدأمين، التنمية السياحية وأثرها على صيانة البيئة الطبيعية، بحث منشور فى المؤتمر العربى الثالث للإدارة البيئة الأتجاهات الحديثة فى ادارة المخلفات الملوثة للبيئة، شرم شيَخ، مصر، ٢٠٠٤.

**سێیەم: سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی**

(1)Atlas of-Erbil-dahok-soulaymanyahjhic-part, 2002.

(2)Kurdistan region-Iraq, joint humanitarian information centre Erbil, april 2004, base mape for Erbil, sulaymaniyah, and duhok governorate.

# الملخص

## دور الموارد المائية في تطوير السياحة المائية في قضاء رانيه

اصبحت السياحة فى وقتنا الحاضر من أهم مجالات حياة الإنسان، ولكن وجود الاختلاف فى رغبات الناس من ناحية، والتفاوت من وجود المقوّمات السياحية من ناحية أخرى، أدت إلى ظهور أنواع النشاطات السياحية.

الموارد المائية تُعدّ من أهم المقوّمات لظهور النشاطات السياحية" لأن الموارد المائية لها علاقة مباشرة وغير مباشرة بأنواع النشاطات السياحية المختلفة، وفي كثير من البلدان تعدّ الموارد المائية مصدر رئيسي لظهور أنواع النشاطات السياحية، لذا أصبحت السياحة المائية أكثر انتشارا و شيوعا بين السائحين.

والهدف من الدراسة الكشف عن دور الموارد المائية فى ظهور السياحة المائية، في قضاء رانيه، وإمكانية تطوير المنطقة فى مجال السياحة، لأن منطقة الدراسة غنية جدّا بأنواع الموارد المائية ولكن غير مستغلة علميًّا.

# Abstract

## The role of water resources In the development of water tourism in the district of Rania

Nowadays, tourism is an essential part of humans' lives. Different desires of people and various potentials are reasons for emergence of various types of tourism. Water resource is one of the critical elements of tourism as it is the source for emergence of many tourism activities. Many of tourism activities are directly or indirectly influenced by water resources. Thus, water related tourism attract many tourists and it is the most widely type of tourism among people.

The aim of this research is to highlight the role of water resources in emergence of tourism activities in Ranya district and the possibilities of developing it. The area is rich in water resources, but they are not utilized for tourism purposes.

# ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستاندا

د. ساکار محمد حسن گەردی
زانکۆی ڕاپەرین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

د. فاطمة قادر مصطفی
زانکۆی ڕاپەرین
فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی جوگرافیا

## پێشەکی

شار بریتیە لە کۆبونەوەو جێگیربوونی مرۆڤ ودروستکردنی پێکهاتەیەکی پیشەیی دوور لە پیشەی کشتوکاڵی، ژیانی دانیشتوانی شار لە ڕووی کۆمەلایەتی نزیکن لەیەکتر، لەبەر ئەوەی شارنشینی دیاردەیەکی شارستانی و کۆمەلایەتی وجیاوازە لە دیاردە سروشتیەکان لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لەسەری وەك دیاردەیەکی جوگرافی شارستانی پێویستە، چونکە جێگەی نیشتەجێبوونی مرۆڤە واتا بریتیە لەناوەندی ئاڵوگۆڕو بازرگانی و کۆمەڵگایەکی تێدا دەژی کەقەبارەو چڕیەکی دیاریکراوی هەیە[1]. بێگومان گەشەی دانیشتوانی شار بەستراوەتەوە بە کۆمەڵێك هۆکار یەکێك لەوانە هۆکاری سیاسییە بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان. دیاردەی گەشەی شارنشینی ودەرکەوتنی شاری گەورە پەیوەندی بە گۆڕانی لایەنی دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە هەیە. هەرێمی کوردستان گۆڕانکاریەکی گەورەی بەخۆوە بینی لەم بوارەدا، گرنگترین ئەو گۆڕانانەش بریتیە لە جوڵەی گواستنەوە بەرەو شارەکان کە بوەتە هۆی پێشکەوتنی ئەم ناوەندانە وبەرزبوونەوەی تێکڕای گەشەی دانیشتوانیان[2]. هۆکاری ئەم چڕبوونەوەیەی دانیشتوانیش لە شارەکاندا لەئەنجامی چەند فاکتەرێکی دیاریکراوی وەك نەبوونی ئاشتی و ئاسایش و هێمنی و کۆچ وڕەوپێکردنی بەردەوامی نێوچە چیایەکان و سیاسەتی بەعەرەبکردن، ئەمانە هەموو پێکەوە کارێکی زۆر گەورەیان کردۆتە سەر ڕێژەی زۆربوون یان کەمبوونی دانیشتوان و دابەشبوونی جوگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی و شوێنی ژیان و بارودۆخی کۆمەلایەتی خەڵك لە شار و گوندەکانی هەرێمی کوردستان[3].

---

[1] محسن عبدالصاحب المظفر و عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن مبادئ وأسس ومنهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان– الأردن، ٢٠١٠، ص١٣.

[2] خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، ط٣، مطبعة زانكو، أربيل، ١٩٩٩، ص١١٦.

[3] عەبدوڵا غەفور، ئەتنۆ– دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، چ٢، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٥.

**گرنگی لێكۆڵینەوەكە:**

شارنشینی دیاردەیەكە بەهۆی زۆربوونی دانیشتوانی شارەوە دێتەدی، زانین ودرك كردن بە هۆكاری دروستبوونی ئەو دیاردەیە دەبێتە هەوێنی چارەسەری ئەو كێشەیە، لێرەدا ئاماژە دەكەین بەرۆڵی یەكێك لە دیارترین هۆكارە بەرپرسەكان لەزیادبوونی ئەم دیاردەیە كەئەویش هۆكاری سیاسیە بەتایبەتی لەساڵانی حەفتایەكان وهەشتایەكان لەهەرێمدا هاوشان لەگەڵ ئەوەشدا پاڵنەری ئەو هۆكارە پێویستی بەخستنەڕوو هەیە.

**ئامانجی لێكۆڵینەوەكە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە خستنە ڕووی ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستانە، بەئامانجی دانانی بەربەستێك لەبەردەم زیادبوونی بەردەوامی ئەو دیاردەیە ودانانی پلان ونەخشەی پێویست بۆ چارەسەركردنی ئەو ناهاوسەنگیەی كەلەنێوان شارنشینی وگوندنشینیدا دروست بووە و بەردەوامە، بۆ بەرجەستە بوونی داهاتوێكی لەباری سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی لە ناوچەكەدا.

**سنووری ناوچەی لێكۆڵینەوە:**

لەپێناو خستنەڕووی واقیعی ناوچەی لێكۆڵینەوە هەوڵماندراوە پارێزگاكانی هەولێر و سلێمانی، وكەركوك، و دهۆك. تاوتوێ بكەین، هەروەك ماوەی لێكۆڵینەوە بریتیە لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٠٩).

**میتۆدی لێكۆڵینەوەكە:**

لەم لێكۆڵینەوەیە میتۆدی (شیكاری و بەراووردكاری) بەكار هاتووە، لەپێناو دەرخستنی هۆكاری ئەم دیاردەیە گەیشتن بەدەرەنجام وئاكامەكانی ئەم زیادبوونە ناسروشتیە لەسەر حیسابی گوندنشیندا.

**پلانی لێكۆڵینەوەكە:**

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە سێ بەش پێك هاتووە، بەشی یەكەمی بریتییە لە ڕواڵەتی شارنشینی، كە لە دوو باس پێك هاتووە باسی یەكەمی تایبەتە بە چەمك و زاراوەكان، باسی دووەمیشی بریتییە لە ڕەهەندی مێژوویی دیاردەی شارنشینی. بەشی دووەمیشی تەرخانكراوە بۆ پێشكەوتنی دیمۆگرافی دانیشتوانی شارنشینی لە هەرێمی كوردستاندا. ئەم بەشە دابەش كراوە بۆ دوو باس یەكەمیان باس لە گەشەی شارنشینی دانیشتوان لە هەرێمی كوردستان دەكات، بەڵام لەباسی دووەم هەوڵدراوە كاریگەری فاكتەرەكان لەسەر گەشەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان ڕوونبكرێتەوە. بەشی سێیەم، تایبەتە بەخستنەڕووی كاریگەری گۆڕانكاری سیاسی لەسەر دیاردەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستاندا، هەروەك كاریگەری خودی دیاردەكە لەسەر بارودۆخی سیاسیی بەتایبەت، و ئابوری و كۆمەڵایەتی بەگشتی خراوەتە ڕوو.

**گرفتەكانی لێكۆڵینەوەكە:**

لەكاتی نوسینی ئەم لێكۆڵینەوەیە هەندێ گرفت هاتوونەتە پێش ئەم توێژینەوەیە وەك:

١- ئەنجامەكانی سەرژمێرییە گشتیەكانی دانیشتوان كە كەرەستەی سەرەكین لەم جۆرە لێكۆڵینەوانە كەم و كورتی زۆریان تێدایە، بۆیە بێگومان لە كەم و كورتی دوور نابێ.

٢- ئەو ئامارانەی كە كراون لە عێراق و هەرێمی كوردستان زۆر لە گوندەكان سەرژمێری نەكراون، بۆیە لێكۆڵینەوە لەم جۆرە بابەتانە توشی گرفتت دەكات.

## بەشی یەکەم
## ڕواڵەتەکانی شارنشینی

### باسی یەکەم: چەمك و زاراوەکان:

(شارنشینی) لە بنەڕەتدا لە وشەی شار (حضر)، Urban وەرگیراوە ئەم زاراوەیەش هەریەك لە گوند وشار دەگرێتەوە، چونکە خەڵکی گوندیش هەروەك خەڵکی شارەکان نیشتەجێن، بگرە دانیشتوانی گوند لە خەڵکی شار زیاتر پابەندی خاکن، چونکە کۆڵەگەی سەرەکی ژیانیانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا وشەی شار (حضر)، تەنیا بۆ شارەکان بەکاردێ[1]. توێژەرەکان لەبارەی چەمکی (شارنشینی) یەوە هاوڕانین، وەك شارەزایانی دیمۆگرافی وئابووری و کۆمەڵایەتی. زانایانی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە پێناسەی دەکەن، بریتییە لە کرداری گواستنەوەی ژیانی لادێ بۆ شار ئەو گواستنەوەیەش بەهۆی کۆچکردنەوە دەبێت بەتاك یان بەکۆمەڵ[2].

لەپێناسەی تردا شارنشینی واناسراوە کە بریتییە لە واتای کرداریی داینامیکی، واتە پێك دێت لەزنجیرەیەك گۆڕانکاری پیشەیی و پەیوەست و کارلێکی تاك لەگەڵ ڕەگەزی ژینگە بە بەکارهێنانی ئامرازو شێوازی شارستانی وەکرداری گواستنەوەی کۆمەڵایەتی لە باری لادێوە بۆ باری شارستانی، واتە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتییە[3]. کەواتە شارنشینی بریتیە لەفشاری زۆری دانیشتوان لەسەر شارەکان، و گەورەبوونی ئەو شارانە لەئەنجامی فراوانبوونی پشتێنەی کۆچکردن و زیادبوونی سروشتی دانیشتوان[4].

پێناسەی تر هەیە دەڵێت شارنشینی کرداری گۆڕان و بەیەکبەستنی ژیانی گوند وشارە کە ئەمەش کاردانەوەیە لەسەر گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری[5]. یان بریتییە لە پرۆسەی وەرچەرخان بەرەو شارو گواستنەوە بۆ شارو بادانەوە لە پیشەیی کشتوکاڵ بۆ پیشەیی تر...لەوانەشە ئەو ناوە بەشێوازو پێوەرە تایبەتمەندەکانی دانیشتوانی ناوچە شارستانەکان بگوترێ[6]. نەتەوە یەکگرتوەکانیش پێناسەیەکی بۆ شارنشینی پەسند کردووە کە بریتییە لە ڕێژەی ئەو دانیشتوانەی لە ناوەندە شارستانەکاندا دەژین[7]. لە هەرێمی کوردستان بەو ئاوەدانیانە دەگوترێ شار، کە سەنتەری یەکەی ئیدارین وەك (پارێزگا، قەزا، ناحیە) بێ ئەوەی ژمارەی دانیشتوان و جۆری چالاکی ئابووری دانیشتوانەکەی تێدا ڕەچاو بکرێ[8].

---

[1] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شارو کەنارەکانی شار لێکۆڵینەوەیەك لە چەمك و زاراوەکان، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە (٤)، ساڵی یەکەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١٨.

[2] مالك الدليمي و محمد العبيدي، التخطيط الحضري والمشكلات الانسانية، جامعة بغداد، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٢٥.

[3] المصدر نفسه، ص٢٢٦.

[4] مكي محمد و رياض ابراهيم، جغرافية السكان، مطبعة جامعة بغداد، بغداد، ١٩٨٤، ص٨٥.

[5] خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق دراسات في تكوين قومي للسكان، مرجع سبق ذكره، ص١١٧.

[6] صبري فارس الهيتي وصالح فليح حسن، خغرافية المدن، جامعة بغداد، ١٩٨٦، ص٢٨.

[7] خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق دراسات في تكوين قومي للسكان، مرجع سبق ذكره، ص١١٧.

[8] عەبدوڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٢٣٠.

لەسۆنگەی ئەوانەی باس کران دەکرێ بڵێین شارنشینی نیشتەجێبوونی دانیشتوانە لەناوەندێکی ئیداری وناوەندێکی شارستانی کە بەرێوەبەرایەتی شارەوانی تێدا بێت. هەروەك خەڵك لەوناوەندانە کەمتر بەپیشەی کشتوکاڵیەوە خەریکن. لەهەمان کاتدا ڕواڵەت وسیمای شار سەردەمیانەتر و ئاڵۆزترە لە ناوچە گوندییەکان، ئەمە سەرەڕای کەمتر وابەستە بونیان بەداب ونەریتی کۆمەڵایەتیەوە.

مەبەست لە هەرێمی کوردستان بەشی خوارووی کوردستانی گەورەیە کە بەعێراقەوە لکێنراوە، سنوورەکەی لە وبەشی باکوور و باکووری ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژئاوای هاوسنوورە لەگەڵ سنووری نێودەوڵەتی نێوان عێراق و دراوسێکانی (ئێران، تورکیا، سوریا). سنووری بەشی باشوور وباشووری ڕۆژئاوای، بەپێی زۆربەی بۆچوونەکان لە باشووری شارۆچکەی بەدرە دەست پێدەکات، بەرەو سنووری قەزای مەندەلی دەکشێ تا دەگاتە دەریاچەی حەمرین لەوێشەوە بەدرێژایی زنجیرە بەرزاییەکانی حەمرین درێژدەبێتەوە تا دەگاتە دەربەندی فەتحە، پاشان بەدرێژایی ڕێڕەوی ڕووباری دیجلە هەڵدەکشێ تا دەگاتە شاری موسڵ، ئینجا بەرەو باکووری ڕۆژئاوا دەڕوا و ناحیەی ئاوانە دەگرێتەخۆ دواتر ڕوو لەباشوور دەکات، بەڵام سنووری کارگێری قەزای تەلەعفەر ناگرێتەوە، و بەئاراستەی ڕۆژئاوا دەڕوات تا دەگاتە سنووری نێودەوڵەتی لەگەڵ سوریا). و زیاتر لە نیوەی دانیشتوانەکەی لە پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆك وهەلەبجە دابەشبوونە، ئەوانی دیکە لەبەشەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوك و نەینەواو دیالە و بەغدا و کوت دەژین.

لێرەدا جێگای خۆیەتی کە جیاوازی بکەین لە نێوان هەردوو چەمکی گەشەی شارستانی وشارنشینی، چونکە دەشێ قەوارەی دانیشتوان بگۆڕێ بێ ئەوەی کار لە پێکهاتەی لادێ و شارستانی دانیشتوانەکەی بکات، ئەمەش بەو مانایەیە کە ڕێژەی زیادبوونی دانیشتوانی ناوەندە شارستانیەکان هاوشانی زیادبوونی دانیشتوانی لادێ بووە، لەم بارەدا ئاستی شارنشینی بەجێگیری دەمێنێتەوە. بەڵام ئەگەر دانیشتوانی شار بە ڕێژەیەکی زیاتر لەچاو دانیشتوانی لادێ زیادیکرد، ئەوە دەبێتە مایەی بەرزبوونەوەی ئاستی شارنشینی، شارنشینیش بەم ڕێگایانە دێتەدی:

١- زیادبوونی سروشتی کە بریتییە لە جیاوازی نێوان منداڵ بوون و مردن.

٢- بزووتنەوەی کۆچ بەرەو شارەکان.

٣- دەست بەسەرداگرتنی شارستانی کە بریتییە لە لکاندنی گوند وکۆمەڵگاکانی نیشتەجێبوونی دەوروبەر بە شارەوە[١].

هەروەها (کوستیلو Costello) لە نوسینی شارنشینی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەخت لەسەر دوو تەوەر دەکاتەوە وەك:

- تەوەری دیمۆگرافی لە شوێنی بڵاوبونەوەی دانیشتوان.
- تەوەری کرداری کۆمەڵایەتی.

(لامپارت Lampart) پێی وای کە سێ چەمك بۆ شارنشینی هەن ئەوانیش: چەمکی ڕەفتار وئابووری ودیمۆگرافین.

[١] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شارو کەنارەکانی شار لێکۆڵینەوەیەك لەچەمك و زاراوەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠.

چەمکی ڕەفتار واتـا لێکدانـەوەی شارنشـینی کۆمەڵایەتیـە، بریتییـە لـەو پرۆسـەیەی کـە کۆچـبەر لێیـەوە ڕۆڵـی شێوازی ژیان و ڕواڵەتەکانی تری شارستـانی وەدەسـت دێنـێ. پرۆسـەی شارنشـینی ئـەو کەسـانەش دەگرێتـەوە کـە لەشارەکاندا دەژین کە لە بنەڕتدا دانیشتوی دەرەوەی شارن، بەڵام کەوتونەتە ژێـر کاریگـەری ژیـانی شارسـتانیەوە. لێکدانەوەی دووەمیش کە ئابووریە پەیوەستە بە وەرچەرخانی خەڵك لە گروپی کشتوکاڵیەوە بۆ گروپی ناکشتوکاڵی، گەوهەری ئەم چەمکەش پەیوەستە بەپەیوەندی ڕاستەوخۆی نێـوان پـەرەپێـدانی ئـابووری و شارنشـینیەوە. هەرچـی لێکدانەوە سێیەمیشە کە دیمۆگرافیە پێی وایە کە پرۆسەی شارنشینی بریتییە لە چڕی دانیشتوان[1].

لەبەر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، بۆمان دەردەکەوێت کە چەند جۆرێك لە شارنشینی هەیە گرنگترینیان ئەمانەن:

١- شارنشینی بنکەیی: بریتیە لە گەشەی شارنشینی بەشێوەی پلە بە پلەیی، ئەمەش زادەی ئەو گۆڕانکاریەیـە کە لەشـارەکان دروسـت دەبێـت، پەرەپێـدانی کەرتـە ئابووریـەکان دەبێتـە مایـەی فراوانبـوونی چـالاکی لـە ناوەنـدە شارستانیەکەدا، ئەمەش یارمەتی وەرگرتن و لە ئامێزگرتنی هێزی کاری زیاتر دەکات.

٢- شارنشینی سەرەتایی: لـەو وڵاتانـەدا هەیـە کـە خەسـڵەتە شارسـتانیەتەکان بـە کـەمی چـونەتە ناویانـەوە، وناتوانن خەڵکی تازە هاتوو بگرنەخۆ.

٣- شارنشینی نەشاز: ئەو جـۆرە بەشـێوەی کتـوپڕ ڕوودەدات، ئەمـەش دەرەنجـامی ئـەو گۆڕانکاریـە ئابووریـە وسیاسیانەن کە خێراو کتوپڕانەیە کە دووچاری شاردێن.

٤- شارنشینی ساختە: بریتییـە لـە مانـەوەی خەسـڵەتە لادێیـەکان لـەناو ئـەو کۆمەڵانـەی کـە هـاتون بـۆ شـار، ئەگەرچی لەناو سنوری ناوەندە شارستانیەکەدان[2].

لـە پوختـەی باسـەکەدا دەتـوانین بڵـێین گەشـەی خێرایـی دانیشـتوانی شـار بەتـەنیا تاکـە پێـوەری دیـاردەی شارنشینی نەبووە، بەڵکو پێوەرە ڕاستەقینەکان بەندن بەو گۆڕانکاریانـەی کـە بەسـەر چـەمك وبـەها شارسـتانیەکان وشێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایـەتی وئاسـتی فێربـوون وتەندروسـتی وکـەلتوردا هـاتوون، کـە ئەمـەش هاوشـانی گەشـەی دیمۆگرافین لە شارەکاندا.

---

[1] عبدالباقي عبدالجبار الحيدري، الاثار الاجتماعية والديموغرافية للنمو الحضري في العراق محافظة أربيل نموذجا، اطروحـة دكتـوراه، كليـة العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة تونس، تونس، ٢٠٠٢، ص٤١-٤٢، (غير منشورة).

[2] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شارو کەنارەکانی شار لێکۆڵینەوەیەك لەچەمك و زاراوەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

**باسی دووەم: ڕەهەندی مێژوویی دیاردەی شارنشینی:**

ئـارەزووی مـرۆڤ وەـیلی خۆرسـکی دانیشـتوان پاڵنـەری بـەهێزی مانـەوەی ڕەگـەزی مرۆڤایـەتین، مـرۆڤیش بەشێوەیەکی سروشتی ژمارەی هەمیشـە لـە زۆر بووندایـە، کـەم جـاریش هەیـە پێچـەوانەکەی ڕوویـدات ولەئـەنجامی زیـادبوونی ژمـارەی مـردووان یـان بـەهۆی کۆچـەوە قـەوارەی دانیشـتوان کەمبووبێتـەوە، ئەمـەش کارێکـە تـەنها لـە بارودۆخێکی تایبەتدا ڕوودەدات وەکو: (جەنگ، نەخۆشی وپەتا، برسیەتی)[1]. بۆیە دەرکەوتنی هەندێ شاری گـەورە لە مێژوودا کە جێگەی نیشتەجێی مرۆڤ بووە هەتا ئێستا بوونەتە ڕێژەیەکی گەورەی دانیشتوان، لە کۆمەڵگای مرۆیـی سێ گۆڕانکاری ڕوویدا لە شێوەی نشینگەی وەك:-

١- قۆناغی گوێزراوە لە ڕاوکردنەوە بۆ کشتوکاڵکردن لە چاخی بەردینی نوێ.

٢- دەرکەوتنی شاری کۆن لەدۆڵی نێوان هەردوو ڕووبار و دۆڵی نیل و دۆڵی سەند.

٣-دەرکەوتنی شاری پیشەسازی لە کۆتایی چاخی حەڤدەم.

کرداری گۆڕانکاری یارمەتیدەر بوو بۆ گۆڕینی ژیانی مـرۆڤ و جێگیربـوونی و دوایـی دەرکـەوتنی شـاری گـەورە، و دوای پاڵنەرێك بوو بۆ هاتنە کایەی پیشەسازی و بازرگانی و پەیدابوونی سەنتەری دینی وسیاسی وخۆشگوزەرانی کە لەسەرەتادا شارەکان بچووك بوون بەڵام دوای وردە وردە ژمارەی دانیشتوانیان زۆر بوو[2].

دەتوانین ئەوە بڵێین کە چـەرخی ئێسـتا بـە گەشـەی شارسـتانی ناسـراوە بریتییـە لـە ئـارەزووی دانیشـتوان بـۆ نیشتەجێبوون لە شارەکان لەلایەك و فراوانبوونی زەمینی لەلایەکی ترەوە، ئیدی شورەو کەنـدو بەرزاییـەکان نـاتوانن ببنە لەمپەر لەبەردەم فراوانبوونی شارەکان و تەشەنەکردنیان[3].

هەردوو دیاردەی شارنشینی وگەشەی شارنشینی بوونەتە سیمای ئەم سەدەیە و لە وڵاتانی تازە پێگەیشتووشـدا باشتر دەردەکەون، چونکە ئاراستەکانی گەشەی شارسـتانی ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکـەن کـە جیهـان بـە هـەنگاوی ڕێـك وبـەردەوام ڕوو لـە نیشـتەجێبوون لـە شـارەکان دەکـات، ئـەویش لـەڕێی کۆچـی بـە لێشـاوی مـرۆڤ بـەرەو ناوەنـدە شارستانەکان کە بەبێ نەخشە بەرێوە دەچێ، کەچەندین گیروگرفتی بۆ ئەو ناوەندانـە دروسـت کـردووە و بـە خراپـە بەسەر ئاستی گوزەران لەو شوێنانەدا ڕەنگی داوەتەوە[4]. هەروەك لـە هـەرێمی کوردسـتانیش ئـەم دیمەنـە بـەڕوونی وزەقی بەرچاودەکەوێت، هەربۆیە پەیوەندی نێوان گەشـەی شـارەکان لەگـەڵ ئاسـتی خزمـەتگوزاری لـەو شـوێنانەدا ناگونجێ چونکە گرتنەخۆی دانیشتوان پێویستی بە خزمـەتگوزاری زۆر هەیـە ئـەوەش بـە دانـانی پـلان و ڕێکخسـتنی کۆمەڵگا دێت کە لە شارەکانی هەرێمی کوردستان دەستەبەر ناکرێت، لەبەر ئەوەی گرتنە خـۆی دانیشـتوان بـە چـری بەرز پێویستی بە دابینکردنی ئاسایش و هێمنی وپێداویستی ژیان هەیە لـە ناوچـەکەدا. هۆکـاری گەشـەی شارنشـینی هەرێمی کوردستان بەچەند فاکتەرێك بەندە کە لە بەشی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین.

---

[1] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێـژی ئـەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٦، (بڵاونەکراوەتەوە).

[2] يونس حمادي علي، مبادىء علم الديموغرافية، جامعة بغداد، بغداد، دون سنة الطبع، ص٢٤٢.

[3] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، شارو کەنارەکانی شار لێکۆڵینەوەیەك لەچەمك و زاراوەکان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

[4] سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

## بەشی دووەم
## پێشکەوتنی دیمۆگرافیای دانیشتوانی شارنشینی لەهەرێمی کوردستان

گەشەکردنی خێرایی دانیشتوانی ناوەندە شارستانەکان بە تەنها هێمای دیاردەی شارنشینی نیە، بەڵکو هێما سەرەکییەکان لەو گۆڕانکارییەدا سەرچاوە دەگرن کە هاوشانی گەشەی دیموگرافیە کە بەسەر بەها شارستانیەکان و شێوازی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و ئاستی فێربوون و تەندروستی ورووناکبیری و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکاندا هاتوون. هەروەکو بۆمان دەردەکەوێت کە شارنشینی بریتییە لە کرداری گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەڕێگای گواستنەوەی دانیشتوان ونیشتەجێ کردنیان[١]، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسە دوو خاڵی گرنگ دەکەینەوە وەك:-

١- گەشەی شارنشینی و پەیوەندی بە هۆکاری تر.

٢- پێشکەوتن و گەشەی شارنشینی.

**باسی یەکەم: گەشەی شارنشینی دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان:**

مەڵبەندەکانی شارنشینی بەیەکەی گەورەی کۆبونەوەی دانیشتوان دادەنرێن لە چوارچێوەی ڕووبەرێکی دیاریکراو، ڕەگەزی دانیشتوان گرنگیەکی گەورەی هەیە لەناو ئەو شارانەدا[٢]. گەشەی شارنشینی بە خێراییەکی هەست پێکراو زیادی کردووە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا، بەڵام شارنشین (التحضر) دیاردەیەکی نوێ نیە بەڵکو سەردەمانێکە مرۆڤ توانیویەتی لەشاردا بژی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەها ساڵ[٣]. لە هەرێمی کوردستانیش ئەو ماوە مێژووییەی دەست پێدەکات لە ساڵی (١٩٥٧)، لەسۆنگەی ئەو بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەریوە چەندین گۆرانکاری لەدیمۆگرافیای ناوچەکە ڕویداوە، بووەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لە دابەشبوونی جوگرافی دانیشتوان، وکاریگەری هەبووە لەسەر ژمارە وگەشەی شارەکان لە ڕوانگەی گەشە وخێرایی دانیشتوان. وەك دەردەکەوێت کە ڕێژەی زیادەی ساڵانە بەئەندازەی جیاواز تۆمارکراوە لە ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)[٤]، ئاراستەی جیاواز لە گەشەکردنی دانیشتوانی شارو شێوازی شوێنیی ودیاریکردنی تایبەتمەندی هۆکارەکان، بریتیە لە بارێکی مێژوویی و جوگرافی لەو ماوەیەی کە هەرێمی کوردستان پێیدا تێپەریوە، بۆیە گەشەی شارنشینی لە ناوچەی ناوبراو بەرەنگاری خێرایی زیادبوونی دانیشتوان بوونەتەوە، لە ڕوانگەی ئەوەوە گەشەی دانیشتوانی شارنشینی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان زیادیکرد لەچاو دانیشتوانی گوندەکان.

ژمارەی دانیشتوان لە ساڵی (٢٠٠٩) گەیشتۆتە (٥,٧) ملیۆن کەس واتە چەند جار لەژمارەی ساڵی (١٩٥٧) زیاتر بووە. پێشکەوتنی شارەکان لەڕووی خزمەتگوزارییەوە کاریگەری هەبوو لەسەر خێرایی گەشەکردن و پەرەسەندنی

---

(١) خليل اسماعيل محمد، اتجاهات النمو الحضرى في محافظات منطقة الحكم الذاتي، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، عدد (١٤)، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤، ص٨٥.

(٢) صلاح حميد الجنابي، جغرافية الحضر أسس وتطبيقات، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨، ص٢٨١.

(٣) عبدالرزاق عباس حسين، جغرافية المدن، مطبعة اسعد، بغداد، ١٩٧٧، ص٥.

(٤) خليل اسماعيل محمد، القضية الكردية في العراق وجود أم حدود، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٦، ص١٣٠.

دانیشتوان، ساڵانی حەفتاكان بە گەشەكردنی خێرای قەبارەی دانیشتوان دادەنرێ كە تێكرای ڕێژەی ساڵانە زیاتر بووە لە (٤,٦٪) وەك لە خشتەی ژمارە (١) وشێوەی ژمارە (١) دیارە.

پارێزگای دهۆك پلەی یەكەمی داگیركردوە لە ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان كە دەگاتە (٤,٧٪) لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)، ئەم ڕێژەیە نزمبۆتەوە بۆ (٣,٤٦٪) لە پارێزگای سلێمانی، و لە (٣,٣٪) لە هەریەك لەپارێزگاكانی كەركوك وهەولێر.

**خشتەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی سەدی گۆڕانی ساڵانەی دانیشتوان**

**لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩)**

| پارێزگاكان | ١٩٥٧-١٩٦٥ | ١٩٦٥-١٩٧٧ | ١٩٧٧-١٩٨٧ | ١٩٨٧-١٩٩٧ | ١٩٩٧-٢٠٠٩ | ١٩٥٧-٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | - | ٦,٠٢ | ١,٥٧ | ٣,١٨ | ٨,١٦ | ٤,٧٣ |
| هەولێر | ٤ | ٣,٦ | ٣,٥٣ | ٣,٥٢ | ٢,٧٩ | ٣,٣٦ |
| كەركوك | ٢,١ | ٤,٣ | ١,٩٤ | ٢,٢٥ | ٤,٧١ | ٣,٣ |
| سلێمانی | ٤,٢ | ٤,٨ | ٣,٢١ | ٣,٥٩ | ٢,٢٥ | ٣,٤٦ |
| تێكرا | ٣,٤٣ | ٤,٦٨ | ٢,٥٦ | ٣,١٤ | ٤,٤٨ | ٣,٧١ |

سەرچاوە: ڕێژەكان دەرهێنراون بە پشت بەستن بە:

وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظات أربيل، سليمانية، تأميم، دهوك، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٣، جدول رقم (١)، ص٤-٩؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظات أربيل، سليمانية، تأميم، دهوك، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨، جدول رقم (٢٢)، ص٦٠-٦٥؛ خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص١١٩؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزي للإحصاء، دائرة تكنولوجيا المعلومات، مركز نظم المعلومات الجغرافية، الأطلس الإحصائي لتعداد المباني والمنشآت والآسر في العراق ٢٠٠٩، ص٤٨؛ وزارة التخطيط والتعاون الإنمائي، الجهاز المركزي للإحصاء وتكنولوجيا المعلومات، المجموعة الإحصائية السنوية، تقدير عدد سكان محافظات إقليم كردستان لعام ١٩٩٧ اعتماداً على نتائج تعداد ١٩٨٧؛ جمهورية العراق، الجهاز المركزي للاحصاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك. http://www.cosit.gov.iq.



تێکڕای ڕێژەی گەشەی شارنشینی لەماوەی (١٩٥٧–٢٠٠٩) لە پارێزگای هەولێر بەرزە کە دەگاتە (٥,٦٪) ساڵانە، لە پارێزگای سلێمانی (٥,٣٤٪) ی تۆمارکردووە، ولە پارێزگای دهۆك دەگاتە (٥,١٢٪) و لە پارێزگای کەرکوکیش (٣,٧٨٪) دەبێت، بەم شێوەیە ڕێژەی پەرەسەندنی دانیشتوان لە مەڵبەندی شارنشینی بەبەراورد بە گوندەکان زیاتر روون دەبێتەوە، بەشێوەیەك کە سەرجەمی ڕێژەی ساڵانە لە ماوەی دیاریکراو گەیشتە (١٩,٨٤٪) لە مەڵبەندی شارنشینی، بەڵام ئەم ڕێژەیە گەیشتە (٢,٣٧٪) لە ناوچە گوندەکان. وەك لە خشتەی ژمارە (٢) وشێوەی ژمارە (٢)دا بەرچاودەکەوێت.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ڕێژەی گۆڕانی ساڵانەی دانیشتوانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پێی ژینگە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) ٪**

| | ١٩٥٧-١٩٦٥ | | ١٩٦٥-١٩٧٧ | | ١٩٧٧-١٩٨٧ | | ١٩٨٧-١٩٩٧ | | ١٩٩٧-٢٠٠٩ | | ١٩٥٧-٢٠٠٩ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پارێزگاکان | شار | گوند | شار | گوند | شار | گوند | شار | گوند | شار | گوند | شار | گوند |
| هەولێر | ١٠,٥ | ١,٦ | ٦,٥ | ٠,٩ | ٥,٢ | ٤,٥- | ٣,٢ | ٢ | ٢,٦ | ١,٣ | ٥,٦ | ٠,٢٦ |
| سلێمانی | ٨,١ | ٢,٩ | ٧,٢ | ١,٥ | ٤,٢ | ٦- | ٤,٨ | ٢ | ٢,٤ | ٠,٥- | ٥,٣٤ | ٠,٠٢- |
| دهۆك | ٨ | ٤,٣- | ٦,٣ | ٢,٨ | ٣,٤ | ٤,٤- | ٢,٧ | ٢,٩ | ٥,٢ | ٥,٣ | ٥,١٢ | ٠,٣٣ |
| کەرکوك | ٨,٢ | ١ | ٥,٣ | ٢,٤ | ٣,٨ | ٢,٦ | ٢,١- | ٠,٤- | ٣,٧ | ٣,٤ | ٣,٧٨ | ١,٨ |
| تێکڕا | ٨,٧ | ١,٨٣ | ٦,٣٣ | ١,٩ | ٤,١٥ | ٣,١- | ٢,١٥ | ١,٦٣ | ٣,٤٨ | ٢,٣٧ | ٤,٩٦ | ٠,٩٣ |

سەرچاوە: ڕێژەکان دەرهێنراون بە پشت بەستن بە:

وزارة التخطيط، الجهاز المركزی الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مرجع سبق ذكره، جدول رقم (١)، ص٥-٩؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزی الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، مرجع سبق ذكره، جدول رقم (٢٢)، ص٧٠-٧٥؛ الجمهورية العراقية، وزراة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، مديرية الاحصاء السكاني، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٨٧، لمحافظات اربيل، دهوك، التاميم و السليمانية، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٨٨؛ عەبدوڵا غەفور، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠؛ اللجنة الوطنية للسياسات السكانية، تحليل الوضع السكاني في العراق ٢٠١٢، التقرير الوطني الثاني حول حالة السكان في إطار توصيات المؤتمر الدولي للسكان والتنمية والأهداف الإنمائية للألفية، حزيران ٢٠١٢، ص٩١؛ جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عێراق، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٩٤؛ عەبدوڵا غەفور، جیۆگرافیای باشووری کوردستان، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢١٤؛ جاسم محەمەد محەمەدعەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسیەکان لە دابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢٥٢.



جیاوازی گەورە هەیە لە ڕێژەی ساڵانەی شارنشینی لە پارێزگاکاندا. لە پارێزگای هەولێر ڕێژەکە گەیشتۆتە بەرزترین ئاست بەڕێژەی (١٠,٥٪)، لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧–١٩٦٥)، و پلەی دانیشتوانی شارەکان لە ماوەی لێکۆڵینەوە لەنێوان (٢,١٥–٨,٧٪) لە ماوەی دیاریکراودا، بەڵام ئەم ڕێژەیە بە بەراورد بە دانیشتوانی گوندەکان زۆر دابەزیوە، وەك لە خشتەی ژمارە (٣) و نەخشەی ژمارە (١) دیارە. پاڵنەری کۆچکردن بۆ ئەم جۆرە مەڵبەندانە شتێکی سروشتییە. ئەو گۆڕانە دیمۆگرافیانە شوێنەواری ئاشکرایان لەسەر ئاستی شارنشینی بەجێ هێشتووە.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**پلەی شارنشینی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی (١٩٥٧-١٩٨٧)**

| پارێزگاکان | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ |
|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ١٦,٢ | ٣٢,٩ | ٤٢,٥ | ٣٩ |
| هەولێر | ٢٥,٨ | ٣٦,٧ | ٥٢,٨ | ٥٨ |
| سلێمانی | ٢٦ | ٣٢,١ | ٤٧,١ | ٤٦ |
| کەرکوك | ٣١ | ٤٨ | ٧٠,١ | ٧٥,٣ |
| هەرێمی کوردستان | ٢٤,٧ | ٣٧,٤ | ٥٣,١ | ٥٤,٥ |

سەرچاوە: ڕێژەکان دەرهێنراون بە پشت بەستن بە:

خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، مصدر سابق، ص١٢١؛ جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل١١٩.

ڕێژەی گەشەکردنی دانیشتوان لە مەڵبەندی شارنشینی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەیەکی گۆڕانکاری دیمۆگرافیە وەك لە پارێزگای دهۆك ڕێژەی دانیشتوان لە مەڵبەندی شارنشینی لە نێوان (١٦–٤٣٪) لە سەرجەمی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧–١٩٨٧)، و لە پارێزگای هەولێریش ئەم ڕێژەیە گەیشتۆتە (٢٦–٥٨٪) لە ماوەی لێکۆڵینەوە، بەهەمان شێوە لە پارێزگای سلێمانیش ئەم ڕێژەیە بەرز بۆتەوە لە (٢٦–٤٦٪) لە ماوەی لێکۆڵینەوە، هەتا لە پارێزگای کەرکوکیش ڕێژەکە لە (٣١–٧٥٪) بەرز بۆتەوە واتە پلەی شارنشینی بە پێی ساڵەکان زیادی کردووە لە سەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

جگە لە بەرزی ڕێژەی زیادبوونی سروشتی، کۆچکردن کاریگەرییەکی گەورەی هەبووە لە سەر زیادبوونی ڕێژەی شارنشینانی پارێزگاکان، بوونی هۆکاری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کۆبوونەوەی پرۆژە ئابووری وخزمەتگوزارییەکان لە نێو شارەکاندا هاندەری سەرەکی کۆچی گوندنشینان بووە لەم ماوەیەدا[1].

---

[1] ساسان حیکمەت عەلی، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئەدەبیات، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٣٠، (بڵاونەکراوەتەوە).

**نەخشەی ژمارە (١)**

**ڕێژەی پلەی شارنشینی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-١٩٨٧)**




سەرچاوە: بە پشت بەستن بە: خشتەی ژمارە (٣).

لە كۆبەندی ئەم باسەدا بۆمان دەردەكەوێت كە دانیشتوانی مەڵبەندی شارنشینیەكان ڕۆژ دوای ڕۆژ لە زیادبوون بووە لە ماوەی لێكۆڵینەوە بە هۆی ئەو بارودۆخەی كە ناوچەكە پێیدا تێپەڕبووە، كە لە بەشەكانی داهاتوو زیاتر ڕوونی دەكەینەوە.

**باسی دووەم: كاریگەری فاكتەرە جوگرافیەكان لەسەر گەشەی شارنشینی لە هەرێمی كوردستان:**

زیادبوونی گەشەی شارنشینی لە ناوچەی لێكۆڵینەوە كۆمەڵە زادەی هۆكارێكن، و ئەم هۆكارانە جیاوازن لە كارتێكردنیان بە پێی كات وشوێن، گرنگترین ئەو هۆكارانە ئەمانەن:

**١- هۆكاری سروشتی:**

هۆكارە سروشتیەكان كاریگەری گەورەیان هەبووە لەسەر گەشەی شارنشینی، لە ئاكامی ئەمەشدا وێنەیەكی ڕوونی گەورەیی قەبارەی سەنتەرەكانی شارنشینی وڕەوتی گەشەكردنی هەر یەكێكیان تێبینی دەكرێت، بۆیە ناكرێت بە شێوەیەكی جیا ودوور لە كاریگەری فاكتەرەكانی تر مامەڵە لەگەڵ فاكتەرێك لەو فاكتەرانە بكرێت. لەبەر ئەوەی هەموویان پێكەوە كاردانەوەیەكی تەواو پێكدەهێنن[١]. سروشتی جوگرافی هەرێمی كوردستان وئەو جیاوازیانەی هەیەتی بوەتە هۆی پەیدابوونی شوێنێكی گونجاو بۆ بە یەكگەیشتنی هەرێمەكان و بەرهەمهێنانی جیا هەروەك بە هۆكارێكی گرنگ دادەنرێت بۆ سەرهەڵدان و پێشكەوتنی شارەكان[٢]، زنجیرە چیایەكان درێژدەبنەوە لەگەڵ بوونی دۆڵی تەسك و قوڵ و ڕێرەوی چیایەكان ڕێگای سەرەكین بۆ پەیوەندیكردن لەگەڵ بوونی كانیاو ئاو ودەشتی بەپیت لەنێوان ئەم چیاییانەدا وەك دەشتی سندی و ڕانیە و شارەزوور[٣]. بەرزایی چیاكانی ئەم ناوچەیە كاریگەرە لەسەر بارانی ناوچەكە كە دەكەوێتە نێوان هێڵی بارانی (٥٠٠-١٠٠٠) ملم ساڵانە و بەفر لوتكە چیاییەكان دادەپۆشێ، جۆری بەرد وخاكەكەی كاریگەرە لەسەرهەڵدانی ژمارەیەك لەكانی كانیاوەكان، خاكی ئەم ناوچانە بە پیتن وئاوییان زۆرە بۆیە هۆكارن بۆ پەیدابوونی شار و بڵاوبوونەوەی زۆربەیان لە ناوچەی دەشتی چیاكان وەك شاری مەندەلی وخانەقین و كەركوك و هەولێر ودهۆك لە ناوچەی نیمچە شاخاوی و سلێمانی و ڕانیە و زاخۆ لە ناوچەی دەشتی چیایەكان[٤].

**٢- هۆكاری دیمۆگرافی.**

گەشەی شارنشینی بەندە بە دوو فاكتەركە بریتین لە:-

أ- زۆربوونی سروشتی واتا جیاوازی لە نێوان لە دایك بوون و مردن.

ب - كۆچكردن واتا جیاوازی لە نێوان ڕۆیشتوو هاتووەكان.

ئەو گیروگرفتانەی كە دێتە بەردەم ئەم لێكۆڵینەوانە، بریتیە لە نەبوونی داتاو نادروستی بەشێك لە داتاكان، بەپێ ی هەندێ داتا زیادبوونی سروشتی لە پارێزگاكانی هەرێمی كوردستان دەگاتە (٢٥) لە هەزاردا لە سەرجەمی

---

[١] هیوا ئەمین جەلال شوانی، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

[٢] نشوان شكری هروری، التركیب التجاری لمدینة دهوك (دراسة في جغرافیة المدن)، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٢، ص٢٠٨-٢١٠، (غیر منشورة).

[٣] خلیل اسماعیل محمد، اقلیم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص١٢٢.

[٤] نشوان شكری عبدالله، التباین المكاني لنمو سكان مدن اقلیم كوردستان العراق، مجلة زانكو، عدد (٢٢)، جامعة صلاح الدین، أربیل، ٢٠٠٤، ص٥٤.

دانیشتوان[1]، و ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکان جیاوازن وەك لە پارێزگای دهـۆك دەگاتـە (٣,٣) لە هەزاردا، لە پارێزگای هـەولێر دەگاتـە (٤) لـە هـەزاردا، و لـە پارێزگـای سـلێمانی دەگاتـە (٣,٧) لـە هـەزاردا و لـە پارێزگای کەرکوکیشدا دەگاتە (٣) لە هەزاردا واتا جیاوازی لە ڕێژەی گەشەو زیادبوونی ساڵانەی پارێزگاکانـدا هەیـە. بە پێی ئامارەکان تێکڕای زیادەی ساڵانەی دانیشتوان جیـاوازە لـە نێـوان سـاڵانی (١٩٥٧–٢٠٠٩). وەك لـە خشـتـەی ژمارە (٤) وشێوەی ژمارە (٣) بەرچاودەکەوێت.

**خشتەی (٤)**

**ڕێژەی سەدی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان( ١٩٥٧-٢٠٠٩ )**

| پارێزگاکان | ١٩٥٧- ١٩٦٥ | ١٩٦٥- ١٩٧٧ | ١٩٧٧- ١٩٨٧ | ١٩٨٧–١٩٩٧ | ١٩٩٧–٢٠٠٩ | ڕێژەی زیادبوونی ساڵانەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| دهۆك | ٣– | ١١,٣ | ١,٧ | ٣,٧ | ١٤ | ٧,٦٨ |
| هەولێر | ٣,٧ | ٤,٣ | ٤,٢ | ٤,٢ | ٣,٣ | ٤ |
| سلێمانی | ٣,٨ | ٤ | ٣,٣ | ٧,٢ | ٢,٦ | ٤,٢٨ |
| کەرکوك | ٢,١ | ٤,٣ | ٢ | ١,٤– | ٦,٣ | ٢,٨ |
| سەرجەم | ٦,٦ | ٢٣,٩ | ١١,٢ | ١٣,٧ | ٢٦,٢ | ١٨,٨ |

سەرچاوە: ڕێژەکان دەرهێنراون بە پشت بەستن بە:

وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، مرجع سبق ذكره، جدول رقم (١)، ص٣–٩؛ وزارة التخطيط، الجهاز المركزي الاحصاء، نتأج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، مرجع سبق ذكره، جدول رقم (٢٢)، ص٨٠–٨٩؛ جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، سەرچـاوەی پێشـوو، ل٥٠؛ جمهوريـة العـراق، الجهـاز المركـزي للاحصـاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك.




[1] خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص١٢٣.

٣- هۆكاری ئابووری و كۆمەڵایەتی:

گەشەی ئابووری لە هەر هەرێمێك دەبێتە پاڵپشتی شێوەو ڕێكخستن و قەبارەی شارەكان[١]، چالاكی ئابووری كاریگەری سەرەكی هەیە لەسەر فراوانبوونی شار كە دوو جۆرە وەك:-

أ- چالاكی ئابووری سەرەكی: ئەم چالاكیە دەبنە بناغەی ئابووری شارەكە.

ب- چالاكی ئابووری ناسەرەكی: ئەمەش ئەو چالاكیانە دەگرێتەوە كە خزمەت وپێویستی ناوخۆیی بەهۆی شتومەك بەدیدەهێنێ[٢].

هەرچەند دانیشتوانی شار زۆر بێت داخوازی ناوخۆ بۆ بەرهەم و شتومەك زۆرتر دەبێت، شار هەڵدەسێ بە ئاڵوگۆڕكردنی بەروبوومی ناوچە چیاییەكان و دەشتاییەكان وپێشكەشكردنی خزمەتگوزاری، وەخاسیەتێكی بازرگانیان هەیە لە چوارچێوەی سنوری ڕامیاری، ئەمەش دەگونجێ بەشێوەی تایبەتی بەسەر ئەو شارانەی لە لێواری چیایەكاندان وەك شاری هەولێر و كەركوك و دهۆك[٣]. هەروەكو شاری هەولێر شوێنێكی جوگرافی گرنگی هەیە دەكەوێتە دەشتێكی بە پیت، و ناوچەكە بۆ گۆڕینەوەی بەروبومی ناوچە چیاییەكان ودەشت گرنگی زیاتر بوو بەتایبەتی لەپاش بوونی بە پایتەختی هەرێمی كوردستان[٤]. بارودۆخی ئابووری وسەختی ژیانی جوتیار وخراپی ڕێگاكانی گواستنەوەو خراپی ئاودێری ودابەشكردنی موڵكیە لە هۆكارە ڕاستەوخۆكانە لە پشت كۆچی جوتیاران بەرەو شارەكان[٥]. و كاریگەری كۆمەڵایەتی و ئاینیەكان پاڵنەرن بۆ بەردەوام بەرزبوونەوەی پلەی گەشەی شارنشینی، هەروەها بەرزی ڕێژەی لەدایك بوون وبڵاوی زوو ژنخوازی كەبەهۆی دابونەریتی كۆمەڵایەتی ڕوودەدات هۆكارێكی هاندەر بووە بۆ زۆربوونی منداڵ، لەلایەكی تر ڕێژەی مردن لە نزم بوونەوە بووە بەهۆی باشبوونی كەرتی خزمەتگوزاری و دامودەزگا خزمەتگوزاریەكان، لەگەڵ ئەوەشدا تایبەتمەندی وڕێنماییەكانی ئاینی ئیسلام ڕۆلی گرنگی بینیوە بۆ زوو ژنخوازی و ڕڕێگری لە سكپڕی و لەبارچوون ئەمانە هەموو بەیەكەوە كاریگەریان هەیە لە بەرزكردنەوەی گەشەی دانیشتوان.

٤- هۆكاری سیاسی

ئەو بارودۆخە ناسروشتیانەی هەرێمی كوردستان پێیدا تێپەڕیوە لە ماوەی لێكۆڵینەوە، ڕۆڵێكی بەرچاوی هەبووە لە زیادبوونی دانیشتوانی شارەكان. حكومەتی عێراقی هەڵساوە بە هێرشی سەربازی فراوان بەشێوەیەكی بەردەوام بۆ سەر نشینگە كوردەكان بەشێوەی دڕندانە پەلاماری بێشومار ونەپچڕاوەی كردۆتە سەر ناوچە گوندنشینەكان، بەمەبەستی كەمكردنەوەی ژمارەیان وكۆچكرپێكردنیان لە شوێن و زێدی خۆیان بەرەو شارو كۆمەڵگە زۆرە ملێیەكان كە لە بەشی داهاتوو بە درێژتر باسی لێوە دەكەین.

---

[١] نشوان شكری عبدالله، التباين المكاني لنمو سكان مدن اقليم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص٥٦.

[٢] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، خاسیەتەكانی دیموگرافی مەڵبەندە شارستانیەكان لە پارێزگای دهۆك دا، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

[٣] ابراهيم شريف، الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامي، مطبعة شفيق، بغداد، دون سنة الطبع، ص١٠٨.

[٤] خليل اسماعيل محمد، اقليم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص١٢٦.

[٥] نشوان شكری عبدالله، التباين المكاني لنمو سكان مدن اقليم كوردستان العراق، مرجع سبق ذكره، ص٥٦.

پلەی قەبارەی مەڵبەندە شارستانیەکان: لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی دانیشتوان پەردە لەسەر دابەشکردنی مەڵبەندە شارستانیەکان بە پێی ژمارەو قەبارەو شێوەی دابەشبوونیان هەڵدەماڵێ، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ لەسەرکەوتنی پلاندانان لە ئاستی ناوخۆ وهەرێمایەتیدا دەبینێ[1]. پلەی قەبارەی شارنشینی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ساڵەکان جیاوازە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی مەڵبەندی شارنشینی بچوك دەگاتە (٦٠٪)ی سەرجەمی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام مەڵبەندی شارنشینی گەورە لە (١٣٪)ی پێك دێنێ. وەك لە خشتەی ژمارە(٥) وشێوەی ژمارە (٤) دیارە.

**خشتەی ژمارە (٥)**

**بەراوردکردنی دانیشتوانی مەڵبەندە شارنشینەکان بەگوێرەی پلەی قەبارەی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان ساڵانی (١٩٧٧ و ٢٠٠٩)**

| | دەستەی شار/ بەهەزار | دهوك | ٪ | هەولێر | ٪ | سلێمانی | ٪ | کەرکوك | ٪ | هەرێمی کوردستان | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٧٧ | ٥٠٠-١٠٠٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ | ٠ |
| | ١٠٠-٥٠٠ | – | – | ١ | ٤,٥ | ١ | ٣ | ١ | ٥ | ٤ | ٤ |
| | ٥٠-١٠٠ | – | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| | ١٠-٥ | ٢ | ١٥ | ١ | ٤,٥ | ٣ | ٩ | ٢ | ١٠ | ٨ | ٩ |
| | ٥-١٠ | ٣ | ٢٣ | ٧ | ٣٢ | ٨ | ٢٥ | ٦ | ٢٨ | ٢٤ | ٢٧ |
| | کەمتر لە ٥ | ٨ | ٦٢ | ١٣ | ٥٩ | ٢٠ | ٦٣ | ١٢ | ٥٧ | ٥٣ | ٦٠ |
| | سەرجەم | ١٣ | ١٠٠ | ٢٢ | ١٠٠ | ٣٢ | ١٠٠ | ٢١ | ١٠٠ | ٨٩ | ١٠٠ |
| ٢٠٠٩ | ٥٠٠-١٠٠٠ | ٠ | ٠ | ١ | ٢ | ١ | ١,٦ | ١ | ٦,٣ | ٣ | ٢,١ |
| | ١٠٠-٥٠٠ | ٢ | ٧,٧ | ٠ | ٠ | ١ | ١,٦ | ٠ | ٠ | ٣ | ٢,١ |
| | ٥٠-١٠٠ | ٢ | ٧,٧ | ٣ | ٧ | ٦ | ٩,٨ | ٠ | ٠ | ١١ | ٧,٦ |
| | ١٠ ٥٠ | ٨ | ٣١ | ١٤ | ٣٤ | ١٤ | ٢٣ | ٦ | ٣٨ | ٤٢ | ٢٩ |
| | ٥-١٠ | ٢ | ٧,٧ | ٤ | ١٠ | ٥ | ٨,٢ | ٤ | ٢٥ | ١٥ | ١٠ |
| | کەمتر لە ٥٠٠٠ | ١٢ | ٤٦ | ١٩ | ٤٦ | ٣٤ | ٥٦ | ٥ | ٣١ | ٧٠ | ٤٩ |
| | سەرجەم | ٢٦ | ١٠٠ | ٤١ | ١٠٠ | ٦١ | ١٠٠ | ١٦ | ١٠٠ | ١٤٤ | ١٠٠ |

سەرچاوە:

خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کوردستان العراق، مرجع سبق ذکره، ص١٢٨؛ وزارة التخطیط، الجهاز المرکزی الاحصاء، نتأج التعداد العام للسکان لسنة ١٩٧٧، مرجع سبق ذکره، جدول رقم (٨)، ص٦٠-٦٣؛ جمهورية العراق، الجهاز المركزي للاحصاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك.

---

[1] خلیل اسماعیل محمد، اقلیم کوردستان العراق، مرجع سبق ذکره، ص١٢٦.




لەم دابەشبوونە، قەبارەی دانیشتوان بۆ شەش بەش پـۆلێن کـراوە. گروپـی (٥٠٠) هـەزار کـەس کـەمترین ڕێـژەی بەرکـەوتووە لەسـەرجەمی دانیشـتوانی شارنشـینی، بـەجۆرێك لەسـاڵی ١٩٧٧ هـیچ سـەنتەرێکی شارنشـینی ژمـارەی دانیشتوانەکەی نەگەیشتۆتە ئەو ئاستە، بەڵام لەساڵی ٢٠٠٩ ژمارەی ئەو مەڵبەندانە گەیشـتۆتە ٣ مەڵبەنـد. ئـەوانیش بریتین لە ناوەندی مەڵبەندەکانی هەولێر، سلێمانی، وکەرکوك. لەهـەمان کاتـدا گروپـی خـوار (٥٠٠٠) کـەس، زۆرتـرین ژمارەی مەڵبەندی شارنشینی پێکهێناوە، کە لەساڵی ١٩٧٧ ژمارەیان لەکۆی هەرێمی کوردسـتان ٥٣ مەڵبەنـد بـووە، بەڵام ئەو ژمارەیە بۆ ٧٠ مەڵبەند بەرزبۆتەوە، ئەویش بۆهۆی بوونی زۆر گوند بە ناحیە لەماوەی دیاریکراودا.

سەرجەمی مەڵبـەندە شارنشـینیەکان لـە سـاڵی ١٩٧٧ بـریتی بـووە لـە ٨٩ مەڵبەنـد، ئـەو ژمارەیـە لەسـاڵی ٢٠٠٩ بەرزبۆتەوە بۆ ١٤٤ مەڵبەند، واتە بەڕێـژەی ٦١,٨٪ زیـاتر بـووە لەچـاو سـەرژمێری ١٩٧٧. کـە لەنێویانـدا پارێزگـای سلێمانی زۆرترین ڕێژەی بەرکـەوتووە کـە دەگاتـە ٤٢,٤٪ کـۆی ئـەو مەڵبەندانـە، دواتـر پارێزگـای هـەولێر ٢٨,٥٪ ی بەرکـەوتوو ئەمـە لەکاتێکـدا پارێزگـای کـەرکوك تـەنها بەڕێـژەی ١١٪ بەشـداری ئـەو پێکهاتەیـە دەکـات. ئەمـەش خستنەڕووی ئـەو ڕاسـتیەیە کـە ژمـارەی مەڵبەنـدە شارنشـینەکان ڕوو لەهەڵکشـانە، کـە گومـان لەوەدانیـە هۆکـاری سیاسی پشکی شێری هەبووە لە کەمبوونەوەی ڕێژەی گوندنشین.

لەتێبینی کردنـی ئامارەکـانی مـاوەی سـاڵانی (١٩٥٧-٢٠٠٩) دەردەکـەوێت کـەجیاوازی لـە ژمـارەی دانیشـتوان وایکردوە هەندێ شار پێش بکەون لە پۆلێنکردنی قەبارەیاندا، لەخشتەی ژمارە (٦) ونەخشـەی ژمـارە (٢)، دەبیـنین شاری سلێمانی لە پێش شاری هەولێرەوە دێت لە سـاڵی (١٩٥٧). کەچـی لەسـاڵی (١٩٦٥) شـاری هـەولێر بـە پلـەی یەکەم دێت لەدوای ئەو شارەکانی سلێمانی ودهۆك و...هتد، بەڵام لە ساڵی (١٩٧٧) شاری کەرکوك لە پلـەی یەکەمـە دوای شاری هەولێر و سلێمانی و...هتد، و لە ساڵی (١٩٨٧) شاری هەولێر بە پلەی یەکەم و دوای کەرکوك و سلێمانی و دهۆك...هتد، شاری کەرکوك جارێکی تر لەساڵی ٢٠٠٩ پلەی یەکەمی وەرگرتووە. واتە جیاوازی لـە پلـەی قـەبارەی شارەکان ڕوویداوە لە مـاوەی لێکۆڵینـەوە (١٩٥٧-٢٠٠٩) ئـەوەش لـە ڕیزبەنـدی شـارەکان دەردەکـەوێت لـە مـاوەی لێکۆڵینەوە.

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

**ریزکردنی شارەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی قەبارەیان لەماوەی ساڵانی ( ١٩٥٧-٢٠٠٩ )**

| ژمارە | ١٩٥٧ | ١٩٦٥ | ١٩٧٧ | ١٩٨٧ | ٢٠٠٩ |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | سلێمانی | هەولێر | کەرکوك | هەولێر | کەرکوك |
| ٢ | هەولێر | سلێمانی | هەولێر | کەرکوك | هەولێر |
| ٣ | کۆیە | دهۆك | سلێمانی | سلێمانی | سلێمانی |
| ٤ | رەواندوز | زاخۆ | دهۆك | دهۆك | دهۆك |
| ٥ | زاخۆ | هەلەبجە | زاخۆ | زاخۆ | زاخۆ |
| ٦ | دهۆك | کۆیە | هەلەبجە | چەمچەماڵ | کەلار |
| ٧ | هەلەبجە | ئاکرێ | کۆیە | رانیە | حەویجە |
| ٨ | ئاکرێ | شەقلاوە | پشدەر | کۆیە | بەکرەجۆ |
| ٩ | | پشدەر | چەمچەماڵ | هەلەبجە | رانیە |
| ١٠ | | رەواندوز | کفری | کفری | سیمیل |
| ١١ | | پێنجوین | شەقلاوە | عەینکاوە | سەید سادق |
| ١٢ | | | دەربەنیخان | شەقلاوە | ئاکری |
| ١٣ | | | کەلار | ئاکرێ | قەلادزە |
| ١٤ | | | رانیە | هەریر | کەسنەزان |
| ١٥ | | | رەواندوز | سیمیل | قەسروك |
| ١٦ | | | پێنجوین | دەربەنیخان | داقوق |
| ١٧ | | | ئاکرێ | پشدەر | کۆیە |
| ١٨ | | | سیدسادق | حەویجە | دیانا |
| ١٩ | | | سیمیل | مەخمور | چەمچەماڵ |
| ٢٠ | | | سەرسەنگ | دیانە | هەلەبجە |
| ٢١ | | | دیانە | رەواندوز | ریاز |
| ٢٢ | | | ئامێدێ | دوکان | سۆران |
| ٢٣ | | | گەلالە | پردێ | دارەتوو |
| ٢٤ | | | بیارە | خەلیفان | زاب |
| ٢٥ | | | عەینکاوە | ئامێدێ | بنەسلاوە |
| ٢٦ | | | مەخمور | خەلەکان | عەباسی |
| ٢٧ | | | چۆمان | پێنجوین | حاجی ئاوا |
| ٢٨ | | | پردێ | بێتواتە | شەمامك |
| ٢٩ | | | دوکان | کارێزە | دێرەلوك |
| ٣٠ | | | هەریر | مێرگەسوور | بەحرکە |
| ٣١ | | | | چۆمان | چوارقورنە |

سەرچاوە: عەبدوڵڵا غەفور، ئەتنۆ دیموگرافیای باشوری کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٧١؛ جەزا تۆفیق تالیب، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥-٢٢٩؛ جمهورية العراق، الجهاز المركزي للاحصاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك.

## نەخشەی ژمارە (٢)

## ناوەندە شارستانیەکانی هەرێمی کوردستان بە پێی قەبارە ساڵی (٢٠٠٩)




سەرچاوە: کاری توێژەران بە پشت بەستن بە: عەبدوڵڵا غەفور، جیۆگرافیای باشوری کوردستان، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل٢١٧؛ جمهورية العراق، الجهاز المركزي للاحصاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك.

## بەشی سێیەم
## کاریگەری گۆڕانکاری سیاسی لەسەر دیاردەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستان

لێکۆڵینەوە ئەرکیۆلۆجیەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هەرێمی کوردستان جێگەی مرۆڤی کۆن بووە، پاشماوەکانی مرۆڤی کۆن کە بۆ زیاتر لە (١٠) هەزار ساڵ پێش لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح دەگەڕێتەوە لە ئەشکەوتەکاندا دۆزراونەتەوە. دێی چەرمۆی نزیك چەمچەماڵ (باکوری رۆژهەڵاتی پارێزگای کەرکوك) کۆنترین شوێنی کشتوکاڵی بووە، لە نێوان دوو هەزارەی چوارەم و دووەمی پێش عیسا زۆر شەپۆلی مرۆڤی یەك لەدوایی یەك لە دورگەی عەرەبیژ ۆوەوە بۆ عێراق هاتوون[١]. واتە هەرێمی کوردستان هەر لە کۆنەوە جێی نیشتەجێبوونی خەڵك بووە بە درێژایی ڕۆژگار بووەتە شوێنێك بۆ هاتنی شەپۆلە یەك بەدوای یەکەکان بۆ ئەم ناوچەیە.

حکومەتە یەك بەدوای یەکەکانی عێراق نەخشەی ئەمنی ستراتیژیان هەبووەو لێکۆڵینەوەی ئەو فاکتەرانەیان کردووە کە مەترسیان بۆ سەر ئاسایشی خۆیان دروستکردووە، سەرانی دەوڵەتی عێراق هەمیشە پێیان وابووە کورد دەتوانێ کار بکاتە سەر حوکم لە بەغدا، ئەمە لەبەر ئەوەی ڕێژەی ژمارەی کورد نزیکەی پێنجەکی دانیشتوانی عێراقە لە ناوچەیەکی فراوانی عێراقدا دەژین، ترسی ئەوەیان لە کورد هەبووە کە دوژمنانی عێراق وەك فاکتەرێك بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی حوکمەکەیان بەکاریان بهێنن[٢]. بۆیە دەستەڵاتداران لەبری چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کورد، بیریان لەدروستکردنی پشتێنەیەکی ئەمنی عەرەبی دەکردەوە لە نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا.

هاوکات لەگەڵ ڕۆشنای ئەو توێژینەوەیەدا، دەستەڵاتداران سیاسەتی لەناوبردنی گەلی کوردی پیادەکردووە، گرتن و کوشتنی بەتاك و کۆمەڵ و ماڵ و گوند سوتاندن، تێکدانی ژینگە، لەناوبردنی چاوگەکانی ژیان، وێرانکردنی کێڵگەوباخ و....هتد.

ئەو گۆڕانکاریە سیاسیانەش بەچەند شێوازێك پیادەکراوە لە هەرێمی کوردستان کە لێرەدا بەچەند شێوەیەك باسیان دەکەین:-

١- **کردەی کۆکردنەوەی گوندەکان:-** حکومەتی عێراقی سەرەتا سەدەها گوندی بەناو (هاوچەرخ)، (سۆسیالیستی)، (زانستی) لە سەرانسەری عێراقدا دروستکرد، لە چوارچێوەی ئەم پلانەدا چەندەها گوند لە باکورو ناوەڕاست وباشوری عێراقدا لە جێگەیاندا ئۆردوگای زۆرەملێ دروستکران[٣]. شایانی باسە ئەم سیاسەتی نیشتەجێکردنە لە هەرێمی کوردستاندا لە هەموو جێگەیەك زیاتر پیادەکرا، بەمجۆرە هەرێمی کوردستان بوە تاقیگەی جێبەجێکردنی بیرو ئایدۆلۆژیاکانی بەعس، حکومەتی عێراقی لەژێر ناوی پێشکەوتن و بوژانەوەی گوندەکان دەستی کرد بە کۆکردنەوەی گوندی بچوك و ناوچە سنوریەکان[٤]، گوتاری سەرەکی کۆنگرە کشتوکاڵیەکانی عێراق

[١] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، ڕەهەندی نەتەوەیی نیشتەجێبوونی عەرەب لە پارێزگای کەرکەکدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، هەولێر، ٢٠٠١، ل٢٠٥.

[٢] شۆرش حاجی، تەعریبی کەرکوك سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢١.

[٣] ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٣٧.

[٤] خليل اسماعيل محمد، الريف الكردستاني بين ارث الماضي ومتطلبات المستقبل، بحث غير منشورة.

سەرچاوەی لەوەوە دەگرت کە گوایە گوندەکانی عێراق بەگشتی و ئەوانەی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی زانستی نین، جا بۆیە پێویستە کۆبکرێنەوە[1]، لە نێوان سالآنی (١٩٧٣-١٩٧٧) دەزگا پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراق شەش کۆنگرە کشتوکالّی سازکرد بەمەبەستی چەسپاندنی بیرۆکەی دروستکردنی کۆمەڵگا (ئۆردوگا) (مجمعات)، ئەم کۆنگرە کشتوکالّیانە جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە لەجیاتی هەر کۆمەڵە گوندێکی پەرش و بلاو، دەبێ ئۆردوگا دروستبکرێن. ئەم هەنگاوەی حکومەتی عێراقی بە سەرەتای پێشێلکردنی ئەو پرەنسیب و بیرۆکانە بوون کە کۆنگرە کشتوکالّیەکان دایانرشتبوو[2]. لە ژێر ڕۆشنایی ئەمە بووە هۆی پێکهاتنی لیژنەیەك بە سەرۆکایەتی تەها یاسین ڕەمەزان، لیژنەیەك دابینکرا بۆ پارێزگاکان بە سەرۆکایەتی پارێزگار بۆ سەرژمێرکردنی گوندەکان و پۆلێنکردنیان کە لە (٣٠٪) گوندەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستانی گرتەوە بە مەبەستی دروستکردنی گوندی نوێ واتە لە (٧٠٪)ی جێنشینە دێهاتیەکانی هەرێمی کوردستان خراپکران لە ناوچەی شاخاوی و نیمچە شاخاوی[3].هۆکاری تری ڕاگواستنی گوندنشینەکان، هاوکاریکردنی هێزەکانی پێشمەرگە و شۆڕش بوو، هەر ناوچەیەك چالاکی پێشمەرگە ئەنجام بدرایە دەستبەجێ هێرش دەکرایە سەر گوندەکە زۆرجار ئاگریان لەماڵەکانی گوندەکە بەردەدا و دەیانسوتاند و دانیشتوانەکەشی ئاوارە وپەرتەوازەی شار وگوندەکانی دیکە دەبوون[4]. واتە ئەمە شێوازو پلانێکی ستاندار بوون، بە پێی پرەنسیبەکانی پلانسازی بۆ ئەوەی سیاسەتی نیشتەجێکردن سەرکەوتوانە بێت، ئەوا دەبێت کۆمەڵێك فاکتەری ناوەکی ڕەچاو بکات، چونکە سەرکەوتنی هەر پرۆژەیەکی نیشتەجێکردن پەیوەندی بە ڕادەی بەکارهێنانی ڕێبازی زانستیەوە هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لەو دیالێکتیکەی کە لەنێوان مرۆڤ و ژینگەکەیدا هەیە.

٢- **ڕێکەوتنی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥:-** لەپێناو شکست هێنانی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی (١٩٧٥) حکومەتی عێراق هەڵسا بەئەنجامدانی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لەگەڵ ئێران. لە یەکێ لە بەندە نهێنیەکانی ئەو ڕێکەوتننامەیەدا هاتووە پێویستە لەسەر هەردوولا هەستن بە چۆلکردنی ناوچە کوردییەکان، واتە گوندەکان بەدرێژای سنوری عێراق و ئێران بە پانتای (١٠-٢٠)کم لەهەرلایەك[5]. ئەگەرچی ئێران بەباش وبەرژەوەندی نەزانی ئەو بەندە لەلایەن خۆیەوە جێبەجێ بکات، بەڵام عێراق زۆر بەتوندی لە سالآنی نێوان (١٩٧٥-١٩٧٨)دا جێبەجێی کرد. هەموو گوندەکانی سەر سنوری خاپور کرد، بەشێك لە دانیشتوانەکانی ڕاگوێزا بۆ باشورو ناوەڕاستی عێراق[6]، بۆ نموونە لە پارێزگای

[1] خلیل اسماعیل محمد، انماط الاستطان الریفي في العراق، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٢، ص٣٩٤.

[2] ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

[3] خلیل اسماعیل محمد، الریف الکردستانی بین ارث الماضي ومتطلبات المستقبل، مرجع سبق ذکره، ص٢.

[4] جاسم محەمەد محەمەد عەلی، ڕۆڵی هۆکارە سیاسییەکان لەدابەشبوونی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانیدا، چ١، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل١٨٤.

[5] سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٧)، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٦٧.

[6] سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

سلێمانی یەکەی نیشتەجێبوون گەیشتە (١٨٥٧٦) لە (٤٣) کۆمەڵگا[1]، ژمارەی خێزان گەیشتە (١٥٣٠٩) خێزان لە ساڵی (١٩٧٨). وەك لە خشتەی ژمارە (٧) و شێوەی ژمارە (٥) دیارە.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ژمارەی کۆچپێکەران لە گوندە سنوورییەکانی پارێزگای سلێمانی ساڵی (١٩٨٧)**

| قەزا | ژمارەی گوند | ژمارەی خێزانی کۆچپێکراو |
|---|---|---|
| دەربەندیخان | ٢٥ | ١٥٣٢ |
| هەڵەبجە | ٨٦ | ٤٩٨٣ |
| شارباژێر | ٨٨ | ٣٧٧٣ |
| پشدەر | ٩١ | ٤٠٢ |
| پێنجوین | ١٠٨ | ٤٦١٩ |
| سەرجەم | ٣٩٨ | ١٥٣٠٩ |

سەرچاوە: خليل اسماعيل محمد، الريف الكردستاني بين ارث الماضي ومتطلبات المستقبل، مرجع سبق ذكره، ص٢.




ئەم کردارە بەدرێژایی سنوری عێراق وسوریاو تورکیا بوو، بە پێی خودی ڕۆژنامەی (الثورة)ی حزبی بەعس تەنها لەنێوان دوو مانگی هاوینی (١٩٧٨)دا، حکومەتی عێراق (٢٨,٠٠٠) خێزانی گوندنشینی (کە ژمارەیان ٢٠٠,٠٠٠ کەس بوو لە ناوچەو سنوورییەکان ڕاگوێزاوە بۆ شارەکانی هەرێمی کوردستان[2].

[1] خليل اسماعيل محمد، الريف الكردستاني بين ارث الماضي ومتطلبات المستقبل، مرجع سبق ذكره، ص٢.

[2] ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣٨.

٣- **هەڵمەتی ڕەوپێکردنی دانیشتوان:-** خەسڵەتی سێ گرێ سەدەی دوایی بەوە بەندکراوە کە بزاوتێکی ئەکتیڤ لە دانیشتوانی گوندەکان بەرەو سەنتەری شارەکان هاتوون، بەتایبەت لە ماوە ناسەقامگیرەکانی (١٩٦١-١٩٨٩) کە بریتی بوو لە کۆچی دانیشتوان بەرەو شارەکان، دانیشتوانی گوندەکان لە ساڵی (١٩٥٧) دەگەیشتە (٦٩,١٪) کەچی لە ساڵی (١٩٨٧) گەیشتە (٣٥,٧٪) واتە زۆر دابەزی[١]. زانیاری بەڵگەنامەکان ئەوەی پەیوەندیدارە بە سیاسەتی بەعەرەبکردن لە هەرێمی کوردستان دەیسەلمێنن کە دانیشتوان بە درێژایی سەدەی ڕابردوو دووچاری کۆچکردن بوونە لە پارێزگاکانی (دهۆك و هەولێر و سلێمانی و کەرکوك) هەڵمەتی کۆچی دانیشتوانیش زۆربەیان کوردبوون[٢]. هەڵگیرسانی شەڕی عێراق وئێران لە ساڵی (١٩٨٠) بەردەوامی بۆ ماوەی هەشت ساڵ، تا کۆتایی هاتنی لە ساڵی (١٩٨٨) دەرەنجامی زۆر خراپی لێکەوتەوە[٣]. بەم شێوەیە خاکی کوردستان کەوتە نێوان دوو بەرداشی ئەم جەنگە، هەر ئەمەش بوو بە بیانویەك بۆ حکومەتی عێراق تا بەشێکی تری خاکی کوردستان وگوندەکانی سوتماك و دانیشتوانی پەرتەوازە بکات. ئەو شوێنانەی بەر ڕاگواستن کەوتن بەهۆی ئەم جەنگەوە دەکەوێتە چوارچێوەی قەزای پێنجوین وناحیەی سیوەیل وبیارە لە پارێزگای سلێمانی وقەزای چۆمان وسۆران لە پارێزگای هەولێر. بەم شێوەیە دانیشتوانی ئەم هەموو گوندانە بە شارو لادێ وگوندەکانی کوردستان پەرش وبڵاوکرانەوە[٤]. بەم جۆرە حکومەتی عێراق بەچەند جۆرێك شێوازی سیاسی خۆی بەکارهێنا بەرامبەر ڕەوکردنی دانیشتوان زیاتر باڵادەستی بەسەر ناوچە کورد نشینەکان، وەك شێوازی گۆڕینی سنوری پارێزگاکانی کەرکوك، دیالە، سلێمانی، هەولێر، موسڵ ئەم شێوە بە عەرەبکردنە چەند حاڵەتێکی بەخۆوە گرتوە. هەندێك جار ناحیە وقەزا لە کەرکوك کراونەتەوەو خراونەتە سەر پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی، و پارێزگاکانی تر بە هەمان شێوە[٥]. دەرکردنی سەدان کوردی فەیلی لە بەغدا و بەسرە و کوت و بەدرە و جەسان و خانەقین و مەندەلی، لەپاش دەرکردنیان هەموو موڵك وماڵیان لەلایەن حکومەتی عێراقەوە دەستی بەسەرداگیرا. واتە ئامانجی شاڵاوەکانی ئەنفالی حکومەتی بەعس تەنها ئەوە نەبوو کە بزاڤی شۆڕشگێرانەی کوردی لەناو بەرێت، بەڵکو چۆڵکردنی گوندەکانی کوردستان ودەربەدەرکردنی دانیشتوان، لەهەمان کاتیشدا کارکردن لەپێناو تواندنەوەی گەلی کورد لەبۆتەی گەلی عەرەبی عێراقی و دواتریش نەهێشتنی کورد بە گشتی[٦].

بەم شێوەیە حکومەتی عێراق لەپاڵ جینۆسایدکردنی گوندنشینەکان، هەموو ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان وپرۆسەی بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لەناوبرد، لە ژێر ڕۆشنایی زانیارییەکان کە لە خشتەی ژمارە (٨) و شێوەی ژمارە (٦) دیارە، کە لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٨٩)، ناوچەی گوندنشینەکان توشی هەڵمەتی بێشوماری

---

[١] سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

[٢] خلیل اسماعیل محمد، الريف الكردستاني بين ارث الماضي ومتطلبات المستقبل، مرجع سبق ذكره، ص٣.

[٣] ئازاد شێخانی، ئەنفال لەناو چوارچێوەی قۆناغەکانی دروستکردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکاندا، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤٠.

[٤] سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٧.

[٥] شۆڕش حاجی، تەعریبی کەرکوك سیاسەتی تەعریب لە دووتوێی هەشتا بەڵگەنامەدا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.

[٦] خەلیل ئیسماعیل محەمەد، لێکجیاکردنەوەی شوێنی شاڵاوەکانی ئەنفال لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٧٧.

ڕەوکردن بوونەتەوە لە سوتان وێرانکردنی گوندەکان. هەموو ئەم شێواز وریبازانە زامێکی قوڵیان لەجەستەی گەلی کورد بەجێهێشت و چەندین پردی متمانەیان ڕووخاند کە بۆ دۆزی کورد لە عێراق وەك چارەسەریەکی هاوبەشبوون.

**خشتەی ژمارە ( ٨ )**

**ژمارەی نشینگە دێهاتیە وێرانکراوەکانی هەرێمی کوردستان ( ١٩٦٣-١٩٨٩ )**

| پارێزگاکان | ژمارەی گوندەکان | ژمارەی خێزان | ژمارەی کەسەکان |
|---|---|---|---|
| دهۆك | ٩٧٩ | ٢٦٤٤٣ | ٩١٧٥٤ |
| هەولێر | ٧٥٣ | ٣٦٤٧٢ | ١٨٤٨٥٤ |
| سلێمانی | ١٦٠٠ | ١٣٠٤٣٤ | ٦٣٢٩٨٤ |
| کەرکوك | ٥٠٧ | ٢٨٩٧٦ | ٢١٣٥١٩ |
| هەرێمی کوردستان | ٣٨٤٠ | ٢٢٢,٣٢٥ | ١,١٢٣,١١١ |

سەرچاوە: سلێمان عەبدوڵا ئیسماعیل، گۆڕانکاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

شێوەی (٦)

ڕێژەی نشینگە دێهاتیە وێرانکراوەکانی هەرێمی کوردستان

لەماوەی (١٩٦٣-١٩٨٩)




لەم خشتەیە ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پارێزگای سلێمانی زۆرترین پشکی وێرانکاری بەرکەوتووە بەجۆرێك ٤١,٦٨٪ی سەرجەم گوندە وێرانکراوەکان بەر پارێزگای ناوبراو کەوتووە، ئەویش بەهۆی سروشت وجوگرافیای ناوچەکەو هاوسنوری لەگەڵ ئێران وبەکارهێنانی ئەم ڕووبەرە لەلایەن شۆڕشگێرانی کوردەوە دژی حکومەتی ئەوسای عیراق. ئەمەش وای کردووە کە زۆرترین شاڵاوی ئەنفال دووچاری شار و شارۆچکەکانی ئەو پارێزگایە ببنەوە. دوای سلێمانی پارێزگای دهۆك دێت لەڕووی قەبارەی گوندە وێرانکراوەکان کە دیسانەوە هۆکاری جوگرافی وسەختی ژینگەکەی وایکردووە زیاتر دووچاری ئەو شاڵاوە وێرانکاریە بێتەوە، بەڵام پارێزگای هەولێر بەرێژەی ١٩,٦١٪ و کەرکوك بەکەمترین ڕێژە کە ١٣,٢١٪ە، بەهۆی نزیکی لەکۆنترۆڵی سەربازی و سیاسی و حکومەت و دوورکەوتنەوەیە

لەناوچەی شاخاوی و سەختدا. سەرجەمی ئەو گوندە وێرانکراوانە لەماوەی ١٩٦٣- ١٩٨٩ گەیشتە ٣٨٤٩ گوند لە هەرێمی کوردستان کە دەکرێ بلێین هۆکاری سەرەکی وبنەڕەتی، هۆکاری سیاسییە کە بەو هۆیەوە حکومەت مەبەستی بوو بتوانێت زاڵ بێت بەسەر هێزی شۆڕشگێڕانەی کورد، کە گومان لەوەدانیە ئەو چۆلکردنە لەسەر حیسابی زیادبوونی ڕێژەو ژمارەی شارنشینە کە ڕەهەندی خراپی ئابووری وسیاسی وکۆمەڵایەتی....هتد لێکەوتۆتەوە دەرئەنجام ودەرهاوێشتەکەی بەئاشکراو بەڕوونی بەسەر بارودۆخ و گوزەرانی هاووڵاتیانی هەرێم بەجێ هێشتووە.

لەخوێندنەوەی گەشەی شارنشینی لەهەرێمی کوردستاندا، دەردەکەوێت کە لەسەردەمە جیاوازەکانی بەڕێوەبردنی حکومەتی عێراقدا، بەردەوام ڕێژەی شارنشینی ڕوو لەبەرزبوونەوە بووە، لەسەر حیسابی گوندنشیندا. ئەوەش بەسیاسەتێکی داڕێژراوو پلان بۆ دانراو جێبەجێکراوە، کە گومان لەوەدا نییە دروست بوونی وەها بارودۆخێك ڕەهەندی جیاوازی لێکەوتۆتەوە، کە دەکرێ بڵێین داهاتوی سیاسی وڵات یان هەر هەرێمێك دوچاری مەترسی داڕوخانی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکاتەوە، هەڵبەتە ئەوەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بارودۆخی سیاسی وڵات دەخاتە بەردەم مەترسی داڕوخانی سیاسی.

ئەوەی جێ سەرەنجە لەدوای ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١، ودوای دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩٢ و تا ئێستاش، دەسەڵاتی ناوچەیی لەئاست ئەو مەترسیە بەرنامە وپلانێکی تۆکمە ونەخشە بۆ دانراوی نەبووە، لەچوارچێوەیەکی سنووردار نەبێ. بۆیە بەردەوامبوونی ئەو گەشە شارنشینیە داهاتووی گوندنشین لەکەناری لەناوچوون نزیك دەکاتەوە، بەمەش دۆخی سیاسیی ناوچەکە توشی ئاڵۆزی دەکات، بەتایبەت کە لە ئێستادا باس لەدروست بوونی قەوارەیەکی سیاسی دەکرێت بۆ هەرێمی کوردستان. بۆیە پێویستە هاوسەنگییەك هەبێ لەنێوان ڕێژەی شارنشینی وگوندنشینیدا، چونکە پێکهاتەی ئاوەدانی بەبوونی هەریەکەیان تەواو دەبێت. لەم سۆنگەیەوە پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەمەترسی ئەو گەشە ناسروشتیە ناهاوسەنگە بەئاگا بێتەوە، و بەرنامە وپلانێکی داهاتوی هەبێ، لەپێناو تێکنەچوونی سیستەمی ئاوەدانی و ڕێکبوونەوەی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی، کەئەمانەش سەنگ و قورسایی سیاسی و ئابووری تەنانەت کۆمەڵایەتی دەبەخشێتە وڵات.

## دەرەنجامەکان

لە لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەی بابەتەکە گەیشتینە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

١- توێژەرەکان لەبارەی چەمکی (شارنشینی)یەوە ناکۆکن، وەك شارەزایانی بواری دیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، شارنشینی بەچەند ڕێگایەك دێتەدی وەك زیادبوونی سروشتی و کۆچکردن و لکاندنی گوند و کۆمەڵگای دەوروبەر بە شارەوە.

٢- کرداری گۆڕانکاری یارمەتیدەر بوو بۆ گۆڕینی ژیانی مرۆڤ و دەرکەوتنی شار، لە سەرەتادا شارەکان بچوك بوون، بەڵام وردە وردە ژمارەی دانیشتوانیان زۆربوو کە لەکاتی ئێستادا بە گەشەی شارنشینی ناسراوە.

٣- زۆربوونی دانیشتوانی ناوەندە شارنشینەکان لە هەرێمی کوردستاندا، گۆڕانکارییەکان لەوە سەرچاوە دەگرن کە هاوشانی گەشەی دیمۆگرافیە، چونکە ئەو ماوە مێژووییەی لە بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە ناوچەی لێکۆڵینەوە پێیدا تێپەڕیوە، بوەتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە ژمارەوگەشەی شارەکان.

٤- جیاوازیەکی بەرچاو هەیە لە دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان، واتە لە هەردوو ژینگەی شارو گوندا، مەڵبەندی شارنشینی ڕێژەی دانیشتوانی زۆرترە بە بەراورد لەگەڵ گوندەکان.

٥- کۆمەڵێك هۆکار کاریگەر بووە لەسەر جیاوازی کرداری گەشەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستان، بە پێی کات وشوێن، وەك هۆکاری سروشتی ودیمۆگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی وسیاسی.

٦- کاریگەری گۆڕانکاری سیاسی لەسەر دیاردەی شارنشینی چەند شێوازێك پیادەکراوە لە هەرێمی کوردستان کە کاریگەری نەرێنی هەبووە لەسەر دیاردەی شارنشینی لەلایەن دەستەڵاتداران وەك کۆکردنەوەی گوندەکان و هەڵمەتی ڕەوپێکردنی دانیشتوان و ڕێککەوتنامەی جەزائیری (١٩٧٥) ئەمانە کاریگەربوون ئاسەواری بێئومێدیان جێهێشت لەسەر دڵ و دەروونی تاکی کورد.

٧- دروست بوونی ناهاوسەنگیەکی زۆری ژینگەیی لەنێوان گوندو شارەکان بەهۆی ئەم دیاردەیەوە، هەروەك بزاوتێکی نەوەستاوی هێنا ئاراوە لەگەشەی شارنشینی لەسەر حیسابی گوندنشین، کە دواتر کاردانەوەی نێگەتیڤی جێ هێشتووە لەسەر سەرجەم بوارەکانی ژیان و کەرتی خزمەتگوزاری لەشارەکان، کە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو کاریگەریە خراپتر ڕەنگدیداوەتەوە.

## پێشنیار

لەبەر ڕۆشنایی باسەکانی پێشوو، دەتوانین ئەم پێشنیارانە بخەینەڕوو:-

١- بەکارهێنانی ڕێگای زانستی بۆ سەرژمێرکردنی دانیشتوانی شارەکان، چونکە ئەم داتا وئامارانە لە کاتی هەر پلانێکی پەرەپێدان سوودیان لێ وەردەگیرێ.

٢- لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە بوودجەیەك بۆ دانیشتوانی لادێیەکان تەرخان بکات لە ڕێگای بەخشینی یارمەتی وقەرزی بێ قازانج بۆ ئەوەی زیاتر یارمەتی جێگیربوونی دانیشتوانی لادێیەکان و ئاوەدانکردنەوەیان بدات.

٣- بەپارێزگاکردنی هەندێ لە قەزاکان،کە ژمارەی دانیشتوانی زۆرە بۆ نموونە قەزای سۆران، زاخۆ، ڕانیە بەمەبەستی ڕاییکردنی ئیش وکاری هاووڵاتیانی سنوری ئیدارییان، کەزەرەمەند بوون لەپرۆسە جۆراوجۆرانە.

٤- لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانە لە ڕێگای وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن، هەستێت بە دروستکردنی شاری پاشکۆیی نەك لەسەر حیسابی زەوی کشتوکاڵی، بەڵکو زیاتر لەو ناوچانە کە پیتی زەویەکەی کەمە و بەردەڵانە، لەپێناو کەمکردنەوەی قەرەباڵغی لەسەر شارەکان.

٥- کەمکردنەوەی جیاوازی خزمەتگوزاری نێوان شارو گوند و هاندانی گوندنشینان بۆ مانەوە لەپێناو هاوسەنگ کردنی نیشتەجێبوون وپەرەپێدانی بەرهەم و کاڵای خۆماڵی لەپێناو دامەزراندنی ئابووریەکی پتەو بۆ هەرێم.

## سەرچاوەكان

### یەكەم: سەرچاوە كوردییەكان

#### أ- كتێب

١. تالب، جەزا تۆفیق، بایەخی جیۆپۆلەتیكی دانیشتوانی هەرێمی كوردستان، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ١٩٩٩.

٢. حاجی، شۆرش، تەعریبی كەركوك سیاسەتی تەعریب لە دوو توێی هەشتا بەڵگەنامەدا، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣. غەفور، عەبدوڵڵا، ئەتنۆ دیمۆگرافیای باشوری كوردستان، چ٢، سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیجی كوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٤. غەفور، عەبدوڵڵا، جیۆگرافیای باشوری كوردستان، چاپخانەی رەنج، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٥. غەفور، عەبدوڵڵا، جوگرافیای كوردستان، چ٤، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥.

#### ب- گۆڤارەكان

١. ئیسماعیل، سلێمان عەبدوڵڵا، گۆرانكاری چەندێتی جێنشینە دێهاتیەكان لە هەرێمی كوردستانی عێراق، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٧)، هەولێر، ٢٠٠٠.

٢. شێخانی، ئازاد، ئەنفال لەناوچوارچێوەی قۆناغەكانی دروستكردنی ئۆردوگا زۆرە ملێیەكاندا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٢.

٣. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، خاسیەتەكانی دیمۆگرافی مەڵبەندە شارستانیەكان لە پارێزگای دهۆك، پاشكۆی گۆڤاری كاروان بۆ زانستی مرۆڤایەتی، ژمارە (١)،ساڵی یەكەم، بەرێوەبەرایەتی چاپخانەی رۆشنبیری لاوان، هەولێر،١٩٩٠.

٤. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، ڕەهەندی نەتەوەیی نیشتەجێ بونی عەرەب لە پارێزگای كەركوكدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٠)، هەولێر، ٢٠٠١.

٥. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، شارو كەنارەكانی شار لێكۆڵینەوەیەك لە چەمك و زاراوەكان، گۆڤاری مەدەنیەت، ژمارە (٤)، ساڵی یەكەم، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ١٩٩٩.

٦. محەمەد، خەلیل ئیسماعیل، لێكجیاكردنەوەی شوێنی شاڵاوەكانی ئەنفال لە هەرێمی كوردستانی عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (٢٤)، هەولێر، ٢٠٠٢.

#### ت- تێزەكان

١. شوانی، هیوا ئەمین جەلال، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ گەشەی شارنشینی لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧. (بڵاونەكراوەتەوە).

٢. عەلی، ساسان حیكمەت، شیكردنەوەیەكی جوگرافی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧. (بڵاونەكراوەتەوە).

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان**

**أ- کتێب**

١- الجنابي، صلاح حميد، جغرافية الحضر أسس وتطبيقات، مطبعة دار الكتب للطباعة والنشر، الموصل، ١٩٨٨.

٢- الدليمي، مالك و محمد العبيدي، التخطيط الحضري والمشكلات الانسانية، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٩٠.

٣- المظفر، محسن عبدالصاحب و عمر الهاشمي يوسف، جغرافية المدن مبادئ وأسس ومنهج ونظريات وتحليلات مكانية، دار صفاء للنشر والتوزيع، عمان- الأردن، ٢٠١٠.

٤- شريف، ابراهيم، الموقع الجغرافي للعراق وأثره في تاريخه العام حتى الفتح الاسلامي، مطبعة شفيق، بغداد، دون سنة الطبع.

٥- علي، يونس حمادي، مبادىء علم الديموغرافية، مطبعة جامعة بغداد، دون سنة الطبع.

٦- محمد، خليل اسماعيل، اقليم كوردستان العراق دراسات في التكوين القومي للسكان، مطبعة زانكو، ١٩٩٩.

٧- محمد، خليل اسماعيل، انماط الاستطان الريفي في العراق، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٨٢.

٨- محمد، خليل اسماعيل، الريف الكردستاني بين الماضي وتطلمات المستقبل، بحث غير منشورة.

٩- محمد، خليل اسماعيل، القضية الكردية في العراق وجود أم حدود، مطبعة جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٦.

١٠- الهيتي، صبري فارس و صالح فليح حسن، جغرافية المدن، مطبعة جامعة بغداد، ١٩٨٦.

**ب- گۆڤارەکان**

١- عبدالله، نشوان شكري، التباين المكاني لنمو سكان مدن اقليم كوردستان العراق، مجلة زانكو، عدد (٢٢)، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٤.

٢- محمد، خليل اسماعيل، اتجاهات النمو الحضري في محافظات منطقة الحكم الذاتي، مجلة الجمعية الجغرافية العراقية، عدد (١٤)، مطبعة العاني، بغداد، ١٩٨٤.

**ت- تێزەکان**

١- الحيدري، عبدالباقي عبدالجبار، الاثار الاجتماعية والديموغرافية للنمو الحضري في العراق محافظة أربيل نموذجا، اطروحة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية، جامعة تونس، تونس، ٢٠٠٢، (غير منشورة).

٢- هروري، نشوان شكري، التركيب التجاري لمدينة دهوك دراسة في جغرافية المدن، رسالة ماجستير، كلية الاداب، جامعة صلاح الدين، أربيل، ٢٠٠٢، (غير منشورة).

**پ- چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان**

١- وزاة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٦٥، لمحافظات أربيل، سليمانية، التأميم، دهوك، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٣.

٢- وزاة التخطيط، الجهاز المركزي للاحصاء، نتائج التعداد العام للسكان لسنة ١٩٧٧، لمحافظات أربيل، سليمانية، التأميم، دهوك، مطبعة الجهاز المركزي للاحصاء، بغداد، ١٩٧٨.

٣- جمهورية العراق، الجهاز المركزي للاحصاء، تقارير الحصر والترقيم المباني، المساكن و الأسر لسنة ٢٠٠٩، لمحافظات أربيل، السليمانية، كركوك ودهوك.

**پاشكۆی ژمارە (١)**

**دابەشبوونی شارەكانی هەرێمی كوردستان ساڵی ٢٠٠٩**




سەرچاوە: كاری توێژەران بە پشت بەستن بە: حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلان دانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاریو نەخشەسازی هەولێر، بەشی (GIS)، نەخشەی هەرێمی كوردستانی عێراق، ساڵی (٢٠٠٩).

## الملخص

### البعد السياسي لظاهرة التحضر في اقليم كوردستان

المدينة ظاهرة حضارية واجتماعية، ضرورية للبحث الجغرافي كظاهرة الجغرافية، ظاهرة النمو الحضري وظهور المدن الكبيرة لها علاقة بالتغير الديموغرافي و الاقتصادي و الاجتماعي و السياسي. حدث تغير كبير في مدن اقليم كوردستان ومن أهم تلك التغيرات حركة الهجرة الى المدن التي تسبب تطور هذه المراكز وارتفاع معدل النمو السكاني.

الهدف من هذا البحث هو اظهار العوامل التي لها أثر على نمو التحضر في مدن اقليم كوردستان ولاسيما في سنوات السبعينات و الثمانيات ولحد سنة ٢٠٠٩، ومن ابرزها العوامل السياسية. التي تمر بها اقليم كوردستان، حيث جاءت العوامل السياسية في المرتبة الاولى وأثر تأثيرا بالغا على نمو التحضر.

تتوزع خطة البحث على ثلاثة فصول يحتوى فصل الاول على تفاصيل نمو المدن في القديم والمعاصر، ويتكون من مبحثين، خصصت المبحث الاول للمفهوم و المصطلحات، و الثاني للبعد التاريخي لظاهرة التحضر، الفصل الثاني يتحدث عن التطور الديموغرافي لسكان المدن و الفصل الاخير يتناول تأثير التغير السياسي على ظاهرة التحضر وتأثير تلك الظاهرة على مستقبل السياسي والاقتصادى والاجتماعي في اقليم كوردستان. و في الختام سجلت ما توصلت اليه من النتائج والتوصيات.



## Abstract

### The political dimension of the phenomenon of urbanization in the Kurdistan Region

City phenomenon of cultural, social, geographical necessary to search geographical phenomenon, the phenomenon of urban growth and the emergence of big cities have to do to change the demographic and economic, social and political. A significant change in the cities of the Kurdistan Region has happened and the most important of those changes migration to cities that cause the development of these centers and high population growth rate.

The goal of this research is to show the factors that have an impact on the growth of urbanization in the cities of the Kurdistan Region, especially in the years of the seventies and eighties and reduce the year 2009, is the most prominent political factors. Experienced by the Kurdistan region, where political factors came first and the impact of a major impact on the growth of urbanization.

Distributed research plan on the three chapters contains the first chapter on the urban growth of the details in the ancient and the modern, and consists of two sections, devoted the first section of the concept and terminology, and the second after the historical phenomenon of urbanization, the second chapter talks about the demographic evolution of the urban population and the last chapter deals with the impact of political change the phenomenon of urbanization and the impact of this phenomenon on the political future of the economic and social in the Kurdistan region. In conclusion, it recorded its findings and recommendations.

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

KTRC 2005

دەستەی کوردستانی

بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان

KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندێتی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجەی شەهید و گوندی عەنەب و ئاستی شیاویان بۆ خواردنەوە

د. عطا محمد علاءالدين
زانکۆی سلێمانی
کۆلیجی زانستە مرۆییەکان
بەشی جوگرافیا

## پێشەکی

ئاوی خواردنەوە ئەو ئاوەیە دەتوانرێت بۆ خواردنەوە و شۆردنەوەی سەوزەوات و میوە و ئامادەکردنی خۆراك و خواردنەوە لەلایەن مرۆڤەوە بەکاربهێنرێت، و لەڕووی چۆنیەتیەوە تەواوەو بەخاوێنی و نەبوونی مادەی زیانبەخش و میکرۆب بوونی بڕێکی دیاریکراو لەخوێیە کانزاییەکان تیایدا دەناسرێتەوە، بەشێکی زۆری وڵاتانی جیهان چەند تایبەتمەندیەکیان بۆ ئاوی خواردنەوە داناوە، کەپشت بەڕێنمایی دەزگا و دەستە جیاجیاکانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەبەستێت بەتایبەت ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO. ئاشکرایە بەشێکی زۆری ئەو سەرچاوە ئاویانەی لەلایەن مرۆڤەوە بەکاردێت، هەندێك گوێزەرەوەی نەخۆشیان تێدایە، و دەبێتە هۆی نەخۆشی و کێشەی تەندروستی درێژخایەن، لەبەرئەوە دەوڵەتانی جیهان بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان کەئاوی خاوێن بۆ خواردنەوە لە شار و لادێکاندا دابین بکەن و بۆ خواردنەوە شیاوبن.

ناوچەی لێکۆڵینەوەش بریتیە لەشاری هەڵەبجە کەبەچڕی دانیشتوان دەناسرێتەوە لەگەڵ گوندی عەنەب بەدووری ٤,٥ کم لەشارەکە، ئاشکرایە چەندین کێشەی ژینگەیی لەناوچەکەدا دەرکەوتووە بەتایبەت ئەوانەی بەرەوڕووی سەرچاوە ئاوییەکانی ناوچەکە بەتایبەت ئاوی ژێرزەوی بووەتەوە، کەجێگەی باسکردن و گرنگی پێدانی توێژەرەکان ڕێکخراو و دەزگا پەیوەندیدارەکانن. هەر بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە بەناونیشانی (شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندێتی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجەی شەهید و گوندی عەنەب و ئاستی شیاویان بۆ خواردنەوە) ئەنجامدرا.

گرنگی لێکۆڵینەوەکەش لەوەدا دەردەکەوێت کەجەخت دەخاتە سەر لایەنێکی گرنگی ژینگەیی شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، بەهۆی دروستبوونی گۆڕان لەتایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی ئاوی بیری ناوچەکە کەبەپێی جیاوازی شوێن و کات لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا دروست دەبێت، و تیایدا کاریگەری هەردوو فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان لەسەر ئاستی بوونی ڕەگەزە پێکهێنەرەکان لەئاوی بیری ناوچەکە و کاریگەری لەسەر شیاویان بۆ خواردنەوە دەردەخات، جێگەی باسکردنە کەپێشتر هیچ لێکۆڵینەوەیەك بەم شێوە و ئاراستەیە لەسەر ناوچەکە ئەنجام نەدراوە.

لێکۆڵینەوەکەش ئامانجی خۆی هەیە لەڕووی دەرخستنی شیاوی ئاستی پێکهاتەکانی ئاوی بیری ناوچەکە بۆ خواردنەوە، و کاریگەری فاکتەرە سروشتی و چالاکیە مرۆییەکان لەسەر تایبەتمەندیەکانی ئاوی بیری ناوچەکە روون بکرێتەوە، بۆئەوەی ئەگەر کێشەیەك لەڕووی بەکارهێنانیانەوە بۆ خواردنەوە هەبێت دەستنیشان بکرێت و چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە.

سەبارەت بەرێگای کاری توێژینەوەکە نمونەکان دابەشکراوە بەسەر (١١) جێگای جیاوازدا، کە لەڕووی بەکارهێنانی زەویەکانیانەوە بەمەبەستی (نیشتەجێبوون و بازرگانی و ناوچەی سەوزایی) دەگۆڕێت، هەروەها هەریەکێك لەو شوێنانە لەڕووی تایبەتمەندیەکانی شوێن و جێگە و بەرزی و قوڵی بیرەکانەوە جیاوازن، هەروەها نموونەکان لە ساڵی (٢٠١٤) لەماوەی هەرچوار وەرزەکەدا وەرگیراوە. هەروەك لەخشتەی ژمارە (١)، وێنەی ژمارە (١) ئاماژەی بۆکراوە.

گریمانەی لێکۆڵینەوەش بەستراوەتەوە بەکاریگەری جیاوازی شوێن و کات لەسەر جیاوازی پێکهاتەی ئاوی بیری ناوچەکە، و پێویستە پرسیار بکرێت ئایا فاکتەرە سروشتیەکانی وەك جیۆلۆجی و بەرزو نزمی و رەگەزەکانی ئاووهەوا وەك جیاوازی پلەی گەرما و بڕی دابارین بەپێی وەرزەکانی ساڵ کاریگەریان لەسەر پێکهاتەی ئاوی بیری ناوچەکە دروستکردوە؟ و فاکتەرە مرۆییەکان لەڕووی کۆبوونەوەی دانیشتوان و چالاکی ئابووری و بەکارهێنانی زەوی و ناوچە سەوزاییەکان کاریگەریان لەم روەوە هەبووە؟ و ئایا بەم پێیە ئاستی رەگەزە کیمیاوی و فیزیاویەکان لەنمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەجێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر و بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت.

میتۆدی زانستی لێکۆڵینەوەکەش بریتیە لەمیتۆدی شیکاری و تیایدا نمونە بۆ ئاوی بیری ناوچەکە لەرێگای بەکارهێنانی کەموولەی تایبەتەوە وەرگیراوە. و پاشان لەتاقیگەدا شیکردنەوەی کیمیاوی و فیزیاویان بۆ ئەنجامدراوە و بەچەندین خشتە و شێوە و نەخشە ئەنجامەکانیان خراوەتەڕوو، و بەراوردکردنی ئەنجامەکان لەگەڵ ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO. لەگەڵ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەی زانستیەکان و بەکارهێنانی ئامێری GPS و بەرنامەی google earth بۆ دیاریکردنی شوێنی نمونەکان و دروستکردنی نەخشەکان.

چوارچێوەی گشتی لێکۆڵینەوەکەش بەگشتی شیکارکردنی ئەنجامی هەریەکێك لەرەگەزە کیمیاوی و فیزیاویەکانی پێکهاتەی نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەکە دەگرێتەخۆ، لەکۆتاییدا لەڕێگەی چەند دەرەنجام و پێشنیارێکەوە دەزگا پەیوەندیدارەکان لەکێشەکە ئاگادارکراونەتەوە و رێنمایی کراون بۆ ئەوەی رێوشوێنی گونجاو بگرنەبەر لەپێناو دابینکردنی ئاوی خواردنەوە و چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشە ژینگەیی و مەترسیانەی کەبەرەورووی بەکارهێنانی ئاوی بیری ناوچەکە دەبێتەوە.

**خشتەی (١)**

**شوێن و جێگەی وەرگرتنی نمونەکانی ئاوی بیر بە پێی بەکارهێنانی زەوی لەناوچەی لێکۆڵینەوە ساڵی ٢٠١٤**

| نمونە | شوێنی نمونەی وەرگیراو | بەرزی (م) | قووڵی (م) | بازنەی پانی | هێڵی درێژی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵگای زەمەقی | ٦٥٠ | ٣٢ | ٣٥° ١١´ ٥٩˝ | ٤٥° ٥٧´ ٥١˝ |
| ٢ | گەڕەکی شێخ اسماعیل | ٦٨٩ | ٢٥ | ٣٥° ١١´ ٨١˝ | ٤٥° ٥٨´ ٤٣˝ |
| ٣ | گەڕەکی پیر محمد | ٧٢٥ | ٤٠ | ٣٥° ١٠´ ٤٠˝ | ٤٥° ٥٩´ ٠٣˝ |
| ٤ | گەڕەکی جوولەکان | ٧٢٨ | ١٨ | ٣٥° ١٠´ ٥٨˝ | ٤٥° ٥٩´ ١٥˝ |
| ٥ | گەڕەکی کانی ئاشقان | ٧٣٤ | ١٨ | ٣٥° ١٠´ ١٧˝ | ٤٥° ٥٨´ ٥٩˝ |
| ٦ | گەڕەکی کانی شێخ | ٧٣٣ | ٢٥ | ٣٥° ١٠´ ١٣˝ | ٤٥° ٥٩´ ٢٦˝ |
| ٧ | گەڕەکی شەهیدان | ٧٢٧ | ٥٥ | ٣٥° ١٠´ ٣٦˝ | ٤٥° ٥٩´ ٤٢˝ |
| ٨ | گەڕەکی کانی قوڵکە | ٧٢٣ | ٣٨ | ٣٥° ١٠´ ٤٩˝ | ٤٥° ٥٩´ ٣١˝ |
| ٩ | کۆمەڵگای عەنەب | ٧٠٣ | ٣٥ | ٣٥° ١١´ ٣٠˝ | ٤٥° ٥٩´٤٩˝ |
| ١٠ | گوندی عەنەب ١ | ٧٤١ | ١٢ | ٣٥° ١٢´ ٢٩˝ | ٤٦° ٠٠´ ٥١˝ |
| ١١ | گوندی عەنەب ٢ | ٧٥٦ | ٢٠ | ٣٥° ١٢´ ٣٥˝ | ٤٥° ٠٠´ ٥٢˝ |

سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: بەکارهێنانی ئامێری GPS بۆ دیاریکردنی بەرزی و هێڵی درێژی و بازنەی پانی شوێنی نمونەکان لەناوچەی لێکۆڵینەوە.

**وێنەی (١)**

**شوێنی وەرگرتنی نمونەکانی ئاوی بیر لەشاری هەڵە بجە و گوندی عەنەب**




سەرچاوە: توێژەر پشت بەست بە: Google earth

خاسیەتە فیزیاویەکانی نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە:

**١- لێڵی العکورە Turbidity:**

لێڵی یەکێکە لەسیفەتە سروشتیەکانی ئاو، و کاریگەرە بەبڕی مادە هەڵواسراوەکانی ناوی، و ڕێگا لەتێپەڕبوونی تیشك دەگرێت بەناویدا تێپەڕێت. ئاشکرایە لێڵی یان ڕوونی ئاو پشت بەچەند هۆکارێك دەبەستێت، لەوانە بوونی قوڕ و سڵت و تەنە وردەکانی ناو ئاو (مادە ئۆرگانی و نائۆرگانیەکان)، یان بەهۆی ئاوی ئاوەڕۆکان، و داخوران بەهۆی ئاوەوە، و شیبوونەوەی قەوزە و گژوگیا و پاشماوەی ڕووەکی لەناو خەزانی ئاوەکان یان ڕووبەرە ئاویەکاندا و مانەوەیان بەشێوەی ترشە دوباڵیەکان و ئاوێتە ئەندامیەکان، هەروەها بڕێکی بەرزی ئاسن لەڕووبەرە ئاویەکاندا دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕەنگی سوور لەناو ڕووبەرە ئاویەکاندا بەتایبەت لەئاوی ژێرزەویدا و ئەو ئاوانەی کە دەکەونە ژێر کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئاوی سەرزەویەوە، هەروەها بڕ وجۆری دابارین، ڕامالین و جۆری خاکەکە و پێکهاتەی خاك و جیۆلۆجی ناوچەکە و بەرزونزمی ڕووی زەوی کاردەکەنە سەر لێڵی ئاو. چالاکیە مرۆییەکانیش کاریگەری خۆیان هەیە بەتایبەت لەکاتی خاوێنکردنەوە و چارەسەرکردنی ئاودا بەهۆی ئەو بڵقە هەوایانە و ئەو تەنانەی بەکاردێن لەکردارە جیاجیاکانی خاوێنکردنەوەدا وەکو (هایدروکسید، و جیر)، یان بەهۆی بەکارهێنانی کلۆر و ئەو پاشماوە ئەندامیانەی لەئاوەکەدا دەمێنێتەوە، هەروەها بەکارهێنانی ئاو لەبوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و خانووبەرە و چالاکی ڕۆژانە و بەکارهێنانەکانی ناوماڵ کاردەکاتە سەر بڕی لێڵی ئاوەکە.

بە گوێرەی ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی، ئاستی ڕێپێدراو بۆ لێڵی دەکەوێتە نێوان (٠-١) NTU* واتە NTU1 بەرزترین ئاستە بۆ لێڵی[1]. بەپێی ئەو دەرەنجامانەی کە لەتاقیگەوە دەستمان کەوتووە دەبینین تێکرای گشتیی لێڵی نمونەی ئاوی بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە NTU5.59، سەیری خشتەی ژمارە (٢) بکە.

سەبارەت بە تێکرای گشتی وەرزەکان بۆ لێڵی ئاوی بیری نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، وەك لەخشتەی (٢) دەبینین لەنێوان وەرزێك و یەکێکی تردا جیاوازی ئاشکرا هەیە، لە وەرزی بەهاردا بەرزترین ئاست تۆمار کراوە و دەگاتە NTU15.1 ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری بارانی بەخوڕ بەراورد بەوەرزەکانی تر، وەرزی هاوین بەپلەی دووەم دێت و دەگاتە NTU3.1، و پاشان وەرزی پایز دێت و دەگاتە NTU2.5 و لەکۆتاییدا وەرزی زستان دێت بەبڕی NTU1.7، کەم بوونەوەی ئاستەکەی لەوەرزی زستاندا دەگەڕێتەوە بۆ بوونی زیاتری بارانی لەسەرخۆ واتە نمە باران لەم بارودۆخەدا لێڵی کەمتر دروستدەبێت، لەکاتێکدا بەرزی ئاستەکەی لەهەردوو وەرزی هاوین و پایزدا دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و تێکەڵ بوونی قوڕ و لیتەی بنی بیرەکان لەگەڵ ئاوەکاندا بەتایبەت لەکاتی بەکارهێنان و سوود لێوەرگرتنیان. بەمجۆرە ئاستی گشتی لێڵی لەهەرچوار وەرزەکەدا بەرزە و بۆ بەکارهێنان دەستنادات بەتایبەت بۆ خواردنەوە، هەرچەندە دەتوانرێت لە کردارەکانی کشتوکاڵیدا بەکاربهێنرێت.

---

* NTU: کورتکراوەی Nephelometric Turbidity Unit یەکەی پێوانە کردنی لیلیە بە ئامێری Nephelometer.

[1] Elizabeth Myre & Ryan Shaw, The Turbidity Tube: Simple and Accurate Measurement of Turbidity in the Field, Department of Civil and Environmental Engineering, Master's International Program, Michigan Technological University, 2006, p.3. & EPA Guidance Manual, Turbidity Provisions, TURBIDITY IN SOURCE WATER, April 2009, p.1-7.

**خشتەی (٢)**

**تێکرای گشتی و وەرزی ئاستی لێڵی NTU لە نمونەکانی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجە و دەوروبەری**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکڕا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 0 | 16.84 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0 | 0.35 | 0 | 1.6 | 0 | 1.71 |
| بەهار | 0.78 | 0 | 0 | 0.19 | 0 | 0 | 0.24 | 1.5 | 0.3 | 163 | 0 | 15.1 |
| هاوین | 0 | 0 | 0 | 1.4 | 0 | - | - | 18.9 | 4.6 | - | 0 | 3.11 |
| پایز | 2.3 | 0 | 19.1 | 2.36 | 0 | 0 | 1 | 1.2 | 0 | 1.1 | 0 | 2.46 |
| تێکرا | 0.77 | 4.21 | 4.78 | 0.99 | 0 | 0 | 0.41 | 5.49 | 1.23 | 55.23 | 0 | 5.59 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

هەروەها ئـەنجامی لێڵـی نمونـەی ئـاوی بیرەکـان لەسـەر ئاسـتی هـەروەرزێك بەتـەنها، دەبیـنین جیـاوازی گـەورە لەنێوانیاندا هەیە. لەوەرزی زستاندا نمونەی ژمارە ١٠ و٢ ئاستەکان لـەبڕی ڕێپێـدراو زیـاترن و دەگاتـە NTU16.84 لەگونـدی عەنـەب و NTU1.6 لەگـەڕەکی شـێخ اسماعیـل، هۆکـاری قـووڵی شـوێنی بیرەکـان بـەپێی ناوچـەکانی دەوروبەریان هۆکاری سەرەکی بووە بۆ هاتنە خوارەوەی ئاو لەو ناوچانەوە بۆ سەریان، لەکاتێکدا قوڵی ئـەم بیرانـە لە ٢٥ مەتر تێپەڕنابێت، لەئەنجامدا بوونەتە هۆی زیاتر لێڵکردنـی ئـاوی بیرەکـان. جێگـەی باسـە لـەم وەرزەدا ئـاوی هەموو بیرەکانی تر لەڕووی لێڵیەوە بۆ خواردن دەستدەدەن و هیچ گرفتێکیان نییە، بەو پێیـەی ئاسـتی (سـفر) وەك کەمترین ئاستی لێڵی تێنەپەڕاندووە.

لەکاتێکدا لەوەرزی بەهاردا بەرزترین ئاست لەبڕی نمونـەی دووەمـدا دەبینرێـت و دەگاتـە NTU163، بەدوایـدا نمونەی چوارەم دێت و دەگاتە NTU1.5 کەهەردووکیان لەئاستی ڕێپێدراو زیاترن و بۆ خورادنەوە دەستنادەن، وەك دەزانین قووڵیان لە ٢٥مەتر زیاتر نابێت، بەڵام ئاستی لێڵی لەهەموو نمونەکانی تری ناوچەی لێکۆڵینەوە لەم وەرزەدا گونجاون و بۆ بەکارهێنان ڕێپێدراون و لە NTU1 کەمترە.

سەبارەت بەوەرزی هاوین، لەنمونەی ٤ بەرزترین ئاسـتی لێڵـی تۆمـارکراوە و دەگاتـە NTU18.9، هۆکارەکەشـی دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لەم وەزەدا، و بـوونی قوڕولیتـە لـەبنی بیرەکـەدا بووەتـە هـۆی زیـاتر لێڵکردنی ئاوی نمونە وەرگیراوەکە، پاشان هەردوو نمونەی ژمارە ٣ و٨ دێت کەهەردووکیان ئاستی لێڵیان بەرزە و بۆ خواردنـەوە دەسـتنادەن و دەگاتـە NTU4.6 بـۆ یەکـەمیان و NTU1.4 بـۆ دووەم، بـەرزی ئاسـتی لێڵـی لـەم دوو نمونەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ دەرهێنانی ئاو لەم بیرانەدا بەشێوەیەکی بەردەوام، سەرەرای دابـەزینی ئاسـتی ئاوەکـەیان بەگشـتی لـەم وەرزەدا، بـەڵام هەریەکـە لـەبیرەکانی نمونـەی ١ و٧ و٩ و١٠ و١١ لێڵیـان لەئاسـتی ڕێپێدراودایـە بـۆ خواردنەوە و هیچ گیروگرفتێکیان نییە، ئەمە لەکاتێکدا بیری نمونەکانی ٢ و٥ و٦ بەهۆی دابەزینی ئاوی ژێرزەوییـەوە لەم وەرزەدا و شکیان کردووە و نەتوانراوە نمونەیان لێوەربگیرێت.

سەبارەت بە وەرزی پایز بەهۆی دەستپێکردنی وەرزێکی نوێی بارانەوە کەمێك ئاو گەڕاوەتـەوە بـۆ نـاو بیرەکـان، بەڵام ئاستی ئاوی ژێرزەوی تێدا هەربەنزمی ماوەتەوە و دەبینین کاریگەریەکانیشی لە سەر دروستبوونی لیلی لەئاوی نمونەی بیرەکانی ناوچەکە زۆر بەئاشکرا دەردەکەوێت. وەك دەردەکەوێت ئاستی لیلی لەئاوی بیری نمونەی ژمـارە ٩ زۆر بەرزە و دەگاتە NTU19.1 کەبەهیچ شێوەیەك بۆ خواردنەوە دەسـتنادات. پاشـان نمونـەکانی ژمـارە ٨ و١١ و٤ و٢ دێـت و ئاسـتی رێپێـدراویان بـۆ لێڵـی تێپەرانـدوە و دەگاتـە NTU2.36، NTU2.3، NTU1.2، NTU1.1 بەدوایەکدا، وەك باسکرا بەرزی ئاستەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێـر زەوی و بـەکارهێنانی لەلایـەن مرۆڤەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکیە جۆربەجۆرەکانی رۆژانەیان. بەڵام ئاستی لێڵـی بـیری نمونـەکانی ژمـارە ١ و٣ و٦ و٧ و١٠ گونجاون و هیچ جۆرە گیروگرفتێکیان لەم بارەیەوە بۆ خواردنەوە نییە.

**شێوەی (١)**

**تێکرای وەرزی ئاستی لیلی NTU لە نمونەکانی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجە و دەوروبەری**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (٢).

بەشێوەیەکی گشتی دەبینین ئاوی بیرەکانی نمونەی ژمارە ١ لەگەرەکی زەمەقی لەباکووری ناوچـەی لێکۆڵینـەوە بەقووڵی ٣٢مەتر، و نمونەی ژمارە ٧ لەگەرەکی شەهیدان لەباشووری شارەکە بەقووڵی ٥٥ مەتر لەرووی لێڵیەوە هیچ گیروگرفتێکیان نییە، بەجۆرێك بەدرێژایی ساڵ بۆ خواردنەوە دەستدەدەن، و بەدوایاندا ئاوی بیرەکانی نمونەی ژمارە ٥ نمونەی ژمارە ٦ دێت کەبۆ خواردنەوە دەستدەدەن، پاشان بیرەکـانی تـر دێـت کـە لـەوەرزێك یـان زیـاتر لەسـاڵدا ئاستی لێڵیان بەرز دەبێتەوە و بۆ خواردن ناشێت کەپێویستە چارەسەریان بۆ بکرێت. لێرەوە دەگەینە ئـەوەی هـەتا بیرەکان قووڵتر بن کێشەی لێڵیان کەمتر دەبێتەوە و کەمتریش دووچاری و شکبوون دەبنەوە وەك چۆن لەنمونـەکانی ژمارە ٢ و٥ و٦ دا دەردەکەوێت کە لەوەرزی هاویندا وشکیان کردووە.

## ٢- توانای گەیاندنی کارەبایی Electrical Conductivity:

توانای گەیاندنی کارەبایی بریتیە لەتوانای ئاو بۆ تێپەربوونی شەپۆلە کارەباییەکان، و بەکاردێت بۆ پێوانـەکردنی بڕی خوێی تواوە لەئاودا، و ئاوی شیرین و ئاوی سوێری لەیەکتر پـێ جیادەکرێتـەوە[1]. توانـای گەیانـدنی کارەبـایش

[1] Masaki Hayashi, Temperature-electrical conductivity relation of water for environmental monitoring and geophysical data inversion, department of geology and geophysics, university of Calgary, Alberta, Canada. Environmental Monitoring and Assessment 96 , Kluwer Academic Publishers، Printed in the Netherlands, 2004, p. 119.

پەیوەستە بەبڕی خوێی تـواوە لەگیراوەكـەدا و هاوتایـە لەگـەڵ كـۆی مـادە ڕەقـەكانی نـاو ئاوەكـە TDS. لەڕووی كیمیاوییەوە توانای ئاوی شیرین بۆ گەیاندنی كارەبا زۆر لاوازە، لەكاتێكدا ئاوی سوێر توانای زۆرە، و ئەمـەش بـەپێی بڕ و جۆری ئەو خوێیەی كە تیایدایەتی دەگۆڕێت[1].

كۆی مادە تواوەكان TDS، بریتیە لەكۆی ئایۆنە سالب و موجەبەكان لەگیراوەیەكدا، و بە PPM پێوانە دەكرێت، ئایۆنە موجەبەكان بریتین لە(سۆدیۆم، پۆتاسیۆم، كالسیۆم، مەگنسیۆم) و ئایۆنە سالبەكانیش (كاربۆنات، كلۆریدات، كبریتـات، نـترات)ن. و بـڕی TDS لـەئاوی ژێرزەویـدا دەگاتـە ٣٥٠ملغـم/ لـتر[2]. بـەگوێرەی سـتانداردی ڕێكخـراوی تەندروسـتی جیهـانی (WHO) ئاسـتی گونجـاوی بـەكارهێنان بـۆ توانـای گەیانـدنی كارەبـایی بریتیـە لـە٣٠٠–٨٠٠ مایكرۆمۆز/ سم٣، و دوائاستی ڕێپێدراویش دەگاتە ١٥٠٠مایكرۆمۆز/ سم٣*. ئەو فاكتەرانەی كاریگەریان هەیـە لەسـەر توانای گەیانـدنی كارەبـایی زۆرن، كەئەمـەش لەكاتێكـەوە بـۆ كـاتێكی تـرو لـە پێكهاتـەی ئاوێكـەوە بـۆ یـەكێكی تـر دەگۆڕێـت، وەك كاریگـەریی مـادە ڕەقـە نائەندامیـەكانی نـاو ئاوەكـە (ئانیۆنـەكان و كاتیۆنـەكان)، هـەروەها مـادە ئەندامیەكانی وەك ڕۆن و گاز و نەوت و فینۆل و شەكر و مادە كحولیەكان كە بەشێوەیەكی باش شـەپۆلی كارەباییـان پیادا ناڕوات ئەگەر هاتوو لەپێكهاتەی ئاوەكەدا هەبن.

هەروەها توانای گەیاندنی كارەبایی كاریگەرە بەپلەی گەرمی ئاوی ئاسایی لەسروشتدا دوور لە كاریگەری چالاكیە مرۆییەكان (ئاوی ئاوەڕۆی شارەكان و كشتوكاڵ و پیشەسازی)، بەگشتی لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرمیدا توانـای گەیاندنی كارەبایی زیاد دەكات و بەپێچەوانەوەش راستە، هـەروەها پێكهاتـەی جیۆلـۆجی ناوچـەكان لەسـەر توانـای گەیاندنی كارەبایی ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی كاریگەرن، بۆ نمونە ئەو ناوچانەی پێكهاتەی بەردەكانی گرانیـت بێـت ئـەوا توانـای گەیانـدنی كارەبـایی لاوازە بـەهۆی ئـەوەی پێكهاتـەی ئـەم بـەردە بـۆ بـوون بـەئایۆن هێواشـە، بـەڵام لەپێكهاتەی قوڕیدا توانای گەیاندنی كارەبایی بەرزە، چونكە لەكاتی شتنەوەی بەئاودا زوو دەگۆڕێت بـۆ ئایۆنـەكانی، سەبارەت بەئاوی ژێر زەویش پێكهاتە و جۆری بەردە بنەڕەتیەكان هەمان كاریگەری جێدەهێڵێت[3].

سەبارەت بەنمونەكانی ناوچەی لێكۆڵینـەوە بـەپێی وەرزەكـان، لەخشـتەی ژمـارە (٣) بۆمـان دەردەكـەوێت، كـە ئاستی توانای گەیاندنی كارەبایی بەتێكرا لەهەرچوار وەرزەكـەدا لەیەكتریـەوە نـزیكن و هیچیـان ئاسـتی ڕێپێـدراویان تێپەرنەكردووە بەشێوەیەك گونجاوترین ئاستیان لەم ڕووەوە تۆماركردوە. لەخشتەكەدا دەردەكـەوێت نـزمترین ئاسـت لەوەرزی هاویندایە و دەگاتە ٦٦٨مایكرۆمۆز/ سم، بەدوایدا بەهار دێت و دەگاتە ٦٧٥مـایكرۆمۆز/ سـم، دواتـر وەرزی پایز بەئاستی ٧١٩مایكرۆمۆز/ سم، و بەرزترین ئاستیش دەكەوێتە وەرزی زستان و دەگاتە ٧٩٣مایكرۆمۆز/ سم.

---

[1] احمد السيد الخليل، المياه الجوفية والآبار، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة، ص٨١ و٨٢.

[2] دياري علي محمد امين المنمي، دراسة كيميائية وبيئية للمياه الجوفية في مدينة السليمانية وضواحيها، رسـالة ماجسـتير، جامعة بغـداد، كلية العلوم، قسم علم الارض، ٢٠٠٢، ص٥٥.

* توانای گەیاندنی كارەبایی بە (میكروموز/ سم$^{3}$) پێوانە دەكرێت ـ واتـە گەیانـدنی ١سـم$^{3}$ لـەئاو لەپلـەی گـەرمی $25^{\circ}$. سـەیركە (خليفـة درادكة، هيدرولوجية المياه الجوفية، دار محدلاوي، عمان، ١٩٨٧، ص٤٠٠).

[3] united states environmental protection agency, water monitoring and Assessment, last updated on Tuesday, march 6,2012.

### خشتەی (٣)

### تێکرای گشتی و وەرزی ئاستی توانای گەیاندنی کارەبایی (مایکروموز/ سم) لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 478 | 667 | 744 | 1632 | 463 | 637 | 840 | 996 | 753 | 954 | 560 | 793 |
| بەهار | 413 | 698 | 632 | 1318 | 399 | 500 | 717 | 940 | 558 | 772 | 475 | 675 |
| هاوین | 391 | 499 | 663 | 1320 | 400 | d | d | 971 | 483 | d | 614 | 668 |
| پایز | 404 | 555 | 675 | 1350 | 410 | 1070 | 606 | 1009 | 473 | 877 | 482 | 719 |
| تێکرا | 422 | 605 | 679 | 1405 | 418 | 736 | 721 | 979 | 567 | 868 | 533 | 721 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

### شێوەی (٢)

### تێکرای وەرزی توانای گەیاندنی کارەبایی مایکرۆمۆز/ سم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشت بەستبە خشتەی (٣).

هەروەها جیاوازی گەورە لەنێوان ئەنجامی توانای گەیاندنی کارەبایی نمونەی ئاوی بیرەکان لەسەر ئاستی هەروەرزێك بەجیا دەبینرێت، ئەگەر تێبینی خشتەی ژمارە (٣) بکەین دەبینین لەوەرزی زستاندا بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە ٨ دەبینرێت و دەگاتە ١٦٣٢مایکرۆمۆز/ سم، و سنوری ئاستی رێپێدراوی تێپەڕاندوە، پاشان بیری نمونەی ژمارە ٤ و٢ و٥ دێت، هەرچەندە ئاستەکەیان گونجاو نییە بۆ خواردنەوە بەڵام سنوری رێپێدراویان تێپەڕ نەکردوە و دەگاتە ٩٩٦مایکرۆمۆز/ سم بۆ یەکەم، و ٩٥٤ مایکرۆمۆز/ سم بۆ دووەمیان، و ٨٤٠ مایکرۆمۆز/ سم بۆ سێیەم، لەکاتێکدا ئاستی گەیاندنی کارەبایی لەنمونەکانی (١، ٣، ٦، ٧، ٩، ١٠، ١١) گونجاوە و هیچ گرفتێکیان بۆ خواردنەوە نییە، و دەکەونە نێوان ٣٠٠ بۆ٨٠٠ مایکرۆمۆز/ سم.

**خشتەی (٤)**

**تێکرای گشتی و وەرزی TDS مایکرۆمۆز/ سم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| تێکرا | 1 | 2 | 3 | 4 | 5 | 6 | 7 | 8 | 9 | 10 | 11 | وەرز |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 528.5 | 373 | 643 | 503 | 663 | 557 | 425 | 307 | 1085 | 493 | 445 | 319 | زستان |
| 449.7 | 317 | 516 | 370 | 629 | 473 | 333 | 267 | 879 | 423 | 463 | 277 | بەهار |
| 414.9 | 295 | dried | 309 | 621 | dried | dried | 256 | 845 | 424 | 319 | 250 | هاوین |
| 480.6 | 324 | 585 | 313 | 675 | 441 | 711 | 274 | 889 | 440 | 365 | 269 | پایز |
| 475.6 | 327.3 | 581.3 | 373.8 | 647 | 490 | 490 | 276 | 924.5 | 445 | 398 | 278.8 | تێکرا |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشت بەست: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

بەڵام لەوەرزی بەهاردا ئاوی بیرەکانی نمونەی ٨ و٤ هەرچەندە سنووری ڕێپێدراویان بۆ بەکارهێنان تێنەپەڕاندوە بەڵام ئاستەکەیان گونجاو نییە، لەبەرئەوەی توانای گەیاندنی کارەبایی تیایاندا دەگاتە ١٣١٨مایکرۆمۆز/ سم، ٩٤٠مایکرۆمۆز/ سم و زیاترن لە ٨٠٠مایکرۆمۆز/ سم، لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر ئاستی توانای گەیاندنی کارەباییان دەکەوێتە نێوان ٣٠٠ بۆ٨٠٠مایکرۆمۆز/ سم، و هەموویان لەئاستی ڕێپێدراودان و بۆ خواردنەوە گونجاون.

**شێوەی (٣)**

**تێکرای وەرزی TDS مایکرۆمۆز/ سم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (٤).

سەبارەت بەوەرزی هاوین دەبینین جارێکی تر نمونەی ژمارە ٨ و٤ ئاستی گونجاویان تێپەڕ کردوە و دەگاتە ١٣٢٠مایکرۆمۆز/ سم، و ٩٧١مایکرۆمۆز/ سم بەدوای یەکدا، بەڵام ئاوی بیری نمونەکانی تر بێجگە لەبیری نمونەی ژمارە (٢، ٥، ٦) کەوشکیان کردووە بەهۆی دابەزینی ئاوی ژێرزەوی لەم وەرزەدا بەتێکڕا دەکەونە ناو چوارچێوەی ئاستی گونجاو بۆ بەکارهێنان واتە لەنێوان ٣٠٠–٨٠٠مایکرۆمۆز/ سم. هەروەها لەوەرزی پایزدا دەبینین جارێکیتر نمونەی ئاوی بیری ژمارە ٨ بەبڕی ١٣٥٠مایکرۆمۆز/ سم، لەگەڵ هەریەکە لەنمونەکانی ژمارە ٦ بەبڕی

١٠٧٠مایکرۆمۆز/ سم، و نمونەی ژمارە ٤ بەبڕی ١٠٠٩مایکرۆمۆز/ سم، و نمونەی ژمارە ٢ بەبڕی ٨٧٧مایکرۆمۆز/ سم، هەرچەندە بۆ خواردنەوە بەکەڵك دێن بەڵام ئاستی گونجاویان تێپەڕاندووە، چونکە نابێت لە ٨٠٠مایکرۆمۆز/ سم زیاتربێت.

سەبارەت بەتێکرای گشتی نمونەکان سەیری خشتەی (٣) بکە، بۆ ماوەی هەرچوار وەرزەکە دەبینین نمونەی ژمارە ٨ و٤ و٢ ئاستی گونجاویان بۆ خواردنەوە تێپەڕکردووە، کەباشتر وایە ئاستی توانای گەیاندنی کارەباییان لە٨٠٠ مایکرۆمۆز/ سم زیاتر نەبێت، و ئاستی هەریەکەیان دەگاتە (١٤٠٥ و٩٧٩ و٨٦٨)مایکرۆمۆز/ سم بەدوای یەکدا، بەڵام سەرجەم نمونەکانی تر دەکەونە خوار ئەم ئاستەوە (٨٠٠ مایکرۆمۆز/ سم) و هیچ کێشەیەکیان لەم ڕووەوە نییە.

لەکاتێکدا پەیوەندی نێوان توانای گەیاندنی کارەبایی EC و مادە ڕەقە نەتواوەکانی ناو ئاو TDS کە پەیوەستن پێکەوە ئەوا دەتوانین بڵێین پەیوەندی ڕاستەوانە هەیە لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکەدا لەڕووی ئەو گۆڕانکاریانەی بەسەریاندا دێت. هەروەك لەخشتەی ژمارە (٤) و شێوەی ژمارە (٣) دیارە.

**خاسیەتە کیمیاوییەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە:**

**١- ترشێتی pH:**

بریتیە لەژمارەی هایدرۆجینی کەهێمایە بۆ ئاستی ترشێتی یان تفتێتی تێکرای ئایۆناتی ئاو. هەروەها پێوانەی ئاستی ترشێتی (واتە چڕی ئایۆنی هایدرۆجینی) لەشلە جیاوازەکاندا لەڕێگەی پێوانەکردنی ئایۆنی هایدرۆجینیەوە دەکرێت کە لەنێوان (٠-١٤) دایە، مادە هاوسەنگەکان وەکو ئاوی خاوێن ئایۆنی هایدرۆجینیەکەی ٧,٥، بەڵام شلە ترشەکان ئایۆنی هایدرۆجینیان لەنێوان (٠- ٦,٩) دایە، و هەرچی شلە تفتەکانیشە لەنێوان (٧,١- ١٤)دەبێت[1]. بەگوێرەی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاوی خواردنەوە پێویستە ئاستە ئایۆنیە هایدرۆجینیەکەی لەنێوان (٦,٥-٨,٥) بێت، هەروەها ئەو ئاوانەی کە ئاستی ئایۆنی هایدرۆجینیان لەدەرەوەی ئەم سنورەدایە ئەوا لەڕووی ژینگەییەوە بە پیسبوو دادەنرێن[2].

بەرزی ئاستی ترشێتی ئاو کاریگەریی خراپی هەیە لەسەر تەندروستی مرۆڤ، و کاردەکاتە سەر کونکردن و ڕزاندنی بۆری ئاو و داخورانیان. تفتێتیش دەبێتە هۆی دروستبوونی خوێیەکان لەوانە کاربۆنات و بیکاربۆنات و هایدرۆکسیدەکان و کلۆریدات، ئاشکرایە کە کاربۆنات و بایکاربۆناتی کالسیۆم و مەغنسیۆم ناسازی ئاو دروست دەکەن، بەڵام ئاوێتەکانی کلۆریدات و سولفات دەبنە هۆی سوێری ئاوەکان[3].

ئاشکرایە پلەی گەرمی و بوونی بیکاربۆنات و کالسیۆم کاریگەریان لەسەر بەرزکردنەوەی بەهای ئایۆنی هایدرۆجینی هەیە، واتە ئەو ناوچانەی پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکەیان کلسیە، ئەوا ئاستی ترشێتی تیایدا نزمە و

---

(1) حارث جبار فهد، عادل مشعان ربیع، التلوث المائي "مصادره، مخاطره، معالجته"، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الاردن-عمان،٢٠١٠، ص٣٨-٣٩.

(2) علي السعدي، اساسيات علم البيئة والتلوث، دار اليازوري العلوية للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٠٦، ص٣٥٠.

(3) فتحية محمد حسن، المشكلات البيئية، مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٠، ص٥٥- ٥٦.

زیاتر تفتە، هەروەها رووپۆشی ڕووەكی كاریگەریی هەیە لەسەر ئاستی ترشی یان تفتی لەئاودا، چونكە كرداری ڕۆشنەپێكهاتن كاردەكاتە سەر كەمكردنەوەی گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و پاشان كاردەكاتە سەر بەرزكردنەوەی ئایۆنی هایدرۆجینی، واتە تفتێتیی زیاد دەكات و هەركات برێكی زۆر لەگازی $CO_2$ بەكارهێنرا لەلایەن ڕووەكەكانی ئەو ناوچەیەوە، ئەوا كاردەكاتە سەر كەمكردنەوەی ترشێتی و زیادكردنی تفتی و بەپێچەوانەوەش راستە، جگە لەمە، تەنانەت قەوزەكانیش هەمان كاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی pHی ڕووبەرە ئاویەكان. واتە هەتا ئاستی گازی $CO_2$ زیاد بكات، ئەوا ترشێتی زیاددەكات و هەتا گازی $CO_2$ كەم ببێتەوە، ئەوا كاردەكاتە سەر كەمكردنەوەی ئاستی ترشێتی و تفتێتیی زیاد دەكات، ئاوی بارانیش كارلێك دەكات لەگەڵ گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆن و بەردی جیری و دەبێتە هۆی دروستبوونی ئایۆنی بیكاربۆنات و زیادبوونی تفتێتی ئاو. هەروەها چالاكیە مرۆییەكانیش كاریگەریان هەیە لەسەر ئاستی pH بۆ نمونە لەئاوی ئاوەڕۆی شارەكاندا هەموو جۆرەكانی پاكەرەوە وەك تاید و سابوون هەیە و كاردەكەنە سەر دابەزاندنی ئاستی pH واتە تفتی زیاد دەكات[1].

سەبارەت بەتێكرای نمونەكانی ئاو بیری ناوچەی لێكۆڵینەوە، ئەوا لەخشتەی ژمارە (٥)، بۆمان دەردەكەوێت كە تێكرای pH ئاوی بیرەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە دەگاتە ٧,٢ كەتارادەیەكی زۆر كەم نزیكە لەتفتیەوە، لەكاتێكدا لەسەر ئاستی تێكرای نمونەی شوێنەكانی ناوچەكە ئاستی pH دەكەوێتە نێوان (٦,٧–٧,٤) كە بەگشتیی شیاوی بەكارهێنانن و هیچ گرفتێك بۆ خواردنەوە دروست ناكات. سەبارەت بەجیاوازیی ئاستەكان بەگوێرەی وەرزەكان، ئەوا بەرزترین ئاست لەوەرزی هاویندایە و دەگاتە ٧,٤ بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی گازی $CO_2$ كەلەم وەرزەدا تفتی زیاد دەكات، و نزمترین ئاست لەوەرزی پایزدایە لەم وەرزەدا كەش و هەوا هەرچەندە ساردتر و شێدارترە بەڵام بەهۆی وەرینی گەڵای درەخت و ڕزینی پاشماوەی ڕووەكی لەلایەك و پاشماوەی بەكارهێنانەكانی خزمەتگوزاری ناو شارەكە و ڕۆچوونی لەگەڵ ئاوی باراناودا یان ئاوی بەكارهێنانی ناوماڵەكان و شوێنە خزمەتگوزاریەكان دەبێتە هۆی زیادبوونی گازی $CO_2$ تواوەتەوە لەئاوەكەدا، و بووەتە هۆی ئەوەی ئاستی pH دابەزێت و بگاتە ٦,٩ كەتارادەیەكی كەم كاریگەر بووە لەسەر بەرزكردنەوەی ترشێتی ئاوی نمونەی سەرجەم بیرەكانی شارەكە و دەوروبەری.

لەبارەی نمونەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوە، دەبینین لەوەرزی زستاندا نزمترین ئاستی لە هەردوو نمونەی ٥ و٢ دەبینرێت و دەگاتە تەنها ٧ كەهاوسەنگە و دەكەوێتە هەردوو گەرەكی شێخ اسماعیل و كانی ئاشقانەوە، بەرزترین ئاستیشی لەنمونەی ژمارە ٧ دەبینرێت و دەگاتە ٧,٥ لەگەرەكی شەهیدان و قوڵی بیرەكەی دەگاتە ٥٥مەتر و قوڵترین بیری نمونە وەرگیراوەكانی ناوچەی لێكۆڵینەوەیە، لێرەدا بوونی پێكهاتە كلسیەكان لەچینەكانی بیرەكەدا تارادەیەكی كەم كاریگەربووە لەسەر بەرزكردنەوەی ئاستی تفتێتی ئاوەكەی، و هەروەها كاریگەربووە بەزیادكردنی مادەی كلۆر لەئاوی بیرەكەدا. هەروەها تێكرای نمونەكانی تریش لەم وەرزەدا تارادەیەكی كەم تفتن و كاریگەریە

[1] دیاري علي محمد امین المنمي، مصدر سابق، ص٥٢. هەروەها
Kelly Addy, Linda Green, and Elizabeth Herron, pH and Alkalinity,URI WATERSHED WATCH, Cooperative ExtensionCollege of the Environment and Life Sciences (CELS) Department of Natural Resources Science (NRS) Coastal Institute in Kingston, July 2004, p2.

مرۆییەکان وەك زیادکردنی برێك کلۆر لەئاوی بیرەکاندا لەم رووەوە گاریگەری هەبووە، و ئاستەکەیان دەکەوێتە نێوان (٧,١ و٧,٤)، هەروەها بیری ئەم ناوچەیە بەبوونی بەردی کلسی لەچینەکانیدا دەناسرێتەوە[١].

جارێکیتر لەخشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەوەرزی بەهاردا بەرزترین ئاست دەکەوێتەوە هەمان نمونەی ژمارە ٧ لەگەرەکی شەهیدان و دەگاتە ٧,٦، و بەدوایدا بەئاستێکی زۆر کەمتر هەریەکە لەنمونەکانی ١ و٣ و٩ دێت و ئاستەکەیان دەگاتە ٧,٥ بۆ هەریەکێکیان، دواتر نمونەکانی ٦ و١٠ و١١ دێت و دەگاتە ٧,٤ بۆ هەریەکێکیان، پاشان نمونەی ژمارە ٨ دێت و دەگاتە ٧,٢ کەتفتی لەسەرجەم نمونەکانی تر کەباسکران کەمترە، لەکاتێکدا نمونەی پێنجەم دەگاتە ٧ و بەهاوسەنگیەکەی جیادەکرێتەوە. دواتر هەردوو نمونەی ژمارە ٢ و٤ دێت و دەگاتە ٦,٦ و٦,٩ بەدوایەکدا و بەترشێتی ئاوەکەیان دەناسرێنەوە، ئاشکراشە کەهەردوو نمونەکە دەکەونە سەنتەری شارەکەوە و بەشێوەیەکی رێژەیی بوونی گازی $CO_2$ تیادا بەراورد بەدەورووبەری زیاترە. بەگشتی تێکرای ئاوی بیر لەناوچەکە لەم وەرزەدا بەتفتێتیان دەناسرێنەوە.

**خشتەی ( ٥ )**

**تێکرای گشتی و وەرزی ئایۆنی هایدرۆجینی ( pH ) لە نمونەکانی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 7.3 | 7.4 | 7.4 | 7.1 | 7.5 | 7.2 | 7.0 | 7.1 | 7.4 | 7.0 | 7.4 | 7.3 |
| بەهار | 7.4 | 7.4 | 7.5 | 7.2 | 7.6 | 7.4 | 7.0 | 6.9 | 7.5 | 6.6 | 7.5 | 7.3 |
| هاوین | 7.5 | 7.4 | 7.4 | 7.1 | 7.6 | d | d | 7.3 | 7.5 | d | 7.5 | 7.4 |
| پایز | 6.9 | 6.9 | 6.9 | 6.7 | 7.0 | 6.7 | 6.6 | 6.5 | 6.9 | 6.4 | 7.0 | 6.9 |
| تێکرا | 7.3 | 7.3 | 7.3 | 7.0 | 7.4 | 7.1 | 6.9 | 7.0 | 7.3 | 6.7 | 7.4 | 7.2 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

ئاشکرایە وەرزی هاوین بەوەرزی نەمانی باران دەناسرێتەوە و بەگشتی ئاستی ئاوی بیری ناوچەکە زۆر کەمی کردووە یان بەتەواوەتی بەشێکی بیرەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە وشکی کردووە، و لەئەنجامدا رێژەی چڕی خوێیەکان زیادیکردوە و کاریگەری هەبووە لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی تفتێتی ئاوی بیری ناوچەکە کەناسراوە بەبوونی بەردی کلسی لەچینەکانیدا. وەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەرزترین ئاستی جارێکیتر دەکەوێتەوە نمونەی ئاوی بیری ژماری ٧ لەگەرەکی شەهیدان و دەگاتە ٧,٦ کەبەردەوام بەبەرزی تفتێتیەکەی دەناسرێتەوە، پاشان بیرەکانی ژمارە ١ و٣ و١١ دێت و تفتێتیەکەی دەگاتە ٧,٥ و پاشان نمونەکانی ٩ و١٠ دێت و دەگاتە ٧,٤ کەهەردووکیان دەکەونە گوندی عەنەب، و دواتر هەردوو بیری نمونەی ژمارە ٤ و٨ دێت بەبڕی ٧,٣ و٧,١ بەدوایەکدا، لەکاتێکدا بیرەکانی نمونەی ژمارە ٢ و٥ و٦ بەتەواوەتی لەم وەرزەدا وشکیان کردووە، و نەتوانراوە ئاویان لێوەربگیرێت.

[١] عطا محمد علاءالدین، قضاء هەڵەبجە دراسة في الجغرافية الأقليمية، جامعة السليمانية، كلية العلوم الأنسانية، قسم الجغرافية، ٢٠٠٧، ص١٥-١٦، رسالة منشورة.

شێوەی (٤)

تێكرای وەرزی ئایۆنی هایدرۆجینی (pH) لە نمونەكانی ئاوی ناوچەی لێكۆڵینەوە




سەرچاوە: كاری توێژەر پشتبەست بە: خشتەی (٥).

ئەگەر تێبینی خشتەی ناوبراو (٥) بكەین دەبینین ئاستەكان لە وەرزی پایزدا لەسەرجەم نمونەكاندا بەشێوەیەكی جیاواز دەردەكەوێت، و تەنها لەهەردوو نمونەی ژمارە ١ و٧ نەبێت كەئایۆنی هایدۆجینیان هاوسەنگە و دەگاتە ٧، كە بەقوڵی و بوونی ئاو تیایاندا لەهەرچوار وەرزەكەدا بەئاستێكی بەرزتر لەوانی تر جیادەكرێتەوە. لەكتێكدا لەهەموو نمونەكانی تردا ئاستەكەیان لە ٧ كەمترە و بەترشێتیان دەناسرێنەوە. وەك دەبینین نمونەكانی ژمارە ٣ و٩ و١٠ و١١ دابەزیون بۆ ٦,٩، و لەنمونەكانی ٦ و٨ دەگاتە ٦,٧، و لەنمونەی ٥ و٤ دەگاتە ٦,٦ و٦,٥ بەدوای یەكدا، ئەمە لەكاتێكدا لەنمونەی ژمارە ٢ تارادەیەك بەراورد لەگەڵ نمونەكانی تردا نزمترین ئاستی هەیە و دەگاتە تەنها ٦,٤ و دەكەوێتە گەرەكی شێخ ئیسماعیلەوە و قوڵی بیرەكەی لە ٢٥ مەتر تێپەڕ ناكات، كەبەگشتی دەگەرێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و كارلێكنەكردنی بەردی كلسی پێكهاتەی بیرەكان لەگەڵ گازی دووەم ئۆكسیدی كاربۆندا كەبەهۆیەوە تفتێتی ئاوەكەیان نزمترە.

## ٢- تفتێتی، ALK –Alkalinity:

سەرچاوەی تفتێتی ئاو بریتیە لەئایۆنی كاربۆنات و بایكاربۆنات، یان توانەوە و لابردنی ئایۆنەكانی هایدرۆجینە كەسەرچاوەی ترشێتین، یان توانای گیراوەیەكە بۆ هاوسەنگ كردنەوەی ترشێتی كەسەرچاوە سەرەكیەكانی ئایۆنی كاربۆنات و بایكاربۆنات و هایدرۆكسیدەكانە. سەرچاوەیەكی تری تفتێتی بریتیە لەگازی $CO_2$ ناو هەوا كەدەتوێتەوە لەئاودا و بەگرنگترین سەرچاوەی كاربۆنات و بایكاربۆنات دادەنرێت، و كرداری رۆشنەپێكهاتن كاریگەریی گەورەی هەیە لەسەر ئاستی تفتێتی ئاو. سەرەرای كاریگەریی ئۆكسانددنی مادە ئەندامیەكان و كرداری لابردنی (عملیە اختزال) نترات و نتریت بەهۆی مادە ئەندامی و بەكتریای تایبەت بەلابردنی نترات. هەروەها پێكهاتەی خاك و بەردەكان ئاوەرۆی ناوچەی نیشتەجێبوون و پیشەسازی لەكاتی بەكارهێنانی هەویری كۆنكرێتی لەكردارەكانی بیناسازیدا

کاریگەری لەسەر ئاستی تفتی هەیە. بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ئاستی گونجاوی تفتێتی ئاوی خواردنەوە دەکەوێتە نێوان ٨٠–١٢٠ ملگم/ لتر و بەرزترین ئاستیشی لە ٢٠٠ ملگم/ لتر تێناپەڕێت[1].

ئەنجامەکان لەخشتەی ژمارە (٦) ئەوە دەردەخەن، کەتێکرای گشتی تفتێتی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە ٢٠٧,٨ ملگم/ لتر، کە لەسەرووی ئاستی ڕێپێدراوە بۆ بەکارهێنان و سنووری ٢٠٠ ملگم/ لتر تێپەڕ کردووە. و سەبارەت بەتێکرای گشتی تفتێتی لەسەر ئاستی نمونەکانی ناوچەکە، لەخشتەکەدا دەبینین بەرزترین ئاستی دەکەوێتە نمونەی ژمارە (٤) لەگەرەکی جوولەکان لەسەنتەری شاری هەڵەبجە کەدەگاتە ٢٦١,٣ ملگم/ لتر، قووڵی بیرەکەی دەگاتە تەنها ١٨مەتر و فاکتەرە مرۆییەکان بەتەواوەتی کاریگەریان لەسەری جێهێشتوە، پاشان نمونەی ژمارە (٥) دێت لەگەرەکی کانی ئاشقان و دەگاتە ٢٥٧,١ ملگم/ لتر، پاشان هەردوو نمونەی ژمارە ٦ و٨ دێت و دەگاتە ٢٣٥,٦ ملگم/ لتر و ٢٠٤,٦ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، وەك دەردەکەوێت هەموو ئەم نمونانەی کە باسکران ئاستی ڕێپێدراویان تێپەراندوە. بەڵام نمونەکانی تر ئاستی تفتێتیان دەکەوێتە نێوان ١٥٦,٣ ملگم/ لتر و ٢٠٠ ملگم/ لتر، هەرچەندە لەئاستی ڕێپێدراودان بەڵام لەئاستی گونجاو ترازاون کەدەبێت لە ١٢٠ ملگم/ لتر تێپەڕنەکات. سەبارەت بەتێکرای تفتێتی هەریەك لەوەرزەکانیش، دەبینین لەوەرزی بەهار و پایزدا ئاستی ڕێپێدراویان تێپەراندوە و دەگاتە ٢٤٩,١ ملگم/ لتر، و ٢٠٠,٧ ملگم/ لتر بەدوایەکدا، لەکاتێکدا لەوەرزی هاوین و زستاندا لەئاستی گونجاو زیاترە و دەگاتە ١٩٦,٢ ملگم/ لتر و ١٧٩,١ ملگم/ لتر، بەڵام سنوری مەترسیداریان نەبەزاندووە.

**خشتەی ( ٦ )**

**تێکرای گشتی و وەرزی ALK لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 172.9 | 163.4 | 169.1 | 237.5 | 144.4 | 186.2 | 237.5 | 205.2 | 178.6 | 106.4 | 169.1 | 179.1 |
| بەهار | 228 | 247 | 224.2 | 321.1 | 190 | 235.6 | 305.9 | 304 | 266 | 191.9 | 226.1 | 249.1 |
| هاوین | 186.2 | 190 | 172.9 | 229.9 | 148.2 | dried | dried | 313.5 | 152 | dried | 176.6 | 196.2 |
| پایز | 212.8 | 199.5 | 207.1 | 153.9 | 142.5 | 191.9 | 228 | 222.3 | 186.2 | 281.2 | 182.4 | 200.7 |
| تێکرا | 200 | 200 | 193.3 | 235.6 | 156.3 | 204.6 | 257.1 | 261.3 | 195.7 | 193.2 | 188.6 | 207.8 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

بەڵام بەپێی وەرزەکان ئاستی هەریەك لەنمونەکانی ئاوی بیری ناوچەکە بەم شێوەیە دەردەکەوێت، بەرزترین ئاست لەوەرزی زستاندا دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٥ و٨ کەدەگاتە ٢٣٧,٥ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان لەهەردوو گەرەکەکانی کانی ئاشقان و کانی قوڵکە، پاشان نمونەی ژمارە ٤ دێت بەبڕی ٢٠٥,٢ ملگم/ لتر، کەهەرسێکیان ئاستی ڕێپێدراویان بۆ بەکارهێنان بەزاندوە و بەمەترسیدار دادەنرێت. وەك دەبینین بێجگە لەنمونەی ژمارە ٢ کەئاستێکی

---

(1) united state protection agency, Voluntary Estuary Monitoring, Manual Chapter 11: Ph and Alkalinity, March, 2006, p6. And William A.Wurts, Robert M. Durborow, interactions of PH, Carbon Dioxide, Alkalinity and Hardness in Fish ponds, south Regional Aquaculture Center, SRAC Publication No. 464, December 1992, p1-3.

گونجاوی تۆمارکردوە و دەگاتە نزمترین ئاستی نمونەکانی ناوچەکە و ١٠٦,٤ ملگم/ لتر تێپەڕناکات، سەرجەم نمونەکانی تر لەم وەرزەدا هەرچەند نەگەشتوونەتە ئاستی مەترسیدارەوە بەڵام ئاستی گونجاویان بۆ تفتێتی تێپەراندوە، کەنابێت لە ١٢٠ ملگم/ لتر زیاتر بێت.

**شێوەی (٥)**

**تێکرای وەرزی AKL لە نمونەکانی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە: خشتەی (٦).

بەڵام ئاستەکان لە وەرزی بەهاردا بەتێکرا لەهەموو نمونەکانی ناوچەکەدا بەرز دەبنەوە، و بەپلەیەکی گەورە ئاستی ڕێپێدراو دەبەزێنن و دەگاتە ٣٢١,١ ملگم/ لتر. تەنها لەهەردوو نمونەی ٢ و٧ نەبێت کەدەگاتە ١٩١,١ ملگم/ لتر، و ١٩٠ ملگم/ لتر کەئەوانیش تفتێتیان لەئاستی گونجاو زیاترە. لەکاتێکدا لەوەرزی هاویندا نمونەی ژمارە ٤ و٨ ئاستی تفتێتیان بەرزە و ئاستی مەترسیداریان تێپەراندوە و گەشتوەتە ٣١٣,٥ ملگم/ لتر و ٢٢٩,٩ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا. لەکاتێکدا نمونەکانی تر تفتێتیان جارێکیتر لەئاستی گونجاو زیاترە یان و شکیان کردوە. هەرچی وەرزی پایزیشە بەتێکرا لەسەرجەم نمونەکاندا بەبەرزی ماوەتەوە و دەبینین نمونەکانی ژمارە ٢ و٤ و٥ و٩ و١١ تفتێتیان ئاستی مەترسیدری بەزاندوە، کەنابێت لە٢٠٠ ملگم/ لتر زیاتربێت، و نمونەکانی تر بەتێکرا ئاستی تفتێتیان بۆ بەکارهێنان گونجاو نییە، هەرچەندە نەگەشتوونەتە ئاستی مەترسیدارەوە، بەڵام لە ١٢٠ ملگم/ لتر زیاترن.

### ٣- مەگنسیۆم $Mg^{++}$:

ڕەگەزی مەگنسیۆم یەکێکە لەهۆکارەکانی ناسازی ئاو، ناسازی ئاستی توانای ئاوە لەکاتی کرداری کارلێکردنی لەگەڵ سابووندا، و توانای کەفکردن لەئاودا کەمدەکاتەوە. بەگشتی سەرچاوەکانی مەگنسیۆم سروشتین و هەمەجۆرن، بەپلەی یەکەم لەو پێکهاتانەی کەبەردی نیشتون بەتایبەت لەوانەی کە بەردی جیری و تەباشیرین دروست دەبێت یان لەکانزا ئاسنینە مەنگەنیزیەکانی وەك "ئۆلیفین، بیرۆکسین و میگای ڕەش"، کە لەبەردی ئاگریندا بونیان هەیە، و کانزاکانی کلورایت و سەرپەنتین لەبەردی گۆڕاودا هەیە. لەکاتێکدا سەرچاوە مرۆییەکانی ڕەگەزی مەگنسیۆم بەزۆری لەپێکهاتەی کەرەستە پاکەرەوەکاندا بوونیان هەیە[1].

[1] Background Document For Development Of WHO Guidelines For Drinking-Water Quality, Hardness In Drinking-Water, WHO/HSE/WSH/10.01/10/Rev/1, World Health Organization 2011, P1.

زۆری ڕێژەی مەگنسیۆم کار لەتەندروستی مرۆڤ دەکات لەڕووی کاریگەری لەسەر ڕیخۆڵە کوێرە، زۆری ئاستی مەگنسیۆم کاریگەری خراپ دەکاتە سەرچالاکی ئەنزیمەکانی لەش، و چالاکی کۆئەندامی میزکردن لاواز دەکات، هەروەها کار لەچالاکی دڵ دەکات و لێدانی دڵ خێرا دەکات[1]. لەکاتێکدا ئەوا مەگنسیۆم پێویستە بۆ دروستبوونی مادەی کلۆرۆفیلی پێویست بۆ گەشەی ڕووەك، و کار دەکاتە سەر کەمکردنەوەی کاریگەریە خراپەکانی سۆدیۆم[٢].

ئەوەی پێویستە ئاماژەی بۆ بکەین لەبارەی ئاستی ڕێپێدراوی ڕەگەزی مەگنسیۆم بۆ خواردنەوە هەروەك ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی دیاریکردووە، ئەوا ٣٠–١٥٠ ملگم/ لتر ئاستێکی گونجاوە، سەبارەت بە ئاستی گشتیی ناوچەی لێکۆڵینەوە، سەیری خشتەی ژمارە (٧) بکە، ئەوا دەبێت ئاماژە بەوەبدەین کەئاستی گشتی ناوچەکە دەگاتە ٢٧,٩٩ ملگم/ لتر، کە بەجیاوازیەکی کەم لەئاستی گونجاو کەمترە، بەڵام تێکراکانی بەپێی وەرزەکان بەرزترین ئاستی دەکەوێتە وەرزی پایزەوە و دەگاتە ٣٧,٢٨ ملگم/ لتر، بەهۆی دابەزینی ئاستی ئاوی ژێر زەوی لەناوچەکەدا، لەکاتێکدا نزمترین ئاستی دەکەوێتە وەرزی زستان، و لە ٢٣,٧٢ ملگم/ لتر تێناپەڕێت، ئەمەش بۆ زۆربوونی ئاستی ئاوی ژێرزەوی و هەروەها تەواو نەتوانەوەی ڕەگەزی مەگنسیۆم لەم وەرزەدا دەگەڕێتەوە، هەروەها لەهەردوو وەرزی بەهار و هاویندا بەکەمتر لەئاستی گونجاو دەردەکەون و لە ٢٦,٥٢ ملگم/ لتر و ٢٤,٢٥ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا تێناپەڕێت.

سەبارەت بەتێکرای هەریەك لەنمونەکانی ئاوی بیری ناوچەکە لەتەواوی ماوەی وەرگرتنی نمونەکاندا، ئەوا بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە ٩ دەبینرێت لەکۆمەڵگای عەنەب و دەگاتە ٤٩,٠٥ ملگم/ لتر، کەئەمەیان زیاتر کاریگەربووە بەپاشماوەی مادده پاککەرەوەکان کەلەلایەن دانیشتوانی دەوروبەری بیرەکەوە بەکاردێت بەتایبەت بیرەکە لەناوچەیەکی کراوەدایە و پاشماوەی بەکارهاتوو لەلایەن ماڵەکانی دەوروبەریەوە تیادا فرێدەدرێت و تارادەیەك بووەتە ناوچەی خۆڵوخاشاك و ئاوەکەشی لەلایەن ماڵەکانی دەوروبەریەوە بەکاردەهێنرێت. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاستی گونجاوی تێپەڕنەکردووە. پاشان هەریەك لەنمونەکانی ژمارە ٢ و١٠ و٤ دێت و ئاستەکەیان دەگاتە ٤٠,٥٧ ملگم/ لتر، و ٣٦,٧ ملگم/ لتر و ٣٤,٣ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، پاشان بەئاستێکی کەمتر ئاوی بیری نمونەکانی ژمارە ١١ و٨ و٧ دێت و دەگاتە ٢٨,٢ ملگم/ لتر و ٢٦,٠١ ملگم/ لتر و ٢٤,٠٣ ملگم/ لتر بەدوایەکدا، کەتێکرا هەموویان کاریگەرن بەفاکتەرە مرۆییەکان و فاکتەرە سروشتیەکان بەتایبەت کەدەوروبەری نمونەکان بەدارودرەخت دەورەدراوە. هەروەها بەئاستێکی کەمتر لەوان نمونەکانی ژمارە ٣ و٥ و٦ و١ دێت، و ئاستیان دەگاتە (١٨,٧٥ و ١٨,٢٣ و١٦,١ و١٥,٩٥) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، کەبەراورد بەسەرجەم نمونەکانی تر کاریگەری فاکتەرە سروشتی و مرۆییەکان لەسەریان کەمترە. وەك دەردەکەوێت هەموو ئەو نمونانەی کە مەگنسیۆم تیایاندا لەئاستی پێویست کەمترە، واتە نابێت لە ٣٠ ملگم/ لتر کەمتر بێت، پێویستە لەرێگەی مادده خۆراکیەکانەوە لەڕووی تەندروستیەوە پڕبکرێتەوە.

[1] Nicoleta Delia Vieru, Narcis Paul Vieru, Levels Of Magnesium, Calcium And Other Inorganic Compounds In Water Of The Wells In Rural Areas Of Botoşani County, Present Environment And Sustainable Development, Nr. 4, 2010, P 400.

[٢] خليفة درادكة، هيدرولوجية المياه الجوفية،، هيدرولوجية المياه الجوفية، دار محدلاوى، عمان،١٩٨٧، ص٤٠٣–٤٠٤.

**خشتەی (٧)**

**تێکرای گشتی و وەرزی مەگنسیۆم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 39.7 | 32.4 | 32.8 | 28.5 | 19.4 | 13.8 | 26.7 | 22.8 | 12.5 | 13.8 | 18.5 | 23.72 |
| بەهار | 14.2 | 36.7 | 30.2 | 64.8 | 25 | 12.9 | 10.8 | 25.9 | 8.64 | 51.8 | 10.8 | 26.52 |
| هاوین | 26.5 | 23.7 | 57.6 | 6.4 | 12.9 | dri | dri | 32.4 | 21.6 | dried | 12.9 | 24.25 |
| پایز | 32.4 | 54 | 75.6 | 4.32 | 38.8 | 21.6 | 17.2 | 56.1 | 32.4 | 56.1 | 21.6 | 37.28 |
| تێکرا | 28.2 | 36.7 | 49.05 | 26.01 | 24.03 | 16.1 | 18.23 | 34.3 | 18.79 | 40.57 | 15.95 | 27.99 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بە ئەنجامی هەریەك لەنمونەکان بەپێی وەرزەکان، لەهەمان خشتەی (٧) دەبینین، کەسەرەتا لەوەرزی زستان ئاستە بەرزەکان لەنمونەی ژمارە ١١ و٩ و١٠ دەردەکەوێت، و دەگاتە (٣٩,٧ و٣٢,٨ و٣٢,٤) ملگم/ لتر کەهەموویان لەئاستی گونجاودان و فاکتەرە مرۆییەکان لەم ڕووەوە کاریگەر بوون، بێجگە لەوەی کە دەکەونە ناوچەی باخ و بێستانەوە و بووەتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی مەگنسیۆم تیایدا. بەڵام سەرجەم نمونەکانی تر لەم وەرزەدا کەنزمترینیان لەنمونەی ژمارە ٣ دەبینین و دەگاتە ١٢,٥ ملگم/ لتر، بەهۆی بوونی باران و لێزمە و کەمبوونەوەی کاریگەری چالاکیە مرۆییەکان بەتێکرا لەم وەرزەدا ئاستی کەمتریان لەپێویست تۆمارکردوە و ناگاتە ٣٠ ملگم/ لتر.

سەبارەت ئەنجامی نمونەکان بەپێی وەرزی بەهار، دەبینین نمونەی ژمارە ٨ بەرزترین ئاست تۆمار کراوە و دەگاتە ٦٤,٨ ملگم/ لتر، کەدەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان، هەروەها ئاستەکان لەنمونەکانی ژمارە ٢ و ١٠ و٩ بەرزن و لەئاستی گونجاودان بۆ خواردنەوە، ئەمەش بەراورد بەنمونەکانی تر (٤، ٧، ١١، ٦، ٥، ١) کە لەئاستی گونجاو کەمترن و کەمترینیشی لەنمونەی ژمارە ٣ تۆمارکراوە و دەگاتە نزیکەی ٨,٦٤ ملگم/ لتر ئەمەش بۆ ئەوپەڕی کەمبوونەوەی کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان لەسەر ئەم نمونەیە بەتایبەت و ئەوانی تر بەگشتی دەگەڕێتەوە.

بەڵام ئەنجامی هەریەك لەنمونەکان بەپێی وەرزی هاوین، بەرزترین ئاستی لەنمونەی ژمارە ٩ لەکۆمەڵگای عەنەبدا دەبینین، و لەئاستی گونجاودایە بۆ خواردنەوە و دەگاتە ٥٧,٦ ملگم/ لتر، لێرەدا کاریگەریە مرۆییەکان ڕۆڵی گەورەیان هەبووە، بەتایبەت کەئەم بیرە بووەتە ناوچەی فرێدانی خۆڵوخاشاك. پاشان نمونەی ژمارە ٤ دێت و لەئاستی گونجاودایە بۆ خورادنەوە و دەگاتە ٣٢,٤ ملگم/ لتر. لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر ڕێژەکەیان لەئاستی گونجاو کەمترە و کەمترینیشی دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٨ لەگەرەکی کانی قوڵکە کەدەگاتە ٦,٤ ملگم/ لتر، کەمی ئاستی مەگنسیۆم لەم نموونانەدا دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان. لەکاتێکدا دەبینین نمونەکانی ژمارە ٢ و٥ و٦ لەم وەرزەدا وشکیان کردوە و نەتوانراوە نمونەیان لێوەربگرین.

**شێوەی ( ٦ )**

**تێكرای وەرزی مەگنسیۆم لە نمونەكانی ئاوی بیری ناوچەی لێكۆڵینەوە**




سەرچاوە: كاری توێژەر پشتبەست بە: خشتەی (٧).

سەبارەت بـەوەرزی پـایز دەبینین ئاسـتی ئـاوی ژێرزەوی لەتـەواوی ناوچـەكەدا دابـەزیوە، هەرچـەندە لەهـەموو نمونەكاندا ئاستی ئاو بەهەمان پلە كـەم نابێتـەوە، چـونكە لەلایەكـەوە قـووڵی بیرەكـان جیـاوازە و لەلایـەكی تـرەوە ئەنجامدانی چالاكیە مرۆییـەكانیش لەسـەر ئـەو بیرانـە وەك یـەك نـین و كـار لەبنچینـەی ئاسـتی ئاوەكـە لەبیرەكانـدا دەكەن، دەبینین ئاستەكان لەسەرجەم نمونەكاندا بەرزبووەتەوە بێجگە لەنمونـەی ژمـارە ٨ لەگـەرەكی كـانی قوڵكـە كەلەم وەرزەدا بۆ نزمترین ئاستی دابەزیوە و گەشتوەتە ٤,٣٢ ملگم/ لـتر. لەكاتێكـدا بـەرزترین ئاسـتی لـەم وەرزەدا لەنمونەی ژمارە ٩ دەبینرێت و گەشتووەتە ٧٥,٦ ملگم/ لـتر، و بەدوایـدا نمونـەی ژمـارە ٢ و٤ و١٠ و٧ و٣ و١١ دێـت، لەئاستی گونجاودان و بۆ بەكارهێنان شیاون، چونكە ئاستی مەگنسیۆم بـۆ هەریـەكێكیان لـە ٣٠ ملگم/ لـتر زیـاترە. ئەمەش بۆ فاكتەری كەم بوونەوەی ئاستی ئاو لەم ناوچانەدا و چڕبوونەوەی ئاستی خوێیەكان دێت جگە لەكاریگەریی ناوچـەیی بەتایبـەت كاریگەریـە مرۆییـەكان. بـەڵام نمونـەكانی ژمـارە ١ و٦ وە ٥ ئاسـتی مەگنسـۆم تیایانـدا بـۆ كـەمتر لەئاستی گونجاو بۆ بەكارهێنان دابەزیوە، هەرچەندە ڕێژەكەیان بەراورد بەوەرزەكانی تـر زیـاترە، جـارێكیتر سـەیری خشتەی (٧) بكە.

بەشێوەیەكی گشتی و ئەوەی تایبەتە بـەئاوی بـیری ناوچـەی لێكۆڵینـەوە، بـەپێی داتاكـان بۆمـان دەردەكـەوێت بێجگە لەچوار نمونەی ئاوی بیری ناوچەكە، تەواوی نمونەكانی تر كەدەكاتە حەوت نمونە لەئاستی ڕێپێدراو و گونجـاو كەمترن، بەتێكڕا هۆكارەكـەی بـۆ كـەمی ئـەو سەرچـاوە سروشـتیانە دەگەڕێتـەوە كەهـەڵگری ڕەگـەزی مەگنسـیۆمن لەپێكهاتەی جیۆلۆجی ناوچەكەدا و ئەمەش كاریگەری هەبووە لەسەر كەمی بوونی ڕەگـەزی مەگنسـیۆم لەنمونـەكانی ئاوی بیری ناوچەی لێكۆڵینەوە. و لێرەدا پێویستە بوترێت كەبـەرزی ئاسـتی تێكراكـان لەهـەر چـوار نمونەكـەی تـردا كەباسكران زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ بەرزی كاریگەری فاكتەرە مرۆییەكان.

**٤- كالسیۆم، $Ca^{++}$:**

ئەوەی پێویستە ئامـاژەی بـۆ بكـەین لـەبارەی ئاسـتی ڕێپێـدراوی ڕەگـەزی كالسـیۆم بـۆ خواردنـەوە، ڕێكخـراوی تەندروستی جیهانی ٧٥-١٠٠ ملگم/ لتر بەئاسـتی گونجـاو بـۆ خواردنـەوە دادەنێـت، و بـەرزترین ئاسـتی ڕێپێـدراویش بە٢٠٠ ملگم/ لتر دیاردەكات. سەبارەت بـە ئاسـتی گشـتیی ناوچـەی لێكۆڵینـەوە، بەئاشـكرا دەردەكـەوێت كەئاسـتی

گشتی ناوچەکە دەگاتە ٤٣,١ ملگم/ لتر، کەتارادەیەکی زۆر لەئاستی گونجاو کەمترە، سەیری خشتەی (٨) بکە. کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی جیۆلۆجی ناوچەکە کەبریتیە لەنیشتەنیەکانی سەردەمی نوێ کەبەئەندازەیەکی کەم کالسیۆمیان تێدایە[1]، و هەروەها ڕەگەزەکە بەپلەی دووەم کاریگەرە بەپیسی و ئاوەڕۆی ماڵانەوە کەرێژەیەکی کەم لەخۆیەکانی کالسیۆم بۆ ئاوی بیرەکان زیاد دەکات بەتایبەت لەو شوێنانەدا کەئاوی ئاوەڕۆ تێکەڵ بەئاوی بیرەکان دەبێت. لەکاتێکدا تێکراکانی کالسیۆم لەئاوی بیرەکانی ناوچەکەدا بەپێی وەرزەکان بەرزترین ئاستی دەکەوێتە وەرزی زستان و پایزەوە و دەگاتە ٤٧,٣ ملگم/ لتر و ٤٥,٧ ملگم/ لتر بەدوایەکدا. لەکاتێکدا نزمترین ئاستی دەکەوێتە وەرزی هاوین و بەهار و دەگاتە ٣٩,٥ ملگم/ لتر و ٣٩,٩ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، وەك دەبینین لەسەرجەم وەرزەکاندا لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە کەمترن و ناگاتە ٧٥ ملگم/ لتر.

سەبارەت بەتێکرای هەریەك لەنمونەکان لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، دەبینین بەرزترین ئاست لەنمونەی ژمارە ٨ تۆمارکراوە لەگەڕەکی کانی قوڵکە و دەگاتە ١٢٢,٨ ملگم/ لتر، هەرچەندە ئاستی ڕێپێدراوی نەبەزاندوە بەڵام لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە زیاترە، ئەمەش بەهۆی قووڵی بیرەکەیە بەراورد بەنمونەکانی تر کەزیاترە لە٥٥مەتر، بەڵام تێکراکانی سەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە کەمترن و دەکەونە نێوان ٢٠,١ ملگم/ لتر لەگوندی عەنەب کەکەمترین کاریگەری ئاوی ئاوەڕۆی لەسەر دروستبووە، و ٥٢,٧ ملگم/ لتر لەگەڕەکی شێخ اسماعیل.

**خشتەی (٨)**

**تێکرای گشتی و وەرزی کالسیۆم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 26.1 | 29.1 | 39.7 | 154.5 | 32 | 30 | 36.8 | 39.7 | 42.6 | 53.3 | 36.8 | 47.3 |
| بەهار | 21.3 | 29.1 | 41.7 | 100.9 | 18.4 | 20.4 | 43.7 | 45.6 | 32.0 | 52.4 | 33.0 | 39.9 |
| هاوین | 14.5 | 19.4 | 48.5 | 116.4 | 24.2 | dried | dried | 34.9 | 29.1 | dried | 29.1 | 39.5 |
| پایز | 18.4 | 21.3 | 44.6 | 119.3 | 22.3 | 85.3 | 33.9 | 51.4 | 24.2 | 52.3 | 30 | 45.7 |
| تێکرا | 20.1 | 24.7 | 43.6 | 122.8 | 24.2 | 45.2 | 38.1 | 42.9 | 32.0 | 52.7 | 32.2 | 43.1 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

هەروەها ئەنجامی هەریەك لەنمونەکان بەپێی وەرزەکان، لەخشتەکەدا جارێکیتر دەردەکەوێت، کە بەرزترین ئاست لەوەرزی زستاندا دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٨ و دەگاتە ١٥٤,٥ ملگم/ لتر، ئەمەش بەرزترین ئاستی کالسیۆمە لەسەرجەم نمونەکانی ناوچەکە لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا و ئاستی ڕێپێدراوی نەبەزاندوە. لەکاتێکدا نزمترین ئاستیشی دەکەوێتە نمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب و دەگاتە ٢٦,١ ملگم/ لتر، کەئەمەشیان لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە

[1] عطا محمد علاءالدین، قضاء هەڵەبجە دراسة في الجغرافیة الأقلیمیة، جامعة السلیمانیة، کلیة العلوم الأنسانیة، قسم الجغرافیة، ٢٠٠٧، ص١٥–١٦، منشورة.

کەمترە، و هەروەها سەرجەم نمونەکانی تریش لەم وەرزەدا بەتێکرا ئاستێکی کەمتر لەپێویستیان بۆ خواردنەوە تۆمارکردوە کەپێویستە بگاتە زیاتر لە ٧٠ ملگم/ لتر.

سەبارەت بەئەنجامی هەریەك لەنمونەکان بەپێی وەرزی بەهار، دەبینین سەرلەنوێ نمونەی ژمارە ٨ بەرزترین ئاستی تۆمار کردوە و دەگاتە ١٠٠,٩ ملگم/ لتر، کە ئەمەش جارێکیتر لەئاستی گونجاو زیاترە. تەنانەت لەکاتێکدا ئاستەکان لەسەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی گونجاو بۆ بەکارهێنان کەمترن و دەکەونە نێوان ١٨,٤ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ٧ لەگەرەکی شەهیدان، و ٥٢,٤ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ٢ لەگەرەکی شێخ اسماعیل.

بەڵام ئەنجامی هەریەك لەنمونەکان بەپێی وەرزی هاوین، بەهەمان شێوەی پێشوو دەبینین بەرزترین ئاستی کالسیۆم لەنمونەی ژمارە ٨ تۆمارکراوە و لەسەرووی ئاستی گونجاودایە بۆ خواردنەوە و دەگاتە ١١٦,٤ ملگم/ لتر، لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر ڕێژەکەیان لەئاستی گونجاو کەمترە و کەمترینیشی دەکەوێتە نمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب و دەگاتە ١٤,٥ ملگم/ لتر. وەك دەردەکەوێت نمونەکانی ژمارە ٢ وە ٥ و٦ لەم وەرزەدا وشکیان کردوە و نمونەیان وەرنەگیراوە. سەیری شێوەی ژمارە (٧) بکە.

**شێوەی (٧)**

**تێکرای گشتی و وەرزی کالسیۆم لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی (٨).

سەبارەت بەوەرزی پایز، دەبینین جارێکیتر نمونەی ژمارە ٨ لەم وەرزەدا بەرزترین ئاستی تۆمارکردوە و دەگاتە ١١٩,٣ ملگم/ لتر و لەسەروی ئاستی گونجاودایە، و پاشان نمونەی ژمارە ٦ دێت لەگەرەکی کانی شێخ و دەگاتە ٨٥,٣ ملگم/ لتر ئاستەکەشی بۆ خواردنەوە گونجاوە. لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە کەمترن. وەك دەبینین نمونەی ژمارە ١١ کەمترین ئاستی کالسیۆمی تێدا تۆمارکراوە و دەگاتە ١٨,٤ ملگم/ لتر. سەیری خشتەی (٨) بکە.

بەشێوەیەکی گشتی دەردەکەوێت ئاستی کالسیۆم لەئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە، بێجگە لەنمونەی ژمارە ٨ لەگەڕەکی کانی قوڵکە کەبەردەوام لەسەروی ئاستی گونجاودایە، دەبینین تەواوی نمونەکانی تر لەئاستی گونجاو کەمترن، هەچەندە چەند نمونەیەکی کەمیان لەهەندێ وەرزدا گەشتووەتە ئاستی گونجاو. بەڵام نمونەکان بەگشتی بەکەمی بوونی کالسیۆم دەناسرێنەوە.

**٥- گۆگردات $SO_4^{--}$:**

بەگشتی گۆگردات بەبڕی جیاواز لەهەموو جۆرەکانی ئـاودا بـوونی هەیـە، و سەرچاوەکانیشـی لەناوچـەیەکەوە بـۆ ناوچەیەکی تـر دەگۆڕێـت، لەسـەر ڕووی زەویـدا بەشـێوەی ڕەگـەزی گـۆگرد و ئایۆنـەکانی گـۆگرد، یـان لەپێکهاتـەی کانزاکاندا یان بەشێوەی ئۆرگانی هەیە. سەرچاوە سروشتیەکانی وەك بوونی گۆگردیدی کالسیۆم لەخاك و پێکهاتـەی جیۆلۆجی ناوچەکاندا و دەشێت بەهۆی بوونی گۆگردەوە لەهەوادا لەئاوی بەفر و بارانـدا هـەبێت، هـەروەها لـەمادەی ئەندامیدا بوونی هەیە، و لە٩٥٪ی کۆی گۆگرد لەو خاکانەدا هەیە کەمادەی ئەندامی بەرزە لەگەڵ نایترۆجیندا سـاڵانە بەشێك لەمادە ئەندامیەکانی ناوخاك تێکدەشکێن یان شـیدەبنەوە، و لەئـەنجامی ئـەم پرۆسـەیەدا گـۆگردی ئەنـدامی دەگۆڕێت بۆ گۆگردات.

سەرچاوە مرۆییەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوە شلەکانی کارگەکانی پێستە خۆشـکردن، و کارگـەکانی رسـتن و چنین، و دروستکردنی کاغەز، هەروەها ئاسمانی ئەو ناوچانەی پشەسازیان زۆرە یەکێك لەگرفتـەکانیان بـوونی دووەم ئۆکسیدی گۆگردە، چونکە لەگەڵ ئاوی باراندا یان لەگەڵ هەڵمی ئاو لەهەوادا یەکدەگرێت و دەبێتە ترشی گۆگردیـك و ترشەباران دروستدەکات، بەمەش ترشی خـاك بەرزدەکاتـەوە و ئاسـتی گـۆگردات لـەئاوی ژێرزەویـدا بەرزدەکاتـەوە، هەروەها لەپێکهاتەی پیتکەرەکانی خاکدا هەیـە. زۆر جـاریش لەئـەنجامی بـەکارهێنانی مـاددە خـاوێن کەرەوەکانـدا دروست دەبێت.

ڕەگەزی گۆگۆد بەردەوام هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ناسازی ئـاوە بەتایبـەت ئەگـەر پێکهاتبێـت لـەگۆگرداتی کالسیۆم و گۆگرداتی مەگنسیۆم، بۆنی ئاو نـاخۆش دەکـات و داخـوران لـەبۆری ئـاو و ئاوەڕۆکانـدا دروسـت دەکـات. کەمی ڕەگەزی گۆگردات بەتایبەت بۆ ڕووەك لـەخاك و ئـاودا، دەبێتـە هـۆی زەرد هەڵگـەرانی گـەڵای ڕووەك، ئەمـەش لەڕووەکێکەوە بۆ ڕوەکێکی تر دەگۆڕێت، لەهەمان کاتدا زۆربوونیشی کار لەلاوازی گەشەی ڕووەك دەکات[(1)].

بەگوێرەی ستانداردی ڕێکخراوی تەندروستی جیهـانی، ئاسـتی گونجـاوی گـۆگردات لـەئاوی خواردنـەوەدا دەگاتـە ٢٠٠–٤٠٠ ملگم/ لتر، بەڵام ئەگەر ئاستی ڕێپێدراوی تێپەراند کەبریتیە لە ٤٠٠ ملگم/ لتر، ئەوا راستەوخۆ دەبێتـە هـۆی سکچوونی منداڵ. ئەگەر سەیری خشتەی (٩) بکەین دەبینین تێکرای گشتیی ڕەگەزی گۆگردات لەئاوی بیری ناوچەکە دەگاتە ٥٩,٥ ملگم/ لتر، بەڵام سەبارەت بەتێکرای نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرزترین ئاست دەکەوێتە نمونـەی هەشتەم و دەگاتە ١٣٣,٦ ملگم/ لـتر لەگـەرەکی کـانی قوڵکـە، پاشـان نمونـەکانی ٤ و٢ دێـن و ئاسـتەکەیان دەگاتـە ١١٦,١ ملگم/ لتر و ١١٠,٧ ملگم/ لـتر بـەدوای یەکدا، بـەرزی گـۆگردات لەهەریەکـەی ئـەم نمونانـەدا دەگەڕێتـەوە بـۆ کاریگەریە مرۆییەکان، چونکە بیرەکان دەکەونە ناو ماڵانەوە شلەی مـاددە پاکـەرەوەکان تێکـەڵ بـەئاوی ئـەم بیرانـە دەبێت. پاشـان ئـاوی بـیری نمونـەکانی ژمـارە ٦ و١٠ و٥ و٣ و٩ دێـت، کەئـەوانیش بەپلەیـەکی کـەمتر کاریگـەربوون

(1) Institute Of Medicine Of The National Academies,The National Academies Press,Dietary Reference Intakes For Water, Potassium, Sodium, Chloride, And Sulfate,Washington, D.C., 2005,P425. & Background Document For Development Of Who Guideline For Drinking Water Quality, Sulfate In Drinking – Water, World Health Organization,2004, P1-6. & Anne L. Bates,* William H. Orem, Judson W. Harvey, And Elliott C. Spiker, Tracing Sources Of Sulfur In The Florida Everglades, Published In J. Environ. Qual. 31:287–299 (2002). P287-298. & Mark Gabriel, Garth Redfield And Darren Rumbold, Appendix 3b-2: Sulfur As A Regional Water Quality Concern In South Florida, South Florida Environmental Report, 2008, P1-15.

بەفاکتەرە مرۆییەکان، و ئاستی هەریەکێك لەوانە لەئاستی گونجاو کەمترە. پاشان نمونەی ژمارە ١١ و٧ و١ دێت، کەئاستی گۆگردات لەهەریەکێکیان لەئاستی گونجا و کەمترە. چونکە لەم نمونانەدا بەشێوەیەکی رێژەیی کەمترین کاریگەریی مرۆیی لەم رووەوە لەسەر ناوچەکە بەراورد بەنمونەکانی تر دروست دەبێت.

**خشتەی (٩)**

**تێکرای گشتی و وەرزی گۆگردات لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 93 | 66.3 | 66.3 | 65 | 55 | 85 | 49 | 181 | 55 | 181 | 73 | 88.1 |
| بەهار | 8.3 | 69.3 | 26.1 | 155.6 | 17.7 | 24 | 48.4 | 97.3 | 37.1 | 79.4 | 12.3 | 52.3 |
| هاوین | 7.2 | 29.4 | 22 | 152.4 | 18.4 | dried | dried | 88.4 | 27.4 | dried | 7.8 | 44.1 |
| پایز | 5.5 | 35.6 | 29.3 | 161.4 | 20.8 | 73.1 | 52 | 97.7 | 30.2 | 71.6 | 11.1 | 53.5 |
| تێکرا | 28.5 | 50.2 | 35.9 | 133.6 | 28 | 60.7 | 49.8 | 116.1 | 37.4 | 110.7 | 26.1 | 59.5 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

سەبارەت بە تێکرای وەرزەکان، ئەوا بەرزترین ئاست لەوەرزی زستاندایە، دەگاتە ٨٨,١ ملگم/ لتر، پاشان لەوەرزی پایزدا ئاستی گۆگردات دەگاتە ٥٣,٥ ملگم/ لتر، پاشان وەرزی بەهار دێت ٣٩٣ ملگم/ لتر، و دواجار وەرزی هاوین دێت و دەگاتە ٥٧,٩ ملگم/ لتر. ئەوەی لێرەدا تێبینی دەکرێت جیاوازی نێوان ئاستی گۆگردات بەپێی و ەرزەکان دەگەڕێتەوە بۆ نزمبوونەوەی پلەی گەرما لەوەرزی زستاندا کەئاستەکەی زیاد دەکات و هەتا بەرەو هاوین بڕۆین ئاستەکەی نزم دەبێتەوە، سەیری خشتەی (٩) بکە. ئەمە بێجگە لەکاریگەریە مرۆییەکان کەبەپێی وەرزەکان چالاکیەکان دەگۆڕێت و لەئەنجامدا ئاستەکانی بەشێوەیەکی جیاواز بەپێی ئاستی ئەو کاریگەریانە دەردەکەوێت.

سەبارەت بەئاستی گۆگردات بۆ هەریەك لەنمونەکان بەگوێرەی وەرزەکان، ئەوا بەرزترین ئاست لەوەرزی زستاندا دەکەوێتە ئاوی بیری نمونەی ژمارە ٢ و٤ کەدەگاتە ١٨١ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان، بەهۆی کاریگەریی ئاوی ئاوەڕۆ ماڵان لەدەوروبەری بیرەکە لە ناوەراست و بەشە نزمەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە، پاشان نمونەی ١١ دێت کەدەکەوێتە گوندی عەنەبەوە و دەگاتە تەنها ٩٣ ملگم/ لتر، بەهۆی نزیکی لەناوچەی کۆبوونەوەی پاشماوەی ڕووەکی و ئاژەڵی و پیسبوونی ئاوەکەی بەهۆی پیسبوونی دەوروبەریەوە. پاشان نمونەی ٦ دێت کە ٨٥ ملگم/ لتر تۆمارکردووە، کاریگەرە پاشماوە روەکیەکان و پیسبوونی دەوروبەریەوە. لەکاتێکدا لەهەریەکە لەنمونەکانی ژمارە ١ و٩ و ١٠ و٨ ئاستەکەی دەگاتە (٧٣، ٦٦,٣، ٦٦,٣، ٦٥) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، کەمبوونەوەی رێژەی ئاستەکەش بەکەمبوونەوەی کاریگەریە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە بەراوورد بەنمونەکانی پێشتر. دواتر ئاستە نزمەکانیشی لە نمونەکانی ژمارە ٣ و٧ و٥ دا تۆمارکراوە و دەگاتە (٥٥) ملگم/ لتر بۆهەریەکە لەنمونەی ژمارە ٣ و٧ و پاشان ٤٩ ملگم/ لتر بۆ نمونەی پێنجەمیان، بەهۆی ئەوەی کەئەم نمونانە لەم وەرزەدا کەمتر بەرەورووی کاریگەریە مرۆیەکان بوونەتەوە و ئاستی پیسبوون تیایاندا کەمتر بووە.

سەبارەت بەوەرزی بەهار لەخشتەی (٩) دەبینین، بەرزترین ئاست دەکەوێتە نمونەی هەشتەم لەگەڕەکی کانی قوڵکە و دەگاتە ١٥٥,٦ ملگم/ لتر، کەدەگەڕێتەوە بۆ زۆر بوونی ئاستی ئاوی ژێر زەوی و زیادبوونی چالاکیە مرۆییەکان لەم ناوچەیەدا کەکەوتوەتە ناوەندی چالاکیە پیشەییەکان و پاشماوەکانی مادده پاککەرەوەکان لەلایەن بەکاربەرانی ئاوی بیرەکەوە، هەرچەندە ئاستەکەی بەرزە، بەڵام هێشتا نەگەشتوەتە ئاستی گونجاو بۆ بەکارهێنان کەدەبێت بکەوێتە نێوان ٢٠٠–٤٠٠ ملگم/ لتر. و نزمترین ئاستیش دەکەوێتە نمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب کەدەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی کاریگەریە مرۆییەکان بەشێوەیەك هیچ شوێنەوارێکیان لەسەر ئاوی بیرەکە بەجێنەهێشتووە، لەگەڵ ئەوەی قووڵی بیرەکە لە ٢٠مەتر زیاتر نییە، و شوێنەکەشی بەراورد بەناوچەکانی دەوروبەری تارادەیەك بەرزترە و کەمتر کاریگەری لەسەر ئاوەکەی لەم رووەوە بەجێهێشتووە. هەروەها سەرجەم نمونەکانی تریش ئاستی گۆگردات تیایاندا لەئاستی گونجاو کەمترە، کەبەهەمان شێوە کاریگەریەکانی دانیشتوان هەرچەندە لەیەکێکیانەوە بۆ یەکێکی تریان دەگۆڕێت بەڵام بەتێکڕا کەمتر کاریگەربوون بەپاشماوەی مرۆیی و مادده پاککەرەوەکان. سەرەرای ئەوەی کەشیبوونەوەی مادده رووەکیەکان لەم وەرزەدا بەرادەیەکی زۆر کەمبوونەتەوە چەنکە وەرزەکە بەوەرزی گەشەکردنی دار و درەخت و گژوگیا دادەنرێت، شیبوونەوەی مادده ئەندامیەکان تیادا روونادات.

سەبارەت بەوەرزی هاوین جارێکیتر بەرزترین ئاستی گۆگردات دەکەوێتەوە ئاوی بیری نمونەی ژمارە ٨ کەدەگاتە ١٥٢،٤ ملگم/ لتر، و بەدوایدا نمونەی ژمارە ٤ دێت و دەگاتە ٨٨,٤ ملگم/ لتر لەگەرەکی جوولەکان، کەدەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی مرۆیی لەزیاتر پیسبوونی ئاوەکانیان. لەکاتێکدا ئاستەکان لەسەرجەم نمونەکانی تر دادەبەزێت و دەکەونە نێوان ٧,٢ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ١١، و ٢٩,٤ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ١٠، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی کاریگەریە مرۆییەکان لەلایەك و دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لەلایەکی ترەوە. لەکاتێدا دەبینین هەریەکە لەنمونەکانی ژمارە ٢، ٥، ٦ لەم وەرزەدا وشکیان کردوە و نەتوانراوە نمونەیان لێوەربگرین. شێوەی (٨) سەیر بکە.

**شێوەی (٨)**

**تێکرای وەرزی ڕەگەزی گۆگردات (ملگم/ لتر) لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی (٩).

سەبارەت بە وەرزی پایز، جارێکیتر بەرزترین ئاست لەنمونەی ٨ دەبینرێت و دەگاتە ١٦١,٤ ملگم/ لتر، پاشان نمونەی ژمارە ٤ دێت و دەگاتە ٩٧,٧ ملگم/ لتر، و دواتر نمونەی ژمارە ٦ و٢ دێت و دەگاتە ٧٣,١ ملگم/ لتر و ٧١،٦ ملگم/ لتر بەدوایەکدا. لەم وەرزەدا بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕادەیەکی کەمی ئاوی ژێرزەوی و زیادبوونی پاشماوە رووەکیەکان، و هەروەها دەرکەوتنی کاریگەرییە مرۆییەکان ئەگەر بەئاستێکی کەمیش بێت ڕۆڵیان لەبەرزبوونەوەی ئاستەکانیدا هەبووە. هەربۆیە تێکڕا ئاستی گۆگردات لەهەموو نمونەکاندا بەرزبووەتەوە. بێجگە لەنمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب کەپێدەچێت بەرزی شوێنەکەی لەئاست ناوچەکانی دەوروبەریدا هۆکاری سەرەکی نزمبوونەوەی ئاستەکەی بێت کەدەگاتە ٥,٥ ملگم/ لتر. وەك لەشێوەی (٨) دیارە. بەگشتی سەرجەم ئاستەکانی گۆگردات لەهەموو نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوەدا لەو ئاستە کەمترن کەلەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانیەوە ئاماژەی بۆکراوە و کێشەی پیسبوونیان نییە.

**٦- کلۆراید $Cl^{-}$:**

ئایۆنی کلۆراید لەئاوی سەرزەوی و ژێرزەویدا بەشێوەیەکی سەرەکی هەیە، لەئەنجامی کارلێکی نێوان خاك و نیشتەنیەکان و بەردەکاندا دروستدەبێت. هەروەها بەرزبوونەوەی ڕێژەکەی بەشێوەیەکی خێرا لەئاودا بەزەنگێکی مەترسیدار دادەنرێت بۆ بوونی پیسکەرەکانی تر لەسەرچاوە ئاویەکاندا، بە شێوەیەکی سروشتی لەئاودا بەبڕی ١ ملگم/ لتر یان کەمتر لەوبڕە هەیە. هەروەها لەوناوچانەی کە بەردی نیشتوی تیادایە وەك بەردی جیری و بەردی لمی بەڕێژەی ١٥٠ملغ/ لتر و لەبەردی لمیشدا بەرێژەی ١٠ملغ/لتر بوونی هەیە. سەرچاوە مرۆییەکانی دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریی پاشماوەی خۆراکی و شوێنی کۆکردنەوەی زبڵ و خاشاك و ئاوی ئاوەڕۆکان، لەگەڵ پاشماوەی ئاژەڵ و ڕووەك و نزیکی لەشوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ، ئەو ناوچانەی بەهەڵمبوون تیایدا بەرزە جارێکی تر ئاستی ڕەگەزی کلۆراید بەرزدەبێتەوە. ڕەگەزی کلۆراید وەك هەندێك لەڕەگەزەکانی تر ژەهراوی و کوشندە نییە، و بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بڕی ئاستی گونجاوی لەئاودا دەکەوێتە نێوان ١٠٠–٢٥٠ ملگم/ لتر، لەکاتێکدا سنوری بۆ ئاستەکەی لەئاوی خواردنەوەدا داناوە و نابێت لە ٢٥٠ملغ/لتر تێپەڕبکات، ئەگەر لەو ئاستە زیاتر بوو ئەوا دەبێتە هۆی سوێربوونی زیاد لەپێویستی ئاو، بێجگە لەوەی کەدەبێتە هۆی داخورانی مادە ڕەقەکان و بۆری ئاو و ئامێرە پیشەسازیەکان، هەروەها تێچوونی خاوێنکردنەوەی ئاویش زیاتر دەکات[1].

سەبارەت بەئاستی کلۆراید لەنمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە، لەخشتەی ژمارە (١٠) دەردەکەوێت، کەبەشێوەیەکی گشتی تێکرای ڕەگەزی کلۆراید لەسەرجەم نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوەدا دەگاتە ٤٣,٥ ملگم/ لتر و لەئاستی گونجاو بۆخواردنەوە کەمترە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی کاریگەریە مرۆییەکان لەناوچەکەدا بەگشتی هەرچەندە تارادەیەك لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکی تری دەگۆڕێت، بەڵام لەسەر ئاستی تێکڕای گشتی نمونەکان

---

[1] Walton R. Kelly, Samuel V. Panno, Keith Hackle, **The Sources, Distribution, and Trends of Chloride in the Waters of Illinois**, Illinois State Water Survey,Prairie Research Institute,University of Illinois at Urbana-ChampaignBulletin B-74, March 2012, p2-10. & WHO, GUIDELINES FOR DRINKING-WATER QUALITY,2003, p324.

و عطا محمد علاالدين، التحليل الجغرافي لواقع واستخدام الموارد المائية في محافظة السليمانية وآفاقها المستقبلية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، قسم الجغرافية، كلية العلوم الأنسانية، ٢٠١٢، ص١٧٩.

دەبینین بەرزترین ئاستی دەکەوێتە نمونەی ئاوی بیری ژمارە ٨ لەگەرەکی کانی قوڵکە کەدەگاتە ١٢٢,٨ ملگم/ لتر، وەك دەردەکەوێت تەنها بیرە کەئاستی کلۆراید لەئاوەکەیدا بۆ خواردنەوە گونجاوە، و بەرزی ئاستەکەی بۆ کاریگەری فاکتەرە مرۆییەکان دەگەڕێتەوە، کەزۆر بەئاسانی ئاو دەچێتە خوارەوە بۆ ناو بیرەکە، هەروەها فاکتەرە سروشتیەکان لەرووی بوونی ڕەگەزی کلۆراید لەپێکهاتەی بەرد و نیشتوەکانی ناوچەکەدا کاریگەربوون. پاشان سەرجەم نمونەکانی تر ئاستەکەیان بەراورد بەنمونەکەی پێشتر زۆر کەمترە تەنانەت هەتا لەسەنتەری شاری هەڵەبجەوە بەرەو ناوچەکانی دەرەوەی شارەکە بڕۆین دەبینین ئاستەکەی کەمتر دەبێتەوە، بۆ نمونە ئاستی کلۆراید لەنمونەی ئاوی بیری ژمارە ٢ و٤ و٦ و٩ لەسەنتەر و نزیکی سەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە بەرزترن دەگاتە(٥٢,٧ و٤٢,٩ و٤٥,٢ و٤٣,٦) ملگم/ لتر بەدوایەکدا، لەکاتێکدا نمونەکانی سنووری دەرەوەی شارەکە و ەك نمونەی ژمارە ١ و٣ و٥ و٧ کەمترن لەناو سەنتەری شارەکە، و کەمترش دەبێتەوە لەهەردوو نمونەی ١٠ و١١ کەدەکەونە گوندی عەنەبەوە کەتارادەیەك لەسەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە دوورترن و ئاستی کلۆراید تیایاندا دەگاتە (٢٤,٧ و٢٠,١) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، کەئەمەش دەگەرێتەوە بۆ بەرزی ئاستی کاریگەرییە مرۆییەکان لەناوچەکانی سەنتەر و نزیك سەنتەر و کەم بوونەوەیان لەو ناوچانەدا کەبەپێچەوانەوە لەسەنتەرەوە دوورترن.

**خشتەی (١٠)**

**تێکرای گشتی و وەرزی کلۆراید (ملگم/ لتر) لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 26.1 | 29.1 | 39.7 | 154.5 | 32 | 30 | 36.8 | 39.7 | 42.6 | 53.3 | 36.8 | 47.3 |
| بەهار | 21.3 | 29.1 | 41.7 | 100.9 | 18.4 | 20.4 | 43.7 | 45.6 | 32 | 52.4 | 33 | 39.9 |
| هاوین | 14.5 | 19.4 | 48.5 | 116.4 | 24.2 | dried | dried | 34.9 | 29.1 | dried | 29.1 | 39.5 |
| پایز | 18.4 | 21.3 | 44.6 | 119.3 | 22.3 | 85.3 | 33.9 | 51.4 | 24.2 | 52.3 | 30 | 45.7 |
| تێکرا | 20.1 | 24.7 | 43.6 | 122.8 | 24.2 | 45.2 | 38.1 | 42.9 | 32 | 52.7 | 32.2 | 43.5 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

بەڵام سەبارەت بەتێکراکانی ئاستی کلۆراید بەپێی وەرزەکان دەبینین لەوەرزی زستاندا بەرزترین ئاست تۆمارکراوە و گەشتوەتە ٤٧,٣ ملگم/ لتر، پاشان وەرزی پایز یێت و دەگاتە ٤٥,٧ ملگم/ لتر، لەکاتێکدا لەهەردوو وەرزی بەهار و هاویندا ئاستەکان بەرێژەیەکی کەم دابەزیون بڕی ٣٩,٩ ملگم/ لتر بۆیەکەم و ٣٩,٥ ملگم/ لتر بۆ دووەمیان تۆمارکراوە، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ نزم بوونەوەی پلەکانی گەرما لەهەردوو وەرزی زستان و پایزدا و ئاستی ئاوی ژێر زەوی بەرزتر بوەتەوە و کارلێکردنەکان لەگەڵ چینە بەردیەکاندا زیاتر بووە، لەلایەکی ترەوە لەگەڵ ئاوی باراناودا بڕێکی باش لەپاشماوە و خاشاك کەرەستە پیسبووەکان بەپلەیەکی زیاتر رۆچوون بۆ ناو ئاوی بیرەکان. ئەم کردارەش بەپێچەوانەوە لەوەرزی هاویندا دەردەکەوێت، هەرچەندە پلەی گەرما بەرز بووەتەوە و بەهەڵم بوون زیاتر بووە کەپێویستە کلۆراید زیاتر بووایە بەڵام ئاستەکەی کەمتر بوەتەوە بەهۆی نەمانی باران و کەم بوونەوەی کرداری پیسبوونی ئاوی بیرەکان بە ماددە پیسکەرەکان لەرێگەی ئاوی بارانەوە. کاریگەری فاکتەرە

مرۆییەکان لەرووی زۆری بەکارهێنانی ئاوی بیرەکان و پیسبوونیان لەلایەن دانیشتوانەوە هۆکاری سەرەکی بووە بۆ بەرزکردنەوەی کلۆراید لەم وەرزانەدا، هەرچەندە زۆر لەخوار ئاستی گونجاودان بۆ خواردنەوە کەدەبێت لە ١٠٠ ملگم/ لتر کەمتر نەبێت.

سەبارەت بەئاستی هەریەکە لەنمونەکان بەپێی وەرزەکان، سەرەتا لەوەرزی زستاندا دەبینین کەبەرزترین ئاست لەنمونەی ئاوی بیری ژمارە ٨ دەردەکەوێت و دەگاتە ١٥٤,٥ ملگم/ لتر، پاشان نمونەی ژمارە ٢ و٣ دێت و دەگاتە (٥٣,٣ و٤٢,٦) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، بەرزی ئاستەکان لەم نمونانەدا بەتایبەتی نمونەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریە مرۆییەکان. پاشان بەپلەیەکی کەمتر هەریەکە لەنمونەنەکانی ژمارە ٤ و٩ دێت کە دەگاتە ٣٩,٧ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان، بەدوایدا هەردوو نمونەی ژمارە ١ و٥ دێت بەبڕی ٣٦,٨ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان. بەپلەیەکی کەمتریش هەردوو نمونەی ژمارە ٦ و٧ دێت و دەگاتە ٣٠ ملگم/ لتر بۆ یەکەمیان و٣٢ ملگم/ لتر بۆ دووەمیان. لەکۆتاییدا هەردوو نمونەی ژمارە ١٠ و١١ دێت کەنزمترین ئاستیان تۆمار کردوە و دەگاتە (٢٩,١ و٢٦,١) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، و هەردوکیان دەکەونە گوندی عەنەب لەدەرەوەی شاری هەڵەبجە بەدووری ٤,٥کم.

سەبارەت بەوەرزی بەهار تێبینی دەکەین کەبەرزترین ئاست جارێکیتر لەنمونەی ژمارە ٨ و٢ تۆمارکراوە و دەگاتە ١٠٠,٩ ملگم/ لتر و ٥٢,٤ ملگم/ لتر، پاشان بەئاستێکی کەمترنمونەکانی ژمارە ٤ و٥ و٩ دێت و دەگاتە (٤٥,٦ و٤٣,٧ و٤١,٧) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا. وەك ئاشکرایە کاریگەریە مرۆییەکان لەم نمونانەدا تارادەیەکی زاتر ڕۆڵیان لەبەرزبوونەوەی ئاستی کلۆراید لەئاوی ئەم نمونانەدا گێراوە، لەکاتێکدا دەبینین هەر لەم وەرزەدا کاریگەریەکان لەنمونەکانی ژمارە ١ و٣ پاشان بەدوایدا نمونە ژمارە ٦ و١٠ و١١ زیاتر کەمتر دەبێتەوە و تادەگاتە کەمترین ئاستی لەنمونەی ژمارە ٧ کەدەگاتە ١٨,٤ ملگم/ لتر، کەدەگەڕێتەوە بۆ کەمی کاریگەریە مرۆیەکان و پاراستنی لەهەموو جۆرەکانی پیسبوون، لەگەڵ ئەوەی ئاوی ئەم بیرە لەلایەنماڵەکانی دەوروبەریەوە بەمەبەستی خواردنەوە بەکاردەهێنرێت.

هەروەها لەوەرزی هاوین کەئاستی ئاوی ژێرزەوی کەمدەبێتەوە، کاریگەریەکان زیاتر دەردەکەوێت، و تەنانەت چەند نمونەیەکی بیری ئاو وشکیان کردووە، ئاستەکان هەرچەندە دابەزیوە بەڵام جیاوازیەکی ئەوتۆیان لەگەڵ وەرزەکانی تردا نییە هەرچەندە ئاستەکەی لەچەند نمونەیەکدا زیادی کردووە. هەرلەبەرئەوە دەبینین بەهەمان شێوەی پێشوو بەرزترین ئاستی دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٨ کەدەگاتە ١١٦,٤ ملگم/ لتر کەتارادەیەك لەوەرزی بەهار بەرزترە، پاشان هەردوو نمونەی ژمارە ٩ و٣ دێت و دەگاتە ٤٨,٥ ملگم/ لتر، و ٣٤,٩ ملگم/ لتر، بەدوای یەکدا کەتارادەیك کاریگەربوون بەفاکتەرە مرۆییەکان. لەکاتێکدا نمونەکانی ١ و٣ و٧ ئاستێکی کەمتریان تۆمارکردوە، و کەمترین ئاستەکانیشی لەم وەرزەدا لەهەردوو نمونەی ١٠ و١١ تۆمارکراوە و گەشتوەتە ١٩,٤ ملگم/ لتر، و ١٤,٥ ملگم/ لتر، لەگوندی عەنەب بەشێوەیەك کەمتر کاریگەربوون بەفاکتەرە مرۆییەکان بەتایبەت ئەوەی دووەمیان کەشوێنەکەی بەراورد بەناوچەکانی دەوروبەری لەوانی تر بەرزترە، بێجگە لە فاکتەرە جیۆلۆجی و پێکهاتەی بەرد و خاکی ناوچەکە.

شێوەی (٩)

تێکرای گشتی و وەرزی کلۆراید (ملگم/ لتر) لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (١٠).

بەڵام لەوەرزی پایزدا ئاستی کلۆراید لەزۆربەی نمونەکاندا بەرزبووەتەوە و ئەو بیرانەی کە لەوەرزی هاویندا وشکیان کردبوو جارێکیتر ئاویان بۆ گەڕاوەتەوە، سەرلەنوێ بەرزترین ئاستی لەنمونەی ژمارە ٨ تۆمارکراوە و گەشتوەتە ١١٩,٣ ملگم/ لتر، بەدوایدا نمونەی ژمارە ٦ دێت و دەگاتە ٨٥,٣ ملگم/ لتر. پاشان نمونەکانی ژمارە ٢ و٤ و٩ دێت کەئاستەکەیان تارادەیەکی بەرچاو کەمترە، و کەمتریش لەوئاستە لەنمونەکانی ژمارە ٥ و١ و٣ و٧ و١٠ تۆمارکراوە، لەکاتێکدا کەمترین ئاستی جارێکیتر لەنمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب تۆمار کراوە و گەشتوەتە ١٨,٤ ملگم/ لتر. لەکۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت ئاستی کلۆراید لەئاوی بیری ناوچەکەدا لەوەرزێك و لەنمونەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام دەبینین ئەم ئاستە لەتەواوی نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەکەدا لەئاستی گونجاو بۆ خواردنەوە کەمترە کەدەکەوێتە نێوان ١٠٠–٢٥٠ ملگم/ لتر، سەرەڕای ئەوەی لەهەموو ماوەی لێکۆڵینەوەکەدا هیچ نمونەیەکیدا لە٢٥٠ ملگم/ لتر زیاتر تێدا تۆمار نەکراوە. سەیری شێوەی (٩) بکە.

### ٧– ئایۆنی نترات $NO_3^-$:

نایترۆجین لەسروشتدا سوڕی تایبەتی خۆی هەیە، و گرنگترین سەرچاوەکانی بریتیە لەئۆکساندنی نایترۆجینی ئەندامی لەخاکدا، هەروەها دەشێت نترات بگاتە ئاوی سەرزەوی و ژێرزەوی لەئەنجامی چالاکی کشتوکاڵی و زیادەی پەینی نایترۆجینی ئەندامی و نائەندامی لەئاوی ئاوەڕۆی ماڵان و پاشماوەکانیان، و ئۆکسیدەکانی نایترۆجین لەئەنجامی شیبوونەوەی پاشماوە و پاشەڕۆی مرۆیی و ئاژەڵیەوە پەیدادەبێت، هەروەها لەئەنجامی دوکەڵ و پاشماوەی سوتەمەنی ئوتۆمبیل لەکەشدا پەیدادەبێت. هەروەها لەبەردی نیشتوودا هەیە ئەگەر بڕێکی زۆری مادەی ئەندامی تێدابێت ئەوا نایترۆجین تیایدا دەگۆڕێت بۆ ئامۆنیا و دواتر بۆ نیترات. لەناوچە پیشەسازیەکاندا چڕی نترات لەئاوی باراندا دەگاتە ٥ ملگم/ لتر، و کەمتر لە ٥ ملگم/ لتر لەو ناوچانەی کە چالاکی تری تێدایە. چڕی نترات لەئاوی

سەرزەوی خاوێندا دەگاتە ٠–١٨ ملگم/ لتر، لەئاوی ژێر زەویدا دەگاتە ٤–٩ ملگم/ لتر.[١] ئاستی ڕێپێدراویش بۆ نترات لەئاوی خواردنەوەدا بەپێی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بریتیە لە ١٠ملغم/لتر، باشتر وایە لەو ئاستەش کەمتربێت، بەهۆی مەترسیەکانیەوە لەسەر تەندروستی مرۆڤ و کاریگەریی لەسەر هیمۆگلۆبینی خوێنی منداڵ بەتایبەت شیرەخۆر[٢]. ئایۆنی نترات کاری هەندێك لەئەنزیمەکان و ئاسنی هیمۆگلۆبینی خوێن تێکدەدات، و ئاماژەکانی ژەهراوی بوون دەردەکەوێت کاتێك دەگاتە ١٠٪ کێشی گشتی خوێن، بەڵام کاتێك دەگاتە ٢٠٪ هەندێك تێکچوون لەلێدانی دڵ و هەناسەدان دروستدەکات، کەدەگاتە ٧٠٪ ڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی مردن. هەروەها کەمتر لەم ئاستە بۆ منداڵی شیرەخۆر ناودەبرێت بەنەخۆشی (زرقه العین)[٣].

سەبارەت بەتێکرای وەرزی نترات لەناوچەی لێکۆڵینەوەدا، ئەوا ئاستە بەرزەکان لەوەرزەکانی زستان بەهاردا دەبینرێت، لەزستاندا دەگاتە ٤٦,٨ ملگم/ لتر و لەوەرزی بەهاریشدا دەگاتە ٣٨,٩ ملگم/ لتر. ئاشکرایە ئەو دوو وەرزە وەرزی دابارینە و دووەم ئۆکسیدی نترات لەئاوی بارانـدا هەیە، کەلێرەدا کاریگەریی نترات بەهۆی کرداری شتنەوەی کەشوهەوا و لەزەوی کشتوکاڵیەکاندا زیاتردەبێت. و بەپێچەوانەوە لەوەرزی هاوین و پایزدا ئاستی نترات تارادەیەك کەم دەبێتەوە، سەیری خشتەی ژمارە (١١) بکە، بەتایبەت لەوەرزی هاویندا دەگاتە ٣٢,١ ملگم/ لتر، و لەوەرزی پایزدا دەگاتە ٣٨,١ملغم/ لتر، بەرزبوونەوەی لەم وەرزەدا بۆ دەستپێکردنی باران دەگەڕێتەوە، ئەم ئاستە جیاوازانەش لەنێوان وەرزکانی ساڵدا پەیوەستە بەجیاوازی بڕی بارانبارین بەپێی وەرزەکان، و ئەمەش ئاماژەیە بۆ کاریگەریی بوونی ئاوی باران لەشتنەوەی نتراتی ناو خاك و پاشان تێکەڵبوونی بەئاوی بیری ناوچەکە.

سەبارەت بەئاستی نترات لەسەر تێکرای گشتی هەریەکە لەنمونەکان، هەروەك لەخشتەکەدا دەردەکەوێت بەپلەی یەکەم نمونەی هەشتەم دێت و دەگاتە (٤٩,٩ ملگم/ لتر)، و بەهۆی ئاوەڕۆی دەوروبەری بیرەکەوە و زیاتر ڕۆچوونی پاشماوە و ئاوەڕۆ و شیبوونەوەی مادە ئەندامی و خۆراکیەکان بۆ ناو ئاوی بیرەکە. پاشان بەپلەی دووەم و بەئاستێکی کەمتر نمونەی ژمارە ٢ و٩ دێت و دەگاتە ٤٧,٥ ملگم/ لتر، و٤٦ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، جارێکیتر هەردوو نمونەکە لەناوماڵدایەو و کاریگەرە بەپیسبوونی دەوروبەری بیرەکەوە، لێرەدا پێویستە بوترێت ئەو سێ نمونەیەی باسکران ئاستی نترات لەبڕی ڕێپێدراو تیایاندا زیاترە و بەهیچ شێوەیەك بۆ خواردنەوە شیاونین.

سەبارەت بەسەرجەم نمونەکانی تر هەرچەندە ئاستی لەئاستی گونجاودان و دەکەونە خوار ٤٥ ملگم/ لتر، بەڵام بەکارهینانیان بۆ منالّی شیرەخۆر گونجاو نییە، و هیچ نمونەیەکی تێدا نییە لە ١٠ ملگم/ لتر کەمتر بێت. لەکۆتاییدا کەمترین ئاستی دەکەوێتە نمونەی ژمارە ١١ لەگوندی عەنەب و دەگاتە ٣٠,٥ ملگم/ لتر، لێرەدا شوێنی هەڵکەندنی بیرەکە بەراورد بەناوچەکانی دەوروبەری بەرزترە و کاریگەری ناوچەکانی دەوروبەری کەمتر لەسەر دەردەکەوێت.

---

(1) Nitrate And Nitrite In Drinking-Water, Background Document For Development Of Who Guidelines For Drinking-Water Quality, 2007, P 1-2.

(٢) هيكل رياض رأفت، الانسان والتلوث البيئي، الموسوعة الثقافية البيئية، سلسلة ثقافية شهرية، دار الشؤون الثقافية العامة، العدد ٣٣، بغداد، ٢٠٠٦، ص٤٥.

(٣) زيدان هندي عبدالحميد ومحمد ابراهيم عبدالمجيد، الملوثات الكيميائية والبيئة، دار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٦، ص٤٣٨–٤٣٩.

**خشتەی (١١)**

**تێکرای گشتی و وەرزی ئاستی نترات (ملگم/ لتر) لە نمونەکانی ئاوی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 47.5 | 47.7 | 47.4 | 48.4 | 47 | 47.2 | 47.2 | 46.8 | 47.1 | 41.7 | 46.6 | 46.8 |
| بەهار | 15.3 | 49.9 | 50.5 | 51.1 | 30.8 | 27.7 | 34.6 | 42.4 | 44.7 | 51.2 | 29.9 | 38.9 |
| هاوین | 22.6 | 34.2 | 35.4 | 50 | 32 | dried | dried | 18.3 | 34.8 | dried | 29.7 | 32.1 |
| پایز | 36.6 | 32.3 | 50.8 | 50 | 28.9 | 51.7 | 33 | 44.7 | 10.8 | 49.6 | 30.3 | 38.1 |
| تێکرا | 30.5 | 41 | 46 | 49.9 | 34.7 | 42.2 | 38.3 | 38.1 | 34.4 | 47.5 | 34.1 | 39.7 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

هەروەها ئاستی هەریەك لەنمونەکان بەگوێرەی وەرزەکان، لەوەرزی زستاندا وەك تێکراکانی، ئاستی نترات بەهەمان شێوە لەنمونەکانیشدا بەرزە، و تەنانەت بەرزترە لەنمونەی وەرزەکانی تر جگە لەوەرزی بەهار، لەوەرزی زستاندا بەرزترین ئاستی نترات لەنمونەی ژمارە ٨ تۆمارکراوە، و دەگاتە ٤٨,٤ ملگم/ لتر، وەك تێبینی دەکەین ئاستی نترات لەهەموو نمونەکاندا زیاترە، و ئاستی ڕێپێدراو کە بریتیە ٤٥ ملگم/ لتر بەزاندوە، ئەمەش بۆ کاریگەریە مرۆییەکانی دەوروبەری بیرەکان دەگەڕێتەوە کەبوونەتە زیاتر پیسبوونی ئاوەکانیان، سەرەرای ڕوودانی هەورە بروسکە و دووبارە بوونەوەی لەم وەرزەدا. لەکاتێکدا نزمترین ئاست لەنمونەی ژمارە ٢ لەگەرەکی شێخ اسماعیل دەبینرێت، سەرەرای ئەوەی کەجیاوازیەکی ئەوتۆی لەگەڵ نمونەکانی تردا نییە و ئاستی نترات تیایدا دەگاتە ٤١,٧ ملگم/ لتر، بەڵام لێرەدا و لەدەوروبەری بیرەکەدا کاریگەریەکان کەمترن، بەهۆی داخراوی ئەو شوێنەی کەبیرەکەی تیادا هەڵکەنراوە لەگەڵ کۆنکرێت کردنی چواردەوری بیرەکە.

هەمان باری بەرزی لەئاستی نتراتدا لەهەندێك لە نمونەکانی وەرزی بەهاردا دەردەکەوێت، و دەبینین بەرزترین ئاست دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٢ و٨ و٩ و١٠ کە ئاستەکانیان لەیەکتریەوە نزیکە و دەگاتە ٥١,٢ ملگم/ لتر، و ٥١,١ ملگم/ لتر، و ٥٠,٥ ملگم/ لتر، و ٤٩,٩ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، وەك دەردەکەوێت تێکرای ئەم نمونانە لە ئاستی ڕێپێدراو زیاترە و بەهیچ شێوەیەك بۆ خواردنەوە شیاونین. لەکاتیکدا نمونەکانی تر لەئاستی ڕێپێدراون و بەکەڵکی خواردنەوە دێن بێجگە لەمندالّی شیرەخۆر. ئاشکرایە کە نزمترینی ئاستی نترات لەم وەرزەدا لەنمونەی ئاوی بیری ژمارە ١١ دەردەکەوێت و دەگاتە ١٥,٣ ملگم/ لتر، کەدەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری بەرزی شوێنی بیرەکە، کەدوورە لەپیسبوون بەماددەی ئەندامی و پاشماوە و ئاو و ئاوەڕۆی مالاّن، ئەمەش لەنمونەی ژمارە ١٠ لەهەمان گوندا جیاواز دەردەکەوێت چونکە شوێنی ئەم نمونەیان لەناوچەیەکی چاڵدایەو زۆر کاریگەرە بەناوچەکانی دەروبەری بەتایبەت ئاوی باران و تێکەڵ بەئاوی ئاوەڕۆی ڕۆشتووی مالاّن و پاشماوە و پاشەرۆی کشتوکاڵی و ئاژەڵی بەئاراستەی ئەو شوێنەی بیرەکەی تێدایە و دەوروبەری دەگەڕێتەوە.

لەکاتێکدا ئاستەکانی نترات لەوەرزی هاویندا بەگشتی نزم بوونەتەوە، وەك دەبینین بێجگە لەنمونەی ژمارە ٨ لەگەرەکی کانی قوڵکە کەئاستی ڕێپێدراوی بۆ خواردنەوە بەزاندوە و دەگاتە ٥٠ ملگم/ لتر، و بەرزترین ئاستە لەم

وەرزەدا، لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی ڕێپێدراودان. نزمترینیان دەگاتە ١٨,٣ ملگم/ لتر لەگەڕەکی جوولەکان لەسەنتەری شارەکەدایە، و دابەزینی ئاستی ئاوەکەی بەهۆی باران بڕانەوە لەپشت کەمی ڕێژەی نتراتەوەیە تیایدا. هەروەها نمونەکانی ژمارە ٢ و٥ و٦ نمونەی ئاوەکەیان و ەرنەگیراوە بەهۆی و شکبوونیانەوە.

سەبارەت بەوەرزی پایز دەبینین جارێکیتر ئاستەکان لەهەندێك لەنمونەکاندا بەرزبوونەتەوە و لەهەندێکی تریاندا کەمتر نزمبووەتەوە، نمونەی شەشەم بەرزترین ئاستی تیادا تۆمارکراوە و دەگاتە ٥١,٧ ملگم/ لتر، پاشان نمونەی ژمارە ٩ دێت و بەدوایدا نمونەی ٨ و٢ دێت و دەگاتە ٥٠,٨ ملگم/ لتر، و ٥٠ ملگم/ لتر، و ٤٩,٦ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا کەسەرجەمیان لەئاستی ڕێپێدراو زیاترن و بۆ خواردنەوە شیاونین، ئاشکرایە لەم وەرزەدا باران دەستپێدەکاتەوە و بیرەکان کەمێك ئاویان بۆ گەڕاوەتەوە و فاکتەرەکانی دەوروبەر کاریگەربوون لەسەر زیادکردنی نترات تیایاندا لەڕێی پاشماوە و ڕزینی گەڵای دارودرەخت و پیسبوونی بەهۆی ئاوەڕۆی ماڵانەوە. لەکاتێدا سەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی ڕێپێدراون بۆ خواردنەوە تەنها بۆ منالی شیرە خۆر نەبێت، و نزمترینی لە نمونەی ژمارە ٣ دەبینرێت لەگەڕەکی پیرمحمد و دەگاتە ١٠,٨ ملگم/ لتر، کە تارادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ کەمبوونەوەی ئاستی ئاوەکەی چونکە دەوروبەری بیرەکە بەتەواوەتی کراوە بەکۆنکرێت و ئاستی چوونەخوارەوەی ئاو بۆ ناو بیرەکەی کەمکردوەتەوە.

**شێوەی (١٠)**

**تێکرای وەرزی ئاستی نترات (ملگم/ لتر) لە نمونەکانی ئاوی بیری ناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی (١١).

بەگشتی دەتوانین بڵێین، ئاستی ڕەگەزی نترات لەئاوی بیری ناوچەکەدا لەبەرزونزمی بەردەوامدایە، و دەبینین کاتێك نمونەیەك لەسەنتەری ناوچەی لێکۆڵینەوە نزمترین ئاستی تۆمارکردوە لەهەمان کاتدا هەر لەسەنتەردا نمونەیەکی تر بەرزترین ئاستی تۆمار کردووە، ئەمەش نمونەکانی کەنار شارەکە و کۆمەلگای زەمەقی و گوندی عەنەب بەدووری ٤,٥کم دەگرێتەوە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کەجیاوازی باری کەش و هەوا لەگەڵ شوێنی بیرەکان و کاریگەریە مرۆیی و ژینگەیەکان ڕۆڵی گەورەیان لەم ڕووەوە هەیە. و پێویستە لێرەدا بوترێت کەبەگشتی ئاستی نترات

لەنمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە ئاستی ڕێپێدراوی بەزاندوە و دەکەوێتە نێوان (١٠-٤٥) ملگم/ لتر و لەئاستی مەترسیداردایە، کەبەهیچ جۆرێك بۆ خواردنەوە شیاو نییە. سەیری شێوەی ژمارە (١٠) بکە.

**٨- ناسازی ئاو، العسرە الكليه، Total Hardness (TH):**

ئاو بەگشتی لەڕێژەیەك خوێ و مادەی قورس پێكدێت، هەموو ئەمانەش لەئەنجامی تێپەڕبوونی ئاو بەنێوان کونیلەکانی بەردەکان و خاکدا تێکەڵ بەئاوەکان دەبن. لەهەموو ئەو خوێیانە زەرەرمەندتر بریتیە لە کاربۆناتی کالسیۆم و مەگنسیۆم. بوونی ئەم خوێیانە لەئاودا ڕێ لەکەفکردنی سابوون لەئاودا دەگرن و ناتوانرێت بۆ کاری پاکژکردنەوە و تەنانەت بۆ لێنان و کوڵاندن بەکاربهێنرێت، چونکە گۆران لەتام و ڕەنگی خۆراکدا دروستدەکات.

بەگشتی ناسازی ئاو بەدوو شێوە دەردەکەوێت یەکەمیان ناسازی کاتیە و لەئەنجامی بوونی خوێیەکانی کاربۆنات و بیکاربۆناتی کالسیۆم و مەگنسیۆمەوە دروست دەبێت. دووەمیشیان بریتیە لەناسازیی هەمیشەیی، و ئەم جۆرەیان خوێیەکانی کالسیۆم و مەگنسیۆم و خوێیەکانی کبریتات و سلیکاتی تیادایە، بەوە دەناسرێنەوە کەجێگیرن و بەئاسانی وەکو خوێیە کاربۆنیەکان شینابنەوە یان ناتوێنەوە[1].

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی گونجاوترین ئاستی ناسازی لەنێوان ٨٠-١٥٠ ملگم/ لتر داناوە، و بەرزترین ئاستی ڕێپێدراویش نابێت لە ٥٠٠ ملگم/ لتر تێپەڕبکات. لەخشتەی (١٢) دەردەکەوێت، کە تێکڕای ساڵانەی ئەم ڕەگەزە دەگاتە ٣٤٧,٥ملگرام/ لتر، کەئەم ئاستەش هەرچەندە بۆ خواردنەوە دەست دەدات بەڵام لەئاستی گونجاو زیاترە، هەروەها لەسەر ئاستی تێکرای گشتی وەرزەکان، دەبینین لەوەرزی زستاندا دەگاتە ٣١٥,٩ ملگم/ لتر، کەدەگەڕێتەوە بۆ بوونی بارانی زستانە کە بەرێژەیەکی زیاتر و لەسەرخۆ دەبارێت، هەرچەندە بڕی بارانبارن تارادەیەك بەرزترە لەوەرزەکانی تر. بەڵام لەوەرزی بەهاردا ئاستەکەی بەرزتر بووەتەوە و گەشتوەتە ٣٣٠,٤ ملگم/ لتر، کەئەمش بەڵگەیە بۆ بوونی بارانی بەخور و بەهێز لەم وەرزەدا کەزۆر زیاتر و خێراتر خاك و خۆڵ و مادە ئەندامی و کانزایی و پاشماوەکانی تر دەشواتەوە و بەزەویدا ڕۆدەچێت و تێکەڵ بەئاوی بیرەکان دەبێت. بەڵام وەرزی هاوین باران نامێنێت و ئاستەکە بەشێوەیەکی بەرچاو کەمدەکات و دادەبەزێت بۆ ٢٩٥,٣ ملگم/ لتر، بەهۆی کەمبوونەوەی ڕۆچوونی ئاو بۆناو زەوی لەلایەك و پەنگ خواردنەوەی ئەو ڕێژە کەمەی ئاویش کەلەبیرەکاندا هەیە بووەتە هۆی نیشتنی ماددە کانزایی و گازی و ئەندامی و قوڕولیتە لەبنکی بیرەکاندا. بەڵام وەك دەبینین بەرزترین ئاست لەوەرزی پایزدایە و دەگاتە ٤٢٣,٢ ملگم/ لتر، چونکە وەك لەنمونەی بیرەکاندا دەبینین ئەو بیرانەی لەوەرزی هاویندا وشکیان کردووە جارێکیتر لەم وەرزەدا کەبەسەرەتای دەستپێکردنی باران دادەنرێت کەمێك ئاویان بۆ گەڕاوەتەوە و ژیاونەتەوە، لێرەدا بوونی فاکتەرەکانی ناسازی ئاو بەهۆی شۆردنەوەیان لەرێگەی بارانەوە و ڕۆچونیان بەزەویدا لەپشت دروستبوونی ناسازی ئاوی بیری ناوچەکەوەن.

---

[1] محمد اسماعيل عمر، معالجة المياه، دار الكتب العلمية، قاهرة، ٢٠٠٦، ص١٩١،١٩٢.

**خشتەی (١٢)**

**تێکڕای گشتی و وەرزی ناسازیی ئاو لەسەر ئاستی گشتی ناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 313.9 | 312.1 | 321.3 | 552.6 | 229.5 | 253.3 | 343.3 | 275.4 | 269.8 | 348.8 | 255.2 | 315.9 |
| بەهار | 229.5 | 339.6 | 348.8 | 514 | 257 | 275.4 | 348.8 | 348.8 | 247.8 | 495.7 | 229.5 | 330.4 |
| هاوین | 275.4 | 266.2 | 367.2 | 278.3 | 201.9 | dried | dried | 422.2 | 275.4 | dried | 275.4 | 295.3 |
| پایز | 332.5 | 427.5 | 522.5 | 380 | 380 | 475 | 380 | 570 | 332.5 | 570 | 285 | 423.2 |
| تێکرا | 287.8 | 336.4 | 390 | 431.2 | 267.1 | 334.6 | 357.4 | 404.1 | 281.4 | 471.5 | 261.3 | 347.5 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

هەروەها سەبارەت بەتێکڕای ناسازی ئاوی بیری هەریەکە لەنمونەکان، بەرزترین ئاستی ناسازی لەنمونەی ژمارە ٢ لەگەڕەکی شێخ اسماعیل کەدەگاتە ٤٧١،٥ ملگم/ لتر، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابەزینی ئاستی ئاو بیرەکە لەماوەی هەرچوار وەرزەکەدا. پاشان هەردوو نمونەی ٨ و٤ دێت لەگەڕەکی کانی قوڵکە و جوولەکان لەسەنتەری شارەکەدا و دەگاتە ٤٣١،٢ ملگم/ لتر، و ٤٠٤،١ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، بەرزی ئاستەکان لێرەدا دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریەکانی دەوروبەری بەتایبەت لەوەرزی باراندا کەلەرێگەی ڕۆچوونی ئاوی بارانەوە بۆ بیرەکان ئاستەکە بەرزبوەتەوە. ئینجا نمونەکانی ژمارە ٩ و٥ و١٠ و٦ دێت، ئاستەکانیان دەگاتە (٣٩٠، ٣٥٧،٤، ٣٣٦،٤، ٣٣٤،٦) ملگم/ لتر بەدوای یەکدا. دواتر هەریەکە لەنمونەکانی ژمارە ١١ و٣ و٧ و١ دێن، و دەگاتە (٢٨٧،٨، ٢٨١،٤، ٢٦٧،١، ٢٦١،٣) ملگرام/لتر بەدوایەکدا. بەگشتی دەبینین ئاستی ناسازی نمونەکان تارادەیەك بەرزن، و کاریگەربوون بەهۆکارە سروشتی و مرۆییەکان، و هەرچەندە لەئاستی ڕێپێدراودان بۆ خواردنەوە بەڵام چەند نمونەیەکیان زۆر نزیکە لەئاستی مەترسیدار یان نەشیاو بۆ خواردنەوە کەپێویستە زۆر بەهۆشیاریەوە بەکاربهێنرێن و لەکاریگەریە خراپەکانی دەوروبەریان بپارێزرێن.

سەبارەت بەئاستی ناسازی هەریەکە لەنمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە بەپێی وەرزەکان، دەبینین کەبەرزترین ئاست لەوەرزی زستاندا دەکەوێتە نمونەی ژمارە ٨ و دەگاتە ٥٥٢،٦ ملگم/ لتر، ئەمەش زیاترە لەئاستی ڕێپێدراو، بۆ خواردنەوە دەستنادات، لەسەر تەندروستی دانیشتوان مەترسی دروست دەکات. کەدەگەڕێتەوە بۆ کاریگەریەکانی دەوروبەری بیرەکە لەگەڵ بارانبارینداا دوای شۆردنەوەی خاکی دەوروبەری لەخوێیەکان و مادەکانی تر دیاردەکە زیاددەبێت، بێجگە لەوەی کەدەکەوێتە ناوچەی چڕ بەدانیشتوان. لەکاتێکدا سەرجەم نمونەکانی تر لەئاستی گونجاودان و کەمترینیان دەکەوێت نمونەی ژمارە ٧ لەگەڕەکی شەهیدان و دەگاتە ٢٢٩،٥ ملگم/ لتر.

سەبارەت بەئاستی هەریەکە لەنمونەکان لەوەرزی بەهاردا، دەبینین کەجارێکیتر نمونەی ژمارە ٨ بەرزترین ئاستی تۆمار کردوە، و دەگاتە ٥١٤ ملگم/ لتر، بەم ئاستەش ئاوی بیرەکە بەهیچ شێوەیەك بۆ خواردنەوە شیاو نییە و ئاستی ڕێپێدراوی بەزاندووە. کەئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی بارانی بەهارە بەشێوەی لێزمە باران و ڕۆڵی لەتوانەوەی ماددە گازی و کانزاییەکان و پاشماوە و پیسکەرەکانی تر لەناوچەکەدا. پاشان نمونەی ژمارە ٢

لەگەرەكی شێخ اسماعیل دێت، و ئاستەكەی دەگاتە ٤٩٥,٧ ملگم/ لتر، و زۆر نزیكە لەئاستی مەترسیدارەوە كەنابێت ٥٠٠ ملگم/ لتر تێپەڕێكات. ئەگەر سەیری خشتەكە بكەین دەبینین لەم وەرزەدا بەشێكی زۆری نموونەكانی ئـاوی بـیری ناوچـەی لێكۆڵینـەوە ئاسـتی ناسـازیان لەوەرزەكـەی پێشـتر زیـاترە ئەگـەر بەجیاوازیـەكی كـەمیش بێـت، ئەمـەش كاریگەری بارانی بەهارە دەردەخات لەرووی توانەوەی مادده پیسكەرەكان و رۆچوونی بەناو كەلێنـەكانی سـەر رووی زەویدا بۆ ناو ئاوی بیرەكان وەك ئاشكرایە قوڵی بیرەكان كەمە و لـە ٥٥مـەتر تێپەرناكـەن، و كاریگـەرن بـەباروبۆخی سەررووی زەوی. لەكاتێكدا نزمترین ئاستی دەكەوێتە نموونەی ژمارە ١ و١١ و ئاستەكەی دەگاتە ٢٢٩,٥ ملگم/ لتر بـۆ هەریەكێكیان، لێرەدا شوێنی بیرەكان كاریگەربوون، لەیەكەمیاندا بیرەكە كەوتووەتە بەشی دەرەوەی كۆمەڵگاكەوە و شوێنەكەشی تارادەیەك بەرزترە و ئـاوی مـاڵانی بـۆ ناگەڕێتـەوە، لەدوەمیشـیاندا بەتـەواوەتی بـەرزترە لەناوچـەكانی دەوروبـەری و لەماڵـەكانی گوندەكـەوە تارادەیـەك دوورتـرە، بەپێچـەوانەی نموونـەی ژمـارە ١٠ هەرلەهـەمان گونـد كەدەكەوێتـە ناوچـاڵ و لەبەشـی خـوارەوەی گوندەكەدایـە و بەئاسـانی ئـاوی ناوچـەكانی دەوروبـەری بـۆ دەڕواتـە خوارەوە.

بـەڵام وەرزی هـاوین كـەبارانی بـەهیچ شـێوەیەك تێـدا نابارێـت، بەشـێوەیەك بیرەكـانی ژمـارە ٢ وە ٥ و٦ وشـكیان كردەوە، و كاریگەر بووە لەسەر ئەوەی ئاستی ناسازی لەهەموو نموونەكانـدا گونجـاو بێـت. هـەروەك لەخشـتەی (١٢) دەردەكەوێت بەرزترین ئاست دەكەوێتە نموونەی ژمارە ٤ و دەگاتە ٤٢٢,٢ ملگـم/ لـتر، كەدەگەڕێتـەوە بـۆ كاریگـەری فاكتەرە مرۆییەكان، لەڕێگەی تێكەڵبوونی ئاوی بـەكارهێنراوی ماڵەكان لەگـەڵ ئـاوی بیرەكـەدا، لەلایـەك و دابـەزینی ئاستی ئاوەكەیەتی لەلایەكی ترەوە. لەكاتێكدا نزمترین ئاستی ناسازی لەنموونەی ژمارە ٧ دەبینرێت و دەگاتە ٢٠١,٩ ملگم/ لتر، كەنزمترین ئاستی ناسازیە كە لەماوەی لێكۆڵینەوەكە و لەتێكرای نموونەكاندا تۆماركراوە، دەگەڕێتـەوە بـۆ نەبوونی باران بارین و رۆنەچوونی ئاوی باراناو بۆ ناو بیرەكان، هەرچەندە كاریگەریە مرۆییەكان بەگشتی رۆڵی خۆیان بەردەوام لەسەر تێكدانی سروشتی ئاوی بیرەكان جێدەهێڵن. سەیری شێوەی ژمارە (١١) بكە.

**شێوەی (١١)**

**تێكڕای وەرزی ناسازیی ئاو لەسەر ئاستی نموونەكانی ئاوی بیر لەناوچەی لێكۆڵینەوە**




سەرچاوە: كاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی (١٢).

سەبارەت بەوەرزی پایز دەبینین بەتێکرا ئاستی نمونەکان بەرزبوونەتەوە و تەنانەت نمونەکانی ژمارە ٢ و٤ و٩ ئاستی گونجاویان تێپەڕاندوە و بڕی (٥٧٠، ٥٧٠، ٥٢٢) ملگم/ لتریان بەدوای یەکدا تۆمارکردوە. لێرەدا پێویستە بوترێت کاریگەریە مرۆییەکان بەتەواوەتی کاریگەری خۆیان جێهێشتوە لەسەر بەرزی ئاستەکان، بۆ نمونە وەك باسکرا بەرزترین ئاستی لەنمونەی ژمارە ٩ تۆمارکراوە، و دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجامدانی چالاکی بیناسازی واتە دروستکردنی خانوو لەسەر بیرەکە کەپێشتر لەکەلاوەیەکدا بووە و لەلایەن ماڵەکانی دەورووبەریەوە ئاوەکەی بەکارهێنراوە. پاشان هەریەکە لەنمونەکانی ژمارە ٦ و١٠ دێت و ئاستەکەیان دەگاتە ٤٧٥ ملگم/ لتر، و ٤٢٧,٥لگم/لتر بەدوای یەکدا. هەرچەندە لەئاستی گونجاودان بۆ خواردنەوە بەڵام نزیکن لەئاستی مەترسیدارەوە کەدەبێت بەوشیاریەوە ئاوەکەیان بۆ خواردنەوە بەکاربهێنرێت. پاشان نمونەکانی ژمارە ٥ و٧ و٨ دێت و دەگاتە ٣٨٠ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان. بەدوایدا نمونەی ژمارە ٣ و١١ دێت کەدەگاتە ٣٣٢,٥ ملگم/ لتر بۆ هەریەکێکیان. لەکۆتایدا نزمرین ئاستی لە نمونەی ژمارە ١ لەکۆمەڵگای زەمەقی تۆمارکراوە و دەگاتە ٢٨٥لگم/ لتر، کەلێرەدا کاریگەریە مرۆییەکان لەسەر بیرەکە کەمترین رۆڵیان لەپیسکردنی ئاوەکەدا هەیە.

**٩- فۆسفات، $po_4$:**

فۆسفات یەکێکە لەرەگەزە سروشتیەکان و بەئەستەم لەئاودا دەتوێتەوە. و هەرچەندە پلەی گەرما نزمتر بێتەوە کەمتر دەتوێتەوە، خودی فۆسفات خۆی ماددەیەکی ژەهراوی نییە، و تەنانەت لەئاوی سروشتیدا هەیە و بەرێژەی کەمتر لە ١ ملگم/ لتر. بوونی فۆسفات لەئاودا وەك هەموو پێکهاتەکانی تری ئاوە، هەروەها بوونی لەرێژەی مەگنسیۆم و کالسیۆمی ئاو کەم دەکاتەوە، واتە ناسازی ئاو کەم دەکاتەوە و سازگاری دەکات، بەڵام دەبێتە هۆی داخورانی تۆرەکانی بۆری گواستنەوەی ئاو، چونگە ژینگەیەکی باش بۆ گەشەکردنی قەوزە دروستدەکات. فۆسفات ئەگەر بەرێژەیەکی کەم لەئاودا هەبێت ئەوا بەکارهێنانی لەلایەن مرۆڤەوە بەکەڵك دەبێت، و کردارەکەش بەپێچەوانەوە لەگەڵ بەزاندنی ئاستی رێپێدراودا ئەوا بەپێچەوانەوە زیانی دەبێت و مەترسی دروستدەکات، و دەبێتە هۆی دەرکەوتنی دیاردەی پیربوونی مرۆڤەکان واتە خێرا بەساڵاچوونیان، هەروەها دەرکەوتنی نەخۆشی گورچیلە و پەیدابوونی بەردی گورچیلە و کۆئەندامی میزکردن و هەوکردنی خانەکانی دڵ و خوێنبەرەکان، کەزیاتر لای بەساڵاچوەکان دەردەکەوێت، لەگەڵ هەوکردنی پێست و ماسولکەکانی مرۆڤ بەگشتی[1].

ریکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO) گونجاوترین ئاستی فۆسفاتی لەئاوی خواردنەوەدا بەکەمتر لە ١ ملگم/ لتر دیاریکردووە، لەکاتێکدا ئاستی رێپێدراوی دەکەوێتە نێوان٠-٣ ملگم/ لتر، لەکاتێکدا ئەگەر لە ٣ ملگم/ لتر زیاتر بێت ئەوا ئاوەکە بەئاوێکی پیسبوو یان ناسروشتی دادەنرێت، و ئەگەر لە ٥ ملگم/ لتر زیاتر بێت ئەوا بەمەترسیدار دادەنرێت.

سەبارەت بەئاستی فۆسفات لەناوچەی لێکۆڵینەوە، لەخشتەی ژمارە (١٣) دەبینین، کە تێکرای گشتی فۆسفات لەناوچەی لێکۆڵینەوە دەگاتە ٠,٩٥ ملگم/ لتر، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کەئاستی فۆسفات لەئاوی نمونەکانی بیری ناوچەکە بەگشتی گونجاوترین ئاستی هەیە کە لە ١ ملگم/ لتر کەمترە. بەڵام سەبارەت بەتێکرای گشتی وەرزەکان

[1] د.جمال أحمد الحسين، الأنسان وتلوث البيئة، دارالأمل للنشر والتوزيع، اربد، الأردن، ٢٠٠٤، ص٨٦-٩٠.

دەبینین لەوەرزی زستان و بەهاردا لەنمونەکانی ناوچەکەدا بەرزترین ئاستی هەیە و دەگاتە ١,٧٧ ملگم/ لتر، و ١,٢١ ملگم/ لتر، بەدوای یەکدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوونی ئاستی ئاوی ژێرزەوی هەرچەندە درەنگ لەئاودا دەتوێتەوە بەڵام بەراورد بەهەردوو وەرزی هاوین و پایز کەدەگاتە ٠,٣٤ ملگم/ لتر، و ٠,٢٥ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، و ئاستی ئاوی ژێرزەوی تیایاندا بەتەواوی نزم بووەتەوە و کەمترین بوار بۆ توانەوەی فۆسفات رەخساوە و ئاستەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزیوە.

سەبارەت بەتێکرای هەریەکە لەنمونەکان لەماوەی لێکۆڵینەوەکەدا، ئەوا دەبینین کەئاستی فۆسفات لەنمونەی ئاوی بیری ژمارە ٢ لەگەڕەکی شێخ اسماعیل بەرزترین ئاستی تۆمار کردوە و دەگاتە ١,٥ ملگم/ لتر، پاشان نمونەی ژمارە ٤ و١٠ دێت کەدەگاتە ١,١٢ ملگم/ لتر، و ١,٠١ ملگم/ لتر بەدوای یەکدا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی نمونەکان کەدەکەونە سەنتەری ناوچەی لیکۆڵینەوە و کاریگەرە بەفاکتەرە مرۆییەکان، لەکاتێکدا نمونەی ژمارە ١٠ دەکەوێتە گوندی عەنەبەوە و شوێنەکەی دەکەوێتە ناوچەیەکی نزمتر بەراورد بەناوچەکانی دەوروبەری، و شوێنەواری کاریگەرییە مرۆییەکان لەم روەوە بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر ئاوی بیرەکە دەرکەوتووە، بێجگە لەوەی کەناوچەیەکی کشتوکاڵیە و پەینی فۆسفاتی تێدا بەکاردێت، بەتێکڕاش ئاوی ئەم نمونانە بۆخوادنەوە گونجاون و هیچ کێشەیەکیان نییە. لەکاتێکدا کەمترین ئاستی لەنمونەی ژمارە ٨ دەردەکەوێت و دەگاتە ٠,٩٤ ملگم/ لتر، لێرەدا تارادەیەك بیرەکە بەراورد بەنمونەکانی تر قوڵیەکەی زیاترە و دەگاتە ٣٨مەتر، کاریگەریە مرۆییەکان لەم روەوە کەمتر کاریگەرن چونکە ناوچەکە کشتوکاڵی نییە و هیچ شوێنەواریکی کەڵەکەبوونی ئەم رەگەزەی تێدا نابینرێت. هەروەها نمونەکانی تریش بەهەمان شێوە ئاستی زۆر گونجاویان تۆمار کردووە و بۆخواردنەوە شیاون، وەك دەردەکەوێت لەهەموو نمونەکاندا کەمتر لە ١ ملگم/ لتر تۆمارکراوە.

**خشتەی (١٣)**

**تێکڕای گشتی و وەرزی فۆسفات لەسەر ئاستی گشتی نمونەکانی ئاوی بیر لەناوچەی لێکۆڵینەوە**

| وەرز | 11 | 10 | 9 | 8 | 7 | 6 | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 | تێکرا |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| زستان | 1.83 | 2 | 1.87 | 1.03 | 1.99 | 1.79 | 1.29 | 2.1 | 1.75 | 2.1 | 1.75 | 1.77 |
| بەهار | 0.99 | 1.47 | 1.2 | 0.87 | 0.8 | 0.91 | 1.2 | 1.6 | 1.19 | 2.1 | 0.99 | 1.21 |
| هاوین | 0.32 | 0.36 | 0.35 | 0.33 | 0.29 | dried | dried | 0.5 | 0.3 | dried | 0.29 | 0.34 |
| پایز | 0.21 | 0.23 | 0.35 | 0.26 | 0.21 | 0.26 | 0.27 | 0.26 | 0.2 | 0.3 | 0.21 | 0.25 |
| تێکرا | 0.84 | 1.01 | 0.94 | 0.62 | 0.82 | 0.99 | 0.92 | 1.12 | 0.86 | 1.5 | 0.81 | 0.95 |

سەرچاوە: کاری مەیدانی توێژەر پشتبەست بە: حکومەتی هەرێمی کوردستان، دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە، فەرمانگەی ژینگەی سلێمانی، ژووری تاقیگە.

لەکاتێکدا سەبارەت بەئاستی هەریەکە لەنمونەکان بەپێی وەرزەکان دەبینین لەماوەی وەرزی زستاندا تێکرای نمونەکان دەکەونە نێوان ١,٠٣ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ٨ و٢,١ ملگم/ لتر لەهەردوو نمونەی ژمارە ٢ و٤، بەم شێوەیە هیچ نمونەیەکیان ناکەونە خوار ١ ملگم/ لتر وەك گونجاوترین ئاست، هەرچەندە هیچ کێشەیەکیان بۆ خواردنەوە نییە.

**شێوەی (١٢)**

**تێکڕای وەرزی ئاستی فۆسفات لەسەر ئاستی گشتی نمونەکانی ئاوی بیر لەناوچەی لێکۆڵینەوە**




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی (١٣).

لەکاتێکدا لەوەرزی بەهاردا ئاستەکان تارادەیەك کەمتر دەبنەوە و ئاستەکان دەکەونە نێوان ٠,٨ ملگم/ لتر، و٢,١ ملگم/ لتر و بەتێکڕا بۆ خواردنەوە شیاون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما. لەکاتێکدا لەوەرزی هاوین و پایزدا ئاستەکان لەسەرجەم نمونەکاندا نزمتر بوونەتەوە و پلەکانی گەرما لەم رووەوە کاریگەربوە، بێجگە لەدابەزینی گشتی ئاستی ئاوی بیرەکان کەکرداری تواندنەوەی فۆسفات کەمتر چالاك بووە.

هەروەها وەك لەخشتەکەدا (١٣) دەردەکەوێت کەمترین ئاستی فۆسفات لەوەرزی پایزدایە و گەشتوەتە ٠,٢ ملگم/ لتر، لەنمونەی ژمارە ٣ لەگەڕەکی پیر محمد و بەرزترینیشی لەوەرزی هاویندایە و گەشتوەتە ٠,٥ ملگم/ لتر لەنمونەی ژمارە ٤ لەگەڕەکی جوولەکان. بەم شێوەیە لەماوەی ئەم دوو وەرزەدا سەرجەم نمونەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە گونجاوترین ئاستیان لەم رووەوە تۆمارکردوە و بەهیچ شێوەیەك گرفتیان بۆ خواردنەوە دروستنەکردوە. بەگشتی ئاستی بوونی فۆسفات لەناوچەی لێکۆڵینەوە بەدرێژایی ماوەی لێکۆڵینەوەکە و لەسەرجەم نمونەکاندا بۆ خواردنەوە گونجاوە و ئاستی ڕێپێدراویش کەبریتیە لە٣ ملگم/ لتر تێپەر نەکردوە و ئاوێکی سازگاریان هەیە.سەیری شێوەی (١٢) بکە.

## دەرئە نجامەکان

١- بەگشتی ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە پاك و خاوێن نییە و بۆ خواردنەوە شیاونین، و بەبوونی ماددە هەڵواسراوەکان و مادە تواوەکان و نەتواوەکان بەرێژەی جیاواز کەلەرێگەی تاقیگەوە جۆرەکانی دیاریکراون دەناسرێتەوە.

٢- ئاستی بوونی رەگەزە کیمیاوی و فیزیاویەکان لەنمونەکانی ئاوی ژێرزەوی ناوچەی لێکۆڵینەوە پەیوەستە بەسەرچاوەکانی ئاوی ژێرزەوی و ئاووهەوا و ناوچەی سەوزایی ئاستی کاریگەریە مرۆییەکان لەسەر ناوچەکە و دەوروبەری بیرەکە.

٣- ئاستی هەندێك لەرەگەزەکانی وەك (لێڵی Turbidity، تفتێتی ALK –Alkalinit، ئایۆنی نترات $NO_3$، ناسازی ئاو TH)، تێکرای گشتیان لەئاستی پێویست زیاترن و مەترسی گەورە لەسەر تەندروستی بەکارهێنەرانی دروستدەکەن و بۆ خواردنەوە شیاو نین.

٤- تێکرای گشتی ئاستی هەندێك رەگەزی تر وەك (مەگنسیۆم $Mg^{++}$، کالسیۆم $Ca^{++}$، گۆگردات، کلۆراید $Cl^{-}$) لەئاستی پێویست کەمترن و هەرچەندە بۆ خواردنەوە شیاوبن بەڵام بەکارهێنیان بەو شێوەیە کێشە بۆ تەندروستی دروستدەکات.

٥- ئاستی هەندێکی تر لەرەگەزەکان بۆ خوارنەوە شیاون و تێکرای گشتیان لەگەڵ پێوەرە جیهانیەکاندا یەکدەگرنەوە وەك (توانای گەیاندنی کارەبایی EC، خوێیە تواوەکان TDS، ترشێتی pH، فۆسفات $po_4$).

٦- جیاوازی تێکراکان لەسەر ئاستی هەریەکە لەنمونەکان و بەپێی وەرزەکان بەئاشکرا دەردەکەوێت و راستەخۆ دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی شوێنی نمونەکان و کاریگەریە سروشتی مرۆییەکانی تر کەبووەتە جیاوازی ئاستی شیاوی هەریەکێك لەنمونەکان بۆ خواردنەوە.

### راسپاردەکان

ئامانج لەدانانی پێوەرەکانی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە بریتیە لەپارێزگاریکردنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی و ماددە زەهراویەکان لەرێگەی ئاوەوە وەك نەخۆشیە درێژخایەن و شێرپەنجەییەکان، لێرەوە پاراستنی ئاوی بیرەکانی ناوچەکە لەپیسبوون یەکێکە لەکارەگرنگەکان و پێویستە دڵنیا ببینەوە لە:

١- دانەبڕانی هاوڵاتیان لەپێوەر و تایبەتمەندیە دیاریکراوەکانی ئاوی شیاو بۆ خواردنەوە، لەڕێگەی رۆشنبیرکردن و رێنمایکردنیان بۆ پاراستنی ئاوی بیرەکانی ناوچەکە لەپیسبوون کەمەترسی گەورە لەسەر ژیانی بەکارهێنەرانی دروستدەکەن.

٢- گرنگیدان بەهەموو ئەو یاسا و رێنماییانەی کەلەلایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی ئاو و سەرچاوەکانی ئاو دەردەچێت بەتایبەت ئەوانەی تایبەتن بەبەکارهێنانی ئاوی ژێر زەوی لەلایەن هاوڵاتیانی ناوچەکەوە.

٣- لێدان یان هەڵکەندنی بیری زۆر قووڵ بەپێی مەرج و پێوەرەکانی بیرلێدان لەلایەن دەوڵەت و دەزگا پەیوەندیدارەکانەوە چونکە کەمتر بەرەورووی پیسبوون دەبنەوە، دواتر لەرێگەی تۆرەکانی گواستنەوەی ئاوی خواردنەوە بەسەرماڵاندا دابەشبکرێت.

٤- لێدانی بیر و بەکارهێنانی هەرەمەکی ئاوی بیرەکان لەلایەن دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە قەدەغەبکرێت، لەگەڵ پڕکردنەوەی هەموو ئەو بیرانەی کەبەشێوەیەکی نایاساییانە لێدراون.

٥- دامەزراندن و کردنەوەی تاقیگەیەکی گەورە بۆ پشکنینی ئاوی خواردنەوە بەبەردەوامی بەتایبەت کەناوچەی لێکۆڵینەوە تەنها یەك تاقیگەی تێدا نییە تایبەت بێت بەپشکنینە کیمیاوی و فیزیاوی و بایۆلۆجیەکان، کەپێویستە دوای وەرگرتنی نمونەکان زۆر بەخێرایی و لەماوەیەکی کەمدا لەجۆرە تاقیگانەدا پشکنینیان بۆ ئەنجام بدرێت.

## ليستى سەرچاوەكان

**يەكەم: سەرچاوەى عەرەبى**


١- كتێب:

١-- احمد السيد الخليل، المياه الجوفية والآبار، الطبعة الثانية، دار الكتب العلمية للنشر والتوزيع، القاهرة.

٢- جمال أحمد الحسين، الأنسان وتلوث البيئة، دارالأمل للنشر والتوزيع، اربد، الأردن، ٢٠٠٤.

٣- حارث جبار فهد، عادل مشعان ربيع، التلوث المائي "مصادره، مخاطره، معالجته"، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي، عمان،٢٠١٠.

٤- خليفة درادكة، هيدرولوجية المياه الجوفية، دار محدلاوى، عمان، ١٩٨٧.

٥- زيدان هندي عبدالحميد ومحمد ابراهيم عبدالمجيد، الملوثات الكيميائية والبيئة، دار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة، ١٩٩٦.

٦- علي السعدي، اساسيات علم البيئة والتلوث، دار اليازوري العلوية للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.

٧- فتحية محمد حسن، المشكلات البيئية، الطبعة الاولى، مكتبة المجتمع العربي، عمان، ٢٠١٠.

٨- محمد اسماعيل عمر، معالجة المياه، دار الكتب العلمية، قاهرة، ٢٠٠٦.

**٢- الرسائل الجامعية:**

١- دياري علي محمد امين المنمي، دراسة كيميائية وبيئية للمياه الجوفية في مدينة السليمانية وضواحيها، رسالة ماجستير، جامعة بغداد، كلية العلوم، قسم علم الارض، ٢٠٠٢.

٢- عطا محمد علاءالدين، قضاء هەڵەبجة دراسة في الجغرافية الأقليمية، جامعة السليمانية، كلية العلوم الأنسانية، قسم الجغرافية، ٢٠٠٧، رسالة منشورة.

٣- عطا محمد علاالدين، التحليل الجغرافي لواقع واستخدام الموارد المائية في محافظة السليمانية وآفاقها المستقبلية، أطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، قسم الجغرافية، كلية العلوم الأنسانية، ٢٠١٢، غير منشورة.

**٣- الموسوعات والمنشورات العلمية:**

١- هيكل رياض رأفت، الانسان والتلوث البيئي، الموسوعة الثقافية البيئية، سلسلة ثقافية شهرية، دار الشؤون الثقافية العامة، الطبعة الاولى، العدد ٣٣، بغداد، ٢٠٠٦.


**دووەم: سەرچاوەى ئینگلیزى**


1- Anne L. Bates, William H. Orem, Judson W. Harvey, And Elliott C. Spiker, Tracing Sources Of Sulfur In The Florida Everglades, Published In J. Environ. Qual. 31, 2002.

2- Background Document For Development Of Who Guideline For Drinking Water Quality, Sulfate In Drinking – Water, World Health Organization,2004.

3- Background Document For Development Of Who Guidelines For Drinking-Water Quality, Hardness In Drinking-Water, Who/Hse/Wsh/10.01/10/Rev/1, World Health Organization 2011.

4- Elizabeth Myre & Ryan Shaw, The Turbidity Tube: Simple And Accurate Measurement Of Turbidity In The Field, Department Of Civil And Environmental Engineering, Master’s International Program, Michigan Technological University, 2006.

5- Epa Guidance Manual, Turbidity Provisions, Turbidity In Source Water, April 2009.

6- Institute Of Medicine Of The National Academies,The National Academies Press,Dietary Reference Intakes For Water, Potassium, Sodium, Chloride, And Sulfate,Washington, D.C., 2005.

7- Kelly Addy, Linda Green, And Elizabeth Herron, PH And Alkalinity,Uri Watershed Watch, Cooperative Extensioncollege Of The Environment And Life Sciences (Cels) Department Of Natural Resources Science (Nrs) Coastal Institute In Kingston, July 2004.

8- Mark Gabriel, Garth Redfield And Darren Rumbold, Appendix 3b-2: Sulfur As A Regional Water Quality Concern In South Florida, South Florida Environmental Report, 2008.

9- Masaki Hayashi, Temperature-Electrical Conductivity Relation Of Water For Environmental Monitoring And Geophysical Data Inversion, Department Of Geology And Geophysics, University Of Calgary, Alberta, Canada. Environmental Monitoring And Assessment 96, Kluwer Academic Publishers، Netherlands, 2004.

10- Nicoleta Delia Vieru, Narcis Paul Vieru, Levels Of Magnesium, Calcium And Other Inorganic Compounds In Water Of The Wells In Rural Areas Of Botoşani County, Present Environment And Sustainable Development, Nr. 4, 2010.

11- Nitrate And Nitrite In Drinking Water, Background Document For Development Of Who Guidelines For Drinking-Water Quality, 2007.

12- United State Protection Agency, Voluntary Estuary Monitoring, Manual Chapter 11: Ph And Alkalinity, March, 2006.

13- United States Environmental Protection Agency, Water Monitoring And Assessment, Last Updated On Tuesday, March 6,2012.

14- Walton R. Kelly, Samuel V. Panno, Keith Hackle, The Sources, Distribution, And Trends Of Chloride In The Waters Of Illinois, Illinois State Water Survey, Prairie Research Institute, University Of Illinois At Urbana-Champaign Bulletin B-74, March 2012.

15- William A.Wurts, Robert M. Durborow, Interactions Of Ph, Carbon Dioxide, Alkalinity And Hardness In Fish Ponds, South Regional Aquaculture Center, Srac Publication No. 464, December 1992.

16- Who, Guidelines For Drinking-Water Quality, 2003.

# الملخص

## التحليل الجغرافي لخصائص مياه الآبار في مدينة حلبجة الشهيدة وقرية عنب ومدى ملائمتهم للشرب

خصص هذا البحث لتحليل عدد من العناصر الفيزيائية والكيميائية لمياه الآبار في مدينة حلبجة الشهيدة وقرية عنب، وذلك من أجل تحديد مدى ملائمة مياه منطقة الدراسة للشرب من قبل سكان المنطقة. ولذلك تمت تحديد ١١ نقطة لأختيار النماذج sample من مياه آبارها، حيث تختلف الصفات الطبيعية والبشرية من مكان الى أخرى كالموقع والتضاريس والوظائف المناطة لمنطقة الدراسة. ومن أجل دراسة هذه الخصائص وتحليلها مختبرياً فقد تم أخذ عينات من مياه آبار النماذج المختارة خلال فصول سنة ٢٠١٤. واظهرت النتائج بأن العناصر المسببة للتلوث تتغير مستوياتها من منطقة الى أخرى ومن فترة الى أخرى في نفس المنطقة. وبشكل عام فأن مياه آبار منطقة الدراسة تعرضت بشكل خطير للتلوث مما ادت الى عدم ملائمة مياه النماذج المختارة للشرب من قبل سكان منطقة الدراسة. مما يزيد الحاجة في المستقبل القريب الى معالجة المشاكل البيئية التي تتسبب بتلوث آبار المنطقة عن طريق العديد من الخطط البيئية الدقيقة والمدروسة مسبقاً من قبل الجهات الحكومية المعنية والمنظمات البيئية المسؤولة.

# Abstract

## A Geographical Analysis Of The Water Wells Characteristics In The City Of Halabja And The Village Of Anab And The Extent Of Their Convenience For Drinking.

This research is dedicated to analyze a set of physical and chemical elements of the water wells in the city of Halabja and the village of Anab, in order to define and determine the extent of the suitability of the drinking water in the area of the study by the residents of the region. Therefore, eleven points have been selected to opt the samples of water wells where the natural and human traits vary from one place to another such as location, topography, and the assigned functions of the area of study. In order to study these characteristics and their tests in the laboratory, samples have been taken from the selected water wells throughout all the seasons in 2014. The results indicate that the levels of the elements that caused pollution vary in the same area from one place to another and from one period to another. Generally, the water wells at the area of the study are dangerously exposed to pollution. that is why the selected samples of water wells are inconviniet for drinking by the residents of the area of the study. In the near future, the needs to treat the environmental problems which caused to contaminate the wells in the region increase throughout a number of precised and calculated environmental plans by the concerned governmental agencies and the reponsible environmental organizations.

# هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پـەرلەمانـی کـــوردستان

## تـوێژینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە خولی پایزەی پەرلەمان

## ( ١ ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ ی شوبـاتـی ٢٠١٦ )

**پ. ی. د. سەروەر عبدالرحمان عمر**
Sarwary74@yahoo.com

**م. ساکار عزیز رشید**
**زانکۆی سلێمانی**
**کۆلێژی کارگێڕی و ئابووری**
**بەشی کارگێڕی کار**

### پێشەکی

لەزۆربـەی وڵاتـانی دونیـادا پـەرلـەمان وەك دامەزراوەیـەکی شـەرعی گرنگیـی خـۆی هەیـە و هەریەکـەو بەشـێوازو ئامانجی جیاواز بەکاری دەهێنێت و پێناسەی دەکات، بۆ وێنە لە و وڵاتانەی کە سیستەمی دیموکراتی پەیڕەو دەکەن پەرلەمان وەك تاکە دامەزراوەی شەرعی بەکاردێت کەخەڵك بتوانێت لەڕێگای نوێنەرەکانیەوە تیایدا بەشداری سیاسی بکات و بەشدار بێت لە دروست کردنی بڕیاری سیاسی و مومارەسەکردنی دەسەڵات و پێکهێنـانی حکومـەت و متمانـە پێدانی و لێسەندنەوەشی لەکاتی هەبونی هەر لادانێك. لەو وڵاتانەش کە سیستەمی دیموکراسـی تیایـدا لاوازە و زیـاتر دیکتاتۆری بەسەریاندا زاڵە خـەڵك و دەنگـی خـەڵك بـۆ بەرژەوەنـدی تایبـەتی خۆیـان بـەکاردەهێنن لەمانـەوەیان لـە دەسەڵات و دروست کردنی شەرعیەت.

پەرلەمان لەهەر وڵاتێکدا بەهـەرێمی کوردستانیشـەوە ئـەرکی سـەرەکی بریتیـە لـە یاسـادانان، چـاودێری کردنـی کاروبارەکـانی حکومـەت، هـەر بۆیـە پێویسـتە هـەموو ئـەو کارانـەی کـە پەرلـەمانیش دەیانکـات چـاودێری بکـرێن‌و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت، تا بتوانرێت لەورێگەیەوە دەست نیشانی خـاڵی بـەهێزو لاواز بکرێـت و هـەموو لادانـەکانی کاری پەرلەمان دەستنیشان بکرێن کەپێویست بوو جێبەجێی بکات بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

لەم توێژینەوەیە تیشك دەخەینەسەر هەڵسەنگاندنی پەرلەمان وەك دامەزراوەیـەکی شـەرعی لـە چـاودێری کردنـی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و یاسادانانـدا، و بۆزانینی ئەو ڕۆڵە لەڕێکەی تاوتوێکردنی چـاودێری کـردن و شـیکردنەوەی هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلـەمانی کوردسـتان لـەماوەی خـولی پـاییزەی پەرلـەمان (١ ی ئـەیلولی ٢٠١٥ تـا ٢٩ ی

شوباتی ٢٠١٦) کەخۆی لەچەند بەشێکدا دەبینێتەوە، لەوانە هەڵسەنگاندنی جۆرو ژمارەی ئەو یاساو پرۆژە بڕیارانەی لەو ماوەیەدا کاری لەسەر کراوەو دەرکراوە، کاری لێژنە جۆربەجۆرەکان، ڕێژەی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان و هتد...

## بەشی یەکەم
## میتۆد و بەرنامەی توێژینەوە

### یەکەم: کێشەی توێژینەوە:

پەرلەمانی کوردستان–عێراق، وەك دەزگایەکی سەربەخۆ بەگەورەترین و بەرزترین دەزگای شەرعی دادەنرێت لەهەرێمی کوردستان کەخەڵك دەنگی پێداوەو نوێنەرایەتی خەڵك دەکات بەهەموو دەنگ و ڕەنگە جیاوازیەکانیەوە، و دەزگایەکە کە پێویستە دور لەهەر دەستێوەردانێکی حزب بەکارو ئەرکە سەرەکیەکانی خۆی هەڵسێت لەدەسەڵاتی یاسادانان و سەرچاوەی بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی گەلی هەرێمی کوردستان، پەسەندکردنی بودجەی ساڵانەو چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن. و لەکارەکانیدا پشت بەپەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان دەبەستێت، لەگەڵ خاڵە بەهێزەکانی چەندین خاڵی لاوازو لادانی هەبووە دەتوانرێت کێشەی توێژینەوەکە لەڕێگەی دانان و ئاڕاستەکردنی ئەم پرسیارانە بکرێت:

١. لێژنەکان ئاستی کارکردنیان لەسەر ئەوپرۆژە یاسایانەی کەئاڕاستەیان کراوە تا چ ڕادەیەك بووە؟
٢. ڕۆڵی پەرلەمان وەك دەزگایەکی شەرعی چی بووە لەبەرامبەر قەیرانی دارایی و موچە؟
٣. کاردانەوەو ڕۆڵی پەرلەمان چی بووە لەمەڕ پرسی سەرۆکایەتی هەرێم؟
٤. ئایا پەرلەمانی کوردستان و ئەندامەکانی ئەرك و بەرپرسیارێتی یاسایی خۆیان بەپێی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان جێبەجێ کردووە؟ بەتایبەت لەچاودێری کردنی کارەکانی حکومەت بەدواداچونو بانگهێشت کردنی وەزیرەکان بۆ لێپرسینەوە؟
٥. ڕێژەی غیابات و مۆڵەت و بایکۆتی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکان و لێژنەکاندا لەسەرجەم فراکسیۆنەکان تا چ ئاستێك بووە؟
٦. ئاستی کارکردنی پەرلەمان لەمەڕ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عیراق بۆ ڕاپرسی تاچەند بووە؟
٧. ئایا پەرلەمان توانیویەتی لەڕێگەی لێژنەکانی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمواربکاتەوە؟

### دووەم: کرنگی توێژینەوە:

لەڕێگەی ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانرێت ئەدای کاری پەرلەمان بەئاشکرا دیاری بکرێت و هەڵسەنگێندرێت لە خولی پایزەی خولی هەلبژاردنی چوارەمی پەرلەمان، ئەمەش گرنگیەکی زۆری هەیە هەم بۆ پەرلەمان تاکو لەڕێگەیەوە هەنگاوبنێن بۆچارەسەرکردنی لادان کەموکوڕیەکانیان لەخولەکانی داهاتودا تا بتوانن بەشێوەیەکی باش نوێنەری ڕاستەقینەی گەل بن، وەبۆ خەڵك و ڕای گشتی تابەوردی و بەشێوەیەکی نوسراو ئاگاداری هەموو کارێکی پەرلەمان بن.

**سێیەم: ئامانجی توێژینەوە:**

١. هەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمانی کوردستان و ئەندامەکانی و ئەرك و بەرپرسیاریێتیان بەتایبەت لەچاودێری کردنی کارەکانی حکومەت و بەدواداچون و بانگهێشت کردنی وەزیرەکان بۆ لێپرسینەوە.

٢. دەرخستنی کاردانەوەو ڕۆڵی پەرلەمان لەمەڕ پرسی سەرۆکایەتی هەرێم.

٣. دەرخستنی ئاستی کارکردنی لێژنەکان لەسەر ئەوپرۆژە یاسایانەی کەئاراستەیان کراوە.

٤. دەرخستنی ڕۆڵی لێژنەکان لە کارکردنیان لەسەر بارودۆخی خراپی هاوڵاتیان و قەیرانی دارایی وموچە.

٥. زانین و دەرخستنی ڕێژەی غیابات و مۆڵەت و بایکۆتی ئەندامانی پەرلەمان لەدانیشتنەکان و لێژنەکان و سەرجەم فراکسیۆنەکان.

٦. زانینی ئاستی کارکردنی پەرلەمان لەمەڕ یاسای ئامادەکردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عێراق بۆ ڕاپرسی.

٧. دەرخستنی ئاستی کارکردنی پەرلەمان لەڕێگەی لێژنەکانی لەسەر هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان.

**چوارەم: گریمانەی توێژینەوە:**

ئەدای کاری پەرلەمان وەك پێویست نەبووەو لاوازبووە بەتایبەتی لەکارکردن لەسەر قەیرانی دارایی و موچەی فەرمانبەران و چاودێری کردنی حکومەت وپرسی سەرۆکایەتی هەرێم و تەواوبونی شەرعیەتی ویلایەتەکەی، و هەموارکردنەوەی پەیرەوی ناوخۆ و کارکرنیان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عیراق بۆ راپرسی.

**پێنجەم: سنوری توێژینەوە**

شوێنی جێ بەجێ کردنی ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی سنوری هەرێمی کوردستانی عێراق (پەرلەمانی کوردستان– عێراق) ە، کاتی دەست پێکردنی توێژینەوەکە لە ۲۰۱۵/۱۰/۲۰ بەردەوام بوو تا ۲۰۱٦/٥/۱.

**شەشەم: بەرنامە و پەیرەوی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە پشتی بە بەرنامەیەکی شیکاریی و چاودێری بەستوە لەنێوان ئەو کاروچالاکیانەی کەپەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان کردویانە، لەگەڵ ئەوەی کە پێویست بووە بیکات، لەڕێگەی ئەو داتایانەی دەست کەوتووە لەخودی پەرلەمان خۆیەوە، و لەڕێگەی چاودێری کردنێکی وردی هەموو کارەکان و دانیشتنەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەهەمان کاتدا ئەم توێژینەوەیە پشتی بە بەکارهێنانی چەند ڕێگەیەك لەهەڵسەنگاندنی ئەدای پەرلەمان بەستوە وەك ڕێگەی ڕیزبەندی Ranking، و ڕێگەی ڕوداوی ڕاستی: Critical Incident Method.

**حەوتەم: شێوازی کۆکردنەوەی داتاو زانیاریەکان**

توێژەرەکان لەم توێژینەوەیەدا پشتیان بەستووە بە وەرگرتنی داتای ڕاستەقینە لە سەرجەم دانیشتنەکانی پەرلەمان و ئاستی کارکردنیان لەسەر پرۆژەیاسا و بڕیارەکان و چاودێریکردنی بەردەوامی ڕۆژانەی کاروچالاکیەکانی پەرلەمانی کوردستان، لەگەڵ سود وەرگرتن لە ڕاپۆرتی پێنجەمی ئینستیتوتی پەی بۆ پەروەردەو گەشە پێدان.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری

**تەوەرەی یەکەم: هەڵسەنگاندنی ئەدای کار:**

پێش ئەوەی باسی هەڵسەنگاندنی کارو ئەدا بکەین پێویستە بزانین ئەدای کار چیە، ئەدا (الاداء) بەئینگلیزی Performance بریتیە لە رەفتاری کردارەکی کەسێك و گەیشتنێتی بەئامانجە پلان بۆدانراوەکانی بەلێهاتویی‌و کارامەیی. (مصطفی،317,2007). وپێویستە لەکاتی هەستان بەهەڵسەنگاندی ئەدای کەسێك باروددۆخی ئەو ژینگەیەی تێیدایەتی ڕەچاوبکەین و کاریگەریەکانی لەسەر ئەدای ئەوکەسە فەرامۆش نەکەین.

هەڵسەنگاندن بەپێی فەرهەنگی کامبریجی ئینگلیزی بریتیە لە فەرمانڕەوایی و هەژمارکردنی جۆریەتی، گرنگیەتی، قەبارە، یان بەهای شتێك.(Cambridge Dictionary ,2016) و ئاماژەی بەوەشداوە کە قورسە هەڵسەنگاندن بکەی بۆ هەریەك لەوانە بەبێ زانینی ئەو کارنامانەی کەلەپێشترا بەکارهاتوون.

ئەوەی گومانی تێدانیە هەڵسەنگاندنی ئەدا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ باشترکردنی و گەشەسەندنی بەردەوامی ئەدای فەرمانبەران، بەتایبەت ئەگەر هاتوو ئەم کردارە بەپێی بنەمایەکی بابەتیانە و دور لە لایەنگیری کرا. (العدني، 2015، 45)، و (الرشیدي، 2014، 31) باس لەکرداری هەڵسەنگاندنی ئەدا ئەکات بەوەی بریتیە لە کردارێکی بەردەوام ئامانجی دیاریکردنی خاڵی بەهێزو لاوازە لەو کۆششانەی کەفەرمانبەر دەیکات لەگەڵ ئەو ڕفتارانەی کەپەیرەوی دەکات لەکاتێکی دیاریکراودا بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجێك کەپێشتر پلانی بۆدانراوە، هەروەها (الشریف، 2013، 34) پێناسەی کردووە بەوەی بریتیە لەکردارێکی کارگێڕی پلان بۆدانراو بەردەوام بەدرێژای ژیانی وەزیفی و کارکردنی کەسێك لەلایەن کارگێڕی سامانە مرۆییەکان سەر بەهەر رێکخراوێك، کەلەرێگەیەوە ئەدای کەسەکان دەپێورێت بەپێی پێوەرەکانی ئەدا بەئامانجی دیاریکردنی کەموکورتیەکانی ئەدای فەرمانبەران و پێشکەشکردنی هاریکاری بۆئەوەی ئەدا باشترین شێوە لەخۆی بگرێت، کە چەند بڕیارێکی وەزیفی پشتی پێ دەبەستێت وەك پاداشت، پلەبەرزکردنەوە، گواستنەوە.

یان بریتیە لە کرداری پێوان و وەسفکردنی ڕەفتاری کەسێك و دەستکەوتەکانی لەماوەیەکی دیاریکراودا بەمەبەستی باشکردنی. (وەصفی، 365,2005)، یان کرداری هەڵسەنکاندنی ئەوبەشداریانەیە کە تاك دەیکات لەڕێکخراوێکدا لەماوەیەکی دیاریکراودا لەگەڵ دابین کردنی فیدباکی ئەدا کە تاك بتوانێت لەڕێگەیەوە ئاستی ئەدای خۆی بزانێت بەبەراورد لەگەڵ پێوەرەکاندا.(Androw,2001)

**دووەم: مەرجەکانی هەڵسەنگاندن**(Word wide Institute,2007)

١- پابەند بوون بە یاسای رێکخستن و ڕێساو رێنماییەکان ولانەدان لێی.

٢- توانا و چوستییەکی بەرزی هەڵسەنگێنەران.

٣- پێویستە هەڵسەنگێنەران شارەزای و لێهاتویی پێویستیان هەبێت تاکو بتوانن بەشێوەیەکی دروست بەهەڵسەنگاندەکە هەستن.

٤- ڕاستگۆیی و ڕەوایی تێدابێت.

٥- دور کەوتنەوەی هەڵسەنگێنەران لەلایەنگیری لەکاتی هەڵسەنگاندندا.

٦- بەشداری پێکردنی کەسانی تر بۆبەدەست هێنانی شەفافیەت و ڕاستگۆیی.

**سێیەم: سودەکانی ئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانی ئەدای کار:** (الشريف، 2013، 35)، (العشي، 2013، 64):

١- گۆڕانگاری کردن لە موچەو کرێ: هەڵسەنکاندنی ئەدای فەرمانبەران یارمەتی دەدات لەدیاریکردنی پاداشتی دارایی گونجاو، وەگۆڕانکاری کردن لەموچەو کرێی کارەکانیاندا یان بەزیاد کردن یان بەکەمکردنی.

٢- پلە بەرزکردنەوەو گواستنەوە: هەڵسەنگاندنی ئەدا دەبێتەهۆی زانینی تواناو لێهاتویی فەرمانبەرو بەرزکردەوەی پلەکەی بۆپلەیەکی بەرزتر یان گواستنەوەی بۆ وەزیفەیەکی تر کەبگونجێت لەگەڵ تواناکانیدا.

٣- پێوەر: هەڵسەنکاندنی ئەدای فەرمانبەرەکان دەبێتەپێوەرێك بۆ پێواندن و زانینی کاریگەری ڕاهێنان لەسەر ئەدای کاری ڕێکخراو.

٤- هەڵسەنگاندنی سەرپەرشتیاران و ڕاهێنەران و بەڕێوەبەرەکان: دەبێتە هۆی هەڵسەنگاندنی ئەدای سەرپەرشتیاران و ڕاهێنەران و بەڕێوەبەرەکان لەمەڕ ئەرکەکانیان بەرامبەر سەرپەرشتی کردنی فەرمانبەران.

٥- دابینکردنی زانیاری پێویست بۆ بڕیاردەر لەسەر ئەدای ڕاستی فەرمانبەر.

٦- پێشکەشکردنی ڕاوێژ: هەڵسەنگاندنی کار دەبێتەهۆی دیاری کردنی کەموکوڕی لەئەدای کارەکاندا و هەوڵدان بۆ چاککردنی لەرێگەی راهێنان لەناوەوەو دەرەوەی ڕێکخراوەکەدا.

٧- دەرخستنی پێویستی راهێنان: لەڕێگەی هەڵسەنگاندنی ئەداوە دەتوانرێت پێویستی لە بەرنامەکانی راهێنان و جۆرەکەی و ماوەکەی دیارییبکرێت.

٨- دابینکردنی داتابەیسی تایبەت بە چالاکی و ئەدای کاری فەرمانبەرەکان.

٩- پتەوکردنی پەیوەندی لەنێوان فەرمانبەرەکانو کارگێڕیو بەڕێوەبەرەکانیاندا بەوپێیەی کە چالاکیو کاروبارەکانیان بەهەند وەردەگیرێت و بەهای خۆی هەبێ. (أبو كويك، 2012، 33).

**چوارەم: ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن:**

ئەو ڕێگایانەی دەکرێت بەهۆیەوە ئەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پێبکەین، دەکرێت بەچەند جۆرێکەوە لەوانە: (الشحري، 2013، 42)، (الرشيدي، 2014، 32)، (الأشقر، 2015، 17)، (صيام، 48,2013)

چەند ڕێگەیەکی جۆربەجۆر هەیە بۆ پێوانی هەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەران لەرێکخراوێکی دیاریکراودا کەتیایدا دەتوانرێت ڕێگەیەك یان چەند ڕێگایەك هەڵبژێردرێت بۆ هەڵسەنگاندن، لەوانەش:

١- ڕێگەی پۆلێنکردنی گرافیکی :Graphic Rating Scale

ئەم ڕێگەیە بەکۆنترین و بەناوبانگترین ڕێگە دادەنرێت، بەوپێیەی ئەدای فەرمانبەر دەپێورێت لەسەر چەند بنەمایەکی دیاریکراو، وەك: جۆری ئەدا، قەبارەی ئەداو شێوەکەی.

٢- ڕێگەی ریزبەندی: Ranking لەم ڕێگەیەدا بەڕێوەبەر هەڵدەستێت بە ئامادەکردنی لیستی ناوی ئەوکەسانەی کەکاردەکەن لەگەڵیدا لەسەر بنەمای لەبەرزەوە بۆنزم، یان لەنزمەوە بۆ بەرز، بەپشت بەستن لەباشترین تواناو چوستێتی.

٣- ڕێگەی ڕوداوی ڕاستی: Critical Incident Method

ئامانج لەبەكارهێنانی ئەم ڕێگەیە بریتیە لە دورخستنەوەی ئەگەری هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای کەسی، بەپێ ی ئەم ڕێگەیە هەڵسەنگاندی ئەدا لەڕێگەی پشت بەستن بەڕفتارەکانی فەرمانبەران لەکاتی کارکردنیاندا، ئەویش بەتۆمارکردنی ئەو ڕوداوانەی ڕوددەن لەکاتی کارکردنیاندا خراپ بێت یان باش، دەخرێتە هەگبەی فەرمانبەرەکەوە بەمەبەستی سود وەرگرتن لێی لەهەڵسەنگاندنەکانی تر.

٤- ڕێگەی لیستی هەڵبژاردن: Checklist Method

ئەم ڕێگەیە هەڵدەستێت بە نوسینی چەند پرسیارێك لەسەر ئەدائی فەرمانبەرەکە، بەڕێوەبەر هەڵدەستێ بەوەڵام دانەوەی پرسیارەکان، و بەڕێوەبەری سامانی مرۆیی هەڵدەستێت بە پێدانی کێش (وزن) بەهەریەکێك لەپرسیارەکان.

٥- ڕێگەی ڕاپۆرتی نوسراو: Essay Method

ئەم ڕێگەیە بەڕێگەیەکی ئاسان دادەنرێت لەهەڵسەنگاندنی ئەدای فەرمانبەرەکان، کەتێیادا بەڕێوەبەر یان سەرپەرشتیار هەڵدەستێت بە نوسینی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل لەسەر فەرمانبەرەکە، بەباسکردنی خاڵی بەهێزو لاوازی لەگەڵ دەرخستنی ئەوتواناییانەی هەیەتی بۆئەوەی بتوانێت گەشەی پێبدات لە داهاتوودا، هەروەها بەکاربهێنرێت لە پلەبەرزکردنەوەو توانای بەرەو پێشچونی وەزیفی.

٦- ڕێگەی پۆلێنکردنی گرافیکی ڕەفتاری: Behaviorally Anchored Rating Scales (BARS)

ئامانج لەبەکارهێنانی ئەم ڕێگەیە زاڵبوونە بەسەر ئەو ڕێگەی پۆلێنکردنی گرافیکی بەکاریدەهێنا لەدانانی پێوەرو بەهای هەریەك لەتایبەتمەندیەکان لەگەڵ جیاوازی هەریەکەیان لەگەڵ یەکتردا، وەملکەچبونی پێوەرەکانی بە قسە لەسەرکردن و ئەگەربوونی بەلایەنگیری.

٧- ڕێگەی کارگێڕی بە ئامانج: Management By Objectives:

ئەم ڕێگەیە هەڵدەستێت بەکۆمەڵێك گریمانە، کورتکراوەکەی ئەوەیە کە فەرمانبەران لەڕێکخراوێکدا دەیانەوێت هەموو ئەولایەنانەی کەلەسەریانە پێی هەستن بزانن، وەئارەزوو دەکەن لەسەر زانینی ئاستەکانی ئەدائیان بەشێوەیەکی بەردەوام، ئەم ڕێگەیە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن پێش خستەڕوی ئەدا، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەکانی پێشوو تر هەڵسەنگاندنە دوای ئەدای کارەکە. (الدجني، 4,2010)

**تەوەری دووەم: پەرلەمان**

**یەکەم: پێناسەو چەمکی پەرلەمان**

پەرلەمان زاراوەیەکە بەزمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لەسەدەی سیانزەیەم بەکارهاتووە، مەبەست لێی تاوتوێکردنی هەر گۆبونەوەیەکە، وشەی پەرلەمان لەڕوی زمانەوانیەوە لە وشەی (PARLER)ی فەرەنسیەوە هاتووە کە بەمانای ئاخاوتن دێت.

پەرلەمان بەزمانی ئینگلیزی Parliament بەشاندێك دەوترێت کەلەهەر وڵاتێك لەلایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێ بۆ دانانی یاسا و چاودێریکردن بەسەر بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، لە زمانی کوردیدا پێشی دەوترا ئەنجومەنی نیشتیمانی، بەڵام ئەو ناوە بەپێی یاسای ژمارە 2 ی ساڵی 2009 یاسای هەموارکرنی یاسای پەرلەمانی کوردستان، ناوی پەرلەمانی کوردستان جێی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراقی لەیاسای ناوبراو و هەموو یاسا کارپێکراوەکانی لەهەرێمدا گرتەوە. (بەزاز، 5,2013)

هەروەها زاراوەکە بەو شوێنەش وتراوە کە کۆبونەوەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، لەهەمان کاتدا وشەی پەرلەمان لەزمانی ئینگلیزیدا بەهەموو دامودەزگا تەشریعیە باڵاکاندا گوتراوە کە پێك دێن لە (مجلس العموم ومجلس اللوردات) و بەحوکمی پێگەی ئینگلیز لە ناوچەکەدا لەسەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ناوەکەو سیستەمەکە بڵاوبۆتەوە بۆ ناوچەکانی تری جیهان.

پەرلەمان وەك لە مادەی (6) پەیڕەوی ناوخۆدا هاتووە: ئەندامەکانی چوارساڵ جارێك لەهەڵبژاردنی گشتی لەهەرێمی کوردستاندا دەستنیشان دەکرێن، لایەنی کەم دەبێت 25٪ ئەندامانی پەرلەمان ژن بن. و لەهەرساڵێکدا دووخولی بەستنی هەیە، یەکەمیان لە ئازار تا کۆتای حوزەیران (بەهارە) و دووەمیان لە ئەیلول تاکۆتای کانونی یەکەم (پاییزە).

پەرلەمانی کوردستان وەك لە ماددەی (3) پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە لە (111) سەدویانزە ئەندام پێك دێتو ئەندامان بەپێی یاسای هەڵبژاردن هەڵدەبژێردرێن وهەر ئەندامێك نوێنەرایەتی هەموو گەلی کوردستان دەکات.

**دووەم: ئەرکەکانی پەرلەمان:**

پەرلەمان وەکو دەزگایەکی شەرعی چەندین ئەرکی سەرەکی هەیە و ڕۆڵێکی باڵای هەیە لە بەشداری سیاسی خەڵك لە دروست کردنی بڕیاردا، ئەرکەکانیشی دەگۆڕێن بەپێی سیستەمی سیاسی پەیڕوکراو لەو وڵاتە، لەبەر ئەوە مەرج نیە پەرلەمان هەرسێ ئەرکە سەرەکیەکەی لەهەموو وڵاتێك وەك یەك پەیڕەو بکات وەك یاسادانان، چاودێری کردنی دەسەڵاتی جیبەجێ کردن و بودجە، بۆنمونە لەو وڵاتانەی کە سیستەم تیایاندا کۆماری پەرلەمانین، پەرلەمان دەتوانێت چاودێری هەموو کاروبارێکی دەوڵەت بکات و بەدەزگایەك دادەنرێت کە سەرچاوەی گەورەترین و باڵادەسترین دەسەڵاتی دەوڵەتە. وەکو ئیتاڵیا، تورکیا، هیندستان، یان ئەو وڵاتانەی پاشایەتی تیایدا مەرجدارە وەك پاشایەتی دەستووری، هەروەها مەشرووتەی سەڵتەنەشی پێدەوترێت وەکو ئیتالیا، سوید، دانیمارك.

لەهەندێك وڵاتانی تردا پەرلەمان تەنیا ئەرکی یاسادانانی دەبێت، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە سەرۆك کۆمار دەسەڵاتی فراوانی هەیە وەك وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا، فەرەنسا، چەند وڵاتێکی ئەمریکای لاتین.

کاری پەرلەمان لەسیستەمی پەرلەمانیدا بریتیە لە یاسادانان، چاودێری کردنی چالاکیەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن و پێدانی متمانە بەحکومەت و لێسەندنەوەشی. هەروەك لە مادەی (2) ی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستاندا هاتووە کە ئەرکی سەرەکی پەرلەمان دەسەڵاتی یاسادانانە لەهەرێمو بودجەی ساڵانە پەسند دەکاتو چاودێری کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دەکات.

**بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمان ئەم ئەرکانەی خوارەوەی هەیە:**

- دەرکردنی یاسا
- چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن
- پەسەندکردنی بودجەی گشتی و نەخشەکێشانی گەشەپێکردن و بڕیارلەسەردانیان
- ناولێنانی سەرۆکی وەزیران و متمانەدان بەئەنجومەنی وەزیران و کێشانەوەی متمانە لێیان.
- بڕیاردان لەسەر ڕێکەوتننامەکان و یەکلاکردنەوەی کێشەی چارەنوسزازەکان.

**یەکەم: یاسادانان: (دوفرجیه، 2014)**

وەزیفەی یاسادانان بەگرنگترین ئەرکی پەرلەمان دادەنرێت لەڕوی مێژوویی و سیاسیەوە، لەڕوی مێژووییەوە بەهای دیموکراتی خۆی دەبێت لەدروست کردنی سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کەپشت بە نوێنەرایەتی کردنی گەل دەبەستێت، وەبەدەستهێنانی ئازادی بەشداریکردن و یەکسانی لەنێوان گەلدا، تیشک دەخاتەسەر بونی دەستەیەك کەڕۆڵی نوێنەری گەل ببینێت، بێ گومان گرنگترین بابەتی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە بریتیە لەدانانی ڕێسایەك تا هەمووی لەسەری پابەند بن بەمەبەستی فەراهەم کردنی بەهای ئازادی و یەکسانی.

لەبەرئەوە ڕۆڵی یەکەمی پەرلەمان بریتی بوو لە دانانی یاساو ڕێسا، کەلەئەمڕۆشدا گرنگترین کارە دیارەکانی پەرلەمانە، تەنانەت ناوی پەرلەمان لەزۆربەی کلتورە جیاوازەکان پێی دەوترێت دامەزراوەی دەسەڵاتی تەشریعی، کەدەرکردنی یاسا دەربڕینی ویست و پێشەنگیەکانێتی. کەڕەنگ دەداتەوە لەشێوەی یاسای گشتی کەحوکمی کارلێکردنی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگە و ڕێکخستنی کارو ژیانی هاوبەشیان دەکات. وەلەکاتی یاسا داناندا پێویستە سەرەتا پێشەنگیە سیاسیەکان وەربگیرێت.

ئەوەی گرنگە لێرەدا زانینی چوارچێوەی کاری تشریعیە کەپەرلەمان دەیکات لە دەرکردنی یاسا، بنەمای گشتی لەچوارچێوەی یاسایی لەچەند شتێك پێك دێت کەلەسەرو هەمویانەوە دەستورە، ئینجا یاسا و ڕێساکانی جێبەجێکردن و بڕیارە وزاریەکان و ڕینماییە کارگێڕیەکان، لەگەڵ پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکان. دەستور بەپلەی بەرزتر لەیاسا دادەنرێت، چونکە ڕەنگدانەوەی بەهای ڕاستەقینەی گۆمەڵگەیە لەگەڵ سروشتی سیستەمی حوکمڕانی و پێویستە خەڵك ڕایەکی ڕاستەوخۆی لەسەر هەبێت، ڕۆڵی پەرلەمان لێرەدا تاوتوێکردنی چاککردنەوەی دەستورە، هەروەها ئەو پەیماننامەو ڕێکەوتنە نێودەوڵەتیەکانەی حکومەت ئیمزای لەسەر دەکات پێویستە پێش وەخت لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی لەسەر بدرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدرێت، بەتایبەتی ئەوانەی کاریگەرییان لەسەر دەوڵەت و سامانی کۆمەڵگە هەیە، وەك پەیماننامەو بازرگانی و قەرزی گەورەو گۆڕانکاری لەسنورو زەوی دەوڵەت.

**دووەم: چاودێریکردنی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن**

چاودێری پەرلەمان لەسەر کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردن دوو جۆرە: چاودێری ئاسایی (عادیە) کە پێکدێت لە پرسیارو پرساندن، و چاودێری نائاسایی (غیر عادی) بریتیە لە پێکهێنانی لێژنەکان لە بەدواداچون و لێکۆڵینەوەو خستەڕوی بابەتی گشتی و تاوتوێکردنی لەگەڵ حکومەت.

ئەرکەکانی چاودێری پەرلەمان بەشێوەیەکی گشتی لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردن دا بریتیە لە:

١- پرسیار.

٢- پرساندن و وەڵام. (الاستجواب)

٣- پێکهینانی لیژنەکانی لێکۆڵینەوە.

٤- گرنگیدان بە سکاڵا و ڕەخنەی خەڵك.

پرسیار: شێوازێکە کە نوێنەرانی گەل لەناو پەرلەمان لە وەزیرەکان و ئەندامانی دەسەڵاتی جێبەجێ کردنی دەیکەن بەمەبەستی ڕون کردنەوەو شیکردنەوە بەرامبەر بابەتێکی دیاریکراو و وەرگرتنی وەڵامی گونجاو لەماوەیەکی دیاریکراودا.

پرساندن: لە پرسیار بەهێزترە و مەترسیدارترە لە ئەنجامەکانی، لەبەر ئەوەی ڕەنگە لەکاتی نەبونی باوەڕ بە وەڵامەکان ببێتە هۆی لێسەندنەوەی متمانە.

لێژنەی لێکۆڵینەوە: ئەو لێژنانەن کە لەئەندامانی پەرلەمان دروست دەکرێن بەمەبەستی لێکۆڵینەوەو زانینی کاروبارێکی دیاریکراو و پیشاندان و خستنەڕوی هەموو ئەو لادان وخەوشانەی بونیان هەیە لە لەبەرژەوەندیەکانی کارگێڕی گشتی.

**سێیەم: ڕێگاکانی چاودێری کردنی پەرلەمان لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن**

چاودێری دارایی بەیەکێك لە گرنکترین ڕێگاکانی چاودێری دادەنرێت لەلایەن پەرلەمانەوە لەسەر دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەکاردەهێنرێت، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی دانانی سنورێك بۆ زاڵبون بەسەر گەندەڵیدا، لەڕێگەی دەرخستنی کارو چالاکیەکانی بەرپرسەکانی حکومەت و چەندێتی تێوەگلانیان لەکاری گەندەڵی و شکاندنی یاساو پابەندنەبون و مل کەچ بوون پێیەوە. ئەم کارەسەرەکیەی پەرلەمان لەڕوی مێژوییەوە، لەگەڵ گەشەسەندنی بزوتنەوەی چاکسازی سیاسی گەشەی کردوە، لە کۆندا پاشاکان پێویستیان بەپەرلەمان بوو تاکو باج بسەپێنن بەسەر گەلدا، لەگەڵ بەرەوپێشچونی سیستەمی سیاسی و گەشەسەندنی، ڕۆڵ و پێگەی پەرلەمان زیاتر بەهێز بوو کە تەنها خۆی لەپەسەندکردنی باج نەدەبینیەوە بەڵکو ئەرکی فراوان بوو بەچاودێری کردنی سەرجەم کاروباری دارایی دەوڵەت.

**پەسەند کردنی بودجە:**

لەگرنگترین ئەو بابەتە داراییانەی چاودێرییان دەکات بریتیین لە پەسەندکردنی بودجەی دەوڵەت کە پێکهاتووە لە دەستکەوتەکانی حکومەت و تێچونەکانی دوای تاوتوێکردنی بەشێوەیەکی تێروتەسەل، و ئەم گفتوگۆیەش هەلێکە لەبەردەم نوێنەرانی گەل لەپەرلەمان تاکو بتوانن رای خۆیانی لەسەر بڵێن و بەشدارێکی کارا بن لە سیاسەتی گشتی دەولەت لەهەموو لایەنەکانیەوە. لەهەمانکاتدا کاری ئەندامانە لەپەسەندکرنی هەر گۆرانکاری و زیادکرنێك لەبوجەدا، دەسەلآتی جێبەجێ کردن ناتوانێت هیچ ڕێگایەك بدۆزێتەوە لە ڕاکردن لە چاودێری دەسەڵاتی تەشریعی دوای بریاردان لە بودجەی گشتی، ئەگەر هاتوو حکومەت دوای پەسەند کرنی بودجەکە لەلایەن پەرلەمانەوە توانی گۆڕانکاری تری تێدا بکات لەوکاتەدا پەرلەمان هیچ بەهایەکی نامێنێت. لەبەر ئەوە پێویستە مۆڵەت لەپەرلەمان وەربگیرێت لەسەر هەر تێچونێکی زیادە کەلەناو بودجەکەدا نەهاتووە و زیاترە لەوەی پێشبینی بۆکراوە، یان گواستنەوەی برێك پارەی پێشنیار کراو لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر لە بودجەکە.

بۆتەواوکردنی ڕۆڵی چاودێری دارایی کەیەکێکە لەبنەماکانی شەفافیەت لەسەر حکومەت بەوپێیەی حکومەت پێویستە پابەند بێت بە پێشکەشکردنی ژمێرەی کۆتایی ساڵی دارایی رابردو لەسەرەتای دەستپێکردنی خولێکی پەرلەمانی تازەدا، بۆ دڵنیابونەوەی ئەندامان لەسەر نەبونی هەر لادانێکی یاسایی لەبودجە و پابەند بونی حکومەت بە برگەکانی، لەزۆربەی دەوڵەتانی دیموکراسی ئەو لایەنەی کەچاودێری ژمێرەی کۆتایی ساڵی دارایی دەکات

کەسانێك ودەستەیەکی سەربەخۆن، پێکدەهێنرێن وسەربەخۆن لەدەسەڵاتی تەشریعی، بۆئەوەی بزانن تا چەند حکومەت پابەند بووە بەبودجەو برگەکانیەوە، ئەو ڕاپۆرتەش کەئەم دەستەیە دەینوسێت سەربەخۆیە لە ژمێریاری گشتی.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی

## هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمان لە ماوەی خولی پاییزەدا

## ( 1 ی ئەیلولی 2015 تا 29ی شوباتی 2016 )

**یەکەم: پرۆسەی یاسادانان:**

خولی پاییزەی پەرلەمانی کوردستان لە 2015/9/2 یەکەم دانیشتنی دەستپێکی خولی تازەی گرێدا، لەم دانیشتنە پرۆژەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆی خستە بەرنامەی کارەوە، دووای ئەوەی شەش دانیشتن ئەنجامدرا کە دواهەمینیان دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی بوو و لە 2015/10/7 بەسترا، دواتر بڕیار بوو دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی لە ڕۆژی دووشەمە 2015/10/12 ببەسترێت، بەڵام کۆبوونەوەکە دواخراو ئەنجامنەدرا، تا ئەو کاتە گفتوگۆی پەیڕەوی ناوخۆ کراو لەکۆی (149) مادەی پرۆژەکە نزیکەی (30) مادەی گفتوگۆی لەسەر کراو پەسەند کرا، بەڵام لەوکاتە بەدوواوە پرۆسەی یاسادانان پەکی خراو تا کۆتایی خولەکە، پەرلەمان هیچ کۆبوونەوەیەکی نەکردوو هیچ یاساو بڕیارێکیش پەسەند نەکراو پرۆسەی یاسادانان پەکی کەوت.

هەرچەندە لە (2015/10/12) لەلایەن (پارتی دیموکراتی کوردستان)ەوە ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان کراو پەکی دانیشتنەکانی پەرلەمان خراو ئەمەش پێشێلێکی گەورەی یاسایی بوو، بەڵام ئەگەر ئەوەش نەکرابوایە، دوای تەنها یەك هەفتەی تر لەو مێژووە، واتە لە (2015/10/19) ئۆتۆماتیکی پەرلەمان لە رووی یاساییەوە پەکی دەکەوت و نەیدەتوانی هیچ یاسایەك دەربکات. ئەمە لەکاتێکدا کە پەرلەمان نزیك بە دوو ساڵ تەمەنی ماوەو لەو دوو ساڵەدا بەم شێوەیە نەیدەتوانی ئەرکە یاساییەکانی بەجێ بگەیەنێ، کەئەرکی بنەڕەتیی و راستەقینەی پەرلەمان دانانی یاسایە بۆ ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگە، چونکە پەرلەمانی کوردستان بەهۆی لایەنە یاساییەکەی کێشەی سەرۆکایەتی هەرێمەوە لە 2015/10/20 و ئیتر بەهیچ جۆرێك مافی ئەوەی نامێنێ یاسا دەربکات. واتا ئەگەر لە (10/12) شدا ڕێگری لە سەرۆکی پەرلەمان نەکرایە، ئەوە دوای (7) ڕۆژ لەو مێژووە ئیتر کارەکانی پەرلەمان دەوەستا، ئەگەر بیانویستایە درێژە بە کارەکانی خۆیان بدەن، دەبوو پرسی سەرۆکایەتی هەرێم چارەسەر بکرایە، تا شەرعیەتی دەرچوواندنی یاسا هەبێت، چونکە بەپێی ئەو یاسا کارپێکراوانەی هەرێم پەیوەست بەکاری پەرلەمان و بەگوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و بەپێی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 2005، لە برگەی (یەکەم)ی مادەی (10) دا هاتووە: "ئەو یاسایانەی پەرلەمان دایاندەنێت، سەرۆکی هەرێم لەماوەی (15) ڕۆژدا لەرۆژی دانانیەوە دەریاندەچوێنێ و مافی ئەوەشی هەیە (تانە) لە کۆی یاساکە یا بەشێکی بدات و رەوانەی پەرلەمانی بکاتەوە تا چاوی پێدا بخشێنێتەوە، لەم بارەیەوە بڕیاری پەرلەمان بنبڕە. دەبێت هەموو ئەو یاسایانەی پەرلەمان دەریاندەکات بەرزی بکاتەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و پێویستە ئیمزای لەسەر بکات و دەری بچوێنێ".

بەپێی ئەو یاسایانەی تا ئێستاش کاریان لەسەر دەکرێت، لەم بارودۆخەی ئێستادا هیچ بەند و برگەیەکی یاسایی نییە، ڕێگە بە پەرلەمان بدات یاسا دەربکات بەبێ ناردنی بۆ سەرۆکی هەرێم تاوەکو شەرعیەتی حوکمی یاسایی

هەبێت. تەنیا لەیەك حاڵەتدا سەرۆكی پەرلەمان بۆ ماوەی (60) رۆژ خۆی دەیتوانی ئەو ئەركە یاساییە پڕبكاتـەوەو لەڕووی یاساییەوە رۆڵی سەرۆكی هەرێم ببینێ. ئەویش كاتێك كە بەهەر هۆكارێك شوێنی سـەرۆكی هـەرێم چـۆڵ بـوو، سەرۆكی پـەرلەمان دەتوانێ بۆ ماوەی شەست رۆژ مومارەسەی ئەو ئەركە یاساییەی سـەرۆكی هـەرێم بكـات، ئـەویش بەپێی یاسای ژمـارە (1)ی سـاڵی 2005 ی یاسـای سـەرۆكایەتی هـەرێمی كوردسـتان، لـە مـادەی (15) دا هـاتووە: "ئەگـەر پلـەو پایـەی سـەرۆكی هـەرێم، لەبـەر هـەر هۆیـەك، چـۆل بـوو، سـەرۆكی پەرلـەمان ئـەرك و فەرمانـەكانی هەلدەسـورێنێ تــا لــەماوەی (60) شەســت رۆژدا –لــەماوەی چــۆل بــوونی پلــەو پایەكــەوە– ســەرۆكێكی نــوێ هەلدەبژێردرێ" هەر بەپێی یاسا كارپێكراوەكانی هەرێم دەبوو لەو شەست رۆژەدا سەرۆكی هەرێم هەڵبژێردرێت.

بـەو پێیـە، لـەدوای 2015/8/20، كـە وادەی سـەرۆكی هـەرێم كۆتـایی هـات، سـەرۆكی پەرلـەمان دەیتـوانی تـا 2015/10/20 ئەو ئەركە یاساییە پـەیڕەو بكـات، لـە دوای ئـەو شەسـت رۆژە سـەلاحیەتی یاسـایی نـەدەما و دەبـوو كەسێكی دیكە سەرۆكی هەرێم بێت. كاتێك ئەم رێكارە ئەنجام نادرێت، گرفتێكی یاسایی بۆ كـاری پەرلـەمان دروسـت دەبێت و لەدوای ئەو مێژووەوە ئیتر پەرلەمان ناتوانێت یاسا دەربكات، مەگـەر لـە حاڵێكـدا پـێش ئـەو مێـژووە یاسـا كارپێكراوەكانی بگۆڕیبا، یاخود چارەسەری پرسی یاسایی سەرۆكی هـەرێمیان بكردایـە بـەڵام لەبـەر زۆر هۆكـار ئـەو زەمەنانە تێپەڕین و هیچ رێگەچارەیەكی یاسایی پەسەند نەكرا.

كەواتـە پەرلـەمان لـەرووی كرداریـیەوە لـە 2015/8/20 و پـەكی كـەوتووە، بەتایبـەت تـر كـە خـولی پـایزەی لـە 2015/9/1ەوە دەستی پێكردەوە، چونكە پەرلەمان لەو كاتەوە نە هیچ یاسایەكی پەسەند كردووەو نە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردنیشی پێچاوەتەوەو نـە (مسـائلە)ی هـیچ وەزیرێكیشـی كـردووە و نـە بەدواداچونیشـی بـۆ هـیچ كەیسـێك كردووە.

بـۆ نمونـە سـەبارەت بـە یاسـای ژمـارە (4)ی سـاڵی 2015 یاسـای ئامـادەكردنی پـرۆژەی دەسـتوری هـەرێمی كوردستان–عیراق بۆ راپرسی، دەبوایە لە ماوەی سێ مانگدا لیژنەكە كارەكـانی خـۆی تـەواو بكـات، بـەڵام كاتەكـەی تەواو بوو و كارەكانی تەواو نەكرد و لیژنەكەو كارەكانی بەهەلواسـراوی ماونەتـەوە بەبێئـەوەی لەلایـەن پەرلەمانـەوە هیچ بڕیارێكی لێبدرێت. ئەمە لەكاتێكدا دەبوو بەمەبەستی تەواوكردنی كارەكانیان ماوەكە درێژ بكرابوایـەوە كـە هـەر (20) ئەندامی لیژنەی ناوبراو كۆك بوون لەسەری.

لەبەر ئەوەی پەرلەمان توانای دەركردنی یاسای نەبوو، ئەمەش هۆكارێك بوو بۆ خسـتنە رووی پـرۆژەی پـەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان كە خرایە بەرنامەی گفتوگۆوە، چونكە پەیرەوی ناوخۆ ئەگـەر تـەواویش بووایـە بـۆ پەسـەندكردنی پێویسـتی بـە ئیمـزای سـەرۆكی هـەرێم نـەبوو. ئەمـە لەكاتێكـدا ئەگـەر بـۆ پرۆتۆكۆلـەكان و دانیشـتنەكانی ئەوكاتـە بگەڕێینەوە لەماوەی (9/2) تا (10/7) زۆرترین دژایەتی بۆ ئـەم بابەتـە دروسـتبوو لەلایـەن ئەندامانـەوە كـە داوایـان دەكرد كۆبوونەوە لەسەر موچەو پێداویستی و گرفتەكانی خەڵك بكرێت نەك پەیرەوی ناوخۆ.

**دووەم: چاودێری حكومەت:**

پەرلەمان لەیەكێكی تر لە ئەركەسەرەكیەكانی چاودێری كردنـی دەسـەڵاتی جێبـەجێ كـردن و حكومەتـە بەچـەند رێگایەكی جیاواز وەك: چاودێری ئاسایی (عادی) كە بریتیە لە پرسیاركردن لەئالیەت وكاركردنی دەسـەڵاتی جێبـەجێ

کردن و چاودێری نائاسایی (غیر عادی) کە خۆی لە پرساندن (استجواب) و پێکهێنانی لیژنەی تایبەت بەلێکۆڵینەوە لەسەرکارەکانی حکومەت، و کارکردن لەسەر سکاڵاو ڕەخنەی هاوڵاتیان.

پەرلەمانی کوردستان لەم خولەی پایزەدا لەهیچ کام لەشێوازەکانی چاودێریدا نەیتوانیەوە بەئەرکی خۆی هەستێت لە چاودێریی حکومەتدا، لەگەڵ ئەوەی لەسەر داواکاری چەند ئەندام پەرلەمانێك بانگهێشتی چەند وەزیرێك کرا تاکو ئامادەبن بۆ لێپرسینەوە لەناو هۆڵی پەرلەمان و لەدانیشتنی لیژنەکان لەسەر تاوتوێکردنی ئەو کارانەی کەپەیوەندی سەرەکی بەوەزارەتەکەیانەوە هەبووە، بەڵام هیچ کام لەوەزیرە بانگێشت کراوانە ئامادە نەبون، کە ئەوانیش هەریەك لەوەزیرەکانی (دارایی و سامانە سروشتیەکان) بوون، وەزیری دارایی یەك جار لەلایەن ئەندامانەوە بانگێشت کرابوو بە مەبەستی قەیرانی موچە، وەزیری سامانە سروشتیەکان سێ جار بانگێشت کرا بۆ پەرلەمان لەلایەن پەرلەمانتاران– سۆران عمر و شێرکۆ جودەت – عزت سابیر لەمێژووی یەك لەدوای یەکدا 2015/9/8 ,2015/9/14 ,2015/9/21.

**خشتەی (١)**

**بانگهێشت و میوانداری و لێپرسینەوەی وەزیرەکان لە لایەن پەرلەمانەوە**

| ژ | وەزیر | مێژووی داواکاری | مێژووی ئامادە بوون | لایەنی داواکار | هۆکاری بانگکردن | ئەو مادەیەی پەیڕەو کە پێی بانگکراوە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | وەزیری دارایی | 8/9/2015 | ئامادە نەبوو | ژمارەی ئەندامان | قەیرانی مووچە | بەپێی خاڵی (2) لە برگەی (دووەم)ی ماددەی (54) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو |
| 2 | وەزیری سامانە سروشتیەکان | 8/9/2015 | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار– سۆران عمر | کارگەی قیری زیپۆ | بە پێی ماددەی (68 و 69) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو |
| 3 | وەزیری سامانە سروشتیەکان | 14/9/2015 | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار– شێرکۆ جودەت | پرساندن | بە پێی ماددەی (68 و 69) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو |
| 4 | وەزیری سامانە سروشتیەکان | 21/9/2015 | ئامادە نەبوو | پەرلەمانتار– عزت سابیر | پرساندن | بە پێی ماددەی (68 و 69) لە پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو |

سەرچاوە: ئامادەکردنی خشتە لەلایەن توێژەرەکانەوە

**هۆکاری ئامادەنەبونی وەزیرە بانگێشتکراوەکان:**

١- بونی نەرمیەکی زۆر لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان و ماددەکانی تایبـەت بـە پرسـیارو پرسـاندن، بەتایبـەت لەمادەی (61، 68، 69) دا، بۆنمونە لە ماددەی 61 هاتووە: ئەگەر حکومەت لـە مـاوەی یاسـاییدا وەڵامـی پرسـیاری ئەندامەکەی نەدایەوە ئەم ئەندامە بۆی هەیە ڕەوانەی پرساندنی بکات و هەمان ڕێکاری گرتراوەبـەر لـە پرسـاندنەکان دەگیرێتەبەر. (تێیایدا نەهاتوە کاردانەوەی پەرلەمان چـی دەبێـت لەکاتێکدا ئـەو کـەس ولایەنـەی داوای پرسـاندنی بۆکراوە ئامادەنەبوو؟).

- لـە مـاددەی 68دا پێناسـەو چـەمکی پرسـاندن کـراوە، بـەو پێیـەی بریتیـە لـە داواکـردن لـە دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن کـەوا هۆیـەکانی ڕەفتـارکردنی لـە شـتێکدا یـان ئامـانجی لێـی ڕوون بکاتـەوە، بـەبێ ئـەوەی ویسـتی دەستێوەردان لە کاری دەسەڵاتی جێبەجێکردن لەخۆ بگرێت. (وەك ڕونە لەم مادەیـەدا ئامـانجی سـەرەکی پرسـاندن تەنها بریتیە لە ڕونکردنەوەو هیچی تر!).

- لەماددەی 69 دا هـاتووە کـە هـەر ئەنـدامێك ویسـتی ئەنـدامێکی دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن بپرسـێنێت ئـەوا پرسـاندنەکەی بەشـێوەیەکی نووسـراو ئاراسـتە دەکـات. سـەرۆکی پەرلـەمان پرسـاندنەکە دەگەینێتـە دەسـەڵاتی جێبەجێکردن پاش دانانی لە کارنامەی یەکەم دانیشـتنی دوای پێڕاگەیانـدنی و کـاتی گفتوگۆکردنی پـاش هەفتەیـەك دیاری دەکات تەنها ئەگەر پەرلەمان پەلەی بوو ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بوو. (لـەم مادەیەشـدا وەك ئاشـکرایە لەلایەکـەوە ڕوتـینو خـاوی و سسـتیەکی زۆری پێوەدیـارە هـەتاکو ئەنـدامێك لەدەسـەڵاتی جێبـەجێکردن دەپرسێنن و لەلایەکی تریشەوە پێویستە ئەندامی دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش رازی بێـت، بەمـەش کـات وکۆششـێکی زۆر بەفیڕۆ دەچێت وبێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکی هەبێت!).

٢- هاتنەناوەوەی بڕیاری سەرۆکی جکومەتی هەرێم کە ڕایگەیاند پرسـاندنی هـەر ئەنـدام و وەزیرێك پێویسـتە بەڕەزامەندی سـەرۆکی ئەنجومـەنی وەزیـران خـۆی بێـت، (ئەمـەش وای کـرد ڕێگـری دروسـت بکـات بەرامبـەر کـاری پەرلەمانو بەتایبەت لە لێپێچینەوەو پرساندن).

٣- تەواوبونی ماوەی ویلایەتی هەرێم، بەوپێیەی لەکاتی چاودێری دەسـەڵاتی جێبـەجێکردن و لێپێچـینەوە لـە وەزیرەکان، ئەگەر وەزیرێك لە هۆلی پەرلـەمان لێپێچینەوەشـی لەگـەڵ بکرایـە، تەنانـەت ئەگـەر دەنگـی پێویسـت بـۆ وەرگرتنـەوەی متمانـەش لێـی هەبووایـە، نەدەچـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە، چـونکە پێویسـتی بـە مەرسـومی سەرۆکایەتی هەرێم هەبوو سەرۆکی هەرێمیش لەرووی یاساییەوە بوونی نەبوو تا ئەو مەرسومە دەربکات.

**سێیەم: پێکهاتنی لێژنەکانی پەرلەمانی کوردستان:**

وەك ئاشکرایە بۆ ئاسانکردنی ئیش وکارەکانی پەرلەمان و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانیان لە یاسادانانو بەدواداچون و چاودێری کردنی دەسەڵاتی جێ بەجێ کردن و پەسەندکردنی بودجەو بەدواداچـون بـۆ کێشـە و گرفتـی هاوڵاتیان چەندین لێژنەی جۆربەجۆر دروست بوون. ئەولێژنانەی کە لەپەرلەمانی کوردستان پێکهاتوون ژمارەیان 22 لێژنەیە، وەك لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان لە ماددەی (37) هاتووەکە پێکهێنـانی لیژنـەکان پێویسـتە پەرلـەمانتار بەپێی ئارەزووی خۆی و پسپۆڕییەکەی بەشداری ئەم لیژنانە بکـات. هـەر لیژنەیـەکیش نابێـت لـە (5) ئەنـدام کـەمتر

پێكهاتبێت و لە (11) ئەندامیش زیاتر بێت، كاری ئەم لیژنانە بەدواداچوونە بۆ پرۆژەو كارەكانی حكومەت و چوونە ناو خەڵكی بەمەبەستی ئاگاداربوون لە كێشەكانیان.

زۆرترین ئەندامانی لیژنە پێكهاتوون لە هەریەك لە لیژنەكانی (كاروباری یاسایی، دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، ناوخۆو ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێیەكان، پەروەردەو خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، كاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی، پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەكان) كەهەریەكەیان لە 11 ئەندام پێكهاتوون، كە پلەی یەكەم وەردەگرن لەڕوی ژمارەی ئەندامەوە، و كەمترین ئەندامانی لیژنەش بریتیە لە لیژنەی (رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر) كە پێكهاتووە لە 5 ئەندام بەپلەی شەشەم و كۆتا دێت لەڕوی ژمارەی ئەندامەوە.

لەڕوی ژمارەی كۆبونەوەشەوە زۆرترین كۆبونەوە لەكۆی گشتی كۆبونەوەی لیژنەكاندا لیژنەی كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەكان بوە كە 11 كۆبونەوەی كردوە و پلەی یەكەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەی لێژنەكان وەرگرتوە و پلەی پێنجەمیشی لەئاستی غیاباتی ئەندامەكانی بەدەست هێناوە بەڕێژەی 50 % و كەمترین كۆبونەوەش لە لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەكان بوە كە تەنها یەك كۆبونەوەی كردووە و ژمارە نۆیەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەی لێژنەكان وەرگرتوە، و پلەی چوارەمیشی لەئاستی غیاباتی ئەندامەكانی بەدەست هێناوە بەڕێژەی 54.5%

بەشێوەیەكی گشتی لەسەر ئاستی لیژنەكان لەماوەی ئەو شەش مانگەدا تەنها 72 كۆبونەوە كراوە جگە لە لیژنەكانی (كاروباری یاسایی، لیژنەی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن، وەرزش و لاوان، ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، پەیوەندییەكان و كاروباری رەوەندی كوردستانی) هیچ كۆبونەوەیەكیان نەكردوە.

لیژنەی كاروباری كۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان بە (10) كۆبونەوە پلەی دووەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتووە، پلەی یەكەمیشی لەئاستی غیابانی ئەندامەكانی وەرگرتووە بەڕێژەی 90%.

لیژنەی كاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی بە (7) كۆبونەوە پلەی سێیەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتوە، پلەی نۆیەمیشی لەئاستی غیابانی ئەندامەكانی وەرگرتووە بەڕێژەی 27.3%.

لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە (6) كۆبونەوە پلەی چوارەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتوە، و هیچ غیابی نەبووە.

لیژنەی دەسپاكی (نەزاهەت) بە (5) كۆبونەوە پلەی پێنجەمی لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتوە، پلەی شەشەمیشی لەئاستی غیابانی ئەندامەكانی وەرگرتووە بەڕێژەی 44.4%.

هەریەك لە لێژنەكانی (مافەكانی مرۆڤ، دارایی و كاروباری ئابووری و وەبەرهێنان، كاروباری تەندروستی و ژینگە، بازرگانی و پاراستنی مافەكانی بەكاربەر بە (4) كۆبونەوە پلەی شەشەمیان لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتوە.

هەریەك لە لێژنەكانی (ئەوقاف و كاروباری ئاینی، ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجییەكان) بە (3) كۆبونەوە پلەی حەوتەمیان لەئاستی ژمارەی كۆبونەوەكانی لێژنەكان وەرگرتوە.

لیژنــەی (داکـۆکی کـردن لــە مافــەکانی ئـافرەت، لیژنــەی رۆشــنبیری و راگەیانــدن و هونــەر، ئاســەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار، کاروبـاری کۆمـەڵگای مـەدەنی، کاروبـاری پەرلەمان) بە (2) کۆبونەوە پلەی هەشتەمیان لەئاستی ژمارەی کۆبونەوەکانی لێژنەکان وەرگرتوە.

لیژنــەی پیشەســازی و وزە وسەرچــاوە سروشــتیەکان بەیــەك کۆبونــەوە پلــەی نۆیــەمی لەئاســتی ژمــارەی کۆبونەوەکانی لێژنەکان وەرگرتوە پلەی چوارەمیشی لەئاستی غیابانی ئەندامەکانی وەرگرتووە.

**ریزبەندی هەریەك لە لێژنەکان بەپێی رێژەی غیابات:**

- لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لەگەڵ ئەوەی زۆرترین کۆبونەوی کردوە بەڵام بەپلەی یەکـەم دێت لە غیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ بەپلەی دووەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی بەپلەی سێیەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان بەپلەی چوارەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان بەپلەی پێنجەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) بەپلەی شەشەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت بەپلەی حەوتەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- هەریەك لە لیژنەکانی کاروبـاری تەندروسـتی و ژینگـە و لیژنـەی کاروبـاری پەرلـەمان بەپلـەی هەشـتەم دێـن لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- هەریەك لـە لیژنـەکانی دارایـی و کاروبـاری ئـابووری و وەبـەرهێنان لیژنـەی نـاوخۆ و ئاسـایش و ئەنجومەنـە خۆجییەکان لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی بەپلەی نۆیـەم دێـن لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر بەپلەی دەیەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی بەپلەی یانزەیەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.
- لیژنــەی شــوێنەوار و خزمەتگوزاریــەکانی شــارەوانی و گواســتنەوە و گەیانــدن و گەشــت و گــوزار بەپلــەی دوانزەیەم دێت لەغیاباتی ئەندامانیدا.

**خشتەی (2)**

**کۆبونەوەی لیژنەکان و ڕێژەی غیاباتیان**

| ژ | ناوی لیژنە | ژمارەی ئەندامانی لیژنە | ژمارەی کۆبوونەوەی لیژنە | ڕیزبەندی کۆبونەوەکانی ئەندامانی پەرلەمان | غیابات: بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت | ڕێژەی غیابات بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت ٪ | ڕیزبەندی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بە پێی لیژنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لیژنەی کاروباری یاسایی | 11 | 0 | دەیەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 2 | لیژنەی دارایی و کاروباری ئابووری و وەبەرهێنان | 11 | 4 | شەشەم | 2 | 18.2 | نۆیەم |
| 3 | لیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان | 11 | 3 | حەوتەم | 2 | 18.2 | نۆیەم |
| 4 | لیژنەی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان | 10 | 11 | یەکەم | 5 | 50.0 | پێنجەم |
| 5 | لیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت | 7 | 2 | هەشتەم | 3 | 42.9 | حەوتەم |
| 6 | لیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی | 11 | 6 | چوارەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 7 | لیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە | 9 | 4 | شەشەم | 3 | 33.3 | هەشتەم |
| 8 | لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان | 10 | 10 | دووەم | 9 | 90.0 | یەکەم |
| 9 | لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن | 7 | 0 | دەیەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 10 | لیژنەی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و هونەر | 5 | 2 | هەشتەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 11 | لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئاینی | 7 | 3 | حەوتەم | 1 | 14.3 | یانزەیەم |
| 12 | لیژنەی کاروباری پێشمەرگە وشەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی | 11 | 7 | سێیەم | 3 | 27.3 | نۆیەم |
| 13 | لیژنەی مافەکانی مرۆڤ | 10 | 4 | شەشەم | 8 | 80.0 | دووەم |
| 14 | لیژنەی پیشەسازی و وزە وسەرچاوە سروشتیەکان | 11 | 1 | نۆیەم | 6 | 54.5 | چوارەم |
| 15 | لیژنەی ئاسەوار و خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار | 10 | 2 | هەشتەم | 1 | 10.0 | دوانزەیەم |
| 16 | لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر | 6 | 4 | شەشەم | 1 | 16.7 | دەیەم |
| 17 | لیژنەی وەرزش و لاوان | 7 | 0 | دەیەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 18 | لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت) | 9 | 5 | پێنجەم | 4 | 44.4 | شەشەم |
| 19 | لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی | 9 | 2 | هەشتەم | 6 | 66.7 | سێیەم |
| 20 | لیژنەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم | 9 | 0 | دەیەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| 21 | لیژنەی کاروباری پەرلەمان | 9 | 2 | هەشتەم | 3 | 33.3 | هەشتەم |
| 22 | لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی | 9 | 0 | دەیەم | 0 | 0.0 | سیانزەیەم |
| | **سەرجەم** | 199 | 72 | | 57 | 28.6 | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی خشتە لەلایەن توێژەرەکانەوە

**شێوەی (1)**

**کۆبونەوەی لیژنەکان و ڕێژەی غیاباتیان**



**چوارەم: ئامادە بوونی ئەندامان لەدانیشتنەکانی پەرلەمان لەخولی پایزەدا:**

بەدرێژای شەش مانگی خولی پایزەی پەرلەمان تەنها (9) دانیشتنیان ئەنجامداوە کە تیایدا ئەندامان بەڕێژەی 17% غیاب بوون لەکۆی گشتی دانیشتنەکاندا، زۆرترین ڕێژەی غیاب لە دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/21 بوو،بەڕێژەی 23.7%، کەمترین ڕێژەی غیابیش لە دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 2015/10/6– یەکەم یوو بە ڕێژەی 3.5 %کە سەرجەمیان مۆڵەت بوون.

**ریزبەندنی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی دانیشتنەکان:**

١. دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/21 بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا لەزۆری ڕێژەی غیاباتی ئەنداماندا پلەی یەکەمی وەرگرتووە بەرێژەی 23.7% کە 22 بەمۆڵەت بوو، 5 بێ مۆڵەت بووە.

٢. دانیشتنی دەستپێك ژمارە (1)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/2 بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا ڕێژەی غیاباتی ئەندامانی پلەی دووەمی وەرگرتووە بەرێژەی 21% کە 20 بەمۆڵەت بوو، 4 بێ مۆڵەت بووە.

٣. دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/20 بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا ڕێژەی غیاباتی ئەندامانی پلەی سێیەمی وەرگرتووە بەرێژەی 15.8% کە 15 بەمۆڵەت بوو و 3 بێ مۆڵەت بوو.

٤. هەریەك لە دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/16– یەکەم ، دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 2015/9/16– دووەم بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا ڕێژەی غیاباتی ئەندامانی پلەی چوارەمی وەرگرتووە بەرێژەی14.9%کە 15 بەمۆڵەت بوو و 2 بێ مۆڵەت بووە.

٥. دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 2015/10/6– دووەم ، بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا ڕێژەی غیاباتی ئەنداماندا پلەی پێنجەمی وەرگرتووە بەرێژەی 6.1% ژمارەیان 7 ئەندام بوە و سەرجەمیان مۆڵەت بوون.

٦. دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 2015/10/6- یەکەم، بەبەراورد لەگەڵ دانیشتنەکانی تردا ڕێژەی غیاباتی ئەنداماندا پلەی شەشەمی وەرگرتووە بەرێژەی3.5% ژمارەیان 4 ئەندام بووە و سەرجەمیان مۆڵەت بوون.

٧. دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی رۆژی 2015/10/7 لیستی ناوەکان بەردەست نەکەوت، و دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی رۆژی 2015/10/12 دواخرا بۆ کاتێکی نادیار.

**خشتەی** (3)

**ئامادە بوون و غیاباتی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی پایزەی پەرلەمان ساڵی** 2015-2016

| ژ | ژمارەو مێژووی کۆبوونەوە | ئامادە نەبوون ( غیاب ) | مۆڵەت | سەرجەم ئامادە نەبوون | بەشداربووانی کۆبوونەوە | ڕێژەی غیاباتی دانیشتنەکان ٪ | ڕیزبەندنی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بە پێ ی دانیشتنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (1)ی ئاسایی رۆژی 2/9/2015 | 4 | 20 | 24 | 87 | 21.1 | دووەم |
| ٢ | دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 16/9/2015– یەکەم | 2 | 15 | 17 | 94 | 14.9 | چوارەم |
| ٣ | دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 16/9/2015– دووەم | 2 | 15 | 17 | 94 | 14.9 | چوارەم |
| ٤ | دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی رۆژی 20/9/2015 | 3 | 15 | 18 | 93 | 15.8 | سێیەم |
| ٥ | دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی رۆژی 21/9/2015 | 5 | 22 | 27 | 84 | 23.7 | یەکەم |
| ٦ | دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 6/10/2015– یەکەم | 0 | 4 | 4 | 107 | 3.5 | شەشەم |
| ٧ | دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 6/10/2015– دووەم | 0 | 7 | 7 | 104 | 6.1 | پێنجەم |
| ٨ | دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی رۆژی 7/10/2015 | لیستی ناوی ئامادەبووانمان دەست نەکەوت | | | | | |
| ٩ | دانیشتنی ژمارە (7)ی ئاسایی رۆژی 12/10/2015 | دواخرا و کۆبوونەوەکە ئەنجام نەدرا | | | | | |
| | سەرجەم | 16 | 98 | 114 | 663 | 17.1 | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی خشتە لەلایەن توێژەرەکانەوە




**شێوەی** ( 2 ) **ئامادە بوون و غیاباتی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی خولی پایزەی پەرلەمان ساڵی** 2015-2016

**پێنجەم: ئەدای ئەندامانی پەرلەمان لەخولی پایزەی پەرلەمان بەپێی فراکسێۆنەکان ئاستی غیاباتیان:**

لەکۆی گشتی فراکسیۆنەکانی پەرلەمان کەبە (17) لیست دابەشبون لەپەرلەماندا هەریەکەو سەربە حزبێکی دیاریکراوەو سەرجەمیان (111) ئەندام پێك دەهێنن لەناو پەرلەمانی کوردستاندا ،بەرێژەی 11.4% غیاب بون بەمۆڵەت وبیٚ مۆڵەت، کە لە کۆی ئەو رێژەیە 90% مۆلەتیان هەبوە لە 12.6% مۆلەتیان نەبووە.

**ریزبەندنی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بەپیٚ ی فراکسێۆنەکان:**

١- لیستی هەولێری تورکمانی بە پلەی یەکەم دێت بە رێژەی.44%

٢- لیستی پێشکەوتنی تورکمان بە پلەی دووەم دێت بەرێژەی .33%

٣- هەریەك لە لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ،لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، لیستی ئاراستەی سێیەم بەپلەی سێیەم دێن بەرێژەی .22%

٤- لیستی رافیدەین بە پلەی چوارەم دێت بەرێژەی 16.7%

٥- لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان، لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری، لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین ،لیستی ئەرمەن بەپلەی پێنجەم دێن بەرێژەی 11%

٦- لیستی گۆران بە پلەی شەشەم دێت بە رێژەی 7.4%

٧- لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بە پلەی حەوتەم دێت بە رێژەی 1.9%

٨- هەریەك لە لیستەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی، لیستی ئازادی، لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان، لیستی بەرەی تورکمانی هیچ غیاب و مۆڵەتیان نەبووە.




**شێوەی** (3)

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان خولی پایزە پەرلەمان ساڵی** 2015-2016

**خشتەی (4)**

**ئامادە بوونی ئەندامان لە کۆبوونەوەکانی پەرلەمان بە پێی فراکسیۆنەکان خولی پایزە پەرلەمان ساڵی 2015-2016**

| ژ | ناوی فراکسیۆن | ژ.ئەندامانی فراکسیۆن | غیاب بێ مۆڵەت | مۆڵەت | ژمارەی غیابات بە مۆڵەت و بێ مۆڵەت لەسەرجەم دانیشتنەکان | رێژەی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بەپێی ی فراکسیۆنەکان٪ | ریزبەندنی غیاباتی ئەندامانی پەرلەمان بەپێ ی فراکسیۆنەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان | 38 | 4 | 34 | 38 | 11.1 | پێنجەم |
| 2 | لیستی گۆران | 24 | 2 | 14 | 16 | 7.4 | شەشەم |
| 3 | لیستی یەکێتی نیشتمانی کوردستان | 18 | 0 | 18 | 18 | 11.1 | پێنجەم |
| 4 | لیستی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان | 10 | 6 | 14 | 20 | 22.2 | سێیەم |
| 5 | لیستی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان | 6 | 0 | 1 | 1 | 1.9 | حەوتەم |
| 6 | لیستی بزووتنەوەی ئیسلامی | 1 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | هەشتەم |
| 7 | لیستی حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان | 1 | 0 | 2 | 2 | 22.2 | سێیەم |
| 8 | لیستی ئازادی | 1 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | هەشتەم |
| 9 | لیستی ئاراستەی سێیەم | 1 | 0 | 2 | 2 | 22.2 | سێیەم |
| 10 | لیستی رافیدەین | 2 | 0 | 3 | 3 | 16.7 | چوارەم |
| 11 | لیستی گردبوونەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری | 2 | 0 | 2 | 2 | 11.1 | پێنجەم |
| 12 | لیستی پێشکەوتنی تورکمان | 2 | 1 | 5 | 6 | 33.3 | دووەم |
| 13 | لیستی هەولێری تورکمانی | 1 | 0 | 4 | 4 | 44.4 | یەکەم |
| 14 | لیستی گۆڕان و نوێبوونەوەی تورکمان | 1 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | هەشتەم |
| 15 | لیستی بەرەی تورکمانی | 1 | 0 | 0 | 0 | 0.0 | هەشتەم |
| 16 | لیستی ئەبناو ئەلنەهرەین | 1 | 0 | 1 | 1 | 11.1 | پێنجەم |
| 17 | لیستی ئەرمەن | 1 | 1 | 0 | 1 | 11.1 | پێنجەم |
| | **سەرجەم** | 111 | 14 | 100 | 114 | 11.4 | |

سەرچاوە: ئامادەکردنی خشتە لەلایەن توێژەرەکانەوە

## شەشەم: کاتژمێرەکانی کۆبونەوەکانی پەرلەمان:

کۆی کاتژمێرەکانی کۆبونەوەکانی پەرلەمان بریتین لە51 :13 کاتژمێر، کە زۆرترین کاتژمێریان لە دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی رۆژی 7/10/2015 کە 23 :2 کاتژمێر بوو، کەمترین کاتیش لە دانیشتنی دەستپێك ژمارە (1)ی ئاسایی رۆژی 2/9/2015 کە تەنها 10 خولەك بوو.

**خشتەی** (5)

**كاتژمێرەكانی كۆبوونەوەكانی پەرلەمان خولی پایزەی ساڵی** 2015-2015

| ژ | ژمارەو مێژووی كۆبوونەوە | كاتژمێرەكان |
|---|---|---|
| 1 | دانیشتنی دەستپێك ژمارە (1)ی ئاسایی رۆژی 2/9/2015 | 00: 10 |
| 2 | دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 16/9/2015– یەكەم | 02: 11 |
| 3 | دانیشتنی ژمارە (2)ی ئاسایی رۆژی 16/9/2015– دووەم | 1: 55 |
| 4 | دانیشتنی ژمارە (3)ی ئاسایی رۆژی 20/9/2015 | 02: 09 |
| 5 | دانیشتنی ژمارە (4)ی ئاسایی رۆژی 21/9/2015 | 02: 22 |
| 6 | دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 6/10/2015– یەكەم | 00: 40 |
| 7 | دانیشتنی ژمارە (5)ی ئاسایی رۆژی 6/10/2015– دووەم | 01: 41 |
| 8 | دانیشتنی ژمارە (6)ی ئاسایی رۆژی 7/10/2015 | 02: 23 |
| | **كۆی گشتی** | 13: 51 |

سەرچاوە: ئامادەكردنی خشتە لەلایەن توێژەرەكانەوە

**حەوتەم: چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەندامانی پەرلەمان و رایان لەسەر بارودوخی پەرلەمان و هۆكاری نا چالاكی و كۆنەبوونەوەی لیژنەكانیان:**

توێژەران لەم توێژینەوەیە هەستان بەوەرگرتنی چەند چاوپێكەوتنێك لەگەڵ (22) ئەندام پەرلەمانی سەر بەفراكسیۆنە جیاوازەكانی ناو پەرلەمان بەوەرگرتنی رایان لەسەر هۆكاری نا چالاكی و كۆنەبوونەوەی لیژنەكان و لاوازی لەبەجێ گەیاندنی ئەركەكانیان لە روانگەی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەكانەوە بەم شێوەیە بوو:

- (**سرود سەلیم**)، ئەندامی لیژنەی (كاروباری تەندروستی و ژینگە) لە لیستی (**ئەبناء النهرین**) وتی: هۆكاری سەرەكی نەكردنی كۆبوونەوەكان ئەم دۆخەیە كە بۆ پەرلەمان هاتۆتە پێش، چەندین جار داواكراوە كە كۆبوونەوە هەبێت بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە ئەنجام بدرێت.

بەپێی لێدوانی ئەم پەرلەمانتارانە هۆكارەكانی كۆنەبوونەوەی لیژنەكان و نەنوسینی راپۆرت لەسەر پرۆژە یاساكان بۆ ئەم خاڵانە دەگەڕێنەوە:

١–هەندێك لە ئەندامان و سەرۆكایەتی لیژنەكان ئامادەن كۆبوونەوە ئەنجام بدەن، بەڵام ژمارەی یاسایی ئامادە نابن.

٢–هەندێك لە ئەندامان لەبەر هۆكاری سیاسی و پەكخستنی پەرلەمان و رێگری كردن لە سەرۆكی پەرلەمان ئامادەی كۆبوونەوەكان نابن.

٣– وەڵام نەدانەوەی حكومەت سەبارەت بەو پرۆژانەی كە ئیلتیزاماتی داراییان تیایەو پێویستیان بە رای دەسەلاتی جێبەجێكردنە.

- (**سۆران عومەر**)، سەرۆکی لیژنەی (مافی مرۆڤ) لە فراکسیۆنی (**کۆمەڵ**)، رایگەیاند: کۆبوونەوەی لیژنە ناکەن چونکە پەرلەمان پەکخراوە و کۆبوونەوەی لیژنە هیچ مانای نەماوە و سەرجەم کارەکانی پەرلەمانی کوردستان لە چاودێری حکومەت و یاسادانان پەکی کەوتووە. ئەمەش ئەنجامی پەکخستنی پەرلەمانە.
- (**سیراج شێخ ئەحمەد**)، سەرۆکی لیژنەی (ئەوقاف و کاروباری ئاینی) لە فراکسیۆنی (**پـارتی**)، رایگەیاند کارەکانی لیژنەی ئەوان بەردەوامە و سوپاسی ئەندامان دەکات ئامادەن لە رایی کردنو کۆبوونەوەی لیژنە.
- (**شوان شێخ ئەحمەد**)، سەرۆکی لیژنەی (ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی هەرێم) لە فراکسیۆنی (**پارتی**)، راگەیاند: هۆکاری کۆنەبوونەوی لیژنەکەیان بەشێکی تایبەتە بە ئامادەنەبوونی نوێنەری فراکسیۆنی گۆڕان و ئێمەش رەچاوی ئەو دۆخەمان کردووە، بەشێکی تریش ئەو دۆخەی ئێستا پەرلەمانی تیادایە و کۆنابێتەوە کاری کردۆتە سەر ئیشی لیژنەکەیان.
- (**شـێرکۆ جـەودەت**)، سـەرۆکی لیژنـەی (سـامانە سروشـتیەکان) لـە فراکسـیۆنی (**یـەکگرتوو**) پێـی وایـە: پەکخستنی پەرلەمانی کوردستان کاری زۆر کردۆتەوە سەر کاروباری لیژنەکان و بەو هۆیەشەوە ئێمـە نـەمان توانیـوە کۆببینەوە چونکە نیساب تەواو نابێت.
- (**صالح فەقێ**) جێگری سەرۆکی (لیژنەی ناوچە کوردستانیەکان) لە فراکسیۆنی (**یەکێتی**) دەڵێت: بـەهۆی بەشداری نەکردنی هاورێیەکمان لە فراکسیۆنی (گۆڕان) لـە کۆبوونـەوە، نـەمان توانیـوە نیسـاب تـەواو بکـەین، بۆیـە کۆبوونەوە نەکراوە.
- (**گەشە دارا**)، سەرۆکی لیژنەی (کۆمەڵایەتی و خێـزان) لـە فراکسـیۆنی (**یـەکێتی**) دەڵێـت: سـێ جـار داوای کۆبوونـەوەم کـردووە بـەڵام نیسـاب تـەواو نـەبووە، بۆیـە کۆنەبوینەتـەوە، هۆکـاری بەدەمـەوە نـەهاتی ئەنـدامانی لیژنەکەشی بۆ کۆبوونەوە، بۆ دوو هۆکارە گەراندەوە، یەکەم: ئەندامانی فراکسـیۆنی گـۆڕان بڕیاریـان داوە بەشـداری کۆبوونەوەی لیژنەکان نەکەن بەهۆی ئەو دۆخەی هەیە، دووەم: چـەند ئەنـدامێکی تـریش بـە هۆکـاری نەخۆشـی یـان سەفەر ئامادەنەبوون، وتـیش پـەك خسـتنی پەرلـەمان و کۆنەبوونـەوەی پەرلـەمان کـاری کردۆتـەوە سـەر کارەکـانی پەرلەمان بەگشتی.
- (**گۆران ئازاد** ) بڕیاردەری (لیژنـەی یاسـایی) لـە فراکسـیۆنی (یـەکێتی) پێـی وایـە چـەند هۆکارێـك هەیـە بـۆ کۆنەبوونەوەی لیژنەی یاسایی:

١. هەندێك لە پرۆژە یاسـاکانمان کـە راپۆرتیـان لەسـەر نوسـراوە پێویسـتی بـە رای حکومـەت بـوو، حکومـەتیش وەڵامی نەداوەتەوە.

٢. هەندێك لە پرۆژە یاساکانمان کە راپۆرتیان لەسـەر نوسـراوە پێویسـتی بـە کۆبوونـەوەی هاوبـەش بـوو لەگـەڵ لیژنەی تایبەت مەند، بۆ نموونە پرۆژە یاسای (کۆمۆ) کۆبوونەوەی دەویست لەگەڵ لیژنەی سامانە سروشتیەکان.

٣. پەسەند نەکردنی یاسا لە پەرلەمان بەهۆی تـەواو بـوونی مـاوەی سـەرۆکایەتی هـەرێم، ئـەویش هۆکـارێکی تـر کۆنەبوونەوەی لیژنەیە چونکە راپۆرت لەسەر چی بنوسین کاتێك یاسا پەسەند نەکرێت؟

٤. هۆكارێكی تر، رێگری بوو لەسەرۆكی پەرلەمان، ئەویش بەبەشداری نەكردنی ئەندامانی فراكسیۆنی گۆران لە كۆبونەوە، واتە ئەگەر بەبێ ئەوان كە 2 ئەندامیان هەیە راپۆرت بنوسین رای لایەنیكی ناو لیژنەی تیادا نابێت و دەبێت جارێكی تر سیاغەی بكەینەوە.

كەواتە بەگشتی كاری لیژنەی یاسا دەوەستێت كاتێك پرۆسەی یاسا دەركردن لەپەرلەمان بوەستێت، چونكە ئێمە پەیوەندیدارین بە نوسینی راپۆرت بۆ پرۆژە یاساكان.

- (**ڤەمان فەیسەڵ**)، سەرۆكی لیژنەی (وەرزش و لاوان) لەسەر لیستی (**پارتی**) دەڵێت: هوكاری سەرەكی كۆنەبوونەوەی لیژنەكەمان ئەو تەشەنوجە سیاسیەیە كە هاتۆتە پێشەوە، ئێمە چەند جار داوامان كردووە بەڵام نیساب تەواو نابێت بۆیە ناتوانین كۆببینەوە. هۆكارێكی تریشی بۆ ئەوە گێڕایەوە كە ناوبراو وەك سەرۆكی لیژنە لەمانگی (2015/10) بڕیاری دەست بەكاربوونی بۆ دەرچووە، لەو كاتەشەوە ئەم دۆخە هاتۆتە پێشەوە و نەیان توانیوە كۆببینەوە بەهۆی تەواو نەبوونی نیساب.
- (**ڤیان عەباس**)، جێگری سەرۆكی لیژنەی (رەوەندەی كوردی) لەسەر لیستی (**پارتی**) دەڵێت: لەماوەی ئەم شەش مانگەدا چەندین جار بانگهێشتی ئەندامانمان كردوە بۆ كۆبوونەوە بەڵام بەهۆی نەهاتنیانەوە كۆبوونەوەمان نەكردووەو نیساب تەواو نەبووە، وتیشی تەنها دەستەی سەرۆكایەتی لیژنە كۆدەبینەوە چەند دیدارێكیشمان ئەنجام داوە. سەبارەت بە نووسنی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساكانی كە ئاراستەیان كراوە، وتی: دەستمان بەنووسنی راپۆرتی (پرۆژە بڕیاری تایبەت بە پەنابەران و دیپۆرتكراوان) كردەوە بەڵام تەواو نەبووە.
- (**عادل عەزیز**): بڕیاردەری لیژنەی (رۆشنبیری) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) دەڵێت: دوو جار داوام لێكراوە بۆ بەشداری لە كۆبوونەوەی لیژنە بەشدار نەبووم، چونكە یاسا پەك خراوە لە پەرلەمان.
- (**عزت صابیر**)، سەرۆكی لیژنەی (دارایی و ئابوری) لە فراكسیۆنی (**یەكێتی**) دەڵێت: كۆبوونەوەمان نەكردووە، چونكە كاتێك كۆبوونەوە دەكەیت دەبێت راپۆرت بەرز بكرێتەوە بۆ سەرۆكایەتی پەرلەمان، سەرۆكایەتی پەرلەمانیش ئێستا چالاك نییە.
- (**عومەر عینایەت**)، سەرۆكی لیژنەی (شارەوانی) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) رایگەیاند: كۆنابنەوە، چونكە پەرلەمان پەكخراوە.
- (**فایەق مستەفا**)، سەرۆكی (لیژنەی ئاوەدان كردنەوە) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) پێی وایە بەهۆی ئەو دۆخەی بۆ پەرلەمان هاتۆتە پێش لیژنەكەیان كۆنابێتەوە.
- (**فەرحان جەوهەر**)، سەرۆكی لیژنەی (رۆشنبیری و راگەیاندن) لە فراكسیۆنی (**پارتی**): وتی هۆكاری كۆنەبوونەوەمان دوو خاڵە:

یەكەم: نەبوونی نیساب.

دووەم: كۆنەبوونەوەی پەرلەمان و پەككەوتنی پرۆسەی چاودێریش هۆكارێكەو كاری لیژنەكانی وەستاندووە، وتیشی ئەم دۆخەی ئێستا كاری كردۆتە سەر هەموو ئیشەكانی پەرلەمان.

- (**قادرمان قادر**)، سەرۆكی لیژنەی (كاروباری پەرلەمان) لە فراكسیۆنی (**گۆڕان**) دەڵێت: كۆنابینەوە بەهۆی پەك خستنی پەرلەمانی كوردستانەوە بەبڕیارێكی سیاسی.

- **(کەمال یەڵدا)**، جیگری سـەرۆکی لیژنـەی (خزمەتگوزارییـەکان شـارەوانی) لەسـەر لیسـتی (**گردبوونــەوەی گەلی کلدانی سریانی ئاشووری**) وتی: هۆکاری کۆنەبونەوەی ئێمە بەهۆی ئەم دۆخەوەیە کە پەرلەمانی تێ کـەوتووە، و سەرۆکی لیژنە ئامادەنییە داوای کۆبوونەوە بکات، پەیرەویش ریگا نادات جێگری سەرۆکی لیژنـە داوای کۆبوونـەوە بکات.
- **(ماجد عوسمان)**، سەرۆکی لیژنەی (بازرگـانی و مـافی بـەکار بـەر) لـە فراکسـیۆنی (**هــەولێری تورکمــانی**) رایگەیاند: ئەوان بەردەوامن لە کاری لیژنەکەیان، و تەنها فراکسیۆنی گۆران بەشداری کۆبونەوەکان ناکـەن، هەرچـەند زۆر پیمان باشە هەموان بەشدار بن و ئاگاداریشیان دەکەینەوە بەڵام بەشداری ناکەن.
- **(مەردان خدر)**، ئەندامی لیژنە (پەروەردەو خوێندنی باڵا) لەسەر لیستی (**پارتی**)، وتـی: کارەکـانی لیژنـەی پەروەردە بەباشی دەروات و ئەندامان پابەندن، بەڵام سەبارەت بەهۆکاری کۆنەبوونەوە ژمارەیەك لـە لیژنـەکان، یـان کەمی کۆبوونەوەکان وتی: ئەو دەمێنیتەوە بۆلای سەرۆکایەتی لیژنەکان کە دەبیت بانگهێشت بکەن بـۆ کۆبوونـەوە و دەشتوانن ئەو کارە لە ئیستادا بکەن و هیچ رێگرییەك نییە، کە نایکەن نازانم هۆکار چییە، بەڵام ئەو دۆخەی ئێسـتای پەرلەمان کاریگەری کردۆتە سەر سەرجەم کاروبارەکانی پەرلەمان.
- **(ئایدن مەعروف)**، ئەندامی لیژنەکانی (ماف مرۆڤ) و (پەروەردە و خویـندنی بـاڵا)، لەسـەر لیسـتی (**بــەرەی تورکمانی**)وتـی: هۆکاری کۆنەبوونەوەی لیژنەکان بۆ دۆخی سیاسی دەگەڕێتەوە کەبۆتە هۆی پەك خستنی کارەکـانی پەرلەمان، لە ئێستادا پەرلەمان نە سەرۆکایەتی هەیە، نە دانیشتنی هەیە، نە کۆبوونەوە هەیە، ئەو دۆخە وای کردووە لیژنەکان کۆبوونەوە نەکەن، کۆبوونەوەش بکەن سوودی نییە، چـونکە نـە سـەرۆکایەتی کۆدەبێتـەوە نـە پەرلـەمان، بۆیە دەبێت بۆ کارا کردنەوەی لیژنەکان پەرلەمان کارا بکرێتەوە.
- **(یەعقوب گورگیس)**، سەرۆکی لیژنەی (کشتوکاڵ) لەسـەر لیسـتی (**رافیــدەین**) وتـی: ئێمـە گرنگیـی زۆر بـە کاروباری کشتوکاڵ دەدەین لە کوردستان، ئەندامانی لیژنە زۆر مولتەزمن بە کارەکانی لیژنەوە. ئێمە کیشەی زۆر مان هەیە، سەرقاڵی چارەسەرکردنین، وەك کێشەی پارەی گەنمی جوتیـاران، وتیشـی ئـەو کێشـە سیاسـیانەی لـە هـەرێم هەیە کاریگەری لەسەر کارەکانی ئێمە نەکردووە، بەڵام پێم وایە کاریگەری لەسەر کاری زۆر لە لیژنـەی تـر کردبێـت و ئەو هۆیەش ببێتە هۆی کۆنەبوونەوەیان.
- **(ئیڤــار ئیـــبراهیم)**، سـەرۆکی لیژنـەی (داکـۆکی لـە مـافی ئـافرەت) لـە فراکسـیۆنی (**گــۆڕان**) هۆکـاری کۆنەبوونەوەی لیژنەکەیانی بۆ دوو خاڵ گەراندەوە:

١. رێگری لـە سـەرۆکی پەرلـەمان و پـەك کـەوتنی دەوام کردنـی (2) ئەنـدامی دەسـتەی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان هۆکارێکی سەرەکیە.

٢. کێشەی سەرۆکایەتی هەرێم کە ئەمە هۆکاری رێگریشە لەسەرۆکی پەرلەمان، بۆیە ئەگەر بمانـەوێت نـەك کـاری لیژنەکان پەرلەمان کارا ببێتەوە دەبێت لەپێشدا کێشـەی سـەرۆکی هـەرێم بـە یاسـا چارەسـەر بکرێـت و سـەرۆکێکی شەرعی هەبێت.

هەرچەندە ئەندامانی پەرلەمان ئەو بیروڕایانەیان هەیـەو بیـانوی بەشـداری نـەکردنی کۆبوونـەوەکان دەهێننـەوەو سەرباری پەکخستنی کارەکـانی سـەرۆکایەتی پەرلـەمان، هەنـدێکیان هۆکـاری نـەبوونی ژمـارەی یاسـایی بـۆ ئـەنجام

نەدانی کارەکانیان دەهێننەوەو هەندێکیشیان بەبێ ئەوەی ئەرکەکانی خۆیان لە لیژنەکاندا جێبەجێ بکەن، تێبینی دەکرێت ژمارەیەك لەوانە لە ئیفاد و سەفەرەکانیان بەردەوامن و تەنها لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن و راگەیاندنەکاندا دەردەکەون.

هەرچەندە لە ئێستادا پەرلەمان توانای دەرکردنی یاسای نییە (لەبەر ئەو هۆکارانەی باسمان کرد)، بەلآم ئەگەر ئەندامانا باوەڕیان بەوە هەیە کە رۆژێك پەرلەمان دەکەوێتەوە سەر رێچکەی کارەکانی خۆی، لیژنەکانی پەرلەمان دەیانتوانی و ئێستاش دەتوانن کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەگەر ژمارەی یاسایی ئەندامان ئامادەبن بە ئامادەبوونی سەرۆك یا جێگری سەرۆکی لیژنە، دەتوانن راپۆرتی خۆیان ئامادە بکەن لانی کەم لەسەر ئەو پرۆژانەی کە خوێندنەوەی یەکەمیان بۆ کراوەو ئاراستەیان کراوە، وەکو خۆ ئامادەکردنێك بۆ گەیشتن بە تەوافوقی سیاسی بۆ کاراکردنەوەی پەرلەمان. ئەو کات پەرلەمان پەکی ناکەوێ و بەزووترین کات دووای رەزامەندی لایەنەکان لەسەر کاراکردنەوەی پەرلەمان، پەرلەمان پرۆژەیەکی زۆری لەبەردەست دەبێ و دەتوانێ ئیشیان لەسەر بکات بۆ دەرکردنی یاسای نوێ یا هەموارکردنی یاساکان یا رەتکردنەوەی یاسا بەپێی ئەوەی کە لە پرۆژەکاندا هاتووە. چونکە لە رابردوو دا کاتێك بارودۆخی پەرلەمان ئاسایی بوو یەکێك لە بیانووەکانی سەرۆکایەتی پەرلەمان لە کەمیی کۆبوونەوەکان ئەوە بوو کە پرۆژەیاساکان لەلایەن لیژنەکانەوە راپۆرتیان لەسەر نەنوسراوەو هیچ بابەتێك نییە کۆبوونەوەی لەسەر بکەن.

**هەشتەم: لێکدانەوەی گریمانە:**

پەرلەمانی کوردستان ئەدای کاری وەك پێویست نەبووەو لاوازبووە بەتایبەتی لەسەر قەیرانی دارایی و موچەی فەرمانبەران و چاودێری کردنی حکومەت وپرسی سەرۆکایەتی هەرێم و تەواوبونی شەرعیەتی ولایەتەکەی، وەهەموارکردنەوەی پەیڕەوی ناوخۆ و کارکردنیان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان–عیراق بۆ راپرسی، نەیتوانیوە ئەدای کاری خۆی بەشێوەیەکی باش بکات و لادانی هەبووە لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان، لەبەر ئەوە گریمانەکە قبول دەکرێت کەبەر ئەم خالآنەی خوارەوە:

پەرلەمانی کوردستان لەکۆی 226 پرۆژە یاسا تەنها 16.1% جێبەجێ کردووە.

١- تا ئێستا (226) پرۆژە یاساو بڕیار پێشکەش بە پەرلەمان کراون، لەوانە (155) پرۆژە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوەو ئاراستەی ئەندامان و لیژنە پەیوەندیدارەکان کراون، (71) پرۆژەش هێشتا خوێندنەوەیان بۆ نەکراوە. لە کۆی ئەو پرۆژانە تا ئێستا تەنها (18) یاسا و (7) بڕیار پەسەند کراون و ئەوانەی تر وەك خۆیان ماونەتەوە

٢- لەماوەی ئەو شەش مانگەشدا تەنها سێ لیژنە راپۆرتیان لەسەر پرۆژەکان نوسیوە کە ئەمانەن:

٣- - لیژنەی کشتوکاڵ و ئاودێری، راپۆرت لەسەر (1) پرۆژە.

٤- - لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، راپۆرت لەسەر (1) پرۆژە.

٥- - لیژنەی کاروباری کۆمەلآیەتی و منداڵ و خێزان، راپۆرت لەسەر (8) پرۆژە.

٦- پەرلەمانی کوردستان کە (22) لیژنەی هەمیشەیی هەیەو کۆی ئەندامانی لیژنەکان (199) ئەندامە، لەو ماوەیەدا (72) کۆبونەوەیان کردوە.

٧- بەدرێژای شەش مانگ تەنها (9) دانیشتن کراوە کەتیایدا (114) جار ئەندامان غیاب بوون بەڕێژەی 17%.

٨- هیچ لیژنەیەکی تایبەتی کاری لەسەر قەیرانی دارایی و کێشەی موچەی فەرمانبەران نەکردوە.

٩- کارەکانی لیژنەکان لەسەر پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان-عیراق بۆ راپرسی، لەماوەی خۆیدا کە 3 مانگە تەواو نەکردوەو تا ئێستاش بە هەڵواسراوی ماوەتەوە.

١٠- لەهەمان کاتدا لە پرۆژەی هەمواری پەیڕەوی ناوخۆشدا نەیتوانیوە بەکارەکانی خۆی هەستێت.

## تەوەری چوارەم: ئەنجامەکان و ڕاسپاردەکان:

### یەکەم: ئەنجامەکان:

بەشێوەیەکی گشتی پەرلەمانی کوردستان لـەخولی پـایزەی سـاڵی 2015-2016 نـەیتوانیوە بەئەرکـە سـەرەکیەکانی خۆی هەستێت کە خۆی لەچەند خاڵێدا دەبینێنەوە:

١- پەرلەمان لەرووی کرداریەوە لە 20/8/2015 و پەکی کەوتووە واتە بەر لە دەست پێکردنی خولی پـایزە کـە لـە 1/9/2015 دەستی پێکرد، چونکە ماوەی ولایەتی سەرۆکایەتی هەرێم لەو مێژووەوە کۆتایی پێهاتووە، هەربۆیە پەرلەمان ناتوانێت زۆرینەی کارەکانی بکات بەبێ گەڕانەوە بۆ سەرۆکی هەرێم و پەسەندکردنی.

٢- لاوازی ئەدای پەرلەمان لەهەمواردنەوەی یاسای ولایەتی هەرێم و چارەسەر کردنی پرسـی سـەرۆکایەتی لـەپێش تەواوبونی ماوەی ولایەتی سەرۆکایەتی هەرێم لە 20/8/2015

٣- لە کاری یاسا دانان پەرلەمان نەیتوانیوە کار لەهیچ پرۆژەیاسـایەك بکـات و پەسـەندی بکـات چـونکە پەرلـەمان لەرووی کرداریەوە لە 20/8/2015 و پەکی کەوتووە بەهۆی کۆتایی هاتنی ماوەی ولایەتی هەرێم.

٤- پەرلـەمانی کوردسـتان لـە ئاسـت لێپێچـینەوە لـە دەسـەلاتی جێبـەجێکردن لاواز بـووە و نـەیتوانیوە هـیچ کاردانەوەیەکی کارای هەبێت لە کاتی لەکار لادانی چەند وەزیرێك بەزۆر و خستەشوێنی وەزیـری تـر بـەبێ گەڕانـەوە بـۆ پەرلــەمان، لەگــەڵ ئــەوەی ئــەم بریــاری حکومــەت لــە مۆڵــەت پێــدانی بــەزۆر بــە وەزیرەکــانی گــۆڕان و پرکردنەوەیشوێنەکانیان لە بنەڕتدا (باطل)ە، کاتێك پڕ دەکرێتەوە ئەگەر وەزیر نەمێنێ یا خۆی داوا بکات، بەڵام ئـەم بریارە لەژێر ئیکراهە، هەر بریارێکیش لەژێر ئیکراهدا بێت (باطـل)ە، (المـبني علـی الباطـل باطـل). ئەمـەش پێشـێلکاریی یاسایە کراوە.

٥- پەرلەمانی کوردستان پرساندن و استجوابی بۆ هیچ لە وەزیرێك یان سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەکـەی نەکردووە بەهۆکاری دەرکردنی بریاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەو پێیەی نابێت هیچ وەزیرێك استجواب بکرێـت بەبێ کەڕانەوەو ڕازی بوونی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران.

٦- پەرلەمانی کوردستان هیچ لیژنەیەکی تایبەتی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە لە قەیرانی دارایی و موچەی فەرمانبـەران پێك نەهێناوە، بەدەم کێشەو گرفتی نەبونی موچەی فەرمانبەران نەچووەو کاردانەوەیەکی نەبووە.

٧- پەرلەمانی کوردسـتان لەکاتێکدا سـەرقاڵی تـاوتوێکردنی پـەیڕەوی نـاوخۆی پەرلـەمان بـوون لـە کوردسـتان و ناوچەکە بەقەیرانێکی سەختی دارایی تێدەپەڕی و خەڵك بێ موچەبوو.

٨- پەرلەمانی كوردستان لەلایەن ئەو لێژنەیەی پێكهێنرابوو بۆ كاركردن لەسەر یاسای ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان-عیراق بۆ راپرسی، نەیتوانی كارەكانی تەواو بكات لیژنەكەو كارەكانی بەهەڵواسراوی ماونەتەوە بەبێئەوەی لەلایەن پەرلەمانەوە هیچ بڕیارێكی لێبدرێت.

٩- جگەلە پەككەوتنی كاری پەرلەمان بە تەواوبونی ولایەتی سەرۆكایەتی هەرێم لەلایەن هێزێكی سیاسی كوردستان (پدك)ەوە رێگریی لە سەرۆكی پەرلەمان كرا مومارەسەی كارەكانی بكات و بچێتە هەولێرەوە و بەمەش پەرلەمان بەتەواوی پەكی خرا.

١٠- لیژنەكانی پەرلەمان لەماوەی ئەم شەش مانگەدا هیچ بەدواداچوون و كۆبوونەوەیەكی ئەوتۆیان نەكردووەو راپۆرتیان لەسەر پرۆژەیاساكانیش نەنوسیوەو بە ئەركی خۆیان هەلنەساون.

**دووەم: ڕاسپاردەكان:**

١- پێویستە بەزووترین كات پەرلەمان كارا بكرێتەوەو بكەوێتەوە سەر سكەی كارەكانی خۆی.

٢- پێویستە پەرلەمانی كوردستان لە ئاست لێپێچینەوە لە دەسەلاتی جێبەجێكردن رۆلێكی باڵای هەبێت و بتوانێت لێپێچینەوە بكات لەسەر هەر لادانێك و كارێكی نایاسایی كەحكومەت دەیكات، پێویستە رێوشوێنی یاسایی زیاتر بگرنەبەر لەمەڕ ئەو پێشێلكاریە یاساییانەی ڕوودەدەن لەوانە:

- ڕێگری كردن لەسەرۆكی پەرلەمان و ئەندامانی پەرلەمان لە پیادەكردنی ئەركەكانی سەرشانیان.
- لادانی چەند وەزیرێك بەزۆر و خستەشوێنی وەزیری تر بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان لەلایەن ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆكی وەزیرانەوە.
- قەیرانی موچەو نەدانی موچەی فەرمانبەران لەلایەن حكومەت وپاشەكەوت كردنی بەبێ هیچ یاسایەك و بەبێ گەڕانەوە بۆ پەرلەمان.
- نەبونی شەفافیەت لە فرۆشتنی نەوت و بێ سەروبەریەكی زۆر بەشێوازی گرێبەستە نەوتیەكان و میكانیزمەكانی كاركردن و داهاتەكەی.

٣- پەرلەمانی كوردستان پێویستە وەك نوێنەری خەلك پرساندن و استجوابی بۆ وەزیرەكان یان سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیران و جێگرەكەی بكەن بەبێ دەست تێوەردانی حزب و هیچ لایەنێكی تری سیاسیی.

٤- پێویستە پەرلەمانی كوردستان لێژنەیەكی تایبەتی بەمەبەستی لێكۆڵینەوە لە قەیرانی دارایی و موچەی فەرمانبەران پێك بهێنێ و بەدەم كێشەو گرفتی نەبونی موچەی فەرمانبەرانەوە بچێت.

٥- پێویستە پەرلەمانی كوردستان، دوای كارابونەوەی ئەو لێژنەیەی پێكهێنرابوو بۆ كاركردن لەسەر یاسای ئامادەكردنی پرۆژەی دەستوری هەرێمی كوردستان-عیراق بۆ راپرسی، ماوەكەی درێژ بكاتەوە تا لە زووترین كاتدا كارەكانی تەواو بكات و رەشنوسی دەستوری هەرێمی كوردستان ئامادە بكات.

٦- تا ئەوكاتەی پەرلەمان كارا دەكرێتەوە، پێویستە لیژنەكانی پەرلەمان بەردەوام بن لە بەدواداچوون و كۆبوونەوەی بەردەوام و نوسینەوەی راپۆرت لەسەر پرۆژەیاساكان.

٧- ئیجرائات كردن لەگەل ئەو ئەندامانەی كە كەمتەرخەمن لەبەئەنجام گەیاندنی ئەركەكانیان و لەكاتی ئامادەنەبوونیان لە كۆبوونەوەكاندا بەپێی پەیرەو سزا بدرێن.

٨- زەرورەتی تەواوكردنی هەمواركردنەوەی پەیڕەوی ناخۆ بەمەستی چاككردن و گۆڕانكاری كردن لەبڕگەكانی.

## لیستی سەرچاوەکان


١– أبو كويك، حسن محمدسعيد حسن، (2012)، دور الهياكل التنظيمية والأنظمة الإدارية في تطوير أداء الأجهزة الأمنية – دراسة تطبيقية على ضباط الأجهزة الأمنية في قطاع غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

٢– أحمد،سيد مصطفى (2004)، أدارة الموارد البشرية: الادارة العصرية لرأس المال الفكري، القاهرة، مصر.

٣– الأشقر، حسام عبدالمجيد، (2015)، فاعلية برنامج تقييم الأداء الإلكتروني الحديث في قياس أداء الموظفين في وكالة الغوث الدولية، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

٤– البلبيسي، أسامة زياد يوسف، (2012)، جودة الحياة الوظيفية وأثرها على الأداء الوظيفي للعاملين في المنظمات غير الحكومية في قطاع غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

٥– الدجني، إياد(2010) تجربة الجامعة الإسلامية في تقييم الأداء الاداري كمدخل لتقييم الأداء، غزة،فلسطين.

٦– الرشيدي، محمد مبارك محمد، (2014)، أثر إستخدام طريقة الإدارة بالأهداف في أداء العاملين – دراسة تطبيقية في مؤسسة البترول الوطنية في دولة الكويت، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، الأردن.

٧– الشحري، أمينة بني مستهيل بن سعيد مشرح، (2013)، الأمن النفسي وعلاقته بكفاءة الأداء لدى أخصائيي قواعد البيانات في مدارس محافظة ظفار، رسالة ماجستير، جامعة نزوى، سلطنة عُمان.

٨– الشريف، حنين نعمان علي، (2013)، أثر المساءلة الإدارية على الأداء الوظيفي للعاملين الإداريين في وزارة التربية والتعليم العالي بقطاع غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

٩– صيام، عزيزة عبدالرحمن، (2013)، " واقع تطبيق نظام إدارة المواهب البشرية من وجهة نظر الإدارة الوسطى والعليا دراسة حالة الجامعة الإسلامية بغزة"، رسالة ماجستر، غير منشورة، الجامعة الإسلامية بغزة، فلسطين.

١٠– الطهراوي، عبدالمنعم رمضان، (2010)، دور إستراتيجيات تنمية الموارد البشرية في تطوير الأداء المؤسساتي في المنظمات غير الحكومية في غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

١١– العدني، فاطمة بنت فؤاد أحمد، (2015)، التوصيف الوظيفي كمدخل لتحسين أداء الموظفات الإداريات بعمادة الدراسات الجامعية للطالبات بجامعة أم القرى، رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، السعودية.

١٢– عسكر، سامي شاهر، (2014)، بناء أنموذج لتقييم أداء أعضاء الهيئة التدريسية باعتماد فلسفة الإدارة بالسلوك والنتائج، أطروحة دكتوراه، جامعة الموصل، العراق.

١٣– العشي، نهال شفيق، (2013)، أثر التفكير الإستراتيجي على أداء الإدارة العليا في المنظمات غير الحكومية العاملة في مجال التأهيل في قطاع غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

١٤– الغصين، إيهاب ربحي، (2012)، أثر الإعلام الأمني على أداء العاملين في الأجهزة الأمنية في قطاع غزة، رسالة ماجستير، الجامعة الإسلامية – غزة، فلسطين.

١٥– دوفرجية،موريس، (2014) المؤسسات السياسية و القانون الدستوري، الشبكة العربية للأبحاث و النشر،بيروت.

١٦– پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان.

١٧– راپۆرتی پێنجەمی ئەنستتیۆتی پەی بۆ پەروەردەو گوشەپێدان سەبارەت بە چاودێری کارەکانی پەرلەمانی کوردستان، سلێمانی، 2016.

# الملخص

## تقييم أداء برلمان كوردستان
## دراسة تحليلية عن دورة خريفية للبرلمان
## ( من ١ أيلول ٢٠١٥ لغاية ٢٩ شباط ٢٠١٦ )

ان البرلمان كمؤسسة شرعية لها مجموعة أعمال و مهام كبيرة مثل سن القوانين والرقابة على السلطة التنفيذية والموافقة على الميزانية. لذلك يجب على هذه المؤسسة القيام بأداء أعمالها وممارسة واجباتها بشكل فعال، وينبغي أن يكون على مستوى ثقة جماهير شعب كوردستان ،وتلعب دورا رئيسا وفاعلا في معالجة المشاكل والازمات، تمنع الانتهاكات ومنع الاحزاب السياسية من عرقلته وشله حركته، اذ ان وجود برلمان ذي بأس يصدر قوانين ملائمة ويراقب السلطة التنفيذية عن كثب، هو العامل الرئيس لارتقاء المجتمع وتأسيسه.

الهدف الرئيس في هذه الدراسة تقييم أداء برلمان كوردستان في الموسم الخريفي بين (١ أيلول ٢٠١٥ لغاية ٢٩ شباط ٢٠١٦)، ومعرفة مستوى أعمال لجان البرلمان على المشاريع التي وجهت لهم ومعرفة دورهم في مواكبة وضع الاقتصادى الراهن، و العمل على حد للأزمة المالية الراهنة و رواتب الموظفين في قليم كوردستان، تقييم أعمال اللجان المراقبة على اعمال الحكومة، ومتابعة واستدعاء وزراء من أجل الاستفسار ومسألة تعديل قانون الرئاسة.

أخيرا، توصلت الدراسة الى مجموعة من الاستنتاجات أهمها أن البرلمان لم يقم بأداء واجباته بشكل جيد بما فيه الكفاية كممثل حقيقي لشعب كوردستان، و لم يقم اللجان بأستكمال أعمالهم في وقت محدد، وعدم تفعيل البرلمان بشأن قضيا السياسية مع وقف التنفيذ وتدخل متزايد من الأطراف السياسية والاحزاب في اجراءات و قرارات البرلمان وعدم التوصل إلى حل بشأن تعديل قانون الرئاسة.

وهذا البحث لة مجموعة من المقترحات أهمها يجب على البرلمان أن تمارس أعمالها وأن تستكمل واجباتها في أي مكان، و استكمال أعمال اللجان بشأن تعديل قانون الرئاسة وتعديل نظام داخلي للبرلمان والقضاء على جميع التدخلات في الاحزاب السياسية.

# Abstract

## Evaluating Performance of Kurdistan Parliament
## Analytical study of the autumn session of The Parliament
## (1st September 2015 to 29th February 2016)

Parliament as a legitimate institution has several substantial duties such as, enactment of laws, overseeing executive power and approval of budget. Therefore, this national institution has to perform and exercise its duties and it should be at the level of guarantee of the Kurdistan people, and also it has to play an active and major role in addressing problems and crisis, preventing violence and do not let political parties to interference parliament's duties anymore and cripple it, because existing a strong parliament in which issuing appropriate decisions and being an accurate overusing of executive power will be a main factor for progressing community and making an institutional community.

That is why this study sheds light on evaluating the performance of Kurdistan Parliament in autumnal season between September 1st 2009 to February29th 2016,The principal aim of the research is to find out the level of parliament's committees working over those projects which have been directed to them and finding out the role of committees in their work over citizen's hard situation, financial crisis and salary, also evaluating the scale of the committee's working in overseeing government's actions, follow-up and summoning ministers for inquiring and the issue of amending presidency law.

Finally, this research found out some targets, such as the weakness of Kurdistan parliament's performance, also found out that parliament did not do its duties well enough as a real representative of Kurdistan's people and did not completing the committee's works in a certain time, failing to activate parliament regarding suspended political issue and increasingly interference of parties in parliament's actions and failure to reach a solution on amending presidency law.

And this research makes some suggestions. The most important one is exercising parliament's duties or works wherever, completing amending bylaws in such a way that activates the committee's actions and eliminate all the parties' interferences.

## گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان

کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان
KURDISTAN ACADEMICS ASSOCIATION

KTRC 2005
دەستەی کوردستانی
بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی

# کەسێتی بیرکەرەوە لەدەقدا 'دیکارت' بە نموونە

## "خوێندنەوەی کتێب، جۆرە گفتوگۆکردنێکە لەگەڵ نووسەرەکەیدا"[1]


**م. نەوزاد جەمال فەرەج**

**زانکۆی سەلاحەدین**

**کۆلێژی ئەدەبیات**

**بەشی فەلسەفە**


## پێشەکی

جگە لەوەی هەموو دەقێك هەڵگری رازو نیازەکانی نووسەرەکەیەتی، تێگەیشتن لەمەبەستەکانی پێویستی بەهەڵمالینی رەهەندەکانی و مشتومالْ کردنیانە. هاوکات دەق خاوەنی کەسێتی خۆیەتی. لەم سۆنگەوە، کەسێتی بیرکەرەوە لەنووسینەکانی 'دیکارت' (١٥٩٦–١٦٥٠)دا دەستنیشان کەین. ئەمەش بەمانای شرۆڤەی "کەسێتی" نووسەرنییە لەڕوانگە دەروونییەوە، بەڵکو پەنجە ختەنسەر بەشێوازی بیرکردنەوەو خەسڵەت و سیفەتە کەسییەکانیەتی کە لەبیرکردنەوەو دووتوێی دەقکانیدا رەنگدەداتەوە. بەتایبەت بەکارهێنانی زمان باشترین سەرەداوە، چونکە زمان ئەو مەودا ئەندێشەییە کەفەیلەسوف بیری تێدادەکاتەوەو پرسیارو جیهانبینیەکانی بەهۆیەوە لەنووسیندا رۆدەکات.

بەگشتی، توێژینەوەکە بۆ سێ بەش دابەش دەبێت: یەکەم بەش رەهەندی توێرییە کە چوار تەوەری لە خۆگرتووە وەك: پرسیاری سەرەکی و لاوەکی توێژینەوەکە، ناساندن و پێناسەکردنی چەمکی کەسێتی بیرکەرەوە، میتۆدی توێژینەوە و ئامانجی توێژینەوەکە. بەشی دووەمیش، چیەتی گوتاری فەلسەفیی 'دیکارت' و لەستراتیجیەتی نووسین و ئامانجەکانی باسدەکات. ستراتیجیەتەکەش لەڕۆڵی گومان، رۆڵی خودی بیرکەرەوە، کۆجیتۆو میتۆدا دەردەکەوێت. دواجار بەشی سێهەم کە لە دوو تەوەر پێکهاتووە، کاریگەری دیکارت لەپاشخۆیی وتایبەتمەندییەکانی دەگرێتەوە. پاشان ئەنجامی کۆتایی توێژینەوەکە.

---

[1] رینەی دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، وەرگێڕانی شاهۆ عوسمان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٥٠.

## بەشی یەکەم
## لایەنی تیۆری توێژینەوە

### ١- پرسیاری توێژینەوەکە:

بۆچی دەستنیشانی کەسێتی و شێوازی بیرکردنەوە بکرێت؟ ئایا تایبەتمەندی نووسین و بیرکردنەوەی دیکارت لەچیدا دەردەکەوێت؟ ئایا تەنها ئەو سیستمە فەلسەفییەی کەخستوویەتەڕوو یا هەڵبژاردنی وشەکان، کۆدێکی گرنگن بۆ توێژەرو خوێنەر؟ لەوانەشە، بپرسین ئەی بۆ 'دیکارت' لەهەڵبژاردنی دەستەواژەکانیدا، راشکاوانە نیازی خۆی لەسیستمە فەلسەفیەکەی نەخستۆتەڕوو، بەتایبەت کە کاتێك دووچاری هێرش و رەخنە بۆتەوە؟ مەگەر ئەوە لەبەر ترسنۆکیەتی یا؟ ئایا پێکهێنەرەسەرەکیەکانی کەسێتی بیرکەرەوەی 'دیکارتی' چین؟ کاریگەری و تایبەتمەندیەکانی گوتارەکەی لەچیدایە؟

ئەم پرسیارانە بۆیە شیاون، چونکە 'دیکارت' کەسێکی هۆشیاربووە، نەیوستوە ژیانی و بیرکردنەوەی بکاتە خۆراکی دڵڕەقە توندڕەوەکانی سەردەمەکەی. بۆیە، ئامرازی گەیاندنی مەبەستەکانی لەخودی پەیامەکەی جیاناکرێتەوە. ئەوەی ئەو وەك ئامرازو شێوازی دەربڕین بەکارهێناوە، ناوەڕۆکی پەیامەکەیەتی. لەبەرئەوە، پەیامی نووسین، لەگەیاندنەکەی جیاناکرێتەوە[1]. جگەلەوەی ئەو لەسەرلەبەری نووسینەکانیدا، بەبەڵگەوە بەرگری و پێداگیری لەبۆچوونەکانی خۆی دەکات. ئەمەش تەنها وەك ئاشکراکردن و راگەیاندنێك ناکات، بەڵکو مکوڕیەتی لە پەیامەکانی.

### ٢- پێناسەی چەمکی سەرەکی

لێرەدا چەمکی 'کەسێتی بیرکەرەوە' واتە، کاراکتەرو شێوازی نووسین، جۆری پرسیارو وەڵام و گەنگەشەیەك کە فەیلەسوفێك بەرهەمیدەهێنێت. دواجار ئەمبەکارهێنانە دەبێتە کەسێتیەکی تایبەتەند لەنووسین و کاراکتەرێکی بیرکردنەوە، بێگومان هەموو نوسینێك، نەك هەر مۆرکی کەسێتی و سیفەتەزاتی و ناخەکیەکانی نووسەری پێوەدیارە، بەڵکو وەك شێوازو رێڕەو دەبێتە کەسێتیەکی ناو جیهانی نووسین کەنووسەرەکەی پێدەناسرێتەوە جیادەکرێتەوە.

### ٣- میتۆدی توێژینەوە

تێگەیشتن لەدەقێك کە لەهەلومەرجێکی نالەباردا نووسرابێت کارێکی سەرپێی و سادەنیە، بەتایبەت نووسەرێکی وەك 'دیکارت'لەبەر دەسەڵاتی سیاسی یا ئایینیدا خۆی سانسۆر کردووەو بەڕاشکاوی هەرچی مەبەستبووە، نەیووتووە. راستە نووسینەکانیشی روون و رەوان و بێ گرێوگۆڵن، بەڵام هێشتا رەهەند گەلێکی نەوتراوی تێداماونەتەوە کە توێژەر بەمیتۆدێك پەردەیان لەسەر لابدات. لەبەرئەوە، میتۆدی 'شرۆڤەی گوتار'(Discourse Analysis) بەگونجاو دەزانین، چونکە میتۆدێکی شرۆڤەییە کەجارێکیتر دەق دەخاتەوە گۆکردن[2]. ئەوەشی بەنووسین نەوتراوە، بەلێکدانەوە بهێنرێتەوە بەرباس.

---

[1] McLuhan 1964/2001.*Understandig Media*. New York: Routledge Classics.
[2] Teun. A. van Dijk: *Ideological Discourse Analysis*. University of Amsterdam. http://www.discourses.org/download/articles/

ئەم میتۆدە وەك کایەکی نوێ، سەرەتاکانی بۆ 'فوکۆ'و 'لاکان'و زۆریتر دەگەڕێتەوەو وەك بوارێکی سەربەخۆش لەنێو زانستە مرۆڤییی و زمانەوانیەکاندا دەخوێنرێت[١]. گرنگیشی لەوەدایە کە یارمەتیمان دەدات شێوازەکانی بەکارهێنانی زمان لەنێو دەق و بەستێنەکەیدا (کۆنتێکست) شرۆڤە کەین[٢]. دەستەواژەی 'شرۆڤەی گوتار' لە دووپشك“ 'گوتار'و شرۆڤە پێکهاتووە. گوتار (Discourse) لەبنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییەکەواتەی راکردن لەجێگەیەکەیەوە بۆ جێگەیەکیتر دەگەیەنێت[٣]. بەڵام، لەبەکارهێنانی زانستییدا ئاماژەیە بەشیوازێکی تایبەتی زمان کە شتێکمان پێدەڵێت لەبارەی ئەوەی کەپێی دەدوێت، یا سەبارەت بەفەرهەنگی کەسێك یا سەبارەت بەتۆڕی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتیانەی کەسەکەی تێدایە. جگەلەوە ئاماژەشە بەو گریمانەو بۆچوونە بنەرەتیانەی کەسەکە هەیەتی'[٤]. کەواتە، هەوڵێکی شێلگیرە لەپێناو شرۆڤەکردنی نووسراو، وتراو یا زمانی ئاماژەییداکەجەخت لەدەنگ، 'ساینتاکس' و 'سێمانتیك' و 'سێمۆتیك'ی دەق دەکرێتەوە. جگە لەوە پەیوەندی نێوان دەق و بەستێنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری و ئەو کارلێکەی لێوەی پەیدادەبێت، دەکات.لێرەوە، خوێندنەوەو تێگەیشتن لە 'دیکارت'، بەبێ میتۆد 'شرۆڤەی گوتار' ناتەواوە، چونکە، ئەم میتۆدە دەق لەبەستێنی—نێوبەندی–(کۆنتێکست) سەردەم و بۆچوونی فەلسەفەیدا شرۆڤەدەکات.

ئەگەرچی لای 'فوکۆ' دەبێت جەخت لەپەیوەندی هێز لەنێو دەق و بیرکردنەوەو رەفتارەکانی نێو کۆمەڵگەدا بکرێت[٥]. بەڵام، بەگشتی زمان لەنووسین یا ئاخاوتندا وەك رەفتارێکی نیازمەند، هەڵگری چەندان ماناو پەیامە. بۆیە، سروشتی زمانەوانی دەقەکانی 'دیکارت' لە نێوکۆی مێژوو سیستمێکی زمانی و دەربڕیندایە کە دەکرێت کۆدەکانی بکرێتەوە، تاباشتر لەپەیامەکەی تێبگەین.لەوانەیە پرسیارێك بکرێتکەبۆ میتۆدی 'شرۆڤەی گوتار' بەکاربێت، لەکاتێکدا 'دیکارت' بەروونی و رەوانی دەنوسێت؟ هەڵبەت، سەرەڕای روونی دەقەکانی، بەڵام لەبەرئەوەی بەگشتی یەکانگیرنیین، ئەگەری چێواشەبوون و سەختی راڤەکردنیان هەیە[٦]. ئەو میتۆدە جەخت لە گۆڕانی بیرۆکەو چەمك، قایلبوون و راوبۆچوونی نووسەرێك دەکات لەروانگەی دەقەوە.

بۆیە، ئەرکی قوڵتر بیرکردنەوەیە لەدەربڕین و وشەکان[٧]. بۆنموونە 'کۆجیتۆ' وەك گوریسێك بۆ شۆڕبوونەوە بەبیرکردنەوەی 'دیکارت'دا کەجەخت لەخودی زانەر، توانای زانین و "منێکی" ئاگامەند دەکات. ئەمەش بەگرێدانەوەی لەگەڵ دەربڕین و رستەکانی 'دیکارت'خۆیدا دێتەدی. هەروەها بەستنەوەی بە سەردەمەکەی و ئەو ئاستەنگ و بەربەرەکانیانەی لەبەردەمیدابوون، سەرەداوی ترمان بۆ دەردەخەن وەك لەوەی کە تەنها بەرواڵەتی لەرستەکانیدا وتراوە.

---

(1) Clayton Whisnant: *Foucault & Discourse.* A Handout for HIS 389. Last modified November 9, 2012,http://webs.wofford.edu./whisnantcj/his389/foucualt_discourse.pdf.
(2) Abrams and G.G. Harpham, *A Glosery of Literry Terms*, 2005, P.20-24
(3) Simon Blackburn: *Oxford Dictionary of Philosophy*, University Press, P.102.
(4) Clayton Whisnant: *Foucault & Discourse.* A Handout for HIS 389. Last modified November 9, 2012,http://webs.wofford.edu./whisnantcj/his389/foucualt_discourse.pdf.
(5) http://patthomson.net/2011/07/10/a-foucaultdian-approach-to-discours-analysis.
(6) Copelston, Fedrrick: *History of Philosophy, (vol. 4 Modern Philosophy)* Doubledy 1994, p. 149.
(7) J. P. Gee, *An introduction to Discourse Analysis*, Rutledge, 2005.

بەڵام بەگرتنەبەری ئەم میتۆدە، بانگەشەی ئەوە ناکرێت کە سەد لەسەد 'دیکارت' ڕاڤەکراوە یا بێ چەندووچوون دەزانین بەدیاریکراوی مەبەستی چییە. بەڵکو، هەوڵدانێکە کەبەهۆیەوە ڕەهەندێکیتری 'دیکارت'مان بۆ دەردەکەوێت. واتە، 'دیکارت'ێك کەخۆی لەژێر "پێستی" ڕستەکاندا مەڵاسداوە. لەم سۆنگەوە دەتوانین کەسێتی بیرکەرەوەو کەسێتی 'دیکارت'یش بخوێنینەوەو ڕاڤەکەین. ڕەنگە 'وتەی فەیلەسوف ئەوەنەبێت کە بەنووسین لەدەقدا وتوویەتی، بەڵکو ئەوەی کەنەیدرکاندووە[١].

## ٤-ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجی توێژینەوەکە هەڵهێنجانی 'بیرکردنەوەی 'دیکارت'ی'ە لەدووتوێی دەقەکانیدا. بەمانایەکیش 'بیرکردنەوەی 'دیکارت'ی'، واتە 'کەسێتی 'دیکارت'یانە'ی بیرکردنەوەو جۆری مرۆڤی بیرکەرەوەو شێوازەکان لەفەلسەفەکەیدا. بۆئەوەی بزانین، چۆن بیروئاگایی، نیگەرانی و پرسیارەکانی دەفەلسەفێنێت،ئەو میتۆدەی لەتوێژینەوەدا هەڵیدەبژێرێت لەبەرچییە. ئەگەرچی بەزمانی جیاواز، توێژینەوەی گرنگ لەبارەی 'دیکارت'ەوە کراوە، بەڵام هێشتا ئەم ڕەهەندەی بیرکردنەوەی تێرنەبووە. لەبەرئەوە، مەبەستی سەرەکی گەڕانەوە نییە بۆئەو خوێندنەوانەی کە پێشتر لەلایەن 'هۆسرل'[٢]، 'فوکۆ'[٣] کردوویانە. ئەگەرچی هەموویان گرنگ و پێویستن. هاوکات، لەبەرئەوەی ئامانج شرۆڤەکردنی کەسێتی 'دیکارت' نییە لەڕوانگەی فەیلەسوفەکانی ترەوە، بەڵکو خوێندنەوەی ڕاستەوخۆی 'دیکارت'ە وەك خۆی لەدەقەکانیەوەڕا بەزمانی کوردی و فەلسەفاندنی تێزەکانیەتی.

## بەشی دووەم

## گوتاری فەلسەفیی 'دیکارت' و ستراتیجیەتی نووسین

سەرەتا دەبێت ئەوە بووترێت کە کەسێتی بیرکەرەوەی 'دیکارت'ی لەسەر دووکۆڵەکەی سەرەکی دامەزراوە: گوتارە فەلسەفییەکەی و هاوکات ستراتیجیەتی لەنووسیندا.

### ١- چیەتی گوتارە فەلسەفییەکەی

ڕۆڵی'دیکارت' لەتاوتوێکردنی کێشەو پرسەفەلسەفییەکانی سەردەمەکەیدا، ڕێخۆشکەرو پاڵنەرێکی بابەتین کەبنەمای گوتاری فەلسەفیی خۆی ئامادەبکات. بۆیە دەقەکانی وەك گوتارێکی فەلسەفی کە بەشێوازی 'دیکارت'ی دەناسرێنەوە، نموونەیەکی-پارادایمێکی-فەلسەفیی سەربەخۆن لەمێژوودا[٤]. خسڵەتەکانی ئەم گوتارەش بریتییە لە:

- دانپێدانی بەراستی و کێشەکاندا. لە زۆر شوێنی دەقەکانیدا 'دیکارت' بەڕاشکاوی ئاماژە بەئەزموونێك یا بەسەرهاتێکی ژیانی ئەدات. جگە لەوەش باس لەنیاز یا ئەوەی ئەو بانگەشەی گەورە ناکات.

---

[١] هایدێگەر: میتافیزیك چییە؟، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل١١١.

[2] E. Husserl: Cartesian Meditations. An Introduction to Phenomenology.Translated by Dorin Ciarns.Martinus Nijhoff Publishers. Seventh Impression, the Netherlands 1982(1960).

[3] M. Foucault. Lectures on Descartes- Essential Works 1954- 1984. Paul Rabinow.

[٤] شایانی باسە کەخودی'دیکارت' وشەی گوتار (*Discourse*) لەکتێبی 'گوتارلەبارەی میتۆد'ەوە بەکارهێناوە. ئەو مانایەی 'دیکارت' بۆ ئەو وشەیە هەڵیبژاردووە مانایەکی ترەو نزیکە لەواتای 'وتوێژێك' یا قسەوباسێك.

- جەختکردنەوە، زۆرجار لێرەولەوێ 'دیکارت' جەخت لەچەند بابەت و پرسیار و کێشەیەك دەکاتەوە، ئەمەش سیمایەکی بوونی گوتارە.

- دووبارەکردنەوە" 'دیکارت' وەك ستراتیژیەتی بیرهێنانەوە، هەندێك بابەت دووبارە دەکاتەوە. هاوکات بەمەبەستی دەستپێکردنەوەی سەرەتای کێشەکان لەرووی میتۆدیەوە.

- رەتکردنەوە" 'دیکارت' سڵ لەرەتکردنەوەی راوبۆچوونی بەرامبەرو نەیارەکانی ناکاتەوە. ئەگەرچی راستەوخۆش ناویان نەهێنیت یا بەزەقی بیروڕایەکی باوی ئایین و کڵێسەش پوچەڵ نەکاتەوە، بەڵام دواجار هەوڵەکانی هەر وادەکەوێتەوە.

- میکانیزمی بەرگری" لەرێگەی میتۆدو ئەو پرسیارە کێشە ئامێزانەی کەدەیان وروژێنێت، میکانیزمێکیش بۆبەرگی لەتێزەکان دەدۆزێتەوە.

بەم پێیە، 'دیکارت' خاوەنی گوتارێکی فەلسەفی خۆیەتی کە لەبەرامبەر گوتاری فەلسەفیی یا ئایینی سەردەمەکەی خۆیدا دەوەستێتەوە. چۆن گوتارێك کاردەکات؟ بەبۆچوونی 'فوکۆ' هەموو گوتارێك، بەچوار شێواز هەڵدەسوڕێت[1]:

- جیهانبینییەك دروستدەکات. واتە، شێوازی بیرکردنەوەمان ئاراستەدەکات و چێوەیەکیشی پیدەبەخشیت.

- بەرهەمهێنەری زانین و 'هەقیقەت'ە. کەواتە، گوتاری میتۆد لای 'دیکارت' تەنها بیرکردنەوەو دونیابینی ئاراستە ناکات، بەڵکو جۆرێکیش لەزانین و تێگەیشتنی هەقیقەت' دووپاتدەکاتەوە کە دواجار دەستنیشانی هەڵەو راستییمان بۆ دەکات.

- شتێك دەربارەی نیازو مەبەستی ئاخێوەرەوە دەدرکێنیت. وەك دواتر دەردەکەوێت کاتێك 'دیکارت' کتێبی 'میتۆد' دەنووسێت، دەیەوێت وەك دەسەڵاتێکی زانین، لەبەرامبەر دەسەلاتی کڵێسادا بووەستێتەوە.

- گوتار جۆرێکە لەپیادەکردنی هێز/ دەسەلات. هێزو توانای 'دیکارت' لەپەیوەندی خۆی و دەقەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا کەهەمیشە لەململانێ و رکابەریدابووە.

هەموو ئەم رەهەندانە لەنووسینەکانیدا دەدرەوشێتەوە. بۆیە، باس لە'گومان، خود، میتۆد، کۆجیتۆ'دەکەین. لەبەرئەوەی ئەم چەمك و لاباسانە، بەجۆرێك نموونەو نیشانەی بەرجەستەبوونی گوتارێکی 'دیکارت'ین. لەروانگەی ئەو چەمك و تێزانەوە، دەکرێت دەستنیشانی خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی گوتارو کەسێتیە فەلسەفییەکەی بکەین.

### ٢–ستراتجیەتی نووسین 'دیکارت'

دانسقەیی 'دیکارت' بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ هەڵبژاردنی شێوازی نووسین. جگە لە روونی و رەوان دەقەکانی، پەخشان ئامێزن کە لە زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی جیادەکاتەوە. بۆیە، ستراتیجیەتی نووسین واتە ئەو ئامانج و میکانیزمانە لەبیرکردنەوەو گەیاندنی پەیامەکەیدا بەکاریهێناون و چۆن چارەسەری کۆمەڵێك کێشەی دێرینی فەلسەفیی کردووە. هەڵبژاردنی جۆری نووسین کەخۆشی لێرەو لەوێ ئاماژەی بەمەرجەکانی نووسینی فەلسەفیی

[1] M. Foucault, *Archeology of Knowledge*. Trans. A. M. Sheridan Smith (New York: Pantheon Books, 1972) from Clayton Whisnant: *Foucault & Discourse*. A Handout for HIS 389, p.38.

کردووە. ئامانج و مەبەستی 'دیکارت' چۆنیەتی زانینە، لەمیتۆدا نەك 'چی' بزانین[١]. بەمەشجیاوازە لەپێشخۆی. لەبەرئەوەی پێشتر بیرکردنەوەی تیۆری جەختی لە چیەتی بوون دەکرایەوە، بەڵام ئەو باوەڕی بەفەلسەفەیەکی پراکتیکی هەیە کەوەك ئەلتەرناتیڤێك پێشکەش کات[٢]. واتە، بەلاریٚ نەچونی ژیریی، خۆ داماڵین لەبریارە پێشینەیی و پێشباوەریەکان بەرووخاندن و هەڵتەکاندیان لەبنەوەڕا، دۆزینەوەی راستی زانستیی بەکۆششی خۆو دڵنیابوون لێی، سیستمی کارکردنی هۆشمەندی لەرێگەی میتۆدەوە، ستراتیجەتی بیرکردنەوەو نووسینی بوون[٣].

بەڵام، ئەو خۆشی زانیویەتی کەئەمەی بەسانایی بۆ ناچێتە سەر. لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی تاکتیکی وەك خۆی بە "ئاکارێکی کاتی" ناوی دەبات لە (٣) بنەما پێکهاتووە:

١- ملکەچی کردنی قانون و رێساکان و ئایینی وڵاتەکەم.

٢- جێگیری لە کردوەکانمدا و بڕیاردان لە وەشی کە گوماناویترین ودڵنیاترینە تا ساخ دەبێتەوە.

٣- تێکۆشان لەگەڵ خۆمدا، بەڵام نەك بەمانای گۆڕینی چارەنووسی ستمی گەردوون، بەڵکو ئارەزووەکانی خۆم نووسیومە[٤]. خۆ بواردن لە زەبرو توندی دەسەڵاتی دەوڵەت و کڵێسا، وایکردووە خۆی سانسۆر کات. ئەگەرچی فشاریشی لەسەر دروستکربێت، بەڵام تاکتیکێکی خۆ هەڵبژاردەی تێدایە. چونکە، لەپێناو بڵاوبوونەوەی بەرهەماکانیدا، لەرووبەڕووبوونەوە پاراستووەو نەیوستووە جەنگ لەگەڵ زۆرینەدا بەخێرایی بدۆڕێنێت[٥].

بۆیە پێویستی بەمیکانزیمیکی خۆسانسۆرکردن لەپێناومانەوەدا هەڵبژاردووە[٦]. رەنگە هەڵبژاردنی زمانی فەرەنسی بەشیك بێت لەو تاکتیکە، جگە لەوەی داواکارە خەڵکی باوەرنەکە بەو قسانەی لەبارەیەوە کراو[٧]. بەردەوامیش ئەوەی بیری خوێنەرو رای گشتی خستۆتەوە کە 'هەرگیز لاف ئەوەم لێنەداوە کە هزری من لەخەڵکی ئاسایی کامڵترە'[٨]. چونکە 'دەکرێت من هەڵەبم'[٩]. هەروەها راشکاوانەش ئەیدرکێنێت کە ئامانجی لەدانانی کتێبی میتۆد ئەوە نییە هەموو کەس فێربێت پەیرەوی لێبکات، بەڵکو تەنها رێنماییەکە بۆ بۆخۆم[١٠]. لێرەوە چەند رەهەندێکی ستراتیجیەتی نووسین و کەسێتیەکەی باسدەکەین:

---

[١] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، وەرگێرانی هاوژینی مەلائەمین و هۆشمەند جەلال، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی، ٢٠١٥، برگەی ٥، ل٥٧.

[٢] هەمان سەرچاوە، برگەی (٢)، ل٣٠٩.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل١٢٩.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل١٣٠-١٤٨.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل٣٢٠.

[٦] هەمان سەرچاوە، ل٣٠٧-٣٠٨.

[٧] هەمان سەرچاوە، ل٣٢٤.

[٨] هەمان سەرچاوە، برگەی (٢)، ل٥٢ ؛ هەروەها وەگێرانە ئینگلیزیەکەی:
René Descartes: *A Discourse on Method*. July 1, 2008 [EBook #59]. Produced by Ilana and Greg Newby. HTML version by Al Haines Character set encoding: ISO-8859-1.www.gutenberg.net.

[٩] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، برگەی(٤)، ل٥٦، هەروەها وەگێرانە ئینگلیزیەکەی (Descartes: *On Method 2*)

[١٠] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل٥٧ و Descartes: *On Methode2*

## گومانی دیکارتیانە وەك سیناریۆیەکی ئەندێشەیی[١]

گومانی دیکارتی کەزۆرجاریش بەدێکارتیانیزم “Cartesianisme” ناودەبرێت، پرۆسەیەکە کەزانینی لەسەر بینادەکرێت. کاتێك کەهەر باوەرێك، بۆچوونێك جێیگومانە دەبێت وەلابنرێت. واتە هەرچی راستیەکی بەرهەمهاتووە، بخرێتە ژێرزەرەبینی گومانەوە. هەموو شتێك کەشیاوی گومانلێکردنە، دەبێ گومانی لێکرێت جگە لەیەك شت: ئەویش ئەوکەسەی کە خۆی بیردەکاتەوە. چونکە بەڵگەیە لەسەر گومانکار کەهەیە. گومانکردنیش واتە: ئەودۆخەی کەدوو رامان هەیەو نەتوانین لەسەر بابەتێك بریاردەین و بەلایداخەین. بەدەربرینێکی تر، بەهەڵپەسێوراویی بمێنێتەوە. گومانکردن لەوەی کەشیاوی گومان و گومانهەڵگرە. ناتوانرێت گومان لەبابەتێك بکرێت، ئەگەر گریمانەی هەبوونی نەکرابێت[٢]. کەواتە، گومان لەپێناو هەقیقەتدایە، واپێویست دەکاتکە'مرۆڤ بۆ جارێکیش بێت لەژیانیداو ئەوەندەی لەتوانایدا گومان لەهەموو شتەکان بکات'[٣]. لەبەرئەوەی ' کاتێك کەمندالبووین، پێشئەوەی گەورەبیین بریارمان لەسەر شتەکان داوە'[٤]. بەڵام پێویست ناکات، گومانەکانمان لەبرێوەبردنی کارەرۆژانەییەکاندا بەکاربهێنین، بەڵکو تەنها لەو کاتەدا شیاوە کە لەهەقیقەت رابمێنی[٥].

ئاشکرایە، گومان کێشەیەکی بنەرەتییە لەفەلسەفەداو گوزارش لەو پرسیارە جەوهەرییە دەکات:ئاخۆ زانینی مرۆڤ جێگەی متمانەیە یا گومانکردن؟ لەبنەرەتدا دەگەرێتەوە بۆ 'پارمەنیدس' و 'پرۆتاگۆراس' و بەتایبەت'پیرۆ'(Pyrro) (٣٦٠ ـ٢٧٠ پ.ن). ئەم پێیوایە "ئەستەمە بگەینە دڵنیایی. لەبەرئەوەی هەمیشە گومان زاڵە مرۆڤ دەبێت دەست لە بریاردان لەراستی شتەکان هەڵگرێت. بۆیە، باشترە هیچ بریارێك نەدات. واتە، لەپێناوی ئاسوودەیی و گەیشتن بە دۆخی "ئارامی هزردا"[٦]. ئەگەر مرۆڤ خۆی لەبریاردان بەسەر بابەتەکان و دیاردەکاندا دوورخاتەوە، دەگاتە ئارامی دەروونی. بەپێچەوانەوە، دیکارت گومان بەدەستپێك و سەرەتای فەلسەفاندن دەخەملێنێت. لەگومانەوە دەگەینە راستی. ئەوەندە گومان دەکەین، تادەگەینە راستی، نەك گومانگەریی بەردەوام. لەم راستییەوەوە مرۆڤ دەتوانێت راستیتری دەست بکەوێتکەگومان ئامانجی کۆتایی و دوایینی بیرکردنەوەو توێژینەوەی فەلسەفی نییە، بەڵکو هەنگاوێکە لەگەیشتن بەدڵنیایی و ئەنجام.

گومان لەزانیاری و بریارەکان ◄——— لابردن و گومانخستنەسەر ناراستییەکان

◄——— گومان لە گومانەکان ◄——— راستی ئەوەیە کە هەیەو سەلمێنراوە:

ئەوەشی ماوەتەوە درۆیە و ناراستە.

---

[1] Cartesian doubt :method of doubt.

[٢] ولیم کلي رایت: تاریخ الفلسفة الحدیثة، ت. محمود سید احمد، تقدیم و مراجعة: امام عبدالفتاح امام، ط٢، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٩٧.

[٣] رینەی دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، ل٦٧.

[٤] هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

[6] Willimse.B. (1978).*Descartes: The Project of Pure Enquiry. London. Penguin*. p.436.

تاچەند چەمکی گومان لای 'دیکارت' راستەو دروستکراونییە، راست بووە یانا؟ رای جیاواز هەیە، بەڵام بەرای 'کاپلستن' سەخت نییە بزانین گومان رێگەیەکی تیۆرییە نەك بەمانای ئەوەی وەك رەفتارێك لەژیاندا بەکاریهێنین[(١)]. ئامانجەکە کە سەرلەنوێ و لەسەرەتاوە بیر لەفەلسەفە بکەینەوە[(٢)]. دیکارت گومانی بەئەهریمەن (شەیتانە) بلیمەت و فێڵبازەکە وەسفکردووە[(٣)]. ئەگەرچی دەستەواژەکە رەهەندێکی ئایینی هەیە، بەڵام میتافۆرێکە کە چۆن مرۆڤ فریو دەخوات. جگە لەوەی ئەهریمەن بوونێکی راستینەی مادی نییە[(٤)]. بەڵام، گومان وەك ئەهریمەنیك هێزو توانایەکی سەیری هەیە. ئەمەش بەومانایە نییە کەئایا گومان خراپە یا نا؟ ئەگەرچی گومان بە ئەهریمەن چوێنراوە، لەقۆناغێکدا بەرهەمدارو رێنوێنیکارە. کاتێکیش کە رزگارمان نابێت لێی، ئیتر فریودەرەکەیە بەتایبەت لەتوێژینەوەدا.

لێرەوە" گومانی 'دیکارت'ی سیناریۆیەکی ئەندێشەییە، ستراتیجیەتێکە کەبیرکردنەوە ئاڕاستە دەکات. ئاشکراشە 'دیکارت' بەراستی و لەخۆیدا گومانی هەبووەو بۆ بیرکردنەوەو بەدواچوون و سۆراخکردنی راستی هەڵیپێچاوە. هەر لەڕێیەوە بووە بیروئاگایی لەنێو دڵنیایی و ناگوماندا لەنگەری گرتووە. بۆ ئەو هەموو بابەتێك گومان هەڵگرە، بەتایبەت لە هۆکارەکانی گواستنەوەی زانین و هەستەکان، چونکە هۆکاری بەهەڵەدا چوونی ژیرین. هەڵبەت، لەجێگەیەکیشدا گومان دەبێتە پارادۆکسێك (دژیەکییەك) لەخۆیدا: ناکرێت گومان لەدۆخی گومانێتی خۆمان بکەین، چونکە دواجار هۆش و ئاگایی مرۆڤ باش دەزانێت کە گومان و بیرکردنەوەکانی زادەی ئاگاییە نەك زیندە خەون. ئەمەش لەکۆجیتۆدا رەنگدەداتەوە کە:

– گومان لەپێناو گوماندا نییە، بەڵکو لەپێناو گەیشتنە بەدوای گومان کەدڵنیابوونە لەوەی کە دەیزانین و بەراستی هەیە.

– گومان کردەیەکی خۆویستە. لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆی بەسەرخۆیدا دەهێنێت. هاوکات، گومانێکی میتۆدیە، نەك بوونەکی. واتە، نەك ئەوەی مرۆڤ گومان لەبوونی خۆی یا دەوروبەری بکات[(٥)].

– گومان لەپێناو دەربازبوونە لەئاستی مادی و رکێفی بەرهەستەکاندایە[(٦)].

– هەروەها گومانکردن کردەیەکی تێپەڕو کاتییە، چونکە ئامرازە لەقۆناخێکدا دەڕەوێتەوە[(٧)].

ئیدی، گومان لەرزینێك لەبیرکردنەوەو باوەڕی وەستاودا دروستدەکات کە'دیکارت'وەك هەنگاوێکی فەلسەفیی پێویستییەتی، بەڵام دەشبێت ئاراستەکرێت، چونکە، گومان بۆ دەربازبوونە لەهەڵەو بیروبۆچوونە پێشداوەریی و پێشباوەریەکان، بەڵام ناکریت خۆی ببێتە باوەڕێکی دۆگماو سەرلەبەر بەهەڵەماندا ببات[(١)].

---

(1) Copelston, Fedrrick P.85.
(2) Ibid.
(3) René. Descartes: *Meditations on First Philosophy*, translated by John Cottingham, Cambridge: Cambridge University Press, 1996. Sober. P 210.

**(٤) دیکارت: 'رامانەکان'" رامانی یەکەم. وەگێرانی حەمید عەزیز. خانەی وەرگێران ٢٠٠٣. دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، مادەی ١–٧، ل ٢٠–٣٠. شاهۆ عوسمان. نیوەندی رۆشنگەری ٢٠١٥**

(٥) عثمان أمين: دیکارت، ط٧، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٦، ص١٢٧.

(٦) عثمان أمين: م. س، ص١٢٧.

(٧) عثمان أمين: م. س، ص١٢٣؛ د. بدرالدين مصطفي و غاد الامام: م. س، ص٩٢.

- **گەڕانەوە بۆخودی بیرکەرەوە**

ڕەنگە دەستیاوی 'دیکارت' بەسەر فەیلەسوفەکانی پاشخۆیەوە، بگەڕێتەوە بۆ داهێنانی میتۆدێکی توێژینەوەو گرێدانەوەی 'خود'و بیرکردنەوە بەیەکەوە. گەڕانەوە بۆ بیرکردنەوەو ژیری مرۆڤ، گەڕانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ تاك/مرۆڤ خۆی. ئەگەر نەڵێین لەسەردەستی ئەودا جارێکیتر ئەو خودە بیرکەرەوەو پرسیارداڕەی کە بەدرێژایی سەدەکانی ناوەڕاست خەفەو دەستەمۆکرابوو، لەدایکبووەوە کەممان نەوتووە. بەخوێندنەوەیەکی سادەی 'کۆجیتۆ' ڕووندەبێتەوە کە گرنگی و ڕۆڵی فەلسەفە بریتیە لەتوێژینەوەو شرۆڤەی "منێتی" یا ئاگایی مرۆڤ[٢]. لەم سۆنگەوە، ئیترفەلسەفە دەبێتە "شرۆڤەی ئاگایی و لێکدانەوەی تواناو هێزەکانی هۆشمەندی. ئاگابوون لەخۆ، دەبێتە بنەمای هەموو بیرکردنەوەیەکی مرۆڤ"[٣]. بڕوابوون بەخودا، لەمتمانەکردن بەتوانای خودی بیرکەرەوە سەرهەڵدەگرێت. بۆیە، ناسینی خودا، بەجۆرێك مەعریفەی زات دەستپێدەکات.

هەر لەدایکبوونی 'خۆ' کەوادەکات 'هیگڵ' بە'دیکارت'سەرسامبێت. چونکە ئەو لەو وێستگە فەلسەفیەکەی 'دیکارت'ەوە بۆ پێگەو پشیترێتی (پرایۆریتی) ئاگایی و بیرکردنەوە هەنگاودەنێت و سیستمێکی فەلسەفی سەرلەبەر ئاوادەکات. ئاگایی'دیکارت'ی تەنها دۆخێکی دەروونی زەینی پاسیڤ/ ناچالاك نییە کەئەرکی هەر سەرنجدان یا هەڵچوونی ناخەکی و دەروونی بێت. نەخێر، ویستی بیرکردنەوەو بەدواچوونی ڕاستیەکان، زەمینەی دەستڕاگەیشتن و کۆنترۆڵکردنی چەوتی و لاوازیەکی بیرکردنەوەی مرۆڤە. بۆیە، 'ئاگایی دەبێتە هێزێکی داهێنەرانە کە هەموو بیروبۆچوون و پێورەکانی پێشتر پووچدەکاتەوەو سەرەتایەکی نوێ کە "کۆشکێکی فەلسەفییە" دادەمەزرێت.[٤] بەدەربڕینێکیتر، تۆخکردنەوەی خودێتی وەك تاکە پرۆژەی ڕزگاربوون لای 'دیکارت' سەرچاوەدەگرێت. لێرەوە، دۆزینەوەی ڕاستی لەخۆدا پرۆژەیەکی گرنگی 'دیکارت'یانەیە کە مرۆڤ خۆی نەداتە دەست کەسانیتر[٥].

هەڵبەت، بۆ دامەزراندنی هەموبیرکردنەوەو سیستمێکی ژیریی لای 'دیکارت'، دەبێت ڕوخاندن، گومان پێشکەوێت. دەبێت ئەوەی پێشووتر بڕوخێت، ئینجا لەجێگەیدا شتێکیتر دروستکرێت. ئیدی، مرۆڤ ئەو بوونەوەرەیە کە بەهۆیەوە هەقیقەتی جیهان بەرجەستەدەبێت[٦]. بەمەش 'دیکارت' بونیادی 'بوون' دەکاتە بوونیادی بیرکردنەوەو ئاگایی خۆیەکی بیرکەرەوە. واتە، هیچ کەس ناتوانێت لەبری خۆم و لەجیاتیم تێبگات لەجیهان[٧]. لێرەوە، 'بوون' و 'بیرکردنەوەی خۆ' کردەیەکی میتافیزیکی واڵایە کە هەردەبێت 'خود' بەئاگایی و بیرکردنەوەی خۆی بڕیاری لەسەربدات. کەسێك نییە لەجیاتی بیری بۆبکاتەوە یا بڕیاری بوونی بۆ بدات.

---

[١] ڕینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل١٧٨-١٩٣.

[٢] عثمان أمین: م. س، ص٣٠.

[٣] عثمان أمین: م. س، ص٣٠.

[٤] ڕینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل٣٠.

[٥] هەمان سەرچاوە، ل١٠١.

[٦] عثمان أمین: م. س، ص١٢٨.

[٧] عثمان أمین: م. س، ص١٢٩.

**کۆجیتۆ رەهەندی مرۆیی بیرکردنەوە لە'بوون'**

رەنگە کۆجیتۆی دیکارت، گرنگترین پێکهێنەری سەرەکی کەسێتی بیرکردنەوەبێت، بەڵام ناکرێت توخمەکانیتریش نادیدەبگیرێت. کۆجیتۆ وشەیەکی لاتینیە "cogito, ergo sum" واتە 'من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم'[1]. هاوکات، سەلماندنی 'بوون' (دەروون– رۆحە) لەرووی ئەوەی کەبوونێکی بیرکەرەوەیە. جگەلەوەی، سەلماندنی 'بوون' بەکردەو چالاکەیەك کەبیرکردنەوە دەگەیەنێت[2]. ئیدی بیرکردنەوە وەك بوونێکی راست و حاشاهەڵنەگر لەخۆیدا راستە.لای 'دیکارت' ئەم دەستەواژە وەك یەکەم هەنگاوی دڵنیایی و بەزاندنی گومان بەکاردێت. هەروەها وەك دەستپێکی فەلسەفیی لەکتێبی 'میتۆد'و دواجار بەلاتیینیش لەکتێبی 'بنەڕەتەکانی فەلسەفە'دا بەکاردێت. پێدەچێت دەستەواژەکە هەڵگێرانەوەی بۆچوونێکی قەشە'ئۆگستین' (٣٥٤– ٤٣٠ پ.ز.) بێت کەدەڵێت: 'ئەگەر بەهەڵەدابچم، ئەوەمن خۆمم' (Si fallor, sum). مەبەستی 'ئۆگستین' ئەوەیە کە راستیەکی گومانهەڵگر هەیە: ئەوەش خۆمم[3]. لەکاتێکدا بۆچوونەکەی 'دیکارت'، بەگەڕانەوە بۆ 'من'ی بیرکەرەوە، وەك رێگەیەك بۆ دڵنیایی و راستی و متمانەبەخشین بەبیرکردنەوەو بوون، نەك گومانکردن لەراستی، زانینی خودی بیرکەرەوە !

لێرەوە، 'دیکارت' بەجۆرێك بیرکردنەوە دەخاتەپێش باوەڕ لە میتۆدی گوماندا،نەك بەمانای ئەوەی بەهۆی باوەڕەوە، ڕاستی یا هەڵەی بابەتێك پەسەندکەین. لەبەرئەوە، میتۆدی گومان و کۆجیتۆ رەتکردنەوەی هەموو باوەڕێکی پێشینەیی و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە بەپرسیار، ئینجا ئەنجامگیریکردن کەبابەتێك راستە یا نا. پەیامەکەشئەوەیە 'ئێمە بەبێئەوەی هەبین، ناتوانین گومان لە'بوون'مان بکەین'[4]. لەم رێساوە راستیەك هەڵدەهێنجرێت: 'ئەوەی بیردەکاتەوە، هەمان ئەوەنییە کەبیرلێدەکرێتەوە'[5]. لەبەرئەوە، کۆڵەکەی بیرکردنەوە لەسەر پنتێك رادەوستێك کە "بوون"ە. چونکە، درککردن بەبوونی خۆم، دەبێتە متمانەبەخش بەراستی و دروستی بیرکردنەوەم. وەك چۆن بوونم گومانهەڵنەگرە، ئەوەندەش بیرکردنەوەم تەواوە. کەواتە، دوالیزمی کۆجیتۆ (رۆح/بیرو جەستە/ بوون)، دەریدەخات چەقی زانین لەکوێدایە. ئەوەی دەیزانین لەڕێیبیرکردنەوەیە لەبوونم، نەك تەنها بوونە مادی و بەرهەستیەکە. واتە، بەئاگام لەوەی کە بوونم بەشێکە لەبیرکردنەوەم، وەکچۆن بیرکردنەوەشم لەجەستەم دانەبڕاوە. لێرەوە، رەهەندی بوونێتی لەهۆشیاری و ئاگایی مندا هەیە. ئەو ئاگاییەش درکردنە بەبوونی خۆت وەك خاڵی دڵنیایی.

دەستەواژەی کۆجیۆتۆ،لەیەك شرۆڤە زێتر هەڵدەگرێت، چونکە لەدووبارەکردنەوەی 'من'، لەهەردووباردا، رەهەندیترهەیە. دوو 'من' لەهەرتایەکی دەستەواژەکەدا هەیە. لەبڕگەی یەکەمدا 'من بیردەکەمەوە'. لێرەدا بکەر'من'ە

[1] Oldekalter.Jos. (2003).*Ad fundum.Latijnse spreekwoorden, gezegden en citaten& en hun betekenis.*Libro Books. p.122.

[2] جميل صليبا: المعجم الفلسفي (بالألفاظ العربية والفرنسية والإنكليزية واللاتينية)، ج١، الناشر: الشركة العالمية للكتاب، بيروت، ١٩٩٤، ص٢٤٩.

[3] Copelston, Fedrrick: p.90" Harry Willemsen (Red): Woordenboek Filosofie. Van Gorcum, Assen/Maastricht 1992, p.61.

[4] رینەی دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، ل٧٣.

[5] هەمان سەرچاوە، ل٧٣.

کە هەیەو 'منێك'یشە کە بیرکەرەوەیە. هەڵبەت، کەدەووترێت 'من'ئەو راناوە یا جێناوە ئاماژە بەهۆشیاری و ئاگاییە. کەسێك دەڵیت 'من' وەك خالّی دەستپێك کە ئاگایی بەخۆی هەبێت. پاشان، هەر لەخودی بیردەکەمەوە، راناوی 'من' جارێکیتر دووپاتی ئەو 'من'ە بیرکەرەوەی یەکەم دەکاتەوە. بەدەربڕینێکیتر، لێرەدا دووجار 'من' بەکارهاتووە. پاشان لەبڕگەی دووەمی دەستەواژەکەدا "کەواتە من هەم" بەهەمان شێوە دووجار من دووبارەدەبێتەوە.

ئەم جەختکردنەوەیە لەکەسی بیرکەرەوە، هەموو 'منێك' دەگرێتەوە، بەمەرجێك ئاگاو هۆشیاربێت. ئەوەش دەسەلمێنێت کەبیرکردنەوەو 'بوون' لێکجیاناکرێتەوە، وەکچۆن بیرکردنەوەی من لەخۆم، لەبوونم جیانابێتەوە. کەواتە دوالیزم (دووانەیی) بەو مانا سادەیەنییە کەدەوترێت لای 'دیکارت' بیرکردنەوە پێش بوون دەکەوێت. نەخێر، هاوکێشەی کۆجیتۆ لەوە قولّترو مانادارترە کە تەنها لەسەر بەراوردی سادەی پاش و پێشکەوتنی جەستەو بوون یا بیرکردنەوە بێت. جگە لەوەی، بیرکردنەوەی دووانەیی واتە دووبابەت بێیەك ناب و رێیان تێناچێت. سەرەڕای دەستەواژەکە دەلالەت لە'من'ێك لەئێستەدا و لێرەدا، نەك رابوورد یا جێگەیەکیتر[1]. بوونێك جێگەی بیرکردنەوە لەبوونی خۆمە، بیروهزرێك بەندە بەبوونی جەستەی خۆمەوە. لێرەوە، بیرکردنەوە مافی هەموو بوونێکە، وەك چۆنیش هەموو مرۆڤێك بیرکردنەوەی خۆی پێویستە بۆئەوەی بگاتە راستی. ئیدی 'دیکارت' ساخیدەکاتەوە کە ئەم راستیە بۆ هەموو مرۆڤێك بەردەست و رێیتێدەچێت، بەمەرجی بیروهۆشی بەشێوەیەکی سیستماتیکی بخاتەکار. ئەمە بایەخی 'دیکارت'ە کە ناڕاستەوخۆ لەدەقەکەیدا پیشانیدەدات. بەڵام، پێویستە رێگایەك هەبێت کەئەویش میتۆد.

**میتۆد و بیرکردنەوەی رێکخراوە**

لەوسەردەمەی 'دیکارت'دا فەیلەسوفی دیکەش ناوبانگیان کەلەم کەمترنەبوولەئارادابوون، بەڵام تایبەتمەندێتی ئەوە لەوەدایە کەناوی فەیلەسوفی میتۆدی پێببڕێت. ئەگەرچی هاوسەردەمەکانی وەك 'بیکون' کتێبی 'ئۆرگانۆنی نوێ' بە(١٧) سالّ پێش 'دیکارت' داناوە. هاوسەردەم 'سپینۆزا'ش نامەی 'چاکسازی ژیری'و دواتر مالبرانچ 'گەڕان بەدوای هەقیقەتدا'و 'لایبنتز' نووسیوە[2]. بەڵام، 'دیکارت' زۆر لەزووەوە لەوەگەیشتبوو کەپێداویستی سەرەکی توێژینەوەی فەلسەفیی: بریتییە لەداڕشتنی میتۆدێکی وردو بەرهەمدار[3]. بەڕاشکاوی لەسەرەتای شاکارەکەیدا 'میتۆد'دا دەڵێت: ئەوەی دەبێتە مایەی ناکۆکی لەنێوان خەڵکیدا، ناگەڕێتەوە بۆجیاوازی زیرەکی. لەبەرئەوەی ژیری و پیگەیشتووی بەدادوەرانەترین شێوە دابەشکراوە. ناکۆکییەکان دەگەڕێنەوە بۆ چۆنیەتی ئاراستەکردنی بیرکردنەوە![4] واتە, ئەو رێوشوێنەی دەیگرنەبەر لە بیرکردنەوەدا یا ژیانیاندا. لەکاتیکدا هەرئەوەندە گرنگە نیە مرۆڤ خاوەنی زیرەکی باش بێت، بەڵکو لەوەش گرنگتر باش بەکارهێنانیەتی.

---

(1) Stroud, Barry (2008).*A Companion to Descartes.Edited by Janet Broughton & John Carriero.*Blackwell Publishing. P.524.

(٢) عثمان أمین: م. س، ص٨٠.

(٣) وليم كلي رايت: تاريخ الفلسفة الحديثة، ت. محمود سيد احمد، تقديم و مراجعة: امام عبدالفتاح امام، ط٢، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥، ص٩٤.

(٤) رینەی دیکارت: باسی میتۆد، پێشەکیەکەی، ل ١٨–٤٣

رۆڵێکیتری'دیکارت'کەتوانی میتۆدی باوی فەلسەفە لەڕێبازی ریتۆریکی "فەلسەفەی فێرگەیی رزگارکات"[1]. چونکە ئەو جۆرە میتۆدە فەلسەفییە تەنها لەدووبارکردنەوەی کۆمەڵێك رای فەیلەسوف و 'تیۆلجیست'(ئایینـاس) یا زانادا قەتیس مابوو. لەجیاتی هانی بیرکردنەوەدرێت و چارەسەری پرسێکی فەلسەفی و بیرکردنەوەی ئەلتەرناتیڤ پێشکەشکرێت. جگەلەوەی سەربەخۆیی بیرکردنەوە لەرێبازی فێرگەییدا نەبوو، دەسەڵاتی ئەقڵ کەوتبووە ژێرکیفی دۆگمای ئایین و پیاوانیەوە. مرۆڤ لەبری ئەوەی بەدوای راستیدا بگەرێت، هەوڵی جەختکردنەوە دووپاتکردنەوەی باوەرو بیروباوەرێك پێشتووردابوو بەبەڵگەی تازەوە!کەواتە، ئەو فەوزایەی فەیلەسوفەکانی سەدەی هەڤدە تێکەوتبوون بەهۆی مشتومڕی بێبەرهەم و بێبنەماو پێکدادانی راکان و ململانێی پیاوانی ئاینیەوە، بەشێکی بۆ نەبوونی رێبازێکی روونی بیرکردنەوەو توێژنەوە دەگەرێتەوە[2].

میتۆد بیرکردنەوە رێکدەخات و لەگۆترەکاری و رەمەکی بەدواچوون دەپارێزێت و وادەکات بەشێوەیەکی بابەتی مرۆڤ پشت بەتواناکانی بیرکردنەوەی خۆی ببەستێت، نەك خۆی بۆ ناوبانگ و بەرژەوەندی هێزەکۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکانی نێوکۆمەڵگەکەی شلکات. جگەلەوەی میتۆد ئەرکی پاراستنی ژیری و برپاردانە لەهەڵەو تەڵەکە.ئەو پێیوایە بیرۆکە لەخۆیدا هەمیشە راستە، چەوتی لەو کردەیەدا نییە کە زەینی مرۆڤ پێدەبێنێت، بەڵکو لەو کردەدایە کە برپاری پێدەدرێت[3]. هەڵەکردن ئەنجامی بیرکردنەوە خۆی نییە بەڵکو، چۆنیەتی برپاردان و ئاراستەکردنیەتی. چونکە، برپاردان بەتەنها ناگەرێتەوە بۆ ژیری، بەڵکو بۆ ویست(ئیرادە). کەواتە، هەڵەو چەوتی دەگەرێتەوە بۆ بەکارهێنانی ئازادی بەشێویەکی هەڵە. بەتایبەت کاتێك مرۆڤ چەندان بیرۆکەو بابەت پێکەوەباس دەکات، لەکاتێکدا هیچ پەیوەندیان پێکەوەنییە[4].

لەکتێبی 'رێسای رێنمایی ژیری'دا رێسای(١٢)و کتێبی(٤)ی "رامانەکان"، بەشی یەکەم/ برگە(٢٤) و هەروەها 'بنەماکانی فەلسەفە'دا هەڵەکانی برپارو بیریی مرۆڤ دەگەرێنێتەوە بۆ:

١- ئەو برپارە کرچوکاڵانەی لەسەرەتای تەمەندا داومانن.

٢- کە ناتوانین ئەو برپارەکرچوکاڵانە لەبیرکەین.

٣- زەین بەهۆی ماندووبوونەوە لەسەرنجدان و وردبوونەوەی ئەوەی برپاریان لەسەردەدات.

٤- بیرکردنەوەکانمان دەبەستینەوە بەوشەگەلێکەوە کە بەوردی گوزارشتی لێناکەین. واتە ناڕوونە[5].

هەر لەم پێناوەشدا، لەکتێبی 'میتۆد'یدا (٤) رێسا بۆ ئاراستەکردنی بیرکردنەوەو چارەسەری ئەو هەڵانە دادەنێت:

- بەبێ بەڵگەو سەلماندن بەهیچ شتێك نەڵێم راستەو تەواوە. دوورکەوتنەوە لەبرپاری سەرپێی و برپاری پێشوەختە. جگەلەوە برپارەکانم دەبێت روون و رەوان بێت هیچ گومان و دوودڵێ هەڵنەگرێت.

---

[1] فەلسەفەی فێرگەیی (سکۆلاستیك) بەو شیوازە دەوترێت کەلە سەدەکانی ناوەراستدا باوبووەو لەبنەرەتەوە لەفەلسەفەی ئەرستۆوە سەرچاوەی گرتووەو کاراکتەری خۆی لەسەردەستی 'تۆما ئەکوینی' وەرگرتووە. (عثمان أمين: م. س، ص٨١).

[2] عثمان أمين: م. س، ص٨١.

[3] عثمان أمين: م. س، ص٩١.

[4] عثمان أمين: م. س، ص٩١.

[5] رینەی دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، ل١٦٧- ١٧٣.

- هەریەك لەکێشەکان دابەشکەم و پاشتر یەك بەیەك چارەسەریان بکەم.
- بیرکردنەوەم بەم جۆرە ڕێکخەم: لەبابەتی ساکارەوە هەنگاو بەهەنگاو بەرەو ئالۆزترین.
- چێککردن و پێداچوونەوەی پێدراوەکان، تا دڵنیابم لەوەی هیچم لەبیرنەچووە[١].

کەواتە" میتۆد بەجۆرێك سەرڕێخستنی ئەقڵو ئاراستەکردنیەتی بەشێوەیەکی ڕێکخراو بەرەوکێشەکان و بەدوور لەهەنگاوی ڕەمەکی و سەرپێی. ئەمەش مەرجێکی زانستیبوون و بابەتیبوونە لەتوێژینەوەدا. نزیکبوونەوەی 'دیکارت' لە ڕێساکانی 'ماتماتیك' لەبەرئەوە بوو کەبنەمایەکی ڕێکوپێکو تۆکمە بۆ بیرکردنەوەو گەیشتن بەئەنجام پێیە. جگە لەوەی وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا 'دیکارت' بەجۆرێك تێپەراندنی گوتاری فەلسەفی ڕێبازی فێرگەییە کەدەگەڕێتەوە بۆ 'ئەرستۆ' لەتوێژینەوەو بیرکردنەوەدا کردووە، چونکە خاڵێکی جیاوازی ڕێسای میتۆدی 'ئەرستۆ' ئەوەیە: دەبێت توێژەر یەکەمجار بوونی بابەت/ شت بسەلمێنێت، ئینجا بێتەسەر توێژینەوەی 'چیەتی'یەکەی[٢]. پاساوی 'ئەرستۆ' لەوەدایە کە مرۆڤ دووچاری وەهم و لێکدانەوەی ناڕاست نەبێت، بێئەوەی بوونی بابەتەکەی پێشتر ساخکردبێتەوە[٣].بۆیە، کێشەکە لەخودی بیرۆکەکاندا نین، چونکە لەخۆیاندا نەڕاست و نەچەوتن. بەڵکو، هەڵەکان دەگەڕێنەوە بۆ ویستی بڕیاردان[٤].

لای 'دیکارت' چییەتی جگەلە بوون لەرووی ژیریەوە هیچیتر نییە[٥]. واتە ئەوەی لەژێریدا بوونی هەیە، ئەوە چییەتیە کەبنەڕەتی میتۆدی 'دیکارت' پێکدەهێنیت. پێدەچێت لە میتۆدا ڕازیبێت لەخۆی و چارەسەرە فەلسەفیەکەی تێگەیشتن. جگەلەوەی دڵخۆشی پێوەدیارە، بەڵام هاوکات ئەو وەك ئەوەی فریادرەسە فەلسەفیەکەی دۆزیبێتەوەو دەرمانی دەردە کوشندەکەی پێدەدات. کە دەڵێت 'من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم'، بەدیوێکیشدا ئەوە دەسەلمێنێت کە خۆی وەك بیرکەرەوەیەك ئاگادارو هۆشیارە بەوەی کە دەزانێت کێیەوچیدەکات. واتە، پێشئەوەی یەکسەر بڵێت 'من هەم و بوونم' هەیە. چونکە، دەشزانێت کە مافی ئەوەی نییە بڕیاری لەبوونی خۆی بدات، ئەگەر دەرینەخات کە بیرکەرەوەیەکە[٦]. ئیدی، بیرکردنەوەو ڕامان و خۆئاگایی چییەتی خودە. ئەوەی چییەتی خودی مرۆڤە، بوونی نییە، بەڵکو بیرکردنەوەیەتی. لێرەوە، ئەوەی جیاوازی 'دیکارت' لەپێش خۆی بەتایبەت'ئەرستۆ'و پاشخۆی بەتایبەت 'بوونگەرەکان' دەستنیشاندەکات: دەبێت بیروهۆشی مرۆڤ لە چییەتی (بیرکردنەوە) بەرەو 'بوون' بڕوات. لۆجیکی بیرکردنەوەی 'دیکارت' بێهودەو لەگۆترەنییە، چونکە ژیری دروست وادەخوازێت کە ناکرێت لەبارەی بوونەوە پرسیاربکەین، بێئەوەی چییەتیی بزانین و چۆنیەتی بیرکردنەوەشی تێبگەین[٧].ئەگەرچی بیرکردنەوەو بوون یەکشت نین، بەڵام دانەبڕاون لەیەکتریو یەکترتەواوکارن نەك یەکتربڕ. چونکە

---

[١] ڕینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل١٠٩– ١١٧.

[٢] عثمان أمین: م. س، ص١١٠.

[٣] عثمان أمین: م. س، ص١١٢.

[٤] عثمان أمین: م. س، ص٩٦.

[٥] عثمان أمین: م. س، ص١١٢.

[٦] عثمان أمین: م. س، ص١٦٢.

[٧] عثمان أمین: م. س، ص١٦٧.

'هەرکاتێك لەبیرکەوتنەوە کەوتم، دەستبەجێ لەبوونیش دەکەوم'. ئێستە رێگەی هیچ شتێك نادەم ئەگەر بەناچارەکی راستنەبێت. بۆیە، بەلەخۆرابینیەوە دەڵێت: ئێستا رێگە بەهیچ شتێك نادەم بێتەمێشکەمەوە، ئەگەر بەناچارەکی راستنەبێت[١]. کەواتە، بیرکردنەوە، کردەیەکی خۆیی مرۆڤەو لەناوخۆیدایە بەبێ هیچ نێوانبەر(وەساتە)یەك کەدەمانگەیەنێتە راستی 'خۆ'و 'دەروون' و 'خودا'.

ئیدی، 'دیکارت'بەشێوەیەك دەیەوێ جڵەوی بیروهزر لەدەستی پیاوانی ئایین و کڵێسە دەربهێنێت٠ چیتر پیاوانی ئایینی ناتوانن ئەو رۆڵەببین کە دەروون و ناخ و خودا لەباتی ئێمە بناسن یا بناسێنن. رەنگەئەو لەمەدا مەبەستی لێدانی کڵێسەی هەبێت، ئەگەرچی راستەخۆ نادرکێنێت، بەڵام دواجار کڵێسە لەبەرئەوەی هەستیارن، بەنیازەکەی دەزانن و بڕیاری قەدەغەکردنی بەرهەمەکانی دەدەن. گومان لەوەدانییە کە 'دیکارت' ویستویەتی تواناو بەهای بیرکردنەوە بەرجەستەکات، نەك ئەوەی کە مرۆڤ هەر بیرکەرەوەیە یا بوون یا رۆح بسەلمێنێت، بەڵکو مەبەست ئەوەیە، بوونەوەرێك کە سەرووسروشتی و نادیارە، بکاتە بابەتی بیرکردنەوەش بەمیتۆد توانای مرۆڤ بفەلسەفێنێت. زۆرکەس پێیوایە مادام 'دیکارت' باسی میتافیزك و لەدڵنیابوونەکاندا چەمکی خودا هەیە، ئیتر ئەو کەسێکی تییۆلۆجیستە (خوداناسییە)، بەڵام ئەو لەراستیدا فەیلەسوف و ماتماتیکیە نەك تیۆلۆجیست[٢]. لەکاتیکدا ئەوە بەئاشکرا ئامانجی خۆی لەتوێژینەوەکاندا بە سۆراخکردنی هەقیقەت دەربڕیوە، نەك خودا یا بابەتیکی تری ئایینی[٣].

ستراتیژیەتی ئەو لەڕێی میتۆدەوە راستی دروستی گەیشتن بە هەربابەت و بڕیارێك دەربخات کە لەئەنجامی زانین و بیرکردنەوەی دروستەوەبێت. ئەو لەو باوەڕەدایە کە بڕیاری هەڵە ناگەڕێتەوە بۆ بیرکردنەوە خۆی، بەمانا میکانیکیەکەی. بەڵکو، دەگەڕێتەوە بۆ ویستی خراپ. لێرەوە، دەیەوێت بیرکردنەوەو ئازادی ویست و ویسیتی ئازاد بکاتە بنەمای زانین و بڕیاردان. ئەمەش لەدەرەوەی دەسەڵاتی باوەڕو کڵێسەدایە ! کەواتە، تەرحکردنی 'میتۆد' وەك رێگەیەکی دروست و بێخەوش بۆ ناسین و زانین و بڕیاردان و بیرکردنەوە، بەجۆرێك پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤە بۆ گوتاری پیاوانی ئایینی و دەسەڵاتی هەقیقەت لەنێو کڵێسەدا. ئەوە کڵێسەو دەق نییە کە مرۆڤ دەخاتەسەر ڕێگەی بیرکردنەوەو گەیشتن بەراستی و دڵنیایی وەك بڕیارێکی دروست، نەخێر، ئەوە بیرکردنەوەی مرۆڤ خۆیەتی. ئەو بەشێوەیەکی میتۆدی کاری بۆ بەرەوڕووبونەوەی نەزانییەك کردووە کە بەرگی دۆگمای ئاینی لەبەردایە ! کە بیری مرۆڤ رزگاربوو، ئەوسا خۆشی رزگاردەبیت، نەك ئەوەی مرۆڤ رزگارکەین ئەوجا بیرکردنەوەی. جگەلەوەی رەنگە 'دیکارت' ویستبێتی بەجۆرێك هەماهەنگی و گونجاندن لەنێوان ئەقلْ و ئاییندا بکات. ئەمەش بەئامانجی خزمەتکردنی ئایین نا، بەڵکو ئەقلْ! داڕشتنەوەی بیرکردنەوە بەمیتۆد، خزمەتێکی گەورەو دەستکەوتێکە کەدواتر فەیلەسوفەکانیتر رێچکەی دەگرنەبەر.

بیرکردنەوە لای 'دیکارت' وەك پرەنسیپ و بنەمایەکی گەردوونیە. واتە گشتی و بۆ هەموو مرۆڤێکە[٤]. بیرکردنەوەی ئازادی وەك بنەمایەك کە بەرێگەیەکی میتۆدی پێشکەوێت لە 'دیکارت'وە دەستپێدەکات. هەڵبەت

---

(1) Descartes: *Meditations on First Philosophy*, second meditaion.. P.6.
(2) Copelston, Fedrrick: P. 66.
(3) ibid.
(4) Hegel, G. W. F: *Lectures on the History of Philosophy*. Vol.iii. edited by Robert. F. Brown. Trans. R. Brown & J. M. Stewart.University of California Press, 1990, p. 132.

گرنگترین خسڵەتی ئەو بیرکردنەوەیەش ئەوەیە کە رەوایەتی و دروستی تەنها لەلایەن ئـەقڵ و ژیـری خۆیەوەیـەتی[1]. هەر لەبەرئەوەیە کـە 'دیکـارت' دەسـتپێکی فەلسـەفەی نوێیـە[2]. بۆیـە، 'دیکـارت'لـە سـەرەتایەکە وە دەسـتپێکرد، لەسـەرەتایەکی گەردوونیـەوە کـە ئەمـەش دەسـتپێکێکی نـوێ و رەهایـە. ئێمـە نـاتوانین وابـیر لـەخۆمان بکەینـەوە کـەنین[3]. ئیـدی ئـەوەی لـەم دەسـتەواژەیە دەکەوێتـەوە ئەوەیـە کـە بیرکردنـەوەوەو بـوون پێکەوەبەنـدن و لێکجیانکارێنەوە[4].

کەواتـە، پەیوەنـدی بیرکردنـەوەو بـوون لەهاوکێشـەی کۆجیتـۆدا ئەوەیـە هـەبوونی مـن، لەبەرئەوەنییـە کـە مـن بیردەکەمـەوە. نـەخێر وەك هێگـڵ دەڵێـت ' مەسـەلەکە ئەوەنییـە کـە 'مـن بیردەکەمـەوە، کەواتـە مـن هـەم'. بـەڵکو پێکـەوەلکانی لەهاوکێشـەکەدا بۆئەوەیـە کەبیرکردنـەوە دەربـبڕێت و گـوزارش لێبکـات'[5]. هەڵبـەت، لای 'دیکـارت' 'بیرکردنەوە جوڵەیەکە لەخۆیدا، بەڵام ئاماژەیە بەخۆی و هاویەکە لەگەڵ خۆیداو بەس'[6]. واتەبیرکردنەوە کردەیەکی راستەوخۆیەو ئاگایی و هۆش دڵنیایە لەخۆی[7]. ئیدی کە لە کۆجیتـۆدا 'مـن' دەردەبڕێت، هاوکـات دڵنیایـە لـەخۆی، لەوکاتـەوەی کـە ئـەو 'مـن'ە خـۆی دامـاڵیوە(abstract) لەهـەموو شـتێکیتر[8]. بیرکردنـەوەی فەلسـەفیی لەباریدایـە بەشێوەیەکی سیستماتیکی بگاتە دڵنیابوون ئەوەش بە[9]:

١- گومانکردن لەهەموو ئەوانەی شیاوی گومانلێکردنە. گومان هەنگاوێکی پێویستە، چونکی ژیـری و تێگەیشـتنی مرۆڤ پێچراوە لـەبریارو لێکدانـەوەی پێشـووتری نادروسـت کـە لـە منـداڵی و پـەروەردەی کۆمەڵایەتییـدا سەرچـاوەی گرتووە.

٢- ئـەوەی لـەریی ئـەزموونی هەسـتەکیەوە دەسـەلمێنرێت پێوسـیتە بخرێتـەلاوە. چـونکە ئـەو ئەزموونـە پشتبەستووە بەمەعریفەیەکی هەستەکی. لەمرووەوە لەکتێبی 'رامان لەفەلسەفەی یەکەم'دا بەتایبەت لە رامـانی (١)دا پاسای گومان لەهەستەکان دەخاتە روو و چەند نموونەیەك کەچۆن بینی بەهەڵەماندا دەبات.

٣- لەناو ئەو گومانە گشتگیرەشدا شتێك دەمێنتەوە کە ژیرییە. چونکە هەر بـەژیری مـرۆڤ لـەگومان رزگاردەبێت. 'من بیردەکەمەوە کەواتە من هـەم'، لێـرەدا هـەبوون و بـوون جەختکـەرەوەی راسـتی بیرکردنەوەیـە. راسـتی ئەوەیـە کەبەکردەیی هەبێت.

٤- هەرچەند گومانکەم، ناتوانم خۆم لەو راستییە دوورخەمەوە کە بیردەکەمەوە، بیرکردنەوەیـەك هینـدەی بـوون راستەو هەیە. کەواتە، دڵنیایی خستنە ژیـری و بیرکردنەوەیـە. ئیـدی ئـەوەی گومـان رادەگـرێ و دڵنیـایی دێنێـت بـۆ بیروهـۆش و ئاگـایی. چـونکی بیرکردنـەوە چـەند جـۆرێکی وەك درکرکـدن، خـەیاڵکردن، وێنـاکردن، ویسـت، گومـان، سەلماندن و رەتکردنەوەی هەیە.

[1] ibid. p. 133
[2] ibidi.
[3] ibid. p.136.
[4] ibid. p.137.
[5] ibid.
[6] ibid. p.138.
[7] ibid. p.139.
[8] ibid. p.140.

[9] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل١٠٩-١٢٥.

## بەشی سێهەم
## کاریگەری و تایبەتمەندیەکان

### ١- شوێندەستی 'دیکارت' لەفەلسەفەدا

چاکەی 'دیکارت' بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفییە ئەوەیە کەنموونەی باڵای بوونی مرۆڤ بریتیە لەبەدیهاتنی ئاگایی مرۆڤ بەخودی خۆی و پێگەی لەجیهاندا[١]. هەروەك 'هیگڵ' لەنامەیەکدا بۆ 'ڤیکتۆر کۆزان' دەنووسێت: 'گەلەکەتان کارێکی بەنرخی بۆ فەلسەفەکرد، کاتێك 'دیکارت'ی پێبەخشی'[٢].لەمەوە سەرسامی 'هیگڵ' بەو: 'ئێمە بەخوێندنەوەی 'دیکارت' دەگەینە ماڵ و هەواری نوێ. ناشیشارێتەوە کە 'فەلسەفەی مۆدێرن لەوەوە دەستپێدەکات. بۆیە، دەکرێت بڵێین ئێمە لەماڵەوەین وەکچۆن بەلەمەوانێك پاش گەشتێکی دوورودرێژ لەدواهاواریدا دەنگهەڵدەبڕێت "هۆو وشکانیی". 'دیکارت' سەرەتایەکی تازەی بەدیهێنا'[٣]. بۆیە، 'هیگڵ' سەرسامیەکەشیوارووندەکاتەوە کە 'بیرکردنەوە یا فەلسەفاندن، وەرچەرخانی بیرو ژیری لەوەوە دەستپێدەکات'[٤].

گرنگی 'دیکارت' راستیەکی شاراوەنییە لەمێژووی فەلسەفەدا، جا لەبەرئەوەی بێت کە بەدەروازەی فەلسەفەی نوێ دادەنرێت یا بەکۆتایی پێهێنەری فەلسەفەی سەدەکانی پێشمۆدرێن. بەڵام لەو راستیە ناگۆڕێت کە دەستپێشخەریەکانی لەبیرو ئەندێشەی فەیلەسوفانی خاوەن سیستمی فەلسەفیی وەك 'کانت'و 'هیگڵ'دا ئاشکران. کۆی فەلسەفەکەی پارادایمێکی نوێیەو هەڵتەکێنەری گوتاری فەلسەفیی سەدەکانی ناوەراست و رێرەوی فەلسەفەی فێرگەییە. چونکە، تێزە ئەلتەرناتیڤەکانی لەبواری ژیری و ناسین و بریارو میتۆدا، رچەشکێنە. بەرای 'سکرەتن' داهێنەری فەلسەفەی مۆدێرنە، ئەگەرچی 'بەیکن' رۆڵی بەرچاویشی لەو سەردەمەدا هەبووە. بەڵام، میتۆدی فەلسەفیی بەهۆی 'دیکارت'"ەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەرداهات[٥]. جگەلەوەی ئەو رێبازی دێدەکشنی ئەرستۆیی و فەلسەفەی فێرگەیی رەتکردەوە[٦]. لای 'هوسرل' 'دیکارت' خاڵی وەرچەرخانە لەمێژوی میتۆدی فەلسەفەییدا. جگەلەوەشی دەستپێکە بۆ فینۆمینۆلۆجیا[٧].

وەك دەوترێت 'دیکارت' دەروازەی فەلسەفەی مۆدێرنە، لەبەرئەوەی میتۆدی بۆ هەموو لقەکانی توێژینەوەو چەندان چەمك و ئەرگومێنتی پێشکەش بەفەلسەفەکردووە. بەمەش بەنوێنەری رۆحی زانستی نوێ دادەنرێت. ئەگەرچی هەم سڵەمیوەتەوەو رێزی دەسەڵاتی کڵێسای گرتووە(بەتایبەت ئەو فەرمانەی دەرهەق بە'گالیلۆ'دەرچوو). بەڵام هەرگیز بۆهیچ دەسەڵاتێك جگە لە تروسکای سروشتی ئەقڵ نەبێت، ملکەچ نەبووە[٨]. جگە لەوەی وردە وردە جیاوازی لەنێوان فەلسەفەو زانستدا کرد لەکاتێکدا ئەم جیاوازیە نەبینراو بووە لای زاناو فەیلەسوفەکانی ئەو

---

[١] عثمان أمين: م. س، ص١٧.

[٢] عثمان أمين: م. س، ص٢٣.

[3] Hegel, 1990: p.131.

[4] ibid.

[5] Scruton, Roger: *A Short History of Philosophy from Descartes to Wittgenstein*. Routledge (1984), 1995. P.12.

[6] ibid. P.21.

[7] Copelston, Fedrrick. P.150.

[8] Scruton, Roger. P.27.

سەردەمەدا(1). بێگومان، دەرخستنی جیاوازی روونی نێوان جەستەو دەروون و پەیوەندی سایكۆلۆجی نێوانیان كە وەك كێشە گەورە كە بیری نوێ پێشكەشیكردووە، جگەلە پرسی زانینی واقیع. هەروەها لەتوێژینەوەی فەلسەفییدا زیاتر وردبینی و رێكوپێكی وەك ئەركێكی ژیریی بینیوە(2). جگە لەوەی، 'دیكارت' یەكەم فەیلەسوفە كە نموونەیەكی تەواوی پەخشانی فەرەنسی پێشكەش كردووە، روونی، جیاكردنەوە لەبیركردنەوەو دەربڕیندا، پێناسەكردنی زاراوەكان بەوردی، بەپێشمەرجی نووسینی داناوە.بەكارهێنانی زمانی فەرەنسیش لەدەقی فەلسەفەیدا بەشێكی زۆری دەگەڕێتەوە بۆئەو(3).هاوكات، گەڕاندنەوەی متمانە بۆ ئەقڵ و ژیری مرۆڤ، دەستكەوتێكی 'دیكارت'یانەیە.

لەبەرئەوە، دەكرێ باس لەشۆڕشێكی 'دیكارت'یانە بكرێت. چونكە هەمان كات، نەك هەر فەیلەسوف، بەڵكو ماتماتیكناس و داهێنەری فیزیای مۆدێرنە(4). چەند لایەنێكی فیزیای گۆڕی و ئامادەكاری و زەمینەسازیشی بۆ 'نیوتن'كرد. تائەورادەی ئەگەر ئەو نەبایە، فیزیای نیوتنی نەدەبوو(5). ئەگەرچی پێشئەو لەفەلسەفەدا باس لەگومان كراوە، بەڵام وەكخۆی دەڵێت" 'من لاسایكەرەوە ئەو گومانگەرانە نەبووم كەتەنها گومانیان لەگومانكردندا چڕكردەوە. بەڵكو مەبەستم چەسپاندن و دووركەوتنەوە بووە لەژێرخانێكی فشەڵ و رانەوەستان بووە لەسەر لمی جوڵاو، لەپێناو گەیشتن بەبەردو رەقایەتیدا '(6). بۆیە،ئەو پارادیمێكی فەلسەفییە كە دواتر 'كانت' و 'هیگڵ' بەجۆرێك لەنێو سیستمی فەلسەفی خۆیاندا درێژەی پێدەدەن. رەخنەی ژیری و رۆشنگەری 'كانت' بەدیوێكدا تارمایی 'دیكارت'ی پێوەدیارە. ئەگەر گومانكردن بۆ خۆرزگاركردنە لەوەهم و بیریاری پێشوەختەوەو ناراست، ئەوە گەیشتنە بەرۆشنگەرییەكەی 'كانت'. بۆیە، كاتیك 'دیكارت' بەراشكاوی دەڵێت: 'بڕیارمدا لەژیانمدا بۆجارێك خۆم لەهەموو ئەو راوبۆچوونانەی كەباوەرم پیان هەبوو و سەرلەنوێ لەبناغەیەكی نوێوە دەستپێبكەمەوە '(7). ئەم بۆچوونە زۆر نزیكە لەپێناسەی رۆشنگەریی لای كانت.

گومان و گومانكردن وەك كردەیەكی دیالێكتی هێگڵیانە لەچەمكی 'تێزو ئەنتی تێز'دا دەردەكەوێتەوە. دواجار بەهۆی ژیری و بیركردنەوەی متیۆدیەوە، مرۆڤ دەگاتە سانتێزە. هەڵبەت، لەمەدا رۆڵی خۆ لەبەرامبەر بیروباوەڕی گشتی و ئایندا وەك پەیوەندی دیالێكتیكی تێزو ئەنتیتزە. كەواتە، تارمای 'دیكارت' بەسەر سیستمی فەلسەفی پاشخۆیەوە دەدرەوشێتەوە. ئیدی، ئەو دوابزمارە كە لەتابوتی فەلسەفەی سەدەكانی ناوەڕاست درابێتو گورزێكی باشی لە دەزگای ئایینی وەشاندو توانای بیركردنەوەی مرۆڤی بەهۆی میتۆدەوە خستە سەرشارێگەی خۆی. شایەنی وتنە، پێش مەرگی 'دیكارت' كتێبی بنەماكانی فەلسەفە لەلاینە پیاوانی كڵێسەوە فەتوای بێباوەری و گومڕایی درایەپاڵ. دواتر لەساڵی (١٦٦٣)دا فاتیكان (دەسەڵاتی باڵای كڵێسای كاتۆلیكی) بەرهەمەكانی خستە لیستی ئەو

(1) ibid. P.28.

(2) وليم كلي رايت: م. س، ص١٠٦.

(3) وليم كلي رايت: م. س، ص١٠٧.

(4) Scruton, Roger. P.38.

(5) Scruton, Roger. P.40.

(6) ديكارت: مقال عن المنهج: ت. محمود محمد الخضيري، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥، ص١٦٢-١٩٠.

(7) René. Descartes: Meditations on First Philosophy, P. 257.

کتێبە قەدەخەکراوانەی کەنابێت لەلایەن باوەڕدارانەوە بخوێنرێتەوە. هاوکات لەزانکۆ فەرەنسیەکانیشداڕێگری لەووتنەوەی فەلسەفەکەی کراوە[١].

### تایبەتمەندییەکانی دیکارت لەهەڵوێست و بیرکردنەوەیدا

تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی 'دیکارت'، بەئاسانی نایەنە ژماردن، بەڵام بەخوێندنەوەی فرەلایەن، هەندێکیان باسدەکەین. لەم سۆنگەوە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی خۆی گوتەنی: "خوێندنەوەی هەموو کتێبێکی چاك، وەك وتوێژیکردنە لەگەڵ ئابڕومەندترین کەسانی سەدەکانی رابوردوودا"[٢]. تایبەتمەندییەکی، هەڵبژاردنی زمانی فەرەنسی وەك زمانی نووسین لەجیاتی 'لاتینی' زمانی زاڵی سەردەکەمەی. ئەمەش لەبەرئەوەی 'فەرەنسی زمانی خەڵکی ولاتەکەمە، بەڵام زمانی مامۆستاکەم نییە'[٣]. ئەم هەڵبژاردنە تەنها لەهەستوسۆزێکی سادەوە نییە. نەخێر، کۆششی 'دیکارت' رەهەندێکی ستراتیژی لەپشتەوەیە: تێپەراندن و رەتدانەوەی باڵا دەستی زمانی ئایین و زانست و فەلسەفەیە بەسەربیرکردنەوەوە. دیارە، دەیەوێت هەموو کەس تەنانەت خەڵکە ئاساییەکە بەبیرکردنەوەی دروست، دەتوانن بگەنە راستی و زانین. لەوەگرنگتریش، بۆئەوەی هەموو کەس دەقەکەی بخوێنێتەوەو لێیتێبگات! جگەلەوەی هەرگیز لاف ئەوەی لێنەداوە کە یەکەمین کەسبێت دەستەواژەی راستی دۆزیبێتەوە[٤].

گرنگیەکی 'دیکارت' ئەوەیە کە ئازادی ویست یا با بڵێین خاوەنداریێتی بۆ ئازادی ویست لە کۆجیتۆکەی لەپێشترە. واتە مرۆڤ دەبێت ویستی ئازادبێت لەبیرکردنەوەدا[٥]. بەڵام دەشبێت مرۆڤ میتۆدێکی دروست بەردەستکات، دەنا 'باشترە مرۆڤ توێژینەوە لەهەقیقەت نەکات. واتە، ئەگەر میتۆدی نەبێت، بەدوای هیچ شتێکا نەڕوات، چونکە دەکەوێتە هەڵەوە[٦]. هەروەها یەکێك لەسیفەتەکانی 'دیکارت' ئەوەیە کە بەردەوام لەخەمی خوێنەرو خوێندنەوەی دەقەکانیدا بووەو وەڵامی داونەتەوە.جگەلەوەش دەستکەوتی لەبواری زانستدا شاراوەنییە. چونکە ئەگەر 'بیکون' لە ئینگلتەرا زیندوکەرەوەی زانستی نوێ بێت، 'دیکارت' خاوەنی پرۆژەی فرانونکاردن و دامەزراندنی بنەمای فەلسەفیی ئەو زانستە نوێیە[٧]. ئەو لەسەردەمێکدابووە کەنادڵنیایی ئیپستیمۆلۆجی زاڵبووە. ئاسان نەبووە جیهابینییە چەقیوەکان لەرێی گومانەوەبهێنێتە لەرزینو متمانەش بۆ توانای مرۆڤ بگێڕێتەوە.ئەوێك کەرەوتێکی فێرگەیی شکاند لەقۆرخکردنی زانین و راستییداو بەگومانکردن لەهەستەکان و بڕیارو پێشداوەرییەکان، درزێکی خستە ئەو ململانێ بێسەروبەرەی نێوان رێبازەفەلسەفیەکانەوە[٨]. جگەلەوەی توانی رۆڵی بیرکردنەوەی فەلسەفیی بباتەسەروو دەقی

---

[١] ولیم کلي رایت: م. س، ص١٠٧.

[٢] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل ٦٢.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل٣٣٤.

[4] Copelston, Fedrrick: P.66.

[5] Copelston, Fedrrick: P.130.

[٦] رینەی دیکارت: باسی میتۆد، ل١٥٤.

[٧] ریشارد تارناس: آلام العقل الغربي، نقله الی العربیة فاضل جتکر، دار الکلمة العبیکان، ابوظبي ٢٠١٠، ص٣٣٠.

[٨] ریشارد تارناس: م. س، ص٣٣٠.

پیرۆز و بڕیارەکانی پیاوانی ئایینەوە. هەر بۆیە لەپێشەکی رامانەکاندا دەڵێت: 'هەمیشە قایلم کە بەڵگەی فەلسەفیی باشتر لەتیۆلۆجیا خوداو رۆح دەسەلمێنن'[١].

هەڵوێستی گومانگەری 'دیکارت' تەنها لەسەر پیاوانی کڵێسەنەبووە، بەڵکو، خۆڕزگارکردن لەهەموو پێشداوەری و پێشباوەڕییەك پێویستە، تا ژیری مرۆڤ تەواو ئازادی خۆی وەرگرێت[٢]. گومانکردنپێشمەرجی بیرکردنەوەی دروستەو وەك دۆزینەوەی زەوی ساغە بۆی. وەك چرکەیەکی خێرایە لەسفرکردنەوەی مێشك و ژیریی لەهەموو ئەوەی تێیداتۆمارکراوە. دەبێت سەرلەنوێ ئەقڵ بیرکاتەوە، هەر بۆیە دەشبێت ئەوەی پێشووتر بسڕێتەوە. هاوکات، جیا کردنەوەی ژیری لەهەستەکان لەرێی جیاکردنەوەی رۆح لەجەستە هەنگاوێکی ترە[٣]. بەڵام ئەمە کارێکی گۆترەو رەمەکی نییە، بەڵکو بەمیتۆدە. کۆجیتۆ، بنەماو نموونەی رێمناییکەری یەکەمە بۆ هەموو زانینێك[٤]. ئەم میتۆدە تونای دۆزینەوە جۆرێك لەدابەشکردنی دووجەوهەر هەیە لەجیهاندا کە مرۆڤ بەشێوەیەکی ئەقلانی دەزانێ و لێی دڵنیاییە[٥]. هەروەها، دوالیزمی 'دیکارت'ی دەرخەری ئەوەیە کە تێگەیشتن لە دەروون وەك ئەقل و ئاگایی و بەپلەی یەك بەشێکە لە هۆشیاری مرۆڤی بیرکەرەوە[٦]. ئیدی، وەکچۆن جیاکردنەوەی 'جەوهەر' لە 'بوون' پێویسیتە. چونکە جەوهەر ئەو بیرۆکەیە کە لەبارەی شتێکەوە لەمێشکی مرۆڤدایە، بەڵام 'بوون' شتێکە کە لەدەرەوەی مێشك و هزری مرۆڤدایە بەسەربەخۆیی. لەبەرئەوە 'بوون' بەمشێکەوەبەندنییە[٧].

'دیکارت' قایلبووە بەوەی کەدەتوانێت بگاتە دڵنیایی و رزگاربێت لەگومان وەك لەرامانی (٢)دا باسیدەکات کە دووچاری ناسۆرو ناڵێنێکی دەروونی بووە. لەکاتێکدا ئەو پێیوایە تیگەشتن لەجەستە سەرختروگرانترە لەتێگەیشتن لەبیروهۆشی مرۆڤ[٨]. بۆیە، خۆناسین خەمێکی 'دیکارت'یانە کەدواجار دەبێتە پرسێکی مەعریفیش وەك لە کۆجیتۆدا دیارە: من راستم، لەبەرئەوەی بیردەکەمەوە. بۆیە، بەلەخۆڕابینیەوە 'دیکارت' دەڵێت: ئێستا رێگە بەهیچ شتێك نادەم بێتە مێشکەمەوە، ئەگەر بەناچارەکی راستنەبێت[٩]. دەبێ ئەوەبیربهێنینەوە کە سەبارەت ئایین و پیاوانی، هەڵوێستی گۆڕاوی هەبووە. بۆنموونە، لەبنەڕەتەکانی فەلسەفەدا، بەڕاشکاوی رایەکی هەیە کەپێچەوانەی ئاینە، کاتێك کەدەڵێت 'لەهیچەوە شت دروستنابێت و پەیدانابێت[١٠]. ئەم وتەیەی پێچەوانەی چیرۆکی 'دروستبوونی

---

(1)René. Descartes: *Meditations on First Philosophy*, first medtitation. 10-20
(2)Ibid.
(3)Ibid.

(٤) ریشارد تارناس: م. س، ص٣٣٢.
(٥) ریشارد تارناس: م. س.
(٦) ریشارد تارناس: م.س.

(7) René. Descartes: *Meditations on First Philosophy*, P.14.
(8) Ibid. second meditation. 25
(9) Ibid. second meditation, 26. .
(10) *René. Descartes: Principles of Philosophy, translated by V.R. Miller and R.P. Miller (Dordrecht: D. Reidel, 1983)*, p.75.

گەردون'ە، چونکە لەکتێبی پیرۆزدا هاتووە "گەردوون لەهیچەوە یا نەبوونەوە دروستکراوە"[1]. بەڵام، سەیریش نییە کە لەپێشەکی کتێبی 'رامانەکان'دا روودەمی دەکات پیاوانی کۆلیجی خوداناسی و کڵێسەو ستایشکردنیان!

ستراتیجیەتی خۆپارێزی و خۆبەدوورگرتن لەرووبەڕووبوونەوەی پیاوانی ئایینی، زرنگی و زیرەکی ئەو لەسەردەمێکدا دەردەخات کە ترسوتۆقاندنی بیرمەندو زاناکان لەئارادابووەو بەکتێبەکانیانەوە سوتێنراون! لەکاتیکدا ئەو بەجۆرێکتر میتۆدی رەخنەی گرتەبەر. رەنگە لای هەندێك 'دیکارت' مرۆڤیکی ترسنۆك و خۆچەپێنەرو خۆحەشاردەربێت لەنێو دەقەکانیدا. وەلێ بەپێچەوانەوە، دەتوانین میتۆدەکەی وەك رێبازی رزگارکردنی بیری مرۆڤ لەکۆیلەیی بخوێننەوە. میتۆدی توێژینەوەو بیرکردنەوە، رێگەی رزگاریە. چونکە ئەو رووی دەمی لە ژێریی دەکات و رێگەی دەربازبوونیشی بۆ دەدۆزێتەوە. زیرەکی ستراتیژیەتی لەوەدابوو کە توانی بەدوای دڵنیایی بوونێك هاوشێوەی ماتماتیك بگەڕێت، بەڵام لەدەرەوەی دەقی پیرۆز. بەمانایەکیتر" 'دیکارت' پارادیمێکی فەلسەفییە بۆ بیرکردنەوەی ئازاد.

ئەگەرچی لەرامانەکاندا پرسی خودا دێنێتەپێش، دەکرێ بووترێت کە دوائامانجی "دیکارت' سەلماندنی خودا نەبووە، بەڵکو ساخکردنەوەی رۆڵی مرۆڤ و توانای بیرکردنەوەی لەدەرەوەی دیوارەکان کڵێسەو باوەڕی ئایینیدا. هاوکات پوچوڵکردنەوەی چەکی دەستی کڵێسەو پیاوانی کە تەنها ئەوان نوێنەری راستینەو ناسێنەری خودان بەمرۆڤ. ئەو پێیوایە، مرۆڤ دەتوانێ بەمیتۆدی رێکوڕەوان خوداش بدۆزێتەوە، بەڵام پاشئەوەی بەبیرکردنەوە راستی خۆی بۆ دەرکەوت. رەنگە، باسکردنی خودا وەك هەنگاوێکی سەلماندن، بگەڕێتەوە بۆ سەلماندنی توانای مرۆڤ خۆی لەبیرکردنەوەدا. راڤەی گوتاری 'دیکارت' بەجۆرێك دەریدەخات کە بایەخ و گرنگی بیرکردنەوەی فەلسەفیی سەلماندنی 'بوون' و نەبوون'ی خودا نییە، بەڵکو سەلماندنی توانای بیرکردنەوەو دروستی بڕیاردانە لەسەر بوونەکە. جگەلەوەی، بەجێهێشتنی ئەو گوتارە ئەرستۆیی و فێرگەییەی کەهەبووە، 'دیکارت' ئەیەوێت سێحرو موعجیزەو نهێنی هەڵمالێت لەبەردەم بیرکردنەوەدا. سەیرنییە ئەگەر بپرسین: بۆ 'دیکارت' باسی سەلماندی خوای کردووەو دواجار بەیەکێك لە (٣) دڵنیابوونەکەی داناوە؟

---

[1] دیکارت: "بنەڕەتەکانی فەلسەفە" لەنکتیبی "چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکەوە. گوەرگێڕانی حمەید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥

## ئەنجام

وەك لەپرسیاری سەرەکی توێژینەوەکەدا هاتووە، کەسێتی بیرکەرەوە لەنموونەی دیکارتدا بەچیدا دەناسرێتەوە؟ لەم سۆنگەوە بەرهەمەکانی 'دیکارت' بەگوتارێکی فەلسەفییتاییەت هەژماردەکرێت و پێکهێنەرەکانی 'کۆجیتۆ، خودئاگایی، گومان و میتۆد' کۆڵەکەی کەسێتی بیرکەرەوەکەیین ئەمەش بەمیتۆدی 'شرۆڤەی گوتار'بۆمان دەرکەوت. سەرکەشی 'دیکارت' لەسەردەمێکدا کەفەلسەفە قەتیسی راڤەی کلێسایە، پەڕینەوەیە بۆ سەدەیەکی نوێ دەستکەوتێکە. بۆیە، لەبیرکردنەوەو نووسینەکانیدا نموونەی خودێکی سەربەخۆو بیرکەرەوە بەرجەستەدەبێت. مەرج نییە، دەق راستەوخۆ قسەلەسەر خودی نووسەرەکەی بکات، ئەگەرچی کاریگەریشی بەدەقەکەیەوە ناشاردرێتەوە. کتێبی 'میتۆد' بەزەقی گەشەو نشێوییەکانی خودی بیروهۆشی 'دیکارت'پێوەیارەکە بەگەشتێکی سەخت و دژواردا رەتبووە. ئەوەی کەلێی دەخوێنرێتەوە، چۆنیەتی بیرکردنەوەی، سۆراخی ئارامی و دڵنەوایی و دڵنیایی لەرێگەی میتۆدەوەیە.

ئیدی تەنها توانای بیرکردنەوە بەس نییە، بەڵکو رێوشوێنی بەکارهێنان بەدرووستی مەرجی بیرکردنەوەیەکی ژیرانەیە، ئەمەش وەك بەرەوڕووبوونەیەك لەگەڵ ئەقڵیەتی چەقبەستووی خۆیداو دەربازکردنی فەلسەفە لەچنگی رێسا دۆگماکاندا کردووە. بیرکردنەوەی فەلسەفیی 'دیکارت'یانە، پڕە لەبزۆزی، نائۆقرەیی و گەڕان بەدوای بەرجەستەبوونی هەقیقەتدا. لەو پێناوەشدا هەنگاوی سەرکەش (ریسك)یەکەی لەگومانەوە نا بەخۆداماڵین لەهەموو بیرکردنەوەیەکی باوو بڕیارێکی پێشووتر، بەڵام ئەمە وەك داکەندنی جلوبەرگ ئاسان نییە،بەڵکو دەبێت بەمیتۆدێکبکرێت. کۆجیتۆ، خود ئاگایی و گومان کە پێکهێنەری گوتارو کەسێتی دیکارتین، پێشمەرجێکی بیرکردنەوەی فەلسەفیی و زانستیین. مرۆڤ دەبێت بیربکاتەوە، بۆئەمەش دەبێت پشت بەتوانای ژیریی ببەستێت. بەڵام نابێت بکەوێتەوە ژێر کاریگەر و باوەڕی دۆگماوە، بۆیە میتۆدی گومان، وادەکات ژیری رەمەکی باوەڕنەکات. هەڵبەت، بیرکردنەوەش نابێت رەمەکی و بێبەرنامەبێت، بەڵکو دەبێت رەچاوی میتۆدێکی دیاریکراو بکات. گەڕان بەدوای دڵنیایی و راستییدا لەدەرەوەی پێشباوەڕیەکان و پێشداوەریەکان دەبێت بەهەڵوەشاندنەوەو رووخاندندا تێپەڕیت. ئەمەش کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر ژێری متمانەو خودئاگایی نەبێت. دواجار، ئەم پشتبەستن و متمانەکردنە بەژیری، هەنگاوێکی گرنگە لەچەکەرەکردنی بیری زانستیی و دەستکرانەوەی فەلسەفییدا.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی سەرەکی بەکوردی

١- رینەی دیکارت: بنەماکانی فەلسەفە، وەرگێڕانی شاهۆ عوسمان لە عەرەبیەوە بۆ کوردی، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢- دیکارت: "بنەڕەتەکانی فەلسەفە" لەکتێبی " چەند وردبوونەوەیەك لەبارەی میتافیزیکەو ە". وەرگێڕانی حەمەید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٢٥

٣- رینەی دیکارت: باسی میتۆد، وەرگێڕانی هاوژینی مەلائەمین و هۆشمەند جەلال، لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی رۆشنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فکری و سیاسی، سلێمانی، ٢٠١٥.

٤- هایدێگەر: میتافیزیك چییە؟، وەرگێڕانی د. حەمید عەزیز، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢.

### سەرچاوەی سەرەکی بە ئینگلیزی:

5- René. Descartes: *Meditations on First Philosophy*, translated by John Cottingham, Cambridge: Cambridge University Press, 1996.

6- René. Descartes: *Principles of Philosophy*, translated by V.R. Miller and R.P. Miller (Dordrecht: D. Reidel, 1983).

7- René Descartes: A Discourse on Method. July 1, 2008 [EBook #59]. Produced by Ilana and Greg Newby. HTML version by Al Haines Character set encoding: ISO-8859-1.www.gutenberg.net

### سەرچاوەی یاریدەدەر:

8- Abrams and G.G. Harpham, *A Glosery of Literry Terms*, 2005

9- McLuhan 1964/2001.*Understandig Media*. New York: Routledge Classics.

10- M. Foucault, *Archeology of Knowledge*. Trans. A. M. Sheridan Smith (New York: Pantheon Books, 1972) from Clayton Whisnant: *Foucault & Discourse*. A Handout for HIS 389, p.38.

11- Stroud, Barry (2008). A Companion to Descartes.Edited by Janet Broughton & John Carriero.Blackwell Publishing.

12- Copelston, Fedrrick: History of Philosophy(vol. 4 Modern Philosophy) Doubledy 1994.

13- PAUL RABINOW, SERIES EDITOR: ESSENTIAL WORKS OF FOUCAULT, 1954-1984. 1998 by The New Press

14- Clayton Whisnant: Foucault & Discourse. A Handout for HIS 389. Last modified November 9, 2012,http://webs.wofford.edu./whisnantcj/his389/foucualt_discourse.pdf

15- Hegel, G. W. F: Lectures on the History of Philosophy. Vol.iii. edited by Robert. F. Brown. Trans. R. Brown & J. M. Stewart. University of California Press1990

16- E. Husserl: Cartesian Meditations. An Introduction to Phenomenology.Translated by Dorin Ciarns.Martinus Nijhoff Publishers. Seventh Impression, the Netherlands 1982(1960)

17- M. Foucault. Lectures on Descartes- Essential Works 1954- 1984. Paul Rabinow.

18- Oldekalter.Jos. (2003).Ad fundum.Latijnse spreekwoorden, gezegden en citaten& en hun betekenis.Libro Books

19- J. P. Gee, *An introduction to Discourse Analysis*, Rutledge, 2005.

20- Simon Blackburn: *Oxford Dictionary of Philosophy*, University Press 2005

21- Scruton, Roger: A Short History of Philosophy from Descartes to Wittgenstein. Routledge (1984) 1995.

22- Teun. A. van Dijk: *Ideological Discourse Analysis*. University of Amsterdam. http://www.discourses.org/download/articles/

23- http://patthomson.net/2011/07/10/a-foucaultdian-approach-to-discours-analysis.

24- Willimas.B (1978). Descartes: The Project of Pure Enquiry. London. Penguin.

25- Harry Willemsen (Red): Woordenboek Filosofie. Van Gorcum, Assen/Maastricht 1992.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

٢٦- ديكارت: مقال عن المنهج: ت. محمود محمد الخضيري، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ١٩٨٥.

٢٧- عثمان أمين: ديكارت، ط٧، مكتبة الأنجلو المصرية، القاهرة، ١٩٧٦.

٢٨- وليم كلي رايت: تاريخ الفلسفة الحديثة، ت. محمود سيد احمد، تقديم و مراجعة: امام عبدالفتاح امام، ط٢، المشروع القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠٠٥.

٢٩- ريشارد تارناس: آلام العقل الغربي، نقله الى العربية فاضل جتكر، دار الكلمة العبيكان، ابوظبي ٢٠١٠.

٣٠- جميل صليبا: المعجم الفلسفي (بالألفاظ العربية والفرنسية والإنكليزية واللاتينية)، ج١، الناشر: الشركة العالمية للكتاب، بيروت، ١٩٩٤.

## الملخص

### شخصية التفكير في النص: ديكارت نموذجا

ما الذي يميز 'ديكارت' عن غيره و كيف نحدد خصائص الفكر الديكارتي؟ البحث عبارة عن رسم اسلوب التفكير و الخطاب الفلسفي لدي 'ديكارت' من منظور مختلف. وهذا عن طريق استخدام منهج تحليل الخطاب، والمقصود بالخطاب الديكارتي هو منهج و اسلوب للتفكير و الخصائص المميزة عنده. فالبحث يركز بصورة عامة علي نصوص 'ديكارت' و تحديد اسلوبه في اختيار الكلمات و الاستراتيجية المتبعة عنده في الكتابة و التعبير. و مايصل اليه الباحث بأن مايميز 'ديكارت' عن غيره هو وضوحه الفلسفي و اهتمامه باللغة السلسة للقاريء. كما ان الكتابة بالفرنسية لم تكن معتمدة، لكن 'ديكارت' بادر بالكتابة بلغة الام من اجل ان يفهم الناس العامة فلسفته. لأن 'ديكارت' مقتنع بأن كل واحد لديه قدرة و قابلية لمعرفة الحقيقة، اذا استخدم العقل بصورة صحيحة و اعتمد منهجا واضحا للبحث. فالمعرفة ليست حكرا علي قلة من الناس، انما ميسرة للجميع.



## Abstract

### Character of Thinking in text: Descartes test as Example

This paper examines some essential questions regarding Descartes texts.Notably, one of the most prominentphilosophers of modern time is the philosophical treatment of Descartes. We could consider hem as a new paradigm in the philosophy, especially his turn point to the role of the knowing subject in accessing the knowledge and ability to discover the truth. His effort in this regard, has been in this paper called *Descartisain*discourse. This means that the way he philosophized and his emphasize on particular themes like: Cogito, Dualism, Method, Doubt, and the Self.Therefore, the paper going through those concepts and analysis their contents and related them to whole project of Descartes philosophy in general.

# هۆكاره كۆمەڵایەتیەكان و كاریگەریيان لەسەر لادانی نەوجەوانان

## توێژینەوەیەكی سۆسیۆلۆژی مەیدانییە لە چاكسازی كۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان


م. توانا فەرەیدون حسێن
زانكۆی سلێمانی
سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی كۆمەڵناسی

م. ی. علی جعفر خالد
زانكۆی سلێمانی
سكوڵی زانستە مرۆڤایەتییەكان
بەشی كاری كۆمەڵایەتی


### پێشەكی

كێشەی لادان یەكێكە لەو كێشە گەورانەی كە ڕووبەڕووی كۆمەڵگا هاوچەرخەكان بۆتەوە بەتایبەتی لادانی نەوجەوانان، هەتا دێت ئەم كێشەیە ئاڵۆز دەبێت بەهۆی سەرقاڵ بوونی باوكان و دایكان بە پەیداكردنی بژێوی ژیان و دووركەوتنەوەیان لە چاودێری كردن و پەروەردەكردنی منداڵەكانیان.

لەلایەكی دیكەوە لادانی نەوجەوانان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازیی چاودێری دەسەڵاتی خێزانی، هەروەها بۆ ئەو شەپۆلی توڕەیی و ناڕەزاییەی كە لەنێوان لاواندا هەیەو بڵاوبۆتەوە، هەربۆیە لاوان بەرەو گروپەكانی مۆدەو داهێنان دەبات یاخود بەرەو نقوم بوون لە دەریای ماددە هۆشبەرەكاندا.

بۆیە لەسەرمان پێویستە ئەوانە بگەڕێنینەوە بۆ ڕێگای ڕاست و پەرژینی كۆمەڵگە، هەروەها یارمەتی بدرێن هەتا بتوانن خۆیان بگونجێننەوە لەڕووی دەروونی و كۆمەڵایەتی و خێزانی و پەروەردەیی و پیشەیی و ئەخلاقی و ڕۆحی..تد.ئاراستەیان بكەین بەرەو وزەیەكی بەرهەمهێن و داهێنەرو بیانكەینە هاوڵاتیەكی باش و ئەندامێكی بەكەڵكی كۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەئەركی خۆیان هەستن.

دیاردەی تاوان یاخود لادان لەهەموو كۆمەڵگایەكدا بوونی هەیە ئیتر پێشكەوتووبێت یاخود دواكەوتوو، لەهەمان كاتدا زۆرێك لە شارەزایان و توێژەران لە زانستە مرۆڤایەتییەكاندا گرنگییان پێداوەو هەموو یەكێك لەو پسپۆڕییانە هەوڵیانداوە تیشكێك بخەنە سەر ئەو هۆكارانەی كە دەبنە هۆی زیادبوونی لادان و تاوانەكان لەبری ئاسایی خۆی، ئیتر ئایا ئەو لادانانە كۆمەڵایەتی بن یاخود ئابووری یان سیاسی یاخود ژینگەیی بن یان ئاینی.لەبەرامبەردا كۆمەڵێك تیۆر بونیان هەیە كە هەریەكەیان بەپێی پسپۆڕی و تێگەیشتنی خۆیان ئاماژەی بۆ دەكەن و ڕاڤەی دەكەن.

لەگەڵ پێشکەوتنی زانستەکان و هونەرو شۆڕشی زانستی و تەکنەلۆجیدا شتێکی تریش بەدی کراوە ئەویش زۆربونی ژمارەی تاوانەکان یاخود لادانەکانە، تەنانەت لەڕووی چۆنیەتیشەوە تاوان و لادانەکان زیادیان کردووە چونکە شۆڕشی تەکنەلۆجی ئاسۆی بیری مرۆڤەکانی فراوان کردوەو کارئاسانییەکی زۆری کردووە بۆ بەدەستهێنانی زۆربەی ئەو شتانەی کە مرۆڤ پێشتر بە ئاسانی پێی نەگەیشتووە، هەربۆیە خێرایی لە ئەنجامدانی لادان و تاوان یەکێکە لە کاریگەرییەکانی دونیای مۆدێرن کە وای لە مرۆڤایەتی کردووە چەندێك سوود لە بەرهەمەکانی هزری مرۆیی وەربگرن هێندەش لێی زیان مەندبن بەتایبەت لاوان چونکە هەستیارترین توێژن لە کۆمەڵگادا کە زۆرترین چالاکی هزری و جەستەییان تێدایەو ئامادەگی ئەنجامدانی لادان و تاوانیان بە ئەندازەیەکی زۆر تێدایە ئەگەر پەروەردەیەکی تۆکمەو ئاراستەکەرێکی ئیجابییان لەپشت نەبێت.

## بەشی یەکەم

## چوارچێوەی گشتی توێژینەو دو چەمکەکان

### تەوەری یەکەم: چوارچێوەی توێژینەوەکە

١- **کێشەی توێژینەوەکە** Research Problem:

ئەم هەنگاوە بە گرنگترین هەنگاوەکانی توێژینەوە دادەنرێت لەبەرئەوەی کاریگەرییەکی ئاشکرای دەبێت لەهەموو هەنگاوەکانی تری توێژینەوەدا، بەو شێوەیەی کە کێشەی توێژینەوەکە جۆری ئەو توێژینەوەیە دیاری دەکات کە توێژەر دەیەوێت ئەنجامی بدات، هەروەها میتۆدو ڕێگاو جۆری ئامرازەکانی توێژینەوەکە کە توێژەر پێویستە لە توێژینەوەکەدا بەکاریان بهێنێت، جۆری ئەو زانیارییانەی کە دەیەوێت دەستی بکەوێت[1].

لادانی نەوجەوانان بابەتی سەرەکی توێژینەوەکەیە، لەم توێژینەوەیەدا ئاماژە بۆ ئەو هۆکارە کۆمەڵایەتیانە کراوە کە کاریگەرییان لەسەر لادانی نەوجەوانان هەیە، لادان بابەتێکی گرنگە کە سەرنجی توێژەرانی ڕاکێشاوە بۆ ئەوەی توێژینەوەیەکی زانستی لەبارەوە ئەنجام بدەن، چونکە کۆمەڵگاکەمان لەژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکیدایە کە وای لێ کردووین ڕووبەڕووی چەندین کێشە ببینەوە لە پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی نەوجەواناندا لەبەرئەوەی ئەم توێژە زیاتر کارلێك لەگەڵ جیهانی تەکنەلۆجیادا دەکەن و زۆرتر تێکەڵ بە هاوڕێکانیان دەبن ئەگەر بەراووردیان بکەین بەهەر توێژێکی تری کۆمەڵگا، بۆیە زۆرترین کێشەش لای ئەمان دەکەوێتەوە، هەربۆیە توێژەران بە پێویستیان زانیوە کە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان ببەستنەوە بە لادانی نەوجەوانەوە بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری لەو بوارەدا کۆبکەنەوە.

٢- **گرنگی توێژینەوەکە** The Impact of The Research:

هەموو توێژینەوەیەك دەکرێ دوو جۆری گرنگی هەبێت، یەکەمیان گرنگی تیۆری توێژینەوەیە واتە کۆمەڵێك زانیاری و سەرچاوەی تیۆری پێشکەش بە خوێنەر دەکات و بابەتەکە زانستی ترو تۆکمەتر دەکات چونکە لایەنی تیۆری هەر توێژینەوەیەك گوزارشت لەو تیۆرو پاڵپشتە زانستییانە دەکات کە توێژەر بۆ زیاتر سەلماندن و گرنگی بابەتەکەی دەیخاتەڕوو، دووەم بریتیە لە گرنگی مەیدانی واتە کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو داتاو زانیارییە مەیدانیانەی

[1] د. عبدالعزيز عبدالله مختار، طرق البحث للخدمة الاجتماعية، ١٩٩٥، دار المعرفة الجامعية، القاهرة، ط١، ص٣٥٤.

كە تایبەتن بە بابەتی توێژینەوەكەوە، لەلایەنی مەیدانیدا توێژەر بە ژمارەو ئامار تیشك دەخاتە سەر بابەتەكەو لە ماوەیەكی كورتدا زۆرترین زانیاری دەخاتە بەرچاوی خوێنەران.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدا بەرجەستە دەبێ كە زانیاری تیۆری و مەیدانی سەبارەت بە لادانی نەوجەوانان لەلایەن توێژەرانەوە بەشێوەیەكی چڕوپڕ دەخرێتەڕوو، هەوڵدراوە زانیارییەكان زۆرترین بواری ژیانی نەوجەوان یاخود كەسی لێتوێژراو لەخۆبگرێت.

٣- **ئامانجەكانی توێژینەوەكە** Research Objectives:

ئەو ئامانجانەی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات بریتین لەمانەی خوارەوە:

١- هەوڵدان بۆ زانینی بوونی توندوتیژی لەنێو خێزانی نەوجەواناندا.

٢- هەوڵدان بۆ زانینی بەردەوامیدان بە خوێندن لەلایەن نەوجەوانانەوە.

٣- ئایا نەوجەوان بەر لەوەی ئاراستەی خانەی چاودێری بكرێت كاری كردووە؟.

٤- هۆكاری ئەنجامدانی كەتن لای نەوجەوان چییە؟.

## تەوەری دووەم: چەمكەكانی توێژینەوە:

١- لادانی نەوجەوانان Juvenile Delinquency.

٢- نەوجەوان Juvenile.

٣- كەتن Delinquency.

٤- كاریگەری Effect

١- **لادانی نەوجەوانان** Juvenile Delinquency:

لادانی نەوجەوانان ئاماژەیە بۆ جۆرەها ڕەفتاری كۆمەڵایەتی نەوجەوانان، كۆمەڵگا ئەو جۆرە ڕەفتارانە بە لادان و ناكۆمەڵایەتی و نائەخلاقی دادەنێت ئەویش بەگوێرەی پێوەرە كۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و یاساییە باوەكانی نێو ئەو كۆمەڵگایە.چەمكی نەوجەوان ئاماژەیە بۆ كوڕان و كچان لەهەردوو قۆناغی دوامنداڵی و قۆناغی هەرزەكاری[1].

لادانی نەوجەوانان لە تێڕوانینی ئابووری و كۆمەڵایەتیەوە بە زیانێكی گەورە دادەنرێت بۆ سەر پەرەپێدانی مرۆیی، نەوجەوانە لادەرەكان هێزی كارو بەرهەم هێنانن، بەڵام ڕاگیراون و بێبەشن لە كار، بەشێك لە ژیانی خۆیان و خێزان و كۆمەڵگاكەیان توشی زیان كردووە، توێژینەوە زانستییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە تاوان لەنێو منداڵاندا كەمتر بڵاوەو زۆربەی تاوانكارە پێگەیشتووەكان ژیانی تاوانكارییان لە سەردەمی نەوجەوانییەوە دەستی پێكردووە، بەجۆرێ ٦٠٪ تاوانباران پێش ئەوەی بگەنە تەمەنی شانزە ساڵ یەكەمین تاوانیان ئەنجامداوە[2].

لادانی نەوجەوانان لەدوو وشە پێكهاتووە:لادان Delinquency، نەوجەوان Juvenile لەڕووی تەمەنەوە واتە تەمەن بچووك، بەشێوەیەكی گشتی تێڕوانین بۆ ئەو ماوەیەی تەمەن لەڕووی كۆمەڵایەتیەوە دوو ئاستی تەمەن دەگرێتەوە كە پێی دەوترێت (منداڵی و هەرزەكاری)، ئەم زاراوەیە لەڕووی ئەركێتیەوە (الوظيفية) ئاماژە بۆ ئەو

[1] د. سميرة أحمد السيد، مصطلحات علم الاجتماع، بدون سنة الطبع، مكتبة الشقري، المملكة العربية السعودية، ط١، السعودية، ص٨٥.

[2] محمد شفيق، السكان والتنمية، القضايا والمشكلات، ١٩٩٦، الاسكندرية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ص٣٦٥.

تایبەتمەندی و توانستو لێپرسراوێتیە تاکایەتیانە دەکات کە قۆناغی منداڵی بڕیوە بەڵام کەمترە لە قۆناغی پێگەیشتن، بەڵام زاراوەی لاسار Delinquent سیفەتێکە بەو پێیەی لادانەو ناکۆمەڵایەتییە، بەکاردێت بۆ وەسفی جۆرەکانی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیو ئەخلاقی بەپشت بەستن بە نۆرمە کۆمەڵایەتی و یاساییە باوەکان[١].

لادانی نەوجەوانان جۆرێکی تایبەتە لە ڕەفتاری منداڵان و هەرزەکاران کە لەدەرەوەی یاسایەو زیان بەخشە بۆ کۆمەڵگا، بەپێی ئەم زاراوەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر بەپێی بەها کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیە باوەکان جیاوازە.لادانی نەوجەوانان بەهۆی کەمتەرخەمی یاخود نەبوونی چاودێری و خراپی ئاراستەکردنی نەوجەوانەکەوە دروست دەبێت، ئەو ڕێکارانەی لەگەڵ نەوجەواندا دەگیرێتەبەر جیاوازە لەگەڵ ئەو ڕێکارانەی لەگەڵ گەورەدا دەگیرێتەبەر[٢].

لادانی نەوجەوان لەلای زانایانی کۆمەڵناسی ئاماژەیە بۆ هەر ڕەفتارێکی نەوجەوان کە پێچەوانەی ئەو پێوەرانە بن کە کۆمەڵگا دایناوە، جا ئەو ڕەفتارانە یاسا بە تاوانی دانابن یان تەنها شێوازێك بێت لە شێوازەکانی نەگونجان لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتیەکەدا، کەدواتر ڕەنگدانەوەی کەمتوانایی نەوجەوانەکە دەردەخات لەگەڵ هەڵ نەکردن و نەگونجان بە یاساو پێوەرەکانی کۆمەڵگا[٣].

پێناسەی دەروونی بۆ نەوجەوانی لادەر:خۆی لە تێکچوونی گەشەی دەروونیدا دەبینێتەوە بەو شێوەیەی کە ڕەفتاری نەوجەوانی لادەر نیشانەیەکە لە نیشانەکانی نەگونجان و دەرئەنجامی بوونی لەمپەری ماددی یان دەروونی لەبەردەم تێرکردنی پێداویستیەکانی بەشێوەیەکی دروست[٤].

**پێناسەی اجرائی:** لادانی نەوجەوانان جۆرێکی دیاریکراوە لە ڕەفتاری منداڵان و هەرزەکاران کە لەدەرەوەی یاسایەو زیان بە کۆمەڵگا دەگەیەنێت، بەخراپ دانان و زیان بەخشینی ڕەفتارەکە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە بەپێی بەها کۆمەڵایەتیەکانو ئاکارە باوەکان لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە.

**٢- نەوجەوان** Juvenile:

نەوجەوان لەڕووی زمانەوانییەوە بە واتای منداڵی تازە پێگەیشتوو دێت یاخود بە هەرزەکار یان لاو دەوترێت، ئەم چەمکە بەگوێرەی ئەو بوارەی چەمکەکەی دیاریکردووە دەگۆڕێت[٥]، بەڵام یاسا لەڕووی تەمەنەوە پێناسەو دیاریکردووە بەو شێوەیەی کە یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ و لەمادەی (٣)دا نەوجەوانی بەو کەسە داناوە کە تەمەنی (٩) ساڵی تەواوکردووە، بەڵام (١٨) ساڵی تەواو نەکردووە، ئەم تەمەنەشی کردووە بە (٣) بەشەوە سەبارەت بە لێپرسینەوەی جەزائی، واتە ئەوەی (٩) ساڵی تەواونەکردووە بەمنداڵێکی بچووك دادەنرێت و هیچ لێپرسینەوەیەکی لەسەر نییە ئەگەر کەتنێك ئەنجام بدات، بەڵام ئەوەی تەمەنی لە (٩-١٥) ساڵییە بە (صبي-

[١] محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، ١٩٧٩، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، ص٢٥٩.

[٢] د. احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، بدون سنة الطبع، مكتبة لبنان، ص١٠١.

[٣] د.عبدالمنعم يوسف السنهوري، التكيف النفسي، ١٩٧٨، المكتب الجامعي الحديث، القاهرة، ص٨٨.

[٤] منير العمرة، انحراف الاحداث ومشكلة التقويم، القاهرة، ١٩٧٤، المكتب المصري الحديث للطباعة والنشر، ص٢٢.

[٥] فەرهەنگی دەریا، ئامادەکردنی ڕزگار کەریم، ٢٠٠٦، چاپخانەی مەهادەن، ئێران، چاپی یەکەم، ل١٩٧.

هەرزە)داناوە كە ئەمەش لە یاساو لە ڕێ پێدراوو لە قەدەغەكراو تێ ناگات، بۆیە لەزۆر وڵاتان تەمەنی لێپرسینەوەی یاساییان لە (٩) ساڵیەوە بەرزكردۆتەوە بۆ (١١) ساڵی[١].

پێناسەی اجرائی: نەوجەوان ئەو مرۆڤەیە كە هێشتا تەمەنی یاسایی تەواو نەكردووەو وەك گەورە مامەڵەی لەگەڵ ناكرێ هەربۆیە ئەو لادانانەی كە ئەنجامی دەدات پێی دەوترێ كەتن نەك تاوان بۆ ئەوەی لە كەسی تەمەن گەورەو پێگەیشتوو جیابكرێتەوە، هەربۆیە ئەو یاسایانەی كە تایبەتن بە چاكسازی نەوجەوانان جیاوازن لەو یاسایانەی كە تایبەتن بە چاكسازی گەوران.

٣- **كەتن** Delinquency:

زاراوەی كەتن كاتی خۆی لەلایەن ڕۆمانەكانەوە بەكارهاتووەو لە وشەیەكی لاتینی وەرگیراوە بەمانای هیوابڕان و فەرامۆشكردن، بەجێ نەهێنانی ئەرك، بەڵام ئێستا بەمانای دەرچوون لەیاسا دێت.سەبارەت بە نەوجەوانی كەتن شێوەیەكە لەشێوەكانی لادان، ئیتر ئەو لادانە لە یاسا بێت یان لە دابونەریت، سەبارەت بە نەوجەوان كەتن بریتیە لە دزیكردن، گیرفان بڕین، لێدان و ئازاردانو برینداركردن، ناموس بردن، بەدڕەوشتیو هەموو ئەو كارە نایاساییو ناكۆمەڵایەتیانەی كە نەوجەوانان دەیكەن، ئەگەر ئەو كردەوانە گەورەكان ئەنجامی بدەن بە تاوان ئەژماردەكرێت و بەو شێوەیە نەوجەوانی كەتنكەر ئەوەیە كە كردەوەیەك ئەنجام دەدات و ڕەفتارێك دەنوێنێت كە یاسا ئەو كردەوەیەو ئەو ڕەفتارە بە تاوان دادەنێت، كە لە كات و شوێنێكی دیاریكراوو لە تەمەنێكی دیاریكراودا دەبێت[٢].

پێناسەی اجرائی: كەتن كردەیەكی نایاسایی كە نیازی تاوانكاری تێدا هەیە، زیان و خراپەكاری لەخۆدەگرێ بۆ خودی بكەرو ئەو كەس و لایەنەش كە بەرامبەری كراوە، كۆمەڵگا یاساغی كردووەو سزای ماددی و مەعنەوی بۆ داناوە.

٤-**كاریگەری** Effect:

لەواتای گشتیدا دەكرێ پێناسەی كاریگەری وەك هەر شێوەیەك لە شێوەكانی كردەی كاریگەر بكرێت، واتە كاریگەری دەچێتە چوارچێوەی پەیوەندییەكانی هەژموون و دەسەڵاتەوە، كاریگەریی هێزی هەیەو جێبەجێكارو بكەرە، بەشێوەیەكی كردەیی توانای هەیە كردەی بەرامبەر بەو ئاراستەیەدا بگۆڕێت كە بكەرەكە دەست نیشانی كردووە، دەتوانرێت كاریگەری وەك شێوەیەكی زۆر تایبەت لە شێوەكانی هەژموون– دەسەڵات تەماشا بكرێت كە ڕەهەندێكی قایلكارو خۆسەپێنی هەیە.[٣]

---

(١) د.أبو الحسن عبدالموجود إبراهیم، دینامیات الانحراف والجریمة، ٢٠٠٨، المكتب الجامعي الحدیث، الكتاب الاول، أسوان، ص٩٩.

(٢) د. سامیة حسن الساعاتي، الجریمة والمجتمع، دار النهضة العربیة للطباعة والنشر، ١٩٨٣، ط٢، بیروت، ص٢٢.

(٣) د. خلیل أحمد خلیل، المفاهیم الاساسیة في علم الاجتماع، دار الحداثة، (١٩٨٤)، ص٤٨.

**تەوەری سێیەم: لادانی نەوجەوانان و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی:**

کێشەی لادانی نەوجەوانان لەو دیاردە کۆمەڵایەتیانەیە کە لەگشت سەردەمێك و لەگشت کۆمەڵگاکاندا هەبووە، جا ئەو کۆمەڵگانە دواکەوتوو یان تازە گەشەسەندووەکان یان کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بن، لێکدانەوەی فەلسەفە بۆ نەوجەوانو تێڕوانین بۆ لادانی نەوجەوان جیابووە، لەکۆندا نەوجەوانی لادەر بەکەسێکی شەڕەنگێزو تاوانبار دانراوە، هەربۆیە سزایەکی توندیان بۆ داناوەو مامەڵەیەکی توندوتیژیان لەگەڵدا کردووەو سزای جۆربەجۆریان بۆ داناوە، لەبەر ئەوەی بڕوایان وابووە کە تاوانبار هەر بە تاوانباری لەدایك دەبێ و بەهیچ جۆرێك چاکسازی ناکرێت مەگەر لەناوببرێت.[1]

لادانی نەوجەوانان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئاڵۆزتر دەبێت، هەرچەندە کۆمەڵگا لەڕووی تەکنەلۆجیاوە پێشکەوێت ئەو دیاردەیەش ئاڵۆزترو پرکێشەتر دەبێتو شێوازی نوێی تاوان دێنێتە کایەوە.هەربۆیە پێویستە لەسەر دەروونناسانو یاساناسانو کۆمەڵناسان و سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکان کە گرنگی زیاتر بەم کێشەیە بدەن لەبەرئەوەی لادان جگە لە هۆکارە نەرێنیەکانی دامەزراوەکانی کۆمەڵگا هیچی تر نییە، سەرەتا لە خێزانەوە هەتا دەگاتە قوتابخانەو هەموو لایەن و سیستمەکانی تری کۆمەڵگا.

کێشەی لادانی نەوجەوانان یەکێکە لەهەرە کێشە گرنگەکان کە تووشی قۆناغی منداڵی دەبێت، ئاسایشی ژیانی تێکدەدات، هەڕەشە لە ئێستاو داهاتووی دەکاتو کاریگەرییە زیان بەخشەکانی تەنها نەوجەوانەکە ناگرێتەوە بەڵکو تێدەپەڕێت بۆ خێزان و کۆمەڵگاکەشی.

لادانی نەوجەوان بەتەواوەتی لە لادانی گەورەکان جیانابێتەوە، نەوجەوانی ئێستا پیاوی بەیانیە، لەم ڕووەوە ڕاپۆرتەکانی حکومەتی فیدراڵی ئەمریکی دەریدەخەن لەماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٢٠ هەتا ١٩٣٠ زۆرترین ڕێژەی نەوجەوانانی لادەر هەبووە، بەرامبەر بەوەش ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٣٠ هەتا ١٩٤٠ زۆرترین ڕێژەی تاوانبارە گەورەکان هەبووە، هەروەها نزیکەی ٧٢٪ لە تاوانبارە گەورەکانی بەندیخانەی چاکسازی ماساشوتس ساڵی ١٩٥٧ پێشتر لە دامەزراوەکانی چاودێری نەوجەوانان بوون.[2]

**هۆکارەکانی لادانی نەوجەوانان:**

**یەکەم: هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان:**

١- پەروەردەی خێزانی: بریتیە لە پەیوەندییە پەروەردەییەکان لە خێزاندا کە زۆربەی توێژەران جەختیان لەسەر کردۆتەوە، لەبەرئەوە بە گرنگترین هۆکاری لادانی نەوجەوانان دادەنرێت و پەیوەندییە خێزانییەکانی نێوان باوان و منداڵەکانیان کاریگەری زۆری لەسەر ڕەفتاری منداڵەکان هەیە چونکە نەوجەوان لە خێزاندا پێویستی بە تێرکردنی لایەنی سۆزو خۆشەویستی و سەرجەم پێداویستیەکانی ژیان هەیە بۆ ئەوەی تاکێکی ئاسایی و سوودبەخش بێت بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگاش.[3]

---

(1) أ.د. فتحية عبدالغني الجميلي، الجريمة والمجتمع، ٢٠٠١، مطبعة جامعة بغداد، ط١، ص٢٠٣.

(2) د.عبدالمنعم يوسف السنهوري، دراسات امبريقية في خدمة الفرد في المجتمع المعاصر، ٢٠٠٧، المكتب الجامعي الحديث، ط١، ص٨٤.

(3) أ.د. فتحية عبدالغني الجميلي، الجريمة والمجتمع، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٣.

٢- قوتابخانه: لەگرنگترین هۆكارەكانی ژینگەی دەرەكی لەسەر نەوجەوان قوتابخانەیە چونكە هۆكارێكی كاریگەره لەسەر ڕەفتاری نەوجەوان كە تیایدا پەیوەندی و كارلێك لەگەڵ مامۆستاو خوێندكارەكان ئەنجام دەدات، هەروەها جۆری وانەكانو بەرنامەكانی كات بەسەربردنو دورو نزیكی قوتابخانەكە لە ماڵی خۆیانو شوێنی قوتابخانەكە شار بێت یاخود گوند هەموو ئەمانە كاریگەری لەسەر نەوجەوان هەیە، هەروەها ئاستی زانستی نەوجەوان و بوونی پەیوەندی باوك و دایكی لەگەڵ مامۆستاكان و بەشدارییان لە كۆبوونەوەی وەرزی قوتابخانەو چەند هۆكارێكی تر سەرجەمیان كاریگەریی لەسەر نەوجەوان دادەنێن.[١]

٣- بارودۆخی ئابووری: توێژینەوەكردن لە بارودۆخی ئابووری و كاریگەری لەسەر تاك وەكو پاڵنەرێك كە بەرەو تاوانی ببات پێویستی بەوەیە كە توێژینەوە لە كاریگەری هۆكاری ئابووری و كاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك لەناو كۆمەڵگادا بكات، هەرچەندە پرسیارگەلێك لەسەر ئەو كاریگەرییە هەیەو جێگای سەلماندنی زیاترە بەڵام ناتوانین وێنەیەكی ئاشكرا لەسەر كاریگەری هۆكارێك بەتەنها بدەین كە پاڵی بە تاكەوە ناوە بەرەو لادانو تاوان وەكو هۆكاری كۆمەڵایەتی بەتەنیا یان ئابووری بەتەنیا بەڵكو پێویستە تیشك بخرێتە سەر زۆربەی كاریگەرییەكان كە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ كاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك دەبێت.[٢]

بەرزبوونەوەی ئاستی گوزەرانی خێزان وادەكات كە خێزان بتوانێت بەباشی گرنگی بە پەروەردەكردنی منداڵەكانی بداتو چاودێری تەندروستییان بكاتو كێشەی نیشتەجێبونیشی نەبێتو لە ناوچەكەی خۆیدا جێگیرببێت، ئەمانە دەبنە هۆی درێژەدان بە پرۆسەی خوێندنی منداڵەكانو بەدەستهێنانی ئاستێكی زانستی باش كە دواتر لە كەتن و تاوان و لادان دووریان دەخەنەوەو یارمەتییان دەدات وەك تاكێكی ئاسایی لە كۆمەڵگادا ژیان بەسەر ببەن.[٣]

**دووەم: پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی: Socialization**

پرۆسەی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی لەو پرۆسە دێرینانەیە كە هەر لە كۆنەوە گەلە جیاوازەكان بەكاریان هێناوە بەو پێیەی پێداویستیەكی گرنگی كۆمەڵایەتیە كە تاك ئامادە دەكات بۆ ئەوەی ببێتە ئەندامێك لەنێو كۆمەڵگاكەیداو پێگەیاندنی نەوەكان بۆ ئەوەیە پارێزگاری لە كەلەپوری رۆشنبیری كۆمەڵگا بكرێت لەپێناو گونجانی تاك لەگەڵ ژیانی كۆمەڵایەتیداو بەدەستهێنانی بەردەوامیی لەو پرۆسەیەدا، ئەم پرۆسەیە لەلایەن كۆمەڵناسی پەروەردەیی هاوچەرخەوە گرنگییەكی زۆری پێ دەدرێت.[٤]

**ڕۆڵی دامودەزگا كۆمەڵایەتیەكان:**

**١- دامەزراوەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی:**

ئەگەر دامەزراوە پەروەردەییە فەرمییەكان كاریان بریتی بێت لە ئەنجامدانی پرۆسەكانی پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی ئەوا چەندین دامەزراوەی تر لە كۆمەڵگادا هەن كە لەم رۆڵەدا بەشدارن وەك:خێزان و دامەزراوەكانی ڕاگەیاندن و گروپی هاوڕێیانو دامەزراوە ئاینیەكان لێرەدا تەنها ئاماژە بۆ خێزان و گروپی هاوڕێیان دەكەین.

[١] أ.د. فتحية عبدالغني الجميلي، الجريمة والمجتمع، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٥.

[٢] د.احسان محمد الحسن، السرقة كمشكلة إجتماعية، ١٩٩٩، ط١، مطبعة جامعة بغداد، ص١٧.

[٣] د.احسان محمد الحسن، علم الاجرام، مطبعة جامعة بغداد، ٢٠٠١، ط١، ص٢٠٤.

[٤] د.نعيم حبيب جمنيني، علم اجتماع التربية المعاصر بين النظرية والتطبيق، ٢٠٠٩ ط١، دار وائل للنشر، الاردن، ص٢٥٢.

**٢- خێزان:** بريتيە لە سيستمێكى كۆمەڵايەتى لەبەرئەوەى خانەى يەكەمى كۆمەڵگايەو ساكارترين دامەزراوەكانە لە كۆمەڵگادا، لەهەموو كۆمەڵگا مرۆييەكاندا بوونى هەبووەو شێوەو قەبارەى جياوازى بەخۆيەوە بينيوە.(١)

**٣-گروپى هاوڕێيان:** كاريگەرييەكى گەورەى لەسەر پرۆسەى پێگەياندن و نۆرمە كۆمەڵايەتيەكانى منداڵ هەيە بەجۆرێ لەناو ئەم گروپەدا منداڵ دەتوانێ چەندين رۆڵى كۆمەڵايەتى ببينێت كە لە دەرەوەى گروپەكەدا بۆى نارەخسێت، بەڵام كاريگەرى گروپى هاوڕێيان لەسەر ئەوە وەستاوە تاچەند تاك لەژێر كاريگەرى گروپەكەدايەو پەيوەندى لەگەڵيدا بەهێزەو نۆرم و بەهاو ئاراستەكانى گروپەكە پەسەند دەكات، بەگشتى ئەم گروپە كاريگەرى تەواوى هەيە لەسەر نەوجەوان لەڕووى پێگەياندن و فێربوونى سەرجەم ئەو نۆرم و بەهاو كولتورانەى كە لە كۆمەڵگادا بەرهەم هاتوون.(٢)

**٤-هۆكارى ئاينى:** ئاين بە مانا گشتييەكەى كۆمەڵێك بەهاو بنەماى ئاشتەواييە كە فەرمان بە چاكەكردن و ڕێگريكردن لە خراپە دەكات، هێزى لە نەبينراوێكى بەدەسەڵاتەوە كە خواى پەروەردگارەو فەرمانڕەوای هەموو ئاينێكە دەردەچێت، جێگەى گومان نييە ئاين بەتايبەت ئاينە ئاسمانيەكان هەردەم هەوڵيداوە بۆ بەرقەراربوونى دادپەروەرىو چاكەكارىو پەيڕەوكردنى يەكتاپەرستى و لێبووردن، بەرنامەى ئاينى لەهەموو بەرنامەيەك زياتر كاريگەرى لەسەر ژيانى تاكەكان هەيە بەتايبەت ئەوانەى توشى لادان و تاوان بوون بەتايبەت لە چاكسازييەكاندا.(٣)

**تەوەرى چوارەم: توێژينەوەكانى پێشوو (الدراسات السابقة):**

**١- توێژينەوەى يەكەم:**

د. وهبية شوكت محمد، العوامل النفسية في جنوح الاحداث، بحث ميداني، مطبعة الحوادث، بغداد، ١٩٩٠.

توێژەر نمونەكانى لە فۆرمى نوسينگەى توێژينەوەى كەسێتى و فۆرمەكانى توێژەر خۆى لە دادگاى كەتنى سلێمانى وەرگرتووە كە ژمارەيان ٢٣٠ نەوجەوانە.

ئامانجەكانى توێژەر خۆى لە وەڵامدانەوەى ئەم پرسيارانەدا دەبينێتەوە:

١- گرنگترين ئەو هۆكارە دەرونييانە كامانەن كە كاريگەرى لەسەر منداڵ دروست دەكەن بۆ ئەوەى بيكات بە لادەر؟

٢- لادانەكان كامانەن؟

**دەرئەنجامەكانى توێژينەوەكە:**

تەنگژە دەرونييەكانى نەوجەوانان: ٣٣ نەوجەوانى لادەر لەكۆى نەوجەوانەكانى توێژينەوەكە دەگرێتەوە واتە بەڕێژەى ١٤٪ بەم شێوەيەى خوارەوە:

١- لەهۆش خۆچوون ياخود بێ ئاگابوونى ناديار، ١٣ نەوجەوانى لادەر لەكۆى ٣٣ نەوجەوان واتە بەڕێژەى ٣٩٪ لەكۆى يەكەكانى نموونەى توێژينەوەكە.

٢- بيركۆڵى، ٩كەس لەكۆى ٣٣ كەس واتە بەڕێژەى ٢٧٪ لەكۆى يەكەكانى نموونەى توێژينەوەكە.

---

(١) د.معن خليل عمر، علم اجتماع الاسرة، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠، ط١، عمان، ص١٠.

(٢) د.سامي محمد ملحم، مشكلات طفل الروضة، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، ٢٠٠٢، عمان، ص٧٨.

(٣) حامد عبدالسلام زهران، الصحة النفسية والعلاج النفسي، عالم الكتب، القاهرة، مصر، ١٩٧٧، ص١٣٠.

٣- نەخۆشی ئەقڵی ١٢٪ لەكۆی ٣٣ نەوجەوانی لادەر.
٤- خەمۆكی ١٢٪ لەكۆی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكە.
٥- میزكردنی شەوانە ٦٪ لەكۆی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكە.
٦- زمان گرتن ٣٪ لەكۆی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكە.
٧- نیوە ئیفلیجی بەهۆی توشبوونی بە ئیفلیجی منداڵان ٣٪ لەكۆی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكە.

**٢- توێژینەوەی دووەم:**

أنور عمر علي/ أسباب جنوح الاحداث لدى أحداث المحكومين في محافظة السليمانية لسنة ٢٠٠١-٢٠٠٢.

ئامانجەكانی توێژینەوەكە:

١- هەوڵدان بۆ زانینی لادانی نەوجەوانان.
٢- دیاریكردنی ئەو هۆكارانەی دەبنە هۆی لادانی نەوجەوانان.
٣- ئاماژەكردن بۆ هەندێ ڕێگەی ئاراستەكاری سەبارەت بە نەوجەوانان و ئەوانەی هەڵسوكەوتیان لەگەڵ دەكەن.

**ئەنجامەكانی توێژینەوەكە:**

- زۆربەیان وازیان لە خوێندن هێناوە بەڕێژەی ٨٧٪
- كاركردنی نەوجەوان لە تەمەنێكی زوودا پاڵنەر بووە بۆ لادان بەڕێژەی ٨٦,٨٤٪ زۆربەی ژمارەی نەوجەوانە لادەرەكان ئەوانەن كە داهاتێكی باشیان نییە.
- زۆربەی نەوجەوانە لادەرەكان ئەوانەن لەناو خێزانی قەبارە گەورەدا دەژین ٢٦,٣١٪.
- ئەوانەی باوكیان نەخوێندەوارە ٢٧كەسن بەڕێژەی ٧١٪
- بێكاری باوك پاڵنەر بووە بۆ نەوجەوانەكە بۆ لادان بەڕێژەی ٢١,٦٢٪
- زۆربەیان دایكیان نەخوێندەوارە بەرێژەی ٨٤,٢١٪.
- زۆربەیان لەلایەن باوكیانەوە بەشێوەیەكی ڕەق و توند مامەڵەیان لەگەڵدا كراوە كە ڕێژەیان ٣٩,٤٧٪.
- زۆربەیان ماڵەوەیان جێهێشتووە و لەسەر شەقامەكان دەژین كە ڕێژەیان ٥٧,٤٧٪.
- لێپرسراوێتی خێزان لەڕووی ئابورییەوە كەوتۆتە سەرشانی ئەو نەوجەوانە لادەرانەی كە زۆربەی داهاتی خێزانەكە پەیدا دەكەن بەڕێژەی ٧١,٠٥٪.
- تەنگژە خێزانییەكان لەنێوان باواندا پاڵی بە زۆرێك لە نەوجەوانەكانەوە ناوە بۆ لادان بەڕێژەی ٦٥,٧٨٪.

**٣-توێژینەوەی سێیەم: هۆكارەكانی گەڕانەوەی بەندكراوان بۆ تاوان، كاروان حمە فرج، توێژینەوەیەكی مەیدانییە لەلایەن هۆبەی توێژینەوەی بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی ژنان و منداڵانی سلێمانییەوە بە هاوكاری و سەرپەرشتی بەشی كاری كۆمەڵایەتی/ سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانییەوە لەساڵی (٢٠١٤)ز دا ئەنجام دراوە.**

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

١-خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی گەڕانەوەی بەشێك لە بەندکراوان دوای ئازادبوونیان.

٢-دەستنیشانکردنی تەمەن و ماوەی سزاو جۆری ئەو تاوانانەی کە بەندکراوە گەڕاوەکان لە جاری یەکەمدا پێی سزا درابوون و کاریگەربوون لە گەڕانەوەیان بۆ تاوانکردنەوە.

٣-دەرخستنی چەندجارەو ماوەی نێوان سزای یەکەم و سزاکانی ترو جۆری تاوان و گەڕانەوەکانیان.

٤-دەرخستنی ڕێژەی سزادراوانو دانراوانی گەڕاوە بۆ تاوانکردن و سزادانیان لەلایەن دادگاکانەوە دوای ئازادبوونیان لەماوەی ساڵانی ١٩٩٦-٢٠١٤ لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی ژنان و منداڵانی سلێمانی.

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١-ڕەگەزی نێر ٩٣,٣٪

٢-تەمەن (١٩-٢١)ساڵ ٨٠٪

٣-هۆکارە بۆماوەییەکان کاریگەری دیار نەبووە.

٤-هۆکاری بایۆلۆجی و فسیۆلۆجی گەڕاوەکان بەهۆی زۆرینەیان بە ئالوودەبوون بە مەی و مادە هۆشبەرەکان کاریگەربووە لەسەریان بەڕێژەی ٨٦,٦٪.

٥-کاریگەری هەڵچوونی دەروونی و نەتوانینی خۆکۆنترۆڵکردن لای بەندکراوە گەڕاوەکان زۆرترین هۆکاری دەروونی بووە بەڕێژەی ٤٠٪.

٦-زۆربەی هەرە زۆری گەڕاوەکان لە تەمەنێکی کەمی منداڵیدا ئالوودەی جگەرەکێشان و مەی خواردنەوەو مادە هۆشبەرەکان بووە بەڕێژەی ٩٣,٣٪.

٧-دەرکەوت کەوا ڕێژەی ٦٠٪ی گەڕاوەکان لە ئاستێکی زیرەکی مام ناوەندیدان.

٨-زۆربەی بەندکراوە گەڕاوەکان نەخۆشی درێژخایەنیان نەبووە، ڕێژەیان ٨٦,٦٪ بووە.

٩-زۆربەی بەندکراوە گەڕاوەکان بەڕێژەی ٦٦,٧٪ ئاستی ڕۆشنبیری خۆیان و خێزانەکانیان لاوازبووە، هەروەها ئاستی خوێندەواریشیان سەرەتایی بووە.

١٠-شێوازی پەروەردەی توندوتیژی و ڕەقی مامەڵەی خێزانی و سستی هەستی خۆشویستن و فەرامۆشکردن لای زۆرینەیان بەڕێژەی ٥٤٪ بووە.

## بەشی دووەم
## لایەنی مەیدانی
## میتۆدی توێژینەوە و ڕێكارە مەیدانییەكان

**تەوەری یەكەم:**

**١- میتۆدی توێژینەوەكە:**

هەموو توێژینەوەیەكی ئەكادیمی پشت بە میتۆدێك یاخود چەند میتۆدێك دەبەستێ بۆ ئەوەی بە ڕێچكەی زانستیدا بڕوات، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی بەكارهاتووە چونكە توێژینەوەكە یەكێكە لە توێژینەوە وەسفییەكانو لەڕێگەی پرسیارنامەوە زانیاری لەسەر ئەو نەوجەوانانە كۆكراوەتەوە كە لەچاكسازی كۆمەڵایەتی ڕاگیراونو ماوەی سزاكەیان بەسەر دەبەن، ئەم میتۆدەش ئامانجی ئەوەیە شیكارێكی زانستی و بابەتی بۆ ئەو زانیارییانە ئەنجام بدات كە لەسەر بابەتی توێژینەوەكە كۆكراونەتەوە بۆ ئەوەی ئەنجامێكی بابەتی و زانستی بدات بەدەستەوە.

- **میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی:** Social Survey

میتۆدی ڕوپێوی كۆمەڵایەتی ناسراوترین میتۆدەكانی توێژینەوەیە زیاتر لە توێژینەوە وەسفییەكاندا بەكاردێت بەوپێیەی زۆرترین زانیاری سەبارەت بەبابەتی توێژینەوەكە بەدەستەوە دەدات، ڕوپێو یەكێكە لە ڕێگەكانی توێژینەوە كۆمەڵایەتی و پەروەردەییەكان لەبەرئەوەی لەڕێگەیەوە دەتوانرێ چەندین بەڵگەنامەو زانیاری بابەتی دەربارەی بابەتێكی لێتوێژراو یان دیاردەیەكی دیاریكراو یان ڕوداوێكی تایبەت یاخود گروپێك لە گروپەكان لەڕووی (تەندروستی، پەروەردەیی، كۆمەڵایەتی..تد)كۆبكرێتەوە.[1]

**٢- كۆمەڵگای توێژینەوەكە:** كۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە بەڕێوەبەرایەتی چاكسازی كۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان.

**٣- ئامرازەكانی كۆكردنەوەی زانیاری:** لەم توێژینەوەیەدا دوو ئامراز بەكارهاتوون یەكەم پرسیارنامە (الاستبیان) دووەم چاوپێكەوتن (المقابلة)سەبارەت بە پرسیارنامەكە لەسەرەتادا پێش ئەوەی ئاراستەی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری كۆمەڵناسی و كاری كۆمەڵایەتی بكرێت كۆی گشتی پرسیارەكان بریتی بوو لە (٥٢) پرسیار، بەڵام دواتر (٤٩)پرسیار مایەوەو ئەو چوار پرسیارە بەڕای زۆرینە لابران*. سەبارەت بە چاوپێكەوتن، هەردوو توێژەر لە

---

[1] د.محمد الطاوي محمد مبارك، البحث العلمي اسسه وطريقة كتابته، المكتبة الاكاديمية للنشر، ١٩٩٢، ط١، القاهرة، ص٣٠.

* ناوی شارەزایان:

١- د.عبدالله خورشید عبدالله، بەشی كۆمەڵناسی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سەلاحەدین.

٢- د.كاوە علي محمد، بەشی باخچەی ساوایان، فاكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە.

٣- د.لقمان صالح كريم، بەشی كاری كۆمەڵایەتی، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی.

٤- د.پەیمان عبدالقادر، بەشی كۆمەڵناسی، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی.

٥- د.كەژاڵ حسين محمد، بەشی كۆمەڵناسی، سكوڵی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی.

ئەنجامــدانی لایــەنی مەیــدانی توێژینەوەکــەدا ڕووبــەڕوو لەگــەڵ نەوجەوانــە ڕاگیراوەکانــدا گفتوگۆیــان کــردووەو پرسیارنامەکایان بۆ پڕکردونەتەوەو چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجام داون.

٤- **بوارەکانی توێژینەوەکە :**

توێژینەوەکە ئەم بوارانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- بــواری مرۆیــی: بــواری مرۆیــی توێژینەوەکــە نەوجــەوانانی دانراو(ســزادراو)لە بەڕێوەبەرایــەتی چاکســازی کۆمەڵایەتی سلێمانی دەگرێتەوە کە ژمارەیان (٣٥)کەسـەو بەڕێگـەی ڕوپێـوی گشـتگیر (المسح الشامل) وەرگـیراون چونکە ژمارەیان زۆر نەبووە بۆیە بەڕێگەی نموونە وەرنەگیراون.

ب- بواری شوێنی: توێژینەوەکە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجـەوانان ئـەنجام دراوە.

ت- بواری کاتی: توێژینەوەکە لە ٢٠١٥/٥/١٠ دەستی پێ کردووەو لە ٢٠١٥/٦/٢٠ کۆتایی پێ هاتووە، واتە کاتی جێبەجێکردنی لایەنی تیۆری و مەیدانیش دەگرێتەوە.

٥- **ئامرازە ئامارییەکان:** توێژەران لە شـیکردنەوەی زانیارییەکانـدا هەریـەك لـە ئامرازەکـانی ڕێـژەی سـەدی و ناوەندی ژمێرەییان بەکارهێناوە.

## تەوەری سێیەم

### یەکەم: شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە :

١- **پێکهاتەی ڕەگەزی لێتوێژراوان :**

**خشتەی (١)**

**ڕەگەزی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نێر | ٣٢ | ٪٩١,٤٢ |
| مێ | ٣ | ٪٨,٥٧ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٩ |

لەخشەی (١)دا زۆربـەی زۆری لێتوێـژراوان لـە ڕەگـەزی نێـرن کـە ژمارەیـان ٣٤ کەسـە بەڕێـژەی ٪٩١,٤٢ بـەڵام ڕەگەزی مێ ٣ نەوجەوانن بەڕێژەی ٪٨,٥٧ کە کەمترین ڕێژەی خشتەکەیە، ڕەگەزی مـێ زیـاتر کاتـەکانی لـە ماڵـەوە بەسەر دەبات و لەژێر چاودێری ئەندامانی خێزاندایەو کەمتر تێکەڵاو بە دونیای دەرەوەی ماڵ دەبێت، هەروەها زۆرتر لەژێر کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و یاساییدایە وەك لە ڕەگەزی نێـر و ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی ڕەگـەزی مـێ بەشـێوەیەکی گشتی کێشەی یاساییان کەمەو ئەوانەشیان کە لە بنکەی پـۆلیس و دادگاکـان دەبینرێـت زیـاتر ئەوانـەن کـە بوونەتـە قوربانی ڕووداوەکان و بۆ سکاڵا تۆمارکردن چوون بەتایبەتی لە کێشە خێزانییەکان و توندوتیژی*.

* تێبینی هەردوو توێژەرانە لەکاتی سەردانیکردنیان بۆ دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس و بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی خێزانی.

**٢- پێكهاتەی تەمەن:**

**خشتەی (٢)**

**تەمەنی لێتوێژراوان ڕوون دەكاتەوە**

| تەمەن | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١١-١٥ساڵ* | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| ١٥-١٨ | ١٦ | ٤٥,٧١٪ |
| ١٨-٢١ | ١٤ | ٤٠,٠٠٪ |
| ٢١-٢٤ | ٢ | ٥,٧١٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

ئەوەی لە خشتەی (٢)دا بەدی دەكرێت ناوەندی تەمەنی (١١-١٥)ساڵییە كە تەنها ٣ نەوجەوان لەو ناوەندە تەمەنەدا كەتنیان كردووە ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەو تەمەنە زیاتر لەژێر چاودێری خێزاندایەو كەمتر بواری تێكەڵ بوونی بە دونیای دەرەوە دراوەتێ بەتایبەت تێكەڵبوون بە هاوڕێی خراپ. بەڵام زۆرترین ژمارەی نەوجەوانان لە بڕگەی (٢)دایە كە ژمارەیان ١٦ كەسە بەڕێژەی ٤٥,٧١٪ دوای ئەوەش بڕگەی (٣)دێت كە ژمارەیان ١٤ كەسە بەڕێژەی ٤٠,٠٠٪. ئەگەر هەردوو ناوەندی تەمەنی بڕگەی (٢,١) كۆبكەینەوە دەكاتە ٣٠ بەڕێژەی ٨٥,٧١٪ كە بەرزترین ژمارەو ڕێژەی خشتەكەیە، كەواتە زۆرترینی ئەو نەوجەوانانەی كە كەتن ئەنجام دەدەن یان توشی تاوان دەبن لەو تەمەنەدان (١٥-١٨) ساڵ. بەڵام دوابڕگەی خشتەكە ناوەندی تەمەنی (٢١-٢٤)ساڵ كە بە لاو دادەنرێت و لە یاسای چاودێری نەوجەوانان دەردەچێت. ئەوان لەكاتی خۆیدا واتە كاتی ئەنجامدانی تاوانەكە نەوجەوان بوون و دواتر لە دادگای نەوجەوانان سزا دراون بە تێپەڕبوونی دانانیان لە چاكسازی تەمەنەكانیان گەیشتۆتە ئەو ناوەندە.

**٣- ئاستەكانی خوێندن:**

**خشتەی (٣)**

**ئاستی خوێندنی لێتوێژراوان ڕوون دەكاتەوە**

| ئاستی خوێندەواری | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١ | ٢,٨٥٪ |
| سەرەتایی | ٧ | ٢٠٪ |
| ناوەندی | ١٧ | ٤٨,٥٧٪ |
| ئامادەیی | ١٠ | ٢٨,٥٧٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

* بەگوێرەی یاسای چاودێری نەوجەوانان ژمارە (٧٦)ی ساڵی ١٩٨٣ مادەی (٣) یەكەم، ئەو منداڵەی تەمەنی لە (٩) ساڵ كەمتربێت هیچ بەرپرسیارێتیەكی یاسایی لەسەر نییە، بەڵام پەرلەمانی كوردستان بڕگەی ئەو مادەیەی هەمواركردەوەو ئەو تەمەنەی بەرزكردەوە بۆ (١١)ساڵ، لەبڕگەی دووەمی هەمان مادەدا هاتووە نەوجەوان ئەو كەسەیە كە (٩) ساڵی تەواوكردووەو (١٨) ساڵی تەواو نەكردووەو ئەو تەمەنەشی جیاكردۆتەوە بۆ (٣) دەستە: ٩-١١، ١١-١٥، ١٥-١٨ ساڵ، كە هەریەكە لەو دەستانە بەرپرسیارێتی یاساییان جیاوازە، هەربۆیە خشتەی دوو لەسەر ئەو بنەما یاساییانە دەستەكانی دیاریكردووە.

ئەگەر لە خشتەی (٣) بڕوانین دەردەکەوێت کە تەنها ١ نەوجەوان نەخوێندەوارەو ٧ نەوجەوانو بەڕێژەی ٢٠٪ لەسەرەتایی و ١٧ نەوجەوان و بەڕێژەی ٤٨,٥٧٪ ناوەندی و ١٠ نەوجەوان و بەڕێژەی ٢٨,٥٧٪ ئامادەیین، ئەگەر هەردوو قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی بەیەکەوە وەبگرین دەکاتە ٢٧ نەوجەوان و بەڕێژەی ٧٧,١٤٪ کە زۆربەی زۆری لێتوێژراوانی توێژینەوەکە دەگرێتەوە.ئەو تەمەنو قۆناغە قۆناغی ئامادەکردنیانە بۆ زانکۆو پەیمانگاکان یان بۆ قوتابخانە پیشەییەکان تاکو ببنە ئەندامێکی بەرهەمهێن، بەڵام جێگای داخە بەهۆی تووشبوونیان بەکێشەی یاسایی لە پرۆسەی خوێندن دابڕاون و دوای تەواوبوونی ماوەی سزاکانیان چوونەوەیان بۆ قوتابخانەو وەرگرتنەوەیان ئەگەرێکی دوورەو ئاستەمی زۆرە.

**٤- شوێنی لەدایکبوون:**

**خشتەی (٤)**

**شوێنی لەدایکبوونی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی لەدایکبوون | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| شار | ١٣ | ٣٧,١٤٪ |
| شارۆچکە | ١٣ | ٣٧,١٤٪ |
| شارەدێ | ٨ | ٢٢,٨٥٪ |
| گوند | ١ | ٢,٨٥٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٨٪ |

وەك لە خشتەی (٤)دا ڕوون کراوەتەوە ژمارەی لێتوێژراوان ئەوانەی کە لە شارەکان لەدایك بوون ژمارەیان ١٣ نەوجەوانە بەڕێژەی ٣٧,١٤٪ هەروەها ئەوانەی کە لە شارۆچکەکان لەدایکبوون بەهەمان شێوەن. بەڵام ئەوانەی کە لە شارەدێکان لەدایکبوون ٨کەسن بەڕێژەی ٢٢,٨٥ و تەنها ١ نەوجەوان لە گوند لەدایك بووە.لەم خشتەیەدا ئەوە دەردەکەوێت کە گشت لێتوێژراوەکان بێجگە لە ١ کەسیان هەموویان لە شارنشینەکانن ئەوەش بۆ کۆچکردن یاخود کۆچ پێکردنی دانیشتوانی گوندەکانی هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ شارو شارۆچکەکان بەهۆی هۆکاری ڕامیاری و ئابووری و ژینگەییەوە.ئەوانەی ئێستا لە گوندەکان دەژین زۆرکەمن و زۆربەیان بەتەمەنەکانن (دایکان و باوکان).

**٥- باری خێزانی:**

**خشتەی (٥)**

**باری خێزانی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| باری خێزانی | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەڵت | ٣٥ | ١٠٠٪ |
| خێزاندار | ٠ | ٠٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٥)دا دەرکەوتووە کە کۆی گشتی لێتوێژراوان سەڵتن، هیچ کامیان خێزانیان دروست نەکردووە، تەمەنی نەوجەوانی بۆ هاوسەرگیری لەڕووی بایۆلۆجییەوە دروست نییە لەبەرئەوەی تا ١٨ ساڵی تەمەنی گەشەکردنە جگە لەوەش جاڕنامەی مافەکانی منداڵ تا ١٨ ساڵی بە تەمەنی منداڵی داناوە.

### ٦- پیشەی لێتوێژراوان بەر لە دەستگیرکردنیان:

**خشتەی (٦)**

**پیشەی لێتوێژراوان بەر لە دەستگیرکردنیان و ناردنیان بۆ چاکسازی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری پیشە | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| خوێندکار | ١٦ | ٤٥,٧١٪ |
| کرێکاری بینا | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| خوێندکارو کرێکار (کارکردن دوای دەوام و ڕۆژانی پشوو) | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| خوێندکارو شاگردی دوکان | ٢ | ٥,٧١٪ |
| چاپچی | ٢ | ٥,٧١٪ |
| خوێندکارو جوتیار | ١ | ٢,٨٥٪ |
| شاگردی قەصاب | ١ | ٢,٨٥٪ |
| لە یاریگای منداڵان کاردەکات | ٢ | ٥,٧١٪ |
| کچی ماڵەوە | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٦٪ |

لەخشتەی (٦)دا ژمارەی ئەو نەوجەوانانەی کە خوێندکار بوون کاتێك توشی کێشەی یاسایی بوون ١٦ کەس بوون بەڕێژەی ٤٥,٧١٪ بەڵام ئەوانی تر واتە ١٩کەس و بەڕێژەی ٥٤,٢٨٪ کاریان کردووە یان دوای دەوامی قوتابخانەو لە ڕۆژە پشووەکاندا کاریان کردووە.تەمەنی نەوجەوان تەمەنی خوێندنە نەك کارکردن، دیارە ئەمەش بەهۆی خراپی باری ئابووری خێزانەکانیانە.ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەندێك خێزان ئەگەر باری ئابووریشی خراپ نەبێت حەزدەکات منداڵەکانیان بە کارکردن ڕابهێنن و دواتر پشت بە خۆیان ببەستن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان نەك پشت بە کەسانی تر ببەستن. لەهەردوو دۆخە ئابوورییەکەدا کارکردن زیان بە منداڵ دەگەیەنێت، توێژینەوەکانیش لەو بوارەدا ئەو زیانانەیان خستۆتەڕوو.

### ٧- شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوان بەر لە دەستگیرکردنیان:

**خشتەی (٧)**

**شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوان بەر لە دەستگیرکردنیان و ناردنیان بۆ چاکسازی ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێبوون | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| قەزای کەلار | ٨ | ٢٢,٨٥٪ |
| شاری سلێمانی | ٦ | ١٧,١٥٪ |
| قەزای دوکان | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| کۆمەڵگەی ڕاپەڕین | ٢ | ٥,٧١٪ |
| قەڵادزێ | ٢ | ٥,٧١٪ |

| | | |
|---|---|---|
| ڕانیە | ٢ | ٪٥,٧١ |
| ناحیەی حاجیاوا | ٢ | ٪٥,٧١ |
| خانەقین | ١ | ٪٢,٨٥ |
| دەربەندیخان | ١ | ٪٢,٨٥ |
| چەمچەماڵ | ١ | ٪٢,٨٥ |
| هەڵەبجە | ١ | ٪٢,٨٥ |
| شارەزوور | ١ | ٪٢,٨٥ |
| سەروچاوە | ١ | ٪٢,٨٥ |
| ئەحمەد ئاوا | ١ | ٪٢,٨٥ |
| ناحیەی بازیان | ١ | ٪٢,٨٥ |
| ناحیەی تەق تەق | ١ | ٪٢,٨٥ |
| گوند | ١ | ٪٢,٨٥ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٩ |

هەروەك لە خشتەی(٧)دا دەرکەوتووە قەزای کەلار بەرزترین ڕێژەی بەدەستهێناوە لەڕووی شوێنی نیشتەجێبوونی لێتوێژراوانەوە کە بریتیە لە ٪٢٢,٨٥ بۆ ٨ کەس لە سەرجەمی لێتوێژراوان، دواتر شاری سلێمانی ٪١٧,١٥ بەدەستهێناوە بۆ ٦ کەس لە سەرجەمی لێتوێژراوان.

### ٨- جۆری نیشتەجێبوون:

**خشتەی (٨)**

**جۆری نیشتەجێبوون ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری نیشتەجێبوون | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| موڵك | ٣٠ | ٪٨٥,٧١ |
| کرێچی | ٥ | ٪١٤,٢٨ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٩ |

وەکو لەخشتەی (٨)دا دەردەکەوێت ٣٠ خێزانی لێتوێژراو بەڕێژەی ٪٨٥,٧١ لە خانووی خۆیاندا (موڵك دەژین)، تەنها ٥کەسیان و بەڕێژەی ٪١٤,٢٨ کرێچین.

### ٩- داهاتی مانگانە:

**خشتەی (٩)**

**داهاتی مانگانەی خێزانەکانی لێتوێژراوان ڕوون دەکاتەوە**

| داهاتی مانگانە بە دینار | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٥٠,٠٠٠دینار – ٣٠٠٠٠٠ | ٤ | ٪١١,٤٢ |
| ٣٠١,٠٠٠– ٤٥٠,٠٠٠ | ١١ | ٪٣١,٤٢ |
| ٤٥١,٠٠٠–٦٠٠,٠٠٠ | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| ٦٠١,٠٠٠–٧٥٠,٠٠٠ | ٥ | ٪١٤,٢٨ |
| ٧٥١,٠٠٠–٩٠٠,٠٠٠ | ٢ | ٪٥,٧١ |
| ٩٠١,٠٠٠–١,٥١٠٠٠ | ٧ | ٪٢٠ |
| ١,٥٢٠٠٠ زیاتر | ٣ | ٪٨,٥٧ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٧ |

هـەروەك لـە خشـتـەی (٩)دا دەركـەوتووە ١١كـەس بەڕێـژەی ٣١,٤٢٪ داهـاتی مانگانـەی خێزانـەكانیان لـەنێوان ٣٠١٠٠٠–٤٥٠٠٠٠ دینارە كە بەرزترین ژمارەی دوبارەبوونەوەیە لەنێو كۆی لێتوێژراواندا ئەمەش نیشـانەی ئەوەیـە كـە بارودۆخی ئابووری خێزانەكانیان لە ئاستێكی خراپدایە چونكە بەو داهاتە كەمە ناتوانرێ ژیانی خێزانی وەك پێویسـت رێك بخرێت بۆیە ئەمەش دەبێتە پاڵنەرێكی خراپ بۆ ئەوەی منداڵەكانیان بیر لە ئیشكردن بكەنـەوە كـە دواتـر بـەرەو لادانیان دەبات.

**خشتەی (١٠/أ)**

**ئایا باوكت لە ژیاندا ماوە؟**

| ئایا باوكت لە ژیاندا ماوە؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٨ | ٨٠٪ |
| نەخێر | ٧ | ٢٠٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ١٠٠٪ |

وەكو لەخشتەی (١٠)دا دەركەوتووە ٢٨ نەوجەوانی لێتوێـژراو باوكیـان لـە ژیانـدا مـاوە بـەڵام ئـەوانی تـر كـە ٧ نەوجەوانن بەهۆكاری جیاجیا باوكیان لە ژیاندا نەماوە.

**خشتەی (١٠/ب)**

**ئاستی زانستی باوكی لێتوێژراوان ڕوون دەكاتەوە**

| ئاستی زانستی باوك | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٠ | ٣٥,٧١٪ |
| سەرەتایی | ٧ | ٢٥٪ |
| ناوەندی | ٣ | ١٠,٧١٪ |
| ئامادەیی | ٦ | ٢١,٤٢٪ |
| پەیمانگا | ١ | ٣,٥٧٪ |
| زانكۆ | ١ | ٣,٥٧٪ |
| كۆی گشتی | ٢٨* | ٩٩,٩٨٪ |

ئەگـەر لـە خشـتەی (١٠–ب) بـڕوانین دەبیـنین ١٠ نەوجـەوان و بەڕێـژەی ٢٨,٥٧٪ باوكیـان نەخوێنـدەوارە، ٧نەوجەوانی تر بەڕێژەی ٢٠٪ تا سەرەتاییان خوێندووە، بـەڵام ئەگـەر كۆی ئـەو باوكانـەی كـە لـە سـەرەتاییەوە تـا ئامادەییـان خوێنـدووە وەربگـرین ئـەوا دەكاتـە ١٦ كـەس و بەڕێـژەی ٤٥,٧١٪. ئەمـەش ئـەوە دەردەخـات كـە ئـەو نەوجەوانانەی توشی لادان بوون بەهەر هۆیەكەوە بووبێت باوكیان یان نەخوێندەوارە یان لە قۆناغەكانی سەرەتایی تا ئامـادەیی وازیـان لـە خوێنـدن هێنـاوە. كەواتـە پەیوەندییـەك هەیـە لـەنێوان نزمـی ئاسـتی زانسـتی بـاوك و لادانـی نەوجەوانان.

* تێبینی: ٧ نەوجەوان باوكیان لە ژیاندا نەماوە بۆیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەرجەمیان بریتی بوون لە ٢٨ كەس.

**خشتەی (١٠/ج)**

**پیشەی باوکی نەوجەوانە لێتوێژراوەکان ڕوون دەکاتەوە**

| پیشەی باوك | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کرێکاری بینا دروستکردن | ٧ | ٢٥٪ |
| فەرمانبەر | ٥ | ١٧,٨٥٪ |
| پێشمەرگە | ٥ | ١٧,٨٥٪ |
| شۆفێر | ٤ | ١٤,٢٨٪ |
| جوتیار | ١ | ٣,٥٧٪ |
| مجەوری مزگەوت | ١ | ٣,٥٧٪ |
| کاسب | ١ | ٣,٥٧٪ |
| ئەفسەر | ١ | ٣,٥٧٪ |
| پاسەوان | ١ | ٣,٥٧٪ |
| چاپچی | ١ | ٣,٥٧٪ |
| حەماڵ | ١ | ٣,٥٧٪ |
| کۆی گشتی | ٢٨ | ٩٩,٩٤٪ |

ئەگەر سەیری خشتەی (١٠/ج)بکەین دەردەکەوێت زۆرینەی پیشەی باوکی نەوجەوانەکان کاسبە بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە، تەنها ٥ باوك نەبێت کە پیشەیان فەرمانبەرە، لەلایەکی تریشەوە جۆری ئەم پیشانەی کە لە خشتەکەدا دەرکەوتوون ئەوە نیشان دەدات کە دۆخی ئابووری باوکانی نەوجەوانەکان مامناوەندەو داهاتیان دیاریکراوە کەواتە دەکرێ پەیوەندی هەبێت لەنێوان دۆخی ئابووری باوکان و لادانی نەوجەوانان کە بۆ مەبەستی پەیداکردنی بژێوی رۆژانە تێکەڵ بە چەندین دۆخی کۆمەڵایەتی ناهەموارو نەگونجاو دەبن کە لەگەڵ ئاست و تەمەنی ئەواندا یەك ناگرێتەوە.

**خشتەی (١١/أ)**

**ئایا دایکت لە ژیاندا ماوە؟**

| ئایا دایکت لە ژیاندا ماوە؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ٩٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٢ | ٥,٧١٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩ |

وەکو لە خشتەی (١١/أ)دا دەرکەوتووە تەنها ٢ نەوجەوان و بەڕێژەی ٥,٧١ دایکیان لە ژیاندا نەماوە.

**خشتەی (١١/ب)**

**ئاستی زانستی دایكی لێتوێژراوان ڕوون دەكاتەوە**

| ئاستی زانستی دایك | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ١٩ | ٪٥٧,٥٧ |
| سەرەتایی | ٩ | ٪٢٧,٢٧ |
| ناوەندی | ٤ | ٪١٢,١٢ |
| ئامادەیی | ٠ | ٪٠ |
| پەیمانگا | ٠ | ٪٠ |
| زانكۆ | ١ | ٪٣,٠٣ |
| كۆی گشتی | ٣٣* | ٪٩٩,٩٩ |

ئەگەر سەیری خشتەی (١١/ب) بكەین دەردەكەوێت ١٩ نەوجەوان و بەڕێژەی ٥٤,٢٨٪ دایكیان نەخوێندەوارە، دواتر ٩ نەوجەوانی ترو بەڕێژەی ٢٥,٧١٪ ئاستی خوێندەواری دایكیان سەرەتاییە، ئەوانەی كە ئاستی خوێندەوارییان ناوەندییە بریتین لە ٤ كەس بەڕێژەی ١١، ٤٢ تەنها ١ نەوجەوان ئاستی خوێندەواری دایكی زانكۆیە بەڕێژەی ٢,٨٥. كەواتە دەركەوتووە بەشێكی زۆری دایكی نەوجەوانان نەخوێندەوارن چونكە ٥٤,٢٨٪ لە كۆی نەوجەوانەكانی تر پێكهێناوە. لێرەدا بەهەما شێوەی دەرخستنی ئاستی زانستی باوك دەكرێ دووبارە بوترێت كە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان نزمی ئاستی خوێندەواری دایك و لادانی نەوجەوانان.

**خشتەی (١١/ج)**

**پیشەی دایكی نەوجەوانە لێتوێژراوەكان ڕوون دەكاتەوە**

| پیشەی دایك | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ژنی ماڵەوە | ٣٢ | ٪٩٦,٩٦ |
| فەرمانبەر | ١ | ٪٣,٠٣ |
| كۆی گشتی | ٣٣ | ٪٩٩,٩٩ |

هەروەك لە خشتەی (١١/ج)دا دەركەوتووە ٣٢ نەوجەوان بەڕێژەی ٩١,٤٢٪ دایكیان ژنی ماڵەوەیە و تەنها ١ نەوجەوان دایكی فەرمانبەرە بەڕێژەی ٢,٨٥٪. ئەمەش ئەوە دەردەخات كە دووبارە پەیوەندییەك هەیە لەنێوان لادانی نەوجەوانان و پیشەی دایكدا لەبەرئەوەی ژنی ماڵەوە خاوەنی هیچ داهاتێك نییە بۆ خێزان بۆیە زۆرجار نەوجەوان ناچاردەبێت بۆ پەیداكردنی خەرجی ڕۆژانەی خۆی پەنا بباتە بەر ئیشكردن چونكە دەشێ باوكی یان لە ژیاندا نەمابێت یاخود دۆخی ئابووری خراپ بێتو توانای بەڕێوەبردنی خێزانەكەی نەبێت، بۆیە كاركردنی ژن دەكرێ ڕێژەی لادانی نەوجەوان كەم بكاتەوە بەوەی كە بەشداری لە پەیداكردنی بژێوی خێزانەكەیو دابینكردنی پێداویستیەكانی خوێندنی نەوجەوانەكە دەكات و ناهێڵێت بچێتە بواری كاركردنەوە.

* تێبینی: ٢ نەوجەوان دایكیان لە ژیاندا نەماوە بۆیە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا سەرجەمیان بریتی بوون لە ٣٣ كەس.

**خشتەی (١٢)**

**باری کۆمەڵایەتی باوکی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا باوکت ژنی تری هەیە؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩ | ٢٥,٧١٪ |
| نەخێر | ٢٦ | ٧٤,٢٨٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥* | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (١٢)دا ٩ نەوجەوانی لێتوێژراو بەڕێژەی ٢٥,٧١٪ باوکیان ژنی تری هەیە ئەم ڕێژەیەش دەکاتە یەک لەسەر چواری کۆی لێتوێژراوان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ٧ نەوجەوان بەڕێژەی ٢٠٪ باوکیان نەماوە، لەم جۆرە خێزانانەدا منداڵ لە سۆزو خۆشەویستی باوک بێبەش دەبێت و دادەبڕێت، ئەو جۆرە باوکانەش ناتوانن ڕۆڵی باوکایەتی خۆیان لە بەخێوکردن و پەروەردەکردندا بەباشی ببینن و هەندێك جار کاردەکاتە سەر پەروەردەی منداڵەکانیان و بەلاڕێدا بردنیان.

**خشتەی (١٣)**

**باری ژیانی نەوجەوانان بەر لە ناردنیان بۆ چاکسازی ڕوون دەکاتەوە**

| بەر لە ناردنت بۆ چاکسازی لەگەڵ کام لە ئەندامانی خێزانەکەت دەژیایت؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دایک | ٣ | ١١,٥٣٪ |
| باوک | ٢ | ٧,٦٩٪ |
| هەردووکیان | ٢٠ | ٧٦,٩٢٪ |
| هیچیان | ٠ | ٠٪ |
| کەسی تر | ١ | ٣,٨٤٪ |
| کۆی گشتی | ٢٦ | ٩٩,٩٨٪ |

لەخشتەی (١٣)دا ١١ نەوجەوان لەگەڵ دایکیان دەژین کە ٧یان باوکیان نەماوە هەروەکو لە خشتەی (١٠/أ)دا هاتووە، بێجگە لە بڕگەی (هەردوکیان) کۆی بڕگەکانی تر دەکاتە ٦ نەوجەوانی لێتوێژراو بەڕێژەی ٧٦,٩٢٪ لەگەڵ باوک و دایکیان پێکەوە ناژین واتە یان باوکی نەماوە یان دایکی یان لەلای کەسێکی تر دەژی، دیارە ئەم حاڵەتانەش کاریگەری هەبووە لەسەر لادانی ئەو نەوجەوانانە.

**خشتەی (١٤)**

**ژمارەی ئەندامانی خێزانی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| ڕەگەز | ژمارەی ئەندامانی خێزان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| کوڕ | ١–٣ | ٨ | ٢٢,٨٥٪ |
| | ٤–٦ | ١٠ | ٢٨,٥٧٪ |
| کچ | ٠–٣ | ٦ | ١٧,١٤٪ |
| | ٤–٦ | ١١ | ٣١,٤٢٪ |
| کۆی گشتی | – | ٣٥ | ٩٩,٩٨٪ |

* مەبەست لەو باوکانەشە کە لە پێشتر ژنی تریان هێناوە بەڵام ئێستا لە ژیاندا نەماون.

ئەگەر لەخشتەی (١٤) بڕوانین دەردەكەوێت ئەو خێزانانەی كە ئەندامەكانیان لەنێوان (٤-٦) كەسدایە لە كوڕو لە كچ دەكاتە ٢١ خێزان بەڕێژەی ٦٠٪ و ئەوانی تر كە لەنێوان (١-٣) كەسدان ژمارەیان ١٤ خێزان و بەڕێژەی ٤٠٪، كەواتە زۆربەی نەوجەوانە لێتوێژراوەكان تاڕادەیەك لەخێزانی فرە ژمارەدان.

**خشتەی (١٥)**

**ڕیزبەندی نەوجەوانان لەنێو خێزانەكانیاندا ڕوون دەكاتەوە**

| ڕیزبەندی تۆ لە خێزانەكەتدا چەندە | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەكەم | ٤ | ٪١١,٤٢ |
| دووەم | ١٣ | ٪٣٧,١٤ |
| سێیەم | ٥ | ٪١٤,٢٨ |
| چوارەم | ٤ | ٪١١,٤٢ |
| پێنجەم | ٥ | ٪١٤,٢٨ |
| شەشەم | ٣ | ٪٨,٥٧ |
| لە شەش زیاتر | ١ | ٪٢,٨٥ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٦ |

لەم خشتەیەدا پەیوەندییەكی ئەوتۆ لەنێوان ڕیزبەندی و لادانی نەوجەواندا بەدی نەكراوە بۆیە توێژەران ڕاڤەیان بۆ نەكردووە.

**خشتەی (١٦)**

**پەیوەندی نێوان باوك و دایكی نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| پەیوەندی نێوان باوكت و دایكت چۆنە؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زۆرباش | ١٧ | ٪٦٥,٣٨ |
| باش | ٧ | ٪٢٦,٩٢ |
| خراپ | ١ | ٪٣,٨٤ |
| زۆرخراپ | ١ | ٪٣,٨٤ |
| كۆی گشتی | ٢٦* | ٪٩٩,٩٨ |

لەمیانەی تێڕوانین لە خشتەی (١٦)دا دەركەوتووە ٢٤ نەوجەوان بەڕێژەی ٪٣١,٤٠ وەڵامیان داوەتەوە كە پەیوەندی نێوان باوك و دایكیان (باش، زۆرباشە) تەنها دوانیان وتویانە (خراپ، زۆرخراپە) ٧ كەسیان باوكیان نەماوەو دوانی تریشیان دایكیان نەماوە. لە وردبینی كردنی ئەو وەڵامانە بۆمان دەردەكەوێت كە ڕاستییەكانیان نەدركاندووە لەبەر هەر هۆیەك بێت ئەگەرنا لە خشتەی دواتر (١٧ أ، ب) ٥ نەوجەوانیان باسی توندوتیژی خێزانەكانیان كردووە.

* تێبینی: ٧ نەوجەوان باوكیان لە ژیاندا نەماوە، ٢ نەوجەوانیش دایكیان لە ژیاندا نەماوە.

**خشتەی (١٧/أ)**

**توندوتیژی لەنێو خێزانی نەوجەواناندا ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا توندوتیژی لەخێزانەكەتدا هەیە؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٣٠ | ٨٥,٧١٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

هەروەك لەخشتەی (١٧/أ)دا دەركەوتووە ٥ نەوجەوان بەڕێژەی ١٤,٢٨٪ وتویانە توندوتیژی لەنێو خێزانەكیانیاندا هەیەو لە بەرامبەردا ٣٠ نەوجەوان بەڕێژەی ٨٥,٧١٪ ڕەتیان كردۆتەوە كە توندوتیژی لەخێزانەكانیاندا هەبێت، لەخشتەی دواتردا ئاماژە بۆ جۆری توندوتیژییەكان دەكرێت.

**خشتەی (١٧/ب)**

**جۆری ئەو توندوتیژییانەی لەنێو خێزانی نەوجەواناندا هەیە ڕوون دەكاتەوە**

| جۆری توندوتیژی | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| توندوتیژی جەستەیی | ٣ | ٦٠٪ |
| توندوتیژی دەروونی | ٢ | ٤٠٪ |
| كۆی گشتی | ٥ | ١٠٠٪ |

هەروەك لەخشتەی (١٧/ب)دا دەركەوتووە ٣ نەوجەوان بەڕێژەی ٦٠٪ لە كۆی ٥ نەوجەوان ئاماژەی بۆ توندوتیژی جەستەیی كردووە لەبەرامبەردا ٢ نەوجەوان لە كۆی ٥ نەوجەوان و بەڕێژەی ٤٠٪ ئاماژەی بۆ توندوتیژی دەروونی كردووە، هەردوو جۆرەكە كاریگەری زۆر خراپیان لەسەر دەروون و كەسایەتی نەوجەوان هەیەو بەرەو لادان و كاری هەڵەی دەبەن.

**خشتەی (١٨/أ)**

**زیندانی كردن و ڕاگرتنی ئەندامانی خێزانی نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا هیچ كام لە ئەندامانی خێزانەكەت لەسەر هەر كێشەیەك ڕاگیراوەو زیندانی كراوە؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٥ | ٤٢,٨٥٪ |
| نەخێر | ٢٠ | ٥٧,١٤٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (١٨/أ)دا ئەوە دەردەكەوێت كە ١٥ نەوجەوان و بەڕێژەی ٤٢,٨٥٪ بە بەڵێ وەڵامی پرسیارەكەیان داوەتەوە كە یەكێك لە ئەندامی خێزانەكیان ڕاگیراوە یان زیندانی كراوە، بێگومان ئەم حاڵەتانەش كاردەكاتە سەر تێكچوونی باری دەروونی تەواوی ئەندامەكانی تری خێزانەكە بەتایبەتی ئەگەر ئەو كەسەی ڕاگیراوە باوك یان دایك بێت ئەمە سەرەڕای كاریگەری نەرێنی لەسەر باری ئابووری خێزانەكەو بەخێوكردن و پەروەردەكردنی منداڵەكانیان.

**خشتەی (١٨/ب)**

**هۆکاری زیندانی کردن و ڕاگرتنی ئەندامانی خێزانی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| هۆكارەكان | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| زیندانیکردنی باوك لە سەردەمی ڕژێمی بەعسدا | ١٠ | ٦٦,٦٦٪ |
| زیندانیکردنی باوك لەسەر تاوانی كوشتن | ١ | ٦,٦٦٪ |
| زیندانیکردنی برا لەسەر نەبوونی مۆڵەتی شۆفێری | ٢ | ١٣,٣٣٪ |
| زیندانیکردنی برا لەسەر كێشەی زەوی و ماڵ | ٢ | ١٣,٣٣٪ |
| كۆی گشتی | ١٥ | ٩٩,٩٨٪ |

خشتەی (١٨/ب) هۆكاری زیندانیكردنی ئەندامانی خێزانی نەوجەوانەكان ڕوون دەكاتەوە، هەروەك دەركەوتووە ١٠ نەوجەوان بەڕێژەی ٦٦,٦٦٪ باوكیان لەسەردەمی ڕژێمی بەعسدا زیندانی كراوە، بەڵام ٥ نەوجەوانیان بەڕێژەی ٣٣,٣٢٪ باوك یان برایان لەسەر كێشەی كوشتن و زەویوزار و بێ مۆڵەتی شۆفێری ڕاگیراون.

**خشتەی (١٩)**

**دیاریکردنی چەند تایبەتمەندییەکی باوکی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا باوكت كام لەمانەی هەیە؟ | بەڵێ | ڕێژەی سەدی | نەخێر | ڕێژەی سەدی | كۆی ڕێژەی سەدی | كۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| جگەرەكێشان | ١٢ | ٤٢,٨٥ | ١٦ | ٥٧,١٤ | ٩٩,٩٩٪ | ٢٨ |
| مەی خواردنەوە | ٤ | ١٤,٢٨ | ٢٤ | ٨٥,٧١ | ٩٩,٩٩٪ | ٢٨ |
| قوماركردن | ٠ | ٠ | ٢٨ | ١٠٠ | ١٠٠٪ | ٢٨ |
| كێشانی ماددەی هۆشبەر | ١ | ٣,٥٧ | ٢٧ | ٩٦,٤٢ | ٩٩,٩٩٪ | ٢٨ |
| هەر ڕەفتارێكی نادروستی تر | ١ | ٣,٥٧ | ٢٧ | ٩٦,٤٢ | ٩٩,٩٩٪ | ٢٨* |

لەخشتەی (١٩)دا ١٢ نەوجەوان و بەڕێژەی ٤٢,٨٥٪ باوكیان جگەرە دەكێشێ و ٤ تریان بەڕێژەی ١٤,٣٨٪ مەی دەخواتەوە و (١) نەوجەوان باوكی ماددەی هۆشبەر دەكێشێ. حاڵەتی جگەرەكێشانی باوك دەبێتە هۆی ئەوەی كوڕەكانی چاوی لێ بكەن و لاسایی بكەنەوەو جگەرە بكێشن كە بۆ نەوجەوان دروست نییەو جۆرێكە لە لادان. ئەمە سەرەڕای پیسبوونی ژینگەی ماڵەكەو بەهەدەردانی بڕێك پارە لەو بوارەدا، بەهەمان شێوە مەی خواردنەوەی باوك لاسایی دەكرێتەوە بەڵام ئەم حاڵەتەیان زیانی زۆرترەو زۆرجار دەبێتە شەڕو ئاژاوەی خێزانی، حاڵەتی كێشانی ماددە هۆشبەرەكان لەهەردوو حاڵەتەكەی تر زیان بەخشترەو دەچێتە بواری یاسا شكاندن، سەرەڕای زیانەكانی تری بۆ باوكەكەو كاریگەری نێگەتیف لەسەر تەواوی ئەندامانی خێزانەكە.

* تێبینی: ٧ نەوجەوان باوكیان لە ژیاندا نەماوە بۆیە تەنها ٢٨ نەوجەوان وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە.

**خشتەی (٢٠)**

**پەیوەندی نەوجەوان لەگەڵ خێزانەکەیدا ڕوون دەکاتەوە**

| پەیوەندییەکان | زۆرباش | باش | خراپ | زۆرخراپ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| پەیوەندی تۆ لەگەڵ باوکت چۆنە؟ | ٢١ | ٥ | ١ | ١ | ٢٨* |
| پەیوەندی تۆ لەگەڵ دایکت چۆنە؟ | ٢٣ | ٥ | ٣ | ٢ | ٣٣* |
| پەیوەندی تۆ لەگەڵ براکانت چۆنە | ١١ | ١٧ | ٢ | ٠ | ٣٠* |
| پەیوەندی تۆ لەگەڵ خوشکەکانت چۆنە؟ | ١١ | ١٧ | ٣ | ٠ | ٣١* |

لەخشتەی (٢٠)دا ٢٦ نەوجەوان بەڕێژەی ٩٢,٨٥٪ وەڵامیان داوەتەوە کە پەیوەندییان لەگەڵ باوکیان (باشە، زۆرباشە) تەنها دوانیان و بەڕێژەی ١٤، ٧٪ وتویانە (خراپ، زۆرخراپ)ە ٢٨کەسیان بەڕێژەی ٨٤,٨٤٪ پەیوەندییان لەگەڵ دایکیان (باش، زۆرباش)ە تەنها ٥ کەسیان بەڕێژەی ١٥,١٥٪ پەیوەندییان لەگەڵ دایکیان (خراپ و زۆرخراپ) لەگەڵ براو خوشکەکانیان ئەوانەی کە خوشك و برایان هەیە زۆرینەیان پەیوەندییان باشە.

**خشتەی (٢١/أ)**

**پێکەوەژیانی کەسانی تر لەگەڵ خێزانی نەوجەواناندا ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا کەسی تر لە کەسوکاری باوکت یان دایکت لەگەڵتان دەژین؟ | دووبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٣٠ | ٨٥,٧١٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

**خشتەی (٢١/ب)**

**ژمارەو جۆری پەیوەندییە خزمایەتیەکان بە خێزانی نەوجەوانانەوە ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری پەیوەندییە خزمایەتیەکان | ژمارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| داپیرەو باپیرە (هی باوکی) | ٢ | ٤٠٪ |
| داپیرەو باپیرە (هی دایکی) | ١ | ٢٠٪ |
| داپیرە (دایکی دایکی) | ١ | ٢٠٪ |
| پور (خوشکی باوک) | ١ | ٢٠٪ |
| کۆی گشتی | ٥ | ١٠٠٪ |

لەهەردوو خشتەی (٢١/أ، ب)دا ٥ نەوجەوان و بەڕێژەی ١٤,٢٨٪ کەسی تر لە خێزانەکەیاندا لەگەڵیان دەژین کە بریتین لە باپیرەو داپیرە یان پور، هەبوونی کەسی تر لە خێزاندا دەبێتە هۆی بوونی دوو جۆر پەروەردەی جیاواز لە پەروەردەی باوك و دایك لەگەڵ جۆری ئەوەی پێشوو پەروەردەی باپیرەو داپیرە کە زۆرجار چوون یەك نین و

* ٧ نەوجەوان باوکیان لە ژیاندا نەماوە بۆیە تەنها ٢٨ نەوجەوان وەڵامی ئەو پرسیارەیان داوەتەوە.

* ٢ نەوجەوان دایکیان لە ژیاندا نەماوە.

* ٥ نەوجەوان برایان نییە.

* ٤ نەوجەوان خوشکیان نییە.

كاریگەری نەرێنی لەسەر پەروەردەی منداڵەكان دەبێت، ئەمە سەرەڕای قەرەباڵغی و زیادبوونی خەرجییەكی تر لە خێزانەكەدا.

**دووەم: نەوجەوان و پرۆسەی خوێندن:**

**خشتەی (٢٢/أ)**

**بەردەوامیی خوێندن لای نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا لە خوێندن بەردەوامی؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی | ئەگەر بەردەوامی لەخوێندن ئایا هیچ ساڵێك ماویتەوە؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٦٥,٧١٪ | بەڵێ | ١٩ | ٨٢,٦٠٪ |
| نەخێر | ١٢ | ٣٤,٢٨٪ | نەخێر | ٤ | ١٧,٣٩٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ | كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٢/أ)دا ٢٣ نەوجەوان و بەڕێژەی ٦٥,٧١٪ لە خوێندن بەردەوامن، لەكاتێكدا ١٢ كەسیان بەڕێژەی ٣٤,٢٨٪ وازیان لە خوێندن هێناوە، لەو ٢٣ كەسەیان كە بەردەوامن لە خوێندن ١٩كەسیان و بەڕێژەی ٨٢,٦٠٪ ساڵێك یان زیاتر لە یەكێك لە پۆلەكانی خوێندندا دەرنەچوون، كەوتنی خوێندكار لە پۆلێكداو مانەوەی بۆ ساڵێكی تر هەندێكجار دەبێتە هۆی وازهێنانی بەیەكجاری لە خوێندن هەروەكو لە خشتەی ٢٢/ب ڕوون كراوەتەوە.

**خشتەی (٢٢/ب)**

**ئەو پۆل و قۆناغانەی خوێندن لەلای نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە كە تیایدا وازیان لە خوێندن هێناوە**

| قۆناغ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەتایی | ٣ | ٢٥٪ |
| ناوەندی | ٧ | ٥٨,٣٣٪ |
| ئامادەیی | ٢ | ١٦,٦٦٪ |
| كۆی گشتی | ١٢ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٢/ب)دا لەكۆی ١٢ نەوجەوان كە وازیان لە خوێندن هێناوە ٣ كەسیان لەسەرەتایی و ٧ كەسیان لە ناوەندیو دوانەكەی تریان لە ئامادەییدا وازیان هێناوە، وازهێنان لە خوێندن نەوجەوان بەرەو كاركردن و تێكەڵبوون بەدونیای گەورەكان دەكات كە ژینگەیەكی دروست نییە بۆ نەوجەوان، چونكە زۆرجار توشی كێشە دەبێت و بەرەو لادان دەچێت.

**خشتەی (٢٢/ج)**

**هۆكاری وازهێنان لە خوێندن لەلای نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| هۆكارەكان | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هەژاری و پەیداكردنی بژێوی ژیان | ٥ | ٤١,٦٦٪ |
| بەهۆی زیندانەوە | ٧ | ٥٨,٣٣٪ |
| كۆی گشتی | ١٢ | ٩٩,٩٩٪ |

هەروەکو لەخشتەی (٢٢/ج)دا ڕوون کراوەتەوە ئەو ١٢ نەوجەوانەی کە وازیان لە خوێندن هێناوە (٥) کەسیان و بەڕێژەی ٤١,٦٦٪ بەهۆی هەژاری خێزانەکانیان و کارکردن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان بووە، لەکاتێکدا (٧)کەسیان و بەڕێژەی ٥٨,٣٣٪ بەهۆی ڕاگرتن و زیندانی کردنیان بووە لەسەر ئەو کێشەیەی کە تائێستا لە چاکسازی ماوەکەیان بەسەر دەبەن.

**خشتەی (٢٣)**

**رای نەوجەوانان سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ خوێندن لەداوی ئازادکردن ڕوون دەکاتەوە**

| ئەگەر ماوەی ڕاگرتنەکەت لە چاکسازی کۆمەڵایەتی تەواوبوو ئایا حەزدەکەیت و ئامادەیت بچیتەوە بۆ خوێندن؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٣ | ٩٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٢ | ٥,٧١٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

خشتەی (٢٣) ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ٣٣ نەوجەوان و بەڕێژەی ٩٤,٢٨٪ حەزدەکەن بگەڕێنەوە پۆلەکانی خوێندن دوای تەواوبوونی ماوەی دانانیان لە چاکسازی، تەنها ٢ نەوجەوان حەزناکەن. ئەو توێژەرانەی کە لە بەرنامەی چاودێری دوایی (الرعاية اللاحقة) کاردەکەن دەتوانن ئەو حەزەی نەوجەوانەکان بقۆزنەوەو کاری لەسەر بکەن بۆ گەڕانەوەیان بۆ خوێندن هەتا جارێکی تر دووربن لە گەڕانەوە بۆ لادان.

## سێیەم/ نەوجەوان و کارکردن:

**خشتەی (٢٤/أ)**

**کارکردنی نەوجەوانان بەر لە ناردنیان بۆ چاکسازی ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا بەر لە ناردنت بۆ چاکسازی کارت دەکرد؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٣ | ٦٥,٧١٪ |
| نەخێر | ١٢ | ٣٤,٢٨٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٤/أ)دا ٢٣ نەوجەوان و بەڕێژەی ٦٥,٧١٪ بەر لە توشبوونیان بە لادان و کێشەی یاسایی کاریان کردووە، بەڵام ١٢ کەسیان و بەڕێژەی ٣٤,٢٨٪ کاریان نەکردووە، کارکردنی نەوجەوانان دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی لە خوێندنو هەندێکجار هۆکارێکیشە بۆ لادان.

**خشتەی (٢٤/ب)**

**جۆری کارەکانی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری کارەکان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| کرێکار | ٨ | ٣٤,٧٨٪ |
| دوکاندار | ٨ | ٣٤,٧٨٪ |
| شاگرد | ٢ | ٨,٦٩٪ |
| جوتیار | ٢ | ٨,٦٩٪ |
| شوان | ٢ | ٨,٦٩٪ |
| چایچی | ١ | ٤,٣٤٪ |
| کۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٧٪ |

لەخشتەی (٢٤/ب)دا جۆری كاركردنی ئەو ٢٣ نەوجەوانە ڕوون دەكاتەوە كە كاریان كردووە، ئەوەی جێگەی تێرامانە ٨كەسیان و بەڕێژەی ٣٤,٧٨٪ كرێكارییان كردووە كە ئەمە كارێكی قورسەو بۆ ئەوان ناشێت، خراپی باری بژێوی خێزانەكانیان وای لێكردووە كە كاربكەن هەروەكو لە خشتەكانی تردا ڕوون كراوەتەوە.

**خشتەی (٢٥)**

**داهاتی ڕۆژانەی نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| داهات | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١٠,٠٠٠ — ١٥,٠٠٠ | ٤ | ١٧,٣٩٪ |
| ١٦,٠٠٠ — ٢٠,٠٠٠ | ٦ | ٢٦,٠٨٪ |
| ٢١,٠٠٠ — ٢٥,٠٠٠ | ٣ | ١٣,٠٤٪ |
| ٢٦,٠٠٠ — ٣٠,٠٠٠ | ٤ | ١٧,٣٩٪ |
| ٣١,٠٠٠ — ٣٥,٠٠٠ | ٢ | ٨,٦٩٪ |
| ٣٦,٠٠٠ — ٤٠,٠٠٠ | ١ | ٤,٣٤٪ |
| ٤١,٠٠٠ زیاتر | ١ | ٤,٣٤٪ |
| دیاری نەكراو | ٢ | ٨,٦٩٪ |
| كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٦٪ |

خشتەی (٢٥) دەستكەوتی ڕۆژانەی ئەو نەوجەوانانە ڕوون دەكاتەوە كە كاردەكەن، هەرچەندە ئەو بڕە پارەیە بۆ بژێوی خێزانەكانیان و خەرجی خۆیانە هەروەكو لە خشتەكانی تر باسیان كردووە، بەڵام هۆكارێكیشە بۆ سەربەخۆیی ئابووری خۆیان و گوێ نەدان بەو خەرجیەی كە لە باوك و دایكیانەوە ڕۆژانە وەریان گرتووە ئەمەش دەبێتە گوێ پێنەدانی ئامۆژگارییەكانیان، جگە لەوەش بەهۆی ئەو پارەیەوە دەچنە شوێنەكانی كات بەسەربردن و یارییە جیاوازەكان كە تێكەڵ بە دونیای گەورەو كەسانی خراپیان دەكات.

**خشتەی (٢٦)**

**چۆنێتی خەرجكردنی ئەو پارەیە ڕوون دەكاتەوە كە نەوجەوانان لە كاردا پەیدایان كردووە**

| زۆربەی كات ئەو پارەیەت چۆن سەرف دەكر؟ | دووبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| دابین كردنی پێداویستیە سەرەكییەكانی خۆم | ١٣ | ٥٦,٥٢٪ |
| هاوكاری كردنیماڵەوە | ١٠ | ٤٣,٤٧٪ |
| كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٩٪ |

خشتەی (٢٦) چۆنیەتی خەرجكردنی پارەی دەستكەوتووی نەوجەوانەكان لە كاری ڕۆژانەیان ڕوون دەكاتەوە، ١٣ كەسیان و بەڕێژەی ٥٦,٥٢٪ بۆ پێداویستیەكانی خۆی، ١٠ كەسیان و بەڕێژەی ٤٣,٤٧٪ بۆ هاوكاری ماڵەوە خەرجیان كردووە.كاركردنی نەوجەوانان و جۆری ئەو كارەی كە دەیكەن و چۆنێتی خەرجكردنی دەستكەوتەكانیان ئەگەر لەژێر چاودێری لێپرسراوەكانیاندا نەبێت زیان بەخشە بۆیان و هەندێكجار هۆكارە بۆ توشبوونیان بە لادانی نەوجەوانان.

خشتەی ( ٢٧ )

هۆكارەكانی كاركردن لەلای نەوجەوانان روون دەكاتەوە

| بۆچی كارت دەكرد؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بۆ دابینكردنی بژێوی خۆم وماڵەوە | ١٦ | ٦٩,٥٦٪ |
| تەنها وەك حەزێك | ٧ | ٣٠,٤٣٪ |
| كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٩٪ |

خشتەی (٢٧) ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ٧ نەوجەوان و بەڕێژەی ٣٠,٤٣٪ بە حەزی خۆیان كاریان كردووە، هەندێك لە باوكان و دایكان حەزدەكەن منداڵەكانیان بخەنە بەر كاركردن هەتا لە دواڕۆژدا دەست سپی دەرنەچن و پشت بە خۆیان ببەستن(ڕای توێژەران).

خشتەی ( ٢٨ )

كاركردنی نەوجەوانان پاش دەوامی قوتابخانە روون دەكاتەوە

| ئایا ڕۆژانە دوای دەوامی قوتابخانە كارت دەكرد؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٤٥,٧١٪ |
| نەخێر | ١٩ | ٥٤,٢٨٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٨)دا ١٦ نەوجەوان و بەڕێژەی ٤٥,٧١٪ دوای دەوامی قوتابخانەكانیان كاریان كردووە، زیانەكانی كاركردنی نەوجەوانان لە خشتەكانی دواتردا ڕوون كراوەتەوە بۆیە بە پێویستمان نەزانی لێرەدا هیچی تری لەسەر بنوسین.

خشتەی ( ٢٩/أ )

ڕای نەوجەوانان لەسەر كارەكانیان ڕوون دەكاتەوە

| ئایا كارەكەت بەدڵ بوو؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٦ | ٦٩,٥٦٪ |
| نەخێر | ٧ | ٣٠,٤٣٪ |
| كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٩/أ)دا ئەو ١٦ نەوجەوانەی كە بەحەزی خۆیان كاریان كردووە هەروەكو لەخشتەی پێشوتردا ڕوونكراوەتەوە ئەوانە كارەكانیان بەدڵ نەبووە بەڵام ٧ كەسیان و بەڕێژەی ٣٠,٤٣٪ ڕایان لەسەری نەبووەو حەزیان لێ نەكردووە، دیارە ناچاری و نەبوونی دەرفەتی كاری تر وای لێكردوون كە لەسەری بەردەوام بن.

خشتەی ( ٢٩/ب )

هۆكاری بەدڵ نەبوونی نەوجەوانان بۆ كارەكانیان ڕوون دەكاتەوە

| هۆكارەكان | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ناچاری و بژێوی ژیان | ٥ | ٧١,٤٢٪ |
| مامەڵەی خراپی خاوەنكار | ٢ | ٢٨,٥٧٪ |
| كۆی گشتی | ٧ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٢٩/ب)دا نەوجەوانە لێتوێژراوەكان هۆكاری بەدڵ نەبوونی جۆری كارەكانیان ڕوون كردۆتەوە كە لەبەر ناچاری و خراپی مامەڵەی خاوەن كارەكانیانەوە بووە، مامەڵەی خراپ لەگەڵ نەوجەوانان چ لە لایەن باوكان و دایكان و چ لەلایەن خاوەن كارەوە جێكەوتەی خراپی دەبێت لە داڕشتنی كەسایەتی و دواڕۆژیان.

**خشتەی (٣٠/أ)**

**ڕای نەوجەوانان سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ سەر كار پاش تەواوبوونی ماوەی چاكسازی ڕوون دەكاتەوە**

| ئەگەر بەهۆی كاركردنتەوە وازت لە خوێندن هێناوە ئایا دوای تەواوبوونت لە چاكسازی دەچیتەوە سەر كارەكەت؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ١٢ | ٣٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٢٣ | ٦٥,٧١٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

خشتەی (٣٠/أ) ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە لەو (٢٣) نەوجەوانەی كە كاريان كردووە ١٢كەسيانو بەڕێژەی ٣٤,٢٨٪ دوای تەواوبوونی ماوەی دانانەكانيان لە چاكسازی دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر كارەكانيان لەبەرئەوەی پێویستیان بە پارەكەیەتی بۆ بژێوی خێزانەكانيان و خەرجی خۆیان هەروەكو لە خشتەكانی تردا ڕوون كراوەتەوە ئەم حاڵەتانەش زیان بە پرۆسەی چاكسازی دەگەیەنێت.

**خشتەی (٣٠/ب)**

**ڕای نەوجەوانان سەبارەت بە گەڕانەوەیان بۆ خوێندن پاش تەواوبوونی ماوەی چاكسازی ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا دەچیتەوە بۆ خوێندن؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢٥ | ٧١,٤٢٪ |
| نەخێر | ١٠ | ٢٨,٥٧٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

خشتەی (٣٠/ب) خواستی ٢٥ نەوجەوان و بەڕێژەی ٧١,٤٢٪ ڕوون دەكاتەوە كە دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ خوێندنەكانيان، بەڵام ١٠ كەسيان و بەڕێژەی ٢٨,٥٧٪ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوەو نایانەوێ بگەڕێنەوە پۆلەكانيان.

**خشتەی (٣١)**

**ماوەی كاركردنی نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا ماوەی چەندە كاردەكەیت؟ | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ١ – ٣ ساڵ | ١٠ | ٤٣,٤٧٪ |
| ٤ – ٦ ساڵ | ٨ | ٣٤,٧٨٪ |
| ٧ – ٩ ساڵ | ٥ | ٢١,٧٣٪ |
| كۆی گشتی | ٢٣ | ٩٩,٩٨٪ |

لەخشتەی (٣١)دا سێ بڕگەی مەترسیدار سەبارەت بە ماوەی ئەو نەوجەوانانەی كە كاريان كردووە نیشان دەدات، كە لەكاتی ئەنجامدانی كەتنەكانيان تەمەنیان خوار (١٨) ساڵ بووەو ١٠ كەسيان ماوەی (١–٣) ساڵ كاريان

کردووە. واتە کاتێك تەمەنیان ١٥ساڵ بووە کاریان کردووە، بەڵام بڕگەی دووەم کە ٨ کەسن لەنێوان (٤-٦) ساڵ بووە واتە تەمەنیان (١٢)ساڵ بووە کە کاریان کردووە، بەڵام بڕگەی ٣ کە ماوەی (٧-٩) ساڵییە ژمارەیان ٥ نەوجەوانن و کاتێك کە کاریان کردووە (٩-١٠)ساڵان بووە.تەمەنی بڕگەی یەکەم و دووەم بەگوێرەی یاسای چاودێری نەوجەوانان و بەگوێرەی یاسای کاری کۆمەڵایەتی بەهیچ شێوەیەك بۆ کارکردن نابێت.

**خشتەی (٣٢)**

**کێشەو گرفتی نەوجەوانان لەکاتی کارکردندا ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا لەسەر کارەکەت توشی هیچ گرفت و کێشەو توندوتیژییەك بویت؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ٪٢١,٧٣ |
| نەخێر | ١٨ | ٪٧٨,٢٦ |
| کۆی گشتی | ٢٣ | ٪٩٩,٩٩ |

خشتەی (٣٢) ئەوە نیشان دەدات کە ٥ نەوجەوان و بەڕێژەی ٢١,٧٣٪ توشی گرفت و کێشە بوون لەکاتی کارکردنیاندا، لەبەر زۆری خشتەکان بوار نەبوو بە ڕوونکردنەوەی ئەو گرفتانە، بەڵام ١٨ کەسیان و بەڕێژەی ٧٨,٢٦٪ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە.

**خشتەی (٣٣)**

**هەندێ لە تایبە تمەندییەکانی نەوجەوانان پێش ناردنیان بۆ چاکسازی ڕوون دەکاتەوە**

| بەر لە ناردنت بۆ چاکسازی کام لەمانەت هەبوو؟ | بەڵێ | نەخێر | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| جگەرەکێشان | ١٥ | ٢٥ | ٣٥ |
| مەی خواردنەوە | ١٢ | ٢٣ | ٣٥ |
| قومارکردن | ٧ | ٢٨ | ٣٥ |
| کێشانی ماددەی هۆشبەر | ٢ | ٣٣ | ٣٥ |

لەخشتەی (٣٣)دا ١٥ نەوجەوان جگەرەی کێشاوە، ١٢ کەسیان مەی خواردۆتەوە، ٧ کەسیان قوماری کردووە، ٢ کەسی تریان مادەی هۆشبەری بەکارهێناوە. ئەم ئاکارە ناشرینانە خۆی لە خۆیدا لادانی ئاکاری و لادانی یاساییە بەدەر لەو کێشەیەی کە لەسەری ڕاگیراون و دراونەتە دادگای نەوجەوانان. هەروەها بەشێوەیەکی گشتی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی لادانی نەوجەوانان.

**خشتەی (٣٤)**

**دیاردەی چەکداری لای نەوجەوانان بەر لە ناردنیان بۆ چاکسازی ڕوون دەکاتەوە**

| بەر لە ناردنت بۆ چاکسازی ئایا هیچ چەکداریت کردووە؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٤ | ٪١١,٤٢ |
| نەخێر | ٣١ | ٪٨٨,٥٧ |
| کۆی گشتی | ٢٣ | ٪٩٩,٩٩ |

خشتەی (٣٤) چوار نەوجەوانی چەکدار نیشان دەدات کە پێش دەستگیرکردنیان بەهۆی کەتنەوە چەکدار بوون، لەزۆربەی یاساکاندا تەمەنی خوار ١٨ ساڵ چەکداری لێ قەدەغەکراوە لەوانە یاسای چاودێری نەوجەوانان و جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤ.

## چوارەم/ نەوجەوان و ڕێکارە یاساییەکان

**خشتەی (٣٥)**

**ماددە یاساییەکان و جۆری ئەو کەتنانەی نەوجەوانان لەسەری ڕاگیراون ڕوون دەکاتەوە**

| ماددەی یاسایی | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | جۆری کەتن | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٣٩٣ | ١٣ | ٣٧,١٤٪ | لواطة | ١٣ | ٣٧,١٤٪ |
| ٤٤٣ | ٩ | ٢٥,٧١٪ | دزی | ٩ | ٢٥,٧١٪ |
| ٤٠٦ | ٧ | ٢٠٪ | کوشتن | ٧ | ٢٠٪ |
| ٤٠٥ | ٤ | ١١,٤٢٪ | هەوڵدان بۆ کوشتن | ٤ | ١١,٤٢٪ |
| ٤١٣ | ١ | ٢,٨٥٪ | شەڕکردن | ١ | ٢,٨٥٪ |
| ١٤مخدرات | ١ | ٢,٨٥٪ | کێشانی ماددەی هۆشبەر | ١ | ٢,٨٥٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٧٪ | کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٧٪ |

خشتەی (٣٥) جۆری کەتن و مادەی یاسایی نیشان دەدات کە نەوجەوانە لێتوێژراوەکان لەسەریان ڕاگیراون و دادگایی کراون و نێردراون بۆ چاکسازی بۆ بەسەربردنی مادەکانیان، ١٣ نەوجەوان و بەرێژەی ٣٤,١٤٪ بەهۆی پاشبازی (لواطة)وە بووە، ٩ کەسی دیکەیان‌و بەرێژەی ٢٥,٧١٪ دزییان کردووەو ٧ کەسی تریان بەرێژەی ٢٠٪ بەشدارییان لە کوشتنی خەڵکاندا کردووە، ٤ کەسی تریان بەرێژەی ١١,٤٢٪ بە هەوڵدان بۆ کوشتن و تەنها ١ کەسیان شەڕیان کردووەو ١ کەسی تریشیان بە مادەی ١٤ یاسای مادە هۆشبەرەکان دەستگیرکراون. چاکسازیکردنی ئەو نەوجەوانانە بەرنامەیەکی چاکسازی چڕوپڕو درێژخایەنی دەوێت، هەتا جارێکی تر نەگەڕێنەوە بۆ تاوان‌و لە دواڕۆژدا نەبنە (مجرم محترف– تاوانباری ناسراو).

**خشتەی (٣٦)**

**شوێن و ساڵی ڕوودانی کەتنەکانی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| شوێن | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی | ساڵ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | ١١ | ٣١,٤٢٪ | ٢٠١٠ | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| کەلار | ٩ | ٢٥,٧١٪ | ٢٠١٢ | ٧ | ٢٠٪ |
| ڕانیە | ٧ | ٢٠٪ | ٢٠١٣ | ١٤ | ٤٠٪ |
| دوکان | ١ | ٢,٨٥٪ | ٢٠١٤ | ٩ | ٢٥,٧١٪ |
| هەڵەبجە | ١ | ٢,٨٥٪ | کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |
| قەڵادزێ | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| دەربەندیخان | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| خورماڵ | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| خانەقین | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| عەربەت | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| ئاغجەلەر | ١ | ٢,٨٥٪ | – | – | – |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٣٪ | – | – | – |

لەڕاستیدا خشتەی (٣٦) پێویست بە شیکردنەوە ناکات چونکە داتاکان زۆر ئاشکران و هەریەکەیان بەپێی شوێن و ساڵ و دوبارەبوونەوەیان ئاماژەیان بۆ کراوە.

**خشتەی ( ٣٧ )**

**ڕۆڵی نەوجەوان لە ئە نجامدانی کەتنەکەدا ڕوون دەکاتەوە**

| ڕۆڵی نەوجەوان لە ئە نجامدانی کەتنەکە | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| سەرەکی | ١٨ | ٪٥١,٤٢ |
| لاوەکی | ١٧ | ٪٤٨,٥٧ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٩ |

خشتەی (٣٧) ڕۆڵی نەوجەوانە لێتوێژراوەکان لە ئەنجامدانی تاوانەکاندا ڕوون دەکاتەوە، ١٨ کەسیان و بەڕێژەی ٪٥١,٤٢ ڕۆڵی سەرەکیان هەبووەو خۆیان تاوانەکانیان ئەنجامداوە، بەڵام ١٧ کەسیان و بەڕێژەی ٪٤٨,٥٧ ڕۆڵی ناڕاستەوخۆیان هەبووە لەلایەن تاوانبارە گەورەکان (البالغين)ەوە بەکارهێنراون.بەو پێیەی یاساو ڕێکارە دادگاییەکان لەگەڵ توێژی نەوجەواناندا نەرمترەو سزاکانیان کەمترە زۆرجار تاوانبارە گەورەکان نەوجەوانان بەکاردەهێنن و دەیانکەن بە واجیهەی تاوانەکانیانو زۆجاریش خۆیان دەرباز دەبنو نەوجەوانەکان دەستگیردەکرێنو دەبنە قوربانی.

**خشتەی ( ٣٨ )**

**ئە نجامدەری کەتنەکە ڕوون دەکاتەوە**

| ئە نجامدەری کەتنەکە | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| نەوجەوان بەتەنیا خۆی | ١٥ | ٪٤٢,٨٥ |
| لەگەڵ نەوجەوانەکانی تر | ١٦ | ٪٤٥,٧١ |
| لەگەڵ گەورەکان | ٤ | ٪١١,٤٢ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٨ |

خشتەی (٣٨) کاریگەری هاوڕێی خراپ و خاوەن ڕابردووی تاوانکاری دەخاتەڕوو، ١٦ نەوجەوانی لێتوێژراو بەڕێژەی ٪٤٥,٧١ کاریگەرییان لەسەر یەکتری هەبووەو بەیەکەوە کەتنیان کردووە، ١٥ کەسی تریانو بەڕێژەی ٪٤٢,٨٥ نەوجەوانەکە بەتەنها خۆی ئەنجامی داوە لەکاتێکدا ٤ کەسیان و بەڕێژەی ٪١١,٤٢ لەگەڵ گەورەکان بونەتە قوربانی دەستی تاوانکاری ئەوان.

**خشتەی ( ٣٩/أ )**

**بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە لە بەرامبەر کەتنی نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئازادکردن بە بارمتە | ١٠ | ٪٢٨,٥٧ |
| ڕاگرتن | ٢٥ | ٪٧١,٤٢ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٨ |

خشتەی (٣٩/أ) ئەوە ڕوون دەكاتەوە كە ١٠ نەوجەوان و بەڕێژەی ٢٨,٥٧٪ دادوەری لێكۆڵینەوەی نەوجەوانان دوای لێكۆڵینەوەی سەرەتایی بە بارمتەی دارایی ئازادی كردوون تا ڕۆژی دادگایی كردنیان، بەڵام ٢٥ كەسیان و بەڕێژەی ٧١,٤٢٪ كەتنەكانیان بواری بارمتەی نەبووەو بەڕاگیراوی ماونەتەوە تا دادگایی كردنیان. دیارە ئەوەش لەبەر مەترسی جۆری كەتنەكەو سەلامەتی ژیانی نەوجەوانەكەو هەنگاوەكانی لێكۆڵینەوە بووە.

**خشتەی (٣٩/ب)**

**ماوەی ڕاگرتنی نەوجەوانان ڕوون دەكاتەوە**

| ماوەی ڕاگرتن | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٧ ڕۆژ | ١ | ٤٪ |
| ١٢ ڕۆژ | ١ | ٤٪ |
| ٣ مانگ | ٣ | ١٢٪ |
| ٤ مانگ | ٢ | ٨٪ |
| ٦ مانگ | ٧ | ٢٨٪ |
| ٧ مانگ | ٢ | ٨٪ |
| ٩ مانگ | ٣ | ١٢٪ |
| ١١ مانگ | ١ | ٤٪ |
| ١٤ مانگ | ١ | ٤٪ |
| ١٧ مانگ | ١ | ٤٪ |
| ١ ساڵ | ٢ | ٨٪ |
| ١ ساڵ و ٤ مانگ | ١ | ٤٪ |
| كۆی گشتی | ٢٥ | ١٠٠٪ |

لەخشتەی (٣٩/ب)دا ماوەی ڕۆژو مانگەكانی ڕاگرتن (توقیف) لە قۆناغی لێكۆڵینەوەدا دەخاتەڕوو كە كەمترینیان ٧ ڕۆژ و زۆرترینیان ساڵێك و چوارمانگە، ئەوەی لێرەدا پێویستە بوترێت و بەگوێرەی پرنسیپەكانی ڕێكارەكانی قۆناغی لێكۆڵینەوە پێویستە لە ماوەی ٣ مانگ زیاتر نەبێت لێكۆڵینەوە تەواو ببێت و نەوجەوانەكە لەمیانەی پرۆسەی دادگایی كردنیدا چارەنوسی دیاری بكرێت و ڕەوانەی چاكسازی بكرێت بۆ تێپەڕبوون بە بەرنامەكانی چاكسازیدا، بەڵام لە قۆناغی لێكۆڵینەوەدا ئەو چاكسازی و بەرنامانە نین كە دواجار زیان بە نەوجەوانەكەو پرۆسەی چاكسازی دەگەیەنێت.

**خشتەی (٤٠)**

**کۆتا بڕیاری دادگاییکردن ڕوون دەکاتەوە**

| کۆتا بڕیاری دادگاییکردن | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٥ ساڵ | ١٠ | ٢٨,٥٧٪ |
| ٦ مانگ | ٨ | ٢٢,٨٥٪ |
| ١٥ ساڵ | ٤ | ١١,٤٢٪ |
| ٧ ساڵ | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| ٢ ساڵ | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| ١٢ ساڵ | ٢ | ٥,٧١٪ |
| ١ ساڵ | ٢ | ٥,٧١٪ |
| ١٠ ساڵ | ١ | ٢,٨٥٪ |
| ٨ ساڵ | ١ | ٢,٨٥٪ |
| ٩ مانگ | ١ | ٢,٨٥٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٥٪ |

خشتەی (٤٠) بڕیاری دادگاییکردنی نەوجەوانە لێتوێژراوەکان دەخاتەڕوو کە لەماوەی ٩ مانگەوە هەتا ١٥ ساڵی تیایە کە تاوانی جنایات دەگرێتەوە، دیاریکردنی ماوەی دانانی هەر نەوجەوانێك و ناردنی بۆ چاکسازی بەواتای ئەوە دێت کە هەریەکەیان پێویستیان بەو ماوەیە هەیە کە بۆیان دیاریکراوە بۆ چاکسازی کردنیان و گەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵ تا ببنە تاکێکی بەرهەمهێن و دوور لە لادان و تاوان.

**خشتەی (٤١/أ)**

**هۆکاری ئەنجامدانی کەتنەکان ڕوون دەکاتەوە**

| هۆکارەکان | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| چاولێکەری و هاوڕێی خراپ | ٩ | ٢٥,٧١٪ |
| هەڵچوونی دەروونی | ٩ | ٢٥,٧١٪ |
| هەبوونی ئارەزووی تەواو بۆ ئەنجامدانی کەتنەکە | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| تۆڵە سەندنەوە | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| مەی خواردنەوە | ٣ | ٨,٥٧٪ |
| پەرتەوازەبوون و دووربوون لە سۆزی دایك و باوك | ٢ | ٥,٧١٪ |
| هەژاری و خراپی باری دارایی | ٢ | ٥,٧١٪ |
| ڕوودانی بە ڕێکەوت | ١ | ٢,٨٥٪ |
| دەستدرێژی سێکسی | ١ | ٢,٨٥٪ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٦٪ |

خشـتەی (٤١/أ) ئـەو هۆكارانـە ڕوون دەكاتـەوە كـە پاڵـیـان بـە نەوجەوانەكـەوە نـاوەو بـەرەو لادانـی بـردون، دیارترینیـان هـاوڕێی خـراپ و چـاولێكردنیەتی كـە ٩ نەوجـەوانن و بەڕێـژەی ٢٥,٧١٪ هـەروەها هەڵچوونی دەروونـی بەهەمان ژمارەو ڕێژە، هۆكارەكانی تریش بە ژمارەو ڕێژەی جیاواز خراونەتەڕوو.

**خشتەی (٤١/ب)**

**هاندەری نەوجەوانەكە بۆ ئەنجامدانی كەتنەكە ڕوون دەكاتەوە**

| هاندەری نەوجەوانەكە بۆ ئەنجامدانی كەتنەكە | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| هاوڕێی خراپ | ١٣ | ٣٧,١٤٪ |
| خودی نەوجەوان خۆی | ٧ | ٢٠٪ |
| كێشەی كۆمەڵایەتی | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| پاڵنەری هەرزەكاری | ٤ | ١١,٤٢٪ |
| پەروەردەی هەڵە | ٢ | ٥,٧١٪ |
| نزمی هۆشیاری | ٢ | ٥,٧١٪ |
| توندوتیژی خێزانی | ٢ | ٥,٧١٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٦٪ |

خشتەی (٤١/ب) بەهەمان شێوەی خشتەی پێشوو، ئەوەی جێگەی هەڵوێستە لەسەر كردنە هاوڕێیـەتی كەسـانی ترە كە پێشتر كەتنیان ئەنجامداوەو لەڕێی چاولێكردن و لاسایی كردنەوە كاریان كردۆتـە سـەر هاوڕێكانیـان و بـەرەو دونیای لادانیان بردوون. هۆكارەكانی تـریش پێویسـتیان بـە ڕاڤـەكردن و قسـە لەسـەركردن هەیـە بـەڵام لەبـەر زۆری خشتەكان لێرەدا بواری تەواو نییە.

**خشتەی (٤٢/أ)**

**كەتنی پێشینەی نەوجەوان ڕوون دەكاتەوە**

| ئایا پێشتر كەتنی ترت ئەنجام داوە | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٥ | ١٤,٢٨٪ |
| نەخێر | ٣٠ | ٨٥,٧١٪ |
| كۆی گشتی | ٣٥ | ٩٩,٩٩٪ |

لەخشتەی (٤٢/أ)دا ئەوەی جێگای تێڕامان و قسە لەسەر كردنە ئەو ٥ نەوجەوانەیە كە ڕێـژەیان ١٤,٢٨٪ پێشـتر كـەتنی تریـان كـردووەو سـوودیان لـە پرۆسـەی چاكسـازی نـەبینیوەو جـارێكی تـر گەڕاونەتـەوە بـۆ دونیـای لادان و بەهۆیەوە جارێكی تر نێردراونەتەوە بۆ چاكسازی.

**خشتەی (٤٢/ب)**

**جۆری ئەو كەتنانەی كە نەوجەوانان پێشتر ئەنجامیان داوە ڕوون دەكاتەوە**

| جۆری كەتن | دوبارەبووەكان | ماوەی ڕاگرتن |
|---|---|---|
| شەڕكردن و ڕاگرتن لەلای پۆلیس | ٣ | ٢مانگ و ١٥ ڕۆژ |
| دزیكردن و ڕاگرتن | ١ | ١ مانگ و ١٠ شەو |
| سەرپێچی هاتوچۆ | ١ | ١ مانگ |
| كۆی گشتی | ٥ | – |

لەم خشتەیەدا جۆری کەتنەکانی ئەو (٥) نەوجەوانە ڕوون دەکاتەوە کە پێشتر کەتنیان ئەنجام داوەو جارێکی تر گەڕاونەتەوە بۆ چاکسازی. چاکسازی کردنی ئەو نەوجەوانانە تەنها بەو ماوەیە نابێت کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازیەکەدا بەسەری دەبەن بەڵکو دەبێت خێزانەکانیان و دامەزراوەکانی کۆمەڵگاش تیایدا بەشداربن.

**خشتەی (٤٣)**

**ئەو ماوەیەی کە نەوجەوان تیایدا لە چاکسازی ڕاگیراوە ڕوون دەکاتەوە**

| ماوەی چەندە لە چاکسازیت | دوبارەبووەکان | ماوەی ڕاگرتن |
|---|---|---|
| ٦ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٤ ساڵ و ٧ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٤ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٣ ساڵ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢ ساڵ و ٦ مانگ | ٣ | ٨,٥٧ |
| ٢ ساڵ و ٤ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢ ساڵ و ٣ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢ ساڵ و ١ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٢ ساڵ | ٤ | ١١,٤٢ |
| ١ ساڵ و ٤ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١ ساڵ و ١ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ١٣ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١١ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١٠ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ مانگ و ٥ ڕۆژ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ مانگ | ٥ | ١٤,٢٨ |
| ٣ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢٠ ڕۆژ | ٤ | ١١,٤٢ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٨٩ |

جیاوازی خشتەی (٤٣) لەگەڵ هەردوو خشتەی (٣٩/ب)و خشتەی (٤٠) کاتی ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەو پڕکردنەوەی پرسیارنامەکان دەردەخات. لەمیانەی وتوویژ لەگەڵ توێژەرەکانی چاکسازی و بەرپرسەکانی ئەو دامەزراوەیە پێیان ڕاگەیاندین کە ناو بەناو بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەچێت و نەوجەوانەکان کە لەلای ئەوان سوودی لێدەبینن و ئازاد دەکرێن هەرچەندە ماوەی دانانەکانیشیان تەواو نەکردبێ و زۆری مابێت.

**خشتەی (٤٤)**

**ئەو ماوەیەی کە نەوجەوان ماویەتی لە چاکسازی بەسەری ببات ڕوون دەکاتەوە**

| چەندت ماوە لە ماوەی دانانەکەت لە چاکسازی؟ | دوبارەبووەکان | ماوەی ڕاگرتن |
|---|---|---|
| ١٩ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١٣ ساڵ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٨ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٦ ساڵ و ٣ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ ساڵ و ٦ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٤ ساڵ و ٥ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٤ ساڵ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٣ ساڵ | ٤ | ١١,٤٢ |
| ٢ ساڵ و ٨ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢ ساڵ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١ ساڵ | ٣ | ٨,٥٧ |
| ٧ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٦ مانگ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ مانگ و ١٠ ڕۆژ | ١ | ٢,٨٥ |
| ٥ مانگ | ٥ | ١٤,٢٨ |
| ٤ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٣ مانگ | ٢ | ٥,٧١ |
| ٢٥ ڕۆژ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١٧ ڕۆژ | ١ | ٢,٨٥ |
| ١١ ڕۆژ | ١ | ٢,٨٥ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٨٧ |

ماوەی هەر نەوجەوانێك دەردەخات کە ماویەتی و دەبێت لە چاکسازیدا بەسەری ببات، بەڵام هەروەکو لەخشتەی پێشووتردا باسکرا هەموویان چاوەڕێی بڕیاری لێبوردنی گشتی بوون و بەو هۆیەوە بەتەمای ئازادکردن بوون.

**خشتەی (٤٥)**

**سوود وەرگرتنی نەوجەوانان لە لێبوردنی گشتی سەبارەت بەو کەتنانەی کە پێشتر ئەنجامیان داوە ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا پێشتر سەبارەت بەهەر کێشە و کەتنێك سوودت لە لێبوردنی گشتی وەرگرتووە؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٢ | ٪٤٠ |
| نەخێر | ٣ | ٪٦٠ |
| کۆی گشتی | ٥* | ٪١٠٠ |

* لەم خشتەیەدا تەنها مەبەست لەو نەوجەوانانەیە کە پێشتر کەتنیان ئەنجام داوە.

خشتەی (٤٥) تەواوکاری خشتەکانی پێشووترە کە ناو بەناو بڕیاری لێبوردنی گشتی دەردەچێت و بەو هۆیەوە بەڕێوەبەرایەتی چاکسازی بەتاڵ دەبێتەوە بەبێ ئەوەی نەوجەوانەکان ماوەی دانانەکانیان تەواوبکەن. ئەم حاڵەتانەش ئەگەری گەڕانەوەیان جارێکی تر بۆ کەتن کردن ئەگەرێکی بەهێزە.

**خشتەی (٤٦/أ)**

**مامەڵەی کارمەندانی چاکسازی لەگەڵ نەوجەوانانذا ڕوون دەکاتەوە**

| مامەڵەی کارمەندانی چاکسازی چۆنە لەگەڵتا؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| باش | ٢٤ | ٪٦٨,٥٧ |
| زۆرباش | ٩ | ٪٢٥,٧١ |
| خراپ | ١ | ٪٢,٨٥ |
| زۆرخراپ | ١ | ٪٢,٨٥ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٨ |

**خشتەی (٤٦/ب)**

**خراپی مامەڵەی کارمەندانی چاکسازی لەگەڵ نەوجەوانان ڕوون دەکاتەوە**

| خراپی مامەڵەی کارمەندانی چاکسازی | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| گوێ نەگرتن و هاوکاری نەکردنی نەوجەوانان | ١ | ٪٥٠ |
| بەکارهێنانی لێدان لەگەڵ نەوجەوانان | ١ | ٪٥٠ |
| کۆی گشتی | ٢ | ٪١٠٠ |

هەردوو خشتەی (٤٦ أ، ب) مامەڵەی کارمەندانی چاکسازی کۆمەڵایەتی لەگەڵ نەوجەوانە لێتوێژراوەکان دەخاتەڕوو کە تەنها دوو نەوجەوانیان وتویانە مامەڵەیان لەگەڵیان خراپ و زۆر خرا بووە وەکو گوێ نەگرتن لێیان و هاوکاری نەکردنیان و بەکارهێنانی لێدان لەگەڵیان، لەمیانەی چاوپێکەوتن و وتووێژی توێژەران لەگەڵ بەڕێوەبەرو کارمەندانی بەرپرسی ئەو چاکسازییە ڕایان گەیاند کە زۆربەیان خولی تایبەت بە باش مامەڵەکردیان بینیوە.

**خشتەی (٤٧)**

**پەشیمانی نەوجەوانان بەرامبەر کەتنەکانیان ڕوون دەکاتەوە**

| ئایا پەشیمانیت لەو کەتنەی کە کردوتە؟ | دوبارەبووەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٠ | ٪٨٥,٧١ |
| نەخێر | ٥ | ٪١٤,٢٨ |
| کۆی گشتی | ٣٥ | ٪٩٩,٩٩ |

لەمیانەی پرسیارێك لە نەوجەوانە لێتوێژراوەکان کە ئایا پەشیمانیت لەوەی کردوتە؟ زۆربەیان کە ٣٠ کەسن بەڕێژەی ٪٨٥,٧١ وتویانە بەڵێ، بەڵام جێی سەرنج و تێڕامانە ٥ کەسیان و بەڕێژەی ٪١٤,٢٨ بە نەخێر وەڵامیان داوەتەوە. بەڕای هەردوو توێژەر ئەو (٥) نەوجەوانە پێویستیان بە توێژینەوەی بەکارهێنانی میتۆدی توێژینەوەی بار (دراسة الحالة) هەیە بۆ زانینی ئەو هۆکارانەی کە وای لێکردوون سووربن لەسەر ئەنجامدانی کەتنەکانیان و لێی پەشیمان نەبن.

**خشتەی (٤٨)**

**هۆكارەكانی پەشیمان نەبوونەوەی نەوجەوانان لە كەتنەكانیان ڕوون دەكاتەوە**

| هۆكارەكان | دوبارەبووەكان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| مافی خۆم بووە بەرگری لە خودی خۆم بكەم | ٣ | ٪٦٠ |
| ئارەزوویەك بووەو تێرم كردووە | ٢ | ٪٤٠ |
| كۆی گشتی | ٥ | ٪١٠٠ |

هەروەكو لەخشتەی پێشووتردا باسكرا پێویستە ئەو (٥) نەوجەوانە لەلایەن توێژەرەكانەوە زیاتر كاریان لەگەڵدا بكرێ و فێری رۆشنبیری یاسایی بكرێن ئەگەرنا داكۆكی لە خود بە مانای كەتن كردن یان تاوان نایەت، هەروەها دوانیان بیانویان ئارەزوو تێركردن بووە، كە هەردووكیان لەسەر پاشبازی (لواطة) و دەستدرێژی كردنە سەر نەوجەوانی تر دەستگیر كراون، ئەگەر بەو شێوەیە لە چاكسازی بمێننەوەو سوود لە بەرنامەكانی وەرنەگرن و دواتر بە بڕیاری لێبوردن ئازاد بكرێن ئەگەری ئەوە هەیە دیسانەوە بۆ تێركردنی ئارەزووەكانیان تاوان ئەنجام بدەن و گوێ بە هیچ نەدەن.

## دەرئە نجامەكانی توێژینەوەكە و تاوتوێكردنی ئاما نجەكان:

لەپاش خستنەڕووی ئەو زانیارییە مەیدانییانەی كە تایبەت بوون بە توێژینەوەی "هۆكارە كۆمەڵایەتیەكان و كاریگەری لەسەر لادانی نەوجەوانان" لێرەدا پێویستە ئەو دەرئەنجامانە بخەینەڕوو كە پەیوەستن بە ئەنجامەكانی توێژینەوەكە، دەرئەنجامەكانیش بریتین لە:

١- دەربارەی ئەو ئامانجەی كە دەڵێت " هەوڵدان بۆ زانینی بوونی توندوتیژی لەنێو خێزانی نەوجەوانان " هەروەك لەخشتەی (١٧/أ)دا دەركەوتووە نەوجەوانان بەڕێژەی ٪٨٥,٧١ ڕەتیان كردۆتەوە كە توندوتیژی لەنێو خێزانەكەیاندا هەبێت لەبەرامبەردا ٪١٤,٢٨ ئاماژەیان بۆ بوونی توندوتیژی لەنێو خێزانەكانیاندا كردووە.

٢- دەربارەی ئەو ئامانجەی كە دەڵێت " هەوڵدان بۆ زانینی بەردەوامیدان بە خوێندن لەلایەن نەوجەوانانەوە " هەروەك لەخشتەی (٢٢/أ)دا ڕوون كراوەتەوە ٪٦٥,٧١ نەوجەوانان بەردەوامن لە پرۆسەی خوێندن لە بەرامبەردا ٪٣٤,٢٨ وازیان لە خوێندن هێناوە.

٣- دەربارەی ئەو ئامانجەی كە دەڵێت " ئایا نەوجەوان بەر لەوەی ئاراستەی خانەی چاودێری بكرێت كاری كردووە؟" هەروەك لەخشتەی (٢٤/أ)دا ڕوون كراوەتەوە ٪٦٥,٧١ نەوجەوانان بەر لە توشبوونیان بە لادان و كێشەی یاسایی كاریان كردووە، لەبەرامبەردا ٪٣٤,٢٨ كاریان نەكردووە.

٤- دەربارەی ئەو ئامانجەی كە دەڵێت " هۆكاری ئەنجامدانی كەتن لای نەوجەوان چییە؟ " هەروەك لەخشتەی (٤١/أ)دا ڕوون كراوەتەوە هەریەك لە چاولێكەری و هاوڕێی خراپو هەڵچوونی دەروونی ٪٥١,٤٢ پێك دەهێنێ، دواتر تۆڵە سەندنەوەو مەی خواردنەوە ٪١٧,١٤ پێك دەهێنێ، هەبوونی ئارەزووی تەواو بۆ ئەنجامدانی كەتنەكە ٪١٤,٢٨ پێك دەهێنێ، پەرتەوازەبوون و دووربوون لە سۆزی دایك و باوك، هەژاری و خراپی باری دارایی ٪١١,٤٢ پێك دەهێنێ، پاشان ڕوودانی بە ڕێكەوتو دەستدرێژی سێكسی ٪٥,٧ پێك دەهێنێ.

## ڕاسپاردەکان

١- لێپرسینەوە لەو دایك و باوکانەی کە منداڵ و نەوجەوانەکانیان ناچار دەکەن بەبێ هۆیەکی ناچاری واز لە خوێندن بهێنن.

٢- گرنگیدان بە دامەزراوەکانی چاکسازی و بەردەوامبوون لە چاودێریکردنی ڕەفتاری کەتنکەر دوای ئەوەی تەواوبوونی ماوەی چاکسازییەکەی. دواتر یارمەتیدانی بەوەی کە بتوانێ لەگەڵ ژیانی گشتی و ژینگەی کۆمەڵایەتی دەوروبەردا بگونجێت پاش ئەوەی کە ماوەی چاکسازییەکەی تەواودەبێت، ئەمەش بۆ ئەوەیە گەنجێکی بەهێز دروست ببێت و سودی لەو سزایە وەرگرتبێت کە وەری گرتووە.

٣- گرنگیدان بەو دامەزراوانەی کە نەوجەوانانی کوڕان و کچان لەخۆدەگرن و بەدواداچوون بکرێ بۆ سەرکەوتنیان لە خوێندن لەو دامەزراوانەدا. هاوکاری ئەوانەی تریش بکرێت کە بەردەوام نین لە خوێندن بەوەی کە پیشەیەك یاخود کارێکی تایبەت فێر بکرێن بۆ ئەوەی پاش تەواوبوونی ماوەکەیان لە چاکسازی بتوانن بەشێوەیەکی باشتر ڕووبەڕووی ژیانی واقیعی ببنەوە.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری خێزان لەبەرئەوەی خێزان ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە پێگەیاندنی منداڵان و نەوجەوانان بەشێوەیەکی پەروەردەیی تەندروست.

# سەرچاوەكان

## سەرچاوەكان بە زمانی عەرەبی:

١- أبو الحسن عبدالموجود إبراهيم، ديناميات الانحراف والجريمة، ٢٠٠٨، المكتب الجامعي الحديث، الكتاب الاول، أسوان.

٢- احسان محمد الحسن، السرقة كمشكلة إجتماعية، ١٩٩٩، ط١، مطبعة جامعة بغداد.

٣- احسان محمد الحسن، علم الاجرام، ٢٠٠١، ط١، مطبعة جامعة بغداد.

٤- احمد زكي بدوي، معجم مصطلحات العلوم الاجتماعية، بدون سنة الطبع، مكتبة لبنان.

٥- حامد عبدالسلام زهران، الصحة النفسية والعلاج النفسي، ١٩٧٧، عالم الكتب، القاهرة، مصر.

٦- خليل أحمد خليل، المفاهيم الاساسية في علم الاجتماع، ١٩٨٤، دار الحداثة.

٧- سامي محمد ملحم، مشكلات طفل الروضة، ٢٠٠٢، دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع، عمان.

٨- سامية حسن الساعاتي، الجريمة والمجتمع، ١٩٨٣، دار النهضة العربية للطباعة والنشر، ط٢، بيروت.

٩- سميرة أحمد السيد، مصطلحات علم الاجتماع، بدون سنة الطبع، مكتبة الشقري، المملكة العربية السعودية، الطبعة الاولى، السعودية.

١٠- عبدالعزيز عبدالله مختار، طرق البحث للخدمة الاجتماعية، ١٩٩٥، دار المعرفة الجامعية، ط١، القاهرة.

١١- عبدالمنعم يوسف السنهوري، التكيف النفسي، ١٩٧٨، المكتب الجامعي الحديث، القاهرة.

١٢- عبدالمنعم يوسف السنهوري، دراسات امبريقية في خدمة الفرد في المجتمع المعاصر، ٢٠٠٧، المكتب الجامعي الحديث، ط١، القاهرة.

١٣- فتحية عبدالغني الجميلي، الجريمة والمجتمع، ٢٠٠١، ط١، مطبعة جامعة بغداد.

١٤- محمد الطاوي محمد مبارك، البحث العلمي اسسه وطريقة كتابته، المكتبة الاكاديمية للنشر، ١٩٩٢، ط١، القاهرة.

١٥- محمد شفيق، السكان والتنمية، القضايا والمشكلات، ١٩٩٦، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية.

١٦- محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، ١٩٧٩، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

١٧- معن خليل عمر، علم اجتماع الاسرة، دار الشروق للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠، ط١، عمان.

١٨- منير العمرة، انحراف الاحداث ومشكلة التقويم، ١٩٧٤، المكتب المصري الحديث للطباعة والنشر، القاهرة.

١٩- نعيم حبيب جمنيني، علم اجتماع التربية المعاصر بين النظرية والتطبيق، ٢٠٠٩ ط١، دار وائل للنشر، الاردن.

## سەرچاوەكان بە زمانی كوردی:

١- فەرهەنگی دەریا، ئامادەكردنی ڕزگار كەریم، ٢٠٠٦، چاپخانەی مەهادەن، ئێران، چاپی یەكەم.

# پاشکۆکان

**وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**
**زانکۆی سلێمانی**
**سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکان**
**بەشی کۆمەڵناسی**

## هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانو کاریگەری لەسەر لادانی نەوجەوانان

### توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مەیدانییە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان

توێژەران هەڵدەستن بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك بەناونیشانی "هۆکارە کۆمەڵایەتیەکانو کاریگەری لەسەر لادانی نەوجەوانان"، توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مەیدانییە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان، بەئامانجی خزمەتکردنی پرۆسەی زانستو برەودان بە توێژینەوەی زانستی، بۆیە تکایە نیشانەی (√) لە شوێنی گونجاودا دابنێو پێویست بە ناونووسین ناکات.

**تەوەری یەکەم/ نەوجەوان و خێزانەکەی:**

١- رەگەز: نێر ( ) مێ ( )

٢- تەمەن: ( )

٣- باری کۆمەڵایەتی: سەڵت ( ) خێزاندار ( )

٤- پیشە، بەر لە هاتنت بۆ خانەی تێبینی: ( )

٥- شوێنی نیشتەجێبوونت بەر لە هاتنت بۆ خانەی تێبینی: ( )

٦- جۆری نیشتەجێبوون: ( )

٧- داهاتی خێزانەکەتان: ( ) دینار مانگانە.

٨- ئایا باوکت لە ژیاندا ماوە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر لەژیاندا ماوە ئاستی زانستیەکەی ( )

پیشەکەی ( )

٩- ئایا دایکت لە ژیاندا ماوە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر لەژیاندا ماوە ئاستی زانستیەکەی ( )

پیشەکەی ( )

١٠- ئایا باوکت ژنی تری هەیە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١١- بەر لەهاتنت بۆ خانەی تێبینی ئایا لەگەڵ خێزانەکەت (دایکت و باوکت دەژیای) ؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٢- ئایا دایکت و باوکت بەیەکەوە دەژین؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

١٣- ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە ئایا تۆ لەگەڵ کامیان دەژی؟ ( )

١٤- ژمارەی ئەندامانی خێزان: کوڕ ( ) کچ ( )

١٥- ریزبەندی تۆ لەخێزانەکەتدا چەندە؟ ( )

١٦- پەیوەندی نێوان باوكتو دایكت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

١٧- ئایا توندوتیژی لە خێزانەكەتدا هەیە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێیە ئەو توندوتیژییە چۆنە؟ ( )

١٨- ئایا هیچ كام لە ئەندامانی خێزانەكەت لەسەر هەر كێشەیەك ڕاگیراوەو زیندانی كراوە؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەكە بەڵێیە تكایە ئەوە ڕوون بكەرەوە ( )

١٩- ئایا باوكت كام لەمانەی هەیە؟ جگەرەكێشان: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

مەی خواردنەوە: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

قوماركردن: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

كێشانی ماددەی هۆشبەر: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

هەر هۆیەكی نەرێنی تر: ( )

٢٠- پەیوەندی تۆ لەگەڵ باوكت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

پەیوەندی تۆ لەگەڵ دایكت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

پەیوەندی تۆ لەگەڵ براكانت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

پەیوەندی تۆ لەگەڵ خوشكەكانت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

٢١- ئایا كەسی تر لە كەسوكاری باوكت یان دایكت لەگەڵتان دەژین؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەكە بەڵێیە كێن و چەند كەسن ( )

**<u>تەوەری دووەم: نەوجەوان و پرۆسەی خوێندن</u>:**

٢٢- ئایا لەخوێندن بەردەوامی؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر بەردەوامی لەخوێندن ئایا هیچ ساڵێك ماویتەوە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر بەڵێیە ئەوا لەپۆلی ( ) لە قۆناغی ( ) ماومەتەوە.

٢٣- ئەگەر وازت لە خوێندن هێناوە لە چ قۆناغێك بووە؟ ( )

هۆكاری وازهێنان لە خوێندنەكەت چی بووە؟ ( )

٢٤- ئەگەر ماوەی ڕاگرتنەكەت لە چاودێری كۆمەڵایەتی تەواوبوو ئایا حەزدەكەیتو ئامادەیت بچیتەوە بۆ خوێندن؟

بەڵێ ( ) نەخێر ( ) .

ئەگەر وەڵامەكەت نەخێرە بۆچی؟ ( )

**<u>تەوەری سێیەم: نەوجەوان و كاركردن:</u>**

٢٥- ئایا بەر لە ناردنت بۆ خانەی تێبینی كارت دەكرد؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەكەت بەڵێیە چ جۆرە كارێكت دەكرد؟ ( )

٢٦- ڕۆژی چەندت پارە دەست دەكەوت؟ ( ) دینار.

٢٧- ئەو پارەیەت چۆن خەرج دەكرد؟ ( )

٢٨- بۆچی كارت دەكرد؟ ( )

٢٩- ئایا ڕۆژانە دوای دەوامی قوتابخانە كارت دەكرد؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٣٠- ئایا كارەكەت بەدڵ بوو؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەکەت نەخێرە بۆچی؟ تکایە زانیاری تەواوی لەسەر بدە ( )

٣١- ئەگەر بەهۆی کارکردنتەوە وازت لە خوێندن هێناوە ئایا دوای تەواوبوونت لە خانەی تێبینی دەچیتەوە سەر کارەکەت؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

یان دەچیتەوە بۆ خوێندن؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٣٢- ئایا ماوەی چەندە کاردەکەیت؟ ( )

٣٣- ئایا لەسەر کارەکەت توشی هیچ گرفتو کێشەو توندوتیژییەك بویت؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٣٤- بەر لە ناردنت بۆ خانەی تێبینی ئایا کام لەمانەت هەبوو: جگەرەکێشان: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

مەی خواردنەوە: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

قومارکردن: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

کێشانی مادەی هۆشبەر: بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٣٥- بەر لە ناردنت بۆ خانەی تێبینی ئایا هیچ چەکداریت کردووە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە تکایە زانیاری تەواوی لەسەر بدە: ( )

**تەوەری چوارەم: نەوجەوان و پرۆسەی کارکردن:**

٣٦- مادەی یاسایی ( )

٣٧- جۆری کەتن ( )

٣٨- شوێنی ڕودانی کەتن و بەروارەکەی:

٣٩- ڕۆڵی نەوجەوانەکە لە ئەنجامدانی کەتنەکە: سەرەکی ( ) لاوەکی ( )

٤٠- ئەنجامدەری کەتنەکە: نەوجەوان بەتەنیا خۆی ( ) لەگەڵ نەوجەوانەکانی تر ( ) لەگەڵ گەورەکان ( )

٤١- بڕیاری دادوەری لێکۆڵینەوە: ئازادکردن بە بارمتە ( ) ڕاگرتن ( ) ماوەی ڕاگرتنەکە ( )

٤٢- کۆتا بڕیاری دادگایی کردن: ( )

٤٣- هۆکاری ئەنجامدانی کەتنەکە: ( )

٤٤- هاندەری نەوجەوانەکە بۆ ئەنجامدانی کەتنەکە: ( )

٤٥- ئایا پێشتر کەتنی ترت ئەنجامداوە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەکەت بەڵێیە تکایە زانیاری تەواو سەبارەت بە کاتو شوێنو هۆکاری ئەنجامدانی کەتنەکەو کۆتا بڕیاری دادگایی کردنەکە بدە ( )

٤٦- ماوەی چەندە لە خانەی تێبینیت؟ ( )

چەندت ماوە لە ماوەی دانانەکەت لەخانەی تێبینی؟ ( )

٤٧- ئایا پێشتر سەبارەت بەهەر کێشەو کەتنێك سوودت لە لێبوردنی گشتی وەرگرتووە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

٤٨- ئایا مامەڵەی کارمەندانی خانەی تێبینی لەگەڵت چۆنە؟ زۆرباش ( ) باش ( ) خراپ ( ) زۆرخراپ ( )

ئەگەر مامەڵەکە خراپ یان زۆر خراپە تکایە زانیاری تەواوی لەسەر بدە: ( )

٤٩- ئایا پەشیمانیت لەو کەتنەی کە کردوتە؟ بەڵێ ( ) نەخێر ( )

ئەگەر وەڵامەکە نەخێرە بۆچی؟ تکایە هۆکارەکەی باس بکە: ( )

سوپاس بۆ هاوکاری کردنتان

# الملخص

## العوامل الاجتماعية وأثرها على جنوح الاحداث"

## دراسة سوسيولوجية ميدانية في اصلاحية السليمانية/ قسم الاحداث

يحاول الباحثان من خلال هذا البحث تحقيق مجموعة من الاهداف عن طريق استخدام الاستمارة الاستبيانية لجمع المعلومات المتعلقة بموضوع البحث، اذ تشكل انحراف الاحداث مشكلة عالمية لا تقتصر وجودها على مجتمع معين ويدخل المجتمع الكردي ضمن هذه المجتمعات التي تواجه مشكلة انحراف الاحداث التي تؤدي بهم الى ارتكاب الجنوح الجرائم المختلفة حيث تعكس آثارها السلبية على المجتمع، فاصبح لزاما على الباحثين الاكاديميين اجراء دراسات وبحوث مختلفة وخاصة في اختصاصي علم الاجتماع والخدمة الاجتماعية.

قام الباحثان بإجراء هذا البحث على الاحداث الموقوفين في اصلاحية السليمانية قسم الاحداث، واعتمد في هذا البحث على منهج المسح الاجتماعي عن طريق استخدام المسح الشامل بلغ عددها (٣٥) مبحوثا وقت اجراء البحث، وتم استخدام استمارة الاستبيان المكونة من (٤٩) سؤلاً تتضمن المحاور المتعلقة بالبيانات الخاصة بالمبحوثين وحياتهم بهدف جمع أكبر كمية من المعلومات والوصول الى النتائج العلمية الدقيقة.

تكمن أهمية هذا البحث في تعريف الجهات المختصة بمشكلة اعتراف الاحداث ومدى خطورتها على المجتمع، والتأكيد على أن الحدث الجانح نفسه ضحية للتنشئة الاجتماعية والاسرية الغير سليمة والبيئة الاجتماعية الغير صحيحة من جهة، ومن جهة الاخرى درجة الخطورة التي تشكلها سلوك المنحرفين والجانحين اللااجتماعية واللاقانونية على الآخرين، وهذا بدوره يجعل اجراء الدراسات والبحوث العلمية ضرورة لابد منها إذا أخذنا بنظر الاعتبار التغيرات التي تطرأ على حجم و نسبة هذه الظاهرة، من جراء تغيرات البيئة الاجتماعية الظروف السياسية والاجتماعية.

على الرغم من كون هذه الدراسة ليست الاولى حيث الموضوع اذ سبقتها دراسات وبحوث كثيرة الا أن اهمية هذه الدراسة تكمن في اعتماده على متغيري (الزمان والمكان) اذ تخلف هذه الظاهرة باختلاف الزمان والمكان، هذا بالاضافة الى امكانية اجراء مقارنة علمية بين بحثنا الحالي والبحوث السابقة والتي ستجرى في المستقبل حول هذا الموضوع بهدف معرفة نسبة وحجم الظاهرة في المجتمع من حيث الزيادة أو النقصان، وهذا بدوره يفرض على الجهات المسؤلة والمعنية العمل بجد على نتائج هذه الدراسات وايجاد الحلول المناسبة لها بهدف التقليل من نسبتها والحد من الاسباب الاجتماعية التي تدفع بالاحداث للانحرافات والجنوح وتعرضهم للعقاب كما أن ادخالهم للاصلاحيات تشكل عبئاً على الحكومة حتى يتم اصلاحهم واعادتهم الى المجتمع.

# Abstract

## "Social factors and their impact on juvenile delinquency"
## Sociological study in the field of reform Sulaymaniyah / Department events

The researchers try to gain some aims by using survey forms in collecting data, which are specific to the sample of the research. As one knows, the deviation of adolescents is a problem in the word and it is not specific to a certain society. Kurdistan has its share of those problems, which faced adolescents and later altered to deviation and committing crimes. This type of research on this phenomenon is the function of any academic or a researcher in social and society field.

The study has made among adolescents, which were about persons for those crimes that they commit. Therefore, by total covering dealt with adolescents not by taking samples because the total number was 35 persons at the time of this study. The tool for collecting the data is a form of survey, which contains 48 questions and it holds all of hubs, which has relations to adolescents' life for collecting the best and the scientific information.

The important of this study is to inform those who are concerned by those cases and dangers, that adolescents do to society. In one hand, the adolescents, who committed crimes, are the victim of unhealthy and wrong education, environment, and society. On the other hand, they become a factor for learning bad habits, non –social and illegal deeds. Therefore, doing researches in this field is an important scientific work for each social researcher, because the amount and rate of deviation of adolescents will change according to the environment, social, economy and political effects.

In spite of the fact that this study is not the first where the topic as it was preceded by studies and research are many, but the importance of this study lies in its reliance on the two variables (time and place), as this phenomenon retardation according to time and place, in addition to the possibility of a scientific comparison between present our research and previous research which will be held in the future on this issue in order to determine the proportion of the size of the phenomenon in the society in terms of increases or decreases, which in turn forces the authorities Responsible and concerned to work hard on the results of these studies and find appropriate solutions in order to reduce the increase and the reduction of social causes that drive events for deviations and delinquency and exposure punishment is also admitted to the Corrections are a burden on the government until it is reformed and bring them back to the community.

# پێگەی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردیدا

## (توێژینەوەیەکی شیکارییە)

**م. محەمەد کەریم ئەحمەد**

**دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی**

**پوختە**

تەوەری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە پێگەی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردیدا، کە گۆڤارەکە لە خولی سێیەمیدا، بەشی (B) لەماوەی (٣) ساڵی دەرچوونیدا (٧) ژمارەی لێدەرچووە، و یەکەمین ژمارەی لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە و دواهەمین ژمارەشی لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦ دەردەچێت. سەبارەت بە کێشەی توێژینەوەکەش، توێژەر لە ڕێگەی پێشکەشکردنی چەند پرسیارێکەوە دەیخاتەڕوو، لەوانە:

١- گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا چەند توێژینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە؟

٢- گۆڤارەکە لەو ماوەیەدا لە ناوەڕۆکی بابەتە زانستییەکاندا زۆرترین بایەخی بۆ کام جۆری بابەتەکان بووە؟

٣- گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا زۆرترین بابەتی بە کام زمان بڵاوکردۆتەوە؟

ئامانجی توێژینەوەکەش خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانەش:

١- دیاریکردنی ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا.

٢- زانینی ناوەڕۆکی بابەتە زانستیەکان.

٣- دیاریکردنی ئەو زمانەی کە زۆرترین توێژینەوەی پێ ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکەش توێژینەوەیەکی وەسفییە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی بۆ بەکارهاتووە.

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەر بەشێکیش چەند تەوەرێك لەخۆ دەگرێت.

بەشی یەکەم، تایبەتە بە میتۆدنامەی توێژینەوەکە، کە لەم بەشەدا بایەخ، کێشە، ئامانج، جۆر و ڕێباز، بوار، کۆمەڵ و سامپڵ و ئامرازی توێژینەوەکە باسیان لێوە کراوە، هەروەها لەگەڵ پێناسە و ناساندنی چەمك و زاراوەکان.

بەشی دووەم، تایبەتە بە لایەنی تیۆری توێژینەوەکە، لەم بەشەدا بە پشت بەستن بە چەند سەرچاوەیەکی زانستی لە باسی یەکەمدا باسمان لە چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند کردووە، باسی دووەم تایبەتە بە گۆڤاری ئەکادیمی وەك ڕۆژنامەنووسیەکی تایبەتمەند، باسی سێیەم تەرخانکراوە بۆ جۆرەکانی گۆڤاری ئەکادیمی، باسی چوارەم بۆ پێگەی گۆڤاری ئەکادیمی لە ڕۆژنامەنووسیی کوردیی هەرێمی کوردستاندا تەرخانکراوە، باسی پێنجەمیش تایبەتە بە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان.

بەشی سێیەم، کە دوا بەشە و تایبەتە بە لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە و لە باسی یەکەمدا کورتەیەکمان دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە ڕوون کردۆتەوە، لە باسی دووەمیشدا باس لە ڕێکارەکانی ناخشیکاری کراوە، هەرچی باسی سێیەمیشە تایبەت کراوە بە ئەنجامی ناخشیکاریی توێژینەوە، کە لە چەند خشتەیەکدا شیکاری بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکان کراوە.

لە کۆتایشدا جگە لە لیستی سەرچاوەکان، دەرەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئەمە جگە لە ڕاسپاردە و پێشنیازەکان و پاشکۆیەکی تایبەت بە بیبلیۆگرافیای هەر (٧) ژمارەکەی گۆڤاری ئەکادیمیانی کە بەپێی ژمارەی دەرچوون بۆ هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی جیاکراونەتەوە.

## پێشەکی

دەرکردنی گۆڤاری ئەکادیمی و ئەنجامدانی کاری ئەکادیمی و توێژینەوەی زانستی لە دنیای ڕاگەیاندن و زانستیدا پێگەیەکی گرنگی هەیە، بەتایبەتی لەسەردەمی ئێستادا، چونکە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ جیهان فراوانبوونی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت و لە ئەنجامی کارە ئەکادیمییەکان و توێژینەوە زانستییەکانیشدا داهێنانی تازە دێتەکایەوە. هەر بۆیە ناوەندە ئەکادیمییەکان کە زانکۆ و پەیمانگاکان دەگرنەوە، جگە لە کاری سەرەکیی خۆیان کە وتنەوەی وانەیە، شان بەشانی سەنتەرەکانی توێژینەوەی زانستی بە ئەنجامدانی توێژینەوە و کاری زانستیی داهێنەرانەوە خەریکن، هەموو ئەمانەش پێویستیان بەوە هەیە بخرێنە ڕوو و چاپ بکرێن و توێژەرانی دیکە لێی ئاگاداربن و سوودی لێوەربگرن. لە دەرئەنجامی ئەمەدا جۆرێکی دیکەی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند هاتە کایەوە، ئەویش ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بە کاری ئەکادیمی، بۆ ئەوەی سەرجەم توێژینەوە زانستی و پڕ بایەخەکان کە سوودیان بۆ کۆمەڵگە هەیە تێیدا بڵاوبکرێتەوە، ئەمە جگە لەوەی سوودی بۆ خودی توێژەرەکەش دەبێت بە مەبەستی بەرزکردنەوەی پلەی زانستی.

(گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندیی کوردیدا، توێژینەوەیەکی شیکارییە بۆ سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکە لە خولی سێیەم بەشی (B)دا، چونکە ئەم گۆڤارە لە تەمەنی خۆیدا بە چەند قۆناغێك دەرچووە، ئەمە جگە لەوەی لە هەر قۆناغێکیشدا بە دوو بەشی جیا دەرچووە، بەشی (A) بۆ زانستە سروشتتیەکان و بەشی (B) بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان بووە. کە هەریەکێك لەم بەشانەش لەلایەن بۆردێکی تایبەتەوە بەڕێوەبراون. ئەم گۆڤارە لە خولی یەکەم و دووەمدا تەنها لەلایەن (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) دەرچووە، بەڵام لە خولی سێیەمدا بە هاوبەشی لەگەڵ (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) دەرچووە.

## بەشی یەکەم
## میتۆدنامەی توێژینەوەکە

**١-بایەخی توێژینەوەکە:**

ئەنجامدانی توێژینەوە بۆ پێگەی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردیدا بایەخی خۆی هەیە، دەکرێت بایەخەکانیش لەم ڕوانەی خوارەوە دیاری بکەین:

**أ- بۆ کۆمەڵ:** دەروازەیەکە بۆ زانینی داتا و زانیارییەکان لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بە بوارێکی دیاریکراوی وەکو توێژینەوە زانستی، بۆ ئەوەی کۆمەڵ لە بایەخی بابەتە زانستیە بڵاوکراوەکان زیاتر بگات و لێیان ورد بێتەوە.

**ب- بۆ زانست و ناوەندە ئەکادیمییەکان:** بایەخ و کەڵکی زۆری هەیە بۆ ئەوەی بە ئاسانترین شێوە بگەنە ئەو زانیاریانەی پێویستیان پێیەتی و گەشەی زیاتری پێ بدرێت.

**٢- کێشەی توێژینەوەکە:**

کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

أ- (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لەماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا چەند توێژینەوەی زانستی بڵاوکردۆتەوە؟

ب- گۆڤارەکە لەو ماوەیەدا لە ناوەڕۆکی بابەتە زانستییەکاندا زۆرترین بایەخی بۆ کام جۆری بابەتەکان بووە؟

ج- گۆڤارەکە لە بڵاوکردنەوەی بابەتەکاندا زۆرترین بابەتی بە کام زمان بڵاوکردۆتەوە؟

**٣- ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانجی توێژینەوەکەش خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینێتەوە، لەوانەش:

أ- دیاریکردنی ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکان لە ماوەی دیاریکراوی توێژینەوەکەدا.

ب- زانینی ناوەڕۆکی بابەتە زانستیەکان.

ج- دیاریکردنی ئەو زمانەی کە زۆرترین توێژینەوەی پێ ئەنجامدراوە.

**٤- جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەکی وەسفییە و لایەنە پراکتیکییەکەشی لەڕێی ڕێبازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک (ناخشیکاری)یەوە ئەنجامدراوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگایەوە بابەتەکانی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) شیبکەینەوە.

**٥- بواری توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە (٣) بوارەوە ئەنجامدراوە:

**أ- بواری شوێن:** لە نێو سەرجەم ئەو گۆڤارە زانستیانەی کە لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و ناوەندە زانستییەکان دەردەچن، (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)مان وەکو سامپڵی توێژینەوەکە هەڵبژاردووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ:

- گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمی بووە، کە لە خولی سێیەمیدا بەشێوەیەکی ڕێکوپێك دەرچووە.
- لە تەواوی پارێزگا و ناوەندە ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراقیشدا بڵاودەکرێتەوە.
- گۆڤارەکە بووەتە ناوەندێکی ئەکادیمی گەورە بۆ مامۆستایان تاکو توێژینەوەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە.

**ب- بواری کات:** بە دیاریکراوی کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ تاکو ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١٦، (١٢/٢٠١٤ – ٦/٢٠١٦) وەرگیراوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گۆڤارەکە بەشێوەیەکی وەرزی ڕێکوپێك لە کاتی خۆیدا دەرچووە.

**ج- بواری بابەت:** سەرجەم بابەتە زانستییەکان دەگرێتەوە کە لەماوەی دیاریکراو و لە (٧) ژمارەکەدا بڵاوکراونەتەوە.

**٦- کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە:**

**أ- کۆمەڵی توێژینەوەکە:** بریتییە لە (٧) ژمارەی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ماوەی دیاریکراوی سەرەوەدا، لە خۆ دەگرێت.

**ب- سامپڵی توێژینەوەکە:** توێژەر سەرجەم ژمارەکانی گۆڤارەکەی لە خولی سێیەمدا وەرگرتووە لە ماوەی دیاریکراودا، کە لە کۆی هەر (٧) ژمارەکەدا (١٠٣) بابەتی زانستی بە هەرسێ زمانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) بڵاوکراوەتەوە.

**٧- ئامرازی توێژینەوەکە:**

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا (٢) ئامرازی بەکارهێناوە، ئەوانیش بریتین لە:

**أ- چاوپێکەوتن:** بۆ ئەوەی لەسەر (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) زانیاری و وردەکاری دروستمان دەستبکەوێت، پەنامان بۆ چاوپێکەوتن بردووە، بۆ ئەم مەبەستە لە نزیکەوە پرسیارەکانمان ئاراستەی بۆردی گۆڤارەکە کردووە.

**ب- فۆڕمی ناخشیکاری:** بە مەبەستی ئەنجامدانی شیکاریی ورد، فۆڕمێکمان بۆ ناخشیکاریی بابەتەکانی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) ئامادەکردووە.

**٨- ئامارشیکاریی بەکارهاتوو:**

توێژەر لە چەند خشتەیەکدا پرۆسەی ژمێرەیی بە کارهێناوە، کە خۆی لە دووبارەیی و ڕێژەی سەدەی و پلەبەندی دەبینێتەوە، ئەمە جگە لەوەی لە هەر خشتەیەکدا خانەیەکی تایبەتی بۆ کۆی گشتی و دووبارەیی داناوە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ئەنجامەکان بەدەستبهێنێت.

**٩- چەمك و زاراوەکان:**

بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەم توێژینەوەیە، چەند چەمك و زاراوەیەك بەکارهاتووە، بۆیە لێرەدا بە پێویستمان زانی پێناسە بۆ هەندێك لەم چەمك و زاراوانە بکەین:

**أ- گۆڤار:** بڵاوکراوەیەکە بەشێوەی خولەکی دەردەچێت، کە تیایدا ژمارەیەك بابەت و وتاری جۆراو جۆری تێدا بڵاودەکرێتەوە. گۆڤار لە شێوەی دەرچوونیەوە (٢) جۆری هەیە، یەکەمیان گشتین و هەموو بابەتێکی تێدا بڵاودەکرێتەوە، دووەمیان تایبەتمەندن و تایبەتن بە یەك بوار، زانستی، وەرزشی، هونەری، .....هتد.

**ب- گۆڤاری زانستی:** بەو گۆڤارە تایبەتمەند و پسپۆڕە زانستیانە دەوترێت کە توێژینەوەی تایبەتمەند لە بوارێکی دیاریکراودا تێیدا بڵاودەکرێتەوە، دوای ئەوەی توێژینەوەکان بۆ ژمارەیەك پسپۆڕی تایبەتمەند لە هەمان بواردا دەنێردرێت. بەشێوەیەکی گشتیش (٢) جۆر گۆڤاری زانستی هەیە، یەکەمیان تایبەت بە بواری زانستە پەتییەکان (ژیان)، دووەمیان تایبەت بە بواری زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان.

**ج- توێژینەوەی زانستی:** ئامرازێكە بۆ بەكارهێنانی داتا و زانیاری ڕێك و ورد، كە توێژەر هەوڵدەدات زانیارییەكان ئاشكرا بكات یاخود زانیارییە نوێیەكان بخاتە سەر بۆ بابەتێك بۆ پێشكەوتنی یاخود ڕاستكردنەوەی زانیارییەكان، پێویستیشە هەنگاوە زانستتیەكان و هەڵبـژاردنی ڕێگا و كەرستە پێویستیەكانی توێژینەوەكە و سەرجەم داتا و زانیارییەكان لەبەرچاو بگرێت.

**د- گۆڤاری ئەكادیمیانی كوردستان:** گۆڤارێكی زانستیی ئەكادیمییە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەكان، كۆمەڵەی ئەكادیمییانی كوردستان و دەستەی كوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی وەرزانە دەریدەكەن.

## بەشی دووەم

## لایەنی تیۆری

### باسی یەكەم: ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ... چەمك و پێناسە

ئەستەمە بەلای توێژەرانەوە بگەنە دەرئەنجامێك بۆ دیاریكردنی پێناسەیەكی یەكگرتوو بۆ ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، چونكە هەریەكەیان لە تێڕوانینی خۆیەوە یاخود لە گۆشە نیگایەكەوە دەڕوانێتە ئەم چەمكە و پێناسەی تایبەتی خۆی بۆ دەكات، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە كە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند مەوداكەی فراوانە و پێناسەی جۆرا و جۆری بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە وردبوونەوە لە سەرجەم پێناسەكاندا دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی كە جیاوازییەكی ئەوتۆ لە ناوەڕۆكیاندا نییە.

لە سەرچاوە فەرهەنگیەكاندا وا پێناسەی بۆ كراوە، كە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند تەنیا گرنگی بەو چینە كۆمەڵایەتییە دەدەن كە گوزارشتیان لێدەكەن، یاخود ئەو گروپە پیشەییەی خزمەتییان دەكات، یاخود بەبواری چالاكی مرۆیی كە پسپۆڕێتی تێدا دەكات و جەختدەكاتە سەر ئەو هەواڵانەی تایبەتن بەو بوارەی گرنگی پێدەدات،[1] هەروەها لە فەرهەنگی ڕاگەیاندنی كوردیشدا هاتووە كە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند هەموو پەڕەكانی بۆ بابەتی تایبەتمەند تەرخان دەكات و لەجۆرەها لاوە چارەسەری دەكات و بەهەموو ڕەنگەكانی پیشاندان و نووسین، ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند هەمە جۆرن و هەموو بوارەكانی چالاكیی مرۆڤایەتی دەگرێتەوە، وەك ئاینی، سیاسی، زانستی، ئەدەبی، وەرزشی، ژنان، منداڵ، لاوان، پیشەسازی، كرێكاری، سەربازیو....هتد.[2] هەروەها لە فەرهەنگی زاراوە گەلی ڕاگەیاندنیشدا هاتووە كە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، لەبابەتێكدا پسپۆڕن و هەموو لاپەڕەكانی خۆیان بۆ ئەو بوارە تەرخاندەكەن و لەگەڵێك گۆشەوە بۆ ئەو بوارانە دەچن و پەردەیان لەسەر هەڵدەدەنەوە و هەموو بوارەكانی چالاكی مرۆڤ دەگرنەوە.[3]

---

[1] د. محمد فرید عزت: القاموس الموسوعی للمصطلحات الاعلامیة، (قاهرة: مطبعة المدنی، ٢٠٠١)، ص٥٢٨.

[2] جەمال عەبدول: فەرهەنگی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی، عەرەبی، كوردی، (سلێمانی: لەبڵاوكراوەكانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦)، ل٢٢٨.

[3] بەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن، ئینگلیزی، كوردی، عەرەبی، (هەولێر: لەچاپكراوەكانی كۆڕی زانیاری كوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥)، ل٦٥-٦٦.

لەسەرچاوەکانی دیکەی زانستیدا بەتایبەتی توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن بەهەمان شێوە پێناسەی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندیان کردووە، کە تەنها هونەرێکی دیاریکراوی ژیان لەخۆدەگرێت و قسە لەبارەیانەوە دەکات، هەروەها ئەو ڕۆژنامەنووسییەی کە ڕوو لە دەستەیەك یا کۆمەڵێك یا چینێکی دیاریکراو دەکات.[1] یان ئەم ژمارە زۆرەی گۆڤار و ڕۆژنامانەی کە لەزانکۆ و گروپ و ڕێکخراوو دامەزراوە هەمەجۆرەکان لەبوارەکانی ئاینی، سەربازی، دارایی، ئەدەبی، وەرزش، پزیشکی، منداڵان....هتد دەردەچن، سەرجەم ئەمانە بە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ناو دەنرێن.[2]

یاخود ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، وەکو ڕۆژنامەیەك یاخود گۆڤارێك، پەیامەکەی ئاراستەی توێژێکی دیاریکراو لە خوێنەرانی دەکات.[3] و لە ئەنجامی پەرەسەندن و بڵاو بوونەوەی پەروەردە لە جیهاندا سەریهەڵداوە و چونکە ڕۆژنامەکان دەبوایە وەڵامی ئارەزووەکانی خوێنەران بدەنەوە، ئەویش لە ئەنجامی ئەو فشارەی خستوویانە سەر ڕۆژنامەکان، هەر بۆیە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە دەوترێت، کە لەکاتی بڵاوبوونەوەیاندا خەمەکانیان سنووردار دەکەن لەسەر یەك بابەتی دیاریکراودا، کە ئەمەش وەڵامدانەوەیەکە بۆ بەشێکی دیاریکراوی خوێنەران کە ئارەزوومەندن بۆ ئەم جۆرە بابەتە دیاریکراو و تایبەتمەندانە لە بوارەکانی هەواڵ و وتاردا.[4]

لە دەرئەنجامی ئەم پێناسانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەیەکی گشتگیر بۆ ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند بکەین، کە سەرجەم ئەو بڵاوکراوە جۆر بەجۆرانە دەگرێتەوە کە هەریەکەیان تایبەتمەندی خۆیان هەیە لە دەرچووندا و کاتێکی دیاریکراویشان دیاریکردووە بۆ دەرچوونیان، لە ناوەڕۆکیشدا فۆرمێکی تایبەتیان هەیە و لاپەڕەکانیان تەرخان کردووە بۆ بابەتێکی دیاریکراو، یان بۆ گروپ و دەستە و توێژ و چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵ.

**باسی دووەم: گۆڤاری ئەکادیمی وەك ڕۆژنامەنووسیەکی تایبەتمەند**

بە هۆی ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەهۆی پێشکەوتنە سەرسوڕهێنەرەکان لەسەرجەم بوارەکاندا بە تەواوی بەرەو ئاڵۆزی چووە و فراوانبوونی زۆری بەخۆیەوە بینیووە، و خودی مرۆڤیش پێویستی بەوە هەبوو لە کار و پسپۆری و تەنانەت حەز و ئارەزووەکانیشیدا، تایبەتمەندێتی خۆی هەبێ و خۆی لە بوارێك یا ئەوپەڕی دوو بواردا بدۆزێتەوە، چونکە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بە هۆی فراوانبوون و ئاڵۆزبوونی ژیانی مرۆڤ و پێشکەوتنی شارستانی و بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، سەرجەم بوارەکانی ژیانیش بێ جیاوازی بەرەو وردبونەوە و دابەشبوون چووە.[5] ئەمەش بووە بەهۆی ئەوەی ئیش و کار و پسپۆری و شارەزایی مرۆڤ لە بوارێکی دیاریکراودا ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەشێوەیەکی بەردەوام بەرەو تایبەتمەندبوون بچێت، کە ئەمە وایکردووە تاکەکان لە بوارە دیاریکراوەکەیاندا کە خۆیان بۆی تەرخان کردووە، زیاتر شارەزایی پەیدا بکەن بەهۆی ئەوەی کە خۆیان تەنها لەو بوارەدا ببینەوە و تەواو بچنە بنج و بناوانی، هەروەها ناتوانرێ لەیەك کاتدا بە ئاسانی لەگەڵ جەماوەرێکی فراوان بدوێت بەهۆی دابەشبوونی جەماوەر

---

[1] د. جابر عصفور (الاشراف): مائة عام على تحرير المرأة، (بدون مكان طبع: سلسلة ابحاث المؤتمرات، الجزء الاول، ١٩٨٩)، ص١٤٣.

[2] د. تيسير أبو عرجة: دراسات في الصحافة والاعلام، (عمان: دار مجلادي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠)، ص٨٨.

[3] د. عبدالرزاق علي الهيتي: الصحافة المتخصصة، ط٢، (الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١)، ص١٤.

[4] د. عيسى محمود الحسن: الصحافة المتخصصة، (الاردن– عمان: دار النشر دار زهران، ٢٠١٣)، ص٧.

[5] کاروان عەلی: ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند، گرنگترین بوارەکانی ڕۆژنامەگەریی کوردی تایبەتمەند ١٩١٤– ١٩٩١، (کەرکوك: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧)، ل٢٤.

بەسەر چەندین توێژ و گرووپ کە ئاست و جۆری تێڕوانین و بۆچوونیان جیاوازە، هەروەها جۆری پێداویستییەکانیشیان جیاوازە.[1]

ئەگەر هەر پێناسەیەك لە پێناسەکانی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند وەربگرین ئەوا گۆڤاری ئەکادیمی دەکەوێتە ناو ئەو بازنەیە و بە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ئەژمار دەکرێت، هەر بۆیە چەند پێناسەیەك بۆ ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسیە کراوە کە بەو گۆڤارە تایبەتمەند و پسپۆڕە زانستیانە دەوترێت کە توێژینەوەی تایبەتمەند لە بوارێکی دیاریکراودا تێیدا بڵاودەکرێتەوە، کە کار دەکات بۆ گواستنەوەی زانست و زانیاری بۆ خوێنەران، بەهۆی شیکردنەوە و ئاسانکردنی زانست و بڵاوبوونەوەی ڕۆشنبیریی زانستیدا، ئەو زانستانەی کە لەڕێگای ئەکادیمی و لێکۆڵینەوەی ڕاست و دروستدا بەدەست دێن، کە پێوەندی بەرابردوو و ئێستا و ئایندەوە هەبێت، ئەم زانستانەش، زانستی، زانستە سروشتییەکان، تەکنەلۆژیا، زانستی رامیاری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفە و...هتد.[2]

توێژەرانی ئەکادیمی توێژینەوەکانیان بۆ یەکێك لە گۆڤارە ئەکادیمییەکان دەنووسن، بۆردی گۆڤارەکە پێداچوونەوەیەکی خێرا بۆ توێژینەوەکە دەکەن، تاکو بڕیار بدەن کە ئایا توێژینەوەکە مەرجەکانی بڵاوکردنەوەی تێدایە تاکو لە گۆڤارەکە بڵاوبکرێتەوە، یاخود توێژینەوەکە ڕەتدەکرێتەوە و خاوەنەکەی لێ ئاگاداردەکرێتەوە.

دوای ڕەزامەند بوونی بۆردی گۆڤارەکە و جێبەجێکردنی سەرجەم مەرجە زانستی و هونەرییەکان لەلایەن توێژەرەوە، توێژینەوەکە بۆ هەڵسانگاندن ئامادە دەکرێت و ئاراستەی ژمارەیەك پسپۆر دەکرێت، ئەوانیش دوای هەڵسەنگاندنەکە ڕاپۆرتی تایبەتی خۆیان دەربارەی توێژینەوەکە و بەهای زانستی توێژینەوەکە دەنووسن، ڕەنگە جارێکی دیکە توێژینەوەکە بە سەرنج و ڕاسپاردەی هەڵسەنگێنەرانی پسپۆر ئاراستەی توێژەر بکرێتەوە تاکو سەرنج و تێبنییەکان ڕاست بکاتەوە و ئینجا بڵاوبکرێتەوە، یاخود بۆردی گۆڤارەکە ڕاستەوخۆ بڕیاردەن کە توێژینەوەکە شایەنی بڵاوکردنەوە و ڕاستەوخۆ بڵاودەکرێتەوە، بەمەش نووسراوی ڕێگەپێدانی بڵاوکردنەوە (قبول بالنشر) ئاراستەی توێژەرەکە دەکرێت، تاکو ڕێکارە یاساییەکانی خۆی جێبەجێبکات تاکو گۆڤارەکە دەردەچێت.[3]

بۆیە بەلای توێژەرەوە گرنگە چۆن و کامە گۆڤاری زانستی هەڵدەبژێرێت، چونکە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکەی داهاتووی دیاریدەکەن، بۆیە پێویستە ئامانج و ڕووبەری گۆڤارەکە و شێوەی و پەسەندکردنی توێژینەوە بزانێت. دەرکردنی ئەم گۆڤاری ئەکادیمی تایبەتمەندییەکانی خۆی هەیە، هەر ئەمەش وا دەکات لە گۆڤارەکانی دیکە جیا بکرێتەوە، چونکە ئەو توێژینەوە زانستیانەی دەگەنە گۆڤارەکە ڕاستەوخۆ بڵاوناکرێنەوە، بەڵکو چەند مەرج و ڕێنماییەکی تایبەت بەخۆیان هەیە، هەندێکیان لەوانە زانستین و کۆی گۆڤارە ئەکادیمییەکان لەسەری کۆکن، لەوانە: توێژەر مامۆستا بێت و هەڵگری بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا بێت، هەروەها توێژینەوەکەی لە ئاستی بەرز دابێت و

---

[1] عوني عبدالفتاح عزام: الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، (بدون مكان الطبع: دراسة شبكة الاستراتيجية، بدون سنة الطبع)، ص١٥.

[2] د. اسماعيل ابراهيم: الصحفي المتخصص، ط٢، (قاهرة: دار للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦)، ص٩٠.

[3] بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە: تعريف المجلة العلمية المحكمة من ويكيبديا، الموسوعةالحرة
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%A9_%D8%B9%D9%84%D9%85%D9%8A%D8%A9_%D9%85%D8%AD%D9%83%D9%85%D8%A9

یەکەمین جاربێت ئەنجام درابێت و لە هیچ شوێنێکی دیکە بڵاونەکرابێتەوە و بگاتە چەند دەرئەنجامێکی ڕوون، ئەمە جگە لەوەی ئاگاداری ئەمانەتی زانستی بێت و ئاماژە بە کۆی سەرچاوە بەکارهاتووەکان بکات.[1]

ئەمە جگە لەوەی هەندێك ڕێنمایی دیکەی هونەری هەیە، کە بۆردی گۆڤارەکان بە هیچ شێوەیەك پشتگوێی ناخەن و بە گرنگیەوە لێی دەڕوانن، لەوانە هەموو توێژینەوەك بۆ هەڵسەنگاندن پێشکەشی پسپۆڕ و شارەزایانی تایبەتمەند بە توێژینەوەکە دەکرێت، هەر ئەمەشە کە گۆڤاری ئەکادیمی تایبەتمەند لە کۆی گۆڤارە تایبەتمەندییەکانی دیکە جیای دەکاتەوە، بەوەی نەك بەتەنها بۆردی گۆڤارەکە بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوە و نەکردنەوەی بدەن، هەروەها چەندین مەرجی دیکە کە پەیوەندیداران بە جۆری نووسین (فۆنت) و گەورەیی و بچووکی نووسینەکان.[2]

**باسی سێیەم: جۆرەکانی گۆڤاری ئەکادیمی:**

بەهۆی ئەو گرنگیەی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند هەیەتی، پسپۆڕانی بواری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی لەناو بڵاوکراوە تایبەتمەندەکاندا چەندین بواری دیکەیان جیا کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەران تەنها بەدوای ئەو بابەتانەوە بچن کە زۆر لەخۆیانەوە نزیکە و بەلایانەوە گرنگە، بۆ نمونە (د. حسێن قەندی) لەپۆلێنکردنێکدا ڕۆژنامەنووسیی وەرزشی کە تایبەتە بەوەرزش بە نمونە بهێنیەوە، هەر ڕۆژنامەیەك بۆ بوارێکی وەرزشی تەرخان دەکات، بەمەش بڵاوکراوە تایبەتمەندییە وەرزشییەکان بەم شێوەیە لێدەکات: (تۆپی پێ، تۆپی دەست، گۆڕەپان و مەیدان، مەلەوانی، گۆڵف، بەرزکردنەوەی قورسایی، ئەسپ سواری، شەترەنج، بۆکسێن....هتد).[3] بەمەش ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند تەنها لەبواری خۆیدا نەماوەتەوە، بەڵکو بوارەکەی خۆی وردتر کردۆتەوە بۆ ئەوەی خوێنەر تەنها گرنگی بە بواری نزیکی خۆی بدات، چونکە ژیانی ئاڵۆز و فراوانبووی ئێستا، گەیشتۆتە قۆناغێك کە تایبەتمەندێتیی لەهەموو بوارێکدا بەسەر مرۆڤایەتیدا سەپاندووە، لەمانەش کاری ڕۆژانە، خوێندن، ئارەزووەکان و ...هتد، هەر بوارێکیش لەم بوارانە بەڕادەی زۆر فراوان بووە و ئەمەش بەدوای خۆیدا ئەو پێویستییەی هێناوەتە ئارا کە کەناڵی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت بۆ ئەوەی دواجار بتوانرێت پەیوەندی و بەردەوامبوونی بوارەکە لەگەڵ جەماوەرەکەی پتەوتر و درێژخایەنتر بێت لەڕووی ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و ئاگاداربوون لەدوایین هەواڵ و ئاشنابوون بەلایەنە شاراوە و چاك و خراپی بوارەکە.

بەمەش گۆڤاری ئەکادیمی ئەم دابەشبوونەی بەخۆیەوە بینیووە و دابەش بووە بە سەر دووبەشی سەرەکی، هەر یەکەش لەم بەشە سەرکیانە بەپێی پسپۆڕی خۆیان چەند بەشێکی لێ جیاکراوەتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

---

[1] بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ڕێنماییە زانستییەکان بڕوانە: د. فوزي رجب: متطلبات وشروط النشر في المجلات العلمية المرموقة، وەرگیراوە لە:

http://www.arsco.org/detailed/699abd4f-bf9c-40b0-a2cf-2319bb403337

[2] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕێنماییە هونەرییەکان بڕوانە:

http://www.alacademyiq.com/Arabic/CMS.php?CMS_P=7

[3] د. حسێن قەندی: ڕۆژنامەوانی تایبەتمەند، و: لەفارسیەوە کارزان محەمەد، (سلێمانی: چاپخانەی تیشك، ٢٠٠٨)، ل٢٠٨-٢٠٩.

**١- گۆڤاری ئەكادیمی تایبەت بە بواری زانستە سروشتی و پراكتیكییەكان:** لەم جۆرە گۆڤارانەدا هەموو ئەو توێژینەوە زانستیانە بڵاودەكرێنەوە كە تایبەتن بە بەشە زانستییەكان، بەشێك لە زانكۆكان بەهۆی بچووكی زانكۆكە یاخود كەمی مامۆستا (بەتایبەتی لە هەرێمی كوردستاندا) یەك گۆڤاری ئەكادیمی تایبەت بە بواری زانستە سرووشتیەكان هەیە، بەڵام لە زانكۆ گەورەكاندا بۆ هەر كۆلێژێك یاخود بەشێكی زانستی گۆڤاری تایبەت بەخۆیان هەیە، لەوانە گۆڤاری ئەكادیمی تایبەت بە: (پزیشكی، ئەندازیاری، زانست، كشتوكاڵ.... هتد)، هەندێكیش لەمانە گۆڤارەكانیان چڕتر كردۆتەوە، بۆ نمونە وەكو گۆڤاری (تەلارسازی، نەوت، بایۆلۆجی.....هتد.

**٢- گۆڤاری تایبەت بە بواری زانستە مرۆیی و كۆمەڵایەتییەكان:** بەهەمان شێوە لەم جۆرە گۆڤارانەدا هەموو ئەو توێژینەوە زانستیانە بڵاودەكرێنەوە كە تایبەتن بە بەشە ئەدەبییەكان، بەڵام هەندێكجاریش ئەم جۆرە گۆڤارانەش دابەشكردنێك بەخۆیانەوە دەبینن و هەر كۆلێژەی بەجیا یاخود بەشێك گۆڤارێكی تایبەت بەخۆی دەردەكات، بۆ نمونە گۆڤاری ئەكادیمی تایبەت بە (ڕاگەیاندن، مێژوو، ئایینی، جوگرافیا .......هتد).

**باسی چوارەم: پێگەی گۆڤاری ئەكادیمی لە ڕۆژنامەنووسیی كوردیی هەرێمی كوردستاندا**

بەهۆی ڕەنگدانەوە و دابەشبوونی كۆمەڵایەتیی ئیش و كارەكان، كە پێوەندی بە ئاستی پێشكەوتنی شارستانیانەی گشتیی كۆمەڵ و پێشكەوتنی هێز و پەیوەندییەكانی بەرهەمەوە هەیە،[١] هەروەها دوای ئەوەی ژیانی مرۆڤایەتی بەرەو ئاڵۆزی و فراوانی چووە، مرۆڤەكان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا لە كار و كاسبی و تەنانەت حەز و ئارەزووەكانیشی تایبەتمەندێتی وەرگرتووە، بۆیە كاری ڕۆژنامەوانییش وەك بەشێك یا بوارێك لە ژیانی مرۆڤایەتی و پیشەیەك بۆ توێژێكی ئەو كۆمەڵە، بە هەمان شێوە تایبەتمەندێتی وەرگرتووە.[٢] بەمەش ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند لەقۆناغە پێشكەوتووەكانی كۆمەڵ سەریهەڵداوە، كە كاری دابەشكردن و پسپۆری تیایدا ڕەنگی دایەوە و بوو بە كارێكی پێویست و دابەشكردنی كار و پسپۆری،[٣] بەمەش ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند چووە قۆناغێكی دیكەوە و گەشەكردنێكی خێرای بەخۆیەوە بینی تا بووە هۆی ئەوەی كە سەجەم چین و توێژەكان بوون بە خاوەنی بڵاوكراوەی تایبەت بەخۆیان.، هەروەها بەدەستهێنانی پلەیەكی بەرز و زۆربوونی ڕێژەی خوێنەران و ڕێژەی فێربوون وایكرد بەجۆرێك ڕێژە و ئاستی فێركردنی هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا و زانكۆ و پەیمانگاكان و دواناوەندییەكان ڕێژەیان زیاد بكات،[٤] لەم ڕووەوە تاكەكان زیاتر پێویستیان بە ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بوو، بۆ ئەوەی چالاكانەتر وەڵامی داواكارییەكانیان بداتەوە و لەئاست وەڵامدانەوەی وەرگرەكان بێت.[٥]

لە سەردەمەی ئێستاماندا دەركردنی گۆڤاری ئەكادیمی لە هەرێمی كوردستاندا پێگەیەكی دیاری هەیە، بە جۆرێك ناوەندە ئەكادیمییەكانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەر یەكەیان گۆڤارێكی ئەكادیمی

---

[١] د. أديب خضور: الاعلام المتخصص، الاقتصادي.. الرياضي.. الثقافي.. السكاني.. العلمي خصائص الكتابة الاذاعة والتلفزيون، ط٢، (دمشق: بدون دار النشر، ٢٠٠٥)، ص٧-٨.

[٢] كاروان عەلی قادر: س. پ، ل١٩.

[٣] د. اديب خضور: الاعلام الامني، (دمشق: المكتبة الاعلامية (٢٣)، ٢٠٠٢)، ص١١-١٢.

[٤] د. تركي نصار: تاريخ الاعلام الاردني (دراسة تاريخية وصفية)، ط٢، (الاردن: عالم الكتب الحديث، ٢٠٠٧)، ص١٧.

[٥] د. أديب خضور: الاعلام الامني، ص١٧.

تایبەت بە خۆیان هەیە، کە زۆربەی گۆڤارەکانیش بەناوی خودی زانکۆکە خۆیانەوە دەردەچن، لەوانە (گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، زانکۆی سەلاحەددین، دهۆك، کۆیە، هەروەها لە زانکۆی کۆیە جگە لەم گۆڤارە گۆڤارێکی دیکە بەناوی (ئارۆ) کە تایبەتە بە بابەتە زانستیەکان، ڕاپەڕین، گەرمیان........هتد)، ئەم گرنگییە تەنیا بۆ ناوەندە ئەکادیمییەکان نەماوەتەوە، بەڵکو گروپ و ڕێکخراو و کۆمپانیاکانیش لە هەرێمی کوردستاندا لەهەوڵی دەرکردنی ڕۆژنامەنووسیی تایبەت بەخۆیانن بۆ ئەوەی گرنگی کارەکەی خۆیان دەربخەن، یاخود باس لەخواستەکانی خۆیان بکەن، کە هەریەکێك لەم گۆڤارانە بایەخ و گرنگی خۆیان هەیە دەکرێت توێژینەوەی زانستی وردیان لە بارەوە بکرێت.

گۆڤاری ئەکادیمی لە کوردستاندا نەك بە تەنها پێگەیەکی دیاری لە ناو ڕۆژنامەنووسیی کوردی هەیە، بەڵکو بووەتە سەرچاوەیەکی بەهێز بۆ دەرکردنی چەندین کتێب، هەر وەکو چۆن ئەمە لە وڵاتانی دیکەشدا پەیڕەو دەکرێت، بۆ نمونە ئەو ئەدیبانەی گەیشتونەتە لوتکە و ڕۆژنامەنووسیی و ئەدەبیان بەیەکەوە بەستۆتەوە و ئەو توێژینەوە ئەدەبیانەی بڵاویان کردۆتەوە، لەدواتردا کۆیان کردۆتەوەو کردویانەتە کتێب.[1] بەمجۆرەش بەشێکی زۆری ئەو توێژەرانەی توێژینەوەکانیان لە گۆڤارە ئەکادیمییەکاندا بڵاوکردۆتەوە، هەڵساون بە کۆکردنەوەی سەرجەم توێژینەوەکانیان و دواتر لە ژێر یەك ناونیشان لە بەرگێکدا یان چەند بەرگێکدا یاخود بە چەند کتێبێکی جیا چەندین کتێبیان بە چاپ گەیاندووە.

**باسی پێنجەم: دەربارەی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان**

(گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە سەرەتادا وەکو گۆڤارێکی زانستی و باوەڕپێکراو لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و کۆی ناوەندە ئەکادیمی و زانستییەکاندا لەلایەن (کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان) دەرچووە، ئەم گۆڤارە لە تەمەنی خۆیدا بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیووە دوو بەشی هەبووە، بەشی (A) تایبەت بووە بە زانستە سروشتتیەکان و بەشی (B) تایبەت بووە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، هەر یەکەشیان لەلایەن بۆردێکی پسپۆریی تایبەتەوە بەڕێوە براون. بەشی (A) لە ڕابردوودا (٩) ژماری لێدەرچووە، یەکەمین ژمارەی لە مانگی پووشپەڕی ٢٠٠١ دەرچووە و لە خولی نوێشدا ژمارەیەکی لێدەرچووە، هەرچی بەشی (B) لە خولی یەکەمدا تەنها یەك ژمارەی لە ساڵی ١٩٩٩ لێدەرچووە و لە خولی دووەمیشدا بە هەمان شێوە یەك ژمارەی لە مانگی جۆزەردانی ٢٠٠١ لێدەرچووە، کە تایبەت بووە بۆ توێژینەوەکانی یەکەمین کۆنفرانسی زانستی زانکۆی سلێمانی کە لە ٢٧ و ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٠ ئەنجام درابوو.

تاکو کۆتایی ساڵی ٢٠١٤ هەردوو بەشی ئەم گۆڤارە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە لە سەرووی هەمووشیانەوە هۆکاری دارایی و هونەری لە دەرچوون وەستاون، ئەوەی ئێمە زیاتر مەبەستمانە و سامپڵی توێژینەوەکەشمانە بەشی (B) گۆڤارەکەیە، کە لە ئێستادا لەلایەن (دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) و (کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان) دەردەچێت، ئەم هەنگاوە و کاری هاوبەشەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، یەکەمیان لە پێناو دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی جددی بووە بۆ ئەوەی لەکاتی خۆیدا دەربچێت و ئەکادیمیانی کوردستان و مامۆستایانی هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بتوانن توێژینەوەکانیان تێدا

[1] د. عبدالعزيز شرف: وسائل الاعلام ومشكلتة الثقافية، (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٣)، ص٨٦.

بڵاوبکەنەوە، دووەمیان بۆ ئەوەی لە پێناو جێبەجێکردنی بڕیاری ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٣ ی پەرلەمانی کوردستان کە دەقی (پەیاننامەی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق)ی تێدا پەسەند کراوە، بەشداربن لەکاری هاوبەشی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و دام و دەزگا گشتییەکان و هەلی تۆکمەتربوونی، بەو پێیەی (کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان)، کە بەشێکن لە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەگەڵ (دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) کە دەزگایەکی فەرمیی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری هاوبەش بەیەکەوە ئەنجام بدەن.[1]

(گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ژمارە (١)یدا و لەسەر ڕووپەڕەی بەرگی یەکەمدا وای خۆیناساندووە، کە گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمیە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتیەکان، خولی سێیەم، بەشی (B) ژمارە (١)ی لە کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤ دەرچووە. هەر لەم ژمارەیەدا و سەرجەم ژمارەکانی دیکەشدا هەردوو لۆگۆی (دەستەی کوردستانی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) و (کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان) لەسەر بەرگی گۆڤارەکە بڵاوکراونەتەوە. لە لاپەڕەی یەکەمی گۆڤارەکەدا ستافی بۆردی گۆڤارەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دیاریکراوە: (سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر: پ. د. پۆلا ئازاد خانەقا، سکرتێری نووسین: پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، دەستەی نوسەران: پ. ی. د. نەوزاد محەمەد ئەحمەد، پ. ی. د. جەمشید حەیدەر حەیدەری، پ. ی. د. عەلی قادر عوسمان، پ. ی. د. عەباس مستەفا عەباس، د. هێرش ڕەسوڵ موراد، د. ئازاد حەمە عەبدوڵڵا. لە لاپەڕەی دووەمیشدا هەمان ستاف بە زمانی عەرەبی جارێکی دیکە نووسراونەتەوە.

لە لاپەڕە (٤)داا دەقی نووسراوی زانکۆی سلێمانی بە ژمارە (١٦٢٢/٣/٧) لە ١٩٩٩/٤/٢ بڵاوکراوەتەوە، کە زانکۆکە بە پشت بەستن بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی خوێندنی باڵا ژمارە (٣)ی ڕۆژی ١٩٩٩/٢/١٤ بڕیاردرا لەسەر باوەڕهێنان بە گۆڤارەکە.

لە لاپەڕە (٥)یشدا دەقی نووسراوی زانکۆی سەلاحەددین بە ژمارە (١٨٣٣٢/١/١) لە ٢٠١٢/١١/٢٨ بڵاوکراونەتەوە، کە زانکۆکە دانی بە گۆڤارەکە ناوە و بە گۆڤارێکی باوەڕپێکراوی ناساندووە، هەروەك لە نووسراوەکەدا هاتووە مامۆستایانیش دەتوانن توێژینەوەکانیان تێدا بڵاوبکەنەوە.

لاپەڕەکانی ٧ و ٨ تەرخانکراوە بە ڕێنمایی بڵاوکردنەوە و ڕەچاوکردنی لایەنی هونەری لە گۆڤارەکەدا، لاپەڕەکانی ٣٤٧ و ٣٤٨ (١١) وێنەی بەرگی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان بەشی (A) و (B)ی خولی یەکەم و دووەم بڵاوکراونەتەوە، یەکەمین ژمارەی لە چاپخانەی کارۆ لە شاری سلێمانی چاپ کراوە.

لە ژمارە (٢)دا گۆڕانکاری لە خۆناساندنەکە کراوە، لەپاڵ گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمیە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتیەکان، ناوی هەردوو دەزگاکەی بۆ زیاد کراوە، ئەوانیش کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان و دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی، هەروەها هەر لەم ژمارەیەدا گۆڕانکاری لە بۆردەکە کراوە و

[1] بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی شێوازی دەرچوونی گۆڤارەکە بڕوانە: (پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: خولێکی نوێی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، ئەکادیمیانی کوردستان (گۆڤار)، خولی سێیەم، بەشی (B)، ژمارە (١)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٤، ل٣).

بۆ دەستەی نووسران (د. دانا ئەحمەد مستەفا) زیاد کراوە، هەروەها دەستەی ڕاوێژکارانیش زیادکراوە، بەم شێوەیە: (پ. د. موحسین موحەمەد حوسێن، پ. د. محمد دلێر امین میسری، پ. د. جەواد فەقێ عەلی، پ. د. کاوە محمد فرج قەرەداخی، پ. د. فاتیمە رشید حسن باجەلان، پ. د. زرار سدیق شوانی، پ. د. مارف عومەر گوڵ، پ. د. شەوبۆ عەبدوللا مەلا تایەر، پ. د. دلێر ئەحمەد حەمەد، پ. ی. بێستون عەلی کەریم).

لە لاپەڕە (٣)دا دەقی نووسراوی دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە (١٦/٧–٥١/١٥) لە ٢٠١٥/١/٢٥ بڵاوکراوەتەوە، کە ئاراستەی وەزارەتی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی کراوە بۆ ڕەزامەندی دەربڕین بۆ دەرکردنی گۆڤارەکە بە هاوبەشی لەگەڵ لەگەڵ کۆمەڵەی ئەکادیمیانی کوردستان. لە لاپەڕە (٤)یشدا دەقی وەڵامەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە ژمارە (نووسینگە/١١٥) لە ٢٠١٥/٢/٢ بڵاوکراوەتەوە کە ڕەزامەندی دراوە لەسەر دەرکردنی گۆڤارەکە.

لە ژمارە (٤) (م. محەمەد کەریم ئەحمەد) بۆ بۆردی گۆڤارەکە وەکو بەڕێوەبەری هونەری زیادکراوە.

ئەم گۆڤارە وەکو کۆی گۆڤارە ئەکادیمییەکانی دیکەی زانکۆ و ناوەندەکانی خوێندنی باڵا توێژینەوەی مامۆستایان بە هەر سێ زمانی (کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی) بڵاوکردۆتەوە و هیچ سنوورێکی دیاریکراوی بۆ مامۆستایان دانەناوە و مامۆستایانی سەرجەم زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و عێراق و وڵاتانی دیکەش بەبێ جیاوازی بۆیان هەبووە توێژینەوە پێشکەش بکەن.

ئەم گۆڤارە وەکو هەر گۆڤارێکی دیکەی ئەکادیمی ڕێنمایی بڵاوکردنەوە و مەرجی هونەری بۆ توێژەران دیاریکردووە، بۆیە ڕێنماییەکانیشی لە سەرجەم ژمارەکانیدا دووبارە کردۆتەوە، بۆ ئەوەی توێژەران هەر ژمارەیەك لە ژمارەکانی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستانی دەستبکەوێت ئاگاداریی ڕێنماییەکان بێت.

## بەشی سێیەم
## لایەنی پراکتیکی

**باسی یەکەم: کورتەیەك دەربارەی سامپڵی توێژینەوەکە:**

**گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان بەشی (B):** یەکەمین ژمارەی خولی یەکەمی لە مانگی جۆزەردانی ٢٠٠١ لەلایەن (کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان) دەرچووە، کە تایبەت بووە بە توێژینەوەکانی یەکەم کۆنفرانسی زانستی زانکۆی سلێمانی لە ٢٧ و ٢٨ی ئەیلولی ٢٠٠٠، لە وردبوونەوەمانەدا بۆ مانگ و ساڵی دەرچوون بۆمان دەردەکەوێت، کە ناوی مانگەگە کوردییە و ساڵەکەش زاینییە، هیچ ئاماژەیەك بە یەکەوە بۆ مانگ و ساڵی کوردیی یاخود زاینی نەکراوە.

**پێناسە:** گۆڤارێکی زانستیی ئەکادیمییە، تایبەتە بە زانستە مرۆڤایەتییەکان، (کۆمەڵەی ئەکادیمییانی کوردستان) و (دەستەی کوردستانی بۆ دیراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی) وەرزانە دەریدەکەن.

**ڕووبەر:** A4 (٢٩,٧ بە ٢١) سم.

**ڕێکەوتی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی خوی سێیەم:** کانوونی یەکەمی ٢٠١٤.

**ناونیشان:** هەرێمی کوردستان – سلێمانی – دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی.

**ماوەی دەرچوون:** وەرزانە، لە مانگەکانی (٣، ٦، ٩ و ١٢) دەردەچێت.

**بۆردی گۆڤارەکە لە سەرەتاوە تاکو ئێستاکە:** سەرۆکی بۆرد و سەرنووسەر: پ. د. پۆلا ئازاد خانەقا، سکرتێری نووسین: پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر، دەستەی نوسەران: پ. ی. د. نەوزاد محەمەد ئەحمەد، پ. ی. د. جەمشید حەیدەر حەیدەری، پ. ی. د. عەلی قادر عوسمان، پ. ی. د. عەباس مستەفا عەباس، پ. ی. د. هێرش ڕەسوڵ موراد، د. ئازاد حەمە عەبدوڵڵا، د. دانا ئەحمەد مستەفا، دەستەی ڕاوێژکاران: پ. د. موحسین محەمەد حسێن، پ. د. محەمەد دلێر ئەمیم میسری، پ. د. جەواد فەقێ عەلی، پ. د. کاوە محەمەد فەرەج قەرەداغی، پ. د. فاتیمە ڕەشید حەسەن باجەلان، پ. د. زرار سەدیق شوانی، پ. د. مارف عومەر گوڵ، پ. د. شەوبۆ عەبدوڵڵا مەلا تایەر، پ. ی. د. دلێر ئەحمەد حەمەد، پ. ی. بێستون عەلی کەریم، بەڕێوەبەری هونەری: م. محەمەد کەریم ئەحمەد

**زمان:** کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی

**ژمارەی لاپەڕەکان:** بۆ هەر ژمارەیەك ژمارەیەك جیایە ژمارە (١) (٣٥٠) لاپەڕە، ژمارە (٢) (٣٩٠) لاپەڕە، ژمارە (٣) (٤٣٠) لاپەڕە، ژمارە (٤) (٣٤٨) لاپەڕە، ژمارە (٥) (٣٦٦) لاپەڕە، ژمارە (٦) (٣٨٤) لاپەڕە و ژمارە (٧) (٥٢٠) لاپەڕە.

**پێگەی ئەلکترۆنی:** www.kajournal.org

**سنووری بڵاوکردنەوەی چاپکراوی:** هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی عێراق.

**نووسینگە:** سلێمانی – دەستەی کوردستانی بۆ دراسات و توێژینەوەی زانستی

**چاپخانە:** ژمارەی (١) لە چاپخانەی کارۆ چاپکراوە، سەرجەم ژمارەکانی دیکەی لە چاپخانەی سەردەم چاپکراوە.

**لایەنی بڕوا پێهێنان بە گۆڤارەکە:** وەزەراتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرجەم زانکۆ و دامەزراوە زانستییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق.[1]

**باسی دووەم: ڕێکارەکانی ناخشیکاری:**

لەپێناو ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە و ناخشیکاری بۆ سەرجەم ژمارەکانی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان لە ماوەی (٣) ساڵی دەرچوونیدا، توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتۆتەبەر، لەوانە:

١- ڕاوێژکردن بەچەند توێژەر و مامۆستایەکی زانکۆ کەپێشتر لەتوێژینەوەکانیاندا ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە، لەپێناو ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەژێرناوی پێگەی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردیدا، بۆ ئەم مەبەستە وەك سەرەتایەك سوود لە چەند سەرنج و تێبینیەك وەرگیراوە.

٢- ئامادەکردنی فۆرمێکی سەرەتایی و دیاریکردنی بابەتی ناخشیکاریەکە لە چەند خشتەیەکدا بۆ (٧) ژمارەی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان.

٣- بەمەبەستی دڵنیابوون لە کارایی ناخشیکارییەکەمان و گونجانی لەگەڵ ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا و بە پشتبەستن ڕووکەشە درووستی (صدق الظاهري)، ناخشیکارییەکە لە چەند خشتەیەکدا ئاراستەی ژمارەیەك (شارەزای زانستی بواری ڕاگەیاندن)[1] کردووە، بۆ ئەوەی سوود لە سەرنج و ڕێنماییەکان وەربگرین.

[1] چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر) سکرتێری نووسینی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)، سلێمانی، ٢٠١٦/٤/٢٦.

٤- دوای وەرگرتنەوەی فۆرمی ناخشیکارییەکە لە شارەزایانی بواری زانستی و تاوتوێکردنی سەرنجەکانیان، بەپێی پێویست گۆڕانکاریمان لە خشتەکاندا کرد و بە پشت بەستن بە بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆڵستی، ڕێژەی دروستیەکەمان دەرهێنا کە (٩٣,٥٪) بوو.

٥- بۆ دیاریکردنی ئاستی جێگیری (ثبات) ناخشیکاریەکەش، بەپێی شێوازی دووپاتکاری و بە پشت بەستن بە هاوکێشەی هۆڵستی، ئەنجامەکەی بریتی بوو لە (٩٥٪).

٦ـــدوای دەرهێنانی ڕێژەی دروستیەکان خاڵە هاوبەشەکانمان بەیەکەوە داناوە دواتر ڕێژەی سەدی بۆ هەر وەڵامێك بەم شێوەیە دەرهێنرا: ژمارەی هەر بڕگەیەك/ کۆی گشتی x ١٠٠= ڕێژەی سەدی

٧- بەمەبەستی دەستنیشانکردنی یەکە و دەستەکان، دوای خوێندنەوەیەکی سەرەتایی ورد بۆ بابەتی شیکاریەکە و سەردانی توێژەر بە سەرجەم بەشە زانستییەکان بۆ ئاگاداربوون لە وردی بابەتی شیکارییەکە و ڕاوێژ بە پسپۆرانی بابەتەکان بۆ دیاریکردنی گرنگترینیان، هەروەها زانینی دیارترین ئاراستەی گۆڤارەکە و گەیشتن بە داتا و زانیارییەکان. بڕوانە خشتەی (١).

**خشتەی (١)**

**شیکردنەوەی یەکە و دەستەکانی توێژینەوەکە**

| ژمارە | | یەکەکان | پێناسە |
|---|---|---|---|
| یەکەم | | بابەت | مەبەست لە ناوەڕۆکی بابەتی توێژینەوە بڵاوکراوەکانە لە گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستاندا لە ماوەی (٣) ساڵی دەرچوونی گۆڤارەکە. |
| | | دەستەکان | **پێناسە** |
| | ١ | مێژوو | ئاماژەیە بۆ توێژینەوە زانستیانەیەکانی بواری مێژوو لەماوەی دیاریکراوی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا، کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە: (مێژووی کۆن، مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی نوێ، مێژووی هاوچەرخ). |
| | ٢ | کارگێڕی | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە کە توێژەرانی بواری کارگێڕیی ئەنجامیان، لەماوەی دیاریکراوی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا کارگێڕییەکان: (کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان، کارگێڕیی ڕێکخراوەکان، کارگێڕیی بەرهەمهێنان، کارگێڕیی ئەلکترۆنی، سیستەمی زانیاریی کارگێڕییەکان، کارگێڕیی بازاڕکردن، کارگێڕیی دارایی و کارگێڕیی ئەلکترۆنی). |
| | ٣ | ڕاگەیاندن | توێژینەوە زانستییەکانی بواری ڕاگەیاندن، لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا: (ڕاگەیاندنی چاپکراو، ڕاگەیاندنی بینراو، پەیوەندی گشتی، ڕاگەیاندنی بیستراو، ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی). |

(١) ناوی پسپۆرو پلەی زانستیو شوێنی کارکردنیان بەپێی پلەی زانستی و پیتی ئەبجەدی:

| ناوی پسپۆر | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| د. هێرش ڕەسوڵ موراد | پ. یاریدەدر | ڕاگەیاندن – ڕۆژنامە | زانکۆی ڕاپەڕین/ یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کار و باری خوێندکاران |
| د. فوئاد عەلی ئەحمەد | پ. یاریدەدر | ڕاگەیاندن – ڕۆژنامە | زانکۆی سلێمانی/ ڕاگری فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکانی سەید سادق |
| د. هێمن مەجید حەسەن | پ. یاریدەدر | ڕاگەیاندن – تەلەفزیۆن | زانکۆی سلێمانی/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | ٤ | زمان و ئەدەبی كوردی | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری زمان و ئەدەبی كوردی ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (شیعر، زمانەوانی كۆمەڵایەتی و زمانەوانی واتاسازی). |
| | ٥ | ڕامیاری (سیاسی) | بابەتەكانی ڕامیاری پەیوەستن بە (سیستمە ڕامیارییەكان، پارتە سیاسییەكان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان، ڕامیاریی ئابووری و فێمینزم) لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكە. |
| | ٦ | وەرزش | ئاماژەیە بۆ ئەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری وەرزش ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (تۆپی دەست، بەڕێوەبردنی ڕێكخستن، تۆپی سەبەتە، جمناستیك و مەلەوانی). |
| | ٧ | جوگرافیا | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری جوگرافیا ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (جوگرافیای سیاسی، جوگرافیای دەرامەتی ئاو، جوگرافیای ژینگەیی و جوگرافیای گەشتوگوزار). |
| | ٨ | كۆمەڵناسی | بابەتەكانی كۆمەڵناسیی مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (كۆمەڵناسیی پەروەردەیی، كۆمەڵناسیی تاوان، كۆمەڵناسیی سیاسی و كۆمەڵناسیی ئەنترۆپۆلۆجیای كۆمەڵایەتی). |
| | ٩ | ئابوری | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری ئابوری ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا بۆ بابەتی (ئابوریی هەموەكی (الكلي)). |
| | ١٠ | یاسا | ئاماژەیە بۆ ئەو بابەتە زانستیانەی كە توێژەرانی بواری یاسا ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (یاسای دەستوری و یاسای دارایی). |
| | ١١ | ئامار | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری ئامار ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا بۆ بابەتی (ئاماری پراكتیكی). |
| | ١٢ | ئینگلیزی | ئاماژە بۆ ئەو بابەت زانستیانەی، كە توێژەرانی بواری زمان و ئەدەبی ئینگلیزی ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (زمانی فێركردن، زمانی ئاخاوتن و شانۆ). |
| | ١٣ | فەلسەفە | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری فەلسەفە ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (فەلسەفەی میتافیزیك (ئەودیو سروشت) و فەلسەفەی مێژوویی). |
| | ١٤ | عەرەبی | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری زمان و ئەدەبی عەرەبی ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا: (زمان/ ڕستەسازی و ڕۆمان). |
| | ١٥ | دەرونزانی | مەبەست لەو توێژینەوە زانستیانەیە كە توێژەرانی بواری دەرونزانی ئەنجامیان، لەماوەی دیاریكراوی ئەنجامدانی توێژینەوەكەدا بۆ بابەتی (دەرونزانیی كەسێتی). |
| دووەم | | ناوەڕۆك | مەبەست لە ناوەخنی توێژینەوە بڵاوكراوەكانە لە ماوەی سێ ساڵدا كە بریتین بە شوكانی بابەتەكانی سەرەوە، كە هەر بابەتێك چەند بەشێكی لێجیاكراوەتەوە. |

## باسی سێیەم: ئەنجامی ناخشیکاریەکە:

### یەکەم: ڕێکەوت و ژمارەی سامپڵەکە:

گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان لە ماوەی (٣) ساڵی دەرچوونی خۆیدا (٧) ژمارەی لێدەرچووە، لە ساڵی ٢٠١٥ زۆرترین ژمارەی لێدەرچووە کە (٤) ژمارەیە، پلەی یەکەمی وەرگرتووە، ئەمەش دەرئەنجامی ئەوەیە کە لەم ساڵەدا بە بەردەوامی بەشێوەی وەرزی دەرچووە، ئەمە جگە لەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ تا نیوەی یەکەمی ساڵەکە بەشێوەی وەرزی و بەڕێکو پێکی لەکاتی خۆیدا دەرچووە. بڕوانە خشتەی (٢).

**خشتەی (٢)**

**ڕێکەوت و ژمارەی سامپڵی توێژینەوەکە**

| ژ | ساڵ | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠١٤ | ١ | ١٤,٢٨ | ٣ |
| ٢ | ٢٠١٥ | ٤ | ٥٧,١٤ | ١ |
| ٣ | ٢٠١٦ | ٢ | ٣٨,٥٧ | ٢ |
| کۆی گشتی | | ٧ | ١٠٠ | |

### دووەم: لاپەڕەی تەرخانکراوی سامپڵەکە

ڕووبەری تەرخانکراوی لاپەڕە بۆ توێژینەوەکان دەرکەوتووە، کە زۆرترین لاپەڕە بۆ بابەت بە زمانی کوردی بۆ ژمارە (٧) ی گۆڤارەکە بووە و پلەی یەکەمی پلەبەندییەکەی وەرگرتووە، بەڵام بۆ بابەت بە زمانی عەرەبی زۆرترین لاپەڕە لە ژمارە (٣)دایە، هەرچی بۆ توێژینەوەکانی زمانی ئینگلیزیشە ژمارە (٢) زۆرترین لاپەڕەی بۆ تەرخانکراوە. بڕوانە خشتەی (٣).

**خشتەی (٣)**

**لاپەڕەی تەرخانکراوی توێژینەوەکان بۆ هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی**

| ژمارەی گۆڤار | بە زمانی کوردی | | پلەبەندی | بە زمانی عەرەبی | | پلەبەندی | بە زمانی ئینگلیزی | | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ٪ | | دووبارە | ٪ | | دووبارە | ٪ | |
| یەکەم | ٢٠٦ | ١٤,٣٦ | ٣ | ١٢٧ | ١١,٠١ | ٥ | ٠ | – | |
| دووەم | ١٢٢ | ٨,٥٠ | ٧ | ٢٢٤ | ١٩,٤٢ | ٢ | ٣٢ | ٢٦,٦٦ | ١ |
| سێیەم | ١٦٤ | ١١,٤٣ | ٦ | ٢٣٤ | ٢٠,٢٩ | ١ | ٢٢ | ١٨,٣٣ | ٢,٥ |
| چوارەم | ٢٠٢ | ١٤,٠٨ | ٤ | ١١٦ | ١٠,٠٦ | ٧ | ٢٠ | ١٦,٦٦ | ٤ |
| پێنجەم | ٢٢٤ | ١٥,٦٢ | ٢ | ١٢٢ | ١٠,٥٨ | ٦ | ١٠ | ٨,٣٣ | ٦ |
| شەشەم | ١٧٨ | ١٢,٤١ | ٥ | ١٨٠ | ١٥,٦١ | ٣ | ١٦ | ١٣,٣٣ | ٥ |
| حەوتەم | ٣٣٨ | ٢٣,٥٧ | ١ | ١٥٠ | ١٣ | ٤ | ٢٠ | ١٦,٦٦ | ٢,٥ |
| کۆی گشتی | ١٤٣٤ | ١٠٠ | | ١١٥٣ | ١٠٠ | | ١٢٠ | ١٠٠ | |

**سێیەم: لاپەڕەی تەرخانکراوی سامپڵەکە بۆ هەر سێ زمان**

لەسنووری توێژینەوەکەدا، سامپڵەکە (٢٦٨٩) لاپەڕەی بۆ سەرجەم بابەتە جۆربەجۆرەکان بە هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی تەرخان کردووە، بەجۆرێك زۆرترین لاپەڕەی بۆ بابەت بە زمانی کوردی تەرخانکردووە، کە پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر بۆ زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی، کە دووەم و سێیەمن. بڕوانە خشتەی (٤).

**خشتەی (٤)**

**لاپەڕەی تەرخانکراوی توێژینەوەکان بۆ هەر سێ زمان**

| ژ | زمان | دووبارە | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردی | ١٤٣٤ | ٥٢,٩٧ | ١ |
| ٢ | عەرەبی | ١١٥٣ | ٤٢,٥٩ | ٢ |
| ٣ | ئینگلیزی | ١٢٠ | ٤,٤٣ | ٣ |
| | **کۆی گشتی** | ٢٧٠٧ | ١٠٠ | |

**چوارەم: لاپەڕەی تەرخانکراو بۆ بابەتە جۆربە جۆرەکانی سامپڵەکە:**

هەروەك لە خشتەی (٥)دا دەردەکەوێت، زۆرترین لاپەڕە بۆ بابەتی مێژوو بووە کە لە پلەی یەکەم دایە، دوا بەدوای ئەویش بۆ بابەتی کارگێڕی و ڕاگەیاندن، کەمترین لاپەڕەش بۆ بابەتی دەروونزانییە، هەروەك لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەپێی زمانی بڵاوکراوەی توێژینەوەکان پۆلێن کراوە، بەجۆرێك هەندێك لە توێژینەوەکان تەنها بەیەك زمان یاخود دوو زمان بلاوکراونەتەوە، تەنها توێژینەوەکانی بواری ڕامیاری (سیاسی) بە هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە، ئەگەرچی لە پلەبەندیشدا بە پلەی شەشەم دایە. بڕوانە خشتەی (٥).

**خشتەی (٥)**

**لاپەڕەی تەرخانکراو بۆ بابەتە جۆر بەجۆرەکانی توێژینەوەکان بۆ هەر سێ زمانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی**

| ژ | جۆری بابەت | زمانی کوردی | زمانی عەرەبی | زمانی ئینگلیزی | کۆی گشتی | ٪ | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | دووبارە | دووبارە | | | |
| ١ | مێژوو | ٥٣٠ | ١٠٢ | ٠ | ٦٣٢ | ٢٣,٣٤ | ١ |
| ٢ | کارگێڕی | ٩٤ | ٤٦٤ | ٠ | ٥٥٨ | ٢٠,٦١ | ٢ |
| ٣ | ڕاگەیاندن | ٢١٨ | ٢٤٢ | ٠ | ٤٦٠ | ١٦,٩٩ | ٣ |
| ٤ | زمان و ئەدەبی کوردی | ١٦٦ | ٠ | ٠ | ١٦٦ | ٦,١٣ | ٤ |
| ٥ | جوگرافیا | ١٤٠ | ٢٢ | ٠ | ١٦٢ | ٥,٩٨ | ٥ |
| ٦ | ڕامیاری (سیاسی) | ٥٨ | ٣٤ | ٥٦ | ١٤٨ | ٥,٤٦ | ٦ |
| ٧ | کۆمەڵناسی | ١٢٦ | ٠ | ٠ | ١٢٦ | ٤,٦٥ | ٧ |
| ٨ | وەرزش | ٠ | ١١١ | ٠ | ١١١ | ٤,١٠ | ٨ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | ئابوری | ٠ | ٧٨ | ٠ | ٧٨ | ٢,٨٨ | ٩ |
| ١٠ | یاسا | ٣٢ | ٤٢ | ٠ | ٧٤ | ٢,٧٣ | ١٠ |
| ١١ | فەلسەفە | ٥٠ | ٠ | ٠ | ٥٠ | ١,٨٤ | ١١,٥ |
| ١٢ | ئامار | ٢٠ | ٠ | ٣٠ | ٥٠ | ١,٨٤ | ١١,٥ |
| ١٣ | زمان و ئەدەبی عەرەبی | ٠ | ٣٨ | ٠ | ٣٨ | ١,٤٠ | ١٣ |
| ١٤ | زمان و ئەدەبی ئینگلیزی | ٠ | ٠ | ٣٤ | ٣٤ | ١,٢٥ | ١٤ |
| ١٥ | دەرونزانی | ٠ | ٢٠ | ٠ | ٢٠ | ٠,٧٣ | ١٥ |
| **کۆی گشتی** | | ١٤٣٤ | ١١٥٣ | ١٢٠ | ٢٧٠٧ | ١٠٠ | |

## پێنجەم: توێژینەوە بڵاوکراوەکانی سامپڵەکە

زۆرترین توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی کوردی لە ژمارە (٧) بڵاوکراوەتەوە، کە (١٠) توێژینەوەیە، دواتر لە ژمارە (٤)دا، بەڵام بە زمانی عەرەبی زۆرترین توێژینەوە لە ژمارە (٣) بڵاوکراوەتەوە، کە (٩) توێژینەوەیە، هەرچی بۆ زمانی ئینگلیزیە، زۆرترین توێژینەوە لە ژمارەکانی (٢) و (٧) دایە بە هاوبەشی کە هەریەکەیان (٢) توێژینەوەی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

بۆ هەر سێ زمانەکەش هەروەك لە خشتەکەدا ڕوونکراوەتەوە، زۆرترین توێژینەوە لە ژمارە (٧)دایە کە (١٨) توێژینەوەیە و پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، و کەمترین توێژینەوەی بڵاوکراوەش لە ژمارە (١) دایە، کە (١٢) توێژینەوەیە. بڕوانە خشتەی (٦).

**خشتەی ( ٦ )**

**توێژینەوانە بڵاوکراوەکان بە پێی زمانەکانی کوردی، عەرەبی و ئینگلیزی**

| ژمارە | بۆ زمانی کوردی | | بۆ زمانی عەرەبی | | بۆ زمانی ئینگلیزی | | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | دووبارە | ڕێژەی سەدی | | | |
| یەکەم | ٧ | ١٤,٢٨ | ٥ | ١٠,٨٦ | ٠ | ٠ | ١٢ | ١١,٦٥ | ٧ |
| دووەم | ٥ | ١٠,٢٠ | ٨ | ١٧,٣٩ | ٢ | ٢٥ | ١٥ | ١٤,٥٦ | ٣,٥ |
| سێیەم | ٥ | ١٠,٢٠ | ٩ | ١٩,٥٦ | ١ | ١٢,٥ | ١٥ | ١٤,٥٦ | ٣,٥ |
| چوارەم | ٨ | ١٦,٣٢ | ٥ | ١٠,٨٦ | ١ | ١٢,٥ | ١٤ | ١٣,٥٩ | ٥ |
| پێنجەم | ٧ | ١٤,٢٨ | ٥ | ١٠,٨٦ | ١ | ١٢,٥ | ١٣ | ١٢,٦٢ | ٦ |
| شەشەم | ٧ | ١٤,٢٨ | ٨ | ١٧,٣٩ | ١ | ١٢,٥ | ١٦ | ١٥,٥٣ | ٢ |
| حەوتەم | ١٠ | ٢٠,٤٠ | ٦ | ١٣,٠٤ | ٢ | ٢٥ | ١٨ | ١٧,٤٧ | ١ |
| **کۆی گشتی** | ٤٩ | ١٠٠ | ٤٦ | | ٨ | ١٠٠ | ١٠٣ | ١٠٠ | |

**شەشەم: ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکانی سامپڵەکە:**

هەروەك لە خشتەی (٧)دا دەردەکەوێت، زۆرترین توێژینەوەی بڵاوکراوە بە زمانی کوردییە کە (٤٩) توێژینەوەیە و پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، کەمترین توێژینەوەش بە زمانی ئینگلیزییە، هەرچی بۆ زمانی عەرەبیشە پلەی دووەمی پلەبەندیەکەی وەرگرتووە، کە ڕێژەکەیان تا ڕادەیەك لەگەڵ زمانی کوردی لەیەکەوە نزیکە. بڕوانە خشتەی (٧).

**خشتەی (٧)**

**ژمارەی توێژینە بڵاوکراوەکان بە پێی هەر سێ زمان**

| ژ | زمان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کوردی | ٤٩ | ٤٧,٥٧ | ١ |
| ٢ | عەرەبی | ٤٦ | ٤٤,٦٦ | ٢ |
| ٣ | ئینگلیزی | ٨ | ٧,٧٦ | ٣ |
| **کۆی گشتی** | | ١٠٣ | ١٠٠ | |

**حەوتەم: ژمارەی توێژینەوە بڵاوکراوەکانی سامپڵەکە:**

سامپڵی توێژینەوەکە زۆرترین توێژینەوەی بابەتی مێژووی بە هەموو جۆرەکانی بەزمانی کوردی بڵاوکردۆتەوە، کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، بەڵام بە زمانی عەرەبی زۆرترین توێژینەوەی کارگێڕی بڵاوکراوەتەوە، هەرچی بۆ زمانی ئینگلیزیشە، زۆرترین توێژینەوە بۆ زمان و ئەدەبی ئینگلیزیی و ڕامیارییە بە هاوبەشی کە هەر یەکەیان (٣) توێژینەوەن. بۆ هەر سێ زمانەکەش زۆرترین توێژینەوە بۆ بابەتی مێژووە کە (٢١) توێژینەوەیە و لە پلەی یەکەمدایە، دوابەدوای ئەویش کارگێڕییە بە جیاوازی کەمەوە کە تەنها (١) توێژینەوەیە و لە پلەی دووەم دایە. بڕوانە خشتەی (٨).

**خشتەی (٨)**

**توێژینەوە بڵاوکراوەکان بە پێی جۆری بابەت بۆ هەر سێ زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی**

| ژ | جۆری بابەت | زمانی کوردی | زمانی کوردی | زمانی کوردی | کۆی گشتی | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | دووبارە | دووبارە | | | |
| ١ | مێژوو | ١٧ | ٤ | ٠ | ٢١ | ٢٠,٣٨ | ١ |
| ٢ | کارگێڕی | ٣ | ١٧ | ٠ | ٢٠ | ١٩,٤١ | ٢ |
| ٣ | ڕاگەیاندن | ٧ | ٩ | ٠ | ١٦ | ١٥,٠٩ | ٣ |
| ٤ | زمان و ئەدەبی کوردی | ٨ | ٠ | ٠ | ٨ | ٧,٧٦ | ٤ |
| ٥ | ڕامیاری (سیاسی) | ٢ | ١ | ٣ | ٦ | ٥,٨٢ | ٥,٥ |
| ٦ | وەرزش | ٠ | ٦ | ٠ | ٦ | ٥,٨٢ | ٥,٥ |
| ٧ | جوگرافیا | ٤ | ١ | ٠ | ٥ | ٤,٨٥ | ٧ |
| ٨ | کۆمەڵناسی | ٤ | ٠ | ٠ | ٤ | ٣,٨٨ | ٨ |
| ٩ | ئابوری | ٠ | ٣ | ٠ | ٣ | ٢,٩١ | ١٠,٥ |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٠ | یاسا | ١ | ٢ | ٠ | ٣ | ٢,٩١ | ١٠,٥ |
| ١١ | ئامار | ١ | ٠ | ٢ | ٣ | ٢,٩١ | ١٠,٥ |
| ١٢ | زمان و ئەدەبی ئینگلیزی | ٠ | ٠ | ٣ | ٣ | ٢,٩١ | ١٠,٥ |
| ١٣ | فەلسەفە | ٢ | ٠ | ٠ | ٢ | ١,٩٤ | ١٣,٥ |
| ١٤ | زمان و ئەدەبی عەرەبی | ٠ | ٢ | ٠ | ٢ | ١,٩٤ | ١٣,٥ |
| ١٥ | دەرونزانی | ٠ | ١ | ٠ | ١ | ٠,٩٧ | ١٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٤٩ | ٤٦ | ٨ | ١٠٣ | ١٠٠ | |

## هەشتەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی مێژوو:

بۆ ناوەڕۆکی بابەتە مێژووییەکان، دەرکەوتووە کە زۆرترین توێژینەوە بۆ مێژووی هاوچەرخە، کە (١٣) توێژینەوەیە و پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، دوابەدوای ئەویش مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست دێت، ئینجا مێژووی نوێ و مێژووی کۆن لە دوو پلە بەندی جیاوازدا. بڕوانە خشتەی (٩).

**خشتەی (٩)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی مێژوو**

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مێژووی هاوچەرخ | ١٣ | ٦١,٩٠ | ١ |
| ٢ | مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست | ٤ | ١٩,٠٤ | ٢,٥ |
| ٣ | مێژووی نوێ | ٣ | ١٤,٢٨ | ٢,٥ |
| ٤ | مێژووی کۆن | ١ | ٤,٧٦ | ٤ |
| | **کۆی گشتی** | ٢١ | ١٠٠ | |

## نۆیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی کارگێڕی:

بۆ ناوەڕۆکی بابەتە کارگێڕییەکان، دەرکەوتووە کە زۆرترین توێژینەوە بۆ کارگێڕی سەرچاوە مرۆییەکانە، کە (٩) توێژینەوەیە و پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، دوابەدوای ئەویش کارگێڕی ڕێکخراوەکانە. بڕوانە خشتەی (١٠).

**خشتەی (١٠)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی کارگێڕی**

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کارگێڕیی سەرچاوە مرۆییەکان | ٩ | ٤٥ | ١ |
| ٢ | کارگێڕیی ڕێکخراوەکان | ٣ | ١٥ | ٢ |
| ٣ | کارگێڕیی بەرهەمهێنان | ٢ | ١٠ | ٣,٥ |
| ٤ | کارگێڕیی ئەلکترۆنی | ٢ | ١٠ | ٣,٥ |
| ٥ | سیستەمی زانیاریی کارگێڕییەکان | ١ | ٥ | ٦,٥ |
| ٦ | کارگێڕیی بازاڕکردن | ١ | ٥ | ٦,٥ |
| ٧ | کارگێڕیی دارایی | ١ | ٥ | ٦,٥ |
| ٨ | کارگێڕیی ئەلکترۆنی | ١ | ٥ | ٦,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٢٠ | ١٠٠ | |

**دەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ڕاگەیاندن:**

بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی تایبەت بە ڕاگەیاندن، دەرکەوتووە کە زۆرترین توێژینەوە بە هاوبەشی بۆ ڕاگەیاندنی چاپکراو (ڕۆژنامە و گۆڤارەکان) لەگەڵ ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەفزیۆن)ە، (٦) توێژینەوە بۆ هەریەکێکیانە، دوای ئەویش بەشەکانی دیکە کە ئەوانیش لە پلە بەندییەکەدا یەکسانن. بڕوانە خشتەی (١١).

**خشتەی (١١)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ڕاگەیاندن**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ڕاگەیاندنی چاپکراو | ٦ | ٣٧,٥ | ١,٥ |
| ٢ | ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەفزیۆن) | ٦ | ٣٧,٥ | ١,٥ |
| ٣ | پەیوەندی گشتی | ١ | ٦,٢٥ | ٤,٥ |
| ٤ | ڕاگەیاندنی بیستراو (ڕادیۆ) | ١ | ٦,٢٥ | ٤,٥ |
| ٥ | ڕاگەیاندن بەگشتی | ١ | ٦,٢٥ | ٤,٥ |
| ٦ | ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی | ١ | ٦,٢٥ | ٤,٥ |
| **کۆی گشتی** | | ١٦ | ١٠٠ | |

**یانزەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی:**

ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی تایبەت بە زمان و ئەدەبی کوردی ئەوە دەردەخەن، کە زۆرترین بابەت بۆ شیعر بووە بە سەرجەم قۆناغەکانیەوە کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتریش بە هاوبەشی بۆ زمانەوانیی کۆمەڵایەتی و واتاسازییە. بڕوانە خشتەی (١٢).

**خشتەی (١٢)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی کوردی**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | شیعر | ٦ | ٧٥ | ١ |
| ٢ | زمانەوانی کۆمەڵایەتی | ١ | ١٢,٥ | ٢,٥ |
| ٣ | زمانەوانی واتاسازی | ١ | ١٢,٥ | ٢,٥ |
| **کۆی گشتی** | | ٨ | ١٠٠ | |

**دوانزەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ڕامیاری (سیاسی):**

بەپێی ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی ڕامیاری دەرکەوتووە، کە زۆرترین بابەت بۆ سیستەمە ڕامیارییەکانە، کە پلەبەندی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر بۆ هەیەکە لە پارتە سیاسییەکان، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، ڕامیاریی ئابووری و فێمینزم، کە لە پلەبەندییەکەدا هاوتان و وەك یەکن. بڕوانە خشتەی (١٣).

خشتەی (١٣)

ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ڕامیاری (سیاسی)

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | سیستمە ڕامیارییەکان | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١ |
| ٢ | پارتە سیاسییەکان | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٣ | پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٤ | ڕامیاریی ئابووری | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٥ | فێمینزم | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٦ | ١٠٠ | |

**سیانزەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی وەرزشی:**

لە ئەنجامەکاندا بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی وەرزش ئەوە ڕوون بۆتەوە، کە زۆرترین بابەت بۆ تۆپی دەستە کە لە پلەبەندی یەکەم دایە، ئینجا بۆ بابەتەکانی دیکەی وەکو بەڕێوەبردنی ڕێکخستن، تۆپی سەبەتە، جمناستیك و مەلەوانی، کە بە هاوبەشی کە وەکو یەکن. بڕوانە خشتەی (١٤).

خشتەی (١٤)

ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی وەرزش

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | تۆپی دەست | ٢ | ٣٣,٣٣ | ١ |
| ٢ | بەڕێوەبردنی ڕێکخستن | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٣ | تۆپی سەبەتە | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٤ | جمناستیك | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| ٥ | مەلەوانی | ١ | ١٦,٦٦ | ٣,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٦ | ١٠٠ | |

**چواردەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا:**

بەپێی ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی جوگرافیا ئەوە ڕوون بۆتەوە، کە زۆرترین بابەت بۆ جوگرافیای سیاسییە، کە لە پلەبەندی یەکەم دایە، ئینجا بۆ بابەتەکانی دیکەی وەکو جوگرافیای دەرامەتی ئاو، جوگرافیای ژینگەیی و جوگرافیای گەشتوگوزار، کە بە هاوبەشی کە وەکو یەکن. بڕوانە خشتەی (١٥).

**خشتەی (١٥)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی جوگرافیا**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | جوگرافیای سیاسی | ٢ | ٤٠ | ١ |
| ٢ | جوگرافیای دەرامەتی ئاو | ١ | ٢٠ | ٣ |
| ٣ | جوگرافیای ژینگەیی | ١ | ٢٠ | ٣ |
| ٤ | جوگرافیای گەشتوگوزار | ١ | ٢٠ | ٣ |
| | **کۆی گشتی** | ٥ | ١٠٠ | |

**پانزەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی کۆمەڵناسی:**

ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆمەڵناسی ئەوە دەردەخەن، کە سەرجەم بەشەکانی کۆمەڵناسیی پەروەردەیی، کۆمەڵناسیی تاوان، کۆمەڵناسیی سیاسی و کۆمەڵناسیی ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی وەکو یەکن و یەك پلەیان وەرگرتووە. بڕوانە خشتەی (١٦).

**خشتەی (١٦)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی کۆمەڵناسی**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کۆمەڵناسیی پەروەردەیی | ١ | ٢٥ | ٢,٥ |
| ٢ | کۆمەڵناسیی تاوان | ١ | ٢٥ | ٢,٥ |
| ٣ | کۆمەڵناسیی سیاسی | ١ | ٢٥ | ٢,٥ |
| ٤ | کۆمەڵناسیی ئەنترۆپۆلۆجیای کۆمەڵایەتی | ١ | ٢٥ | ٢,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٤ | ١٠٠ | |

**شانزەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ئابوری:**

بەپێی ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئابوری ئەوە دەردەخەن، کە کۆی توێژینەوە بڵاوکراوەکان تایبەت بوونە بە ئابووریی هەموەکی (کلی) و هیچ جۆرێکی دیکە لە بابەتەکانی ئابوری بڵاونەکراوەتەوە. بڕوانە خشتەی (١٧).

**خشتەی (١٧)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ئابوری**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| ١ | ئابوریی هەموەکی (الکلی) | ٣ | ١٠٠ |
| ٢ | هیتر | ٠ | – |
| | **کۆی گشتی** | ٣ | ١٠٠ |

**حەفدەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی یاسا:**

ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی یاسا ئەوە نیشان دەدەن، کە زۆرترین بابەت بۆ یاسای دەستووری بووە، کە پلەی یەکەمی وەرگرتووە، دواتر یاسای دارایی. بڕوانە خشتەی (١٨).

**خشتەی (١٨)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی یاسا**

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | یاسای دەستوری | ٢ | ٦٦,٦٦ | ١ |
| ٢ | یاسای دارایی | ١ | ٣٣,٣٣ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | | ٣ | ١٠٠ | |

**هەژدەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ئامار:**

بەپێی ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی ئامار ئەوە ڕوون بۆتەوە، کە کۆی توێژینەوە بڵاوکراوەکان تایبەت بوونە بە ئاماری پراکتیکی و هیچ جۆرێکی دیکە لە بابەتەکانی ئامار بڵاونەکراوەتەوە. بڕوانە خشتەی (١٩).

**خشتەی (١٩)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی ئامار**

| ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ئاماری پراکتیکی | ٣ | ١٠٠ |
| هیتر | ٠ | – |
| **کۆی گشتی** | ٣ | ١٠٠ |

**نۆزدەیەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی:**

ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی ئەوە نیشان دەدەن، کە زمانی فێرکردن، زمانی ئاخاوتن و شانۆ بە هاوبەشی لە پلەبەندیدا وەکو یەکن. بڕوانە خشتەی (٢٠).

**خشتەی (٢٠)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی ئینگلیزی**

| ژ | ناوەڕۆك | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمانی فێرکردن | ١ | ٣٣,٣٣ | ٢ |
| ٢ | زمانی ئاخاوتن | ١ | ٣٣,٣٣ | ٢ |
| ٣ | شانۆ | ١ | ٣٣,٣٣ | ٢ |
| **کۆی گشتی** | | ٣ | ١٠٠ | |

**بیستەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی فەلسەفە:**

بەپێی ئەنجامەکان بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکانی بابەتی فەلسەفە ئەوە ڕوون بۆتەوە، کە فەلسەفەی میتافیزیک (ئەودیو سروشت) و فەلسەفەی مێژوویی لە پلەبەندیدا وەکو یەکن. بڕوانە خشتەی (٢١).

**خشتەی (٢١)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی فەلسەفە**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | فەلسەفەی میتافیزیک (ئەودیو سروشت) | ١ | ٥٠ | ١,٥ |
| ٢ | فەلسەفەی مێژوویی | ١ | ٥٠ | ١,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٢ | ١٠٠ | |

**بیست و یەکەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی عەرەبی:**

ئەنجامەکان ئەوەمان بۆ ڕوون دەکەنەوە، کە بابەتی زمان و ئەدەبی عەرەبی بۆ ڕستەسازی ڕۆمان وەکو یەکن و هاوبەشن لە پلەبەندیەکەدا. بڕوانە خشتەی (٢٢).

**خشتەی (٢٢)**

**ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی زمان و ئەدەبی عەرەبی**

| ژ | ناوەڕۆک | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زمان/ ڕستەسازی | ١ | ٥٠ | ١,٥ |
| ٢ | ڕۆمان | ١ | ٥٠ | ١,٥ |
| | **کۆی گشتی** | ٢ | ١٠٠٪ | |

**بیست و دووەم: ژمارەی توێژینەوەکان بە پێی ناوەڕۆکی بابەتی دەرونزانی:**

بەپێی ئەنجامەکان، تەنها یەک توێژینەوەی دەرونزانی بڵاوکراوەتەوە، کە ئەویش دەرونزانی کەسێتییە و هیچ جۆرێکی دیکەی یاخود توێژینەوەیەکی دیکەی دەرونزانی بڵاونەکراوەتەوە، بۆیە لێرەدا بە هیچ خشتەیەک وێنای ناکەین.

**بیست و سێیەم: توێژەران و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان بە پێی ڕیزبەندیی ناوی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان:**

لەخشتەی (٢٣)ی کۆتا خشتەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە مامۆستا و توێژەرانی زانکۆی سلێمانی بە پلەبەندی یەکەم توێژینەوەکانیان لە سامپڵی توێژینەوەکە بڵاوکردۆتەوە، دوا بەدوای ئەویش مامۆستایانی زانکۆکانی ڕاپەڕین، کۆیە و سەڵاحەددین دێن بەدوای یەکتریدا. ئەوەی جێگەی جگە لە مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق مامۆستایانی دەرەوەی عێراق و هەرێمی کوردستانیش توێژینەوەکانیان لە سامپڵی توێژینەوەکەدا بڵاوکردۆتەوە. هەروەك لە کۆتایی خشتەکدا (هیتر) بەرچاو دەکەوێت، ئەوە ئەو مامۆستایانەن کە لە دەرەوەی میلاکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین و لە دامودەزگاکانی حکومەتن، یاخود خانەنشین کراون.

هەروەك لە خشتەکەدا کۆی گشتیی دووبارەبووەکان (١٥٩) یە، کە ئەمەش زۆر زیاترە لە کۆی توێژینەوە بڵاوکراوەکان، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەوە سەرچاوەیگرتووە، کە هەندێك لە توێژینەوەکان زیاتر لە (١) توێژەر نووسیوویانە، بۆیە کۆی گشتیەکە بەم شێوەیەی لێکەوتۆتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خشتەی (٢٣).

**خشتەی (٢٣)**

**توێژەران و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکانیان بە پێی ڕیزبەندیی ناوی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان**

| ژ | ناوی زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکان | دووبارە | ڕێژەی سەدی | پلەبەندی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | زانکۆی سلێمانی | ٨١ | ٥٠,٩٤ | ١ |
| ٢ | زانکۆی ڕاپەڕین | ١٧ | ١٠,٦٩ | ٢ |
| ٣ | زانکۆی کۆیە | ١٥ | ٩,٤٣ | ٣ |
| ٤ | زانکۆی سەڵاحەددین | ١٢ | ٧,٥٤ | ٤ |
| ٥ | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی | ٧ | ٤,٤٠ | ٦ |
| ٦ | دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیژی و توێژینەوەی زانستی | ٥ | ٣,١٤ | ٧ |
| ٧ | زانکۆکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق | ٣ | ١,٨٨ | ٨,٥ |
| ٨ | زانکۆی چەرموو | ٣ | ١,٨٨ | ٨,٥ |
| ٩ | زانکۆی بەغداد | ٢ | ١,٢٥ | ١٠ |
| ١٠ | زانکۆی سۆران | ١ | ٠,٦٢ | ١٢ |
| ١١ | زانکۆی گەرمیان | ١ | ٠,٦٢ | ١٢ |
| ١٢ | زانکۆی کەرکوك | ١ | ٠,٦٢ | ١٢ |
| ١٣ | هیتر | ١١ | ٦,٩١ | ٥ |
| | **کۆی گشتی** | **١٥٩** | **١٠٠** | |

## دەرەنجام

بە کۆتاهاتنی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە چەند دەرەنجامێك، كە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان دەکەینەوە:

١- (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)، جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەند، کە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لە ڕۆژنامە و گۆڤارە تایبەتمەندیەکانی دیکە جیایدەکاتەوە.

٢- (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)، لە ڕووی ژمارەی لاپەڕە و توێژینەوە بڵاوکراوەکاندا زۆر بەکەمی بابەتی بە زمانی ئینگلیزی تێدا بڵاوکراوەتەوە، هاوکات زۆرترین توێژینەوە و زۆرترین لاپەڕەش بۆ بابەت بە زمانی کوردییە.

٣- گۆڤارەکە زۆرترین بایەخی بۆ بابەتی مێژوو، کارگێڕی و ڕاگەیاندن بووە، تا ڕادەیەکی زۆر ئەو جیاوازییە بەدیدەکرێت لەگەڵ بابەتەکانی دیکەدا.

٤- بابەتەکانی دەروونزانی و فەلسەفە کەمترین بایەخیان پێدراوە، لەم ڕووەوە کەمترین توێژینەوە لە بوارانەدا بڵاوکراونەتەوە.

٥- لە بابەتە جۆر بەجۆرەکاندا، ناهاوسەنگیەکی زۆر هەیە لە نێوان بەشەکانی هەر بابەتێکدا.

٦- مامۆستایانی (زانکۆی سلێمانی)، دوای ئەویش مامۆستایانی (زانکۆی ڕاپەڕین)، زۆرترین توێژینەوەیان لە (گۆڤاری ئەکادیمیایانی کوردستان) بڵاوکردۆتەوە.

٧- جگە لە مامۆستایانی هەرێمی کوردستان، مامۆستایانی زانکۆکانی عێراق و تەنانەت دەرەوەی عێراقیش توێژینەوەیان لەم گۆڤارەدا بڵاوکردۆتەوە.

## ڕاسپاردە

لەپێناو گەشەپێدانی زیاتر بە (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان) چەند ڕاسپاردەیەك دەخەینەڕوو، لەوانە:

١- ڕێککردنەوەی لاپەڕەکانی گۆڤارەکە، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە زۆرەی نەبێت، و ژمارەی لاپەڕەکان لە یەکترییەوە نزیك بن، کە ئەمەش بۆ لایەنی هونەری و جوانکاری گۆڤارەکە پێویستە.

٢- گرنگیدانی زیاتر بە بابەت بە بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان بە زمانی ئینگلیزی، نەك تەنها بۆ بابەتی تایبەت بە ئەدەب و زمانی ئینگلیزی، بەڵکو بۆ سەرجەم بابەتەکانی دیکە، بۆ ئەوەی ئەو جیاوازییە زۆرە بەدینەکرێت.

٣- ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان بابەتەکاندا.

## پێشنیار

لە ئێستادا چەندین گۆڤاری ئەکادیمی لە زانکۆ و ناوەندە ئەکادیمییەکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەردەچن، بۆ ئەم مەبەستە پێشنیار دەکەین، کە توێژەرانی دیکە، توێژینەوە لە بارەی ئەو گۆڤارانە بکەن و لایەنە زانستی و هونەرییەکانی گۆڤارە هەڵسەنگێنن.

## سەرچاوەکان

**یەکەم: کتێب بە زمانی کوردی:**

١) حسێن قەندی (دکتۆر): رۆژنامەوانی تایبەتمەند، و/ لەفارسیەوە کارزان محەمەد، (سلێمانی: چاپخانەی تیشک، ٢٠٠٨).

٢) کاروان عەلی: رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، گرنگترین بوارەکانی رۆژنامەگەریی کوردی تایبەتمەند ١٩١٤– ١٩٩١، (کەرکوک: چاپخانەی شەهید ئازاد هەورامی، ٢٠٠٧)، ل٢٤.

**دووەم: کتێب بە مانی عەرەبی:**

٣) عبدالرزاق علي الهيتي (دكتور): الصحافة المتخصصة، ط٢، (الاردن: دار أسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١١).

٤) عيسى محمود الحسن (دكتور): الصحافة المتخصصة، (الاردن– عمان: دار النشر دار زهران، ٢٠١٣).

٥) اديب خضور (دكتور): الاعلام الامني، (دمشق: المكتبة الاعلامية (٢٣)، ٢٠٠٢).

٦) أديب خضور (دكتور): الاعلام المتخصص، الاقتصادي.. الرياضي.. الثقافي.. السكاني.. العلمي خصائص الكتابة الاذاعة والتلفزيون، ط٢، (دمشق: بدون دار النشر، ٢٠٠٥).

٧) اسماعيل ابراهيم (دكتور): الصحفى المتخصص، ط٢، (قاهرة: دار للنشر والتوزيع، ٢٠٠٦).

٨) تركي نصار (دكتور): تاريخ الاعلام الاردني (دراسة تاريخية وصفية)، ط٢، (الاردن: عالم الكتب الحديث، ٢٠٠٧).

٩) تيسير أبو عرجة (دكتور): دراسات في الصحافة والاعلام، (عمان: دار مجلادي للنشر والتوزيع، ٢٠٠٠).

١٠) جابر عصفور (الاشراف) (دكتور): مائة عام على تحرير المرأة، (بدون مكان طبع: سلسلة ابحاث المؤتمرات، الجزء الاول، ١٩٨٩).

١١) عبدالعزيز شرف (دكتور): وسائل الاعلام ومشكلتة الثقافية، (بيروت: دار الجيل، ١٩٩٣).

١٢) عوني عبد الفتاح عزام: الصحافة المتخصصة في العالم واهميتها، (بدون مكان الطبع: دراسة شبكة الاستراتيجية، بدون سنة الطبع).

**سێیەم: فەرهەنگەکان:**

١٣) بەدران ئەحمەد حەبیب: فەرهەنگی زاراوەگەلی راگەیاندن، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، (هەولێر: لەچاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ٢٠٠٥).

١٤) جەمال عەبدول: فەرهەنگی راگەیاندن، ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی، (سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، ٢٠٠٦).

١٥) محمد فريد عزت (دكتور): القاموس الموسوعى للمصطلحات الاعلامية، (قاهرة: مطبعة المدنى، ٢٠٠١).

**گۆڤار:**

١٦) سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر (پ. ی. د.): خولێکی نوێی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان، ئەکادیمیانی کوردستان (گۆڤار)، خولی سێیەم، بەشی (B)، ژمارە (١)، کانوونی یەکەمی ٢٠١٤.

١٧) سەرجەم ژمارەکانی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردی)، ژمارە (١–٧).

**سەرچاوەی ئەلکترۆنی:**

18) https://ar.wikipedia.org/wiki/%D9%85%D8%AC%D9%84%D8%A9_%D8%B9%D9%84%D9%85%D9%8A%D8%A9_%D9%85%D8%AD%D9%83%D9%85%D8%A9

19) http://www.alacademyiq.com/Arabic/CMS.php?CMS_P=7

٢٠) د. فوزى رجب: متطلبات وشروط النشر في المجلات العلمية المرموقة:

http://www.arsco.org/detailed/699abd4f-bf9c-40b0-a2cf-2319bb403337

**چاوپێکەوتن:**

٢١) چاوپێکەوتنی توێژەر لەگەڵ (پ. ی. د. سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر) سکرتێری نووسینی (گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان)، سلێمانی، ٢٠١٦/٤/٢٦.

# پاشکۆکان

## پاشکۆی (١)

### ڕێکخستنی ئەو توێژینەوانەی بە زمانی کوردی نووسراون بە پێی ژمارە و مێژووی بلاّوبوونەوەیان:

| زنجیرە | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە | ناونیشانی بابەت | ناوی توێژەر | جۆری بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | ١ | ٢٠١٤ | ١٣–٣٨ | ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و گۆڕانکارییەکانی عێراق و کوردستان ١٤ تەموزی ١٩٥٨ – شوباتی ١٩٦٣ | سەروەر عبدالرحمن عمر، گۆران ابراهیم صالح | مێژوو |
| ٢. | ١ | ٢٠١٤ | ٣٩–٧٤ | ڕۆڵی گەلە نافارسەکان لە شۆڕشی گەلانی ئێران ١٩٧٩ – عەرەب وەك نموونە | پشکۆ حەمە تاهیر عبدالرحمن، سوزان کەریم مستەفا | مێژوو |
| ٣. | ١ | ٢٠١٤ | ٧٥–١٠٤ | ئاڵای ڕەش و ڕەشپۆشی لە نێوان سیاسەت و پاشخانی ئاییندا لە نێوان (١٠٠ك/ ٦١٨ز – ٢٤٧ك/ ٨٦١ز) | بەختیار عبداللە کریم | مێژوو |
| ٤. | ١ | ٢٠١٤ | ١٠٥–١٢٦ | ڕاپەڕینی هۆزی هەمەوەند ساڵی ١٩٠٨ – ١٩٠٩ – توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەیی سەبارەت بەو ڕاپەڕینە | فەرهاد عەبدولعەزیز محەمەد ئەمین | مێژوو |
| ٥. | ١ | ٢٠١٤ | ١٢٧–١٦٠ | ستوونی ڕۆژنامەنوسی لە ڕۆژنامەی (هاوڵاتی)دا – توێژینەوەیەکی شیکارییە لە ماوەی ١/١٠ – ٢٠١٣/١٢/٣١ | هێرش ڕەسوڵ موراد، محەمەد کەریم بابۆڵی | ڕاگەیاندن |
| ٦. | ١ | ٢٠١٤ | ١٦١–١٩٢ | کەلێنە دەستوورییەکانی سیستەمی فیدراڵی لە عێراقدا و ئاستەنگەکانی بەردەمی | پێشڕەو حەمەجان عزیز، کارزان عزت حسن | یاسا |
| ٧. | ١ | ٢٠١٤ | ١٩٣–٢١٨ | فەلسەفەکردن و گەڕان بەدوای بنچینەدا | ئازاد حەمە عەبدوڵلا | فەلسەفە |
| ٨. | ٢ | ٢٠١٥ | ١١–٤٦ | پێگەی حزبی شیوعیی عێراق لە ململانێی نێوان قاسم و بەعسییەکاندا – ١٤ تەمموزی ١٩٥٨ – ٨ شوباتی ١٩٦٣ | سەروەر عبدالرحمن عمر | مێژوو |
| ٩. | ٢ | ٢٠١٥ | ٤٧–٦٨ | خۆپیشاندانەکانی خەڵکی سلێمانی لە نێوان ساڵانی (١٩٤١–١٩٤٩) | ئاراس عبدالرحمن مستەفا | مێژوو |
| ١٠. | ٢ | ٢٠١٥ | ٦٩–٩٠ | کاریگەریی ڕێکلامی تەلەفزیۆنی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر – خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی بە نمونە | نەزاکەت حسین حەمەسەعید هەردەوان مەحمود کاکەشێخ | ڕاگەیاندن |
| ١١. | ٢ | ٢٠١٥ | ٩١–١٠٨ | بنەما زمانییەکان لە شیعری بەرەنگاریدا – فایەق بێکەس و هێمن و موکریانی و ئەحمەد دلزار بە نموونە | تەلار صباح عمر | کوردی |
| ١٢. | ٢ | ٢٠١٥ | ١٠٩–١٣٢ | ئامازەکانی دەوڵەتی شکستخواردوو – عێراق وەك نمونە | ایوب محمد طیب | ڕامیاری |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٣. | ٣ | ٢٠١٥ | ٩-٤٤ | ئیسلامی سیاسی لە باشوری کوردستاندا لە نێوان دیدی نەتەوەیی و ئاینیدا ١٩٧٨-١٩٩١ | سوزان کەریم مستەفا | مێژوو |
| ١٤. | ٣ | ٢٠١٥ | ٤٥-٧٤ | بۆچوونی مێژوونووسان دەربارەی ڕۆڵی مەلا ئیدریسی بەدلیسی لە ڕێککەوتنی نێوان عوسمانیی و میرە کوردەکان ١٥١٤ ز | پشکۆ حەمە تاهیر عبدالرحمن | مێژوو |
| ١٥. | ٣ | ٢٠١٥ | ٧٥-١٠٨ | شێوازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی ئیسلامیستی | خۆشەوی کەمال محەمەد | ڕامیاری |
| ١٦. | ٣ | ٢٠١٥ | ١٠٩-١٣٨ | بڵاوکردنەوەی توندوتیژی لە میدیای کوردی و ڕۆڵی لە بەهێزکردنی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا | ئاراز ڕەمەزان احمد | ڕاگەیاندن |
| ١٧. | ٣ | ٢٠١٥ | ١٣٩-١٧٢ | کارنامەی پارتە ڕامیارییە سەرەکییەکان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، ژینگە بە نمونە – لێکۆڵینەوەیەکە لە جوگرافیای سیاسی و جوگرافیای ژینگەدا | احمد ڕەفیق کەریم، محمد قادر رسوڵ | جوگرافیا |
| ١٨. | ٤ | ٢٠١٥ | ٩-٣٠ | شەبەک، مێژوو و زمان و باوەڕیان | نەجاتی عەبدوڵڵا | مێژوو |
| ١٩. | ٤ | ٢٠١٥ | ٣١-٦٦ | خوێندنەوەیەکی شیکاری لە سەر قۆناغەکانی ڕۆژهەڵاتناسی و گەشەسەندنی | احمد رضا احمد | مێژوو |
| ٢٠. | ٤ | ٢٠١٥ | ٦٧-٨٦ | ململانێی دەسەڵات لە دەوڵەتی ساسانی دا ٢٢٤- ٤٩٩ز – توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسی یە | کامران محمدجلال مجید | مێژوو |
| ٢١. | ٤ | ٢٠١٥ | ٨٧-١٢٨ | هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان – توێژینەوەیەکی مێژوویی، شیکاریی مەیدانیە، سەبارەت بە خولی گرێدانی یەکەمی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان (٢٠١٣/١١/٦- ٢٠١٤/٧/٢٤) | سەروەر عبدالرحمان عمر، ساکار عزیز رشید | مێژوو |
| ٢٢. | ٤ | ٢٠١٥ | ١٢٩-١٥٦ | پرۆژەی ئەتۆمی عێراق (Osirak) لە نێوان کاردانەوەی سەربازی ئیسرائیل و هەڵوێستی سیاسی ئەمریکادا (١٩٧٦-١٩٨١) | گۆران ئیبراهیم صالح | مێژوو |
| ٢٣. | ٤ | ٢٠١٥ | ١٥٧-١٧٦ | لێکۆڵینەوەیەکی ئاماری دەربارەی ڕاو بۆچونی تاکی کورد سەبارەت بە ئەنجامدانی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد | دڵشاد شاکر ئیسماعیل بۆتانی | ئامار |
| ٢٤. | ٤ | ٢٠١٥ | ١٧٧-١٩٠ | مۆری دەنگی (تایبەتمەندیی دەنگی قسەکەر) | شادان شکر صابر | کوردی |
| ٢٥. | ٤ | ٢٠١٥ | ١٩١-٢١٠ | ڕۆڵی کامێرا لە فلیمی دۆکۆمێنتاری دا – کەناڵی BBC بە نموونە | کاوە عزالدین عبدالرحمن، یوهان عوسمان حمە حسێن، باقیٚ جمیل ئەحمەد | ڕاگەیاندن |
| ٢٦. | ٥ | ٢٠١٥ | ٩-٥٢ | پارتی کرێکارانی کوردستان PKK لەپێوەندییەکانی تورکیاو ئیسرائیلدا ١٩٨٠- ٢٠٠٣ | سلام عبدالکریم، ماجد خلیل فتاح | مێژوو |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٢٧ | ٥ | ٢٠١٥ | ٥٣-٨٠ | ماجید مستەفا ڕۆڵ و هەڵوێستی سیاسی ١٨٩٦ – ١٩٧٤ – توێژینەوەیەکی مێژووییە | هیوا حەمید شەریف | مێژوو |
| .٢٨ | ٥ | ٢٠١٥ | ٨١-١١٤ | هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان – توێژینەوەیەکی مێژوویی، شیکاریی مەیدانیە لە شەش مانگ تەمەنی پەرلەمان خولی چوارەم – خولی گرێدانی ساڵی دووەم (ای ئەیلولی ٢٠١٤ تا ٢٨ی شوباتی ٢٠١٥) | سەروەر عبدالرحمان عمر، ساکار عزیز رشید | کارگێڕی |
| .٢٩ | ٥ | ٢٠١٥ | ١١٥-١٤٠ | یادەوەری ئێزیدییەکان لە نێوان سەدەکانی (٦ – ٨ کۆچی/ ١٢-١٤ زایینی) – توێژینەوەیەکی مێژوویی بەراوردکارییە لە نێوان سەرچاوە مێژووییەکان و دەقە زارەکییەکاندا | سەعید مولود نادر | مێژوو |
| .٣٠ | ٥ | ٢٠١٥ | ١٤١-١٧٦ | ڕۆڵی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە گەشەپێدانی بەرپرسێتیی ژینگەیی لە هەرێمی کوردستاندا | هێمن مەجید حەسەن، کامل عمر سلیمان، سەنگەر حسام عبدالله | ڕاگەیاندن |
| .٣١ | ٥ | ٢٠١٥ | ١٧٧-٢١٢ | ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەڕێوەبردنی قەیرانی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا – ڕۆژنامەکانی ئاوێنە و ڕووداو وەك نمونە | مەجید ساڵح عەزیز | ڕاگەیاندن |
| .٣٢ | ٥ | ٢٠١٥ | ٢١٣-٢٣٢ | سیمیۆلۆژیای ناونیشان لەشیعرەکانی گۆران دا | دڵشاد عەلی، لوقمان رەئوف | کوردی |
| .٣٣ | ٦ | ٢٠١٦ | ٩-٣٦ | هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان – توێژینەوەیەکی شیکاریە لە شەش مانگ تەمەنی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، خولی بەهارە لە خولی هەڵبژاردنی چوارەمی پەرلەمان ٢٠١٥ ای ئازاری ٢٠١٥ تا ٣١ی ئابی ٢٠١٥ | سەروەر عبدالرحمان عمر، ساکار عزیز رشید | کارگێڕی |
| .٣٤ | ٦ | ٢٠١٦ | ٣٧-٥٨ | ئیستاتیکای وێنەی شیعری لە شیعرەکانی ئەحمەد محەمەددا | محمد تاتانی، ناهیدە حسین | کوردی |
| .٣٥ | ٦ | ٢٠١٦ | ٥٩-٨٠ | لیریکیەتی ناوەڕۆك لە کۆمەڵە شیعری (خاك و هەڵۆ) ی کەریم دەشتیدا | سەنگەر نازم حسین، حیات سعید عبدالکریم | کوردی |
| .٣٦ | ٦ | ٢٠١٦ | ٨١-١٠٦ | هونەرەکانی (هێنانەوە) (گێڕانەوە) (پاتکردنەوە) لە شیعری (گۆران)ی شاعیردا | ڕۆکان گوریل شعیا | کوردی |
| .٣٧ | ٦ | ٢٠١٦ | ١٠٧-١٢٤ | ڕۆڵی بازارە میللیەکان لە پێکخستنی کۆمەڵایەتیدا (توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە شاری کۆیە) | محمد حسین شوانی، ئالان صلاح سعدی | کۆمەڵناسی |
| .٣٨ | ٦ | ٢٠١٦ | ١٢٥-١٥٦ | تێڕوانینی خوێندکارانی زانکۆ بۆ چەمکی دیموکراسی توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە سکوڵی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی | توانا فەرەیدون حسێن | کۆمەڵناسی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| .٣٩ | ٦ | ٢٠١٦ | ١٥٧-١٨٦ | کێشەکانی خوێندکاری نابینا لەزانکۆ توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە زانکۆی سلێمانی | شۆخان محمود حسێن | کۆمەڵناسی |
| .٤٠ | ٧ | ٢٠١٦ | ١١-٥٦ | شەنگال لەبەردەم فەتوا ئاینییەکان و شاڵاوەکانی داگیرکارییدا (١٢٥٤-٢٠١٤) ز | سەروەر عبدالرحمان عمر | مێژوو |
| .٤١ | ٧ | ٢٠١٦ | ٥٧-٨٢ | خالید دلێر و سروودی کوردی | عثمان حمد خضر دەشتی، عبدالواحد ادریس شەریف | کوردی |
| .٤٢ | ٧ | ٢٠١٦ | ٨٣-١٠٠ | ئاوێتەبوونی زمانی کوردی و زمانی سریانی لە شاری کۆیە (شیعر بە نموونە) | هاوژین صلیوە عیسا شادان شکر صابر | کوردی |
| .٤٣ | ٧ | ٢٠١٦ | ١٠١-١٣٦ | ڕۆڵی دەرامەتە ئاوییەکان لە سەرهەڵدان و گەشەپێدانی گەشتوگوزاری ئاوی لە قەزای ڕانیە | شێروان عمر ڕەشید، پشتیوان علی محمد، شاسوار محمد محمود | جوگرافیا |
| .٤٤ | ٧ | ٢٠١٦ | ١٣٧-١٦٦ | ڕەهەندی سیاسی گەشەی شارنشینی لە هەرێمی کوردستاندا | ساکار محمد حسن گەردی، فاطمة قادر مصطفی | جوگرافیا |
| .٤٥ | ٧ | ٢٠١٦ | ١٦٧-٢٠٦ | شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ تایبەتمەندێتی ئاوی بیر لەشاری هەڵەبجەی شەهید و گوندی عەنەب و ئاستی شیاویان بۆ خواردنەوە | عطا محمد علاءالدین | جوگرافیا |
| .٤٦ | ٧ | ٢٠١٦ | ٢٠٧-٢٣٨ | هەڵسەنگاندنی ئەدای کاری پەرلەمانی کوردستان – توێژینەوەیەکی شیکارییە سەبارەت بە خولی پایزەی پەرلەمان (١ی ئەیلولی ٢٠١٥ تا ٢٩ی شوباتی ٢٠١٦) | سەروەر عبدالرحمان عمر، ساکار عزیز رشید | کارگێڕی |
| .٤٧ | ٧ | ٢٠١٦ | ٢٣٩-٢٦٢ | کەسێتی بیرکەرەوە لەدەقدا 'دیکارت' بە نموونە | نەوزاد جەمال فەرەج | فەلسەفە |
| .٤٨ | ٧ | ٢٠١٦ | ٢٦٣-٣٠٨ | هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و کاریگەرییان لەسەر لادانی نەوجەوانان – توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆژی مەیدانییە لە چاکسازی کۆمەڵایەتی سلێمانی/ بەشی نەوجەوانان | توانا فەرەیدون حسێن، علی جعفر خالد | کۆمەڵناسی |
| .٤٩ | ٧ | ٢٠١٦ | ٣٠٩-٣٤٨ | پێگەی گۆڤاری ئەکادیمیانی کوردستان لە ڕۆژنامەنووسیی تایبەتمەندی کوردیدا | محمد کریم ئەحمەد | ڕاگەیاندن |

## پاشکۆی (٢)

### ڕێکخستنی ئەو توێژینەوانەی بە زمانی عەرەبی نووسراون بە پێی ژمارە و مێژووی بلاوبوونەوەیان:

| زنجیرە | ژمارە | ساڵ | لاپەڕە | ناونیشانی بابەت | ناوی توێژەر | جۆری بابەت |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١. | ١ | ٢٠١٤ | ٢٢١–٢٤٦ | دور راس المال البشري في تعزيز الميزة التنافسية – دراسة استطلاعية لاراء عينية من القيادات الادارية للمصارف التجارية الاهلية في مدينة السليمانية اقليم كوردستان العراق | پرشنگ صالح محمد العسكرى | کارگێڕی |
| ٢. | ١ | ٢٠١٤ | ٢٤٧–٢٧٨ | دور أبعاد مواقع التواصل الاجتماعي في تعزيز قرار الشراء – دراسة استطلاعية لاراء عينية من مستخدمي الانترنيت فى جامعة السليمانية اقليم كوردستان العراق | پرشنگ صالح محمد العسكرى، سەروەت روستم ويس مراد | کارگێڕی |
| ٣. | ١ | ٢٠١٤ | ٢٧٩–٣٠٤ | امكانية تبنى متطلبات الحكومة الالكترونية في المنظمات – دراسة تطبيقية في مديرية جوازات السليمانية | رعد الياس درويش، ساكار عزيز رشيد، شيلان فاضل محمود | کارگێڕی |
| ٤. | ١ | ٢٠١٤ | ٣٠٥–٣٢٨ | تشخيص واقع سلوكيات المرأة القيادة الكوردية ومدى اختلافها عن الرجل – دراسة استطلاعية لاراء عينية من العاملين في بعض كليات جامعة السليمانية | ساكار عزيز رشيد، ئاڤا عمر فتاح، هەوار فتاح كريم | کارگێڕی |
| ٥. | ١ | ٢٠١٤ | ٣٢٩–٣٤٧ | تأثير التبادل بين أستخدام تمارين الدقة والسرعة في اكتساب بعض المهارات الهجومية بكرة السلة للطلاب | ڤيان عبدالكريم سعيد | وەرزش |
| ٦. | ٢ | ٢٠١٥ | ١٣٣–١٥٦ | أسلوب صلاح الدين الزعبلاوي في (معجم أخطاء الكتاب) | هيوا عبدالله كريم، دانا احمد مصطفى | عەرەبی |
| ٧. | ٢ | ٢٠١٥ | ١٥٧–١٨٢ | اثر القيادة التحويلية في الابداع التنظيمي بحث استطلاعي لاراء عينية من مدراء شركة اسياسيل للاتصالات في السليمانية | كاظم فرج عارف | کارگێڕی |
| ٨. | ٢ | ٢٠١٥ | ١٨٣–٢١٦ | دور القيادات الادارية في تفصيل النشاة الزراعي في محافظة السليمانية | جوتيار خالد قادر | کارگێڕی |
| ٩. | ٢ | ٢٠١٥ | ٢١٧–٢٤٨ | دور الادارة بالحب والمرح في الرضا الوظيفي – دراسة استطلاعية لاراء عينية من مدراء الاقسام و الشعب في وزارة الشؤون الاجتماعية | رازاو عبدالخالق حسين | کارگێڕی |
| ١٠. | ٢ | ٢٠١٥ | ٢٤٩–٢٧٠ | مؤشرات فاعلية النظام المعلومات الادارية و دورها في اقامة متطلبات نظام الادارة البيئية ISO 14001 = دراسة تحليلية لاراء عينية من | رعد الياس درويش، اسماعيل عزيز اسد | کارگێڕی |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | العاملين في مصنعي سمنت طاسلوجة و بازيان | | |
| ١١. | ٢ | ٢٠١٥ | ٢٧١-٣٠٤ | السياسة الاقتصادية الجديدة في الاتحاد السوفيتي مابين الاعوام ١٩٢١-١٩٢٤ | خۆشەوی كمال محمد | ڕامیاری |
| ١٢. | ٢ | ٢٠١٥ | ٣٠٥-٣٣٤ | أخلاقيات نشر الصورة الخبرية في الصحافة الكوردية في إقليم كوردستان العراق، جريدة (هاولاتی) أنموذجاً - دراسة تحليلية من المدة من ٦/١-٣١/٨/٢٠١٤ | پاڤێ جميل احمد | ڕاگەیاندن |
| ١٣. | ٢ | ٢٠١٥ | ٣٣٥-٣٥٦ | سرعة الاستجابة الحركية للاطراف وعلاقتها بمستوى اداء سلسلة حركات الجمناستك الايقاعي للطالبات | شارا بهاء الدين نورى | وەرزش |
| ١٤. | ٣ | ٢٠١٥ | ١٧٣-٢٠٦ | استخدام طلبة الجامعة للفيسبوك وحدود الادمان عليه- دراسة مسحية على طلبة جامعتي بغداد و السليمانية | وسام فاضل راضي، حكيم عثمان حميد | ڕاگەیاندن |
| ١٥. | ٣ | ٢٠١٥ | ٢٠٧-٢٢٦ | إدمان الانترنت لطلاب كلية التربية بجامعة الملك فيصل وعلاقته بالعوامل الخمسة الكبرى للشخصية | الرشيد اسماعيل الطاهر، أنس الطيب الحسين رابح | دەروونزانی |
| ١٦. | ٣ | ٢٠١٥ | ٢٢٧-٢٥٤ | دور الاعلام التفاعلي في تشكيل اتجاهات النخبة الأكاديمية نحو الخلافات بين الحكومة الإتحادية و حكومة إقليم كوردستان | ريبەر كوران مصطفى، فاروق عبدول مولود | ڕاگەیاندن |
| ١٧. | ٣ | ٢٠١٥ | ٢٥٥-٢٨٠ | الاشكال الفنية للبرامج التعليمية في القنوات التلفزيونية الكوردية المتخصصة - دراسة تحليل المضمون للبرامج التعليمية في القناة التربوي المتخصص - نموذجا لمدة ٢٠١٤/٤/١ و لغاية ٢٠١٤/٦/٣٠ | سلام نصرالدين محمد | ڕاگەیاندن |
| ١٨. | ٣ | ٢٠١٥ | ٢٨١-٣٠٦ | تطبيق افكار جوزيف جوران للأرتقاء بالجودة في المنظمات أقليم كوردستان - دراسة حالة في معمل شركة سمنت الموحدة/ السليمانية | جلال عبدالله محمد، كاظم فرج عارف | کارگێڕی |
| ١٩. | ٣ | ٢٠١٥ | ٣٠٧-٣٣٠ | انعكاسات إدارة الجودة الشاملة للبيئة على التنمية المستدامة - دراسة تحليلية لاراء العاملين في معمل اسمنت كركوك | نجاح هاوار سعيد البزاز | کارگێڕی |
| ٢٠. | ٣ | ٢٠١٥ | ٣٣١-٣٥٠ | الاعالة الاقتصادية والفقر في العراق لعام ٢٠١٢ | اسماعيل عزيز اسد، نيشتيمان حسن محمد سور | ئابوری |
| ٢١. | ٣ | ٢٠١٥ | ٣٥١-٣٨٦ | دور الصحة والسلامة المهنية في تحسين اداء العاملين - دراسة استطلاعية لاراء عينية من الافراد العاملين في معمل اسمنت بازيان في مدينة السليمانية | عثمان كريم محمود، دەرون فريدون عبدالله، لاسك ارسلان بايز | کارگێڕی |
| ٢٢. | ٣ | ٢٠١٥ | ٣٨٧-٤٠٦ | طبيعة الموازنة العامة | ڕەوا كاكەڕەش سيد مينە، هێمن رسول مراد | یاسا |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٣. | ٤ | ٢٠١٥ | ٢١١-٢٢٨ | ثورة البايوتكنولوجي وتاثيرها كتحدي معاصر في مستقبل منظمات الأعمال – دراسة تحليلية لرؤية مستقبلية | خالد حمدامين ميرخان | کارگێڕی |
| ٢٤. | ٤ | ٢٠١٥ | ٢٢٩-٢٥٤ | العلاقة بين ظاهرة التضخم الاداري والوظيفي وتزايد النفقات العامة التشغيلية في اقليم كوردستان العراق للمدة ٢٠٠٧- ٢٠١٣ | سعود غالي صبر | ئابوری |
| ٢٥. | ٤ | ٢٠١٥ | ٢٥٥-٢٨٤ | متطلبات الادارة الالكترونية وامكانية تطبيقها في اقليم كوردستان العراق | الهام محمد بيرام | کارگێڕی |
| ٢٦. | ٤ | ٢٠١٥ | ٢٨٥-٣١٢ | الإهتمامات الاخبارية في الإذاعات الكوردية – دراسة تحليلية | ابراهيم سعيد فتح الله | ڕاگەیاندن |
| ٢٧. | ٤ | ٢٠١٥ | ٣١٣-٣٢٦ | صور تمرد المرأة ضد التسلط – أربع روايات عراقية نسوية أنموذجا | كوثر محمد أحمد، إدريس كريم محمد | عەرەبی |
| ٢٨. | ٥ | ٢٠١٥ | ٢٣٣-٢٦٢ | الوظيفة الثقافية للصحافة الكوردية في إقليم كوردستان العراق – دراسة تحليلية للملحق الثقافي في جريدة كوردستانى نوێ للمدة من ١/٤/ و لغاية ٢٠١٥/٩/٣٠ | هيرش رسول مراد، محمد كريم أحمد | ڕاگەیاندن |
| ٢٩. | ٥ | ٢٠١٥ | ٢٦٣-٢٩٠ | التركيبة الاجتماعية والطبقية لنواب الكورد في مجلس النواب العراقي خلال (١٩٢٥-١٩٥٨) – دراسة تاريخية | دارا توفيق كاكەأمين | مێژوو |
| ٣٠. | ٥ | ٢٠١٥ | ٢٩١-٣١٢ | دور العلاقات العامة في إدارة الأزمات الأمنية في حكومة إقليم كوردستان – دراسة تحليلية | بهاءالدين احمد محمد | ڕاگەیاندن |
| ٣١. | ٥ | ٢٠١٥ | ٣١٣-٣٣٨ | دور الإبداع المنظمي في تحقيق الأسبقيات التنافسية دراسة ميدانية في عينة من الشركات الصناعية في محافظة السليمانية | شيلان فاضل محمود، صلاح حمه سعيد حمه صالح، فلاح حسن احمد | کارگێڕی |
| ٣٢. | ٥ | ٢٠١٥ | ٣٣٩-٣٥٤ | منهج تدريبي بالطريقة الفترية في تطوير بعض الصفات البدنية والمهارية للاعبي كرة اليد للشباب | أراز محمد نوري، ئاوات احمد فقي محمد، محمد ابراهيم كنعان | وەرزش |
| ٣٣. | ٦ | ٢٠١٦ | ١٨٧-٢٠٨ | صفحة من تاريخ الصراع الاستعماري على كردستان – الشيخ محمود الحفيد وبريطانيا بين تجاذبات السياسة و خيارات الحسم العسكري حتى عام ١٩١٩ | فرح صابر | مێژوو |
| ٣٤. | ٦ | ٢٠١٦ | ٢٠٩-٢٣٠ | الجزء الخامس من كتاب تأريخ اربل لابن المستوفي وصدى شعراء الشيعة فيه | جواد فقى علي، گۆران عبدالله بنداسني | مێژوو |
